تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

منتدى اقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

کۆماری عیراق
وەزارەتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن
دەزگای ڕوشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی
زنجیرە ژمارە (١٦٥)

شاری سلێمانی

(٢٠٠) ساڵ

بەرگی دووەم

نووسین و کۆکردنەوەی
ئەکرەمی مەحموودی ساڵحی ڕەشە

پێداچوونەوەو پێشەکیی
دوکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ

شێخ مەحموودی نەمر
١٨٨١-٩/١٠/١٩٥٦

دوو ووته:

پێش بەرگی دووەم بەرگی یەکەمتان خوێندەوە کە بریتیبوو لە ٨٨ باس ئەم بەرگەش بریتی‌یە لە ٥٩ باس، واتە بە هەردووکی ١٤٧ باسە، کە ئەمە رەنجی هەشت ساڵە بە کۆکردنەوەو هاتوچۆکردن و سەرپەرشتی ئەم بەرهەمە کە من بە ئەرکێکی سەرشانی خۆم زانیوە. لەگەڵ هەر کەم وکووری‌یەکدا هیوام وایە جێگای رەزامەنـدیی هەمـوو کوردێکی دڵسـۆز بەگشتیو بەتـایبـەتی خەڵکی شارە خۆشـەویسـتـەکـەمان بێت. منیش داوا ئەکەم لە هەموو کوردێکی دڵسۆز بۆ خاکـەکەیان لە هەرچ شوێنێك بن لە کوردستان داو بەتایبەتی خەڵکی شاری سلێمانی لە نووسەرو بێجگە لە نووسەران و هەرچ کارو پیشەیەکیان هەیە وەکو من کە نووسـەر نەبـووم ئەتـوانن ئەم لایـەنـە کە دەربارەی ژیانی مێژووی کۆمـەڵایەتیو ئابووریو رۆشنبیری تۆمار بکەن کە هەمووی کۆبکەنەوە ئەبێتە مێژووی شارەکەیان و قەزاو ناحیەو دێهاتەکانیان کە تا زووە هەڵیکەو لە دەست خۆیـانی نەدەن تا خەڵکی شارەزای بەتـەمـەن ماون چونکە چەند ساڵێکی‌تر ئەوانیشمان لەدەست ئەچن، لەبەرئەوەی ئێمە هیچ کتێب و سەرچاوەیەکی‌ترمان نی‌یەو تائێستاکە کاتی خۆی نووسەرانمان گوێیان نەداوەتە ئەم لایەنایان و بە خەیـاڵیـاندا نەهاتووە بۆئەوەی ببێتە یادگارێك بۆخۆمان و ببێتە مێژوویەك بۆ نەوەی داهاتومان کە ئەوانیش وەك ئێمە گلەیی لە پێشینان ئەکەین، ئەوانیش گلەییمان لێ نەکەن و ببێتە جێگای شانازی بۆیان هەروەها داوا لە خەڵکی شارە خۆشەویستەکەمان ئەکەم لە خاڵی ٢٩ بیست ونۆی ئەم بەرگەدا باسی (پیاوی گاڵتـەچیو قسـەخـۆش) کە ناوی ئەو پیـاوە قوشمـەچی‌یـانـە هاتووە هەرچ کەسێکی‌ترمان بیرچووبێ هەرچ کردەوەو روداوێك و نوکتەیەکیان هەبووە بۆمان

بنـووسنەوە بە خەتێکی خۆش و بۆمان بنێرن بۆ چاپخانەکەی مامۆستا کاکەی فەللاح نیازمان هەیە بیکەین بە کتێبێك وەك (رشتەی مرواری) بەڵام ئەمە سەر بە شاری سلێمانی‌یە کە ببێتە یادگاریٚ بۆخۆمان و بۆ نەوەی داهاتوومان کە بزانن باوو باپیرانیان چۆن کاتیان بردۆتەسەر. ئەمەش بەیارمەتی ئێوەی بەڕێز دێتـە بەرهـەم تکام وایە کە نەیخەنە پشت گوێ بۆئەوەی نەوەی داهاتوو کە لەخۆتانە گلەییمان لێ‌نەکەن وەك پێشینان ئەڵێن (چەپڵە بە یەك دەست لێ‌نادرێ).

دووا ووتـە زۆر سوپاسی خەڵکی شارەکەمان ئەکەم بەگشتی وە بەتایبەتی ئەوانـەی کە یارمـەتیـان دام و ناوم هێنـاون لەم کتێبـەدا کە زوربەی بوونە سەرچاوەی زوربەی باسەکان، داوای تەمەن درێژیی‌یان ئەکەم و هەر نموونەیان لە زیـاد بوونـا بێت هەروەهـا زۆر سوپـاسی بەڕێـوەبـەری دەزگـای گشتیی ڕۆشنبیریی‌و بڵاوکرنەوەی کوردی

لەگەڵ سڵاوو ڕێزمدا بۆهەموولایەك.

ئەکرەم مەحموود صالح رەشە



● ئەکرەم مەحموود سالح رەشە،

سلێمانی، گەڕەکی مەلکەندی، ٢٥/١/١٩٣٦

ئەم وێنەیە لە ٢٢/٢/١٩٥٣ گیراوە

(سابوون و سابوونچیەکان)

دروستکردنی سابوون کە بەزۆری لە گەڕەکی سابوونکەران دروست ئەکراو ئ‌و کەرەسانەی سابوونیان پێ دروست ئەکرا ئەمانەبوون:

١ ـ قسڵ: ئەم کەرەسەیە هەروەك گەچ وایە و تۆپەڵ تۆپەڵە.

٢ ـ قلی: ئەم کەرەسەیە ڕەنگێکی ڕەشی هەیە وەك کوڵوی ئاسن وایە بەزۆری لە موسڵ دەست ئەکەوت.

٣ ـ چەوریی ئاژەڵ وەکو بەزو پیو.

٤ ـ خوێ.

(چۆنیەتی درووستکردنی سابوون)

یەك بەش قسڵ، لەگەڵ دوو بەش قلی تێکەڵ ئەکراو کەم کەم ئاوی ئەکرا بەسەراو دائەنرا تا بەیانی ئەوسا جوان پێکەوە ئەنووسان، لەدواییا ئەکرایە ناو کووپەیەکی گەورەوە کە بنەکەی کونێکی تیابوو، دووبارە تا سێ جار ئاوی ئەکرا بەسەراو وردە وردە ئەتوایەوەو ئەو ئاوەی کە لێی زیادبووایە لەژێرەوە لە کوونی کووپەکەوە ئەڕۆیشتەخوارێو ئەو ئاوەی ئەگیرا.

ئاوی یەکەم جارو دووەم جار کە بریتی بوو لە ئاوی قلیو قسڵەکە ئەکرایە ناو بەرمیلێکەوەو ئاوی سێیەم جاریش ئەکرایە ناو مەنجەڵێکی گەورەوەو ئەخرایە سەر ئاگر تا ئەهاتەکوڵ. دوای ئەوە چەوری تێئەکراو بەیەکەوە ئەکوڵان، ئینجا لەبەرەوە ئاوی یەکەم جارو دووەم جاری ناو بەرمیلەکەی تێئەکراو دووبارە لەسەر ئاگرێکی کەم ئەکوڵێنران تا بەتەواوی خەست ئەبوەوە، ئەمەش ماوەی (٢٤ تا ٣٦) سەعاتی ئەخایاند، دوایی بەگوێرەی پێویست خوێی تێ ئەکراتا کەڤ ئەکرد، دوای ئەمە کەفەکەی ئەگیراو ئەخرایە ناو قاپی بچووك بچووکی تایبەتیەوە کە بۆ ئەم مەبەستە درووستە کرابوون، وە ئەمە پێیان ئەوت

سابوونی سەرکەف، پاشان ئەویتر ئەکرایە ناو تەشتەوەو دائەنرا تا خوێ

«سابوون و سابوونچیەکان»

چەند بەدوای مێژووی پەیدابوونی سابوونا بگەڕێین مێژووی کۆنترمان یەتە بەردەم، یا ڕووەك و کەرەسەی ترمان یەتە بەردەم کە بۆ خۆشتن و کەل‌و پەل‌شتن بەکارهێنراوە.

بە هەموو چەشنێك دروستکردنی سابوون و تەرخان کردنی گەرەکێك بۆ سابوون دروستکردن لە شاری تازە درووست بووی سلێمانیدا بەڵگەو نیشانەی چەند شتێکە:

یەکەم: سابوون کەنیشانەیەکی پاك و تەمیزیو دیمەنێکی شارستانێتی‌یە، بەخۆیو درووستکردن و بەکارهێنانەوە لەگەڵ دامەزراندنی شاردا پێویست بووەو کۆڵەکەی داکوتاوە.

دووەم: سابوون دروستکردن بەم بڵاویو فراوانی‌یەی، دیمەنی بەستنی بازاری شاری تازە بووە بە دێهاتی دەورپشتەوەو لە ڕێگەی کەرەسەیەکی خاوێنی‌و شارستانێتی بەخشینی وەك سابوونەوە.

سێیەم: هەرماڵێك لە سابوونکەران، بەچەشنێك لە (مانیفاکتۆرە) ئەژمێرڕێ کە لە دامەزرانی کومەڵی بۆرژوازی ئەوروپا یەکەم شانەی پەیدابوونی کۆمەڵی پیشەسازیو سەرمایەداری‌یە.

باسی گەرەکی سابوونکەران و چەشنی سابوون دروستکردن لەسلێمانیش لاپەڕەیەکی‌تری تەجرەبەی ئەم چەشنە سنعەتە ئەگێڕێتەوە، کە ڕەنگە بۆ ئەوانەی دەربەستی زانستی ئەم چەشنە سنعەتەن سوودی تیابێ‌و لایەنێکی تایبەتی سەر بە سلێمانی خۆیی بۆ ئەم مێژووە تیابێ کە ئەمەش هەر کەرەسەی باس و لێکۆڵینەوەیە بۆ پسپۆڕان.

ع.م

ئەگرت و ڕەق ئەبوو، دوایی بە چەقۆ بە شێوەیەکی ڕێك وپێك لەت لەت ئەکراو ئەم جۆرەش پێیان ئەوت سابوونی (بەزی) بەڵام سەرە مقەستەکانی پێی‌ئەوترا (لاپاروو)و هەرزان تریش ئەفرۆشرا لەبازارا، هەروەها سابوونە (سەرکەف)ەکە لە بەزی‌و لاپـاروەکە گرانتر ئەفرۆشرا چونکە ژنان بەتایبەتی بۆ دەم وچاو شتن بەکاریان ئەهێنا.

دروستکردنی ئەم سابوونە تا ساڵانی پەنجاکان لە هەندێ ماڵا بەردەوام بوو. (هەندێ لەو ماڵانەی کەسابوونیان دروست ئەکرد):

١ ـ ماڵی حاجی سەعی میرزا
٢ ـ ماڵی میرزا عەبدوڵڵا
٣ ـ ماڵی حەمەی حەکییم
٤ ـ ماڵی چاومار
٥ ـ ماڵی سەعی خەجەخانی
٦ ـ ماڵی مەلا تایەری خاڵەلە
٧ ـ ماڵی حاجی ساڵحی چزڵێك
٨ ـ ماڵی حاجی کەریمی حاتەم
٩ ـ ماڵی حەمەی ڕەسووڵ
١٠ ـ ماڵی مامە ڕەشە

ئەمـەش ناوی هەنـدێ لەو ئافرەتانەی سابوونیان ئەکوڵاند بۆ ئەو ماڵانەو پێیان ئەوتن (سابوون کوڵێن):

١ ـ ئامەی حەمەشەریف
٢ ـ ڕەحە سەر چیلکە
٣ ـ ڕەعنای دایکی شەفیق
٤ ـ پوورە گوڵچیتن
٥ ـ دایە فاتە

سەرچاوە:

ماڵی مەلا تایەری خاڵەلە.

تێبینی:

زۆر ماڵ نەیان ئەتوانی سابوون بکڕن، لەبەر دەست کورتی، (ئەسپۆن)یان بەکارئەهێنا بۆ سەرو جل شتن.

• (ئەسپۆن) شتێك بوو لە ڕەگی داری دەوەن ئەچوو، بەزۆری لە شاخەکانا هەبوو، پێی ئەوترا (گەون)، ڕەگەکەی لە دارەکە گەورەتر بوو، ئەژنۆیەك لەناو زەویایە. هەڵیان ئەکێشاو وشکیان ئەکردو ئەیان شکاندو توێکڵەکەیان فڕێئەداو ناوەکەیان وردئەکرد ئەمە ڕەنگی سپی بوو کە جل وبەرگیان پێئەشت ئەیان هێنا لە گوێکانی ئەیان کرد بە جل و بەرگەکەوەو ئاویان پیائەکردو کەف ئەکرد بە گەلاکوتك لێیان ئەداو ئەم دیوو ئەودیویان ئەکرد تا پاك ئەبوەوەو لە ئاویان هەڵ ئەکێشاو هەڵیان ئەخست، بەم جۆرە جل و بەرگیان بە (ئەسپۆن) ئەشت، هەندێ جار سەریشیان پێئەشت، ئەم ئەسپۆنە بەزۆری لە دێهاتەکانا بەکار ئەهێنرا.

بەفری گۆیژەو چاڵە بەفرەکان»

مەڵکەنی بناغەی شارە، پاشای بابان گوندی مەڵکەنی دیو لەوێوە دەستیدایە بناغە دانان و فراوانکردنی شار.

ئەم گوندی مەڵکەنییە یەکسەر لەگەڵ جموجۆڵ و گوزەرانی شاری تازەدا تێکەڵ بوو. ڕاستە تا سەردەمێکی درەنگیش هەندێ دیمەنی لادێ بەم گوندی مەڵکەنییەوە مابوو. کە ناوی یەکەم گەڕەکی شار، واتە گەڕەکی مەڵکەنی لێنرا، وەك ماڵداریو ئاژەڵ بەخێوکردن و کشتوکاڵ کردن، بەڵام ئەم دوو دیمەنەی لێرەدا ئەگێڕرێنەوە - بەفرپاراستن و بەفرهێنان و فرۆشتنی لەگەڵ بەرد لە کانەبەرد دەرهێنان و هێنانی بۆ شار - دوو دیمەنی گەورەن کە لە سەرەتاوە گەڕەکی مەڵکەنیو بەستن بە شاری سلێمانیو شارستانێتییەوە. هەرچی دیمەنی لادێ تا درەنگ مانەوەشە، ئەوە خۆی لەخۆیا سروشتی بناغەییو کۆنییە، چونکە گەڕەکەکانی تری شار هەر لە سەرەتاوە کەوتوونە ژیانی شارستانێتییەوە، بەڵام مەڵکەنی بناغەو بنەچەی ئەسڵی شاروتا ماوەیەك ژیانی شارو لادێی کۆئەکردەوە.

ع.م

(بەفری گۆیژەو چاڵە بەفرەکان)

ئەم چاڵە بەفرانە چۆنی دائەپۆشن لە زستاناو لەدوایی بەهارو هاوینا چۆن دەری دێنن و ئەیهێنن بۆ شار؟

بەفرهێنەرەکانی مەڵکەنی لە کۆتایی پایزا خۆیان ئامادە ئەکەن و ئەچن بۆ چاڵە بەفـرەکان لە گۆیژە. دوای ئەوەی سەرما دەست پێئەکات و پێش باران بارین خاوەنی چاڵە بەفرەکان چاڵەکانیان پاك ئەکەنەوە لە کای کۆنی پارو ئەو شتـە زیادانەی لە چاڵەکانان و ئەگەر بەفری کۆنیشی تیامابێ دەریئەهێنن و خویـان ئامـادەی بەفـربـارینی زستان ئەکەن، هەر کە بینییان گۆیژە خۆی رازانودتەوە بە بەرگی سپی، کۆمەڵ کۆمەڵ ئەچن بۆسەر چاڵەکانیان بە کەلوپەلی کارەکەیانەوە وەك مشارو گوریس و خاکەنازو کاوە. ئەمەش کاتێك ئەکرێت کە بەفـرێکیوا باریبێت پێی بوتـرێ ئەژنـۆیـە بەفر باریوە. جا «با» ساردەکەی سەرگـۆیـژە بەفـرەکـە رەق ئەکا ئینجا پێنج کەس [چین، تان] دائەمەزرێنن، یەکێ بە مشـارێکی گەورە لە چوارلاوە بەفــرەکــە ئەبـڕێت، ئەم جۆرە بەفـر برینـە پێی ئەڵێن (هـۆلێر)، دوو کەسیش بە گوریس بەفـرەکـە رائەکێشنە ناو چاڵەکەوە، دوانی تریشیان بە خاکەناز ژێری بەفرەکە ئەکرێنن و ئەیگۆڕن بۆئەوەی قوراوی نەبێو بەرێکی لە چاڵەکـەدا دایئەنێن. لە لایەکی تریشەوە هەر چاڵە بەپێی گەورەو بچـوکی لە ٢٠ کەسـەوە تا ٥٠ کەس ئەو بەفرەی خراوەتە چاڵەکانەوە جوان ئەیشێلن و ئەیپەستنـەوە تا وای لێـیـە وەکو گردێك لە دەمی چاڵەکە بەرزتر ئەبێتـەوەو پاڵی ئەدرێ بە شاخـەکەوەو بەرێك وپێکی ئاگاداری پاك و تەمیزی ئەکـەن و دوایی نزیکەی ئەژنۆیە کای ئەکەن بەسەراو دایئەپۆشن وە کاکەی ساڵی رابوردوویشی ئەکەنە سەرو وای لێئەکەن کە باو باران هیچی لێنەکات و بەجێیئەهێڵن.

لەدواییـا جار جار سەریئـەدەن و ئەگـەر کونێ کەلەبەرێکی تیابێ چاکی ئەکەن. ئینجا لە کۆتایی بەهارو هاتنی هاوینا واتە کاتێ کە بەفر بەکاردێ خۆیان ئامـادە ئەکـەن بۆ هێنـانی بەفـر، شەوەکی بەکـۆمـەڵ دوای ئەوەی هەمـوو

پێـوبستی‌یـه‌ك له‌گه‌ڵ خۆیان و وڵاخه‌كانیان ئه‌به‌ن وه‌ك گونیه‌و مشارو خوێو جاجم و به‌ڕه.

به‌م جۆره‌به‌ره‌و چاڵه به‌فره‌كان ئه‌ڕۆن وپێش هه‌تاوكه‌وتن ئه‌گه‌نه ئه‌وێ له‌وێ به‌گـوێـره‌ی پێـویستی چاڵه‌كـان هه‌ڵ ئه‌ده‌نه‌وه‌و چه‌ند كه‌سێك (چین، تان)دا ئه‌مـه‌زرێنن‌و ده‌ست ئه‌كـه‌ن به به‌فـربڕین‌و ئه‌یخه‌نه سه‌ر باری درێژی‌و له گونیه‌كانی هه‌ڵئه‌كێشن و له ئێستره‌كانی بارئه‌كه‌ن و جاجمه كۆن ئه‌ده‌ن به‌سه‌ر باره‌كـاناو به‌ره‌و شار ئه‌كه‌ونه‌رێ‌و سه‌رله‌به‌یانی ئه‌گه‌نه‌وه شارو دابه‌شی ئه‌كه‌ن به‌سه‌ر به‌فر فرۆشه‌كانا، به‌م جۆره به‌گوێره‌ی پێویستی رۆژی ٢ تا ٣ كاروان ئه‌كرا. جگه له‌وه‌ی كه هه‌موو جارێك به‌رێك وپێكی چاڵه‌كانیان دائه‌پۆشییه‌وه‌و قایم ئه‌كـردو رۆژی دوایی دووباره هه‌ڵیان ئه‌دایه‌وه‌و به‌م جۆره تا پایزو كاتی به‌سه‌رچوونی به‌فر.

به‌فـرفرۆشه‌كان به‌زۆری له مه‌یدانی خوار به‌له‌دیه‌كه‌وه بوون. به‌فرفرۆش و شه‌ربه‌ت فرۆشه‌كان گونیه‌یان ئه‌دا به‌سه‌ر به‌فره‌كه‌دا جگه له‌وه‌ی خوێیان ئه‌كرد بۆئه‌وه‌ی زوو نه‌توێته‌وه، له‌كاتی فرۆشتنیا به مشار به‌فره‌كه‌یان پارچه پارچه‌ی وه‌كویه‌ك ئه‌كردو هاواریان ئه‌كرد (كولۆی به پووڵێ به‌فر)، هه‌روه‌ها به‌فرفرۆشی ده‌ستگێڕیش هه‌بوو به‌فریان له‌سه‌ر سه‌به‌ته ئه‌برده ناو گه‌ڕه‌كه‌كانه‌وه‌و ئه‌یان فرۆشت.

خه‌ڵكی كه به‌فریان له‌ناو بازاڕ بكڕیایه ئه‌یان خسته ناو فه‌قیانه‌كانیانه‌وه یان ناو ده‌سـه‌سڕێك و ئه‌یـان برده‌وه ماڵه‌وه، له‌مـاڵیشـه‌وه به‌فـره‌كه ئه‌خرایه ناو سه‌رهـه‌ویرێكه‌وه‌و ئه‌یانخسته ناو سه‌به‌ته‌یه‌كی بچووكه‌وه، جارجاریش هه‌ندێ میـوه‌یـان ئه‌خسته سه‌ر به‌فـری ناوسـه‌بـه‌تـه‌كـه بۆ ساردبوون، ئه‌وسا كه بی‌یـان‌ویستـایـه به‌فراوێ یان دۆیه‌كی سارد یان ماستاوێكی سارد بكه‌ن له به‌فـره‌كـه‌یـان ئه‌شكاندو ئه‌یانكرده ناو ئاوه‌كه یا ماستاوه‌كه‌وه‌و ده‌ست به‌جێ ساردئه‌بوو چونكه زوو ئه‌توایه‌وه.

ئه‌م جۆوره به‌فره تا ساڵه‌كانی ١٩٦٠ به‌كارئه‌هات.

چاڵه به‌فـره‌كـانیش دووبـه‌ر بوو، ئه‌و چاڵانـه‌ی كه‌وتبوونه ئه‌ودیو گۆیژه‌وه پێـان ئه‌وتن (چاڵه‌كانی ئه‌ودیو). ئه‌و چاڵانه‌یش كه كه‌وتبونه دیوی ئه‌م دیوی

شاخی گوێژە واتە ڕووەو سلێمانی پێیان ئەوتن (چاڵەکانی ئەم دیو).

تێکرا چاڵە بەفرەکانیش بەم جۆرە ناونرابوون:

(أ) چاڵەکانی ئەودیو:

١ ـ چاڵی خەیاڵ

٢ ـ چاڵی نۆکەن

٣ ـ چاڵی چاڵە قوڕاوی

٤ ـ چاڵی مام حاجی

٥ ـ چاڵی تریل

٦ ـ چاڵی چوالان

٧ ـ چاڵی چاڵەسوتاو.

(ب:) چاڵەکانی ئەم دیو:

١ ـ چاڵی شیخ وسوو

٢ ـ چاڵی خلەکۆیی

٣ ـ چاڵی دارگوێژ

٤ ـ چاڵی بەرزان

٥ ـ چاڵی بەرووەکە

٦ ـ چاڵی ساڵحی مەحموو

٧ ـ چاڵی نۆکەنی ئەم دیو

٨ ـ چاڵی کۆنەقەلی سەروو

٩ ـ چاڵی کۆنەقەلی خواروو.

تێبینی:ـ

بێجگە لە بەفری گوێژە لەکاتی هاوینانداا هەموو ساڵێك سەهۆڵی پیرەمەگرون لەلایەن خەڵکی ئەو ناوچەیەوە ئەکرایە ناوجەواڵەوەو ئەخرایەسەر وڵاخ و ئەهێنرا بۆ شار، هەرلایـەك لەو جەواڵە پارچەیەکی گەورەی تێئەکرا بەقەدەر گەورەیی جەواڵەکە. ئەم سەهۆڵە، ئەفرۆشرا بە بەفر فرۆشەکان و ئەوانیش بە تەور پارچە

پارچەیان ئەکردو ئەیان فرۆشت بە شەربەت و ماستاوفروشەکان.
بەڵام ئەم سەهۆڵە هەر مانگێك ئەبینرا لەبازاردا چونکە نەئەماو ئەتوایەوە.
ئەمەشی بەردەوام بو هەتا کارگەی سەهۆڵ هاتە شارەکەمانەوە.

* * *

بەردی مەڵکەنیو بەردکێشەکان

زۆر لەکۆنەوە بەردی مەڵکەنی بەکاریەت بەتایبەتی بۆ دیوارو پێشی خانوو. بەتایبەتی ئەو خانووانەی کە بە خشتی کاڵ و قوڕ دروست ئەکران پێش ئەوەی بەردی سپی بەکاربێت، ئەم جۆرە بەردە بەردکێشەکانی مەڵکەنی لە گردە گرۆیێ (گردە سووتاو) کە ئەکەوێتە دامێنی شاخی گۆیژەوەو لە سلێمانییەوە ئەبینرێت گردێکی پڕ چاڵ وچۆڵە، ئەیان هێنا.

گواستنەوەی ئەم بەردە بۆ ناوشـار یا بەهـۆی گوێدرێـژەوە یان بەهۆی ئێسترەوە هاتوە، لەسەر پشتی وڵاخەکە دووتایان دائەنا کە لە تەختە یان دار دروست کرابـوو ئینجـا بەردەکـەیـان لەسەر بار ئەکراو لەدواییشدا کرا بە عەربـانـە، وپێش ئەمەش یەکێك لە بەردکیشە بەناوبانگەکان کەناوی ئەحمەد توفیق بووەو بە (ئەحە بەراز) بە ناوبانگ بوە لە تەختەو ئاسن خۆی دروستی کردوە لەشێوەی عەرەبانەدا و تایەی خستوەتە ژێرو خۆی رایکێشاوە، ئەوەی گرنـگ بێ ئەوەبوو ئەم پیاوە ئەوەندە بەهێز بووە جاری زیاد لە (٥٠٠) کیلۆ بەردی بارکردوەو خۆی رایکێشاوە بۆ ناوشارو لە رۆژێکا زیاد لە کاروانێکی کردوەو لە دواییا وایلێهات کە ئەسپی لێ ببەستێو بەم جۆرە بەردکێشان بوو بە عەرەبانەی یەك ئەسپی.

ئەو کانانە هەریەکە جۆرە بەردێکی تیابووەو ڕەنگێکی تایبەتی هەبوو، ئەمەش جۆری بەردەکانە:

١ - سوورباو

٢ - بۆر

٣ - شینکی

٤ - زەردباو

هەندێ لەم بەردانەش نەحشدار بوون.

بەردکێشـــان هەروەکـو بەفرکێشان لە هەمان ساڵا باوی نەماو وازلێهێنانی بەزۆری بەهـۆی پەیـابـوونی تەنگ و چەڵەمەوە بوو لە ناوچەکەداو وایلێهات خەڵکی نەیئەوێرا ئەم ئیشە بکات.

ئەوانەی بەفرو بەردیان ئەکێشا لە مەڵکەنی ئەمانە بوون:

١ ـ ئەمینی مام کەریم	بەفرو بەردی ئەکێشا
٢ ـ قادری مام کەریم	بەفرو بەردی ئەکێشا
٣ ـ ئەحمەدی مام ئەولا	بەفرو بەردی ئەکێشا
٤ ـ سەعەی مام ئەولا	بەفرو بەردی ئەکێشا
٥ ـ ئەحمەدی حاجی کەریم	بەفرو بەردی ئەکێشا
٦ ـ مەحمودی حاجی کەریم	بەفرو بەردی ئەکێشا
٧ ـ مستەفای حەمەی عەزیز	بەفرو بەرد[illegible]شا
٨ ـ مام ئەحلان	بەفرو بەردی ئەکێشا
٩ ـ کەریمە دۆمە	بەفرو بەردی ئەکێشا
١٠ ـ ساڵحی مەحمود	بەفرو بەردی ئەکێشا
١١ ـ میینە ترێ	بەفرو بەردی ئەکێشا
١٢ ـ حسەینی مەحمووی هۆمەر	بەفرو بەردی ئەکێشا
١٣ ـ عەزیزی مەحمووی هۆمەر	بەفرو بەردی ئەکێشا
١٤ ـ ئەحمەدی مەحمووی هۆمەر	بەفرو بەردی ئەکێشا
١٥ قادری کاکەبرا	بەفرو بەردی ئەکێشا
١٦ ـ حەسەنی کاکەبرا	بەفرو بەردی ئەکێشا
١٧ ـ رەشیدی کاکەبرا	بەفرو بەردی ئەکێشا
١٨ ـ حسەینی تۆفیقی حەمە خێل	بەفرو بەردی ئەکێشا
١٩ ـ تۆفیقی حاجی حسەین	بەفرو بەردی ئەکێشا
٢٠ ـ فەتاحی حاجی بارام	بەفرو بەردی ئەکێشا
٢١ ـ عارفی حاجی بارام	بەفرو بەردی ئەکێشا
٢٢ ـ عوسمانی حسەینی تۆفیقی حەمەخێل	بەفرو بەردی ئەکێشا

٢٣ ـ عوومەری حسەینی تۆفیقی حەمەخێل	بەفرو بەردی ئەکێشا
٢٤ ـ تۆفیقی مام ئەحلان	بەفرو بەردی ئەکێشا
٢٥ ـ عەبدوڵلای مام ئەحلان	بەفرو بەردی ئەکێشا
٢٦ ـ عەبەی قاله قۆڕ	بەفرو بەردی ئەکێشا
٢٧ ـ ئەوڕەحمانی مامە عەبە	بەفرو بەردی ئەگێشا
٢٨ ـ قالەی مامە عەبە	بەفرو بەردی ئەکێشا
٢٩ ـ قادری خاتوون	بەفر بەردی ئەکێشا
٣٠ ـ غەفووری حەمە ڕەش	بەفر بەردی ئەکێشا
٣١ ـ فەرەجی حاجی حسەین	بەفر بەردی ئەکێشا
٣٢ ـ ئەحە کەچەڵ	بەفر بەردی ئەکێشا
٣٣ ـ عەبەی بابەگەورە	بەفر بەردی ئەکێشا
٣٤ ـ عەبدوڵلای پیرۆز	بەفر بەردی ئەکێشا
٣٥ ـ تالیب مەجید (تەلی)	بەفر بەردی ئەکێشا

(ئەوانەی بەفریان ئەکێشا لە مەڵکەنی ئەمانە بوون)

١ ـ مەلا عەزییز
٢ ـ مەلا قادری مەلا کەریم
٣ ـ حاجی حەسەن
٤ ـ عەبە کەڵەك
٥ ـ عەلی حاجی حەسەن
٦ ـساڵحی نەریمان

(ئەوانەی بەردکێش بوون لە مەڵکەنی ئەمانەبوون)

١ ـ کەریمی مەجروم
٢ ـ حەمە چرچ
٣ ـ حەمەی خەجێ
٤ ـ حەمە لوتی

٥ ـ برایمی خۆرەنیمی

٦ ـ حەمە فەرەج

٧ ـ سەعە رەش

٨ ـ ئەحمەد تۆفیق (ئەحە بەراز)

٩ ـ قاله پۆرۆح

١٠ ـ قادری کەریمی مەجرووم

١١ ـ عوومەری کەریمی مەجرووم

١٢ ـ غەریبی مەلا فەرەج

هەندێ خەڵکی تریش هەبوون کە خەڵکی مەلکەنی نەبوون بەڵام بەشیان هەبوو لەگەڵ بەردکێش و بەفرکێشەکانا، ئەمانە بوون:

١ ـ حاجی غەفووری شەربەتچی	بەفر	گەرەکی چوارباخ
٢ ـ ئەحمەدی حاجییلە	بەفر	گەردکی کانێسکان
٢ ـ حەمە نیزام	بەفر	گەرەکی سەرشەقام
٤ ـ مەلا فەرەج	بەرد	گەرەکی سابوونکەران
٥ ـ غەرییبی مەلا فەرەج	بەرد	گەرەکی سابوونکەران
٦ ـ جەلالی مەلا فەرەج	بەرد	گەرەکی سابوونکەران

سەرچاوە: عارف حاجی بارام.

* * *

● وینەیەکی سالی ١٩٤٧، کومەلی پیاوی مەلکەندی چالە بەفریکیان هەلداوەتەوە لە شاخی گویژە

● حسەینی توفیقی حەمە حیل، ● فەتاحی حاجی بارام ـ ١٩٢٥ ● عارفی حاجی بارام ـ ١٩٢٨،

مەلکەندی ١٨٩٤ ـ ٢٦ ـ ٣ / ١٩٨١

● ئەحمەد توفیق
«ئەحە بەراز» ـ ١٩١٢

● حاجی بارام،
مەلکەندی، ١٨٨٠ ـ ٦٥

جەڕاحەکان (حەکیم)(١)

کاتی خۆی پزیشك و ئیشی پزیشکی بەم شیوەیەی ئیستا نەبوو، (جەڕاح و حەکیم) هەبوون، ئەمانەش لە باوو باپیرانیانەوە هەندێ داوودەرمانیان زانیوەو هەندێکیتریشان شارەزاییان بوە لە شکان و لەجێچوونی ئێسقانا، ئەوانەش ئەمانەبوون:

١ ـ تۆفیق عەنتەر	لە برینا شارەزایی بوە
٢ ـ حەمە نادر	برین و ئێسقان
٣ ـ عەزەی حەکیم برایم	برین، باوکی شەلەمۆ جوولەکە بوو
٤ ـ فەرحە خێزانی عەزەی حەکیم برایم	برین،جوولەکە بوو
٥ ـ ڕەشەی خەجێ لاو	برین
٦ ـ ساڵح بانەیی	ئێسقان
٧ ـ عەباسی کەریم مشکە	ئێسقان
٨ ـ حسەین قازاوی	ئێسقان و برین
٩ ـ خەجێ شەل (ئافرەت بوو)	برین
١٠ ـ بەکری میسری	برین و ئێسقان
١١ ـ کەریم بەگی جەڕاح	ئێسقان
١٢ ـ مەحمووبەگی **جەڕاح**	جەڕاح ئێسقان
١٣ ـ قالە کوردالە	ئێسقان و برین
١٤ ـ ئەحەی کاڵەنێر	ئێسقان

١٥ ـ فەرەج داروٚغایی	ئێسقان
١٦ ـ سەعە جوقڵی	ئێسقان
١٧ ـ مستەفاغای دەرمان	ئێسقان و برین
١٨ ـ سلێمانی جەراح	ئێسقان
١٩ ـ ئەحمەد ئاغای چاوبڕ	چاوی تیمار ئەکرد
٢٠ ـ رەشیاغای ئەحماغای چاوبڕ	چاوی تیمار ئەکرد
٢١ ـ وەستاعەلی عارفی دەلاك	برینی تیمار ئەکرد

بەڵگەنامەیەك

دیارە ئەو پزیشکانەی کاریان کردووە لەم شار
لە خۆیانەوە نەچوونەتە ناو کارەکەیانەوە. بەڵکو
بە شێوەی رەسمی رێیان پێدراوە. ئەوەتا کەمەد
نادری جەراح ـ باوکی کاك عوسمان و باپیری دوکتۆر
بەکر ـ کە لە سەردەمی داگیرکردنی ئینگلیزدا رێی
جەراحی پێدراوە. بە شایەتی پیاوە ناسراوەکانی
ئەو سەردەمە داوا ئەکات رێگەی ئەو پیشەیەی
باوو باپیری پێدرێ. کە لە سەردەمی عوسمانیدا
هەر بە رێگە پێدان خەریکی بوونە. دوا ئیمزای
بەڵگەنامەکەش ئیمزای نایبەرسۆنەکە رێی داوە
ئەم سێ لاپەڕەیە گەلێك لایەنی مێژووی شار
دەردەخەن،

---

(١) پزیشکی تازە بابـەت نەبـوو، بەڵام ئەمـانـە چەشنە پزیشکێ بوون کە پشتاو پشت زانستیو تەجرەبەیان بۆ مابۆوەو ئەمەش لە کوردستانا وەك زۆر وڵاتی ترمیژووی تایبەتی خۆی هەیە.

ع.م

ژماره ٤٥١

روژ ٢٢ مانك جولای سال ١٩٢٠

داواكر له دانیشتوی گره‌كی كوریه حمه نادری جراح

داوالیكراو

داوای چیه له باوكو بابره وه جراحم ذاتیان معاینه یا بمساعده‌ی
هیأت صحیه جراحی بلدیه بوم و مملكت سالیانه تا به امرو
رخصت جراحی مزاحی بون لو خصوصه وه شهادتنامه
تقدیم كرا لطف هیأت صحیه حاضره وه لیاش
امتحانی اجرای عملیات استرحام امری رخصتیه جراحی

معاون حاكم سیاسی

بلدیه

محكمهٔ صلح

محكمهٔ شرعیه

مالیه

پولیس Civil Surgeon

مدیر گمرك

قایم مقام Please explain to petitioner the ruling on the subject

مدیر

بو حضور حضرت حاکم سیاسی دام اقباله تقدیم

عرض بندە ئەوەیە

لە حضرت جنابی حکم[illegible] مملکت سلیمانی وەتی ئیزنیان کردووە تا ئەبد حضرت جنابی بە [illegible] بارەوە لەباوکو بندە

کارێکی ترم نەبێ لە حضرت جنابی بغداد سەعادەت کردووە جنابی بلدیەکم [illegible] صحیە هیئات بەعدە بێ ... تقابیا و لەوقت ئیدایی

احتیاجاتی تحصیلات ئیستا ... سحبە واسطە [illegible] جناب سەعدە اگر [illegible] زورم [illegible] عائلە یکی نازکی بێ

صاحبە [illegible] تا ئەمان نامیان بکەم الم [illegible] عدالت حکومیتە نفقە ... دلی نەیکم حرکت بکەم کە [illegible] حضرت تا بدن ئەدعم

REVENUE

8 annas

له دانیشتوی گرده‌ی گوێژه حمه نادر ناوی جراح له باوکو باپیره ده صنعیان جراحی بوه و له زمان
عثمانیا هیأت صحیه عثمانی له لیثی راضی بون به مساعده‌ی اوان جراحیتی بدیه کردوه و به هیادیی کوتی
و تجربه له ایش جراحیا گلی هنری بیزاوه و مملکت تا امرو له صنعت او راضی و ممنون بوه لطف
جناب صاحبوه اگر مساعده بفرمون بولجنه‌ی صحیه حاضره‌وه اگر له عملیاتا امتحان بکری و هرگاه
مناسب زانرا اذن دانی بو صنعت جراحی باعث ممنونی اهالیه بجانب استرحام دراق

خلقی گرده‌ی گوێژه — خلقی گرده‌ی گوێژه — خلقی گرده‌ی گوێژه — خلقی گرده‌ی گوێژه — امام مسجد حاجی — خلقی گرده‌ی گوێژه

حاجی رشید — ملا ... — مدرس و امام



عبدالصانع کوری عبدالرحیم آغا

عارف

احمد محمد

ملا رشید

دگرده‌ی گوێژه

ملکند

حاجی عبده زاده

١٨

ڕاوو ڕاوچی‌یەکان

لەکاتی خۆیدا ڕاوکردن کارێکی باو بووەو گەلێك کەس خەریکی ڕاوکردن بوون جا چ ڕاوی ئاژەڵ بوو‌بێت یا باڵندە، بۆ ئەم مەبەسەش گەلێك جۆری چەك بەکارهاتوە، کە ئەمانە بون:

١ ـ خەنجەر ٢ ـ تیروکەوان ٣ ـ قۆچەقانی ٤ ـ ساچمەزەن ٥ ـ تاپر.

جگە لەمانەش گەلێك گەلێك کەلوپەل بەکارهاتووە کە ئەمانە بوون تەڵە، فاقە، ئەمانە بۆ مشك و ڕێوی‌و کەروێشك و درندەکان، وە داوو کوولەکەی باروت.

ڕەتە: دەرگایەکی بچووکە لە تەختە دروست ئەکرێ‌و لەناو پەرژینا دائەنرێ، ژێر ئەم دەرگایەش چاڵێکە، لەکاتی بەفربارینا دائەنرێ‌و ئەسرڕێ کە باڵندەو بەتایبەتی کەو هات چونکە وشکە لەسەری ئەنیشێنەوەو ئەکەوێتە ناو چاڵەکەوە. بەم جۆرە ئەو چەشنە ڕاوە کراوە.

شەوارە: بە شەو چەند کەسێك بە چرایەکەوە یان بە چراوکێکەوە ئەچن بۆ شوێنی باڵندەو بەهۆی ئەو ڕووناکی‌یەوە بەشەوارەیان ئەخەن و ئەیان گرن ـ ئەمیش بەهۆی دارێکی دوو پەلەوەکە تۆڕێکی پێوەیە.

تەپگە: بریتی‌یە لە چاڵێك تەختەیەك یا بەردێکی لەسەر دائەنرێ بەشێوەیە وەکو سەرقاپی چاڵەکە هەڵدرابێتەوە.

ئەمەش بەهۆی چیلکەیەکەوە وەستێنراوە کە باڵندەکە یەتە ئەوێ ئەو دانەی تیا دانراوە بیخوا کاتێك بەر چیلکەکە ئەکەوێت بەردەکە یا تەختەکە ئەکەوێت و سەری چاڵەکە دائەپۆشێ‌و باڵندەکە تیا ئەمێنێتەوە ئەمەش جۆرێکە وەکو (ڕەتە) وایە.

دێوجامە: پارچە قوماشێکی سادەیە، پارچە قوماشی تری ڕەنگاوڕەنگی پێوە ئەنرێ لە شێوەی پەڵەدا بەدارێکی ڕاست و چەپا دائەکوترێ ڕاوکەر ئەیگرێ بەدەستیەوە وەکو قەڵغان ئەگەڕێ بەدووی کەوا تا ئەیگاتێ‌و ڕاوی ئەکا.

(چەشنی ڕاوەکان):

١ ـ ڕاوە کەروێشك و ڕێوی: ئەمە بە تانجی ئەکرێ.
٢ ـ ڕاوە بەراز: لەپێشا بەهۆی سەگەوە ئەکرا، بەڵام ئێستا سەگەکە لەناو چرەدا دەری ئەپەڕێنێ بەسواری‌و بە تفەنگ ئەنیشنە سەری‌و ئەیکوژن.
٣ ـ ڕاوەکەڵ: لە شوێنی تایبەتی کەڵەکانەوە لە شاخ ڕاوکەر بە تفەنگەوە خۆی مات ئەدا تا بە بەردەمیا یەن، تەقەیان لێ‌ئەکات،بەم جۆرە ڕاوەکەڵ ئەکەن لە وڵاتی ئێمە.
٤ ـ ڕاوکەو: ئەم ڕاوە چەند جۆریکی هەیە:

أ: شەرەبەق (بنە): ڕاوکەر لە بەیانی زوودا بەشاخەوە لە (بنە)دا خۆی ئەشارێتەوەو ئەو کەوە نێرە ڕاوی‌یەی پێ‌یەتی ئەی‌نێتەوە بە درەختێکەوە کە دنیا ڕوناك بووەوە کەوەکەی دەست ئەکاتە خویندن و کەوی‌تر بەدەنگیەوە یەن و ئەمیش تەقەیان لێ‌ئەکات و چەند پیوەبوو کۆی‌ئەکاتەوە، ئەم جۆرە ڕاوە بەتایبەتی لە بەهارو پایزا ئەکرێ.

ب: ڕاوکەو: ئەم ڕاوەش وەك ڕاوی شەرەبەق (بنە) ئەکرێ بەڵام ئەو کەوەی ڕاوچی‌یە کە ئەیبا بۆ ڕاو لەسەر درەختێ دای‌ئەنێ ماکەوە.

حـ: ڕاوە سەرکانی: ڕاوکەر حەشارێك لەنزیك کانی‌یەکەوە دروست ئەکاو خۆی تیا حەشارئەدا، لە بەیانیدا کە دنیا ڕوون ئەبێتەوە کەوی ئەو ناوچەیە یەن بۆ ئاوخواردنەوە ڕاوکەر تەقەیان لی‌ئەکات و ئەیانکوژێ.

د: بۆگار: لە بەهارا کەو بەرێچکە بە شوێنێکی تایبەتیا تێ‌ئەپەڕن ڕاوکەر لەوەپێش لەحەشارا دائەنیشێ، کە کەوەکان نزیکی‌ئەبنەوە تەقەیان لێ‌ئەکا، ئەم جۆرە ڕاوە ماوەی دوو هەفتە ئەکرێ ئەویش لە دەمەدەمی نەورۆزا.

هـ: کوبوز (ڕەشەڕاو): ڕاوکەر بەشوێن کەوا ئەگەڕێ‌و کە تووشی هات تەقەی لێ‌ئەکا.

هەروەهـا ڕاوی گەلێ شتی‌تـریش بەم جۆرە ئەکـرێ، وەك ڕاوەپـۆرو سمـۆرەو سوێسکەو مراوی‌و ڕیشۆڵەو کۆترو چێرگ و پڵنگ و ورچ.. هتد. ئەم ڕاوە بەتایبەتی لە پایزا ئەکرێ.

لە ساڵانی پێشـووا کە ئەچـوون بۆ ڕاو دوای خۆئـامادەکردن و هەڵگرتنی کەل وپـەلی ڕاو هەنـدێ‌کـەس بە سواری وڵاخ ئەچـوون و چەنـد تووڵەو

تانجی‌یەکیان لەگەڵ خۆیان ئەبردو هەندێ کەسیش هەر بە پێو توولەو تانجی خۆی ئەبرد. لە ساڵانی دواییا کە ئۆتومبیلی (جیب) داهات خاوەن جیبەکان بە جیب ئەچوون بۆ ڕاو، چەکی ڕاوی ئەوکاتەش بریتی‌بوو لە تفەنگی (ساچمەزەن و) (تاپر)ءهەردوو جۆرەکە یەك لوولەو دوولوولەیان هەبوو.

شوێن ڕاوەکان: هەر ناوچەیە بە جۆرە ڕاوێك بەناوبانگ بوو. ناوچەی قەرەداغ بۆ ڕاوی ئاسك و بەرانەکێوی‌و گەلێ ئاژەڵی تر، دەشتی شارەزوور بە ڕاوە پۆڕو چێرگ و مراوی‌و گەڵێك باڵندەی‌ترو ناوچەی سورداش بە ڕاوی حەیوانە کێوی‌و ئەزمڕو شارباژێر بە ڕاوی کەو بەناوبانگ بوون و ڕاوە ماسیش بەزۆری لە چەمی تانجەڕۆ و ئاوی زەڵم و ئاوی قەڵاچوالانا ئەکران.

(ناوی ئەو ڕاوچی‌یانەی دەستمان کەوتوون)

١ ـ بەرێز شێخ مەحموودی حەفید	
٢ ـ بەرێز حاجی مەلا سەعید	مەلاك بوو
٣ ـ بەرێز مەجی ئەفەندی کانیسکان	مەلاك بوو
٤ ـ بەرێز ئەورەحمان ئاغای ئەحمەدپاشا	مەللاك
٥ ـ بەرێز شێخ جەلالی شێخ ئەحمەدی حەفید	مەللاك
٦ ـ بەرێز شێخ محەمەدی حاجی سەی‌حەسەن	مەللاك
٧ ـ بەرێز حەمەی شێخەلی	مەللاك
٨ ـ بەرێز مەجی قالەی حەمامچی	توتنچی
٩ ـ بەرێز مەجی بەگی قادر پاشا	مەللاك
١٠ ـ بەرێز شێخ باباعەلی حەفید	مەللاك
١١ ـ بەرێز شێخ ڕەوف حەفید	مەللاك
١٢ ـ بەرێز شێخ لەتیفی حەفید	مەللاك
١٣ ـ بەرێز قادر ئاغای حاجی مەلا سەعی	مەللاك
١٤ ـ بەرێز غەفور ئاغای حاجی مەلا سەعی	مەللاك
١٥ ـ بەرێز حەمەرەشی مەڵکەنی	جوتیار
١٦ ـ بەرێز مەلاقادری مەلاکەریم ی مەڵکەنی	کاسب

١٧ ـ بەڕێز غەفووری مەلاعەلی مەڵکەنی	بەڕیوەبەری قوتابخانە
١٨ ـ بەڕێز مەحموەفەندی ڕەسام	وینەگر
١٩ ـ بەڕێز یەحیا فەندی ڕەسام	وینەگر
٢٠ ـ بەڕێز ڕەشەی سورکە	مەللاك
٢١ ـ بەڕێز عارف هەلو	چاوەشیبەلەدیە
٢٢ ـ بەڕێز فەرج وێلەکەیی	پیاوی شێخان
٢٣ ـ بەڕێز ڕەشەی خاتوون	نانەوا
٢٤ ـ بەڕێز وەستا فەرەجی ناڵبەند	ناڵ بەن
٢٥ ـ بەڕێز ساڵحی عەلی قوباد	خاوەنی باخی کانێسکان
٢٦ ـ بەڕێز حەمەی محەی گوڵنام	بەنا
٢٧ ـ حەمە عەلی وەستا حەبیب	بەنا
٢٨ ـ بەڕێز شێخ جەلالی شێخ ڕەشید	مەللاك
٢٩ ـ بەڕێز کەریمی حاجی	چایچی
٣٠ ـ بەڕێز فەرەج چاوشیین	پولیسی سوارە(برای ئەحلا چاوشین)
٣١ ـ بەڕێز شێخ ساڵحی حەمە قزلەری	پولیسی سوارە
٣٢ ـ بەڕێز شێخ لەتیفی دانساز	دانساز
٣٣ ـ بەڕێز جەلال ئەفەندی فەتاح ئەفەندی	مووچەخۆر
٣٤ ـ بەڕێز عەلی شەوقی (عەلی ئاگا)	مامۆستا
٣٥ ـ بەڕێز ئەحمەد مەلا قادر	پیاوی بەڕێزشیخ قادری حەفید
٣٦ ـ بەڕێز شێخ جەلال بەرزنجی	مامۆستا
٣٧ ـ بەڕێز شیخ مستەفا بەرزنجی	مامۆستا
٣٨ ـ بەڕێز سابیری مسگەر (سابیرە کەچەڵ)	مسگەر
٣٩ ـ بەڕێز حەمەی حاجیفەرەج ئەفەندی	خاوەن گەراج
٤٠ ـ بەڕێز جەمیلی سەعی بەگ (بابان)	کاسب
٤١ ـ بەڕێز ڕەزابەگی حەمەد بەگ	کاسب
٤٢ ـ بەڕێز حەمەد بەگی هەورامی	کلاش فرۆش
٤٣ ـ بەڕێز نامیق ئاغای مستەفاغا	مەللاك

٤٤ ـ بەڕێز عومەر عبدورەحیم کۆڵەبی	ماموٚستا
٤٥ ـ بەڕێز عەبدوڵلای حاجی حەسەن	چەخماخ ساز
٤٦ ـ بەڕێز شێخ جەمیل	فەڕاشی قوتابخانە
٤٧ ـ بەڕێز حەماغای چەخماخ ساز	چەخماخ ساز
٤٨ ـ بەڕێز عەبدولقادری حاجیکورە	خاوەنی کورەی خشت لە قلیاسان
٤٩ ـ بەڕێز حەمە سدیقی حاجیکورە	خاوەنی کورەی خشت لە قلیاسان
٥٠ ـ بەڕێز حەمەپاشای عەبدول ڕەحمان ئاغا	مووچەخۆر
٥١ ـ بەڕێز توٚفیقی کەریماغا	بازرگان
٥٢ ـ بەڕێز ئەحمەدی حەمەی ئەولێ	مووچەخۆر
٥٣ ـ بەڕێز عوسمانی عەلیبەگ	زەرەنگەر
٥٤ ـ بەڕێز ئەمینی حەمەی خدراغا	بازرگان
٥٥ ـ بەڕێز ڕەوفی سەعیبەگ	مووچەخۆر
٥٦ ـ بەڕێز ئەحمەد یووسف	ماموٚستا
٥٧ ـ بەڕێز عەلی حەمەکەریم	سەڕڕاج
٥٨ ـ بەڕێز سەعە ئینزیبات	فەڕاشی قوتابخانە
٥٩ ـ بەڕێزشێخ عەبدوڵلای شیخ لەتیفی دانساز	مووچەخۆر
٦٠ ـ بەڕێز باباعەلی شیخ لەتیفی دانساز	ماموٚستا
٦١ ـ بەڕێز شێخ ساڵحی توولەوتانجی	کاسب
٦٢ ـ بەڕێز شیخ ڕەوف شیخ ساڵح	ماموٚستا
٦٣ ـ بەڕێز شیخ سدیقی شیخ ساڵح	پۆلیس
٦٤ ـ بەڕێز مەحمودی شیخ ساڵح	پۆلیس
٦٥ ـ بەڕێز مەجی زێوەر	مووچەخۆر
٦٦ ـ بەڕێز عەلی سادق	معاونی پۆلیس
٦٧ ـ بەڕێز عوسمان سادق	ئوتومبیل چی
٦٨ ـ بەڕێز شێخ ئەحمەدی بەرزنجی	پۆلیس
٦٩ ـ بەڕێز کەمال مەولو	کاسب
٧٠ ـ بەڕێز ئەحەی عارفی هەلو	چاوەشی بەلەدیە

۷۱ ـ بەڕێز سابیری وەستاعەلی	بەنا
۷۲ ـ بەڕێز فایەق ڕەشید کەریم	مووچەخۆر
۷۳ ـ بەڕێزشیخ سەلاح شیخ محەمەدی حاجی حەسەن	دکتۆر لە زانکۆ
۷٤ ـ بەڕێز شیخ سالارمحەمەدی حاجی سەی حەسەن	پارێزەر
۷۵ ـ بەڕێز شیخ فارووق محەمەدی حاجی سەی حەسەن	موچەخۆر
۷٦ ـ بەڕێز شیخ باباتایەری شیخ جەلالی حەفید	پارێزەر
۷۷ ـ بەڕێز عومەری غەفووری حەمەگول	ماسی فرۆش
۷۸ ـ بەڕێز عەول مەڕی	ماسی فرۆش
۷۹ ـ بەڕێز مەلائەو ڕەحمانی دەرمان کوت	باووتی دروست ئەکرد
۸۰ ـ بەڕێزحاجی فەرەجی سوسێ	مەللاك
۸۱ ـ بەڕێزعەبدوللای حاجی فەرەجی سوسێ	کاسب

سەرچاوە:

١ ـ سەرنجێك لە دەروازەی فۆلکلۆری کوردەوە، لە بڵاوکراوەکانی نەقابەی مامۆستایان.

٢ ـ بەڕێز مامۆستا غەفووری مەلا عەلی مەڵکەنی.

٣ ـ بەڕێز مامۆستا شێخ مستەفا بەرزنجی.

* * *

سوارچاکەکان

گەلێ سوارچاکی ڕێك وپێك بووە لەم شارەداو هەریەکەیان ئەسپی خۆی بۆەو بە پاك و تەمیزی خزمەتی ئەسپەکانیان کردوە، دەمەدەمی عەسر خۆیان ئەگۆڕیو ئەسپەکانیان زین ئەکردو لە دەشتکانی دەوروپشتی شار ئەگەڕان و خۆیان ئەنواند، جارجارەش ئەبو بە غارغارێن و ڕمبازی، هەروەها پۆلیسە سوارەکانیش هەر بەشداری‌یان ئەکردو خەڵکی دەستە دەستە ئەچوون بۆ سەیر، ئەمە بەتایبەتی لە وەرزی بەهارو کاتی سەیران و ڕۆژانی هەینی‌یا باوبوو.

ئەگێڕنەوە ئەڵێن کابرایەك بووە ناوی (چەچەی حەمەزەرد بووە)، ئەمە زۆر بە سوارچاکی مەشهور بووە، خۆی ئەسڵی هەمەوەند بوەو جامبازی وڵاخ بووە لە سلێمانی، خەڵکیشی فێری سوارچاکی کردوە، جا لەناو خەڵکی‌دا وا باو بوە هەرکەسێ کە ئەسپی تاوبدایەو غاری بەڕێك وپێکی بکردایە خەڵکی پییان ئەوت لە مەدح کردنیا (ئەڵێی چەچەی حەمەزەردە) و ئەوانەی بە سوارچاك مەشهور بوون ئەمانە بوون:ـ

١ ـ بەرێز شێخ مەحمووی حەفید	
٢ ـ بەرێز خوولەی حەسەناغا	خاوەن قەتاری وڵاخ بوە
٣ ـ بەرێز حاجی تۆفیقی پیرەمێرد	شاعیرو رۆژنامەنووس
٤ ـ بەرێز ئەحمەد بەگی فەتاح بەگی ساحێب قران	(حەمدی شاعر)
٥ ـ بەرێز حەمە ی ئەورەحماناغا	مەللاک
٦ ـ بەرێز شێخ قادری حەفید	مەللاک
٧ ـ بەرێز شێخ محەمەدی حاجی سەیحەسەن	مەللاک
٨ ـ بەرێز شێخ محەمەدی سەی بچکولە	مەللاک
٩ ـ بەرێز مەجی قالەی حەمامچی	توتنچی
١٠ ـ بەرێز حەمەد بەگ (میران)	چاوەشی بەلەدییە
١١ ـ بەرێز شێخ جەلالی شێخ ئەحمەدی حەفید	مەللاک
١٢ ـ بەرێز حەمەی شێخەلی	مەللاک
١٣ ـ بەرێز کەریمی کاکەزاڵ	ژەندرمەی سوارەی عوسمانلی
١٤ ـ بەرێز مەحموی قالەی غەزال	ژەندرمەی سوارەی عوسمانی
١٥ ـ بەرێز عەلی قالەی غەزال	ژەندرمەی سوارەی عوسمانلی
١٦ ـ بەرێز ئەحەی سەرایلی	ژەندرمەی سوارەی عوسمانلی
١٧ ـ بەرێز مەلا عەبدول رەزاق	مەللاک
١٨ ـ بەرێز شیخ مستەفای شێخ عەزیز	مەللاک
١٩ ـ بەرێز شیخ محەمەدی شیخ عەزیز	مەللاک لەموسڵ شەهید کرا لەگەل شیخ سەعید
٢٠ ـ بەرێز شیخ نووری شێخ عەزیز	پولیسی سوارە (هەرسێکیان برابوون)
٢١ ـ بەرێز عەلی‌وەیسی ئەفەندی	پیاوی شێخ بووە
٢٢ ـ بەرێز حەسەن ئاغای باوکی حەمە ئاغا	جامبازی وڵاخ
٢٣ ـ بەرێز عەبدوڵلا ئاغای باوکی حەمەسەعی ئاغا	عەبدوڵلا ئاغا مەللاک
٢٤ ـ بەرێز شۆیلان ئاغا	جامبازی وڵاخ
٢٥ ـ بەرێز سەعە دزکوش	قوڵچی
٢٦ ـ بەرێز عارف هەڵۆ	قوڵچی مالیە چاوەشی بە لەدیە

٢٧ ـ بەڕێز وەستا ئەحمەدی ناڵبەند	ناڵبەند
٢٨ ـ بەڕێز وەستا فەرەجی ناڵبەند	**ناڵبەند**
٢٩ ـ بەڕێز مەجیبەگی قادر پاشا	**مەللاک**
٣٠ ـ بەڕێز مەحموبەگی جەڕاح	**مەللاک وحەکیم**
٣١ ـ بەڕێز حەمەدەمینی ئایشەخان	**قەساب**
٣٢ ـ بەڕێز تۆفیقی هۆمەر	قەساب
٣٣ ـ بەڕێز عەلی برزووی قەساب	قەساب
٣٤ ـ بەڕێز حەمەی حاجی ئایشێ	**عەلاف**
٣٥ ـ بەڕێز حاجی ئەمینی مەڵکەنی	**مەللاک**
٣٦ ـ بەڕێز حەمەڕەشی مەڵکەنی	مەللاک
٣٧ ـ بەڕێز حاجیڕەشی مەلاقادر	مەللاک
٣٨ ـ بەڕێز تایەری ئەورەحمان قەفتان	**قەڵەمچی**
٣٩ ـ بەڕێز حەمەڕەشی خاتوون	نانەوا
٤٠ ـ بەڕێز عومەرە سوور	عەرەبانچی
٤١ ـ بەڕێز حەمەی برازا	کاسبی سەرپێیی
٤٢ ـ بەڕێز مەحمود میرزا	قوڵچی مالیە
٤٣ ـ بەڕێز تۆفیقە سوور (باوکی ڕەفیق چالاک)	قۆڵچی مالیە
٤٤ ـ بەڕێز خوولەی قاورمەسووتاو	قۆڵچی مالیە
٤٥ ـ بەڕێز تایەر سوور	قۆڵچی مالیە
٤٦ ـ بەڕێز حەمەفەرەجی عەبە نەوتە	قۆڵچی مالیە
٤٧ ـ بەڕێز ساڵح ماین ڕەش	جامبازی وڵاخ
٤٨ ـ بەڕێز عەبەی قالەی مارفەشەل	چاوەشی ئەشغال
٤٩ ـ بەڕێز حەمەی ماین فڕێن	(پیاوی شێخ محەمەدی حاجی سەی حەسەن)
٥٠ ـ بەڕێز حەمە عەلی (پیاوی سەی برایمی حەفید)	
٥١ ـ بەڕێز عارفی ئامێ	(پیاوی شێخ جەلالی شێخ ئەحمەدی حەفید)

٥٢ - بەڕێز ئەحمەدی مەلاقادر	(پیاوی شێخ قادری حەفید) پۆلیسی سوارە
٥٣ - بەڕێز عیزمت وەلی	پۆلیسی سوارە
٥٤ - بەڕێز شێخ ساڵح قزلەڕی	پۆلیسی سوارە
٥٥ - بەڕێز حەمە عەلی کانی هەمردیی	پۆلیسی سوارە
٥٦ - بەڕێز فەرەج حاوشین (برای کەریم و ئەحلان حاوشینی عەلاف)	پۆلیسی سوارە
٥٧ - بەڕێز حەمەسووری مەلا محەمەدی دەنگ ئەورد	پۆلیسی سوارە
٥٨ - بەڕێز حسەین ئەسعەد	پۆلیسی سوارە
٥٩ - بەڕێز میرزا حەبیب	پۆلیسی سوارە
٦٠ - بەڕێز عەبەی شەمام	پۆلیسی سوارە
٦١ - بەڕێز بابا شێخی قەرەداخی	پۆلیسی سوارە
٦٢ - بەڕێز حەمەڕەشی یالآن قوزی	پۆلیسی سوارە
٦٣ - بەڕێز ڕەئوف عەلی فایز	پۆلیسی سوارە
	عەرەبانچی

جەند کەوێک

● عارف هەلو

● شێخ محەمەدی حاجی
سەید حەسەن ١٩٠٥ - ١٩٦٧/١/٧

● راو لە داری زەردی قوپی قەرەداغ - ١٩٥٧

● راوکردن لە سویلەمیشی تانجەرو ـ ١٩٥٢



● دیوجامە بو ڕاوە کەو

● شەرەکەو لە مەیدانی برنجەکە

● شیخ جەلالی حەفیدو حەمەی شێخەلی لە ڕاودا لە گەرەدێ - ١٩٥٧

● ڕاوکردنی زستان لە دێی پوشێن لە ناوچەی سروچک

حیکایەت و حیکایەتخوان

لە سلیمانیش وەك زۆر وولاتی‌تر، حیکایەت خوێندنەوە بابەتی ڕابواردنی شەو بوو، لەمەوبەر لەم بارەیەوە نووسیبووم:

«... ڕەنگە زۆر لە خوێنەران ئەوەیان لەبیربێت کە لە سالآنی کۆندا، بەتایبەتی شەوانــی ڕەمــەزان، لە (قــاوەخــانــە) گەورەکــانــی شارانــی کوردەواریــدا حیکایەت خوان، چیرۆکی ڕۆستەمی زاڵ و زۆراب و قارەمانانی تری بۆ خەڵك ئەخــوێنــدەوەو لەدەورێکی کۆنتــردا خەڵکــەکە هەموو هۆش و گۆشیان ئەدایە کارەســات و ڕووداوی حیکایەتەکە. بەڵکو بەجۆرێك لەگەڵیا تێکەڵ ئەبوون کە هەرکــەســە قارەمــانێکی لەو حیکــایەتە بۆ خۆی هەڵئەبژاردو لە زنجیرەی ئەو حیکایەتەدا کە هەموو شەوانی ڕەمەزانی ئەخایاند، هەمیشە هیوای سەرکەوتنی قارەمانەکەی خۆی بوو. تەنانەت لەکاتی حیکایەت خوێندنەوەدا دەستەی هەر قارەمــانــە لە کونجێکی قاوەخانەکەدا لای یەکەوە دائەنیشتن و وەك ئاگاداری شەڕی ڕاستــەقینــەی نێــوان ئەو قارەمــانانە بن، بە دەست و بە دەم پشتی قارەمانی خۆیان ئەگرت و لەگەڵ ژێرکەوتنیا ماتەم دایئەگرتن.

بڕوانـە [د. عیـزەدین مستـەفـا ڕەسووڵ. لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی. چ ٢. سلێمـانی، ١٩٧٩، ل ٤٤،٤٥]. هەر لە پەراوێـزی ل ٤٥ دا نووسیبووم: (وائەزانم ئەم باسە سەرەتایەکی باشە بۆ باسی شانۆی کوردی) - ئینجا هەر لەسەر ئەوباسە نووسرابوو:

(.. ئەو حیکایەتانە لەڕووی دارشتن و قۆرمەوە هەروەك ئەو بەیتی کوردییە وابوون کە ئێستا لەکایەدان. واتە حیکایەت خوان بە قسە - یا بڵێین بە نووسینی پەخشان - ڕووداوی ناو چیرۆکەکەی ئەگێرایەوەو لە هەندێ شوێندا بەئاوازەوە دەنگی لێ هەڵئەبڕیو دواندنەکەی بە شیعرو گۆرانییەوە ئەگێرایەوە). (ئەو سەرچاوەیە، ل ٤٥) بۆ درێژەی باس سەیری ئەو سەرچاوەیە بکە، هەرچی ئەم **باسـەی نووسـەریشـە، ئەوە لاپـەڕەیـەکی گرنگی ئەم چەشنـە نووسین و فولکلۆرو** ڕابواردنەی شاری سلێمانی ئەگێڕێتەوە..

(ع.م.ر)

حیکایەت و حیکایەت خوێنەکان

ئەو حیکایەتانەی بەزۆری ئەخوێنرانەوە ئەمانە بوون:

١ - ڕوستەمی زاڵ ٢ - ئەمیر ئەرسەلان ٣ - شیرین و فەرهاد ٤ - ڕوستەم و زۆراب ٥ - مەم وزین ٦ - خورشیدو خاوەرو گەلێ حیکایەتی‌تر.

دەستـوور وابـوو پێش گێرانـەوەی چیرۆك پێشـەکی‌یـەکی ئەوت و دوایی دەستی‌ئەکرد بە گیرانەوەی چیرۆکەکە ئەمە وەکوو خۆ ئامادەکردنێك وابوو، ئەمەش نموونەیەکە لەو پێشەکیانە؛

«پێشەکی چیرۆك»

هەبوو نەبوو کەس لە خوا گەورەتر نەبوو، کەس لە بەندەی خراپ رووڕەش ىر نەبـوو، کۆسـە مرد کفنی نەبوو، هەڵیان گرت جێگەی نەبوو، دایان نا ڕیگەی نەبوو، خستیانە تاق چاوی چوو بە زاق، خستیانە بن میچ دانی چووە ڕیچ، خستیانە کەڵەك کەڵەك ڕووخا، وتیان کەڵەك بۆ ڕووخایت؟ وتی ئەی بۆچی گیا لەبنم سەوز ئەبێ؟ وتیـان گیـا بۆ لەبنی سەوز ئەبی؟ وتی ئەی بۆچی بزن سەرقـرتم ئەکا؟ وتیان بزن بۆ سەرقرتی ئەکەی؟ وتی ئەی بوچی گورگ چاوم لێزەق ئەکاتەوە.

وتیان گورگ بۆ چاوی لێ زەق ئەکەیتەوە؟ وتی بۆچی شوان حەلەلم لیئەکا؟ وتیان شوان بۆ حەلەلی لێئەکەی؟ وتی ئەی بۆچی داپیرە نایەڵێ شیر بدۆشم؟ وتیان داپـیرە بۆچی نایـەڵێ شـیـر بدوشێ؟ وتی ئەی بۆچی مشـك سەردۆلم ئەخوا؟ وتیان مشك بۆ سەردۆڵی ئەخۆی؟ وتی ئەی بۆچی پشیلە چاوم لێ زەق ئەکاتەوە؟ وتیان پشیلە بۆ چاوی لێ زەق ئەکەیتەوە؟

وتی: گوەکەی ئەلە بە ڕیشم ئەگەر لێرە بنیشم
ئەچمە شاری تاران جگەرەی قوت قوت ئەکێشم

دوایی کە چیرۆکەکە کۆتایی ئەهات حیکایەت خوانەکە ئەیوت (منیش هاتمەوە هیچیان نەدامێو) ئەوترا:

چەپکێ گوڵ و چەپکێ نێرگز مەرگی ئێوە نەبینم هەرگیز.

ناوی هەندێ لە حیکایەت خوانەکان

١ ـ بەرێز عوسمانی قالە رەش	حیکایەت خوان
٢ ـ بەرێز ئەورەحمانی حەسەن لەلە	حیکایەت خوانی ماڵی شێخان
٣ ـ بەرێز سەعەی کوێخا ئەلیاس	خەیات
٤ ـ بەرێز سەعەی دەوڵەت	قەڵەمچی
٥ ـ بەرێز مەلا عەلی مەلا یوونس	قەڵەمچی
٦ ـ بەرێز حسە کەر	چایچی
٧ ـ بەرێز مەلا عەبدوڵڵا کەچەڵ	چاو کزێ بوو هاتوچۆی ماڵانی ئەکردو خەڵکی یارمەتیان ئەدا

٨ ـ بەڕێز حەمەی عەزیز بەگ	حەمامچی
٩ ـ بەڕێز حەمەی ئەمین مەلێ	قەبرهەڵکەن
١٠ ـ بەڕێز حەمەسالحی عەزەی مەمەند	دەباخچی
١١ ـ بەڕێز مەلا مستەفا	حیکایەت خوان
١٢ ـ بەڕێز مەلا سمایل	ئەرزو حاڵچی
١٣ ـ بەڕێز مەلا عەبدوڵڵای سابڵاخی	حیکات خوان
١٤ ـ بەڕێز میرزا حەسەنی سەعاتچی	سەعاتچی
١٥ ـ بەڕێز ڕەحە کانێسکانی	ئافرەت بوو حیکایەت خوانی شێخ مەحمووی حەفید بو
١٦ ـ بەڕێز وەستا محێدینی جوڵا	
١٧ ـ بەڕێز شێخ حەمەغەریبی قنچك	

تێبینی:

ئەوسا باو بوو پیاوو ژن حیکایەتیان بۆ منداڵەکانیان ئەگێڕایەوە بە شەو بەتایبەتی لە زستاناو لەگوێ ئاگردان، چونکە شتی ئەوتۆی وەکو ئێستا نەبوو کە خۆیانی پێوە مەشغوول بکەن وەکو رادیۆو تەلەفیزیۆن. هەروەها لە هەندێ چایخانە حیکات خوان هەبوو خەڵکی ئەچوون گوێیان لێ ئەگرت.

سەرچاوە:

١ ـ سەرنجێ لە دەروازەی فۆلکلۆری کوردەوە
(لە بڵاوکراوەکانی نەقابەی مامۆستایان)،
٢ ـ عومەری نەعمان.
٣ ـ عەلی دەدە.

دیوەخانەکان

لە هەندێ لە ماڵە دەوڵەمەندو پیاوماقوڵانی سلێمانیا (دیوەخان) هەبوو، ئەمەش بریتیبوو لە ژوورێکی گەورە لە ماڵەکەدا، وە ئەرازێنرایەوە بە فەرشی نایاب و بەدەوری ژوورەکەدا دۆشەك و سەرین دائەنراو چا بەجیا قاوە بەجیا ئەخرایە سەر مقەڵیو سەماوەر لە شوێنێکی تایبەتیا، لە بەیانیەوە تا شەو درەنگ چاو قاوە بەیناوبەین ئەدرا بەو میوانانەی لەوێن، هەروەها زوربەی ئێوارانیش نان ئەکراو خەڵکەکە لەوێ نانیان ئەخوارد. گەلێ لەو ماڵانە لە هاوینا داڵانی گەورەیان هەبوو لەبەر فێنکی داڵانەکە ئەرازایەوە، ئەم بەرو ئەوبەری داڵانەکە بە بەردو قورسەکۆی بۆ ئەکرا دۆشەك و سەرینی لەسەر رائەخراو هەرچیش دائەنیشت باوەشێنێکیان ئەدایە دەست و زووزوویش داڵانەکە ئاورشین ئەکرا بۆ فێنکی لە هەردو بەرەوە خەڵکی دائەنیشتن.

رۆژانی هەینی هەر لە بەیانییەوە لە دیوەخان دائەنیشتن بەڵام رۆژانیتر لەدوای نیوەڕۆوە تا دەمەدەمی ئێوارەو گەلێجاریتریش تا شەو درەنگ.

ئەوەی شایانی باسە، هەر کەسێك کە لە بازارەوە ئەهاتەوە بۆ دیوەخان دەنگوباسێکی ئەهێناو هەر رووداویك لەو رۆژەدا روویبدایە لە دیوەخانا باسی ئەکرا، هەروەها باسی دین و دنیاو تەنگ و چەڵەمەی خەڵکی شارو رێوشوێن بۆدانانی وە هەرکەسێك دەستی کورت بوایە یان لێی بقەومایە پەنای ئەبردە بەر دیوەخان یارمەتیئەدرا، هەروەها لە دیوەخانەکانا گەلێجار حکایەت خوان حیکایەتی تیا ئەکردو گەلێ قسەی خۆش و نوکتەی تیا ئەگێرایەوەو هەندێجاریش دەنگ خۆش گۆرانیو مەقامی تیا ئەوت و گەلێجاریش ئەبوو بە کۆڕێکی ئەدەبیو شیعری تیا ئەخوێنرایەوەو گەلێجاریش ئەبوە شەرەشیعر، بەم جۆرە کاتیان تیا ئەبردەسەر.

ئەو ماڵانەی دیوەخانیان هەبوو ئەمانەن

١ ـ ماڵی بەڕێز شیخ مەحمودی حەفید	لەگەڕەکی کانێسکان جێگای ماڵی شێخ جەلالی حەفید.
٢ ـ ماڵی شێخ قادری حەفید	گەڕەکی کانێسکان ـ مەللاک
٣ ـ ماڵی شێخ حاجی سەیحەسەن مامی بەڕێز شێخ مەحموودی حەفید	گەڕەکی کانێسکان، مەللاک لە شەڕی دەربەندی بازیان ساڵی ١٩١٩م شەهیدکرا.
٤ ـ ماڵی بەڕێز حاجی سەیعومەری برای حاجی سەیحەسەن	گەڕەکی کانێسکان، مەللاک
٥ ـ ماڵی بەڕێز سەیئەحمەدی بابارەسوڵ	گەڕەکی مەڵکەنی، مەللاک
٦ ـ ماڵی بەڕێز سەیئەحمەدی نەقیب	گەڕەکی مەڵکەنی، مەللاک
٧ ـ ماڵی بەڕێز تۆفیق بەگی بایەمان (تابور ئاغاسی) بوو باوکی ئەحمەدبەگی موتەسەڕیف)	گەڕەکی کانێسکان
٨ ـ ماڵی بەڕێز شێخ محەمەدی گوڵانی	گەڕەکی کانێسکان، مەللاک
٩ ـ ماڵی بەڕێز مەجی ئەفەندی کانێسکان	گەڕەکی کانێسکان، مەللاک
١٠ ـ ماڵی بەڕێز برایم ئاغای خوبیلە (برایم ئاغا) سەرۆکی کاکەییکان بوو	گەڕەکی سەرشەقام، مەللاک
١١ ـ ماڵی بەڕێز عەزمی بەگ	گەڕەکی دەرگەزێن، مەللاک
١٢ ـ ماڵی بەڕێز عیزەت بەگی وەسمان پاشا	گەڕەکی دەرگەزێن، مەللاک
١٣ ـ ماڵی بەڕێز حاجی مەلاسەعی کەرکوکلیزادە	گەڕەکی گۆیژە، مەللاک
١٤ ـ ماڵی بەڕێزە ئاغا فەتحوڵڵا	گەڕەکی دەرگەزێن، مەللاک
١٥ ـ ماڵی بەڕێز حاجی سەعییاغا	گەڕەکی دەرگەزێن، مەللاک
١٦ ـ ماڵی بەڕێز غەفورئاغای حاجیئەولا	گەڕەکی دەرگەزێن، مەللاک
١٧ ـ ماڵی بەڕێز حاجی برایم ئاغا	گەڕەکی گۆیژە قەزازەکان، تاج
١٨ ـ ماڵی بەڕێز حەمەیئەورەحمان ئاغا	گەڕەکی مەڵکەنی، مەللاک

١٩ ـ ماڵی بەڕێز عەبدولفەتاح چەلەبی باوکی غالباغا	دەرگەزین، مەللاك
٢٠ ـ ماڵی بەڕێز یەکتایەگ	گەڕەکی سابون کەران، مەللاك
٢١ ـ ماڵی بەڕێز حاجی ئەمینی کاکەحەمە مامی فایەق بێکەس	گەڕەکی گۆیژە، تاجر
٢٢ ـ ماڵی بەڕێز حەمە ساڵح بەگ مامی ئەحمەد بەگی موتەسەریف	گەڕەکی کانێسکان، نائیب
٢٣ ـ ماڵی بەڕێز حەپسەخانی نەقیب لە ماڵی شێخ مارف نەقیب ی باوکیا	گەڕەکی کانێسکان، خاوەن ملك
٢٤ ـ ماڵی بەڕێز ئامەخانی نەقیب	سەرشەقام، خاوەن ملك
٢٥ ـ ماڵی بەڕێز کەریمی ئەلەکە	گەڕەکی گۆیژە، گاوران، بازرگان
٢٦ ـ ماڵی بەڕێز حەسەناغای تفەنگچی باشی	سابون کەران، بازرگان
٢٧ ـ ماڵی بەڕێز عەبدول رەحمان ئەحمەدپاشا	گەڕەکی گۆیژە ، مەللاك
٢٨ ـ ماڵی بەڕێز ئەحمەدرەشی حاجی ئەولا	گەڕەکی دەرگەزێن، مەلاك و تاجیر
٢٩ ـ ماڵی بەڕێزان عەبدوڵلاغاو توفیق ئاغای حەسەن ئاغا	گەڕەکی پیرمەنسور، خاوەن کەمەن بوون
٣٠ ـ ماڵی بەڕێز حەمەدبەگ باوکی نووری‌بەگ	گەڕەکی کانێسکان، مەللاك
٣١ ـ ماڵی بەڕێز یەحیابەگ باوکی تایەربەگ	گەڕەکی کانێسکان، مەللاك
٣٢ ـ ماڵی بەڕێز تایەری حەمەدەفەنی کەریماغا	گەڕەکی کانێسکان، مەللاك
٣٣ ـ ماڵی بەڕێز توفیق قەزاز	گەڕەکی مەڵکەنی، بازرگان و مەللاك
٣٤ ـ ماڵی بەڕێز میرزا فەرەجی حاجی شەریف	گەڕەکی مەڵکەنی بازرگان و تاجر
٣٥ ـ ماڵی بەڕێز ئەحمەدی حاجی کەریم خەزووری بەڕێز ماجد مستەفا	گۆیژە سەرچیمەن، بازرگان و تاجر
٣٦ ـ ماڵی بەڕێز عەبدوڵلاغای حاجی حەمەسەعی	گەڕەکی سەرشەقام، بازرگان و تاجر
٣٧ ـ ماڵی بەڕێز شێخ عەزیزی خەلیفە	گەڕەکی سەرچاوەی کانێسکان، مەللاك
٣٨ ـ ماڵی بەڕێز حاجی فەرەجی حاجی حامید	گەڕەکی دەرگەزێن، بازرگان و تاجر
٣٩ ـ ماڵی بەڕێز حاجی سەی‌مستەفا	گەڕەکی گۆیژە قەزازەکان، بازرگان و تاجر
٤٠ ـ ماڵی بەڕێز حاجی ئەحمەدی پیرۆز	گەڕەکی دەرگەزێن، بازرگان و تاجر
٤١ ـ ماڵی بەڕێز میریی مووشێ	گەڕەکی جولەکان، ئەندامی بەلەدیە، مەللاك و چیوار
٤٢ ـ ماڵی بەڕێز عەزەی حەکیم برایم	گەڕەکی جولەکان، حەکیم

٤٣ ـ ماڵی بەڕێز ئیبراهیم باروٚخ گەڕەکی جولەکان، بازرگان
٤٤ ـ ماڵی بەڕێز قازی مەلا مەعرووف وەهبی گەڕەکی گوێژە
٤٥ ـ ماڵی بەڕێز موفتی گەڕەکی دەرگەزێن

٤٦ ـ حاجی فەتاحی قادر تاجیر و مەللاك گەڕەکی دەرگەزێن

سەرچاوە:

١ ـ بەڕێز عومەری نەعمان
٢ ـ بەڕێز عەلی دەدە

پەراوێزەکان:

١ ـ حەپسەخانی نەقیب: خێزانی شێخ قادری حەفید بوو ئافرەتێکی تابلێی بەرچاو تێر بوو، یارمەتی خەڵکی زوٚر ئەدا.

٢ ـ ئامەخانی نەقیب: ئەگێڕنەوە کە ئەم ئافرەتە حوکمی کردوەو هەرچ شتێکی بەناڕەوا زانیبێ بەرهەڵستی وەستاوەو ئافرەتێکی بەرچاو تێریش بوەو یارمەتی هەژارو لێقەوماوی زوٚر داوە بەتایبەتی لە ساڵە گرانیەکەدا.

٣ ـ کەریمی ئەلەکە: پیاوێکی تابلێی یارمەتیدەری خەڵك بوەو خەڵکێ زوٚر باسی پیاوەتیو یارمەتیئەکەن بەتایبەتی لە ساڵە گرانیەکەدا گەلێ کەسی لە چنگی مردنی برسێتی ڕزگار کردوە.

٤ ـ حەسەن ئاغای تفەنگچیباشی: مودیری پوٚلیسی زەمانی تورك بوە.

٥ ـ تایەری حەمەدە فەننی کەریماغا: لە شەڕی دەربەندی بازیانا ساڵی ١٩١٩ شەهیدکرا.

* * *

دەنگ خۆشەکانمان

بێگومان لاپەڕەی هونەری گۆرانی لە شاری سلێمانیا، لاپەڕەیەکی زۆر کۆنترو زۆر فراوانتری لەمە هەیە کە لەم کتێبەدا تۆمار کراوە.

لە زۆرکەسم بیستوە کە هەر لە سەردەمی دامەزرانەوە تا دەوروبەری سەرەتای سەدەی بیستەم، دەستەی عەجەم ئۆغڵیو گۆرانیبێژو سازژەنی ئازربایجانی لەشارا ئاهەنگیان گێراوە.

تێکەڵی مەقام و ئامێری مۆسیقای خۆماڵیو بێگانە ئەرکێکی زەحمەتەو هەوڵی چەند پسپۆڕێکی ئەوێ، بەستنی ئەم هونەرەش بە ناوی هونەرمەندانەوە کارێکی گرانەو بەدواداگەران و شارەزایی ئەوێ.

لێرەدا هەوڵی تۆمارکردنی هەندێ شتی بیستراو دراوە، ناوی گۆرانیبێژی پسپۆرو لەسەر گۆرانیوتن ژیاو، لەگەل کەسانی دەنگ خۆشا تێکەل کراوە.

بەگشتی ئەم تۆمارە لە سوود بەدەر نییە. بەلام فراوان کردن و وردی کاری کەسانێکی شارەزای ئەوێ.

ع.م

«دەنگ خۆشەکانمان»

ئەمە ناوی هەندێ لەو دەنگ خۆشانەیە کە دەستمان کەوتوە لەگەڵ جۆری ئەو ئیشەی کە کردویانە لەپێناوی گوزەرانا:

١ ـ هونەرمەند ئەحەی ناسر	گۆرانیبێژ
٢ ـ هونەرمەند حەمەی عەلۆ	گۆرانیبێژ
٣ ـ هونەرمەند حەمەی شێخ ئەورەحیم	گۆرانیبێژ
٤ ـ هونەرمەند حەمەی شێرە	کاسب
٥ ـ هونەرمەند عەزیزی ئامینە	کاسب
٦ ـ هونەرمەند حاجی مەلا فەرەجی بەقاڵ	بەقاڵی وشکە
٧ ـ هونەرمەند حەمە مەعروف	
٨ ـ هونەرمەند رەفیقی گلە	کەوش دروو
٩ ـ هونەرمەند عارف شێخ محەمەد	پۆلیس
١٠ ـ هونەرمەند ئەحەرەشی حەسەنی دەروێش	شییرگەر لەشەری بەردەرکی سەرادا شەهیدکرا.
١١ ـ هونەرمەند محەی هەمزاغا	بەرگ دروو
١٢ ـ هونەرمەند مەلا کەریم	ناتری حەمام
١٣ ـ هونەرمەند مەلا ئەحمەدی دیلان	قەڵەمچی
١٤ ـ هونەرمەند حەمدی ئەفەنی ئەمیناغا	چاپچی، یەکەم کەس بووە کە ساڵی ١٩٢٦ دەنگی لەسەقەوان تومار کرا.
١٥ ـ هونەرمەند ئەحمەدی سەعی	عەریفی پۆلیس (کاتب)
١٦ ـ هونەرمەند دەروێش عەبدوڵڵا	گەرۆك
١٧ ـ هونەرمەند حەمەسەعی مەولوزادە	سەراج

١٨ ـ هونەرمەند یەحیای نالّبەن	نالّبەن
١٩ ـ هونەرمەند شێخ نوری شێخ سالّح	مودیری ناحیە (شاعیر)
٢٠ ـ هونەرمەند حاجی سالّحە شەلە	سابوونچی
٢١ ـ هونەرمەند ئەحەڕەشی تەنەکەچی	تەنەکەچی
٢٢ ـ هونەرمەند تۆفیقی وەستا یونس	خەفاف
٢٣ ـ هونەرمەند سابیری مسگەر	مسگەر
٢٤ ـ هونەرمەند تالب مەجید (تەلە)	قەتارچی
٢٥ ـ هونەرمەند حاجی سابیری حاجی عەبدوڵڵا	تاجر
٢٦ ـ هونەرمەند مستەفای حاجی عەبدوڵڵا	چائچی
٢٧ ـ هونەرمەند ڕەشید عەبدوڵڵا (کاك ڕەشی،ڕەشۆل)	بەڵێندەری یانەی فەرمانبەران
٢٨ ـ هونەرمەند ڕەوف حاجی عەبدوڵڵا	برنج فرۆش
٢٩ ـ هونەرمەند ئەخۆل	مووچەخۆرو شاعیر
٣٠ ـ هونەرمەند علاءالدین سجادی	ئەدیب وزاناو ڕۆژنامەنووسی گەورەی کورد
٣١ ـ هونەرمەند عەباسی محەی هەمزاغا	کەوش دروو
٣٢ ـ هونەرمەند شێخ تالبی شێخ حەمەغەریب	مەللاك
٣٣ ـ هونەرمەند حەمەی بەکر	خاوەنی نەقلیاتی سلێمانی
٣٤ ـ هونەرمەند قادری حاجی حسەین	نانەوا
٣٥ ـ هونەرمەند قادر دیلان	مووچەخۆر
٣٦ ـ هونەرمەند ڕەفیق چالاك	مووچەخۆر
٣٧ ـ هونەرمەند مەحموی حەمەی لەیلێ	مووچەخۆر
٣٨ ـ هونەرمەند شەماڵ سائیب	مووچەخۆر
٣٩ ـ هونەرمەند عوسمان سابوونچی	مووچەخۆر
٤٠ ـ هونەرمەند مەحموی تۆفیق شلك	مووچەخۆر
٤١ ـ هونەرمەند عەلی توفیق شلك (عەلی فەوتاو)	کاسب
٤٢ ـ هونەرمەند قالەی تۆفیق شلك	مووچەخۆر
٤٣ ـ هونەرمەند عەباسی توفیق شلك	مامۆستا
٤٤ ـ هونەرمەند کەریم کابان	موفەوەزی پۆلیس

٤٥ ـ هونەرمەند قادر کابان	سەرتاش
٤٦ ـ هونەرمەند ئیبراهیم محەمەد	بەرگ دروو
٤٧ ـ هونەرمەند باقی عەلی محەمەد	کاسب
٤٨ ـ هونەرمەند فایەقی میرزامحەمەد (فایەق سمێڵ)	بەرگ دروو
٤٩ ـ هونەرمەند کەریم مەحموود (کەریمی کەبابچی)	کەبابچی
٥٠ ـ هونەرمەند کەمالی میرزا غەفوور	مامۆستا
٥١ ـ هونەرمەند شێخ رەوف شێخ عارف	بازرگان
٥٢ ـ هونەرمەند قادری مەلا ئەحمەدی دێلێژەیی	مووچەخۆر
٥٣ ـ هونەرمەند ئەمین ئیبراهیم	کرێکار لە بەلەدیە
٥٤ ـ هونەرمەند مەلاعەزیزی مەلاخالیدی مەحوی	کاسب
٥٥ ـ هونەرمەند سەی ئەحمەد دەنگگەورە	خاوەنی وێنەگری جوان
٥٦ ـ هونەرمەند ئەحەی خولە سنەیی (شەماڵ)	چایچی
٥٧ ـ خولە سنەیی	جگەرچی

لە ئافرەتاندا:

ـــــــــــــــ:ـ بەهیجە ئیبراهیم یەعقوب (دایکی جەمال، نۆموسوڵمان بووە واتە لەپێشا جولەکە بوەو بووە بە موسوڵمان ١٩٠٨ ـ ١٩٧٩، وێنەیمان دەست نەکەوت، گۆرانی‌یەکان لە کۆمپانیای بەیزافون و ئودیون لەسەر قەوان تەومار کراوە.

تێبینی:

ـــــــــ:ـ هەندێ لە دەنگ خۆشەکانی سەردەمی بابانەکان لە شیعرێکی مستەفا بەگی کوردی صاحبقران (کوردی)دا ١٨٠٩ ـ ١٨٤٩ لە مێژووی ئەدەبی کوردی علاءالدین سجادی ل ٣٣٩ ـ ٣٤٠ ناویان هاتووە ئەڵێت: ١ ـ مستۆ ئیبراهیم و ئەورەحمان بەناوبانگ بوون لە نەواو مەتحی حەزیندا ٢ ـ مستەفا لە ناری‌و سێگادا ٣ ـ یونس لە دەشتی‌و حیجازدا ٤ ـ رەسوڵ لە (رەست)دا ٥ ـ صاڵح لە نیوەشەوێ ٦ ـ محی‌الدین لە چوارگا ٧ ـ قەرە دەنگی بڵند کات.

سەرچاوە: زوربەی ئەو ناوانەی تۆمارکراون لەگەڵ ناوی مەقامەکان لەبەڕێز کاکەحەمەی بەکرمان وەرگرتووە کە خۆشی یەکێکە لەو دەنگ خۆشانە.

بەسەرهاتێکی دەنگ خۆش (ئەحەی ناسر)

ئەحەی ناسر تابلێی دەنگ خۆش بووو زۆر بەناوبانگ بوو، جارێکیان لەگەڵ یەك دوو برادەری دەنگ خۆشیا کە یەکێکیان (عەزەی ئامینە) بوەو ئەوی‌تریان (حەمەی شێرە) ئەبێ، لە تاران ئەبن و پارەیان پێ‌نامێنێ، بە هەرسێکیان دوو قران و نیوی ئەوکاتەیان پێ ئەبێ ئەحەی ناسر ئەچێت بۆلای دەروێشێکی برادەری دەنگ خۆشی، دەستێ جلی لێ ئەخوازێو کەوڵ پۆس لەبەرئەکاو تەورزین ئەگرێ بەدەستی‌یەوەو کەشکۆڵ ئەکاتە ملی. دوو قران و نیوەکە ئەدا بە شەکری کەللەو لەسەر سینی‌یەك دای‌ئەنێو پارچە قوماشێکی ئەدا بەسەرداو لەگەڵ هاورێکانی دەست ئەکەن بە گەران. لەکاتێکدا کە بە بەردەمی کۆشکی (موزەفەرشای) کوری (ناسرەدین شادا) لە تاران تێ‌ئەپەرن، هەموو دەنگە خۆشە زوڵاڵەکەی ئەخاتەکارو دەست ئەکا بە شیعری (سەعدی) بە فارسی‌و بە گۆرانی‌یەوە.

دەنگەکەی لەوناوەدا بە سۆزێکی گەرمەوە دەنگ ئەداتەوە، هەر پاش تۆزێك چەند پاسەوانێکی لێ پەیدا ئەبێو لەگەڵ خۆیان ئەیانبەنە ژوورەوە بۆلای (موزەرفەرشا) ئەویش قسەیان لەگەڵ ئەکات و لێیان ئەپرسێت خەڵکی کوێن و زۆر رێزیان لێ ئەگرێو هەزار تمەنیان خەڵات ئەکا.

سەرچاوەی ئەم بەسەرهاتە: مەلا محەمەدی کوردی کە وەختی خۆی ئەحەی ناسر لە مزگەوتی سەی‌حەسەن ئەم بەسەرهاتەی بۆ گێراوەتەوە.

(مەقامەکوردی‌یەکان)

١ - مەقامی قەتار
٢ - مەقامی خاوکەر
٣ - مەقامی خاوخۆش
٤ - مەقامی ئەڵڵاوەیسی
٥ - مەقامی حەیران
٦ - مەقامی ئای‌ئای
٧ - مەقامی لاوك
٨ - مەقامی نیوەشەوی
٩ - مەقامی هیجرانی
١٠ - مەقامی سەفەر
١١ - مەقامی سەحەر
١٢ - مەقامی خورشیدی

تێبینی: جاران بە گۆرانی‌بێژ ئەوترا (گۆیندە).

● رەشۆل و ئەختەری خیزانی،
رەشۆل ١٩١٢ - ١٩٧٤

● حەمەی بەکر - ١٩٢٦

● تالیب مەجید ،تەلی، ١٩١٥ - ١٩٧٨

● عەباسی محەی هەمزاغا ١٩١٢ - ٩٨٣

دەنگ خوش
احمد سعید . . ۱۹ـ ۱۹۳۵



● رەفیقی گلە، ساڵی ۱۹۵٦
کۆچی کردووە

● وەستا یەحیبەلی ناڵبەن ۱۸۸۵ ـ ۱۹٦۰

● حەمدی ئەفەندی ئەمین ئاغا ۱۸۸۷
ـ ۱۹٤۹ «یەکەم کەسە دەنگی لەسەر قەوان
تۆمار کردووە»

● قادری حاجی حسەین

١٩٢١ - ١٩٨٤/٩/١

● دەرویش عەبدوللا «کەشکول»

١٨٧٤ - ١٩٧٠

● مەلا کەریم ئەحمەد ١٨٨٥ - ١٩٣٨

«هەندێ لە شایەرەکان»

١ ـ هونەرمەند بەڕێز کەریم شایەر — ئاسنگەر بوو

٢ ـ هونەرمەند بەڕێز غەفوور (گەڕگەڕ) — حەماڵ بوو، پشتی خەڵکیشی ئەشێلاو ناوکیشی ئەگرتەوە

٣ ـ هونەرمەند بەڕێز ڕەحیم (ڕەحیم گەڕگەڕ) — کاسب بوو

ئەم سێ شایەرە زۆر بەناوبانگ بوون لە شایەرییا، لە شاییو ئاهـەنگا بەشداری‌یان ئەکرد، بەتایبەتی لە شاییدا بە دووقۆڵیو سێقۆڵی گۆرانیان ئەوت و شاییەکەیان گەرم ئەکردو شاباشی خەڵکیان ئەکرد.

هەروەها دوو دەستە هەبوون بۆ شایی بانگ ئەکران و ئەمانەش بە دەهوڵ و زوڕناو پۆست و ئیدارە شایی‌یەکەیان گەرم ئەکردو ئەبرد بەڕێوە:

دەستەی یەکەم:

١ ـ هونەرمەندی بەڕێز حەمەڕەحیم (میرزا محەمەد) — دەهوڵ و زوڕنای لێئەدا

٢ ـ هونەرمەندی بەڕێز عەبەی سەیزادە — گۆرانی ئەوت و دەهوڵ و دومبەڵەکی لێئەدا

٣ ـ هونەرمەندی بەڕێز حەسەنی زوڕنا — زوڕناو باڵەبانی لێئەدا

٤ ـ هونەرمەندی بەڕێز وەلی عەبەی سەیزادە — گۆرانی ئەوت و دەهوڵ و دومبەڵەکی لێئەدا.

دەستەی دووەم:

١ ـ هونەرمەندی بەڕێز میرزا مەجی — دەهۆڵی لێئەدا

٢ ـ هونەرمەندی بەڕێز ڕەحیم لچ کەل — زوڕنای لێئەدا

٣ ـ هونەرمەندی بەڕێز عەلی موراد — دەهۆڵی لێئەدا

٤ ـ هونەرمەندی بەڕێز ڕەمەزان — دەهۆڵی لێئەدا

سەرچاوەی ئەم بەشە لە هونەرمەند کەریم شایەر وەرمان گرت.

● عەبەی سەی زادە
١٨٨٩ ـ ١٩٧٤/٦/٢٢

● کەریم شابەر

● غەفور فەتاح «گەڕگەڕە» ١٩١٨ ـ ١٩٦٨

● میرزا محەمەد ١٩١٠ - ١٩٨٤

● حەسەنی نەی «زورنا» ١٩٠٠ - ١٨/٧/١٩٧٣ لەگەل وەلی عەبەی سەی زادە

مەولوودو بەشدارانی

یادکردنـەوەی ڕۆژی لەدایکبـوونی پێغـەمبـەر (د) یەکـەمجار لە دەوری موزەفەرەدینی فەرمانڕەوای هەولێردا لەو شارەدا پەیدابووە. دیارە ئاهەنگ گێران نووسینی مەولوودنامەشی بەدووادا هات. لە ڕووی ناوەڕۆك و ڕوخساری ئەدەبیی ئەو مەولوودنـامـانەوە گەلێك شت ئەنووسرێ بەڵام لێرەدا خاوەن کتێب لەسەر پێڕەوی خۆی بایەخی بە ئاهەنگی مەولوودو خوێندنەوەو ئەو ئامێرانە داوە کە بەکارئەهاتن، لەگەڵ ناوی بەشدارانا، کە سێ چەشن بوون، یەکەم: مەلایەك کە بەخوێندنەوەیەکی ڕەوان یەکێ لەو مەولوودنامانەی ئەخوێندەوە کە لەناو کورددا باوبـوون. دووەم: چەند حافزێك (کوێر) کە شیعرو ستایشی ئایینیان لەنێوان فەسڵەکـانی مەولوودنـامەکەدا ئەخوێندەوە. سێیەم: تاقمێ کە تەپڵ و دەفیان بەپێی ئاوازی ستایشەکە لێئەدا. تێکڕا هەر سێ لایەنی ئەم باسە لێکۆڵینەوەی ئەوتۆ هەڵئەگرن کە سەر بە ئەدەبیات و مۆسیقاش بن.

(ع.م.ر)

(ناوی هەندێ لەوانەی لە مەولودا بەشدارییان ئەکرد)

١ ـ بەڕێـز مەلا ئەحمەدی حاجی مەلاڕەسوڵی دێلێژەیی/ ئیمام و مودەڕەیسی مزگەوتی بن تەبەقی بچکولە (عیرفان).

٢ ـ بەڕێز سەعەی خوامراد، پینەچی بوو/ مەولوودنامەی دەخوێندەوەو دەفی لێئەدا.

٣ ـ بەڕێز ڕەشەی خوامراد، بەقاڵ بوو، کوێر بوو، شیعری ئایینیو قەسیدەی ئەخوێندەوە.

٤ ـ بەرێز وەستا مارف، کەوش دروو بوو/ شیعری ئاینیو قەسیدەی ئەخوێندەوە.

٥ ـ بەرێز مەلا عەلی سەرکارێز، دۆعانووس بوو/ دەفلیئەدا.

٦ ـ بەرێز خەلیفە پیرۆت، گونجی ئاوی ڕادەکێشا، کاتی خۆی پاڵەوانیش بوو/ تەپڵ و دەف لێئەدا.

٧ ـ بەرێز ڕەشی چاوەش، حەڵواچی بوو/ شیعری ئاینی ئەخوێندەوەو دەفیشی لێئەدا.

٨ ـ بەرێز وەستاعەلی عارف، دەلاك بوو/ مەولودنامەی ئەخوێندەوە.

٩ ـ جەلال کابان، چایچی بوو/ دەفلێئەدا.

١٠ ـ بەرێز حاجی سابیرە خڕە، قەزوان و دەنکەکوولەکەی سوێرئەکرد لەماڵەوە/ تەپڵیلێئەدا.

١١ ـ بەرێز عەلی خەلیفە، برنج فرۆش بوو/ تەپڵی لێئەدا.

١٢ ـ بەرێز فەرەجی حەمەمراد، چایچی بوو/ تەپڵی لێئەدا.

١٣ ـ بەرێز دەروێش ئەمین، کۆنەفرۆش بوو/ دەف لێئەدا.

١٤ ـ بەرێز مەلا محەمەدی دەروێش ئەمین، حەڵوافرۆش بوو/ تەپڵی لێئەدا.

١٥ ـ ـ بەرێـز حاجی سەیفوڵلا، بەقاڵ بوو/ دەف لێئەدا/ ئەم پیاوە خەڵکی ڕووسیا بوو، لە شەڕی جیهانی یەکەمدا (سەفەربەر) سەربازێکی ڕووسی ئەبێ، لێرە ئەمێنێتەوەو ئیسلام ئەبێو ژن دێنێو وەچەی لێ ئەبێتەوە، لە ئەسڵدا ناوی جۆرج بووە، لەپێشدا لە قەلادزێ ژیاوە.

١٦ ـ بەرێز خەلیفە سەعی، مزگەر بوو/ دەفلێئەدا.

١٧ ـ بەرێز عوسمانی تەپڵ، جگەرچی بوو/ تەپڵی لێئەدا.

١٨ ـ بەرێـز ئەحەی محەی جگەر/خەیات.بوو/ شیعری ئاینی ئەخوێندەوەو دەفیشی لێئەدا.

١٩ ـ بەرێز مەلا عومەری مەلا عەبدوڵلای بانەیی، یارمەتی باوکی ئەدا /تەپڵ و دەف لێئەدا.

٢٠ ـ بەرێز مەلا خدر، برای مەلا عومەر بوو، پینەچی بوو/ تەپڵ و دەف لێئەدا.

٢١ ـ بەرێز ئیبراهیم حەزین، کوتاڵ فرۆش بوو/ شیعری ئاینی ئەخوێندەوە.

٢٢ ـ بەڕێز ئەحەی سۆفی شاکە، بەقاڵ بوو/ شیعری ئاینی ئەخوێندەوە.
٢٣ ـ بەڕێز وەستا سابیری خەلیفە سەعی، مزگەر بوو/ تەپڵی لێئەدا.
٢٤ ـ بەڕێز مەلا فەرەج فەتاح بەنا، کوێر بوو، دەف لێئەدا.

تێبینی: ـ ئەوانەی کە مەولودنامەیان ئەخوێندەوە هەموو دەنگیان خۆش بوو، هەروەها ئەوانەی بەشداریی مەولودیان ئەکرد بێجگە لە مەلا کوێرەکان بە بێپارە لەبەر عەشقی دین و خۆشی بۆ ماڵە ناسیاوی خۆیان بەشداریيان ئەکرد.

(ناوی هەندێ لەو حافزانەی کە لە مەولوو تەعزێدا بەناوبانگ بوون)

١ ـ بەڕێز مەلا محەمەدی دەنگ گەورە/ لە مەولونامە تەعزێدا بەشداری ئەکرد
٢ ـ بەڕێز مەلا ئیبراهیم /لە مەولونامەی تەعزێدا بەشداری ئەکرد
٣ ـ بەڕێز مەلا عەبدوڵلای بانەیی/ لە مەولونامە تەعزێدا بەشداری ئەکرد
٤ ـ بەڕێز مەلا فەرەجی حەماغا/ لە مەولونامە تەعزێدا بەشداری ئەکرد
٥ ـ بەڕێز مەلا حامیدی مەلا حەمدون/ لە مەولونامە تەعزێدا بەشداری ئەکرد
٦ ـ بەڕێز مەلا معروف فەتاح/ لە مەولونامە تەعزێدا بەشداری ئەکرد
٧ ـ بەڕێز مەلا حسەینی سنەیی/ لە مەولونامە تەعزێدا بەشداری ئەکرد
٨ ـ بەڕێز مەلا ئەورەحمانی کوردە/ لە مەولونامە تەعزێدا بەشداری ئەکرد
٩ ـ بەڕێز حەسەنی وەستا ڕەشی/ لە مەولونامە تەعزێدا بەشداری ئەکرد
١٠ ـ بەڕێز مەلا سەیحەکیم/ لە مەولونامە تەعزێدا بەشداری ئەکرد
١١ ـ بەڕێز مەلا حەسەنی فەتاح هەرمنی/ لە مەولونامە تەعزێدا بەشداری ئەکرد
١٢ ـ بەڕێز مەلا ئەحمەدی ڕەحمە/ لە مەولونامە تەعزێدا بەشداری ئەکرد

(هەندێ لەوانەی کە لە تەعزیٚو مەولووی ژناندا بەشداری‌یان کردوە)

١ - بەڕێز مەلا گورون
٢ - بەڕێز مەلا ڕەحمە/ چاوساخ بوو
٣ - بەڕێز مەلا فاتم/ چاوساخ بوو
٤ - بەڕێز مەلا حەبیب/ کوێر بوو/ ئافرەت بوو، ژنی مەلا حەمدونە کوێری شاعیر بوو
٥ - بەڕێز مەلا حەبیب/ کوێر بوو،ئافرەت بوو
٦ - بەڕێز مەلا سەبیح/ کوێر بوو، ئافرەت بوو
٧ - بەڕێز مەلا فاتم/ کوێر بوو، ئافرەت بوو

(ناوی هەندێ لەو حافزانەی لە خەتم و تەهلیلەی مالانا بەشدارییان ئەکرد)

١ - بەڕێز مەلا محەمەدی مەلائەمین.
٢ - بەڕێز مەلاسەعی سەڵتە.
٣ - بەڕێز مەلا حسەینی هەولێری.
٤ - بەڕێز مەلا فەرەجی فەتاحی بەنا.
٥ - بەڕێز مەلا مەجی قادر.
٦ - بەڕێز مەلا ئەحمەدی قادر.
٧ - بەڕێز مەلا تۆفیقی حەمەگول.
٨ - بەڕێز مەلا ڕەحیمی بەرزنجی.
٩ - بەڕێز مەلا ڕەوف کەرکوکی.
١٠ - بەڕێز مەلا حاجی سەی‌شەریف.
١١ - بەڕێز مەلا سەی‌عەلی حافز.
١٢ - بەڕێز مەلا ئەحمەدی ڕەحمە.

سەرچاوە: مەلا حەسەنی فەتاح هەرمنی.

* * *

● مەولود لە مزگەوتی گەورەی سلیمانی

● هاتنەوەی حاجی لە حەج، بەردەم شەحسەکەی پیرمەسوور

● مەلا ئەحمەدی حاجی مەلا
ڕەسووڵی دیلیژە ١٨٩٢ - ١٩٧٠

● مەلا حامیدی حەمدوون
١٨٩٦ - ١٩٧٦/١/٣

● عەلی خەلیفە - دەف لیدەر
١٩٠٠ - ١٩٧٠

● وەستا عەلی عارفی دەلاك
١٩٠٧ - ١٩٨٠

● حاجی سابیره خره

● مەلا حەسەن هەرمنی - ۱۹۲۷

● عوسمانی تەپل - ۱۹۰۷

● جەلال کابان ۱۹۰٤ - ۱۹۷۹

[ناوی ئەو گەڕۆکە ئینگلیزانەی کە بە کوردستانا گەڕاون و لە نوسراوەکانیانا باسی سلەیمانییان کردوە]

١ ـ ملازم وليام هيود:
کتێبی (رحلة بحرية الى شمال الخليج الفارسي ورحلة في البلاد التي تليها من الهند حتى انكلترا) ساڵی ١٨١٧ز.
من بغداد الى كفری.. ابراهيم خانچی وبلغ السليمانية في ٩ آذار سنة ١٨١٧م.
٢ ـ سير روبرت كيربورتر ـ الرحالة والرسام.
کتێبی (رحلات في جورجيا وايران وأرمينيا وبابل القديمة)
لە لەندەن چاپکراوە ساڵی ١٨١٨ز
(من بغداد الى كفری ـ كركوك ـ السليمانية) لە سلێمانی ماوەتەوە لە ١٢، ١٣ی کانونی یەکەما.
٣ ـ کلۆدیۆس جیمس ریچ موقیم بوە لە (شركة الهند الشرقية في بغداد)
کتێبی (قصة رحلة في ربوع كردستان) لە لەندەن ساڵی ١٨٣٦ز چاپکراوە. بەغای بەجێهیشت لە نیسانی ساڵی ١٨٢٠ز وە هاتۆتە سلەیمانی لە ١٠ی ئایاری ساڵی ١٨٢٠ز.

٤ ـ أ.ن. گروڤر: قەشەیەکی موبەشیر بوو.
کتێبی (تعلیقات السید انتونی گروڤر المبشر اثناء رحلة من لندن الى بغداد) لە لەندەن ساڵی ١٨٣١ز ئەمە لە دووتوێی کتێبێکا کە ژنەکەی نووسیویە لەسەری لەژێر ناوی (مذکرات المرحوم انتونی نوریس کروڤر) چاپی دووەم لە لەندەن ساڵی ١٨٥٧.

٥ ـ نەقیب کابتن ر. مینیان:
کتێبی (رحلة شتاء.. داخل کوردستان) لە لەندەن ساڵی ١٨٣٩ز، هەروەها کتێبی (عن طریق بانه الى السلیمانیة) لە ١٤ ی نیسانی ساڵی ١٨٣٠ز بەجێیهێشت.

٦ ـ جیمس بیللی فریزر:
کتێبی (رحلة في کردستان ومابین النهرین) لە لەندەن ساڵی ١٨٤٠ز، تەورێزی لە ١١ی تشرینی یەکەما بەجێهێشت لە ساڵی ١٨٣٤ز. وەها هاتۆتە سلەیمانی لە ٣١ی تشرینی دووەما.

٧ ـ موقەدەم ج. شین:
کتێبی (ملاحظات عن رحلة من تبریز... الى السلیمانیة.. خلال کردستان) لە ناوەند تەموزو ئابی ساڵی ١٨٣٦ز.

٨ ـ میجه ر هـ.س. راولسن:
کتێبی (تعلیقات علی مسیرة من زهاب.. الى خوزستان) ساڵی ١٨٣٦.

٩ ـ و.ڤ. انیزورث:
کتێبی (روایة شخصیة لحملة استکشاف الفرات) لە لەندەن ساڵی ١٨٨٨ز.
لەرێی کفریو کەرکوکەوە هاتۆتە سلەیمانی لە ١٤ی شوباتی ساڵی ١٨٣٧.

١٠ ـ کوماندەر فیلکس جونز:
کتێبی (وقائع رحلة الى حدود ترکیا وایران خلال جزء من کردستان) لە بۆمبای ساڵی ١٨٥٧ز.
وە لە زەهاوەوە بۆ هەڵەبجەو سلەیمانی لە ٢٥ ـ ٢٩ ئەیلولی ساڵی ١٨٤٤.

١١ ـ کابتن ف.د. ماونس:
وتارێ لەژێر ناوی (کردستان) لە گۆڤاری (الجمعیة الجغرافیة الملکیة) لە جلدی

٣ سالّی ١٨٩٤ز.

وه له گەشتی (له ئەرزڕوومەوه له ٢٦ی سالّی ١٨٩٢ز بۆ بەغدا بەڕوباراو لەوێوه بەڕێی قەسری شیرینا بۆ سلەیمانی)و له چەند گەڕانێکی تریا بۆ دوکان و قەلادزێو ڕەواندزو هەولێرو کۆیه. هەروەها له هەندێ گەڕانیتریا له ١٨٨٨ز.

١٢ ـ نەقیب مارك سایکس:

له کتێبی (دار السلام) له لەندەن سالّی ١٩٠٤ز هەروەها له سالّی ١٩٠٢ز هەستاوه بەم گەڕانەی کتێبەکەی.

١٣ ـ نەقیب برترام دیکسن:

وتاری (رحلة فی کردستان) له گۆڤاری (الجغرافیة) له جلدی ٣٥ سالّی ١٩١٠ز بلاوی کردوتەوه که وتارەکەی پاڵپشتی گەڕانەکانیەتی که له سالّی ١٩٠٩ز کردویەتی.

١٤ ـ ئی.ب. سون:

کتێبی (خلال میسوپوتامیاو کردستان ومابین النهرین متنکراً). لەندەن سالّی ١٩١٢ز که له سالّی ١٩٠٩ز دەستی پێکردوه.

١٥ ـ نەقیب.ت.س. .د. فاول:

کتێبی (رحلات في الشرق الأوسط) سالّی ١٩١٦ز له لەندەن گەڕاوه له کفریەوه بۆ کەرکوك و لەوێشەوه بۆ سلەیمانی به ڕۆیشتن و گەڕانەوەوه سالّی ١٩١٠ز.

١٦ ـ گ.ئی. هویارد:

کتێبی (من الخلیج الی أرارات) سالّی ١٩١٦ له ئەدنبەره.

١٧ ـ عەقید گ. هـ. د. رایدر:

وتاری (تعیین الحدود الترکیة ـ الایرانیة في ١٩١٣ ـ ١٩١٤) له گۆڤاری (الجغرافیة) جلدی ٦٥ سالّی ١٩٢٥ز.

سەرچاوه: بەڕێز مامۆستا عەبدوڵلا جەوهەر.

* * *

(ئەو کتێبانەی باسی
مێژووی سلەیمانییان کردوە)

١ ـ (کرد وترك وعرب) سياسة ورحلات وبحوث عن الشمال الشرقي من العراق ـ ١٩١٩ ـ ١٩٢٥ز:

تأليف س. جی. ادموندز:

مستشار وزارة الداخلية في العراق ١٩٣٥ ـ ١٩٤٥ز

له چاپخانەی (التايمس ـ له بەغا) ساڵی ١٩٧١ز چاپکراوه.

٢ ـ (رحلة متنكر الى بلاد مابين النهرين وكردستان):

نوسينی ـ ای. بی. سۆن. (میرزا غلام حسين شيرازی) له چاپخانەی (الجمهورية له بەغا ساڵی ١٩٧٠ز چاپکراوه.

٣ ـ (الأكراد) دراسة جغرافية واتنوغرافية:

نوسينی: دكتور شاكر خەسباك. له چاپخانەی (شفيق) ساڵی ١٩٧٢ز چاپکراوه.

٤ ـ (العراق الشمالی): دراسة لنواحيه الطبيعية والبشرية:

نووسينی : دكتور شاكر خەسباك. له چاپخانەی شفيق له ساڵی ١٩٧٣ز له بەغا چاپکراوه.

٥ ـ (تأريخ سليمانیو ولاتی لەدوری زور قديمەوه تا اولی احتلال ١٩١٨م):

نووسينی خواليخۆشبوو محمد امين زكی.

له چاپخانەی (النجاح) له ساڵی ١٩٣٩ز چاپکراوه.

سەرچاوه: بەرێز مامۆستا عەبدوڵڵا جەوهەر.

* * *

(ئەو گۆڤارو ڕۆژنامانەی
تا ساڵی ١٩٦٠ز چاپکراون)

١ - ڕۆژنـامەی (پێشکەوتن) سلەیمانی ساڵی ١٩٢٠ز خاوەن و سەرنووسەری میرلیوا مستەفا پاشای یامولکی بووە.

لە ٢٩ی نیسانی ١٩٢٠ز تا ٢٧ی تەموزی ١٩٢٢ز.

٢ - ڕۆژنامەی (بانگی کوردستان) سلەیمانی - ١٩٢٢ز خاوەن و سەرنووسەری میرلیوا مستەفا پاشای یامولکی بووە.

لە ٢ی ئەیلولی ١٩٢٢ز تا ٢٧ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٢ز.

٣ - ڕۆژنامەی (ڕوژی کوردستان) سلەیمانی ١٩٢٢ز خاوەن و لێپرسراوی م. نوری.

لە ١٥ی تشرینی دووەمی ١٩٢٢ ز تا ٣ی مارتی ١٩٢٣ز.

٤ - ڕۆژنامەی (بانگی حەق) سلەیمانی ١٩٢٣ز

سێ ژمـارەی لێ دەرچووە. ژمارەی سێهەمی لە ١٢ی نیسانی ١٣٣٩ی ڕۆمی

دەرچوە. زمانی حاڵی حکومەتی شێخ مەحمود بووە.

٥ - ڕۆژنامەی (ئومێدی ئیستیقلال) سلەیمانی ١٩٢٣ز

مودیرو سەرموحەڕیری ڕەفیق حیلمی بوە.

٢٠ی ئەیلوولی ١٣٣٩ی ڕۆمی ژمـارەی یەکـەمی بڵاوکراوەتەوە، وە تەنیا ٢٥ ژمارەی لێ دەرچووە.

٦ - ڕۆژنامەی (ژیانەوە) سلەیمانی ١٩٢٤ز

لەدوای ڕوخانی حکومەتی شیخ مەحمود، زمانی حاڵی حکومەتی ئەو سەردەمە بووە.

ژمارەی یەکەمی لە ١٨ی ئەیلوولی ١٩٢٤ز دەرچوە.
ساڵی یەکەم ٣٦ ژمارەی لێ دەرچوە.
٧ ـ رۆژنامەی (ژیان) سلەیمانی ـ ١٩٢٦ز
ژمارەی یەکەمی لە ٢١ی کانونی دوەمی ساڵی ١٩٢٦ز دەرچوە.
لە ژمارە (٤٠٦)ەوە پیرەمێرد بوو بە خاوەنی.
تا ساڵی ١٩٣٨ز ٥٥٣ ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە.
٨ ـ گۆڤاری (زانستی) سلەیمانی ـ ١٩٣٨ز
خاوەن و لێپرسراوی ساڵح قەفتان بووە.
ژمارەی یەکەمی لە ٢٥ی شوباتی ١٩٣٨ز دەرچوە.
٩ ـ رۆژنامەی (زبان) سلەیمانی ـ ١٩٣٧ز
لەلایەن شارەوانی سلەیمانی‌یەوە دەرچوە.
ژمارەی یەکەمی لە ١٢ی ئەیلوولی ١٩٣٧ز دەرچوە.
(٧٠) ژمارەی لێ دەرچوە، دواژمارەی لە ٢٩ی نیسانی ١٩٣٩زدا دەرچوە.
١٠ ـ رۆژنامەی (ژین) سلەیمانی ١٩٣٩ز
بەرێوەبەرو پەرپرسیاری پیرەمێرد بووە.
ژمارەی یەکەمی لە ٢٦ی کانونی دوەمی ١٩٣٩زدا دەرچوە هەتا ٨ شوباتی ١٩٦٣ز بەردەوام بوە.
لەدوای پیرەمێرد، جەمیل سائب و نوری ئەمین مەحمودو گۆران و ئەحمەد زرنگ یەك لەدوای‌یەك بردویانەبەرێوە.
١١ ـ گۆڤاری (بلێسە) سلەیمانی ١٩٥٩ز
نەقابەی مامۆستایان دەری‌کردوە.
ژمارەی یەکەمی لە مانگی ئابی ١٩٥٩ز دەرچوە.
ژمارەی (١٠)ی لە مایسی ١٩٦٠زدا دەرچوە.
١٢ ـ گۆڤاری (نەورۆز) سلەیمانی ١٩٥٩ز
خاوەن و لێپرسیاری کەمالی میرزا کەریم بوە.
ژمارەی یەکەمی لە نیسانی ١٩٥٩زدا دەرچوە:
ژمارەی سێی لە حوزەیرانی ١٩٥٩زدا دەرچوە.
١٣ ـ گۆڤاری (هونەر) سلەیمانی ١٩٥٩ز
لەلایەن قوتابیانی هونەری ناوماڵەوە لە سلەیمانی دەرچوە

١٤ ـ گۆڤاری (نیشتمان) سلەیمانی ١٩٥٩ز
لەلایەن قوتابخانەی (دار المعلمین الابتدائیة)وە دەرچوە
١٥ ـ (هیوای کوردستان) سلەیمانی ١٩٥٩ز
لەلایـەن (یەکیەتی قوتابیانی گشتی لە سلەیمانی دەرچوە ژمارەی یەکەمی لە یەکی تشرینی دوەمی ١٩٥٩زدا دەرچوە ژمارە (١٢)ی لە ٧ی ئابی ١٩٦٠ز دەرچوە.
١٦ ـ گۆڤاری (ڕۆژی نوێ) سلەیمانی ـ ١٩٦٠ز.
خاوەنیو لێپرسراوی جەمال شاڵی بووە؛
سکرتێری نوسین کامەران موکری بووە.
یەکەم ژمارەی لە مارتی ١٩٦٠زدا دەرچوە؛
١٨ ژمارەی لێ دەرچوە.
١٧ ـ ڕۆژنامەی (برِوا) سلەیمانی ١٩٦٠ز
خاوەن و لێپرسراوی کەمالی میرزا کەریم بووە.
یەکەم ژمارەی لە ٢ی تەموزی ١٩٦٠زدا دەرچوە؛
دواژمارەی کە (٩٥) بووە لە ٢٥ کانونی دوەمی ١٩٦٣ز دەرچوە.
١٨ ـ گوڤاری (بەیان) سلەیمانی ١٩٥٩ز.
خاوەن و لێپرسراوی عەبدول قادر بەرزنجی بوە.
سەرەك نووسەرو بەڕێوەبەری گۆران بووە.

سەرچاوە:
لە کتێبی ڕابەری ڕۆژنامەگەریی کوردی جەمال خەزنەدارەوە.

* * *

(ئەو کتێبانەی تا ساڵی
١٩٦٠ز لە سلەیمانی چاپکراوە)

١ ـ (قصص الانبیاء) ـ بەکوردی ـ ١٩٢٠ز
نووسینی مەلا عەبدوڵڵا زێوەر.
چاپخانەی بەلەدییە ـ سلەیمانی ـ ١٩٢٠ز.
٢ ـ (دیوانی مەحوی) ـ (محەمەدی مەلا وەسمانی باڵخی)
چاپخانەی حکومەت ـ سلەیمانی ـ ١٩٢٢ز.
٣ ـ (دەستووری مووچەخۆری)
چاپخانەی حکومەت ـ سلەیمانی ـ ١٩٢٢ز.
٤ ـ (قانونی هەڵبژاردنی مەبعوس)
چاپخانەی حکومەت ـ سلەیمانی ـ ١٩٢٥ز.
٥ ـ (گۆرانی کوردی)
چاپخانەی سلەیمانی ـ ١٩٢٥ز.
٦ ـ (خانووی تازە) نوسینی ـ شاکیر فەتاح
چاپخانەی ژیان ـ سلەیمانی ـ ١٩٣٣ز.
٧ ـ (تەفسیری جزمی عمّ) نوسینی شێخ محەمەدی خاڵ
چاپخانەی ژیان ـ سلەیمانی ـ ١٩٣٤ز.
٨ ـ (مەم وزین) نوسینی حاجی تۆفیقی (پیرەمێرد)
چاپخانەی ژین ـ سلەیمانی ١٩٣٤ز.
٩ ـ (هۆنراوەی کوردی) لەدوری (بوردی)
نوسینی مستەفای حاجی مەلا ڕەسوڵ
سلەیمانی ـ چاپخانەی ـ ژیان ـ ١٩٣٥ز.

١٠ - (ئەحمەدی) نوسینی مارف ی نۆدێ
چاپخانەی - ژیان - سلەیمانی - ١٩٣٥ز.
١١ - (دیوانی مەولەوی) گۆڕینی بۆ شێوەی سۆرانی - پیرەمێرد، چاپخانەی ژیان - سلەیمانی - ١٩٣٥ز.
١٢ - (دوانزە سوارەی مەریوان) نوسینی پیرەمێرد
چاپخانەی - ژیان - سلەیمانی - ١٩٣٥ز.
١٣ - (بەراوردێکی تەئریخی) نوسینی - سالح قەفتان
چاپخانەی - ژین - سلەیمانی - ١٩٣٦ز.
١٤ - (دیوانی تایەربەگی جاف)
چاپخانەی - ژیان - سلەیمانی - ١٩٣٦ز.
١٥ - (مەولودنامەی نەوئەسەر) نوسینی شێخ محەمەدی خاڵ
چاپخانەی - ژیان - سلەیمانی ١٩٣٧ز.
١٦ - (فەرائزی کوردی)مەلا محەمەد سەعید
چاپخانەی - ژیان - سلەیمانی - ١٩٣٨ز.
١٧ - (فەلسەفەی ئاینی ئیسلام) نوسینی شێخ محەمەدی خاڵ
چاپخانەی - ژیان - سلەیمانی - ١٩٣٨ز.
١٨ - (هەنگاوێك بۆ سەرکەوتن) نوسینی - م.م. پژدەری
چاپخانەی - بەلەدییە - سلەیمانی - ١٩٣٨ز.
١٩ - (ئاوات) نوسینی عەبدوللا جەوهەر
چاپخانەی - ژیان - سلەیمانی - ١٩٣٨ز.
٢٠ - (مەناقیبی کاك ئەحمەد) نوسینی خواجە ئەفەندی
چاپخانەی - ژیان - سلەیمانی - ١٩٣٩ز.
٢١ (دەستە گوڵی لاوان) عەبدوللا زێوەر
چاپخانەی - ژیان - سلەیمانی - ١٩٣٩ز.
٢٢ - (گوڵ دەستەی شوعەرای هاوعەسرم) نوسینی عەلی باپیراغا
چاپخانەی - ژیان - سلەیمانی - ١٩٣٩.
٢٣ - (ڕوناکی ڕێوبان) لە بلاوکراوەکانی (دەنگی گێتی تازە)
چاپخانەی - ژیان - سلەیمانی - ١٩٤٠.
٢٤ - (دیوانی مەولەوی) بەرگی دوەم گۆڕینی بۆ سۆرانی - پیرەمێرد.
چاپخانەی - ژیان - سلەیمانی - ١٩٤٠.

٢٥ ـ (پیرۆزی منال) نوسینی ـ ع.و. نوری
چاپخانەی ـ ژیان ـ سلەیمانی ـ ١٩٤٠.
٢٦ ـ (لە گەروی هێتلەرەوە) لە بلاوكراوەكانی (دەنگی گیتی تازە)
چاپخانەی ـ ژیان ـ سلەیمانی ـ ١٩٤٠.
٢٧ ـ (ئاوەرەشەی روسی سور).
چاپخانەی ـ ژیان ـ سلەیمانی ـ ١٩٤٠.
٢٨ (كەمانچەژەن) ـ بەركی یەك و دوو ـ كوڕینی ـ پیرەمێرد
چاپخانەی ـ ژیان ـ سلەیمانی ـ ١٩٤٢.
٢٩ ـ (دلْدارانی ڤینیسیا) ـ جەمالی برایماغا
چاپخانەی ـ ژیان ـ سلەیمانی ـ ١٩٤٢.
٣٠ ـ (بەهەشتێكی ون بوو) ـ بەختیار زێوەر
چاپخانەی ـ بەلەدییە ـ سلەیمانی ـ ١٩٤٦.
٣١ ـ (گولاڵە) ـ مەحمود ئەحمەد
چاپخانەی ـ بەلەدییە ـ سلەیمانی ـ ١٩٤٧ز.
٣٢ ـ (گالْتەوگەپ) ـ پیرەمێرد
چاپخانەی ـ ژیان ـ سلەیمانی ـ ١٩٤٧ز.
٣٣ ـ (كۆچی پێنج سەفەر، بۆ هەموو بەشەر) **مەلاحامید حەمدون زەكی**
چاپخانەی ـ ژیان ـ سلەیمانی ـ ١٩٥٢ز.
٣٤ ـ (پەیامی كورد)، گۆران
چاپخانەی ـ ژین ـ سلەیمانی ـ ١٩٥٤ز.
٣٥ ـ (شەڕو ئاشتی) ـ حەمەسالْح دیلان
چاپخانەی ـ ژین ـ سلەیمانی ـ ١٩٥٤ز.
٣٦ ـ (كوندە پەبوی شەڕ) ـ حەمەسالْح دیلان
چاپخانەی ـ ژین ـ سلەیمانی ـ ١٩٥٤ز.
٣٧ ـ (كچ و قوتابخانە) ـ فەتاح كەریم
چاپخانەی ـ ژین ـ سلەیمانی ـ ١٩٥٦ز.
٣٨ ـ (ئاوو ئەلەكتریك لە سلەیمانی) ئیدارەی ناوخۆ
چاپخانەی ـ ژین ـ سلەیمانی ـ ١٩٥٦.

٣٩ ـ (گەشتێك لە ئەوروپادا)، مەحمود فەهمی هەمەوەند
چاپخانەی ـ ژین ـ سلەیمانی ـ ١٩٥٦ز.
٤٠ ـ (ناڵەی لێقەوماو) ـ نوری وەشتی
چاپخانەی ـ ژین ـ سلەیمانی ـ ١٩٥٧ز.
٤١ ـ (سکاڵای دایکی نیشتمان) ـ مەلا حامید حەمدون زەکی
چاپخانەی ـ کامەران ـ سلەیمانی ـ ١٩٥٨ز.
٤٢ ـ (تێبینیەك لە ئابووری سیاسی) کەریم زەند
چاپخانەی ـ کامەران ـ سلەیمانی ـ ١٩٥٨ز.
٤٣ ـ (پشیلەو بەنگ کێش) ـ قادر برسی
چاپخانەی ـ ژین ـ سلەیمانی ـ ١٩٥٨ز.
٤٤ ـ (شانازی) ـ کامەران
چاپخانەی ـ کامەران ـ سلەیمانی ـ ١٩٥٨ز.
٤٥ ـ (فرمێسك و یادگار) ماجید **عەبدوڵڵا**
چاپخانەی ـ کامەران ـ سلەیمانی ـ ١٩٥٨ز.
٤٦ ـ (ئاگرو ژیلە) ـ کامەران
چاپخانەی ـ کامەران ـ سلەیمانی ـ ١٩٥٨ز.
٤٧ ـ (گوڵزاری کوردستان) ـ عوسمان عوزەیری
چاپخانەی ـ کامەران ـ سلەیمانی ـ ١٩٥٨ز.
٤٨ ـ (ئامۆژگاری) ئەحمەد شوکری
چاپخانەی ـ کامەران ـ سلەیمانی ـ ١٩٥٨ز.
٤٩ ـ (هۆنراوەی نوری شێخ ساڵح) ـ نوری شێخ ساڵح
چاپخانەی ـ کامەران ـ سلەیمانی ـ ١٩٥٨ز.
٥٠ ـ (زرەی زنجیر) ـ مستەفا ساڵح کەریم
چاپخانەی ـ ژین ـ سلەیمانی ـ ١٩٥٨ز.
٥١ ـ (گردی شەهیدان) محەررەم محەمەد ئەمین
چاپخانەی ـ کامەران ـ سلەیمانی ـ ١٩٥٨ز.
٥٢ ـ (زۆرداری تاوانبار) ـ فوئاد عیزەت

چاپخانەی ـ کامەران ـ سلەیمانی ـ ١٩٥٨ز.
٥٣ ـ (ئەمرەکەی بەگم) ـ ئەمین میرزا کەریم
چاپخانەی ـ کامەران ـ سلەیمانی ـ ١٩٥٨ز.
٥٤ ـ (زوبان چۆن پەیدا بوە؟) ـ سالار مستەفا قەرەداخی
چاپخانەی ـ کامەران ـ سلەیمانی ـ ١٩٥٨ز.
٥٥ ـ (وەرگێران هونەرە) ـ جەمال نەبەز
چاپخانەی ـ ژین ـ سلەیمانی ـ ١٩٥٨ز.
٥٦ ـ (ئاگاداری ئەمانەت) ـ شیخ محەمەدی خاڵ
چاپخانەی ـ ژین ـ سلەیمانی ـ ١٩٥٩ز.
٥٧ ـ (بەکورتی جوگرافیای کوردستان) ـ کەریم زەند
چاپخانەی ـ کامەران ـ سلەیمانی ـ ١٩٥٩ز.
٥٨ ـ (نەتەوەی کورد تورکمان نیە) ـ ساڵح قەفتان
چاپخانەی ـ کامەران ـ سلەیمانی ـ ١٩٥٩ز.
٥٩ ـ (مێژووی جولانەوەی مامۆستایان) عوسمان عوزێری
چاپخانەی ـ ژین ـ سلەیمانی ـ ١٩٥٩ز.
٦٠ ـ (مێژووی شەڕی ئەهلی سەلیب) ـ محەمەد جەمیل عوسمانی
چاپخانەی ـ کامەران ـ سلەیمانی ـ ١٩٥٩ز.
٦١ ـ (چواردەی تەموز) ـ ئەورەحمان
چاپخانەی ـ کامەران ـ سلەیمانی ـ ١٩٥٩ز.
٦٢ ـ (شۆڕشی بەرزان) ـ محەڕڕەم محەمەد ئەمین
چاپخانەی ـ ژین ـ سلەیمانی ـ ١٩٥٩ز.
٦٣ ـ (دۆست و دوژمنمان کێن؟) ـ ئەمین میرزا کەریم
چاپخانەی ـ کامەران ـ سلەیمانی ـ ١٩٥٩ز.
٦٤ ـ (کونگرەی یەکەمی لاوان) ـ غەفور میرزا کەریم
چاپخانەی ـ کامەران ـ سلەیمانی ـ ١٩٥٩ز.
٦٥ ـ (ئاشتی) ـ نەقابەی مامۆستایانی سلەیمانی
چاپخانەی ـ ژین ـ سلەیمانی ـ ١٩٥٩ز.

٦٦ - (یادی کوردستان) - عەبدول کەریم رەباتی
چاپخانەی - کامەران - سلەیمانی - ١٩٥٩ز
٦٧ - (هۆنراوەی نوێ) - محەمەد سەعید ناکام.
چاپخانەی - کامەران - سلەیمانی - ١٩٥٩ز
٦٨- (سروود بۆ قوتابیان) - بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی سلەیمانی.
چاپخانەی - ژین - سلەیمانی - ١٩٥٩ز
٦٩ - (هەمیشە بەهار) چاپی‌دوەم - مەدهۆش
چاپخانەی - کامەران - سلەیمانی - ١٩٥٩ز.
٧٠ - (کسپەو سۆز) - جەمال شاربا ژێری
چاپخانەی - کامەران - سلەیمانی - ١٩٥٩ز.
٧١ - (گوڵاڵە سورە) - کامەران
چاپخانەی - کامەران - سلەیمانی - ١٩٥٩ز.
٧٢ - (کۆمەڵە شیعرێك) - هۆگرگۆران
چاپخانەی - کامەران - سلەیمانی - ١٩٥٩ز.
٧٣ - (محەمەد قودسی نەمر) - کامەران
چاپخانەی - کامەران - سلەیمانی - ١٩٥٩ز.
٧٤ - (یادی بادینان) - م. رەسوڵ
چاپخانەی - ژین - سلەیمانی - ١٩٥٩ز.
٧٥ - (دەرەبەگی)
چاپخانەی - ژین - سلەیمانی - ١٩٥٩ز.
٧٦ - (مژدە) - ئەحمەد شوکری
چاپخانەی - کامەران - سلەیمانی - ١٩٥٩ز.
٧٧ - (گوڵ ئەستێرە) - کامەران
چاپخانەی - کامەران - سلەیمانی - ١٩٥٩ز.
٧٨- (شۆڕشی گوێ بەندەرەکە) - جیهان عومەر
چاپخانەی - کامەران - سلەیمانی - ١٩٥٩ز.
٧٩ - (ئەم برسێتی‌یە بۆ؟) - کەمال محەمەد تاهر
چاپخانەی - کامەران - سلەیمانی - ١٩٥٩ز.

٨٠ ـ (ڕێگای ئازادی) ـ محەڕڕەم محەمەدئەمین
چاپخانەی ـ کامەران ـ سلەیمانی ـ ١٩٥٩ز.
٨١ ـ (لە کۆڕی خەباتا) ـ حسەین عارف
چاپخانەی ـ کامەران ـ سلەیمانی ـ ١٩٥٩ز.
٨٢ ـ (لەپێناوی دادپەروەری‌یا) ـ عوسمان عوزێری
چاپخانەی ـ ژین ـ سلەیمانی ـ ١٩٥٩ز.
٨٣ ـ (مۆمیا) مستەفا بەرزنجی
چاپخانەی ـ ژین ـ سلەیمانی ـ ١٩٥٩ز.
٨٤ ـ گیروگرفتی توتن) ـ عەلی ناجی عەتار
چاپخانەی ـ کامەران ـ سلەیمانی ـ ١٩٥٩ز.
٨٥ ـ (پێبکەنە) ـ ئەحمەد شوکری
چاپخانەی کامەران ـ سلەیمانی ـ ١٩٥٩ز.
٨٦ ـ (ڕێگای ڕاستی حەج) ـ ڕەزا حاجی عەبدوڵڵا
چاپخانەی ـ کامەران ـ سلەیمانی ١٩٦٠ز.
٨٧ ـ (سۆرانی یا کرمانجی؟) ـ س. هەژار
چاپخانەی ـ ژین ـ سلەیمانی ـ ١٩٦٠ز.
٨٨ ـ (هەندێك زاراوەی زانستی) ـ جەمال نەبەز
چاپخانەی ـ کامەران ـ سلەیمانی ـ ١٩٦٠ز.
٨٩ ـ (زاراوەی زانستی کوردی) ـ نەقابەی مامۆستایانی ـ سلەیمانی
چاپخانەی ـ ژین ـ سلەیمانی ـ ١٩٦٠ز.
٩٠ ـ (فەرهەنگی خاڵ) ـ شێخ محەمەدی خاڵ
چاپخانەی ـ کامەران ـ سلەیمانی ـ ١٩٦٠ز.
٩١ ـ (ڕێزمانی کوردی) ـ نوری عەلی ئەمین
چاپخانەی ـ کامەران ـ سلەیمانی ـ ١٩٦٠ز.
٩٢ ـ (میـژووی کوردو کوردستـان) عەبـدوڵڵا شاڵی. چاپخـانەی کامەران ـ سلیمانی ١٩٦٠ز.
٩٣ ـ (شۆڕشی ئاگری‌داخ) ـ کاکەی ڕیبوار

چاپخانەی ـ کامەران ـ سلەیمانی ـ ۱۹٦۰ز.

۹٤ ـ (چارەکردنی ناکۆکیەکانی ناوگەل) نووسینی: ماوتسی‌تۆنگ، وەرگێڕانی: ـ محەمەدی مەلا کەریم.

چاپخانەی ـ ژین ـ سلەیمانی ـ ۱۹٦۰ز.

۹٥ ـ (ئومی‌یەت و نەتەوایەتی) ـ وەرگێڕانی گۆران

چاپخانەی ـ ژین ـ سلەیمانی ـ ۱۹٦۰ز.

۹٦ ـ (سەرنجێکی مارکسی لەنینی) ـ لە بڵاوکراوەکانی رۆژنامەی ئازادی

چاپخانەی ـ ژین ـ سلەیمانی ـ ۱۹٦۰ز.

۹۷ ـ (لەبنچینەکانی لەنینیەت) ـ وەرگێڕانی: حسەین عارف

چاپخانەی ـ ژین ـ سلەیمانی ـ ۱۹٦۰ز.

۹۸ ـ (مەبدەئە بنەڕەتیەکانی فەلسەفە) ـ وەرگێڕانی: محەڕڕەم محەمەد ئەمین

چاپخانەی ـ کامەران ـ سلەیمانی ـ ۱۹٦۰ز.

۹۹ ـ (شۆڕشی هونەر) ـ فەتاح کەریم (کاوە)

چاپخانەی ـ کامەران ـ سلەیمانی ـ ۱۹٦۰ز.

۱۰۰ ـ (سروود بۆ قوتابیان) ـ نوری عەلی ئەمین

چاپخانەی ـ کامەران ـ سلەیمانی ـ ۱۹٦۰ز.

۱۰۱ ـ (گردی شەهیدان) ـ محەڕڕەم محەمەد ئەمین

چاپخانەی ـ کامەران ـ سلەیمانی ـ ۱۹٦۰ز.

۱۰۲ ـ (جوان) ـ مەحمود ئەحمەد

چاپخانەی ـ ژین ـ سلەیمانی ـ ۱۹٦۰ز.

۱۰۳ ـ (شەهیدانی قەڵای دمدم) ـ مستەفا ساڵح کەریم. چاپخانەی ژین ـ ۱۹٦۰ز.

۱۰٤ ـ (زێڕین) ـ ئەمین میرزا کەریم

چاپخانەی ـ کامەران ـ سلەیمانی ـ ۱۹٦۰ز.

۱۰٥ ـ (بیرەوەری) ـ ڕەشید کەریم

چاپخانەی ـ ژین ـ سلەیمانی ـ ۱۹٦۰ز.

۱۰٦ ـ (کۆنگرەی ناوخۆیی مامۆستایانی کورد) ـ نەقابەی مامۆستایان لە

سلەیمانی
چاپخانەی ـ کامەران ـ سلەیمانی ـ ١٩٦٠ز.
١٠٧ ـ (زیکرا موحارەبەی بەندەگان) ـ سالمی ساحێب قڕان
چاپخانەی ـ ژین ـ سلەیمانی ـ ١٩٤١ز.
١٠٨ ـ (دوانزە سوارەی مەریوان) ـ پیرەمێرد. چاپی دووەم
چاپخانەی ـ ژین ـ سلەیمانی ـ ١٩٥٩ز.

سەرچاوە:

---

١ ـ کتێبی بیبلۆگرافیای کتێبی کوردی)
نوسینی: مستەفا نەریمان ساڵی ١٩٧٧ز.

* * *

(کتێبخانەکان و کتێبخانەی گشتی)

١ ـ کتێبخانەی (مەلا عەلی سەحاف)، یەکەم کتێبخانە بووە لە سلەیمانی لە ساڵی ١٩١٨ز دامەزراوەو ئێستا نەماوە. بەرامبەر دوکانی خەلفە فەرەجی وەستا تۆفیقی کەبابچی.

٢ ـ کتێبخانەی (قادراغای عەتار)، لە ساڵی ١٩٢٥ز دامەزراوە لە ناوبازاڕ بووە بەرامبەر حاجی عەلی ماستاو، دوایی گوێزایەوە بۆ شەقامی سابونکەران.

٣ ـ کتێبخانەی (ئازادی)، بە ناوی مەحمود ئەحمەد ڕەواندزیو محەمەد خدری شەریکی یەوە، لەساڵی ١٩٤٠ز دامەزراوە لە جێگای ئێستای وەستا عەلی سەعاتچی نزیکی دائرەی بەریدی کۆن لە شەقامی مەولەوی.

٤ ـ کتێبخانەی (بیری نوێ)، لە ساڵی ١٩٤٤ز دامەزراوە لە شەقامی مەولەوی خوار گەرماوی قشڵەو خاوەنەکەی (ئەحمەد غەفوور) بوو.

٥ ـ کتێبخانەی (ڕوناکی)، لە ساڵی ١٩٤٥ز دامەزراوە. لە شەقامی مەولەوی بوو لە بەردەمی گەرماوی قشڵەو خاوەنەکەی (جەمال عەبدوڵڵا) بوو.

٦ ـ کتێبخانەی (کوردستان)، لە ساڵی ١٩٤٦ز دامەزرا لە شەقامی مەولەوی لەسەر پردەکە، خاوەنەکەی (کەمالی میرزا کەریم)بوو.

٧ ـ کتێبخانەی (گەلاوێژ)، لە ساڵی ١٩٥٠ز دامەزرا لە شەقامی مەولەوی،

ئیستاش ماوە و خاوەنەکەی (ڕەئوف مەعروفە).
٨ ـ کتێبخانەی (زێوەر)، لە ساڵی ١٩٥٦ز دامەزرا لە شەقامی مەولەوی، ئێستاش ماوەو خاوەنەکەی (محەمەد عارفە).
٩ ـ کتێبخانەی (ئازادی)، لە ساڵی ١٩٥٨ز دامەزرا لە ناوبازاڕ، خاوەنەکەی (محەمەد ڕەسووڵ هاوار) بوو.
١٠ ـ کتێبخانەی (خەبات)، لە ساڵی ١٩٥٨ز دامەزرا لە شەقامی کاوە، خاوەنەکەی (بەکر جاهید) بوو.
١١ ـ کتێبخانەی (بیری نوێ)، لە ساڵی ١٩٥٨ز دامەزرا لە شەقامی کاوە خاوەنەکەی (نەوزاد نووری) بوو.

١٢ ـ مەحموود خاکی : [دەستگێر] ئەم پیاوە لەساڵی ١٩٤٩ز بەردەوام خەریکی کتێب و گۆڤارو ڕۆژنامە فرۆشتنە.

سەرچاوە:

ڕەئووف مەعروف: خاوەنی کتێبخانەی گەلاوێژ.

● ● ●

(کتێبخانەی بابانەکان)

لەکاتێکا کە بابانەکان مزگەوتی گەورەیان ئاوا کردەوە کردیان بە (مەدرەسە)و شێخ مەعرووفی نۆدێ (مودەرسیان بوو)و لەوێدا کتێبخانەیەکی بەنرخی تیابوو. ئەمەش میری بابان تیا دانابوو جگە لەوەش هەر کتێبێکیان بخوێندایەوە دوای تەواو بوونی ئەیان نارد بۆ ئەم کتێبخانەیە، تا وای‌لی‌هات بوو بە کتێبخانەیەکی زۆر گەورەو بەنرخ. تەنانەت (ئەحمەد پاشای شۆرشگێر) کە والی بوو لە (یەمەن)، گەلێ کتێبی بەنرخی لەوێ کڕیو ناردی بۆ ئەم کتێبخانەیە، بەڵام بەداخەوە ئێستا چەند کتێبێکی کەم لەوانە ماون کە مۆری ئەحمەد پاشایان پێوەبوو.

هەتا ساڵی ١٩١٩ز نزیکەی شەش هەزار کتێبی زۆر بەنرخ لەم کتێبخانەیەدا کۆبووبوەوە. بەڵام لەدوای کارەساتی بەدیل گرتنی (شێخ مەحموی نەمر) لە دەربەندی بازیان و هاتنی هێزی ئینگلیزەکان بۆ سلەیمانی، هەرچی کتێبێك لەم کتێبخانەیەدا بوو هەموویان هێناو لە حەوشی مزگەوتی گەورەدا سوتاندنیان و دوکەڵ و خۆڵەمیشی هەموو ناوچەکەی گرتەوەو زۆر بەداخەوە کە ئەم گەنجینەیە لەکیس چوو، تەنیا نزیکەی (٤٠٠) کتێبێك مابوەوە، ئەویش ئێستا زوربەیان لە کتێبخانەکەی ئەوقافی سلەیمانیان.

(کتێبخانەی گشتی سلەیمانی)

کتێبخانەی گشتی سلەیمانی لە ساڵی ١٩٤٢ ـ ١٩٤٣ز بەنزیکەی (٥٠٠) کتێبێك و لە شوێنێکی بچوکا دامەزرا ئێستا خانویەکی گەورەی هەیە بەرامبەر مزگەوتی گەورەو هۆڵیکی گەورەی تیایەو ژمارەی کتێبەکانی گەیشتۆتە (٩٤٧٧) کتێب و گوڤارەکانی زیاترە لە (٤٠٠٠) گوڤارو گەلێ رۆژنامەو گوڤاریشی بۆ دێ‌و مێـزو کورسی رێـك وپێکی تیایە بۆ دانیشتن و خوێندنەوە. هەمووکاتێك کتێب ئەدرێ بە هەمـوو خوینـدەوارێ‌و بێ‌جیـاوازی بەمەرجێ بناسرێ یان هەویەو دەفتەری نفوسی پێ بێ.

هەمـوو چەشنـە کتێبێـك لە کتێبخـانـە دەس ئەکـەوێ‌و ئەدرێ بەمەرجێ ئاگاداری‌یان بکات.

ئێستا خویندەواران زۆر هاتوچۆی کتێبخانە ئەکەن و هیچ مانگێك نیە کە پتر لە (٢٠٠٠) کتێب نەخوێندرێتەوە.

لە ماوەی ساڵی ١٩٦٠ز دا زیـاتـر لە (١٨٠٠٠) خوێنـدەوار هاتـوچـۆی کتێبخـانـەی کردوەو (٧٣١٤) کتێبێش لەنـاو کتێبخـانـەدا خوێنراوەتەوە، وە (٧٤١٥) کتێب براوە بۆ دەرەوە بۆ خوێندنەوە.

کتێبخانە هەمیشە لە خزمەت کردنایەو کردنەوەشی بەم جۆرەیە: هەمورۆژیك بۆ پیاوان و ژنان بی‌جیاوازی‌و ژنان هۆڵی تایبەتی‌خویانیان هەیە:

١ ـ بەیانیان لە کات ژمێری (٨) تا (١)

٢ ـ ئێواران لە کات ژمێری (٣) تا (٥)

٣ ـ رۆژانی سێشەممەو جەژنەکان کتێبخانە نیە.

٤ ـ رۆژانی هەینی تەنیا بەیانیان لە کات ژمێر (٨) تا (١)

«کتێبخانەی گشتی».

سەرچاوە: رۆژی نوێ ژمارە یانزە ـ ١ی شوبات ساڵی ١٩٦١ز

تێبینی:ـ

بۆ یەکـەم جار لە سلەیمـانیـا کتێبخانەی گشتی لە قوتابخانەی زانستی‌دا کرایەوە نزیکەی (٢٠٠) ژمارەیە کتێبی تیابو.

«ئەو دەستگاو زاتانەی کە خەلکیان فێریی خوێندەواریی کردوە»

لە گوڤاری هیوا

ژمارە (٥)

٨ی شوباتی ١٩٥٨

هەڵگری چرای زانستی: خواجە ئەفەنی

ناوی عەزیز کوڕی وەسماناغای لە نەوەی عەلیبانوو لە بنەماڵەی ناوداری دێی گەلاڵەیە کە چ قەلاچوالان و چ لە سلەیمانی لەپێشتر پیاو بوون لەلای بابانەکان، وە هەر بە سەرۆکی هاتون تا دواڕۆژی ڕۆژانی بابانەکان.

لە ساڵی ١٨٤١ز لەدایك بوەو لە ساڵی ١٩٤٢ز لەپاشی (١٠١) ساڵ ژیان هەر لە سلەیمانی کۆچی دوایی کردوە.

خوالێخۆشبو لە تەمەنی (٧) ساڵیا خوێنەوار بووە لەلای مامۆستا مەلا سەعی گەورە خوێندویەتیو (ڕوشدیەی مەلەکی) تەواو کردوە.

لە تەمەنی (١٨) ساڵیا لەسەر وتەی مامۆستای لەلایەن (کاك ئەحمەدی شێخ)ەوە پێیفەرموراوە بۆ کردنەوەی قوتابخانەیەك.

لە ساڵی ١٨٥٨زدا قوتابخانەیەکی کردەوە، بەوێنەیەکیوا بە قوتابی ئەخوێند کە سوودی تەواویان لێ وەرئەگرت، وە بوو بەهۆی هان دانی هەموو دانیشتوانی شاری سلەیمانی بۆ چوونەبەر خوێندن، گەورەو بچوك بەجارێ ڕوویان کردە ئەو شوێنە پیرۆزە کە بووبوو بە کانگای زانستی. لە چەند ساڵێکا وایلێهات کە کورە ئاغاو کورە کوێخاکانی لادێش ڕوویان تێکرد، بەجۆریکیوا خوێندەواری لە سلەیمانیا بلاوبووەوە کە خواجەفەنی توانی هانیان بدا بۆ کردنەوەی قوتابخانەیەکی بەرزتر لەلای خۆی کە میری بۆیان بکاتەوە.

هەر لەسەر ئەو هان دانە (سەعی پاشای - سەدری ئەعزەم) کە خەڵکی سلەیمانی بووە دوابەدوای ئەم داواکردنەیان نامەیەکی ناردوە بۆ خواجەئەفەنی بە تورکی، ئەمە کوردیەکەیەتی:

(مامۆستای بەڕێز خواجەفەنی ـ لە هەموو دەرو دیوانێکا چاکەبێژتم، بۆ کردنەوەی قوتابخانەکە خەریکم، نابێ ئەو قوتابخانەیە لە پیت وپیرۆزی تۆ بێبەش بێ).

فەریق (تەحسین پاشای والی) کە هاتە سلەیمانی لە ڕیزەی گەرانی بەناو شارا سەری لە قوتابخانەکەی خواجەفەنیش دا لە وێنەی پێخوێندنیو ڕیکوپێکی قوتابیەکانی خۆشحاڵ بوو لەسەر ئەم پێخۆشبونەی لەسەر کیسەی میری قوتابخانەکەی بۆ ڕێك خست و کورسیو مێزی بۆ دروست کردو بە بەزم و ئاهەنگێکی گەورەو بەفەرەوە لەگەڵ هەموو پیاوە گەورەو بەڕێزەکانی سلەیمانیو بەئاوازی مۆسیقای عەسکەرییەوە لە بەردەمی قوتابخانەکەیا پیرۆزی خواجەئەفەنیان کرد، لەپاشا دوو ڕیگەی بۆ خواجەئەفەنی دانا:

١ ـ قوتابخانەکەی بکا بە ڕەسمیو بە ناوی (تەحسین)ەو ناوبنرێ، ئەگەر ئەمەش پەسەند نەکرا.

٢ ـ لەگەڵیا بچێت بۆ (ئەستەموڵ) لەوێ بیکا بەمەئمورێکی گەورەو زبانی دایە کە بیکا بە (شێخول ئیسلام).

بۆ ئەم دوو خواستە (وەسماناغای) باوکی ماوەی نەداو هەر لە سلەیمانی چرای زانستی ڕۆژبەڕۆژ لە برووزا بوو، لەو قوتابخانەیە کە (سەعی پاشا) بەناوی (روشدیەی عەسکەری)یەوە لە سلەیمانی کردییەوە کرا بە مامۆستاو دەرسی تیا ئەوتەوەو دەمێکی فەرەنسیشی ئەدا بە قوتابیە پێشکەوتوەکان.

خوالێخوشبوو لە تەمەنی (١٨) ساڵیەوە تا ساڵێ پیش کۆچ کردنی دوایی لە پێکەیاندن و پێشخستنی زانستی لە سلەیمانی بێوچان لە کۆشش و هەوڵ دانا بوە.

● ● ●

● قوتابخانەی زانستی - ١٩٢٩

● گواستنەوەی تەرمەکەی نەجمەدین مەلا بۆ ئەزمر ١٩٧٠/٥/٤

● خواجه ئەفەندی ١٨٤١ - ١٩٤٢

● نەجمەدین مەلا ١٩٠٢ - ١٩٦٢

● مەلا کاکە حەمەی حاجی
سەیفوڵلا ١٨٩٠ - ١٩٦١

لە ڕۆژنامەی ژین
ژمارە (١٦٦٥)
لاپەڕە (٥)
پێنج شەممو ٢٢/٢/١٩٦٢ز

(زانایەکی نەمر ماموستا مەلا کاکەحەمە)

بەپێنووسی: ماموستا نەجمەدین مەلا

ماموستا مەلا کاکەحەمە کوڕی (حاجی سەیفوڵلا) لە بنەماڵەیەکی زانیاری‌یە لە ساڵی ١٨٨٤ز هاتوتە دنیاوە. خاوەنی سەرگوزەشتە دەستی لە دنیا هەڵگرتبو، هەموو ژیانی خۆی بۆ ڕێی زانیاری تەرخان کردبو، شاری بەجێ‌هێشتبوو لە دێهاتەکانا بە هەزاران خوێنەواری پێ‌گەیاند. جگە لەوەش ئەم کتێبانەی لە عەرەبی‌یەوە کردوە بە کوردی.

١ ـ تەفسیری قورئان هەر سیی جزمەکەی بەکورتی.
٢ ـ مینهاجی نەوەوی بە تحقیقاتی ئیبنووحەجەرەوە.
٣ ـ وەزع.
٤ ـ ئیستیعارە.
٥ ـ لەعیلمی مەنتیقا ئیساغوجی.
٦ ـ تەهزیبول کەلام وتەشریحول ئەفلاك.
٧ ـ قەواعیدی کوردی.
٨ ـ گەلێ کتێبی مەکتەبی بەکوردی داناوە وەکوو: مێژوو، ژمارە، تەندروستی، هەندەسە.
٩ ـ هەندێ لە قانوونەکانی عیراق

ئەم پیاوە زانایە ڕۆژی (١٠)ی مایسی ساڵی ١٩٦١ز کۆچی دوایی‌کردوەو لە گردی سەیوان نێژرا. ئێستاش جەلال بە جەماڵەوە لەسەر ڕێی ئەو ئەڕۆن.

● ● ●

(قوتابخانەی زانستی کوردان)

رۆژنامەی ژین

ژمارە ١٥٧٩ دووشەممە

١٩٦٠/١٢/٢٦

دامەزراندنی زانستی

[لای من بەخوێندەواری‌یە ئا خوێندەواری‌یە هەر میللەتێ کە فەننی نەبی دەردی کاری‌یە] لەبەرئەوە رۆڵە دڵسۆزەکان چاکی مەردانەیان لێ هەڵمالی‌و کەوتنە خۆ، لە ساڵی ١٩٢٦زدا لە شاری سلەیمانی‌دا یەکەم کۆمەڵێکی ئاشکرا بە ناوی (کۆمەڵی زانستی)یەوە پێك هاتوە، دەستەی دامەزرێنەری ئەو کۆمەڵە لە (رەفیقەفەندی فایەق بەگی مارف بەگ و رەمزی ئەفندی فەتاح). دەستەی دامەزرێنەری ئەو کۆمەڵە لە نیسانی ساڵی ١٩٢٦زدا لە بینای بەلەدیەی سلەیمانی گردبوونەوەو دەستـەی بەرێـوەبـەری کۆمەڵی زانستیان هەڵبژارد کە بریتی‌بوون لەم زاتانە (ئـەحمەد بەگی تۆفیق بەگ کە موتەسەرێفی سلەیمانی بوو کرا بە سەرۆکی کۆمـەڵ و جەمـال بابـان کە حاکمی مونفەریدی سلەیمانی بوو کرا بە نائبی سەرۆکی کومەڵ و پیرەمێرد کرا بە باوەڕپێکراوو سکرتێرو فایەق بەگی مارف بەگ کرا بە محاسب و شێخ مستەفا قەرەداخی کە قازی سلەیمانی بوو لەگەڵ رەمزی فەتاح و غەفووراغاو حەمەی ئەورەحماناغاو عیزەت بەگی وەسمان پاشا کران بە ئەندام.

ئەحمەدبەگی تۆفیق بەگ کە سەرۆکی کۆمەڵەکە بوو هەوڵێکی زۆری دا بۆ سەرگرتنی کاروباری ئەو کۆمەڵە، (حەپسەخانی نەقیبیش) توانی لقێك بکاتەوە بۆ ئافرەتان.

لە پێك هێنانی زانستییەوە تا شەڕی بەردەرکی سەرا کە لە ٦ی ئەیلوولی ١٩٣٠زدا ڕوویدا گەلی ئاڵ وگۆڕ بەسەر دەستەی بەڕێوەبەرا هات، تا لە شەشی ئەیلوولا زانستی داخرا.

لە ساڵی ١٩٣٢زدا کە ئەحمەد بەگی توفیق بەگ کرایەوە بە موتەسەریفی سلەیمانی، سەرلەنوێ هەوڵ و تەقەلایەکی زۆری دا تا توانی قوتابخانەی زانستی - کۆمەڵی زانستی - پێك بهێنێتەوەو ئەم جارە دەستەی بەڕێوەبەری‌زانستی بریتی‌بوو لە:

(ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ سەرۆك و یەکتابەگ کە سەرۆکی شارەوانی بوو لەگەڵ پیرەمێردو ڕەشید زەکی - ڕەشید کابان - و کەریمی سەعی بەگ «زانستی» دوای ئەوەی بۆجاری دووەم ئەحمەد بەگ لە سلەیمانی گوێزرایەوە ئیتر پیرەمێرد کرا بە سەرۆکی کۆمەڵ، کۆمەڵێکی زانستی هەرچەندە کۆمەڵێکی زانستی بو بەڵام لەڕاستیا گەورەترین قوتابخانەیەك بوو بۆ پێگەیاندنی دەستەیەکی تازەی نیشتمان پەروەر، وە کارێکی بەهێزی کردە سەر بوژانەوەو جووڵاندنی هێزی نەتەوایەتی لەناو گەلی کوردا.

کاربەدەستانی میری ئەوسا زۆر سڵیان لەم کۆمەڵە ئەکرد، بە هیچ جۆرێ دەستی یارمەتیان بۆ درێژ نەئەکرد، (قوتابخانەی زانستی) کە پێویستی بە پارە بوو. بۆ جێبەجێکردنی کاروباری خەڵکی سلەیمانی بۆ ئامادەکردنی ئەو پێویستیانە دریغیان نەکرد، ئەو گەنجە تازەپێگەیشتوانەش کە بۆ خویندن چووبوونە بەغاو گەڕابوونەوە بە گیانێکی پاك و هەستێکی زۆر بەرزەوە، هەموو خۆیان تەرخان کردبوو بۆ دەرس و لە قوتابخانەی زانستی‌دا بە بێ‌پارە.

(قوتابخانەی زانستی خزمەت کردنی زانستیو
جەژنی نەورۆز، دڵی پاك و زبانی پاك و کردەوەی چاك)

ـ قوتابیانی زانستیو شەشی ئەیلوول ـ

دانشتوانی سلەیمانی ئەوکاتە یەکجار کەم درامەت بوون، ئەو قوتابیانەی کە لە زانستیا ئەیانخوێند زوربەیان کاسبکارو کرێکارو کەم دەس بوون، بەڵام یەکجار بەپەرۆش بوون بۆ فێربوون و خوێندەواری، زۆربەی ئەوانەی کە جاران بە شەرەگەرەك و شەرە قۆچەقانیو گەرۆکییەوە خەریك بوون، بەهۆی قوتابخانەی زانستییەوە وازیان لە هەموو هێناو ملیان نا بۆ خوێندن و نووسین.

لەبیرم یە منداڵ بووم ئێواران تاقم تاقم دەفتەرو کتێبیان لە بن دەسا بوو روویان ئەکردە زانستی، منیش جاروبار لە دەرگای قوتابخانەکەوە تەماشام ئەکردن کە چۆن لە حەوشەی قوتابخانەکەدا تاقم تاقم ئەوەستان جاروبار پیرەمێرد یادئەکەمەوە بە خۆیو گۆچانەکەیەوە لەناو ئەو قوتابیانەدا ئەوەستاو شانی هەڵ ئەتەکانوو گوێی شل ئەکرد بۆ ئەو وتارو شیعرانەی کە قوتابیاکان ئەیان وت... لە سەرەتاوە بە سروودە تایبەتییەکی مامۆستا شاکیر فەتاح دەستی پێئەکرد. کە قوتابیەکان دەنگیان

بەرزئەکردەوە ئەگەیشتە کەشکەلانی فەلەك، من بەو منداڵیەوە مووچرکەم پیا ئەهاتو هەردوو چاوم فرمێسکی شادی لێ ئەتکایە خوارێ:

وا وەرن وا وەرن کۆمەڵی لاوان
یەك گرین پێش بخەین زانستیمان

زانستی جیگەی عیلم و عیرفانە
شوێنی سەربەرزی قەومی کوردانە
وا وەرن لاوەکان یەك گرین یەك گرین
زانستی ڕاگرین
ئێمەو لاوی هەموو میللەتی سەرزەمین
هەوڵ ئەدەین بۆ بڵاوکردنەوەی زانین
بۆیە وا گەورەن و بەرزن و دووربیین
ئێمە پاش کەوتووی دەستی نەزانین
وا وەرن لاوەکان یەك گرین
زانستی ڕاگرین.
یاریدەی لاو نەبێ، هەڵەتی لاو نەبێ
هەوڵ و کۆششمان شەو لەگەڵ ڕۆژ نەبێ
بۆ بڵندکردنەوەی زانستی کوردان
ناگرین ناگرین جێگەمان ون کەین نیشتمان
وا وەرن لاوەکان یەك گرین یەك گرین
زانستی ڕاگرین.

زانستی هەموو ساڵێ لە بەهارا، بەتایبەتی لە ڕۆژی (نەورۆزا) سەیرانێکیان ئەکردو ئاگری نەورۆز ئەکرایەوە، کۆمەڵ کۆمەڵ ڕوویان ئەکردە دەشت بۆ یادکردنەوەی ڕۆڵەی چەکوش وەشێنی.. یادی کاوەی ئاسنگەر، سەر پان کەرەوەی زوحاکی نموونەی خوێن مژو زۆرداری کوردیان ئەکردەوە:

(یادکەن برادەر یادکەن یادی کاوەی ئاسنگەر)
(سەر ڕێو شوێنی بگرن تاکوو وەتەن بێتەدەر)

ئەمە ئەو تاکە دێڕەیە کە لەبیرم ماوە لەو سروودە نیشتمانیەی کە شاگردانی ئەوسای زانستی بەدەم ڕۆینی سەیران و نەورۆزەوە ئەیان وت، سروودە بەرزو تەقەدومیەکەی خواڵێخۆشبو (عەبدول واحید نووری)یەکێ بوو لەو سروودانەی کە قوتابیانی زانستی ئەیان وت لەو کۆبوونەوەیەدا کە لەپێش دابەش بوون بەسەر پۆلەکانا ئەوترا:

راچڵەکێن و وریا بوین
ڕاپەڕین و هوشیار بوین
بەرگی جەهالەتمان دڕان
تا بە جاهیلی نەمرین
ئەژین، ئەژین، ئێمەش وەك عالەم ئەژین
ژیانێکی شێرانە، وەتەن ئەکەین بە لانە
ئەیپارێزین لە میکرۆب، لە میکرۆب و بێگانە
نەژی، نەژی، دەردی جەهالەت نەژی
نەژی، نەژی، دەردی عەتالەت نەژی

زانستی ژمارەی پۆلەکانی گەیشتبوە پۆلی شەشەم و شەهادەکەی بە شەهادەی پۆلی شەش ئەژمێررا، هەرکەسێ کە زانستی تەواو بکردایە شەهادەیەکی ئەدرایە کە لێی‌نوسرابوو:

(کۆمەڵی زانستی کوردان، لەخواریەوە نوسرابوو دڵی پاك زبانی پاك و کردوەی چاك).

کە وەکو مامۆستا شاکیر فەتاح ئەڵێ ئەم دروشمە لە ئاینی زەردەشتی‌یەوە وەرگیرابوو.

ژمارەی قوتابیانی زانستی گەیشتبوە (٢٥٠) کەس، وە لەبەر بێ‌جێگەیی ناچار ئەبوون دەستیان ئەنا بە ڕووی زۆر کەسەوە، تەنانەت جوولەکەکانی ئەوسای سلەیمانی ژمارەیەکی زۆریان لە زانستی ئەیانخوێند.

قوتابیانی ئەم قوتابخانەیە بەشی زۆریان لە شەڕی شەشی ئەیلوولا ئەبوون بە پێشمەرگەو سنگیان ئەنا بەگوللەوە...

جووڵانەوەی هێزی نەتەوایەتی گەیشتبوە ڕادەیەك بە هیچ جۆری جۆشی دانەئەمردەوە.

پرۆگرامی خوێندن لە زانستی‌دا نەختێ دەسکاری کرابوو لەچاو قوتابخانەکانی‌تری میری‌یا، کوردی، حساب، مەعاریفی عامە، چەند جارێکیش دەرسی ئینگلیزی ئەخوێنرا، شەوانی شەموان لە هەموو هەفتەیەکا تەرخان کرابوو بۆ شیعرو خیتابەو گاڵتەوگەپ و پێکەنین و بەزم ورەزم، وە یاری دومبەڵەو شەوەدا ئەکراو مامۆستاکان هەوڵیان ئەدا کە شاگردەکان فێری شەرم و تەریق نەبوونەوە ببن، کەم ڕوویی‌و شەرم کردن گەورەترین کۆسپێکە لەڕێی قوتابیانی زانستیا لە سەرەتادا، بەڵام لەدواییا وایان لێهات هەموو

ڕوویان کرایەوەو شاعیرو خەتیبیان لێهەڵکەوت... زۆر باشم لەبیرە کە (بەنگینە) ئەهاتە دەرەوەو شیعـرەکـانی خۆی بۆ ئەخوێندەوە هەروەها (حاجی عەلی ماستاو) یش لەو قوتابیانە بوو کە ئەهاتە دەرەوەو قسەی ئەکرد.

چەنـد جارێ لەسەر شانۆی زانستی چەند چیرۆکێکی ناو کوردەواری پێشکەش کراوە وەك (مەم وزین، مەحمواغای شیوەکەڵ)و گەلێ چیرۆکیتر.

بۆیە ئەم جارە کتێبخانەی گشتی لە قوتابخانەی زانستیا کرایەوە چونکە (٢٠٠) ژمـارەیـە کتێبی تیـابـوو، هەروەهـا پیشـانگـەیـەکیش (مـەعـرەز) لە ئیشی دەسی شاگـردانیقـوتـابخـانـە کە پێك هاتبوو کە بریتیبوو لە دارتاشیو چەخماخ سازیو بەرگ دروویـو ئاسنگـەری، ئەو شتانەی لەو پیشانگەیەدا دانرابوو هەمووی لەلایەن هاوڵاتیەکانەوە کڕان.

بەڵام لە ساڵی ١٩٣٦ز بەدواوە وردە وردە دەرامەتی زانستی هاتەکزیو پارەی لێ بڕا و لە ساڵی ١٩٣٨زدا ئیجازەی زانستی لەغوکرایەوەو قوتابخانەی زانستی خرایە سەر قوتابخانەکانی میری، بەم پێیە لاپەڕەکانی مێژووی تێکۆشانی گەلی کوردیش هەڵدرایەوە.

جگە لەوەی لە ڕۆژنامەی (ژین)دا ئەم باسە بڵاوکراوەتەوە خۆشمان توانیمان گەلێك شتیتـر دەربـارەی ئەم باسـە کۆبکـەینـەوەو زیـاتر ڕوونیکەینەوە، ئەویش بەهۆی پەیوەندیکردن بەوخەڵکەوە کە ئاگاداریان هەیەو یاخۆیان ئیشیان تیا کردوە، وا لێرەدا پێشکەش ئێوەی خۆشەویستی ئەکەین.

نیشتەجێبوونی قوتابخانەی زانستی کە لە ساڵی ١٩٢٦زدا بوو لە ماڵی (جەمیل بەگی بابان) بوو کە باوکی (تایەر بەگە) بۆ ماوەی ساڵێ لەوێدا بوو، دوای ئەوە (تۆفیق قەزاز) کڕیو کردی بەم بینایەی کە ئێستاپێیئەڵێن (قەسرەکەی تۆفیق قەزاز).

دوای ئەم ساڵە گوێزرایەوە بۆ ماڵی (مەلا حەکیم) لە گەرەکی سابونکەران.

لە ساڵی ١٩٣٥زدا قوتـابیانی زانستی شانۆییەکیان پێشکەش کرد لەژێر ناوی (شێرۆو نازەنین) وە پارەکەی کرا بە چوار ژوور لە شوێنی قوتابخانەی ئێستای گوێژەی کوڕان وە ئەم قوتابخانەی زانستییە کە لە ساڵی ١٩٣٨زدا ئیجازەی لێ سەنرایەوە لەلایەن میرییەوە خرایە سەر قوتابخانەکانی تری میری

وه لەدواییدا بوو بە قوتابخانەی سانەوی شەو.

مامۆستاکانی قوتابخانەی زانستی هەموویان بەبێپارە دەرسیان ئەوتەوە، وە لە یەکەم جارا سێ پۆلی لێ کراوەتەوە.

لە سەرەتای دامەزرانیا ئەوانەی دەرسیان ئەوتەوە ئەم زاتانە بوون:

١ ـ بەڕێز سەعی قەزاز دەرسی ئینگلیزی وتوەتەوە

٢ ـ بەڕێز ئەحمەدی عەزیزاغا دەرسی کوردی وتوەتەوە

٣ ـ بەڕێز فوئاد رەشید بەکر دەرسی عەرەبی وتوەتەوە

٤ ـ پاش ماوەیەك (کەریم بەگی سەعی بەگی سلەیمان بەگ) کە ناسراوە بە (کەریم بەگی زانستی)بووە بە بەڕێوەبەرو خۆشی هەر دەرسی وتوەتەوە، دوای ماوەیێتر ئەم مامۆستایانەش دەرسیان وتووەتەوە:

٥ ـ بەڕێز سالح قەفتان

٦ ـ بەڕێز رەفیق حیلمی

٧ ـ بەڕێز مەلا سەعی کابان

٨ ـ بەڕێز عەبدول واحید نووری

٩ ـ بەڕێز فایەق بێکەس

١٠ ـ بەڕێز عەبدوڵلا گۆران

١١ ـ بەڕێز نووری حاجی ساڵحاغا

١٢ ـ بەڕێز مستەفا سائیب

١٣ ـ بەڕێز نووری شێخ سالح

١٤ ـ بەڕێز مەلا سدیق

١٥ ـ بەڕێز سەی کەریمی سەی ئەحمەد

١٦ ـ بەڕێز فایەق زێوەر

١٧ ـ بەڕێز رەشید کەریم

١٨ ـ بەڕێز خەسرەوی حاجیاغا

١٩ ـ بەڕێز حەمەپاشای عەبدوڵلا ناجی

٢٠ ـ بەڕێز فەهمی قەفتان

٢١ ـ بەڕێز رەوف ئەحمەد ئەفەنی

٢٢ - بەڕێز بەهجەتی عەونی ئەفەنی .
٢٣ - بەڕێز عەزیزی میرزاساڵح
٢٤ - بەڕێز شێخ حەسەنی شێخ حەمەمارف
٢٥ - بەڕێز شێخ ئەبوبەکری شێخ جەلال (هەوری)
٢٦ - بەڕێز غەنی ئەفەنی شاڵی
٢٧ - بەڕێز عەبدول قادر حیشمەت

دوای کەریم بەگی زانستی مامۆستا شێخ ئەبوبەکری شێخ جەلال (هەوری) بوو بە بەڕێوەبەری قوتابخانەکە و جگە لەو مامۆستایانەی ناومان بردن چەند مامۆستایەکی‌تریش دەرسیان وتوەتەوە.

هەروەها لقی زانستی بۆ ئافرەتانیش کرایەوە لە ساڵی (١٩٢٩ - ١٩٣٠)دا بۆ فیرکـردنی حیســاب و کوردی ئەمــەش ساڵیکی خایاندو شەڕی بەردەرکی سەرای بەسەراهاتو داخرا.

هەروەها شوێنەکەی بەرامبەری ماڵی شێخ قادری حەفید کە ئەوسا ئەرزە بوە خواڵێخۆشبو (حەپسەخانی نەقیب) بەخشی لەپێناوی ئەم مەبەستەدا وە لەلایەن میری‌یەوە کرا بە قوتابخانەی کچان، وە کە لقی زانستی کراوەتەوە (٥٠) پەنجا قوتـابیەك بوون وە لەو قوتابیانە (حەپسەخانی نەقیب و حەلاوە خانی خێزانی قوتـابیـەك بوون وە لەو قوتـابیـانە [حەپسەخانی نەقیب و حەلاوە خانی خێزانی ڕەمزی فەتــاح و ئامــیــنــە خانــی خێــرانــی عەفووراغاو پیرۆز خانی خێزانی فایەق بەگی مارف بەگ و مەلیحەخانی خێزانی ئەورەحمــان جادرو ناهیـدەخـانی خێزانی ساڵح سەعی‌و کامیلەخانی خیزانی عیزەتی‌تەل و زەکێ‌خانی خێزانی شێخ نووری شێخ ساڵح بوون] .

● ● ●

(مامۆستا نەجمەدین مەلا)

مامۆستای دڵسۆزی کورد نەجمەدین مەلا کوڕی مەلا ئیبراهیم کە لەکاتی دروست بوونی شاری سلەیمانیو گەشداری فەرمان ڕەوایی بابانییەکان لەسەر خواستی (ئیبـراهیم پاشا) باپیرە گەورەی لە قەڵاچوالانەوە هاتۆتە سلەیمانیو بووە بە مامۆستا لە مزگەوتێکا.

لەپـاش جێ گیـربـوونی ئەم بنەماڵەیە لە سلەیمانی لە ساڵی (١٩٠٢ز)یا نەجمەدین مەلا لە شاری سلەیمانی لەدایك بووە وە مامۆستا نەجمەدین هێشتا منـاڵ ئەبێ (ڕشـانەوەکە) داهاتوە وە بوەتە هۆی مردنی زیاتر لە هەزارەهای ڕەش و ڕووتی ئەم ناوچـەیـە، سەرەڕای دەربـەدەربـوونی دانیشتـوان بەرەو دێهاتەکان، هەر ئەمەش بوەتە هۆی ئەوەی کە مەلا غەفووری باوکی بە خۆیو خاوخێزانەوە بچێتە دێی (ڕەشەکانی).

خوێندنی لەلای (حاجی مستەفای قازی)و لەلای باوکیو پاشان لە سلەیمانی لە قوتابخانەی (ئەعدادیەی مەلەکی)و بە پلەی یەکەم دەرچووە.

شایـانی باس ئەوەیە مامۆستا نەجمەدین مەلا هەموو ژیانی پڕئەشکەنجەو کارەساتی جگەربڕ بوە، هەرچەندە ماوەیەکی زۆر کەم مووچەخۆری دەوڵەت بووە لە (ڕانیە) بەڵام حەزی لە ژیانی مووچەخۆری نەکردوە، بۆیە ماوەیە بێئیش بووە وە ماوەیـەکیش بە نووکی پاچ و خاکـەنـاز تەمـەنی هەرزەکـاری بردۆتەسەر، ماوەیەکیش دەربەدەر بوە لە شاری (حەڵەب)و ناچار بووە بە پاقلاوەفرۆشی خۆی ژیاندوە.

له زەمانی هێرشی تورکە عوسمانیەکانا (عەبدول مەجیدی) برای کە زۆر زاناو زیرەك بووە، تورکەکان گرتویانەو ڕەوانەی شاری حەڵەب یان کردوە، هەر بەویداخەوە لە ساڵی (١٣٣٣)ی کۆچی باوکیان سەری‌نایەوە، ئەم برایەشی لە شەڕی جیهانی یەکەما براوە بۆ سەفەربەلِك بە سەربازی‌و لە (ئەرزڕووم) شەهید کراوە.

هەروەها (عەلی) برای مامۆستا نەجمەدین مەلا کاتی خۆی لەسەر ڕووداوێکی کوشتن چوە بۆ ئێران و هەر لەوێ کۆچی دوایی کردوە.

برایەکی‌تریشی بوە ناوی (حەمەبچکۆل)بووە ئەویش لە شاری سلەیمانی کۆچی دوایی کردوە.

مامۆستای خێرنەدیو حەزی لە ژیانی مەلایەتی نەکردوە وە زوربەی ژیانی خۆی بە دەرس وتنەوەوە لە قوتابخانەکەیا بردوّتە سەر، وە سەبارەت بە ژن هێنانی، هەندێك ئەڵێن کە گوایە ژنی نەهێناوە، بەڵگەشیان ئەوەیە کە گوایە لە دەس نووسەکانی خۆیا ناوی ئەمەی نەهێناوە، بەڵام لەڕاستیا ژنی هێناوەو ژنەکەی ناوی (فاتمەخان) بووە، وە کچێکی لێی بووە بەڵام ئەم کچە تەمەنی کورت بووەو کۆچی دوایی کردوە. هەر دوای ئەمە مامۆستا بە ماوەیەکی کەم دەستی لە خێزانەکەی هەڵگرتوەو لێی جیابوّتەوە.

مامۆستا هەمیشە خەریکی بووژاندنەوەی ئەدەبەکەمان بووە وە چرای ڕۆشنبیری‌و زانیاری بەرزکردوّتەوە لە پێناوی سوودی گشتی‌یا وە ژیانی خۆی تەرخان کردوە بۆ ڕۆشنبیری‌و زانیاری و شەونخوونی کێشاوە بەدیار ڕۆشن کردنەوەی ئەو دەس نووسانەی کە دەستی‌کەوتوەو بۆی گەڕاوە ئەم شارو ئەو شارو ئەم دێ‌و ئەو دێ بۆئەوەی بەرچاوی خوێندەوارانی خا.

مامۆستا خاوەنی (٩٠) چیرۆکە کە لە بەشی منالآنا دایئەنابوون وە بە هەستێکی ناسك و بە شێوازێکی ڕەوان ئەیخستە بابەتی گوێ ئاگردان و منالآنی لە خۆی کۆئەکردەوەو چیرۆکە ناودارەکانی کوردەواریمانی بۆ ئەگێڕانەوە.

هەروەها نابێ لەبیرمان بچێ کە ماوەیەکی زۆر خزمەتێکی بە دڵ و بە گیانی ڕۆژنامەی (ژین)ی کرد بە شیعرو چیرۆك و مەتەڵ.

مامۆستا نەجمەدین مەلا دوای ئەوە نزیکەی (٦٥٠٠) شەش هەزارو

پێنج سەد نەخوێندەواری فێری خوێندەواری کردوە، سەدەها خەڵکی‌تری فێری ئەو زمانانە کردوە کە خۆی ئەیزانی وەکو فارسی‌و عەرەبی، وە نزیکەی (٢٠٠٠) دووهەزار شیعری شاعیری کوردی کۆکردۆتەوە بە قەڵەمە ڕەنگینەکەی کە ئێستا بوونــەتــە مایەی شانازی، وە لە کتێبخانەکەی خۆیا کە ناوی نابوو (کەشتی نووح) کە ئەویش بریتی‌بــوو لە دوو دوکــانی تاریکی نووتــەک بەرامبــەر بە توونەکەی گەرماوی موفتی بەوشێوەیە کوچی دوایی‌کرد کە هەموومان ئەیزانین و پاش چەند ڕۆژێ پێ‌زانرا ئەویش بەهۆی کرێکارانی ڕۆژنامەی (ژین)هوە کە عەودالی ون بوونی مامۆستا بوون ئەمەش لە مانگی چواری ساڵی ١٩٦٢ز یا بوو، وە ئەوەبوو لە گردی سەیوان نێژرا بەڵام لەسەر وەسیەتی خۆی گوێزرایەوە بۆ شاخی ئەزمڕ. بەڵام لەکــاتی کۆچ کردنیا نەتوانرا وەسیەتەکەی بەجێ‌بهێنرێ لەبەر هەندێ هۆی پڕ تەنگ وچەڵەمە لەو کاتەدا. هەر بەم بۆنەیەوە بەڕێز (قادر برسی شاعــیر) لە ڕۆژنــامــەی (ژین) ژمــارە (١٦٧٧)ی ساڵی ١٩٦٢ی ز بە شیعــرێکی زۆر جوان هەستی خۆی دەربــڕیــوە بەرامبــەر بە بەجێ‌نەهێنانی وەسیەتەکەی‌و ئەڵێ:

کوا کەشتی نووح و کەشتیەوانەکەی؟.... لێلاییم دایە
ئاخۆ ناسۆری وەسیەت نامەکەی.... لە دڵانایە؟
ئەی‌وت نەك بمرم لەناکاو لەپڕ.... لە لاکۆلانێ
بە زووڕناو دەهۆڵ بمبەنە ئەزمڕ.... با شار بزانێ
لەوێ بمنێژن بەرزو دیارە.... ئەڕوانێتە شار
هەروەك (پیرەمێرد) لای (مامەیارە).... بەهارەو بەهار
با مەزارەکەم بێتە سەیرانگا.... کە سەیرانتان کرد
ئاگر لای منیش کڵپ وهووڕ بکا.... کە نەورۆزتان کرد
ئاخری بێ‌ئاوات سەری نایەوە... هێنرایە (سەیوان)
ئۆباڵی وەسیەت وەك خۆی مایەوە.... بە ملی هەموان

بەڵام بێ‌گــومــان وەسیــەتــەکــەی مامــۆستــا هاتــەدی لەکــاتی وەرگــرتنی بەیان نامەکەی (١١)ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ی‌ز لەسەر خواستی خۆی لە گردی

(سەیوان)ەوە بەرەو (ئەزمڕ) لە بیرەوەرییەکی زۆر گەورەو جوانا بەرێخرا بەرەو (ئەزمڕ)، وە بۆیە حەزی لەوە بوو کە (ئەزمڕ) ببێتە ئارامگەو جێگای بۆئەوەی هەمیشە چاوی لە کاژاوی گەردن کەشی (پیرەمەگروون)و (سوورکێو)و مەرزی (بابان)و (قەڵاچوالڕ)و (ئالان)و سلەیمانی قارەمان و (شارەزووری) بەهارتەڕو (هەورامانی) بەهەشت بێ.

سەرچاوە:

١ - ڕۆژنامەی (ژین).
٢ - نامیلکەی (بۆتان ئەگێڕمەوە) لە ئامادەکردنی (بەیاد عەبدول قادر).
٣ - خزمەکانی مامۆستا نەجمەدین مەلا.

تێبینی:

لە سەرچـاوەکانا دیاریکرابوو کە گوایە مامۆستا نەجمەدین مەلا لە ساڵی (١٨٩٨)ز لەدایك بووە بەڵام هەندێ دەسنووسی خۆیمان دەس کەوت کە ئەڵی (من لە ساڵی ١٣٢٠ی کۆچی لەدایك بووم کە ئەکاتە ساڵی (١٩٠٢)ی ز.

هەڵبەستی مەلا سمایل بۆ گواستنەوەی تەرمی مەلا نجم الدین بۆ ئەزمڕ

مەلا نجم الدین کوردی حقیقی
خۆ تۆ لەگەڵ من گەلێك ڕەفیقی

بۆچ بەجێت هێشتم بە تاقو تەنیا
تاریك بوو لە من ڕووناکی دنیا

مەلا نجم الدین ئەستێرەی باوەڕ
دڵم قوڵپ ئەدا وێنەی سەماوەر

یەزدان بتبەخشێ تۆ بە پێغەمبەر
ڕەحمەتت نەبێت لە ڕۆژی مەحشەر

بەڕاستی تۆ بووی نیشتمان پەروەر
شاعیری مەشهور ئوستادی سەروەر

زۆرت نەجات دا بە خوێندەواری
لەناو کورداندا وەك ڕۆژی دیاری

لەسەر وەصیەتت برایتە ئەزمەڕ
نەجات بوون کوردان لە کوشتنوبڕ

مەلا سمایل، سکالأنووس
١٩٧٠

* * *

(جەمعیەتی کوردستان)

لە کاتێکا هەواڵی کوردستانی عێراق بەم جۆرە بوو (مستەفا پاشا)ی یامولکی لە (ئەستەموول) گەڕابوەوە، بەینێبوو لە سلەیمانی بوو. وەکو ئەیوت لەلایەکەوە بۆ بەربەست دانەوەی - پرۆپاگاندەی - تورك و پاراستنی سلێمانی لە هەڵمەتی (ئوزدەمیر)، لە لایەکی تریشەوە بۆ تازەکردنەوەی گیانی نیشتمانیو هۆشی میللی کورد واتە بە بیری دانانی ڕێی تەقەلایەکی تازە بۆ دامەزرانەوەی کوردستانی سەربەخۆ، پێویست بە ڕێخستنی (کۆمەڵەیەکی کوردی هەبوو).

ئەم باسە زوو کەوتە سەرزبان. ئینجا (مستەفاپاشا) لە حکومەتی سیاسی سلەیمانی ئیزنی وەرگرت و لە (٢١ی تەمووزی ساڵی ١٩٢٢ز) پاش نوێژی جومعە لە مزگەوتی (نالی) واتە مزگەوتی (سەیحەسەنی موفتی) یا خەڵکێکی زۆر کۆبوونەوەو دەربارەی ئەم مەبەسە (مستەفا پاشا) وتارێکی دووروودرێژی کوردی خوێندەوە دوای ئەمە بە هەڵبژاردنی نهێنی ئەندامەکانی دامەزرێنەری کۆمەڵە هەڵبژێران کە ناوەکانیان بەپێی ژمارەی دەنگەکان بەڕیزەوە ئەمانەبوون:

١ - بەڕێز مامۆستا ڕەفیق حیلمی - نووسەری ئەم یادداشتە.

٢ - بەڕێز ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ - دوایی بوو بە موتەسەریفی سلەیمانی.

٣ - بەڕێز فایەق بەگی مارف بەگ - لە خزمانی سەعی پاشای باوکی شەریف پاشا.

٤ ـ بەڕێز شێخ عەلی سەرکار ـ خاڵی بەڕێز حەپسەخانی نەقیب.
٥ ـ بەڕێز شێخ محەمەدی گوڵانی ـ لە عالمەکانی سلەیمانی.
٦ ـ بەڕێز ساڵح ئەفەنی قەفتان ـ لە تاقمی بازرگانی سلەیمانیو زابتانی دەوری عوسمانی،بەینێك لە ئەعدادی مامۆستای تەئریخ بوو.
٧ ـ بەڕێز صدیق ئەفەنی عەلەکە ـ لە عیسایییە کوردەکان و بازرگانە ناودارەکانی سلەیمانیو برازای (کەریمی عەلەکە)یە کە لە حکومەتی (شێخ مەحمودا) رەئیس وەیا وەزیری مالیە بوو.

مستەفا پاشا خۆی کە دامەزرێنەری کۆمەڵە بوو کرا بە رەئیسیو کۆمەڵەش ناونرا (جەمعیەتی کوردستان). لەگەڵ ئیزنی دامەزرانی کۆمەڵەدا، بە ناوی کۆمەڵەوە ئیزنی بڵاوکردنەوەی (رۆژنامە) یەکیشی وەرگرتبوو. (مستەفا پاشا) دەربارەی ئەوە کە بووم بە ئەندامی (جەمعیەتی کوردستان) بە ئیمزای خۆیو بە مێژووی (٢٢)ی جولای (تەموز) واتە دوای کۆبوونەوەکەی مزگەوتی (سەیحەسەن) بە رۆژێ نامەیەکی بۆ ناردم. ئەو نامەیە تائێستا لەلام ماوەتەوەو لەناو نووسراوەکانی ئەو دەورەدا هەڵم گرتوە.

بۆ یەکەم جار لە ماڵی (مستەفا پاشا) کۆبوینەوە. لەناو بڕیارەکانیترا بڕیاری ئەوش درا کە رۆژنامەکەمان بە سێ زبان (کوردیو فارسیو تورکی) بنووسرێو ژمارەی یەکەمی (بانگی کوردستان) لە (٢)ی ئاغستوزی ساڵی (١٩٢٢)ز بڵاوکرایەوە. (من نووسەری یادداشت) بەلای نووسینی بەشێکی کوردیو فارسییەوە بەتایبەتی سەرپاکی نووسینەکانی بەشی تورکیشم خرابوە ئەستۆ.

سەرچاوە: یادداشتی رەفیق حیلمی بەرگی پێنجەم.

* * *

(سەرگوزەشتەی یەکێك
لە ئازاو دلێرە
ناودارەکانی سلەیمانی)

● مامە یارە دەستکری
خالد زامدار

■ مامـــــــــــە یارە

بێ گومان زۆرکەس گردەکەی (مامەیارە)یان بیستووە کە ئەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی شاری سلەیمانی‌یەوە، ڕەنگ هەیە گەلێکیش چووبنە سەری‌و دەوروپشتی بۆ سەیـران لە بەهـارانـا، سەیـرانی ڕۆژەکـانی نەورۆز کە تاکو خوالێخۆشبوو (پیرەمێرد) مابوو پێکی ئەهێناو ئەیکرد بە شایی‌و زەماوەند لەوناوەدا.

جا ئایە ئەو (مامەیارە)یە کێ‌یە کە ئەم گردەی بەناوەوە ناونراوە؟

(مامەیارە) لە بنچینەدا خەڵکی دێی (کانی‌درکە)ی ناوچەی شاربازێرە، خۆی یەکێ ئەبێ لە تۆپ چییەکانی (ئەحمەد پاشا)ی دوامیری بابان، (ئەحمەد پاشا) کە ئەبێ بە شەڕی لەگەڵ سوپای (تورکا)و تەنگ بە لەشکرەکەیان هەڵ ئەچنێ لە ناوچـەی (کـۆیـە)داو لەوەدا ئەبێ تورکـەکان بشکێنێ‌و تەفرو تونایان بکا (نـەجیب پاشـای گوزلگی) کە ئەودەمـە والی تورك ئەبێ لە بەغـا، هانـای ڕێـك کەوتنی ئەباتە بەر (ئەحمەد پاشا) بەڵام (ئەحمەد پاشا) گوێی ناداتێ، ناچار (نەجیب پاشا) ئەکەوێتە تەڵەکەو ساختە بازی بەناو شێخ و مەلاو پیاوە ئاینیەکاناو پێیان ئەسەلمێنێ هەرکەسێ شەڕ بکاو دەس لە سەربازی والی بەغا بکـاتـەوە وائـەگەیەنێ کە چەك لە سوڵتان واتە لە (خەلیفەی ئیسلام) خۆی هەڵئـەکێشێ. ئەم ئاین وئـۆینـە کاری خۆی کرد لەنـاو شەرکـەرەکـانـا واتـە شەڕکەرەکانی (ئەحمەد باشا) کە هەموو دەسیان لە شەڕ کێشایەوەو هەرکەس

بەلایەکا بڵاوەیان لێکرد، (ئەحمەد پاشاش) ناچار ڕویشت و وڵاتی بەجێهێشت.

لە ساڵی (١٨٤٩ ـ ١٨٥٠). (سۆفی یارە) لەم شەڕەدا لە بارەگای (ئەحمەد پاشا)دا مایەوەو لەگەڵ لەشکرە شکاوەکەدا هەڵ نەهات گە پیاوەکانی (نەجیب گوزەلگی) ئەچن بۆ تالانی بارەگای لەشکری شکاو، (سۆفی یارە) هەر لەسەر تۆپەکەی خۆیەوە ئەیانداتە بەر ئاگرو لێزمەی گوللە، تادرەنگێك نایەڵێت کەس بچێتە ناو بارەگاکەیانەوە تاکوو لەدواییدا ئەیگرن، کە ئەیبەنە لای والی؛ والی لێی ئەپرسێ:

ها تۆ ئەمەت بۆ کرد، بە چاوی خۆت دیت لەشکر شکاو هەڵهات، بۆ خۆت نەدا بەدەستــەوە؟ ئەویش لە وەڵامـا ئەڵێ شکانی لەشکر نابێ من لە ئیش و (واجب)ی خۆم بخات من کە سەربازێکم نابێ خۆم بەدەستەوە بدەم، لەبەرئەوە ناچاربووم تا من لە وزەما بێ چیم لەسەربوو بەجێیبێنم.

والی وەڵامەکەی زۆر لا جوان ئەبێ لەبەرئەوە دێی (کانیدرکە)ی سەروبەر ئەداتێ، ئێستا ئەو دێیە بە (کانی درکەی سەگانیسۆفی یارە) ناوی دەرکردوە، چونکە مامەسۆفی ڕاوچی ئەبێو سەگەلێکی زۆری بووە.

دیســان ئەڵێن هەر لەبەر ئەو ئازاییو چالاکییەی (مامەیارە) کە لە شەڕا نوانـدویـەتیو لە پاداشی وەڵامـە جوانـەکـەی والی کە داویـەتەوە ئەیبەن بۆ (ئەستەموڵ) لەوێ لێی ئەپرسن... خواستت چییە؟ ئەویش جگە لە ئازادیی خۆی لە دێی (کـانیدرکـە)و گردەکـەی خۆی (گردی مامەیارە) زیاتر داوای هیچیتر ناکا کە گورج پێیئەبەخشن، وەك ماڵی دایکی ئەوان بێ!!! لام وایە ئەگەر بیویستایە کام پایە لە میرییا کە بۆ شان و بازووی ئەو بشیایە تورکەکان ئەیاندایە بەڵام مامە ژێردەسیو مووچەخۆری پێ هەزم نەکراوەو نەیگۆڕیوەتەوە بە سەربەستی.

مامـەیـارە بۆ شیرینیشی بە گردەکەدا چوە؟ چونکە شوێنەکەی لە گوێئاوە ڕوونەکەی کارێزی وەستا شەریفی ئێستا بوە کە دیمەنێکی جوان و دڵ فرێنە.

مامەیارە پیاوێکی بەئاین و تێگەیشتوو پیاوچاك و دەس بڵاو بووە، گوایە پاش داگـیرکـردنی سلەیمـانی لەلایـەن تورکـەکـانـەوە ئەم بە بەرگی سەربـازیو جەنگاوەرێتییەوە، بە چەك و زرێوە یاخود بەسواریو ڕم بەدەسەوەو سوننی بە

لاقەدەوەو خەنجەر بە بەرۆکەوە (بە یادی جاران) جارجار هەر سووراوەتەوەو وەك جارچی جاڕیداوە بۆ کردەوەی باش و ئیشی دروست، لام وایە هەرپەیبییرەوەری ئەوساشیەوە (پانتۆڵ) واتە شەرواڵی سەربازییەکەی دانەکەندوەو هەر لەبەریا بووە.

(مامەیارە) پیاوێکی زۆر بەسام و ڕێزگیراویش بووە، بیریشی ئەوەندە بەرز بووە ویستویەتی (کانی درکە) کە ئەوسا چۆڵ و وێرانەو بێکشت وکاڵ و باخات بوە بە شێوەیەکی نوێ لەسەر هونەری کشت وکاڵ ئاوایکاتەوە.

خوالێخۆش بوو (مامەیارە) تا مردنییشی هەر دڵسۆز بووە بۆ (ئەحمەد پاشا)و بنەماڵەی بابان.

لەم دواییەدا لە خانوەکەی خۆیا ئەژیا لە سلەیمانی لە گەرەکی گۆیژە کە ژوورێکی تەرخان کردبوو بۆ خۆیو ژێرەکەی کردبوو بە خانی ولاخ لەوە رۆژی چەند (بێچوو)یەکی دەس ئەکەوت و گوزەرانی پێئەکرد بۆخۆی، جا لەبەرئەوەی وەجاخیشی کوێر بوو کە کۆچی دوایی کرد جێماوی هەمووی بە (ئەحمەد گۆساڵە) ناوێك درا کە خزمی بوو یاخۆ ئەم خۆی کردبوو بە خزمی، لەسەر ڕاسپاردەی خۆی لە گردەکەی خۆی ناشتیان، گردی (مامەیارە) ئەو گردەی کە شاعیری مەزن (پیرەمێرد)یش ڕای سپارد کە مرد هەر لەوێ بینێژن.

ئێستا گردی (مامەیارە)ی پیرۆز تەرمی دوو ڕۆڵەی نەمر، واتە گۆڕی دوو ئەستێرەی گەشی کوردی پێوەیە، یەکێکیان (مامەیارەی) قارەمان لە ئازاییو ڕاستیو پیاوچاکیو ئایینداریا، ئەویتریان (پیرەمێردی) مەزن و نەمر، فەیلەسووفی گەورەی کورد لەئەدەب و پەندی جوان وبیری بەرزو نیشتمان پەروەریا.

لەگوڤاری (شەفەق)ەوە ژمارە (٥و٦) مایس و حوزەیرانی ساڵی ١٩٥٨ز لاپەڕە (٣٧).

نووسینی - جەمال بابان

١ - بێچو: پارەیەکی کەمی ئەوکاتە بوە وابزانم وەکوو پێنج فلسی ئێستا بووە نرخی.

پاش وەرگرتنی ئەم باسەی مامۆستا جەمال بابان خۆم کەوتمە سۆراخی مامەیارەو شوێنەواریو ئەم ئەنجامەم دەستکەوت:

«... مامەیارە ناوی (یار ئەحمەد) کوڕی خدربەگی هۆمەر ئاغای خەڵکی دێی (وەنەنەرێنە)یە لە ناوچەی بەرزنجەو بەپاڵ شاخی کوزەکاژاوەوە. هۆمەر ئاغای باپیری وەك دەڵێن یەکێك بووە لە دوانزە سوارەی مەریوان.

مامەیارە ئەفسەرێکی تۆپچیی ناوداری لەشکری بابانەکان بووە، پیاوێکی کەڵەگەتی چوارشانە بووە،ماڵیان لە گەڕەکی گۆیژە بوو، خەڵکی سلیمانیی زۆر خۆش ویستووەو خوێندەوارێکی باش بووە، لەسەر بڕیاری خۆی لە گردی (گولان)[1] نێژراوەو ئەو گردە بە ناوی گردی مامەیارەوە ناوی دەرکردووە. لەبەرئەوەی وەجاخی کوێر بووە، هەموو موڵك و ماڵی بە برازایەکی برا کە ناوی ئەحمەد ئاغای سلێمان ئاغا (ئەحە گۆساڵە) بووە. ئەمیش لەگەڵ ماميا لەو خانووەدا ژیاوە.

ئەحمەد ئاغا ئەو شتانەی مامەیارە کە یادگارێکی پیرۆزە جوان و پاك هەڵئەگرێ. کوڕەکەی کە ناوی حاجی سابیر[2] بووە ئاگادار ئەکات کە پاش خۆی ئەو شتانە نەفەوتێن. شتەکان لەناو سندوقێکی تەختەدا هەڵگیرابوون.

(١) لەم ماوەیەی پێشوودا لە کۆڕی چاپخانەکەی مامۆستای شاعیر کاکەی فەللاحدا باسی ئەوە دەکرا کە ئایا ئەم گردە «گردی گولان»ە یا (گردی گولان)، مامۆستای شاعیر عەلیی عارف ئاغا لە قسەدا وتی: (گولان)ە، تەنانەت بیرمە ئەوانەی تووشی نەخۆشیی (گولی دەبوون لە بانەو سەقزو ئەو دەورەوە دەرئەکران، ئەهاتن رووەو سلێمانی لێرە نەیانئەهێشت بێنە شارەوە لەو دەشتە چادریان بۆ هەڵدابوون و خەڵك خۆراکی بەخێر بۆ ئەبردن، کە ئەمردن لەو گردە کەلایە ئەنیژران، لەبەرئەوە بە گردەکە ئەووترا گردی (گولان).

(ع.م.ر)

(٢) حاجی سابیر ساڵی ١٩١٧، لە گەڕەکی گۆیژە لەدایك بووە، ئێستا ماڵیان لە شاری کەرکووکە لە گەڕەکی ئیمام قاسم، دوکانی بەقاڵیی هەبوو لەو گەڕەکە، لە

ساڵی ١٩٨٤دا کۆچی دوایی کردو حەوت کوڕو کچێکی هەیە، کە ئێستا لەگەڵ خێزانەکەیدا ئەژین.

لە پاشماوەی مامەیارە، ئەوەی لە ماڵی حاجی سابیر دەستمان کەوت یەکێک بوو لەو دوو دەمانچە دوو لوولەییانەی کە کاتێک ئەفسەری تۆپچیی بابانەکان بووە هەڵیگرتووەو بەکاری‌هێناوە، لەگەڵ هەندێ دەستنووسی خۆی کە باسی داستانی رۆستەمی زاڵ ئەکات.

خێزانەکەی حاجی سابیر ئەڵێ - ئەمە دوو دەمانچە بوون، ئەویتریان لەگەڵ بەرگە عەسکەرییەکەی کە سەرشان و کڵاوەکەی زنجیری پێوەبوو بە قایش نەخش کرابوو، لەگەڵ قوتوی جگەرەو دار جگەرەکەیدا لە سەرەتای حەفتاکاندا فەوتاوە. هەوڵی ئەوە ئەدەین بیاندۆزینەوە.

تێبینی: لەم بەرگەدا وێنەی دەمانچەکەی مامەیارە ئەبینن.

● دەمانچەیەکی مامەیارە.

زانای هەڵکەوتوو
سەییدئەحمەد فائز بەرزنجی

سەیید ئەحمەد فائز کوڕی سەیید مەحموودی سەید ئەحمەد سەید عەبدول سەمەد فەیزوڵلای شێخ حەسەنی گڵەزەردەیە. لە ساڵی (١٢٥٨)ی کۆچی بەرامبەر ساڵی (١٨٤٢)ز لە دێی گڵەزەردە کە (سەعدان)یشی پێ ئەوترێ لەدایک بووە کە ئەکەوێتە خوارووی سلەیمانییەوە بەنزیکەی (١٠) کیلۆمەترێك. کوڕی بنەماڵەیەکی سەر بە ئاین و زانست بووە کە لە سەییدەکانی بەرزنجەن.

لەسەرەتاوە لە (گڵەزەردە) لای باوکی خوێندوویەتی لەپاشا هاتۆتە سلەیمانیو لای (محەمەد غالیب) خوێندوویەتیو دوایی چوتە لای (سەی مستەفای) بەرزنجی موفتی سلەیمانی بۆ خوێندن. دوای ئەمەش چوتەلایی (ئەحمەدی پیرحەسەنی چاومار) بۆخوێندن و دواهەی خوێندنێ لای (حاجی کاك ئەحمەدی شێخ) خوێندویەتی کە خاڵی خۆی بووە

لەسەرتاوە بووە بە مودەریس پاشان بە قازییەتی چووە بۆ (مەرگەو کۆیەو قەرەداخ و کووت و مونتەفیك و کەربەلاو دەرسیم و ئورفەو قەستەموونیو موسڵ) لەدوای ئەمە چوتە (ئەستەموڵ)و بووە بە ئەندامی (ئەنجومەنی بەرزی مەعاریف)

(١٨) هەژدە کتێبی لە زانستە عەرەبیو ئیسلامییەکانا بە تورکیو عەرەبی بەجێهێشتووە

به کتێبی (کنز اللسن) ناوبانگێکی گەورەی پەیداکردوە کە هونەرو سنعەتکاری‌یەکی زۆر گەورەی لە دانانیدا نواندووە.

ئەم کتێبە بریتی‌یە لە (١١) عەموود لەناو (١٢) هونەردا کە بریتیشە لە شەش زبان (عەربی‌و تورکی‌و فارسی‌و فەرەنسی‌و رووسی‌و کوردی) کە بە (١٥) جۆر ئەخوێنرێتەوە، کە (١٣) جۆری (عەموودی)یە واتە لەسەرەوە بۆ خوارەوە ئەخوێنرێتەوەو چواردەمینیان لەڕاستەوە بۆ چەپ ئەخوێنرێتەوە.

ئەم کتێبە بەم جۆرە ئەخوێنرێتەوە:

عەموودی یەکەم لەسەرەوە بۆخوارەوە تا دوایی کتێبەکە

ئینجا عەموودی دوەم هەر بەم شیوەیە ئینجا چوارەم و پێنجەم تادوایی...

چواردەمین جۆری خوێندنەوەی کە وەکو هەموو کتێبێکی تر لەڕاستەوە ئەخوێنرێتەوە بۆ چەپ، ئەویش هەموو زبانەکان ئەبن بە عەرەبی هەموو عیلمەکانیش ئەگۆڕێن بۆ عیلمی فیقهی ئیسلام.

پانزدەمین جۆریشی لە دوایی کتێبەکەدا لە هەرعەموودە دووا وشەی هەلگری‌و بیخەیتە تەنشت یەکەوە ئەبێ بە ناوی کتێبەکەو مێژووی نووسینی‌و ناوی نوسەری.

(مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵ) ستایشێکی زۆری خوو ڕەوشتی بەرزی ئەم زانایە ئەکا.

ئەحمەد فائزی بەرزنجی لە ساڵی (١٣٣٨ کۆچی - ١٩١٨)ز لە (ئەستەموول) کۆچی دوایی کردووە.

تێبینی:

دەربارەی ئەم زانایە تەماشای:

- (التعریف بمساجد السلیمانیة)ی مەلا محەمەدی قزڵجی‌و
- (تأریخ السلیمانیة وانحائها)ی محەمەد ئەمین زەکی‌بەگ و
- (مێژووی بەرزنجە) دەستنووسی مەلا مستەفای سەفوەت و
- پێشەکی‌و چاپکردنی (کنز اللسن)ی شێخ محەمەدی خاڵ بکە.

* * *

لە رۆژنامەی (ژین)
ژمارە (١٤٧٨)
پێنج شەممە ٨/١٠/١٩٥٩ز

بەبونەی یادی سێیەمین ساڵی کۆچی دوایی (شێخ مەحمود)ەوە

● شێخ مەحموودی نەمر
بە بەرگی مەلیکی‌یەوە، ١٩١٨

(لە ژیانی شێخ مە حمودا چی ڕوویدا)

لە ساڵی (١٨٨١)ز هاتوتە دنیایەوەو لە (٩/١٠/١٩٥٦)ز کۆچی دوایی کرد.

لە ساڵی (١٣١٧) کۆچی سوڵتان عەبدول حەمید شیخ مەحمودی لەگەڵ باوکیا بانگ کرد بۆ ئەستەموڵ و پایەی (مارشاڵ)ی پێدان.

لە ساڵی (١٣٢٦) کۆچی (لە شەری موسـلاّ) شێـخ سەعی باوکی‌و شێخ ئەحمەدی برای لە موسڵ شەهید کران و شێخ مەحمود ڕزگاری بوو.

لە ساڵی (١٩١٥)ز کە هێزی ئینگلیز هاتە سەر بەسرە حکومەتی عوسمانی داوای یارمەتی لە شێخ مەحمود کرد، ئەویش بە ناوی پاک کردنەوەو ڕزگاری نیشتمانەوە (٢٠٠٠) دوو هەزار سواری پیادەی بە پارەو چەکی خۆی ئامادە

کردو ناردی بۆ شەڕ لە (کووت و شوعەیبە).

لە ساڵی (١٩١٨)ز ئیدارەی شاری سلەیمانی وەرگرت وە هەموو ئینگلیزەکانی لە شاری سلەیمانیا گرت.

لە مانگی مایسی ساڵی (١٩١٩)ز بەرامبەر بە (٧٥٠ر٠٠٠) حەوت سەدو پەنجا هەزار سەربازی ئینگلیزی وەستا لە دەربەندی بازیان.

لە ڕۆژی (١٨)ی حوزەیرانی هەمان ساڵا لەپەنا (بەردە قارەمان)ی دەربەندا بریندارکراو نێررا بۆ (کوێت)و لەدواییا بەئیعدام حوکم درا، لەپاشا گۆڕرا بە (١٠) دە ساڵ و (١٠ر٠٠٠) دەهەزار ڕوپیەو نێررا بۆ (هیندستان)وە دوای ئەمە ئینگلیز هاتە سلەیمانییەوە.

لە پاشا لەژێر زەبری داواکردنی گەل و عەشایەرەکانا شێخ مەحمودیان هێنایەوەو عەفویان کرد.

لە ساڵی (١٩٢٢)ز لە مانگی ئاغستوزا ئینگلیزەکان سلەیمانیان بەجێهێشت.

لە ڕۆژی (٣٠) ئەیلوولی هەمان ساڵا شێخ مەحمود لەگەڵ (١٠٠٠) هەزار سوارا گەیشتەوە سلەیمانی، وە بوو بە حوکمداری کوردستان و ئاڵای کوردستانی هەڵکردو ئەنجومەنی وەزیرانی ڕێك خست و (پوولی) کوردستانی دروست کرد.

لە ڕۆژی (٣)ی مارتی (١٩٢٣)ز فڕۆکە هاتە سەر سلەیمانیو بەیان نامەی فڕێدا کە ئەبێ شێخ مەحمود سلەیمانی بەجێبێڵێو بچێت بۆ بەغا، بەڵام شێخ گوێینەدانێو وتی نایەم.

لە پاشا لەسەر ئەمە ئینگلیزەکان سلەیمانیان دایە بەر بۆمباو شێخ بە خۆیو سوپاکەیەوە ڕوویکردە (سورداش)و لەوێ لە ئەشکەوتی (جاسەنە) جێگیر بوو.

لە ڕۆژی (٦)ی مایسی (١٩٢٣)ز دیسان ئینگلیزەکان بە هێزیکی زۆرەوە سلەیمانیان داگیرکرد، هێزەکەی شێخ لە (سورداش)ەوە ڕوویکردە دەشتی (مەرگە)و لەوێوە چوون بۆ (مەریوان).

لە مانگی تەموزی (١٩٢٣)ز ئینگلیزەکان سلەیمانیان چۆڵ کرد، شێخ مەحمود لە (مەریوان)ەوە گەڕایەوە بۆ سلەیمانی دەستیکرد بە حوکم کردن.

لەم ماوەیەدا دوو جار سلەیمانی بومبابارانِ کرایەوەو لە ڕۆژی (٣)ی مایسەوە تا (٢)ی حوزەیرانی ساڵی (١٩٢٣). بێ‌وچان سلەیمانیان بۆمباباران کرد وە شێخ بە خۆیو هێزەکەیەوە ڕوویانِ کردە چیاکانی (قەرەداخ).

ـ لە ڕۆژی (١٢) ئاغستۆزی ساڵی (١٩٢٤)ز سوپای عیراقی هاتە ناو سلەیمانی‌یەوەو شێخ مەحمود ڕووی کردە (مەریوان).

لە ساڵی (١٩٢٧)ز یەکەم موتەسەڕڕیف بۆ سلەیمانی دانرا ناوی (ئەحمەد ئەفەنی هەولێری) بوو، نامەیەکی نارد بۆ شێخ مەحمود نووسیبوی کە بێتەوەو شێخ مەحمود هاتەوە بۆ سلەیمانی.

لە ساڵی (١٩٣٠)ز لەسەر هەڵبژاردن دانیشتوانی سلەیمانیو حکومەت چوون بەگژیەکاو شێخ مەحمود جووڵایەوەو دەستی‌کرد بە شەڕکردن لەگەڵ حکومەتا لە (کەناروێ)و (ئاوباریك)و (سورداش).

لە ساڵی (١٩٣١)ز شێخ مەحمودیان برد بۆ بەغاو لە ئەعزەمی‌یە نیشتەجێ‌یان کرد.

لە ساڵی (١٩٤١)ز لە هەراکەی ئەوساڵەدا شێخ مەحمود هاتەوە بۆ سلەیمانیو لە (داری‌کەلی) دانیشت.

لەوکاتەوە لەوێ مایەوە تا (عومەر عەلی) لە ساڵی (١٩٥٦)ز لەسەر فەرمانی ئینگلیزەکان کرا بە موتەسەڕڕف سلەیمانیو تەنگی بە شێخ هەڵچنیو شێخ شەڕی لەگەڵ کرد بەڵام لەوکاتەدا شێخ نەخۆش کەوت و چوو بۆ بەغا بۆ چارەی نەخۆشی‌یەکەیو لەوی لە ڕۆژی (٩)ی تشرینی یەکەمی ساڵی (١٩٥٦)ز کۆچی دوایی کرد.

● شێخ مەحموودو لەشکرەکەی لە دەربەندی بازیان سالی ١٩١٩

● میرلیوا صدیق مظهر پاشا موفەتیشی عمومی حکومەتی کوردستان

● قارەمان عەولە سبس شەهیدی شەشم ئەیلوول

● مولازم یونس عەبدولقادر سەعید ئەفسەری
سوپای شێخ مەحموود ١٨٩٧ - ١٩٧٩/٣/١

● ئوسو ئاغای عەبدوللا ئاغا دەمراستی
شێخ مەحموود ١٨٨٥ - ١٩٥٧

●کەریمی کاکە زاڵ کوڕی ئازاو حەس
حەس باشی، ١٨٨٦ - ١٩٥٧

● مستەفا ئاغای برای ئوسو ئاغا ١٨٩٤ -
١٩٥٦

● شێخ محەمەدی سەی بچکۆلە لە

١٠/٩/١٩٥٨دا کۆچی دوایی کردووە

● محەی ساڵە سوور ١٨٩٥ ـ ١٩٧٥

● مەجی قاڵەی حەمامچی ١٨٩٢ ـ ١٩٧٧



● نەرسی رەحیمە خەرێت ١٩١٤ [illegible]

کردووە

● لەشکری تازەی کوردستان ١١/٧/١٩٢٢

● وینەی بوردومانی مانیت - ١٩٢٤



● لافاوی بەردەرکی سەرا سالی ١٩٥٧

● لافاوی شەقامی کاوە - ١٩٥٧

خۆپیشاندانی بەردەرگای سەرا ڕۆژی پێنجی ئەیلوول

● لافاوی سلێمانی ١٩٥٧

(ئەنجوومەنی وەزیرانی کوردستان)

دامــەزرانی ئەنجوومەنی وەزیرانی کوردستان لە ساڵی (١٩٢٢)ز لەکاتێکا شێخ مەحمود بوو بە (مەلیك) لەم کوردانە پێك هات.

١ - بەڕێــز شێــخ قادری شێخ سەعی حەفید برای شێخ مەحمود سەرۆکی وەزیران و سوپاسالار.

٢ - بەڕێز شێخ حەمەغەریب وەزیری ناوخۆ

٣ - بەڕێز عەبدول کەریم عەلەکە وەزیری دارایی

٤ - بەڕێز حاجی مستەفاپاشای یامولکی وەزیری زانیاری

٥ - بەڕێز ئەحمەد بەگی فەتاح بەگی ساحێب قڕان (حەمدی) شاعیر - وەزیری گومرگ

٦ - بەڕێز حاجی مەلاسەعی وەزیری دادگەری

٧ - بەڕێز حەماغای ئەوڕەحماناغا وەزیری نافعە

٨ - بەڕێز ساڵح زەکی بەگی ساحێب قڕان وەزیری هێزی میللی

جگە لە وەزیران.

٩ - بەڕێز سەی ئەحمەدی بەرزنجی (مەرەخەس) - سەرۆکی ئەمینەتی گشتی

١٠ - بەڕێز سدیق پاشا قادری - موفەتیشی گشتی کوردستان

سەرچاوە:

لە (یادداشت) بەرگی پێنجەم و شەشەم - نووسینی (ڕەفیق حیلمی).

● ● ●

(ناوی ئەفسەرەکانی سوپای حکومەتی کوردستانی جنووبی)
ساڵی ١٩١٩ ـ ١٩٢٢ز

١ ـ بەڕێز ساڵح زەکی بەگی ساحێب قڕان ـ قائیدی سوپای گشتی
٢ ـ بەڕێز ڕەزابەگی ئیسماعیل بەگ ـ قائیدی سوپای گشتی دوای ساڵح زەکی بەگ.
٣ ـ بەڕێز قادر سەعی فەتاح (قالەی ئایشەخان) ـ قائیدی سوپا لە دەربەندی بازیان بەدیل گیرا ساڵی ١٩١٩ز.
٤ ـ بەڕێز جەمال عیرفان ـ مێجەری سوپا لە ساڵی (١٩٢٣)ز بەدەسیسە کوژرا.
٥ ـ بەڕێز عیزەت تۆپچی ـ موستەشارو نوێنەری شێخ مەحمود.
٦ ـ بەڕێز ماجید مستەفا ـ قائیدی سوپای سوارە.
٧ ـ بەڕێز ڕەئوف ئەفەنی ئەمین ئەفەنی وەسماناغا ـ فەرماندەی سەربازی دیوانی شێخ مەحموود.
٨ ـ بەڕێز ئەحمەد فەهمی حاجی حسەین ـ مێجەر لە سوپای شێخ مەحمود.
٩ ـ بەڕێز ڕەشید ئەفەنی عاسیەخان ـ لە چەم چەماڵ ساڵی (١٩١٩)ز شەهید کرا.

١٠ - بەڕێز عەبدوڵلا عادیل - ئەفسەری پیادە (حقوقی).
١١ - بەڕێز ئیبراهیم زوری - ئەفسەری پیادە.
١٢ - بەڕێز فایەق کاکەمین - ئەفسەری پیادە.
١٣ - بەڕێز عەزیز حیکمەت قەزاز - ئەفسەری پیادە.
١٤ - بەڕێز یوونس عەبدول قادر - ئەفسەری پیادە.
١٥ - بەڕێز ڕەمزی عەبدول کەریم - ئەفسەری پیادە.
١٦ - بەڕێز ڕەشید عەبدول کەریم - ئەفسەری پیادە.
١٧ - بەڕێـز کامیـلی حەسـەن ئەفەنی - دوائەفسەر بوو مایەوە لەگەڵ شێخ مەحمودو بەشداری کرد لە شەڕی (ئاوباریك) دا.
١٨ - بەڕێز عومەری حاجی قادری فەرخە.
١٩ - بەڕێز عەزە زرە.
٢٠ - بەڕێز عەبدوڵلاغای توتنچی.
٢١ - بەڕێز حیکمەت ئەمین.
٢٢ - بەڕێز فؤاد مەستی.

(ناوی هەندێ لەو کورە ئازایانەی کە لە سوپای شێخ مەحمود بەشداری شەڕیان کردوە)

لە خزمەکانی شێخ خۆی (شیخان):-
١ - بەڕێـز حاجی سەیحەسەن - مامی شێخ مەحمود لە ساڵی (١٩١٩) ا دمربەندی بازیان شەهید کرا.
٢ - بەڕێز سەیعومەری برای حاجی سەیحەسەن.
٣ - بەڕێز شێخ حەمەغەریب.
٤ - بەڕێز شێخ قادری شێخ سەعی حەفید - برای شێخ مەحمود.
٥ - بەڕێز شێخ محەمەدی سەیبچکۆلە.
٦ - بەڕێز شێخ جەلالی ئەحمەدی حەفید.
٧ - بەڕێز شێخ محەمەدی حاجی سەیحەسەن.

٨ ـ بەڕێز شێخ محەمەدی شێخ عەلی (حەمەی شێخەلی).

ئەمانەش جگە لە تایەفەی شێخان بەشداری‌یان کردوە:ـ

٩ ـ بەڕێز تایەری حەمەدئەفەنی کەریم ئاغا ـ لە ساڵی ١٩١٩ز لە دەربەندی بازیان شەهیدکرا.

١٠ ـ بەڕێز حاجی خدری کانی‌توویی ـ لەلای سورداشەوە بریندارکرا.

١١ ـ بەڕێز مەلا کەریمی ئەورەحمان.

١٢ ـ بەڕێز کەریمی قلێش ئەحمەد.

١٣ ـ بەڕێز عەلی وەیسی ئەفەنی.

١٤ ـ بەڕێز ئەحەی بەکر ـ لەپشتی (عەربەت) شەهیدکرا.

١٥ ـ بەڕێز مەجید بەکر ـ لە (پێنجوین) شەهیدکرا.

١٦ ـ بەڕێز مەجیدی قالەی حەمامچی.

١٧ ـ بەڕێز محەی سالەسوور.

١٨ ـ بەڕێز حەمەی سەعەی فەتاح.

١٩ ـ بەڕێز فارسی ڕەحیمە کوردە (فارسە قەڵەو) لە پردی (تابین) بریندارکرا.

٢٠ ـ بەڕێز دەرویش ئەحمەدی پەزخی.

٢١ ـ ئوسو ئاغا دەم ڕاستی شێخ مەحموود.

٢٢ ـ مصطفی ئاغا برای ئوسو ئاغا.

٢٣ ـ بەڕێز شێخ حەمەعەلی باڕاوی ـ لە (سێ بۆران) لە ناوچەی پێنجوێن شەهیدکرا.

٢٤ ـ بەڕێز شێخ نوری قزلەری ـ لە (سێ‌بۆران) لە ناوچەی پێنجوین شەهیدکرا.

٢٥ ـ بەڕێز شێخ ڕەشی باخ ـ لە شەڕی (ئاوباریك) لە (تاریەر) لە ڕێگای پێنجوێن شەهیدکرا.

٢٦ ـ بەڕێز عیزەت کوردی (مەترالیۆز).

٢٧ ـ بەڕێز توفیقە سووری چوارتایی.

٢٨ ـ بەڕێز ئەحە خورشەی چوارتایی.

٢٩ ـ بەڕێز فەتاحە سووری قەساب.

٣٠ ـ بەڕێز ئەحە قەڵەو.

٣١ ـ بەڕێز جەلالی ڕەشەی عاسیەخان.

٣٢ ـ بەڕێز یارە چنگێ.

٣٣ ـ بەڕێز سەعە چەتە.

٣٤ ـ بەڕێز عەلی چەتە (ئەلە چەتە)

٣٥ ـ بەڕێز شەریف چاوەش.

٣٦ ـ بەڕێز حەمە کوردەی مزگەر.

٣٧ ـ بەڕێز حەمەی کەرەمی وەیسی.

٣٨ ـ بەڕێز تۆفیقی شەریف.

٣٩ ـ بەڕێز حەمە شەریفی قرگەیی.

٤٠ ـ کەریمە کێچ.

٤١ ـ حەمەدمینی کۆزەرەقەیی.

٤٢ ـ حەمەکوێری قەساب.

٤٢ ـ سالّحە سوور شارباژێری

تێبینی:

ئەمانەی نووسیومانە جگە لەو عەشایەرانەو خەڵکی دیهاتەکانی کوردستان.

یەکەم عەشیرەت کە لە سەرەتای شۆڕشەوە بەشداری کردبێ لە زەمانی تورکەکانەوە تا دوایی شوڕش، وە بەئازاییو بەوەفایی ناوی دەرکردبێ عەشیرەتی (هەمەوەندە) بە سەرکردایەتی (کەریم بەگی فەتاح بەگ)و کوڕەکانی (سابیربەگ) و (عەبدوڵلا) بەگ.

سەرچاوە:

١ ـ یادداشتەکانی مامۆستا ڕەفیق حیلمی.

٢ ـ بەرگەکانی (چیم دی)ی مامۆستائەحمەد خواجە.

٣ ـ ڕۆژنامەکانی (بانگی کوردستان) ساڵی (١٩٢٢ ـ ١٩٢٣)ز.

٤ ـ بەڕێز (فارسی ڕەحێ کوردە) کە خۆی یەکێ بووە لەوانەی بەدرێژایی شوڕش بەشداری کردووەو بریندارکراوەو تا ئیستاش ماوە لەژیانا.

● ● ●

● شێخ مەحموودی نەمر

چرای بەختی کورد وا کوژایەوە
شێخ چوو بۆ بەغا نەگەڕایەوە
کێ دڵی یەشان نەمێنێ تەختی
بە دڵ تۆراوی سەری نایەوە
شیوەن و ناڵەی کوردان بە بێسوود
لەدوای نەمانی کاکە شێخ مەحموود
چی ئەکا بیکا کوردی بێچارە
لەپاش ڕووخانی قەڵای بەرزی کورد
کوانێ ئەو پیاوەی لەسەر کوردستان
سەرکردەی جەنگی دەربەندو پیران
لەسەر ماف کورد برایە دیلی
خرایە بەندو کۆتی هیندستان
کواگرمەی شێرو پلنگ و نەهەنگ
ئاسمانیان پرکرد لە نالەی تفەنگ
ئەو بەردەی ئێستا بێناز کەوتووە
بەردێك بوو لەبۆ پەنای شێری جەنگ

هەموو بەردێکی ئەم کوردستانە
سوودی شۆرش و جەنگ و هەستانە
ئەوان شێخ مەحمودی نەمر ئەناسن
چوون رۆستەمێك بوو بۆ ئەم داستانە

ئێستاش ئەو رۆژە هەر لە بەرچاوە
لە مێژووی کوردا بەسوور نوسراوە
جێی شانازییە بۆ کوردی جیهان
پیاوی وا نامرێ نەمردوەو ماوە

ماوە زیندوە وا لە دڵایە
چونکە نەوەی ئازادی خوایە
کاك ئەحمەدی شێخ دەستەونزایە
مەردێکی وەك خۆی بێنێتەکایە.

(قادر برسی)

* * *

پیرەمێردی شاعیرو ڕۆژنامەنووس

پیرەمــێرد لە ساڵی (١٨٦٧)ز لە شاری سلەیمانی لە گەڕەکی گۆیژە هاتۆتە دنیاوە، خۆی ناوی (تۆفیق)ە کوڕی مەحمودئاغای هەمزاغایە ، لە تەمەنی حەوت ساڵیا ئەچێتە حوجرە.

لەپاش تەواوکردنی خوێندنی نەقێیەتی، ئەکرێتە نووسەر لە نفووسی سلەیمانی، لە ساڵی (١٨٨٦)ز ئەبێ بە باش کاتب لە دادگەی شاربازێڕ، وە هەر بەوجۆرە چەند فرمانێکی‌تری گرتۆتەدەس تا ساڵی (١٨٩٨)ز لەگەڵ (شێخ سەعی) بڕیاری ئەوە ئەدەن کە بەیەکەوە بچن بۆ تورکیا وەڕۆیشتن، لە ساڵی (١٨٩٩)ز لەگەڵ (شێخ سەعی) ئەچن بۆ حەج وەزیارەتی ماڵی خوا ئەکەن لەپاش ماوەیە لەقەبی (بـەگ)ی ئەدرێتێ بۆیە پێی‌ئەوترا (حاجی تۆفیق بەگ) سەبارەت بە بلیمەتی‌و ڕنگی‌یەوە ناوی پایەبەرزێتی بە هەموو لایەکا بڵاوئەبێتەوە بۆیە لە ڕۆژی (١٤)ی ئەیلوولی ساڵی (١٨٩٩)ز بە فەرمانی (سوڵتان عەبدول حەمیید) حاجی تۆفیق بەگ ئەکرێ بە ئەندامی (ئەنجومەنی ئەستەموڵ).

وە لەو سەردەمــەدا کە لە ئەستەموڵ بوو بۆ خوێندنی بەوز چوە کولی‌یەی حقــوق)، لەپاش ماوەیە تەواوی ئەکاو، دوای ماوەیەکی‌تر ئیمتیازی گۆڤارێکی ورکی لەوێ وەرئــەگــرێ بە ناوی (ڕەسملی کیتاب)ەوە چوار ساڵ ئەم گۆڤارە ەرئەکا، لە پاشا وازی لێ‌ئەهێنێ، وە هەر لەوێ بەشداری دەرچوونی ڕوژنا...ی مــەنســوور موحیتی) کرد وە زۆر جار سەروتــاری بۆ ڕۆژنــامــەی (ئیقدام)و ورییەت) ئەنووسی، هەروەها پەیوەندی لەگەڵ ڕۆژنامەی (فەرهەنگ)و شەفەقی سورخ)ی فارسی بەردەوام بوو، لە هەمــان کاتــیشــا پیرەمــێرد یەکێ بوو لە ەڵســوڕێنــەرانی ڕۆژنــامــەی (کورد) کە لەلایەن (شێخ عەبدول قادری شێخ ەبدوڵڵا)وە دەرئەچوو.

●پیرەمیردی نەمر ١٨٦٧ - ١٩٥٠

حاجی توفیق بەگ لە سالی (١٩٠٩)ز تا (١٩٢٣)ز پیشەی روژنامەگەریتی بەجیئەهیلو لەو ماوەیەدا چەند فرمانیکی رەسمی ئەگریتە دەس، ئەوەبوو کرا بە قایمـەقـامی (جـولەمیرگ و بالاو بەیتول شەباب و گوش کوی‌و ئەدەبازاری) لەپاشا لە سالی (١٩١٨)ز کرا بە موتەسەرریفی (ئەماسیە). بەلام لەبەرئەوەی حاجی توفیق بەگ لە دەرەوەی ولات نیشتمـانەکەی لەیادنەکردبوو، ئەوەبوو لە سالی ١٩٢٤ز دەسی لە فەرمـانـەکـەی میری هەلگرت و گەرایەوە بو شاری سلەیمانی، لەم سالانەی دواییدا ناوی خوی نا (پیرەمیرد)و دیسانەوە بەیمانی

تازە کردەوە کە بەوپەڕی تواناوە خزمەتی گەل و نیشتمانەکەی بکا. هەر لەبەر ئەو مەبەسـە دوا ژیـانی خۆی تەرخـان کرد بۆ خزمەتی ویژەو ڕۆژنامەگەری کوردی، وە ژیانی (٢٦) ساڵی دوایی لەگەڵ دوو گۆشەگیرەکەدا (ژیان و ژین) بردەسـەر وە لەسـەر ئەم ژیـانـە دوایینـەی باسێکی دووروو درێـژ هەیە وا سەرەتایەکی ئەو باسەتان ئەخەینە پێش چاو.

ئەوەبـوو لەمـەوپێش باسمـان کرد کە کاربـەدەستـانی میری (ڕۆژنـامـەی (ژیـان)یان دەرکرد بۆئەوە ئێسکی خۆیان لای میللەت سووك بکەن و خۆیان لەگەڵی کورد نزیك بکەنەوەو بچنە ناخی دڵی لە قینیان...

هەرچۆنێك بوو چەند نووسەرێکی تایبەتی هاوبەشی‌یان کرد بە نووسینە کانیان بە وتـاری پڕماناو بەکەڵك کە تیرێ بوو ئاراستەی دڵی دوژمنان ئەکرا، ئا لەم دەرفەتەدا پیرەمێرد هاتە پێشەوەو بە چەند هەڵبەست و پەخشانێکی ڕەنگینەوە هاوکـاری نووسینـەوەی کرد، وە لە دوای کۆچ کردنی بەڕێـوەبەری ڕۆژنامەکە (حسەین نازم) ئیش وکاری هەڵسووڕاندن و بەڕێوەبردن و نوسینەوەی درا بە ئەستـۆی پیرەمێردا ئەمیش لە ژمارە (٣٢١)ی‌یەوە دەستی‌کرد بە دەرچواندنی هەتا ژمارە (٤٠٦)ی ڕۆژنامەکەی لەژێر چاودێری خۆیا دەرکرد.

لەدوای هەوڵ و کۆششێکی زۆر لە ڕۆژی (١٤) ئابی ساڵی (١٩٣٤)ز پیرەمێرد توانی ئیمتیازی ڕوژنامەکە لە ژمارەی (٤٠٦)ەوە بە ناوی خۆیەوە وەرگرێ لەگەڵ ئەمـەشـا چاپخـانەی شارەوانی بەکرێ‌گرت بۆ لەچاپ دانی ڕۆژنامەکەی. لەم بوارەدا بایەخی دا بە ڕۆژنامەکەی‌و بە شێوەیەکی قەشەنگ لە (١٢) لا پەڕەدا هێنایە بەرهەم، بەوجۆرە ماوەیەك بەسەر دەرچوونی ڕۆژنامەکەدا تێپەڕی‌و چەند ژمارەیەکی بە ڕێك وپێك و پڕسوودی بەکەڵکی لێ بڵاوکردەوە، کوتوپڕ کەشمەکەشێ یەخەی گرت کە ئەویش کۆتایی هاتنی ماوەی بەکرێ‌گرتنەکەی چاپخانەکە بوو، لێرەدا میری نەی‌ویست دووبارە چاپخانەکە بەکرێ‌بداتەوە بە پیرەمێرد بۆئەوەی ڕۆژنـامـەکـە پەکی بکـەوی‌و دەرنەچێ، چونکە بەگوێرەی سازو ئاوازی ئاغای ئینگلیـزیـان هەڵ ناپەڕێ نابێتە زوڕنای دەم و کاوێژیان، بەڵام پیرەمێردی پڕ عەزم و هیمەت بە هەرچۆنی بوو هەرچی سامانێکی هەبوو فرۆشتی بەو پارەیە چاپخانەیەکی سەربەخۆی کڕی. ئینجا بە باوەڕێکی بەتینەوە ڕوژنامەی (ژیان)ی

دەرکرد بە بێدریغی کردن تا ڕۆژی (١٠)ی نەورۆزی ساڵی (١٩٣٨)ز ژمارەی ڕۆژنامەکەی گەیاندە (٥٥٣) ڕۆژنامە، ئیتر ئەوە دوا ژمارەی ڕۆژنامەی (ژیان)بوو چونکە مافی ئیمتیازی ڕۆژنامەکەیان لێ سەندەوەو دەرگایان لە ڕۆژنامەکە داخست. ئەویش سەبارەت بە بڵاوکردنەوەی هۆنراوەو سروودی نیشتمانی شۆڕشگێڕ لەسەر ڕووپەڕەکانی ڕۆژنامەکە کە لەگەڵ ڕێبازی کاربەدەستانا نەئەگونجا...

پیرەمێرد لە ڕۆژی (٢٢)ی کانونی یەکەمی ساڵی (١٩٣٩)ز ئیمتیازی ڕۆژنامەی (ژین)ی وەرگرت، یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەکە ژمارە (٥٥٤)ی هەڵگرتبوو لەبەرئەوەی لەسەر زنجیرەی خوشکە جوانەمەرگەکەی (ژیان) ئەڕۆین، ، ئا بەو جۆرە سەرلەنوێ پیرەمێرد گەشەیدا بە ڕۆژنامەکەو گۆشەی هەمەجۆرەی سوودبەخشی تیا بڵاوکردەوە، خزمەتی کۆمەڵ و زیندوکردنەوەی کەلەپووری نەتەوایەتیمانی گرتبوە ئەستۆ.

ڕۆژنامەی ژین، لەکاتی گەرمەی خەباتە نەپساوەکەیا لەکاتی جەنگی گیتی دووەما گەلێ چەرمەسەریو دەس کورتی هاتوتە پێش، بەڵام بە گیانێکی پڕئارامەوە توانی زاڵ ببێ بەسەر هەموو ئەو کۆسپانەدا کە هاتە ڕیگای.

ئابەو جۆرە پیرەمێردی کوردپەروەرو ئازاو بلیمەت هەتا ڕۆژی (١٥)ی حوزەیرانی ساڵی (١٩٥٠)ز توانی کە (١٠١٥) ژمارە لەڕۆژنامەکە بخاتە ژێردەستی خوێندەوارانی نەتەوەکەی، وە لە ڕۆژی (١٩)ی حوزەیرانی ساڵی (١٩٥٠)ز لە تەمەنی (٨٣) ساڵیا کۆچی دوایی کرد لەسەر ڕاسپاردەکەی خۆی لەگردی (مامەیارە) نێژرا.

ئەوەشمان لە بیرنەچێت کە پیرەمێردی خوالێخوشبوو لە سەرەمەرگا وەسیەتی کرد کە ئەبێ چاپخانەو ڕۆژنامەکە بە پوختەیی بەخێو بکرێ.

بەڵێ... پیرەمێردی نەمر لە ماوەی (٢٦) ساڵی ڕەبەقا خۆی بە دەرکردنی ڕۆژنامەی (ژیان)و (ژین)ەوە ماندوو کرد، وە لەو ماوەیەدا هیچ فەرمانبەرییەکی میری نەگرتە دەست، ژیانی خۆی تەنیا بۆ پیشەی ڕوژنامەگەریو نووسینی ویژەیی تەرخان کرد.

هەروەکو خوێندەوارانی بەڕێز شارەزان کە پیرەمێرد بەتەنیا نووسەر نەبوە

بەڵکو دەسیکی باڵای بووە لە هەڵبەستوەونینەوەدا، خاوەنی دیوانێکی شیعری دەوڵەمەند بووە، وە لە بەرهەمە نازدارەکانی پیرەمێرد ئەمانەن:-

١ ـ لە پاشماوە دێرینەکانی پیرەمێرد (١٠٠٠٠) دەهەزار دێرە هۆنراوەکانیەتی کە بە شێوەی (پەندی پێشینان) هۆنیویەتەوە لە ڕووپەڕەکانی ڕۆژنامەی (ژین)دا لەژێر ناوی (پەندی پێشینان)دا هەموو جارێ چەند دێریکی بڵاوکردۆتەوە وە لە ساڵی (١٩٦٩)ز بە سەرپەرشتی مامۆستا (کاکەی فەللاح) چەند بەرگێکی لەچاپ دراوە.

٢ ـ هۆنراوەکانی شاعیری نەمر (مەولەوی) کە پیرەمێرد لەسەر شێوەی سۆرانی هۆنیویەتەوە وە لە دوو بەرگا لەچاپخانەی (ژین) چاپیکردوون.

٣ ـ (مەم وزین) لەسەر شێوەی چیرۆکی پەخشان چاپیکردوە.

٤ ـ (دوانزە سوارەی مەریوان) چیرۆکێکە دەربارەی ئازایی کورد.

٥ ـ (مەحمودئاغای شیوەکەڵ) چیرۆکێکی ڕووداوە لەناو کوردەواری‌یا.

٦ ـ (گاڵتەوگەپ) بریتیە لە پەندو سەرگوزشتەی کوردی.

٧ ـ (کەمانچەژەن) چیرۆکێکی ئەڵمانی‌یە لە تورکی‌یەوە کردویەتی بە کوردی.

ئەم بەرهەمانەی باسمان کردن هەموویان چاپ کراون و بڵاوکراونەتەوە.

سەرچاوە: لە کتێبی مێژووی ڕۆژنامەگەری ساڵی ١٩٧٠ز.

(وەسیەت نامەکەی پیرەمێرد)

ئەمجارە ئەمرم، لە مردن ناترسم، ژیانێکی باش و عومرێکی درێژم ڕابواردوە، گەلێ شاران و وڵاتـان گەڕاوم، گەورەو پادشـاهـانم دیوە، تاڵی‌و سوێری زۆرم چەشتـوە، بە نیـوەخـوێنـدەواری لە سلێمـانی دەرچووم و خوێندنێکی بەرزم هێنایەوە، بە سەر بەرزی ئەزانم کە لە ڕێی باوەری خۆما حەپس و زیندانێکی زۆرم دیـوە لەم وڵاتـەدا، دوو چاوم هەبـووە یەکێ (زانستی)و یەکێ (ژین)، ئێستاکە ئیتر لەوانەیە کەڵکی خزمەتم پێوە نەمێنێ‌و ببم بە بار بەسەر خەڵکەوە، ڕووئەکەمە قاپی ئەبەدی، ڕووئەکەمە قاپی ئەبەدی بە بێ‌ئەوەی کە ماڵی کەسم خواردبێ، محتاجی کەس بووبێتم، هیچم پاشەکەوت نەکردوە، هیچیشم لەدوا بەجێ‌نەماوە، چاوم لەدوای خۆم نی‌یە، خۆم بە ئاخرخێر ئەزانم، هەرچەندە یەگانە هیـوام ئەبوو کە ببینم قەوم و میللەتەکەم پلەیەك لەمە بەرزترو خوێندەوارترو پێگەیشتوتر بن، بوو بە گرێ لەدڵما نەمدی، لەگەڵ ئەوەشدا بەختیارم چونکە بۆم دەرکـەوت کە قەوم و میللەتـەکـەم لە پێشکـەوتنـدان و هەمـوو جۆرە توانـاو قابلیەتێکیان تێدایە. ئامۆژگاریم ئەوەیە بخوێنن، کوڕو کچ تا خوێندەوار نەبن بێ‌سوودە، هەموو شتێك بە عیلم و فەنەوەیە، وەکو وتومە:

لای من خوێندەواری‌یە، ئا خوێندەواری‌یە
هەر میللەتێ کە فەننی نەبێ دەردی کاری‌یە
ئاخ خوزگە خوێندنیش وەکو من ئارەزوو ئەکەم
ببینم و نەبێتە گرێی قوڕسی کفنەکەم

ئامۆژگاریم ئەوەیە بەشوێن مادە نەکەون، دنیا زۆر بەگران مەگرن، تا ئەتوانن خزمەتی ڕاست و بێمقابلی قەوم و زمان و ولاتەکەتان بکەن و دەستی داماوان بگرن و لە دین لامەدەن، خواو پێغەمبەری خۆتان بناسن و ڕەوشتتان پاك و خاوێن بێت.

ئامۆژگاریم ئەوەیە چاپخانەکە مەفەوتێنن، ئەم قەلەندەرخانەیە تێك مەدەن. ئەو یەك دوو کەسانەی ئەم بەینە لەم قەلەندەرخانەیەدا خۆیان داوەتە پەنای من بێنازیان مەکەن، حەقیان بەسەرمەوەیە، ڕۆژنامەکەش لەدەست مەدەن.

چاپخانەکە ئیش پێبکەن چونکە، لە لایەکەوە ناکوژێتەوەو خزمەتێکی پێ ئەکرێ، لە لایـەکیتریشەوە ئەو جیهەتانەی من یارمەتیم داون بەڵکو بەهۆی ئیش کردنی چاپخـانەکەوە ئەو یارمەتییەیان لێ نەبڕێت، ئامۆژگاریم ئەوەیە شیعرو نووسینەکانم کۆکراوەیە مەیفەوتێنن ئیستفادەی لێ ئەکرێت. ئامۆژگاریم ئەوەیە لە (گـردی یارە) بمنێـژن. بۆم مەگـرین، ئەگـەر زۆر بیرتـان کردم جارجـار سەرم لێبدەن. فایەق ئەم ئامۆژگارییانەم بۆ تۆیەو بۆ ئەوکەسانەیە بەتەنگمەوەن..

سەرچاوە:

پیرەمێردی نەمر ١٨٦٧ ـ ١٩٥٠ نووسینی محمد ڕسول «هاوار»

● مەلا حەمدوون زەکی

١٨٥٦ - ١٩١٨

شاعیرو بلیمەتی
بەناوبانگ
مەلا حەمدوون زەکی

ناوی مەلا محمدی کوڕی مەلا ئیسماعیلی کوڕی مەلا یوسفە لە بنەماڵەیەکی مەلازادە لە ساڵی ١٨٥٦ز لە سلێمانی لە گەڕەکی سەرکارێز بەکوێری هاتۆتە دنیاوە، دوو برای هەبووە یەکەمیان حاجی مەلا ئەورەحمانی دەرمان کوت کە لە سەرەداری «بیەکاژاو» پاش سوتاندنی دەرمانی تێکەڵ ئەکردو باروتی لێ دروست ئەکرد بۆ تەقەمەنی، خەزوری خەلفە فەرەجی وەستا توفیقی کەبابچی بوو، دووەمیان ناوی عەبدوڵڵا بووە کە لە شەڕی پشدەردا لە سەردەمی عوسمانی کوژراوە، خێزانەکەی ناوی «حەبیبە» خانی کچی صالح ئاغای حەمەمین ئاغای بینباشی بووە ئەمیش بەکوێری هاتوەتە دنیاوە لە گەڕەکی سابون کەران، ئەم ژنە دەنگی خۆش بووە، لە تەعزیەی ژناندا قورئانی خوێندوە، دوو کوڕی هەبووە گەورەکەیان مەلاحیدی شاعیرە کە دەنگی خوش بووە لە تەعزیەو مەولود خوێندویەتی و حوجرەشی هەبووە، دووەمیان مەلا جەلالە کە لە کفری ژیاوەو هەر لەوی و کوچی دوایی کردوە.

ئەم کوێرەبلیمەتە جگە لە قورئان کە لەبەر خوێندویەتی هیچ جۆرە قوتابخانەیەکی نەدیوە، بەڵام خوا زیرەکی‌یەکی وای دابوویە کە لە کەم کەسدا لە مرۆڤدا هەبووە، وە هەروەها بە بێ بێچاو هەستێکی‌وای دابوویە کە لە هیچ چاوساغێکدا نەبووە، وە جگە لە کوردی بە فارسیش شیعری وتوە، مەلا حەمدون پیاوێکی رەشتاڵەی کونجی باڵا بەرزو رەقەڵە بووە، لە رێگاوباندا جارجار دەستیان ئەگرت وە.زۆرجاریش بەتەنها ئەسورایەوە تەنانەت بەوکوێری‌یە بە تاقی

تەنیا شارەزای هەموو کوچەو بازاری ئەستەمبوڵ بوو، هەمووساڵێك لە هاویندا لەگەڵ چەند کوێرێکی‌تردا چووە بۆ کوردستانی ئێران وەك سنەو سەقزو سەردەشت و سابلاغ و دێهاتی ئەو ناوچانە بۆ نان پەیداکردن تا پایزێکی درەنگ ئنجا هاتۆتەوە. بەبۆنەی ئەم هاتوچۆی دەرەوەو ئەو شارانە ناوبانگی شیعری‌و وریایی‌و بلیمەتی‌و بەسەرهاتی سەیری ناوی دەرکردبوو. ئەم کوێرە وریایە تابڵێی قسەخۆش و بەزەوق و دەم بەپێکەنین بووە، چوبێتە هەر کۆڕێکەوە بووە بە بەزم و سەرگورشتە گێرانەوە ئەو دانیشتنەی خۆش کردوە زۆرجار یاری «شەترنج»و «دامە»یان لەگەڵ کردوە کەس نەبوە لێی بەرێتەوە. زۆری وەختی لەناو فەقێ‌و مەلاکاندا بەسەربردوە هەر جارە یاری‌یەکی وای لێ داهێناون هەموو سەرسام بوون.

جارێکیان چمکی هەردوو فەقیانەی فەقێیەك گرێ‌ئەدا لەپاشا فەقێیەکی‌تر دێنێ فەقیانەکەی ئەکا بە فەقیانەکەی ئەم فەقێیەدا وە چمکی هەردوو فەقیانەکەی ئەمیش گرێ‌ئەدا ئەمجا بەرەڵایان ئەکاو پێیان ئەڵێ بزانم بە بێ‌کردنەوەی یەك لەم دوو فەقیانەیە ئەتوانن خۆتان رزگار بکەن ئەوانیش هەرچەند ئەکەن نازانن چی‌بکەن دوایی بریار ئەدەن هەر خۆی نەبێ ناتوانن رزگاریان بێت، کوێرە دێت ئەمیان ئەکات بە کونی فەقیانەی ئەویاناو ئەوی‌تریان ئەکات بە کونی فەقیانەی ئەمیانا بەجۆرێك هەر خۆی ئەیزانێ چۆن هەردووکیان لە یەك جیابکاتەوە.

زۆرجار سەعاتیان تێك وپێك ئەداو پارچە پارچەیان ئەکرد ئنجا ئەیان دایە دەستی رێك وپێك چاکی ئەکردەوەو ئەیخستەوەکار، ئەگەر گوێی لە تەپەی پێی ئافرەت بوایە ئەیزانی ئەمەژ نە یان کچە، ئایەتی قورئانت لێ بپرسیایە ئەی‌وت

ئەم ئایەتە لە قورئانی حافظ عوثمانا کەوتۆتە فلان پەرەوە.

زیرەکی ئەم پیاوە بەوکوێری‌یە گەیشتبوە ڕادەیەك خەڵك ئەیان وت بەڵێ چاوی نی‌یە بەڵام جنوکەی هەیە شتی پێ‌دەڵێ لە ژوورێکدا پێت بووتایە ئەم ژوورە چەند داری دارەڕای تیایە هەڵئەسایە سەرپێ‌و هەردووباڵی لەم سەری ژورەکەوە بۆ ئەوسەری چەند جار ڕێك درێژ ئەکرد و ئەیوت ئەوەندە داری تیایە ئەگەر بتژماردایە کەم و زیادی نەبوو، فیشەکیان ئەدایە دەستی هەندێ دەستی لێ‌ئەخست وە دوایی لەناو سی چل فیشەك دا تێکەڵیان ئەکرد نوختەیان بە قەڵەم لێ‌ئەدا ئینجا ئەیان دایەوە دەستی یەکەیەکە دەستی لێ‌ئەخستن و لەناو هەموویاندا فیشەکەکەی ئەدۆزیەوە، یان کتێبێکیان دابێتە دەست ڕووەکەی دۆزیوەتەوە واتە ڕووی کتێبەکەی کردۆتە خۆی وەك یەکێك بیەوێت بیخوێنێتەوە، یاخود سێ چوارکەسی نەناسیاو قسەیان لەگەڵ کردوە ئەم بلیمەتە وتویەتی ئەوەیان درێژەو باڵابەرزە ئەوەیان کورتەباڵایە یان ئەوەیان پیرەو ئەوەیان گەنجە یان سەیر ئەوە بووە کە جوان و ناشرینی بەدەنگیانا جیاکردۆتەوە لەمانە سەیرتر ئەوەیە ئەم کوێرە وشیارە لە کۆڕی دانیشتنندا لێیان پرسیوە مامۆستا ئێمە لێرەدا چەند کەسین کەمێك گوێی گرتووە پاشان وتوویەتی ئەوەندە کەسن کە تەماشایان کردوە دەق ئەوەندە کەس دەرچووە.

بۆئەوەی زیاتر لە ژیانی ئەم بلیمەتە بزانن ئەوا چەند بەسەرهاتێکی خۆشتان بۆ باس ئەکەین لەگەڵ نموونەیەك لە شیعرەکانی:ـ

١ ـ مەلا حەمدوون و مەحمود پاشای جاف:

ـ ڕۆژێ مەحموود پاشای جاف ئەڵێ حەمدوون بیستومە ئەڵێن لەناو تۆپێ جگەرەدا جگەرەیەك ئەدۆزیتەوە ئەویش ئەڵێت پاشا وایە، ئەڵێت ئەگەر وەها بێ خەڵاتت ئەکەم، پاشا ئەڵێت و تۆپە جگەرەکەی بۆدێنن وە جگەرەیەك ئەداتە دەست حەمدون وە دەستی لێ‌ئەخات و ئەیداتەوە دەست پاشا، ئنجا پاشا ئاغزەکەی دەردێنی‌و ئاغزەیەکی‌تری تێ‌ئەخات وە بە قەڵەم نوختەیەکی لێ‌ئەدات و تێکەڵی تۆپە جگەرەکەی ئەکات و ئەیدەنە

دەست حەمـدوون ئەویش یەکە یەکە جگەرەکان ئەگرێت بەدەستیەوە وە باش دەستی لێئـەخـات کە ئەگـاتە سەر ئەو جگەرەیە ڕائەوستێت و هەر ئەم سەرو ئەوسەری ئەکات و دایئەنێ مەحمود پاشا ئەڵێت ها کوێرە بۆ دایئەنێیت، ئەڵێ پاشا بەخوا ئەم جگەرەیە خۆیەتی بەڵام سەرم لە ئاغزەکەی سورماوە لەو ناچێت ئەبێت گۆڕیبێتت، ئنجـا مەحمـوود پاشـا ئەڵێت کوێرە بە کەلامی خوا، خوا زانیویەتی چاوت گەرەك نییە بۆیە پێی نەداویت.

٢ ـ حەمدون و سەعاتەکەی:

ـــــــــــــ: ـ حەمـدون لە ئێرانـەوە دێـتـەوە لای سەقـزەوە سەعاتەکەی لەبەری ئەپەڕێت و سەعات ژمێرەکەی و دەقیقەژمێرەکەی ئەشکێت، هەر لەوێدا حەمدون دائەنیشێت و شقارتەکەی دەرئەهێنێت لە تەختەی قەپاغی شقارتەکە سەعات ژمێرو دەقیقەژمێری لێ دروست ئەکات و ئیشی پێ ئەکات هەتا ئەگاتەوە سلێمانی.

٣ ـ حەمدون و عەلی ئاغای گەورە:

ـــــــــــــ: ـ حەمدون لە خانوویەکدا ئەبێت لەژوور ماڵی عەلی ئاغای گەورەوە، لە گەڕەکی سەرکارێز، وا ڕێك ئەکەوێت ئەو ئاوەی دێت بۆ ماڵی عەلی ئاغـا لە کارێـزەوە بە گونـج بەوخـانـووەدا دێـت کە حەمـدونی تیـایـە، حەمدون دێت بۆلای عەلی ئاغاو ئەڵێت ئاغا من کوێرم وە خێزانەکەشم هەر کوێرە کە ئەچێت بۆ کارێز بۆ ئاو زۆر زەحمەت ئەبینێت خێرت ئەگاتێ ڕازی ببە ئەو ئاوە بەقەدەر مەرکانەیەك هەڵبدەینەوە بۆ بەکارهێنانی وە پەیمانت ئەدەمێ کە پیسی ناکەین وە زۆر چاك ئاگاداری ئەکەین، لەمە عەلی ئاغا تورەئەبێت و ئەڵێ کوێرە من ئاو لە ماڵا سەرچاوەیە تۆ هەڵت دایەوە ئەو پاکیەی نامێنێت و خەڵك پێی فێر ئەبێت بەخوا پەنجەی لێ بدەیت پەنجەت ئەبڕم.

حەمدون بەزویری دێتە دەرەوە ئەڵێت باشە دەستی لێ نادەم.

دوای ماوەیەك بە عەلی ئاغا ئەڵێن، ماوەیەکە نابینین مەلاژن بێت بۆ کارێز بۆ ئاو، ئەبێ ئاوەکەی هەڵدابێتەوە ئاغا بە مەلا ئەڵێ و مەلاش ئەڵێ نەبوە، ئاغا لێی

ڕۆشن ئەبێت کەوا حەمـدون ئاوەکەی هەڵداوەتەوە وا بە باش ئەزانێت خۆی ئازاری حەمدون نەدات وە بە حکومەت تەمێی بکات.

خەبەر ئەدات بە قوڵاغاسی ئەوڕۆژەی زەمانی تورك بە چەند زەفتیۆە دێت بۆ ماڵی حەمدون و موختار لەگەڵیاندا ئەکەونە گەڕان لە ماڵی حەمدون حەوش و هەیوان و ژوور هیچیـان بۆ نادۆزرێتـەوە حەمـدون و مەلاژنیش هەر ئەبـۆڵێنن و دۆعا ئەکەن و ئەڵێن ئەمە حەقی دراوسێیەتی‌یە؟ قوڵاغاسیو زفتێ بێنێتە سەر کوێری بێدەسەڵاتی وەکو ئێمە قوڵاغاسی لە عەلیئاغا گرژ ئەبێت و ئەڵێ‌ئاغا عەیبە گەر بە کوێـرێکی وەهـا ئەکـەیت کوا ئاو، ئاغـا ئەڵێت قوربـان باوەڕ بکـە ئاوی هەڵداوەتەوە ئێمە نایدۆزینەوە تۆ ئەمە ناناسیت، ئەڵێ ئاغا ئاو چۆن ون ئەبێت ئاخـر کوا؟ ئاغا لە دیوارێکدا دۆڵابێ ئەبینێ ئەڵێ حەمدون ئەبێ ئەو دۆڵابە بکەیتەوە حەمدون ئەڵێ ئاغا تۆزێ غیرەتت بێ ئەمە جل وبەرگی مەلاژنی تیایە عەیبە، ئەبێ بەقرەیان مەلا دوڵابەکە ئەکاتەوەو ئەڵێ ئەو قورئانەی سنگم کرد بەگژتا بۆ بێغیرەتیت، دۆڵاب ئەکاتەوە بەڵێ جل وبەرگی مەلاژنی تیایە، قوڵاغاسی تەواو لە عەلی ئاغا تورە ئەبێت دێتە دەرەوەو ئەڵێت برۆ ئیتر ناوی ئەم کوێرە بێنیت خراپت پێئەکەم دیارە تۆ شتێکت هەیە لەگەڵ ئەم کوێرە ئیش لە ئاوا نی‌یە، ئاغا بە هەناسەی ساردەوە ئەڕواتەدەرێ. تومەس دۆڵاب سەیارەو ئاوەکەی وا لەژێردا ئیشی پێئەکەن و دۆڵاب قایم ئەکەنەوە. حەمدون ئەڵێ مەلاژن ئیمڕۆ قنچکە بامێو تڵپە ترشەکەی بڕێژە ئاوەکەوە با بچێ بۆ ماڵی ئاغا، ئاغا سەیر ئەکات وا قنچکە بامێو تڵپەترشی بە ئاوەکەدا بۆ دێتە خوارێ، بەڵام چیبکات ئاوی نەدۆزیەوەو قوڵاغاسی هەرەشەی لێ کردوە ناوی حەمدون بێنێ.

سبـەینـێ مەلاژنی نارد ڕەنگی سوورو سەوزو شین و زەردی بۆ کرێ لە سلێمـانی. ڕەنگـە سوورەکـەی دا بەدەم ئاوەوە بۆ ئاغا، ئاغا سەیری‌کرد وا سوراوی بۆ دێتە خوارەوە سەرێکی ڕاوەشاندو وتی بەخوا سەرچاوەی چاکم هەیە تۆزێکی‌تر بوو بە سەوزەئاو، نەختێکی‌تر بوو بە شین، ئاو نزیك عەسر بوو بە زەرداو بە ڕاکردن ڕۆیشت بۆ ماڵی حەمدون قاپی داخرابو دای لە قاپی حەمدون وتی کێیە عەلیئاغا وتی منم مەلا وتی چی‌یە ئاغا دیسان چی‌یە بۆچ وازم لێ ناهێنی لەباتی یاریدەو خزمەتم شەڕم پێ ئەفرۆشی، گەورەی گەرەك وەها ئەبێت،

بابە ئەم خانووە چۆڵ ئەکەم وئەڕۆم بۆ گەڕەکێکیتر، عەلیئاغا ئەڵێ مەلا مەیکە بە هەرا بەخوا ڕازیم، ڕازیم هەر ڕەنگی تێمەکە، بەڵام پێم بڵێ چۆنت دزیوە شەرت بێ هیچ دەنگ ناکەم و تۆش پیسی مەکە، ئەڵێ وەرە ژوورەوە، دۆڵابەکەی پیشان ئەدات سەیرئەکات مەرکانەیەك وا لەژێریا لەلایەکەوە ئاوەکەیتێ ئەچێو لەلایەکەوە ئەچێتەوە بۆ گونجەکە.

٤ ـ کەرەتێك مەلا حەمدون کەڵەشێرێکی چاکی ئەبێت زۆری خۆش ئەوێت، ڕۆژێك لێی ئەدزن، بە دزینی ئەم کەڵەشێرە زۆر دڵ تەنگ ئەبێت هەر لە بیری ناچێتەوە، پاش ساڵێك بە گەڕەکێکیتردا تێئەپەڕێ گوێی لە دەنگی کەڵەشێرێك ئەبێت بە دەنگی خوێندنیدا دەیناسێتەوە کەڵەشێرەکەی خۆیەتی ئەچێتە سەریان بە ناونیشان لێیان ئەسێنێتەوە.

٥ ـ مەلا حامیدی کوڕی مەلا حەمدون گێڕایەوە جارێکیان مەلا حەمدون لە ماڵی حاجی مەلا ئەورەحمانی دەرمان کوتی برای لە حەوشەکەیان دائەنیشێ لەوکاتەدا ماڵی حاجی مەلا ئەورەحمان کەسی لێ نابێت جگە لە ڕەحمەخان کە خێزانی حاجی مەلا ئەورەحمانە پاشان ئەویش دەڕوا بۆ ماڵە دراوسێیەکیان ماڵ چۆڵ ئەکەن لە حەوشەکەدا حاجی مەلا ئەورەحمان بەرانێکی نایاب و وریایان دەبێت ناوی «مەرجان» دەبێت، مەرجان هەمووکات بەرەڵا ئەکرا بۆ دەشت و لەوەڕ بێئەوەی کەسی لەگەڵ بێ خۆی لەپاش لەوەڕ هاتۆتەوە بۆ ماڵەوە کە مەرجان مەلا حەمدون ئەبینێ ئەچێتە پێشەوە لێی دەست ئەکات بە جوونی فەقیانەکانی مەلا حەمدون، تا وایلێدێت مەلا حەمدون هەردوو دەستی قورس ئەبیو بێتاقەت ئەبێ لەپڕ مەلا حەمدون بە هەموو هێزی خۆی هەردوو دەستی ڕائەپسکێنی بۆئەوەی لەدەست مەرجان ڕزگاری بێت لەوکاتەدا مەرجان دوور ئەکەوێتەوە بۆ ئەوەی گوڕ ببەستێتەوەو بە هەموو هێزی شۆقێك لە مەلا حەمدون بدات ـ مەلا حەمدون وتویەتی کە مەرجان دوورکەوتەوە زانیم ئەیەوێ گوڕ بخواتەوەو بە هەموو هێزی شۆقم لێبدا.. ئا لەوکاتەدا ئەم بلیمەتە توانیویەتی لەو ماوە کەمەدا کە مەرجان خەریکی گوڕبەستنەوە بوو ئەو دارتووە گەورەیەی لە حەوشەکەیاندا

بوو دۆزیوێتەوەو بە یەك هەناسە سەرکەوتۆتە سەرەوە تا لە شاخەکانی مەرجان ڕزگاری بێت، گەر چاوساغ بکەوێتە حاڵەتی واوە کونەمشکی لێ ئەبێ بە قەیسەری، کاتێك کە ڕەحمەخانی خێزانی حاجی مەلا ئەورەحمان دەگەڕێتەوە تەماشا ئەکات مەلا حەمدون دیار نی‌یە.. ئەم لا ئەکا ئەولا ئەکا بێسوود دەبێت - پاشان مەلا حەمدون لەسەر دار توەکەوە هاوار دەکات بڕوانە ڕەحمە وام لێرە دڵت هیچ نەکات - - پاشان دێتە خوارەوە.

٦ - مەلا حامید گێڕایەوە ووتی کەرەتێك مەلا حەمدون میوانی شێخ طیبی تاڵەبانی ئەبێ ... هەموو شەو کە لە حوجرە نانی بۆ دائەنێن تا لە مزگەوت دەگەڕێتەوە تەماشا ئەکات نانەکەی کە شێخ طیب بۆی داناوە لە تەکیەکەی نەماوەو خوراوە شەوێ دووشەو سێشەو ئەمە دووبارە ئەبێتەوە، پاشان بۆی دەرئەکەوێ کە پشیلەیەك بە نانەکەی فێر بووە، مەلا حەمدون زۆر داخ لە دڵ دەبێ‌و هەر شەو بێشێو سەرئەنێتەوە هیچ دەنگ ناکات ئەم کوێرە بلیمەتە ئەهێنێ چوار پۆتین لە گوێز هەڵدەکۆڵێ بە قەڵەم بڕ ئامادەی دەکات و کەمێ قیر پەیدا دەکات، شەوێ لە شەوان پیرە پشیلە دەگرێ‌و بە قیر قاچەکانی پشیلە لە گوێز دەگرێ‌و پاشان بەرەڵای دەکات و دەڵێ دەبڕۆ بۆ ناودێ، دەیکاتە خۆراکی سەگ و لەکۆڵ خۆی دەکاتەوە..

٧ - مەلا حامید گێڕایەوە وتی سەفەرێك مەلا حەمدون ئەچێ بۆ لای عبدوڵلا بەگ «ئەدەب» لە دێی «ئەرمەنی بلاغی» کە دێی «ئەدەب» بووە، ئەچێتە دیوەخان، لە دیوەخان نابێت، جوابی بۆ ئەنێرن کەوا مەلا حەمدون هاتووە بۆ خزمەتت لە سلێمانیەوە، حەزدەکات بێتە خزمەتت، ئەویش نایەت بۆ دیوەخان و ئەڵێ جارێ کاتی ئیسراحەتە دوایی ئەیبینم، خێرا مەلا حەمدون ئەم شیعرەی بۆ دێت .. کە دەڵێ:

کە تۆ میصباحی دیوانی وڵاتی
قەراری سەبرو ئارام و ثەباتی
شل و توند ناوقەدم گرتی لەکوندا
کەچی کلکت پسا بۆم دەرنەهاتی

ئنجا مەلا حەمدون دیوەخان بەجێدەهێڵێت و دەڕوات، پاشان کە میصباح الدیوان «ئەدەب» دەزانێ مەلاحەمدون ڕۆیشتووە پەشیمان دەبێتەوە، بەڵام مەلا حەمدون ناگەڕێتەوە هەرچەند پیاوەکانی بەسواری دەچن بەشوێنیدا دەڵێ هەموو ئێرانم لەسەر تاپۆ بکەن ناگەڕێمەوە.

٨ ـ جارێك مەلا حەمدون لە لادێ بزنێکی دەست ئەکەوێ، ئەوماڵەی تیایدا ئەبێ حەوشی نابێ، شەوێ خۆیو خاوەن ماڵەکە لەسەر بان ئەنوون بزنەکە لە خوارەوە ئەبەستێتەوە بە گوریسێکەوە، سەری گوریسەکە لە سەربان ئەبەستێ بە دەستی خۆیەوە نیوەشەو گورگێك دێتە سەر بزنەکە، کوێرە خەبەری ئەبێتەوە بە جوڵانەوەی گوریسەکە، عاستی گورگەکە ئەدۆزێتەوە لەتەنیشت خۆیەوە دەست ئەداتە تفەنگ، تفەنگێ ئەنێت بە گورگەکەوە ئەیکوژێ ئنجا خاوەن ماڵ خەبەریان ئەبێتەوە.

٩ ـ لە سلێمانی «عەجەم ئۆغلێ» ناوێك لەگەڵ شەش هاورێیتری کوژران، ئێرانی بوون، لە دوکانێکدا نزیك ئەصحابەسپی، ئەم خوێنەیان هێنا بەسەر مەلا مەحمودو مەلا ڕەشیدی کوڕانی حاجی مەلا ئەوڕەحمانی دەرمان کوت دا، کە برازای مەلا حەمدون بوون، هەردووکیان ڕائەکەن ئەچن بۆ دێی «دووڕووە» لە ئێران، لەپاش چەند ساڵێك مەلا ڕەشیدیان ئەیەوێت بەدزیەوە سەرێکی سلێمانی بداتەوەو بۆ بینینی دایکیو باوکیو کەسوکاری لە ڕێگا لە نیوەشەوێکا خۆی ئەکا بە دێی «وکان»دا ئەچێتە ماڵی عبدالقادری مەهدی کە موختاری ئەو دێیەیە و ناسیاوی خۆیانن وە بێچرپە دەست ئەنێت بە دەرگای دیوەخانەکەوە، کە ئەچێتە ژوورەوە تەماشا ئەکات دوو کەس لەژێر لێفەدا نوستون لە چونە ژورەوەکەی ئەم کوێرە وشیارە خەبەری ئەبێتەوەو سەری لێفەکەی لائەدا ئەڵێ ڕەشید ئەوە کەی هاتیت؟! ئەمیش لەبەرئەوەی کە بە قاچاغی هاتووە قسە ناکات، ئەمجا تێیئەخوڕێ ئەڵێ ڕەشید ئەوە بۆ قسە ناکەیت؟ ئەمیش ئەڵێت بەخوا مامە ئێستا گەیشتومەجێ، مەلا ڕەشید هەتا مرد هەر ئەی وت ئێستاش نازانم ئەو چۆنی ناسیمەوە، بەو نیوەشەوەو بەدەم خەوەوە، چۆنی زانی لە ئێرانەوە گەیشتومەتە ئەوێ.

١٠ - جارێکیان مەلا حەمدون لە ژووری خۆی دائەنیشێ لەگەڵ خێزانەکەیدا لەپڕ گوێی لە تەپەی پێی زەلامێك ئەبێت لە سەربانەوە تێئەپەڕێت لەپاش نیوسەعات دووبارە گوێی لە تەپەی پێی زەلامیك ئەبێت لە سەربا نەوە ئەگەڕێتەوە، ئەم کوێرە بە ژنەکەی ئەڵێ: ئەم هاتوچۆیە یەك زەلامە کە ڕۆیشت کچ بوو، کە گەڕایەوە لەوسەرەوە بووە بە ژن. خێزانەکەی ئەڵێ باوانت شێوێ چۆن ئەبێت شتیوا، کە ئەچنە بنج و بناوانیەوە دەرئەکەوێ کە قسەکەی ڕاست بووە و کێ بوەو کێ نەبووە.

● ● ●

ئەم شاعیرە بلیمەتە (مەلا حەمدون زەکی) لە زستانی ساڵی ١٩١٨ز لە هەڵەبجە کۆچی دوایی کردوەو لە گۆڕستانی (پیرمحەمە) بە خاك سپێراوە، بێئەوەی یەکێ لە کێلی گۆڕەکەی بنوسێ.... ئەمە گۆڕی بلیمەت و هەڵکەوتوو شاعیری گەورەی کورد (مەلا حەمدون زەکی)یە.

نمونەیەك لە شیعری مەلا حەمدون کە بەسەر (سەفەربەلگ)دا هەڵیداوە:

ئەم ڕۆژە چ ڕۆژێکە کە عالەم شڵەژاوە؟
هەرکەس بە جەخارێ جگەری قیمە کراوە؟
دنیا پڕی ئاشووبە خەلایق بە عوموومی
ئاسایشی لێ مەنعە ئەڵێی هێرشی ئاوە!..
کامەی کە ئەڵێی خۆشیەتی دوورە لە میحنەت
ڕیشەی دڵی ئالاوە بە سەد دەردو بەلاوە!
گیرۆدەیە ئەم عالەمە هەرکەس بە سیاقێ
کەوتوونەتە زنجیرەیی ئەنواعی بەلاوە!
وەك تەرزە ئەبارێ بە هەموودەم ئەسەف و غەم
هەوری غەزەب و قەهری خوا توندو بەتاوە!
نیك و بەدی ئەم زومرەیی ئیسلامە بەجارێ
کەوتوونە کەشاکەش بە قوماندەی ئومەراوە.

ئەم زاڵمی سەففاکی «سەفەربەلگە» ئەمڕۆ
فەرمانی بە خوێن ڕشتنی ئەم عالەمە داوە
ژاندرمە ئەسوڕێتەوە وەك واشەیی برسی
بۆ لاشەیی میللەت بە فڕوفێڵیٚ غەزاوە!..
فەوتاوە لەبەر سوغرە کەرو ئێسترو یابوو
حوشتر سەقەت و شەل بووە، گا پشتی شکاوە!
کەر شەوقی زەرینی نی‌یە حەتتا لە بەهارا
ترسی هەیە نەك بیخەنە ژێر باری قەزاوە
هەر شەش جیهەتی گرتووە ئاشووب و موسیبەت
مێشوولە مەجالی نی‌یە دەرچێ لە حەواوە!
تەییارە بە ئەسبابی شەڕو فیتنەوە دایم
جەولانی ئەڵێی هەورە بەسەر مەرکەبی باوە!
باڵۆنی «هەلۆ» شێوەی لەگەڵ دێتە تەحەڕڕوك
عالەم لەنەزەریا بە مەسەل پۆڕی خوراوە!
ئەم جووتە بەلازادەیی باڵندەیە ئەمڕۆ
سەییارەیی فەوقن بە ئەلکتریکی چراوە
عالەم لە شریخەو شەرەری بم بمی بۆمبا
حەیران و سەراسیمەوو عەقڵی خەرەفاوە
بەرقی غەزەبی دانەوو نارنجەك و تۆربید
ئاگر ئەپژێنێ لە زەمین و لە سەماوە!
شەو ڕۆژە لەبەر بەرقی قلیچ و ڕم و سوتنی
لەمعەی قەسەتۆرەش بەمەسەل بەرقی هەتاوە!
دەشت و جەبەل و بەحرو جزیرەو هەموو دنیا
شەق شەق بووە مەجمووعی بەدەم تۆپی قەزاوە!
وشك و تەڕی ئەم سەتحی کورەی ئەرزە بەجارێ
گوڵگون بووە، ڕەنگینە بە خوێنی شوهەداوە!
تا حوکمی تەماشایی تەسەوور لە هەموولا
هەر لاشەیی جنراوو سەرو دەستی شکاوە!

رووسی غەم و ئینگلیزی خەفەت هەردوو بەجارێ
هاتوونەتە سەر مۆمینیعوشرەت بە سوپاوە
هەر لەحزەیێ سەد لەك، چ لە مۆمن، چ لە موشریك
واسڵ بە دوو جێمن، بە عەتاوو بە خەتاوە!
واپۆڕی سەفینەو بەلەم و کەشتییو ئوستوڵ
ئامادەیێ حەربن، لە هەموو لا تەنراوە
گیراوە بە هێزی چەك و تەییارەوو ساروخ
مەعموورەوو وێرانە هەچی ناوی براوە
لەوڕۆژەوە دنیا هەیە تا ئەم دەمە بێشك
مەغلووبەیی بەم غایەتە نەبووەو نەکراوە!
بۆ گرتن و بۆ کوشتنی ئەم عالەمە یەك سەر
ئەم عەرسەیی ئافاقە ئەڵێ حەلقەیی داوە!
ئەم دینە لەپێشا وەکو سەرچاوەیی زەمزەم
بێغەش بوو، ئەمێستاکە ئەڵێی عەینی قوڕاوە!
بنچینەیی دەرکەوتووە بنیادی شەریعەت
یەك سەر هەرەسی بردووە ئاساری نەماوە
پڕگەردی غەمە ناوی سەعاتی دڵی عالەم
ڕەققاس و چەڕوزەنبەلەك و چەرخی شکاوە!
یارەببی لەبەر حورمەت و اکرامی «محمد»
ڕەحمێ بکە بەم باقییی ئیسلامە کە ماوە
کەم زۆرە ئەگەر نەسرەتی حەق ڕاهنما بێ
بێنەسرەتی حەق لەشکری «دارا» سەرە واوە!
«حەمدی» دڵی پەخسیری فەرەنگی غەمە ئەمڕۆ
پەربوونی بە پەربوونی گەرووی «بەسرە» وو «فاو»ە!

سەرچاوە:

---

١ ـ ئەدەبی کوردیو لێکۆڵینەوە. علاءالدین سجادی، ١٩٦٨.

٢ ـ شانۆی ناوماڵ، نوسینی مەلا مستەفای حاجی مەلا ڕەسوڵ (صفوەت)، ١٩٧١.
٣ ـ گۆڤاری ڕۆژی نوێ، شێخ محمدی خاڵ.
٤ ـ کەمال فەرەج توفیق، کە ژیان و بەسەرهاتی لە مەلا حامیدی کوڕی مەلا حەمدون وەرگرتووەو نوسیویەتەوە، کە ئامۆزای دایکی‌یەتی.

* * *

تێبینی: (١) خۆزگە شیعرەکانی ئەم شاعیرە بلیمەتەمان ئەدۆزرایەوە کە ئەزانین لای هەندێ کەس هەیەولەکاتی خۆیدا چەند کەسێك شیعرەکانی لە مەلاحامیدی کوڕی یان وەرگرتووە. بەڵام بەداخەوە تا ئێستا هیچیان نەگەیاند بە ئامانج. ئەمەش نمونەیەك لەشیعرە وون بووەکانی بە شانازیەوە ئەڵێت:

هەرچەندە کە چاوم نیەتەعریفی قەمەرکەم
ئەممابە زەکا مومکینە سەمعم بەبەصەرکەم
ئیسپاتە چ موحتاجە کە ئیظهاری هونەرکەم
هەردەم غەزەلی تازەیی طاهیر کە لەبەرکەم

٢ ـ دەستەی عەجەم ئۆغلی ساڵی ١٩١٣ لە سلێمانی کوژراون.
[نووسەر]

کەریمی عەلەکە

- ١٨٤٥ز - ١٩٤٨ز

● خواجە کەریمی ئەلەکە
١٨٤٥ - ١٩٤٨

ناوی رەوشتی چاك ئەمێنێو نامرێ ئەگەرچی ئەوکەسە لە ژیانیشا نەمابێ، بەڵام کاتێ کە ناوی هاتە پێشەوە لای خەڵکی بەرێزەوە ناوی ئەبرێ، تەنانەت چاکەو کرداری باشی لە دەروونی خەڵکیا جێگیر ئەبێو ناکوژێتەوەو لە شوێنێکی واشا جێیئەکاتەوە کە هەزاران بەسەرهات رووبدا ئەو هەڵنەکەنرێو لەجێی خۆشیا بەسەرهات و چاکەو پیاوەتی لێ بگێررێتەوە.

لەم دواییەدا کە شارەوانی ناوی شەقامەکانی ناوشاری سلەیمانی نا شەقامێك ناونرا بە ناوی (کەریمی عەلەکە)وە، ناوبراویش لە بنەماڵەیەکی کۆنی ئەم شارەیەو پشتاوپشت لەگەڵمان هاتونەخوارێو لە خۆشیو ناخۆشیا بەشدار بوون و خۆیان جیانەکردۆتەوە.

عەبدول کەریم کوڕی ئەلیاسە . جا لەبەرئەوەی خەڵکی خۆشیان ویستوە (ئەلیاسە)کەیان گۆڕیوە بۆ (عەلەکە)، وە عەلەکە بوە بە ناونیشانی خێزانیان.

کەریمی عەلەکە لەسەر ئاینی باووباپیرانی خۆی (مەسیحی) بوو، وە تابڵێی پیاوێکی راست و پاك و لەخواترس بوەو کرداری جوانی خۆی پێشی خستوە لە ژیانا. سەرەتای ژیانی بە بازرگانییەوە خەریك بووە تا لەئەنجاما بەجۆرێ نیشەکەی پەرەی سەندووە کە هەموو ناوچەی کوردستانی عیراق و ئێرانی گرتۆتەوە. وە شوێنی کەسابەتی لە خانەسووتاو لەگەڵ هاوشانەکانی ئەوسای خۆیا بووە.

له دەوری حوکمی شێخ مەحمودی نەمرا له ڕۆژی (١٠)ی تشرینی یەکەمی ساڵی (١٩٢٢)ز بەشــداری کردوەو فەرمـانی (وەزیـری دارایی مالیـه)ی پێ سپـێرراوە. خوالێخـوشبـوو یەکێك بووە لە پیاوماقوڵانی دیوەخانی بابانەکان و شیخانی ئەو سەردەمە، وە پیاوێکی زۆر عاقڵ و زیرەك و دووربیین بوە، لەبەرئەوە هەر کە هەستی کردوە بە ڕوودانی شەڕی جیهانی یەکەم، دەغڵ ودانێکی زۆری عەمـار کردوەو، لە ڕۆژی ڕەشـا بە پارەیەکی کەم فرۆشتویەتی بەوەی توانای کڕینی هەیە بۆئەوەی لە شارەکەدا، دەغڵ و دان زۆر بێ ئەمە جگە لەوەی کە هەموو ئێوارەیە چێشتی لێناوە بە مەنجەڵی زنجیرە داری گەورەو بەسەر هەژارانا دابەش کراوە، چاکەو پیاوەتی ئەم زاتە بەوەشەوە نەوەستا، ئاوی کارێزی (حاجی عەبـاس)کـە بە مڵکـایەتی هی خۆی بوو بەخشی بەو مزگەوتانەی کە ئەکەوتە سەری، وەکو مزگەوتی (حاجی شێخ ئەمین)و مزگەوتی تەکێ ڕووتەو مزگەوتی (هەمزاغا)و مزگەوتی (شێخ محەمەدی بەرزنجی).

لەکاتێکا کە ئینگلیزەکان تالانی ماڵی شیخانیان کرد بەتایبەتی ناوبراو دەستی یارمـەتی بۆ درێـژکـردن و چییـان ویست دریخی نەکـردو بە قەرزو قوڵە دەستیگرتن، تاکوو کەوتنە سەرخۆیان و قەرزەکەیان دایەوە.

لە بۆردومانی شاری سلەیمانیا تاکە ماڵێ کە شاری چۆڵ نەکرد لە گەڕەکی گۆیژە ماڵی حاجی برایماغاو ماڵی کەریمی عەلەکە بوو، لەپاشا کە فەرمان داری شار لێیان پرسی هۆی نەڕۆیشتن و چۆڵ نەکردنتان چیبوو؟ لە وەڵاما ئەڵێ: من نەوەی ئەم خاکەم چۆنی بەجییەڵم!!! وە پاشەڕۆژی من ئەبێ هەر لەگەڵ ئەم خاکەدا بێ.

ناوبراو جگە لەوەی کە زبانی (کلدانی) زبانی دیینی بوو کوردیو فارسیو عەرەبی زۆر باش زانیوە. کۆتایی ژیانیشی لە بەغا بردۆتە سەر تا ساڵی (١٩٤٨)ز وە لەم ساڵەدا گیـانی پاکی بە یەزدان سپـاردووەو هەرلەوێش لە گۆرستانی (کاسولیك) نێژراوە... دوای تەمەنێکی پڕ لە چاکەو خێرخواییو نیشتمان پەروەری.

سەرچاوە: بڵاوکراوەی سلەیمانی

له بلاوكراوەكانی - شارەوانی سلەیمانی
ژمارە (٩) ساڵی (١٩٦٨)ز لاپەرە (٥١)
نووسیینی - غەرییب زێوەر.

* * *



● حاجی مەلا عەلی مەڵکەندی

١٨٥٨ ـ ١٩٤٨

(سەرگوزەشتەی زانایەکی نەمر)

حاجی مەلاعەلی مەڵکەنی

بە پێنووسی مامۆستا نەجمەدین مەلا

ڕۆژنامەی (ژین)

ژمارە (١٦٢٩)

دووشەممە ١٩٦١/٧/٣١ز

خویندەوارانی بەڕێز

پێویستە لەسەرمان کردەوەی چاکەی ئەو پیاوە چاکانە لەیادنەکەین کە دەربارەی مرۆڤ چاکەیان کردوەو ڕێی ڕاستی‌یان پیشانی مرۆڤ داوە چونکە ڕێـزی ڕۆییوان بگیرێ ئایندە بەچاکەو بەڕێز یەتە کایەوە، ئەوا ئەم وێنەیەی خوالی‌خـۆشبوو (مامۆستا حاجی مەلا عەلی مەڵکەنی)م پێشکەش کردن لەگەڵ سەرگوزەشتەی ژیانی تا ببێ بە نمونەیە هەمووکەس لە ژیانیا بۆ ئایین و جیهان تێکۆشێ وە لە کارو کردەوەی چاکە دریغی نەکا.

حاجی مەلاعەلی مەڵکەنی: کوڕی (حاجی عەبدوڵڵا)ی (محەمەد ئەمیناغا)یە کە بە سێ پشت ئەچنەوە سەر (سوبحاناغا)ی خاوەنی (سەراوی سوبحاناغا). ساڵی (١٨٥٨)ز لە سلەیمانی لە گەڕەکی مەڵکەنی هاتۆتە دنیاوە. خوێندنی لە حوجرەو لە مزگەوتەکانی سلەیمانی لای مامۆستایانی دینی بووە بۆ خوێندن تا شاری (سنە)ش چووە.

دوای کۆچی دوایی باوکی خێزانێکی زۆری بەسەرا کەوتوە بەڵام بە بەرهەمی زەوی‌وزارو چەند دووکانێك کە لە باوکی‌یەوە بۆی بەجێ‌ماوە بەخێوی کردوون، وە خۆیشی بە کشت وکاڵ و بازرگانی‌یەوە خەریك بووە. وە لە مزگەوتی مەڵکەنیا بە بێ مووچەو بەخۆرایی دەرسی وتوەو پێش نوێژی کردوە.

حاجی مەلاعـەلی مەڵکـەنی: پیاوێکی ڕەوشت و خوو بەرزو دڵ و دەروون خۆش و باش و هێمن بوو لە ئەنجوومەنا قسەی نەستەق و شیرین بوو، مەلایەکی عەسری‌و بەخشندە بوو هەمیشە حەزی بە چاکەو سەربڵندی نەتەوەکەی ئەکرد، خاوەنی سەرگـوزەشتـەی جوان جوان بوو، لە سەردەمی عوسمـانیـا (ئیمامی تابوور) بوو، ماوەیەکیش قازی (ئاغجەلەر) بوو، کە دەور گوڕاو بوو بە دەوری ئینگلیز وازی لە مووچە خۆری هێنا چونکە مووچەی ئینگلیزی لەلا حەرام بوو، لەبـەرئـەمـە لە دووکـانێ لە دووکـانـەکـانی خۆی لە بەردەرکی سەرا بە مۆرهـەڵکـەنـدن و سکـالانـووسیینەوە خەریك بوو، لە زبانی بێگانەدا عەربی‌و تورکی‌و فارسی باش زانیـوە، وە ماوەیکیش بە پارێـزەری لەگەڵ (فەتاحەفەنی شەیدایی)و (مەلا عەلی مامەشێخە)دا هاوکار بووە.

لە هەمووی سەیرتر کە ئازایی‌و ماف پەرستی (مەلاعەلی) پیشان بدا ئەوەیە کە (مێجـەرسـۆن) حاکمی سیـاسی ئینگلیـز کە لە هەموانەوە زانراوە یەکجار دڵ ڕەق و زۆردار بوو کە بە شەقام و بازارا ئەڕۆیی ئەبوایە دانیشتوان لەبەری هەستانایەو ڕێبواریش ئەبوایە ڕابوەستایەو مل کەچ سلاوی بۆ بکردایە چونکە خۆی بۆ ئەمە فەرمانی دابوو.

ڕۆژێ (مێجەر سۆن) بە بەر دووکانەکانی بەردەرکی سەرادا دێتە خوارێ هەمـوو دووکاندارەکان لەبەری هەڵ ئەسن تەنیا (مەلا عەلی) لەبەری هەڵناسێ (مێجەر سون)یش یەتە بەردەمی (مەلا عەلی) ئەڵێ: بۆچی ئەم هەموو خەڵکە لەبـەرم هەڵسـاو تۆ لەبـەرم هەڵ نەسـای؟. (مـەلاعەلی)یش ئەڵێ تۆ پیاوێکی غەیرەدینی بە‌دینی من، دروست نیە لەبەر تۆ هەڵسم چونکە خوا فەرموویەتی: (یاایها الذین آمنو لا تتخذوا الیهود والنصاری أولیاء لکم فمن یتخذهم منکم فهو منهم). (مێجەرسۆن) ئەمەی زۆر پێ ناخۆش ئەبێ بەڵام هیچ قسە ناکاو بۆ سبـەینێ توورەکـەیـە پڕ ئەکـا لە پارەو ئەینـێرێ بۆ (مەلا عەلی) ئەویش

گلی‌ناداتەوەو ئەڵێ:
پارەی غەیرەدین بەکەڵکی من نایەو من پێویستییم بە پارە نی‌یەو دەوڵەمەنم.
دوای ماوەیـە چەنـد ئینگلیزێ یەنە لای (مێجەرسۆن) ئەویش باسی (مەلا عەلی)یان بۆئەکا ئەڵێ: مەلایەکی هوشیارو زیرەکە ئینگلیزەکان ئەنێرن بەشوێن (مەلا عەلی)یا ئەڵێن:
ئێـوە بۆچی بە فەرمـان رەواییو حوکمی ئێمـە رازی نین؟ ئێمـە رێی پاکـو خاوینی‌مان پشاندان و رێوبان و شەقاممان بۆ زۆر کردوون؟ (مەلا عەلی) لە وەڵاما ئەڵێ: پاك و خاوێنی دروشمی موسوڵمانەو موسوڵمان هەمیشە جل وبەرگ و لەشی خاوێنـەو لە شەوورۆژێکـا (٥) جار دەس نوێـژ ئەشـوا، وە رێوبـان تەخت کردن و دروست کردن کردەوەی موسوڵمانانەو ئاینی ئیسلام ئەڵێ هەرکەسێ بەردێ لەسـەر رێگـا ببینێ پێـویستە لەسەری لای‌بەرێ نەوەکوو یەکێکی لێ هەڵ نووتێو بکـەوێ، هەروەهـا دەسی یاریـدە درێـژ کردن و ئازووقـە زۆر کردن پیشـەی ئێمـەیـە. ئێـوە وازمـان لێ‌بێنن و سواری سەرمـان نەبن وڵاتی کوردستان ئەوەندە بەفەرو بەرەکەتە بەشی زۆری جیهان بەخێوئەکا. ئینگلیزەکان ئەم وەڵامەیان لەلا جوان ئەبێو ئافەرینی ئەکەن.
داخی گرانم ئەم پیاوە زانایە لە تەمەنی (٩٠) ساڵیا رۆژی (١٩)ی تشرینی یەکەم ساڵی (١٩٤٨)ز لە سلەیمانی کۆچی دواییکردو لە گردی جۆگا نێژرا کە ئەو زەوی‌یە هی خۆی بوو بەخشی کە بکرێ بە گۆرستانی گشتی.

* * *

(شێخ لەتیف ی دانسان)

شێـخ لەتـیـیف لە ساڵی (١٨٨٨)ی ز لە سلەیمـانی لەدایـک بووە لەدوای وەفات کردنی باوکی، شێخ لەتییف زۆر مناڵ بووە تەمەنی چوار پێنج ساڵ بووە، دوای وەفاتی باوکی بە شەش مانگ دایکیشی ئەمری خوا بەجێ‌یەنێ، لەگەڵ برا گەورەکـەیا کە شێخ ڕەحیمی ناو بوەو تەمەنی حەوت هەشت ساڵ بووەو دوو خوشکیـان هەبـوە ناچار ئەبن بچن بۆلای مامە شێخ محەمەد سەعیدیان کە مودەڕیسی مزگـەوتی (خـورماڵ) بووە، دوای ساڵێ ئەویش وەفات ئەکاو شێخ نەسییم کە مامی باوکیـان بووە ئەیان باتە لای خۆی‌و ئەویش دوای ماوەیەك وەفات ئەکا. دوای ئەوە چەند شوێنێکی‌تر ئەکەن و دەردی سەری زۆریان تووش ئەبێ‌و بەم جۆرە ژیـان ئەبـەنەسەر تا زەمانی (سەفەربەر) کە حوکم بەدەس تورکەوە ئەبێ، ئەوکاتەش تەمەنی‌شێخ لەتییف ئەگاتە تەمەنی گەنجی واتە (١٧ - ١٨) ساڵ، ناچار لەترسی عەسکەری خۆی ئەشارێتەوەو لەماڵەوە خەریکی (زەردداڕشتن)و مۆرهـەڵکـەنـدن و قەڵەم بڕ دروست کردن ئەبێ‌و دوای ئەوە گرانیەکەی بەسەرا دێ، لەوەشا بەهۆی چەندخزمێکیەوە ڕزگاری ئەبێ لە مردن.

لەکاتی بۆردومانی سلەیمانیا شێخ لەتیف ئەچێ بۆ هەڵەبجە لەوێ دەست ئەکاتەوە بە سنعەتەکەی خۆی، لەوکاتەدا کابرایەك دێت بۆ (بیارە) بۆئەوەی تاقمی دان دروست بکا بۆ (شێخ عەلا دین)و (جەعفەر سوڵتان)ی سەرۆکی هەورامی‌یەکانی (لهۆن) بە پارەیەکی زۆر (شێخ مەولانا خالید)ی کوری (شێخ عەلادین) فێر ئەکا، شێخ لەتیف ئەمەی لێ ئەبێ بەمەراق و خولیاو ئەچێتە سەری‌یەوە تا لە ئەنجاما نهێنی‌یەکەی فێر ئەبێ، یەکسەر دەس ئەکا بە دروست کردنی تاقمی‌دان.

شێخ لەتیف چونکە مرۆڤێکی زیرەك و بەسەلیقە بوو گەلێ سنعەتی‌تری ئەزانی، وەکوو سەعات چێ‌تی‌و تەنانەت ئەڵێن سەعاتی لە دار دروست کردوە، بەناوبانگ بوە بەوەی کە (سکەی لێداوە) واتە پارەی دروست کردوە.

جارێکیان ماڵی (ئەحمەد بەگی ریشێن) ئەپشکنن زەربێکی لیرە ئەدۆزنەوەو حاکمی هەڵەبجە کە ئینگلیز بووە سەیری ئەکاو ئەڵێ ئەمە ئیشی کەس نی‌یە شێخ لەتیف نەبێ! ئەمری گرتنی شێخ لەتیف دەرئەکاو ئەویش کە پێ‌ئەزانێ رائەکا، تا لەدواییا (شێخ عەلادین)و (جەعفەر سوڵتان) ئەبنە هۆی لێ‌خۆش بوونی، لەدواییا حاکمەکە بانگی شێخ لەتیف ئەکا لەوکاتەدا (تەل سزی) ئینگلیزەکان خراپ ئەبێ بە شێخ لەتیفی چاك ئەکاتەوەو زۆر هەوڵ ئەدا کە بینێرێ بۆ (لەندەن) بەڵام شێخ لەتیف ئەمە قوبوڵ ناکا.

لەدواییا شێخ لەتیف یەتەوە بۆ سلەیمانی‌و دوکانی سەعاتچێتی دائەنێ. لەوکاتەدا (مێجەرسۆن) حوکمداری سلەیمانی ئەبێ ئەوکاتە وا باو بوو کە (مێجەرسۆن) بەناو بازارا ئەگەڕاو بە بەردەمی هەر دوکانێکا برۆشتایە لەبەری هەڵئەسان، جارێ بە بەردەمی دوکانی شێخ لەتیفا ئەڕوا جا یا شێخ لەتیف ئاگای لێ نابێ یا خۆی لێ گێل ئەکا هەڵناسێ لەبەر (مێجەرسۆن)، ئەمییش ئەگەڕێتەوەو ئەچێتە ناو دوکانەکەی شێخ لەتیفەوە، لەوێ چونکە شوێنی خۆیەتی لە بەری هەڵئەسێ‌و (مێجەرسۆن) دەس ئەداتە مقەستێ کە لەوێ دانرابوو، سەیرئەکا زەمبیلەیە هەڵواسراوە بە مقەستەکە پەتی زەمبیلەکە ئەقرتێنێ‌و سەیرێکی شێخ لەتیف ئەکاو پێی ئەڵێ ئەم مقەستە سەرێکی پێم ئەڵێ لەت لەتت بکەم و سەرەکەی‌تری پێم ئەڵێ رێزت لێ‌بگرم، دوایی کە لە مقەستەکە

ورد ئەبێتەوە ئەبینێ لێی‌نوسراوە (دەسکردی کوردستان ـ عەبدول لەتیف) ئیتر مقەستەکە هەڵ ئەگرێ بۆ خۆیو ئەڕوا.

شێخ لەتیف جگە لەوەی سنعەتکارێکی وردبووە خولیای قەومەکەشی لەناخیا هەر جووڵاوەو هەوڵی داوە بۆ یەکخستنی، لە زەمانی شێخ مەحمودا هەوڵێکی زۆری لەگەڵ خەڵکی داوە کە لە شێخ دوورنەکەونەوەو پشتگیری‌بکەن وە خۆی ئەگەڕاو ئەچوو بۆلایان و باسی ئەوەی بۆ ئەکردن کە کورد ئەبێ یەك بێ.

لە ساڵی (١٩٣٥)ز (کۆمەڵی برایەتی کورد)یان دامەزراندو شێخ لەتیف یەکێ بوو لە دامەزرێنەرەکان و ئەم کۆمەڵە پەرەی سەندو ئەندامانی گەیشتە سەدەها هەزار کەس و لقی لە هەموو شارەکانی کوردستانی عیراق و ئیران دا بڵاوبۆەوەو نامەی پشتگیری‌یان لە تورکیاو سوریاشەوە بۆ ئەهات، وە ئەم کۆمەڵە لە هەموو جۆرێ خەڵکی تیا بووە وەك مەئموورو کاسبکارو سەربازو پۆلیس و کریکار و هەمووجۆرێ کەسانی‌تر. لەبەرئەوە حکومەتی کۆنەپەرستی (عەبدول ئیلا) ترسی لێ پەیابوو، وە بە گەورەکەی ڕاگەیاند کە (سەفییری بەریتانیا) بوو لە بەغاو بە موافەقەتی هەردوکیان دەسیان کرد بە گرتنی ئەندامانی ئەم کۆمەڵەو لە مانگی تەموزی ساڵی (١٩٣٩)ز یەکێ لەو ئەندامانە کە شێخ لەتیف بوو بۆ ماوەی (٣٩) ڕۆژ گیـرا، چونکـە یەکێ‌لە بەکـرێ‌گـیراوەکانی ئینگلیز کە موتەسەڕفی سلەیمانی بوو داوایان کرد کە حوکمی ئەندامە گیراوەکان بدەن بۆ ماوەی (٦) مانگ، بەم جۆرە حوکمی (١٩) کەسیان لێ‌دراو لە سەرێکی‌تریشەوە ئینگلیزەکان ئەیان ویست کە شۆڕشێ هەڵگیرسێنێ. شێخ لەتیف و هەندێ لە برادەرەکانی داوایان لە کۆمەڵ کرد کە بێ‌دەنگ بن تا ئەو هەلە لەدەس ئینگلیزەکان بدەن، وە هەرواش بوو نەیان توانی بە ئامانجی خۆیان نەگەیشتن وە ئەم گرتن و برینە زیاتر بوە هۆی چاوکردنەوەی کورد .

«شێـخ.لەتیف»ی زیرەك گەلێ سنعەتی زانیوە وەك دارتاشیو تۆکمەچێتیو هەڵکەندن و خەت نووسیین و تفەنگ سازیو کیمیاگەریو سکەلێدان وە لە ژیانی خۆیا چوار مقەستی پۆلابڕو هەزاران قەلەم بڕی شووشەبڕی دروست کردوە، وەلەم دواییەدا کۆمەڵێ بەرینەو چەکوش و پینج تفەنگی هەوایی دروست کردو لە هەموویان بەخەتە خۆشەکەی ناوی خۆی لەسەر هەڵکەندوون. ئێستاش یەکی

● شێخ لەتیفی دانساز ١٨٨٨ - ١٩٤٨

● مقەستو قەڵەم بڕ، دەستکردی شێخ لەتیفی دانساز

لەوتفەنگانە لای یەکێ لە کوڕەکانی ماوەو یەکێکی تریشیان لای خوشکەزایەکی یەتی لە هەڵەبجـە. لەکاتی جەنگی جیهانی دووەما لەشووشەی پەنجەرە گەڵی ژێرپیاڵەی دروست کردوە.

هەروەها شێخ لەتییف زۆر ئارەزووی جوانی باخ و سروشتی بووە، باخێکی گەلێ جوانی ڕازانوەتەوە کە پڕبووە لەگوڵی جوان و میوەی بەردار وپێیان وتوە دوەم باغە لەسلەیمانیا دوای باخی گشتی کە هی میری بوو.

شێــخ لەتـییف دوای گرتن و بەردانی تێکــەڵی خەڵکی کەم کردەوەو خۆی بەدانسازی‌یەوە خەریك ئەکرد. لەئێوارەی ڕۆژی ١٨/٥/١٩٤٨ز لەناو باخەکەیا کە لە مەجلسا دانیشتبوون وەفاتێکی کوتوپڕی کردو ئەوانەی لەو مەجلیسەدا دانیشتبون بەڕێزان (قازی ئەحمەد موختار و مەلا عینایەت و مەلا ساڵح کوردەو شێخ محەمەد سەعی چنارەو) گەلێ پیاو ماقوڵی تربوون.

شێخ لەتییف دوای خۆی شەش کوڕی هەیە کەئەوانیش ئەمە ناوەکانیانە بە پێی تەمەنیان - شێخ عەبدوڵلاو شێخ بابا عەلی‌و شێخ عوسمان و شێخ فاروق و شێخ محەمەد سەعی‌و شێخ سەمەد. لەمانە شیخ عەبدوڵلا کەکوڕی گەورەیەتی توانی دانسازی کە فرمانی باوکی بوو بیگریتە دەس و بیبابەڕێوە.

سەرچاوە: شێخ عەبدوڵلای شێخ لەتیفی دانساز کە ... سەرهاتی ژیانی باوکی کۆکردوەتەوە لەگەڵ هەندێ سەرچاوەی‌تر.

* * *

(هونەروەر حەسەن فەلاح)ی
وێنەکێشی بەناوبانگ

ناوی (شەمسەدین)ە کوڕی شێخ عەبدوول قادری کوڕی شێخ سەلامی قازی یە لەپێشا لە حوجرەو لەدواییا لە قوتابخانە خوێندویەتی، مرۆڤێکی وریاو زیرەك و بلیمەت بووە، هەر لە سەرەتای ژیانی‌یەوە خەریکی وێنەکێشی بووە لەدوایشا هەر ئەوەی کردوە بە پیشە، وە زۆر ناوی بە وێنەکیشی دەرکردووە، تەنانەت نەك هەر لە سلەیمانیا بەڵکو لە زۆر ناوچەکانی‌تری کوردستانا، ئەی‌توانی وێنەی هەرکەسێك لە بەردەمیا بوەستێ بیکێشێ، وێنەی سروشتی جوان جوان و بە خەیاڵی خۆی لە گەڵێ چایخانەو شوێنە گشتی‌یەکانا کردبوو جگە لەو وینانەی لەسەر لەوحە کردبوی‌و ئەیکرد.

(حەسەن فەلاح) پیاوێکی گەڕۆك بوو، هەر ڕۆژەی ئەچوە شوێنێ، جارێك ئەچێ بۆ موسڵ: بۆلای براکەی کە لە دەوروپشتی (موسڵ) مودیری ناحیە ئەبێ، ئەم برایەی ناوی (خالید) بوە، بێوەژنێك مارە ئەکات کە ناوی (سەکینیە حەسەن)بوە کچێکی خۆی ئەبێ کە لە براکەی (حەسەن فەلاح) نەبووە، ئەم کچە ناوی (نەدیمە) بووە (حەسەن فەلاح) مارەی‌ئەکا. ماوەیەك (حەسەن فەلاح) لە (کەرکوك) دائەنیشێ‌و لەگەڵ ئینگلیزەکانا ئییش ئەکاو کەرەتێ لەگەڵیانا ئەچێ بۆ کەشف بۆ دەوروبەری (کفری) لە ساڵی (١٩٣٧ ـ ١٩٣٨)ز، کاتێ کە تاریك دایە (٣) سێ جەردە بەچەکەوە ئەدەن بەسەریاناو ڕووتیان ئەکەنەوەو چییان پێ‌ئەبێ لە پارەو سەعات و شتی بەنرخ لێیان ئەسێنن، لەوکاتەدا یەکێك لە جەردەکان دەماخەکەی دەم وچاوی لائەدا، (حەسەن فەلاح) فرسەت یەنێ‌و جگەرەیەك دەرئەهێنێ‌و بەو بیانووەوە داوایان لێ ئەکات کە شقارتەیەکی بۆ لیدەن بۆئەوەی جگەرەکەی داگیرسێنێ کە ئەزانێ کوردن بە کوردی ئەیان دوێنێ‌و ئەڵێ من لەگەڵ ئەم ئینگلیزانەدا کارئەکەم، ئەوانیش کە ئەزانن کوردە خێرا شقارتە دەریەنن و جگەرەکەی بۆ دائەگیرسێنن.

● وێنەکێشی ناسراو

حەسەن فەللاح

١٩١٠ - ١٩٧٧

ئەمیش چاك دەم وچاوی ئەو جەردەیەی دەماخەکەی لادابوو ئەبینێو لەمێشکیا هەڵئەگرێ، کە جەردەکان دوورئەکەونەوە بەپەلە وێنەی کابرا لەسەر پشتی پاکەتەکەی ئەکێشیوە هەر ئەو شەوە ئەچنە ناحیەی (قەرەتەپە)و بۆ بەیانی خەبەر ئەدەن بە پۆلیس و ئەچن بۆلای مودیری ناحیەو کارەساتەکەی بۆ ئەگێرنەوە، (حەسەن فەلاح) پاکەتەکەی دەرئەهێنێو ئەڵی ئەمەش وێنەی یەکێکیانە، مدیری ناحیە ئەنێرێ بەدوای خەڵکی ئەو ناوچەیەدا کە ئەمەی لەنیوانا کراوە، وە بەهۆی وێنەکەوە دزەکە ئەناسنەوەو ئەیگرن و بەم جۆرە تاوانەکە دەرئەکەوێو دەستی بەسەرا ئەگرن و شتەکانیان لێئەسێننەوەو ئەیدەنەوە بەمان و ئەوانیش ئەدرێن بە دادگە بۆئەوەی سزای خۆیان وەرگرن.

لە ساڵی (١٩٤١)ز لە کاتی شەڕەکەی (ڕەشید عالی گەیلانی)دا کە ماوەیەك حوکمیان بەدەستەوە بوو (حەسەن فەلاح) لە گۆڤاری (حەبەز بۆز) دا لە بەغا بە کاریکاتێر وێنەی (عەبدول ئیلا - وەسی) لەگەڵ (نووری سەعید)و (جەمیل مەدفەعی)و (عەلی جەودەت) ئەکێشی بە شێوەیەکی نەنگیو گاڵتە پێکردن، کە بڵاو ئەبێتەوە بەناو خەڵکا زۆر سەرنج ڕاکێش ئەبێ، لەدواییا کەئەمان دەس ئەگرنەوە بەسەر حوکما، (حەسەن فەلاح) لەتاوا ڕائەکاو ئەگەڕێتەوە بۆ سلەیمانیو، لەوکاتەدا ئەبێ کە تازە دوای (١٠) دە ساڵ دوورخراوەیی (شێخ مەحمود) گەراوەتەوە سلەیمانیو لە (داریکەلی) دائەنیشی ئەمیش واتە (حەسەن فەلاح) ئەچێتە (داری کەلی) بۆلای شێخ کە خاڵۆزای دایکییەتیو لەوێ

دائـەنیشێو لەوێ ناوی خۆی ئەنێ (حـەسەن فەلاح) چونکە لەوەبەر هەر بە (شەمسەدین) ناسراو بوە.

لە ساڵی (١٩٤٧)ز هەر بە ناوی (حـەسـەن فەلاح)ەوە ئەچێ بۆ (کویت) لەوێش هەر خەریکی وێنەکردن ئەبێ.

جارێك وێنـەیـەکی جوانی ئەمیری (کویت) ئەکاو بۆ ئەمیری (کویت)ی ئەنێرێ، ئەویش کە وێنەکە ئەبینێ ئەنێرێ بەدوایاو رێزی لێ ئەگرێو خەڵاتێکی باشی ئەکات بەم جۆرەو بە وێنەکێشان لە (کوێت) ناوبانگ پەیدائەکات و هەر لەوێوە پارەی ئەناردەوە بۆ ماڵ و منالەکانی بۆ سلەیمانی.

(حەسەن فەلاح) ماڵیان لە سلەیمانی لە گەڕەکی کانێسکان بوو لە کۆڵانێ بەرامبەر شەخسەکەی (شێخ جافر) لە شەقامی (کاك ئەحمەدی شێخ).

لە ساڵی (١٩٥٥)ز ئەگەڕێتەوە بۆ سلەیمانیو دەس ئەکا بە وێنەکێشان، بەڵام بەداخەوە لەگەڵ خێزانەکەیا نەگونجاوە لەبەر ئەم هۆیەش بووە کە بەشێوەیەکی دائیمی لە سلەیمانی نەماوەتەوە.

لە ساڵی (١٩٦٣)ز خێزانەی بەجێئەهێڵێو ئەچێتە بەغا لەوێ دائەنیشێ، لە ماڵی (مـەلیحـەخـان)ی خوشکی، وە لەپـاش (٥) پێنـج ساڵ خێزانەکەی بە هەرجۆرێ ئەبێ خانوەکەی ئەفرۆشێو ئەمانیش ئەچنە بەغا لەوێ دائەنییشن و بەم جۆرە ئەمێننەوە تا لە ساڵی (١٩٧٧)ز (حەسەن فەلاح) کۆچی دوایی ئەکا لە تەمەنی (٦٧) ساڵیاو هەر لەوێ نێژراوە.

(حەسەن فەلاح) چوار کچ و چوار کوڕی بووە و یەکێك لە کوڕەکانی عەسکەر ئەبێ لە (دەربەندیخان) لە ساڵی (١٩٦٧ ـ ١٩٦٨)ز لەوێ لە ئاوی دەربەندا مەلە ئەکاو، ئەبێ بەهۆی ئەوەی لە ئاوەکەدا بخنکێو ئەیهێننەوە بۆ سلەیمانیو لە (گردی جۆگا)ی نزیك گەڕەکی کۆنی خویان ئەینێژن.

تێ بینی:

لەبەرئەوەی (حەسەن فەلاح) سلەیمانی بەجێهێشت لە ساڵی (١٩٦٣)ز و کەس نەیزانی بۆ کوێ چوو و چی بەسەرهات زۆر بەگران ئەوانەی باسمان کرد دەسمـان کەوت، ئەویش بەهـۆی خزمـەکانی سلەیمانییانەوە دەستمان کەوت

تەنانەت ناردیان بۆ بەغا بۆلای کەس وکاری لەوێ، وە وێنەیەکی خۆیمان دەس کەوت لەگەڵ چەند وێنەیەکا کە بەدەستی خۆی کێشابووی بۆیان هێناین... زۆر سوپاسیان ئەکەین.

سەرچاوە:
بەڕێز (شێخ فەتحوڵڵای شێخ ڕەشید) تەنەکەچی کە پوورزای (حەسەن فەلاح)ە.

* * *

● شەڕی دەربەندی بازیان دەستکردی حەسەن فەللاح



● وینەیەکی تری حەسەن فەللاح سالی ١٩٦٣

پیاوی سوعبەتچی‌و قسەخۆش

ئەوەندەی لە زەمانی ڕابوردودا گاڵتەوگەپ و قسەی بە توێکڵ (بەڵام بێ‌کینە)و پیاوی قسەخۆش و سوعبەتچی زۆر بووە بەپێچەوانەی ئەمە ئێستا نە ئەو پیاوە قسەخۆشانە ماون، نە گاڵتەو ڕابواردن ماوە، بێگومان هۆی ئەمەش گۆڕان و پێشکەوتنی ژیانی کۆمەڵایەتی‌و ڕێگای نان پەیداکردنە، جاران خەڵکی بەسادەیی ژیاون و قەناعەتیان هەبووە... ئەوەندە بیریان لە شت نەکردوتەوە، هەر خەریکی ڕابواردن بوون.

ئێستاکە قەناعەت نەماوە، چاوڵێکەری‌و خۆپەرستی هەموو شتێکی لەبیر بردوەتەوە، هەروەها تەنگ و چەڵەمەش ڕۆژ بەڕۆژو ساڵ بەساڵ لە زیاد بوونایە وەك پێشینان ئەڵێن (ساڵ بەساڵ خۆزگەم بە پار)..

ئەو پیاوانەی قسەخۆش و سوعبەتچی بوون ناویان هەبووە لە شارەکەدا، خەڵك لێیان کۆئەبونەوە بۆئەوەی بیان جووڵێنن بۆ قسەو سەرگوزشتەی خۆش، ئەوەندەی توانیومانە ناوی ئەو پیاوە قسەخۆشانەمان کۆکردوتەوە لەگەڵ نیشەکەیان. (١)

. . . .

(١) زۆر جار قسەی خۆش و گاڵتەوگەپ لەگەڵ شاری سلێمانیدا دەبێتە هاوتاو هاووشە . ئەگەر نووسەر لێرەدا نزیکەی دووسەدوپەنجا ناوی کۆکردبێتەوە، ئەوە هەر بە دانانی تاقە نوقتەیەك دووهەزارو پێنج سەد قسەی خۆش و گاڵتەی ماندار کۆدەبێتەوە لاپەڕەکانی چەند بەرگەکەی (ڕشتەی مرواری)ی مامۆستا عەلادین سجادیو (گاڵتەوگەپ)ی پیرەمێردو (شانۆی ناوماڵ)ی مستەفا سەفوەت زۆر قسەی خۆشی ئەم شارەیان تێدایە. خۆ خاڵە ڕەجەب خۆیشی لە (ترش و شیرین)ەکەیدا کۆمەڵێکی بۆ گێراوینەتەوە. نووسەری ئەم کتێبە پرۆژەی کۆکردنەوەی گاڵتەوگەپ و قسەی خۆشی شاری سلێمانی بەدەستەوەیە خۆزگە دەستی یارمەتی بۆ درێژ ئەکراو وئەو سامانە بەنرخەمان لەکیس نەدەچوو.
(ع.م.ر)

تێبینی: بۆ بەجێهێنانی ئەم پرۆژەیە تکایە بە نووسین دەستی یارمەتیمان بۆ درێـژبکرێو بەرهەمی گاڵتەوگەپمان بەهۆی چاپخانەکەی کاکەی فەللاحەوە بۆ بنێری، چونکە ئەو شاعیرە بەڕێزەش سەروکاریی ئەو پرۆژەیەمان ئەکات.
نووسەر

«ناوەکان ئەمانەن»

١ ـ شێخ مەحموودی نەمر.
٢ حاجی ئەحمەدی کرنو ـ شەربەت فرۆش لە هاوینا، وە لە زستاندا قەنیلەی نۆك (قاورمەی نۆك)، تەنیشت دوکانی وەستا توفیقی کەبابچی باوکی خەلفە فەرەجی کەبابچی.
٣ ـ حاجی مستەفا پاشای یامولکی، ئەفسەر لە سەرکردایەتی ئەرکانی سوپای عوسمانی.
٤ ـ حاجی قادر ئەفەندیی یامولکی، برای حاجی مستەفا پاشا.
٥ ـ عیزەتی فاتەی خولەدرێژ (عیزەت تۆبچی) ئەفسەری زەمانی عوسمانی.
٦ ـ حەمە میرخان، ئەفسەری زەمانی عوسمانی.

٧ - کەریم ڕۆستەم شالوم، ئەفسەری زەمانی عوسمانی،

٨ - ئەحە نەسیم، قەسابی سەرپێیی.

٩ - ئەوڕەحمانی خامە، ئاسنگەر.

١٠ - مەجۆلی خامە، چایچیو چاوەشی شارەوانی.

١١ - تۆفیقی گوڵنان، پینەچی.

١٢ - عەزیز بەگی سەراج، تووڕەش دەبوو.

١٣ - حاجی صالحە شەلە، صابونچی.

١٤ - خولە ئایشێی دەڵاڵ، کۆنەفرۆش.

١٥ - تۆفیقە زلە، خەیات.

١٦ - ئەوڕەحمانی حەسەن لەلە، موچەخۆری عوسمانی، بە بن باخەڵ بۆی لێئەدا.

١٧ - وەستا بەکری مارف، پانیبەرزدروو، تووڕەش دەبوو.

١٨ - عیزەتی حاجی ئەمینی ئاشچی، چاوەشی شارەوانی.

١٩ - صاڵحە ترێل، جارچی.

٢٠ - محانی جارچی.

٢١ - ئەحەی نەبی سەقا، لە ناوبازاڕ لە جرت لێدانا بەناوبانگ بوو.

٢٢ - ڕەشید دارا، موچەخوری عوسمانی.

٢٣ - ڕەشەی بابەجان، موچەخۆری عوسمانی.

٢٤ - ڕەشەی پێخاوس، بارچاوەشی عوسمانی.

٢٥ - ڕەشەی حەسەنی گورون، کاسبی توتن.

٢٦ - حەمەی قالەی پیرۆت (حەمە دووباش) چاوەشی ئیشغال.

٢٧ - کەریم خان، قەڵەمچی - (بازرگانی توتن بەکۆمەڵ).

٢٨ - خولەی گوڵناز - خەیات.

٢٩ - حاجی بارام حاجی کەریم - مەلاك و سەرەکی بەردکێشی مەڵکەندی.

٣٠ - ئەمینی لاوە - چایچی.

٣١ - حەمەوبەگ (میران) چاوەشی شارەوانی - تووڕەش ئەبوو.

٣٢ - وەستا مارفە درێژ - بەنا.

٢ ـ تۆفیقی حەمە خێل ـ بەردکێش و بەفرکێشی مەڵکەندی.

٣ ـ کەریمی جاو ـ خەیات، خوشکەزای ئەحەی جاو.

٣ ـ خولەی ئەمینی بووك ـ باخەوان، تووڕەش ئەبوو.

٣ ـ بەکری میسری ـ چایچیو جەڕاح.

٣ ـ شێخ محەمەدی گولانی ـ عالم و مەلاك.

٣، ـ عەونی ئەفەنی حاجی کورون، ئەفسەری زەمانی عوسمانی.

٣' ـ زەکی ئەفەندی، ماموستا.

٤ ـ صاڵح گوێڕەپ ـ نانەوا.

٤' ـ مەلا محیٰدینی ماستاو ـ ماستاوفرۆش.

٤١ ـ حاجی ئەمینی کاکەحەمە ـ تاجر، مامی فایەق بێکەس.

٤٢ ـ ـ فایەق بیکەس ـ ماموستاو شاعیر.

٤٤ ـ محەی هەمزاغا ـ خەیات.

٤٥ ـ حسە کەڕ ـ چایچی.

٤٦ ـ صاڵحی وەستا بستە ـ چایچی.

٤٧ ـ ڕەشەی موختار ـ موختاری گۆیژە.

٤٨ ـ سدیقی مەحموود ئاغا ـ برای ڕەشەی موختار، پۆلیسی سوارە.

٤٩ ـ حەمە گاسوار ـ قەبرهەڵکەن.

٥٠ ـ فەرەجی حەمەمراد ـ چایچی.

٥١ ـ سەعەی سالەی وەنەوش ـ خەیات.

٥٢ ـ عەلیوەیسی ئەفەندی ـ زارع و سەر بە شێخ مەحموود.

٥٣ ـ بلەشەل ـ پیاوی شێخ مەحموود.

٥٤ ـ شێخ سەمەد ـ پیاوی شێخ لەتیف.

٥٥ ـ مستەفای حاجی ئەحمەدی زڵغ ـ کەوش دروو.

٥٦ ـ یەزینك ـ لوقنتەچی.

٥٧ ـ قادر زەکی ـ ئوتومبێلچی ئیشغال.

٥٨ ـ ئەحمەد پیاوخور ـ توونچی.

٥٩ ـ سالە گاکوژ ـ قەساب.

٦٠ ـ نەحەی حەمەعەزیز ـ قەساب.

٦١ ـ عارف فیتك ـ قەساب و چایچی.

٦٢ ـ مینەی قالە شوان ـ جامبازی ئاژەڵ (حەیوان)، توورەش ئەبوو.

٦٣ ـ عەبەی شەمام ـ جامبازی وولاخ، توورەش ئەبوو.

٦٤ ـ بریسە کەچەڵ ـ توونچی.

٦٥ ـ فەرەجی ئەمینی حەسەن ـ دارتاش.

٦٦ ـ رەشەی خەجیەلاو ـ کاسبی هەمەجۆرە.

٦٧ ـ عارف ئاڵی ـ پینەچی.

٦٨ ـ مەحموود بەگی جەراح ـ جەراح و مەلاك.

٦٩ ـ مەجید بەگ برای مەحموود بەگ ـ پانیبەرز دروو، توورەش دەبوو.

٧٠ ـ محەی مێفنجان ـ خەیات.

٧١ ـ حەمەوبەگی بەقاڵ ـ بەقاڵ.

٧٢ ـ حەمە فەرەجی لارە ـ نان فرۆش (دەستگێر).

٧٣ ـ فەرەج شۆکل ـ چایچی.

٧٤ ـ عەلی شاملی ـ ریخۆڵەچی.

٧٥ ـ رەشەی سنگ هەڵکێش ـ قاچاخچی.

٧٦ ـ حەسەنەکۆڵ ـ کاسبی سەرپێیی.

٧٧ ـ سەعەی دەوڵەت ـ عەمی ـ قەڵەمچی.

٧٨ ـ حەسەنی دەوڵەت ـ بەقاڵی وشکە.

٧٩ ـ سەعە دەرەناری ـ کاسبی توتن.

٨٠ ـ عەبەی قالەی مارفە رەش ـ چاوەشی ئیشغال.

٨١ ـ حەمەی برازا ـ کاسبی سەرپێیی.

٨٢ ـ عەلی تورکە ـ موچەخۆر لە شارەوانی.

٨٣ ـ حسەین مەزلوم، موچەخوری زەمانی عوسمانی.

٨٤ ـ حەمەی ئەمینی ئەفەندی (باوکی موحەررەم)، موچەخۆری عوسمانی.

٨٥ ـ شیخ بابا عەلی تەکیە ، نیمامی مزکەوتی شیخ باباعەلی.

٨٦ ـ شێخ نوری شێخ باباعەلی ، ئیمامی مزگەوتی شیخ باباعەلی.

٨٧ ـ مەلا سەیغەفور ـ ئیمامی مزگەوتی سەیحەسەن.

٨٨ ـ سەی ئەحمەدی شێخ ئەوڕەحمانی عازەبانی ـ ئیمامی مزگەوتی (هەلاجەکان).

٨٩ ـ مەلا عەلی کانیکەوەیی ـ ئیمامی مزگەوتی شێخ مستەفای نەقیب.

٩٠ ـ مەلا مەحموود (بێخود) ـ شاعیرو ئیمامی مزگەوتی موفتی.

٩١ ـ مەلا سەلام ـ ئیمامی مزگەوتی مەلا حسەینی پیسکەندی..

٩٢ ـ ئەحەی ناصر ـ گۆرانی بێژ.

٩٣ ـ مەلا ئەحمەدی دیلان ـ قەڵەمچی.

٩٤ ـ ئەحمەدی تەها ـ قەڵەمچی.

٩٥ ـ مەلا کەریم ـ برنج فرۆش.

٩٦ ـ عەبەی حەمە خەیات ـ بەقاڵی میوە.

٩٧ ـ عەلی ئاگا ـ بەڕێوەبەری قوتابخانەی فەیسەڵیە.

٩٨ ـ مچەی مەولود ـ بەڕیوەبەری قوتابخانەی خالیدیە.

٩٩ ـ تۆفیق قەزاز ـ مەلاك.

١٠٠ ـ قوتبەدین ئەفەنی ـ دکتۆری بەیتەرە.

١٠١ ـ حاجی مەلا فەرەجی پلاوخۆر ـ بەقاڵی وشکە.

١٠٢ ـ حەمە ساڵحی ریش ـ عەلاف.

١٠٣ ـ میرزا مارف ـ شاعیر.

١٠٤ ـ شێخ سەلام ـ شاعیر.

١٠٥ ـ عەلادین سوجادی ـ ئەدیب و زانای گەورەی کورد.

١٠٦ ـ حەمەوبەگی حاجی ڕەسوڵ بەگ ـ مەلاك.

١٠٧ ـ خولە سنەیی ـ شەربەتچی.

١٠٨ ـ حەمەی سەعەی فەتاح ـ کاسب.

١٠٩ ـ عەلی دەرویش ئەمین ـ حەمامچی.

١١٠ ـ حەموش ئاغا ـ کاسب.

١١١ ـ مامەسەعە سوك سوك ـ چایچی لە بەر خانەقا.

١١٢ ـ حەمە ڕەشی تۆفیق ـ چایچی لە بەر خانەقا.

١١٣ - عارفە تتیت - کونەفروش.
١١٤ - مەحموود دەلی - جگەرچی.
١١٥ - ئەمین ئەفەنی عەلی شەیدایی - مەلاك.
١١٦ - عومەرە شەلی حاجی سەعیدی عاسم - بازرگان.
١١٧ - سالەی ئەحەی خولە - چایچی.
١١٨ - حەمەومین ئاغا - لە انحصار.
١١٩ - سەی عەلی عەتار - عەتاری داوودەرمان.
١٢٠ - کەریم ئاغا - عەتاری شەکرو چا.
١٢١ - ئەورەحمان حاجی عەزیز - وەکیلی سنگر.
١٢٢ - قادر ئاغای برایم ئاغا - عەتار لە قەیسەری نەقیب هاتوچۆی مالّی شێخانی ئەکرد، تورەیان ئەکرد.
١٢٣ - سابیری تەپەچنە - [illegible]ت.
١٢٤ - کەریمی تەپەچنە - [illegible]سبی سەرپێیی.
١٢٥ - عەلی حاجی شەر[illegible]تسیت)، چایچیو جگەرچی پشتی شێخ جافر دەشتی کۆلّك.
١٢٦ - ئەحمەدی توفیق [illegible]دی - موچەخور لە شارەوان.
١٢٧ - عەزاوی برای ئەحلان و کەریم چاوشین - چایچی.
١٢٨ - فەرەج چاوشین - برای عەزاوی، پۆلیسی سوارە.
١٢٩ - دەروێش ئەحمەدی چایچی - چایچی دەستگێر.
١٣٠ - حاجی رەحیمە کۆلکە - نۆبەچی لە ئیشغال.
١٣١- ئەمینی عاسەی تەلەعفەر - بەیارمەتی خەلّك ئەژیا.
١٣١ - عەلی چاوەش - قەپانچی.
١٣١ - حەمە گوێزە - چایچی.
١٣ - حەمەی مەلا برایم، چایچی.
١٣ - مینەی مەلا برایم - چایچی.
١٣ - ئەحەرەشی مەلا برایم، چایچی.
١٣ - ئەحە تێلاّ - دارتاش.

١٣٨ ـ ئەحە دێرەیی ـ بەقاڵ، توورەش ئەبوو.
١٣٩ ـ عەبلی عەبان ـ پولیس.
١٤٠ ـ خولەشەلی خەیات ـ خەیات.
١٤١ ـ غەفوری خولەدرێژ ـ کۆپان دروو.
١٤٢ ـ مەلا سمایل ـ شکالا نووس و حیکایەت خوان.
١٤٣ ـ ئەمین چتیر ـ بەقاڵی وشکە.
١٤٤ ـ دەروێش شەریف ـ چایچی.
١٤٥ ـ کەریمی عەزولە (خاڵە کەریم) ـ چایچی.
١٤٦ ـ فەتاحی قادر ئاغا ـ خاوەنی گەراجی سەی نوری، پێش فەرەج ئەفەنی برای مەحموود ئەفەنی سەرۆکی شارەوانی بوو.
١٤٧ ـ توفیق تەیارە ـ ئوتومبیلچی.
١٤٨ ـ خولەسنەیی ـ قەتارچی.
١٤٩ ـ رەشەی شێخەلی ـ مەلاك.
١٥٠ ـ حەمە جەلیل ـ جگەرچی.
١٥١ ـ صالح نەریمان ـ قەتارچی.
١٥٢ ـ غەریبە کوێر ـ بەفرکێشی مەڵکەندی.
١٥٣ ـ مچەی حاجی برایم ئاغا (خاڵە مچە، موچەخۆر لە بەڕێوەبەرایەتی ناوخۆ.)
١٥٤ ـ مەحموودی قالە شەوقە ـ باش کاتب لە پۆلیس خانە.
١٥٥ ـ صاڵح عەلی صاڵح ـ سەرپەرشتیاری وەرزش.
١٥٦ ـ ئەحمەدی عەزیز ئاغا ـ مامۆستاو فەرمانبەر.
١٥٧ ـ شێخ لەتیفی حەفید ـ مەلاك.
١٥٨ ـ رەشۆڵ عەبدوڵڵا ـ بەڵێندەری یانەی فەرمانبەران.
١٥٩ ـ غەفورئاغای حاجی مەلا سەعید ـ مەلاك.
١٦٠ ـ ئەحەی میرزا عارف ـ بەڕێوەبەری زەرییەی عەقار.
١٦١ ـ خاڵە رەجەب ـ فەراشی سەرۆکی شارەوانی.
١٦٢ ـ نوری کاکەحەمەی ئەمینی عەتار ـ ئەندازیار.

١٦٣ - بەشیری گاور - تاجیر.
١٦٤ - ئەڵڵاوێردی گاور - موتابچی.
١٦٥ - مەتی ئەڵڵاوێردی - فەڕاشی ئیعاشە.
١٦٦ - ئەورام شالوم تاجیر جولەکە.
١٦٧ - سەبیلە - بازرگان جولەکە.
١٦٨ - ویسە، جولەکە - کوتاڵ فرۆش ، دەسگێر.
١٦٩ - جریوە، جولەکە - کوتاڵ فرۆش، دەسگێر.
١٧٠ - ئەلیاو، جولەکە، بەهاراتی ئەفرۆشت و کتێبیشی ئەگرتەوە، دەسگێر.
١٧١ - عەزەی قەساب - قەساب، جولەکە، جرتی لێئەدا.
١٧٢ - حەمە کەریم، چەرخچی.
١٧٣ - حسەی قالە حەیتە - جگەرچی، برای عەبودی پاڵەوان.
١٧٤ - کەریمە شێت - کەوەرفرۆش.
١٧٥ - ئەحەی خلە - بەنا - جرتی چاکی لێئەدا تووڕەش ئەبوو.
١٧٦ - عوسمانی حەمە نادر، بەقاڵ.
١٧٧ - عومەری نەعمان - چاوەشی ئیشغال.
١٧٨ - عەلی دەدە - توتن چی.
١٧٩ - قالەی ساڵحەفەنی - قالە مەرمەما، چاوەش لە ئیشغال.
١٨٠ - عەزە بابوجی - چایچی.

ئەم چوارکەسەی سەرەوە زیاد لە (٦٠) شەست ساڵ برادەر بوون. ئەمە نمونەی برادەرایەتی ئەو زەمانەیە.

١٨١ - ئەوڕەحمانی وەستا گورون - دارتاش.
١٨٢ - جەلال حەمدی - مامۆستا.
١٨٣ - مەلا عوبێدی مەلا حەسەن - موچەخۆر لە بانقی زراعی.
١٨٤ - فارسی قاوەچی - قاوەچی دەسگێر.
١٨٥ - شێخ مستەفای شێخ موحەمەدی گوڵانی - خاوەن کتێبخانە.
١٨٦ - حەمەی حاجی قادر - چاوەشی شارەوانی.
١٨٧ - بلەی ئەولێ - نۆبەچی (مرور).

١٨٨ ـ ئەحەی حەمەی ئەولێ ـ موچەخۆر.

١٨٩ ـ حەمەومین ئەفەنی ـ برین پێچ.

١٩٠ ـ حسە دەبۆی قەڵەو ـ ئوتومبێلچی لە خەستەخانە.

١٩١ ـ حەسەنی سەید ئەحمەد ـ موچەخۆر لە تەسویە.

١٩٢ ـ بلەکوێری قەساب ـ قەساب بوو، بو بە ژێر ئوتومبیلەوە.

١٩٣ ـ حەمەلوری ـ ئوتومبیلچی (ئەم بەتاریکی لە ڕێی سەرچنار بلە کویری کرد بەژێرەوە).

١٩٤ ـ حەمەی کەللەی بابم ـ ئوتومبێلچی.

١٩٥ ـ ئەحمەد هوشیار ـ خەیات.

١٩٦ ـ ئەورەحمانی سۆفی کەریمی سەراج (حەکە) قوتابی.

١٩٧ ـ ئەحەی سەعە بانەیی ـ بازرگان.

١٩٨ ـ حەمەی سەید ئیبراهیم ـ بەقاڵ.

١٩٩ ـ عومەری حەمە قاوەچی ـ برین پێچ.

٢٠٠ ـ جەلالی فارسی قاوەچی ـ موچەخۆر.

• ئەم شەش کەسەی سەرەوە زۆر برادەر بوون و زۆر بەزم و ڕەزمیان پێکەوە هەبووە..

٢٠١ ـ عەبەی حاجی حەملان ـ حەڵواچی.

٢٠٢ ـ ڕەفیق چالاك ـ موچەخۆر.

٢٠٣ ـ مەجید عەبدوڵڵا سەبری ـ موچەخۆر.

٢٠٤ ـ ئەحمەدی سۆفی صاڵح ـ معاونی پۆلیس.

٢٠٥ ـ ڕەحمەتوڵڵا غەفور ـ لە بەڕێوەبەرایەتی ناوخۆ.

٢٠٦ ـ حسەینی میرزا صاڵح ـ فەرمانبەر لە بەلەدیە.

٢٠٧ ـ بەهجەتی عەونی ئەفەنی ـ ئەفسەر.

٢٠٨ ـ حەمە تۆلە ـ ئەفسەر.

٢٠٩ ـ حسەین قەراخی ـ لە ئیستگەی کوردی.

٢١٠ ـ مچەی مەلا حەکیم ـ مەلاك.

٢١١ ـ ئەحمەد شوکری ـ شاعیر.

٢١٢ ـ مەولود مریەم ـ فەرمانبەر لە مەعاریف.

٢١٣ ـ عەلی فەوتاو ـ دوکاندار لە قاوەخانەی سەرچیمەن.

٢١٤ ـ جەمیلی سەعی بەگ ـ کاسب.

٢١٥ ـ حسەینی سەی ئەحمەد ـ فەرمانبەر لە بانقی زراعی.

٢١٦ ـ قادر دیلان ـ هونەرمەند.

٢١٧ ـ حەمەی بەکر ـ خاوەنی نەقلیاتی سلێمانی.

٢١٨ ـ عەبە عەفریت ـ مامۆستا.

٢١٩ ـ ئەحمەدی میرزا غەفور ـ خاوەنی کۆگای شیرین.

٢٢٠ ـ ئیبراهیمی شێخ فەرەج ـ ئاسنگەر.

٢٢١ ـ عومەری عارف قاپ ڕەش ـ مودەڕیس.

٢٢٢ ـ ئیبراهیم ئەمین باڵدار ـ مامۆستای زانکۆ.

٢٢٣ ـ شەماڵ صائب ـ مامۆستای زانکۆ.

٢٢٤ ـ عەبدوڵلای ئوسواغا ـ فەرمانبەر لە انحصار.

٢٢٥ ـ ئاغای حاجی صاڵحی قاسم ـ لە زەراعە.

٢٢٦ ـ عەبدوڵلای کەریم چاوشین ـ بەڕێوەبەری کتێبخانەی گشتی.

٢٢٧ ـ عەبدوڵلای میرزا مارف ـ مامۆستا.

٢٢٨ ـ مەسیح ئەسکەندەر ـ مودەڕیس.

٢٢٩ ـ ئەنوەر ئەدهەم ـ فەرمانبەر لە انحصار.

٢٣٠ ـ عومەر مەجید ـ فەرمانبەر لە ئەوقاف.

٢٣١ ـ حسەڕەش ـ خەیات.

٢٣٢ ـ جەمال حەکیم ـ مەلاك.

٢٣٣ ـ ئەحە سوور ـ دەلاك.

٢٣٤ ـ ئەحەی عارف هەڵو ـ چاوەشی بەلەدیە.

٢٣٥ ـ ساماڵی حەماغای عەتار ـ فەرمانبەر لە ئیعاشە.

٢٣٦ ـ عەلی حاجی مەجید ـ ئوتوچی.

٢٣٧ ـ عومەری عارف وەیسی ئەفەنی ـ لاسیك بڕ.

٢٣٨ ـ مەلا عەبدوڵلای مەلا حەسەن ـ بەقاڵی وشکە.

٢٣٩ ـ ئەحە لەگلۆش ـ پۆلیس.
٢٤٠ ـ ئەحمەد کەریم ولۆبەیی ـ نانەوا.
٢٤١ ـ عەلی حاجی صاڵح ـ موختاری سەرشەقام.
٢٤٢ ـ مچەی بەکر ـ پانی بەرز دروو.
٢٤٣ ـ سەیئەحمەد عازەبانی ـ لە دائیرەی ئاو.
٢٤٤ ـ ئەحەی عەبەی شەمام ـ ئوتومبێلچی.
٢٤٥ ـ عومەر میراو ـ لە کارگەی چیمەنتۆ.
٢٤٦ ـ هادیە کوێر ـ ئوتومبێلچی.
٢٤٧ ـ عومەری عارف فیتك ـ قەساب.
٢٤٨ ـ حەمەی سارۆ ـ ئوتومبێلچی.
٢٤٩ ـ سدیق ئەبوشوارب ـ کاسب.
٢٥٠ ـ قادر برسی ـ شاعیر ـ موچەخۆر لە شارەوانی.
٢٥١ ـ بلەی حەمەبەگ ـ بەقاڵ.
٢٥٢ ـ نوری عەبە پاشا ـ موچەخۆر.
٢٥٣ ـ شەوکەتی عەبە پاشا ـ کاسبی هەمەجۆر.
٢٥٤ ـ فەریقە کوێر ـ قاوەچی دەسگێر.
٢٥٥ ـ عەبدولی سوران ـ موچەخۆر لە کارگەی جگەرە.
٢٥٦ ـ جەزای میرزا حسەین ـ موچەخۆر لە زەراعە.
٢٥٧ ـ حەسەن حسەین میرزا ساڵح ـ مامۆستا.
٢٥٨ ـ جەمال ئەحمەد ـ مامۆستای زانکۆ.
٢٥٩ ـ فوئاد ئەسکەندەر ـ مودەریس.
٢٦٠ ـ جەمیل نوری (مەدفەعی) ـ لە کارگەی جگەرە.
٢٦١ ـ تالب سەی عەلی ـ لە کارگەی چیمەنتۆ.
٢٦٢ ـ ئەحەی مارف مۆریاسی ـ مامۆستا.
٢٦٣ ـ رەئوف کەریم چاوشین ـ مامۆستا.
٢٦٤ ـ شەوکەتی حەمەوبەگ ـ مامۆستا.
٢٦٥ ـ کەریمی وەستا ئەحمەدی بانەیی ـ موچەخۆر لە دوکان.

٢٦٦ ـ فەخری حاجی عەبدوڵڵا بۆسکانی ـ مامۆستا.
٢٦٧ ـ یاسین خەلیل چاوەش ـ بەڵێندەر.
٢٦٨ ـ سەردار مستەفا مەزهەر ـ موچەخۆر لە کارگەی شەکر.
٢٦٩ ـ ماجید ئەحمەد عەزیز ئاغا ـ پزیشك.
٢٧٠ ـ بەکری سەعە ڕەش ـ ئوتومبێلچی.
٢٧١ ـ عەباس ئوبوشوارب ـ کەبابچی.
٢٧٢ ـ عەزیز ئەحمەد جۆلا ـ خاوەن گەڕاچی شتن و چەورکردن.
٢٧٣ ـ لوتفی مەحموود ئەفەنی ـ بەناوبانگ بو بە (کشمیش) ـ وێنەگر.
٢٧٤ ـ عیزتی حاجی ئەمین ئیسماعیل ـ بەناوبانگ بوبە (عیزەت یەك پارچە) ـ قەزوان فروش.
٢٧٥ ـ بەشیر ڕەشید ـ فەرمانبەر لە تاپۆ.

تێبینی:ـ هەر لە کۆنەوە لە هەموو کوردستاندا خەڵکی سلێمانی بەناوبانگ بوون بە قسەی خۆش و گاڵتەوگەپ، چوبنەهەرچ شوێنێك لە دەرەوەی شارو وولات بەزم ورەزمی خۆیان هەر کردوەو زانیویانە خەڵکی سلێمانین ئێمە ئەم ناوانە کە تۆمارمان کردوە هەر ئەوەندە هاتووە بە بیری خەڵکدا مانای ئەوە نی‌یە بەبیرەوەری هەر ئەم زاتانە بوبێ، خۆی شارەکە بەگشتی حەزیان لە قسەو بەزم ورەزم هەیە بەلام ئێمە هەر ئەوەندمان دەست کەوتووە، بۆ ئەو پرۆژەیەی بەدەستەوەیە داوا لە خەڵکی شارە خۆشەخویستەکەمان ئەکەم ئەتوانن ناوی ترمان بۆ بنێرن بە خەتێکی خۆش لەگەڵ نمونەی قسەی خۆش و کردەوەی سەیریان تا ئەو پرۆژە گەورەیە پێك بێنین بە هەموولایەك، لەم کاتی تەنگ و چەڵەمەیەدا پێشکەش بکەین بە شارەکەمان بۆئەوەی تۆزێ زاخاوی مێشکیان و دەرونیان بدەنەوە.

● حاجی مستەفا پاشا

١٨٨٦ - ١٩٣٦/١/٢٥

● شیخ لەتیفی حەفید

١٩١٧ - ١٩٧٢/٥/١٢

● حەمە گاسوار ١٨٦٤ - ١٩٧١

● قوتبەدین ئەفەندی

١٩٠٦ - ١٩٧٥

● عیزەت نوپچی ١٨٨٧

- ١٩٥٤

● نەورەحمانی خامە سنەیی

● عەلی وەیسی ئەفەندی

● فەرەجی حەمە موراد

● ئەحمەد هوشیار ١٩٢٤
- ١٩٦١

● جەمیل سەعید بەگی بابان

● ئەحمەدی عەزیز ئاغا
١٨٩٩ - ١٩٦٩

● عومەری حەمە قاوەچی
١٩٢٤ - ١٩٧٤

● خاڵە ڕەجەب ١٩١٣
- ١٩٨٤

ساله ئەحەی خوله
١٩٠٢ - ١٩٧٦



● قالەی ساڵحەفەنی
١٩٠٩ - ١٩٦٨

● عەزەبابی

● سابیری تەپەچنە
١٨٩٠ - ١٩٧٥

● توفیقی گوڵناز

● کەریم خانی حاجی حسەین
ئاغا ١٨٦١ - ١٩٦٨

● قادر زەکی



● عوسمانی حەمە نایەر

● رەشەی شەریف ئەفەندی
مۆختار ١٩١٣ - ١٩٧٠



● عیزەتی حاجی ئەمین
١٩٠٧ - ١٩٧٥

● مەلا سمایلی حاجی حەسەن
١٨٩٥ - ١٩٧٣

● وەستا بەکری پانی بەرزدروو
١٨٧٨ - ١٩٦٨

● حەسەنی دەولەت

●مەجولی خامە سنەیی

● ئەمین چتیر

● حسە دەبو، سالی ١٩٣٢
لە دایك بووە

● عەزیز ئەحمەد جولا

● بەکری حاجی سەعە ڕەش
١٩٣٩ - ١٩٧٨

● بلە کویری قەساب

● عەلی دەدە ١٩٠٧ ـ ١٩٨٦

● حەمەی سەی برایم

١٩٢٥ ـ ١٩٨٤

● کەریم شالووم ١٨٨٥ ـ ١٩٦١

● عومەری نوعمان ١٩٠٣ ـ ١٩٨٤

● مەتی ئەڵلا وێردی



● لوتفی مەحموود نەفەندی
«کشمیش» ١٩٣٥ - ١٩٧٠

● سدیق ئەبو شەوارب

● عیزەتی حاجی ئەمین
«یەك پارچە» ١٩٣٨ - ١٩٧٠

● عەلی ئاگا ١٩٠٧ - ١٩٨٢

● ئەوڕەحمانی حاجی
عەزیزی ئاغاڵە

● ئەوڕەحمانی سوفی کەریمی
سەڕاج «حەکە» ١٩٢٢ - ١٩٤٤

● فەریقە کوێرو شەوکەتی
عەبە پاشا

هەندێك پیاوی تایبەتی

١ ـ ئەحە تێلاَ: ئەم پیاوە دووکانەکەی لەژێر پردەکەدا بوو زۆر جار لەبازا ئەبینرا باڵی پان کردبووەوەو بە خەڵکی ئەووت ئەندازەکەم لێ تێك مەدەن ناو (وەستا ئەحمەد) بوو بەلاَم بە ئەحە تێلا ناوئەبرا، دارتاش بوو پەیژەی دروس ئەکرد بەقەدەر بالاَی خۆیو کە تەواوی ئەکرد بە بازارا ئەیگێڕا بۆ فرۆشتن

٢ ـ ئەحەی محەی جگەر: ـ ئەم پیاوە خەیات بووە لە جادەی مەولەوی لا شەیـدای خەیاتەوە، لەدواییدا لە ماڵەوە ئیشی دەکرد، شاگردی نەبوو، کەو ژنانەی ئەدووری. پیاوێکی زۆر قوشمەو قسەخۆش بوو وە زۆر سەیر بوو دوکانەکەیدا هەموو جۆرە تەیرێکی ڕاگرتبوو، وە لە مەولوودا بەشداری دەکَ چونکە دەنگی خۆش بوو بە جیسابی خۆی دەروێشی قادرکەرەم بوو. زۆر ـ بوو لە ئیشکردندا، بە ساڵێك کەوایەکی تەواو نەدەکرد هەتا خوا حەزی بکرد مێباز بوو. تا مرد ژنی نەهێنابوو.

٣ ـ ئاخ سەمـــەنێ: ـ ئەم پیـــاوە. ناوی (مـــامـــەعـــەبـــە) بوو کابـــرایـــە لەســـەرخـــۆریشێکی سپی درێـــژی هەبـــوو هەمووکات پەستەکێکی لەبەرابو چیرۆکی بۆ خەڵك ئەگێڕایەوەو یارمەتیان ئەدا وە کە لە چیرۆکەکە دەبۆوەوە ئەم دەووت :ـ

ئاخ سەمەنێ. داخ سەمەنی پێم لێ ئەنێیت، ڕووم لێ مەنێ، ڕووم لێ ئەنێیت ڕ لێ مەنێ تو شێخەکەی قازیبەنێ.

٤ ـ فەرەجی حاجی ڕەشید :ـ پیاوێکی بێدەنگ و دڵساف و بێوەی بوو، بەناوبانگ بوو بە (فـەریـد) چونکـە یەکە پشت گیری (فەرید ئەترەش)بوو. زۆری حەز بە گۆرانیو ئاهەنگ ئەکرد، دەنگی خۆی بەلاوە یەکەم بوو. هەمووجار بۆ ڕابواردن پێیان ئەووت: کاکـە فەرەج بۆچی شریتت زۆر نیـە لە بازاڕدا ئەویش ئەیووت بابە گیان شریتی من لای محـافـظ و فلان مودیـرو سەرەك عەشیرەت و فلانە وەزیر هەیە. هەرچەندە لەڕاستیدا دەنگی وا نەبوو بەڵام زۆر خۆشەویست بوو لەلایەن خەڵکی سلیمانیەوە، وە هەمیشە گۆرانی فەریدی ئەووت وە گیرفانی هەمیشە پڕبوو لە هەموو جۆرێ نوقوڵ چکلێت و پاکەتە جگەرەو شقارتە، کە هەندێ جار لە ئاهەنگدا گۆرانی ئەووت لەجێی دەسکەگوڵ ئینجانە گوڵیان بۆ ئەبردە سەرشانۆ.

٥ ـ مەلای خەیاڵ:ـ لە حەوت ساڵیدا بە ئاوڵە کوێر بووە، ناوی (حەمەی خەیاڵە) هەمـوو جۆرە کاسبیـەك دەکـات زۆر زیـرەکـەو پۆشتەو فەنتازە، ئەگەر یەکێك لە تەنیشتیـەوە بێت ئۆتـومبیل لێئەخوڕێ، کۆتربازێکی سەیرە وە لەسەر بان کۆتری هەڵداوە زانیوییەتی کامیان تەقلەی لێداوە، دەستی لە فەرش داوە بە دەنکە شقارتە زانیویەتی فەرشیکە باشە یان نا، دەنگی خۆش بووە بۆ کاسبی هاتووچۆی ئێرانی زۆر کردووە، سورەتێـك لە قورئـانی ئەخوێند لە تەعزێی ناسیاودا، لە گەنجیدا کوڕێکی ئازا بووەو خەنجەری وەشاندووە، وە هەروەها لەسەر جولانەوەی نیشتیمانی بەنـدکـراوە، وە کوڕێکی قسـەخـوشە. لە ساڵی ١٩٤٨ز کە هەڵبژاردنی ساختەی نوێنەرانی پەرلەمان بووە خەڵك کەوتنە خۆپیشاندان، زۆر گیران، مەلا خەیاڵ یەکێك بوو لەوانە جا لە بەندیخانەی سلێمانیدا هاواری ئەکرد:

«أنتخابات حرة و ملای خیاڵ في السجون»...

٦ ـ محەمەد کوڕی محیەددینی کوپان درووز ـ بەم پیاوەیان ئەووت (حەمەدەمە هەتا بڵێی زیرەك و دانا بوو بلیمەت بوو بەکوردیەوە هەشت زمانی ئەزانی وەکو. عربی، ئینگلیزی فەرەنسی، ئەلمانی، هیندی، فارسی، تورکی، بەڵام ئینگلیزیەکەی وەکو بلبل قسەی پێئەکرد وەکو کوردی، سەربازی لیوی بوو لە حەببانیە لەگەڵ ئینگلیزەکاندا زۆر شوێن و وولات گەڕابوو دوایی ژیانی بە بێکاری بردۆتەسەر وە لە ساڵی ١٩٦٣زدا لە ڕێگای جەلەولا بە بەندی یەتی بە ڕوودواوێك کوژرا.

٧ ـ ئەحەی بەکری پانیبەرز درووز کوڕێکی زۆر قسەخۆش بوو هەموو کاسبییەکی ئەکـرد زۆر گاڵتـەچی بوو هەر ڕۆژەی جۆرە بەرگێکی ئەکـردەبـەر، ڕۆژێـك جلی

کەرکوکی، ڕۆژێك جلی کوردی خۆمان ڕۆژێك چاکەت و پانتۆڵ یان چەفتەو عەگالی لەسەر ئەکرد. لە دەوری مەلیکیدا ماوەیەك بەرامبەر بەندیخانە چایخانەیەکی کردبوەوە چەند کۆترێکی سپی ڕاگرتبوو کە حەپسی سیاسیان ئەهێنا بۆ بەندیخانە ئەم کۆترەکانی هەڵئەدان بەسەریاندا بەمانای منیش ئاشتی خوازم.

٨ ـ مەلا نوری کەریم چاوەش:ـ ئەم پیاوە هەر لە منداڵییەوە قاچێکی نەبووە بە دارشەق ئەڕۆیشت بەڵام وەکو مرۆڤێکی ساغ هەڵسوکەوتی ئەکرد، یاری تۆپێنی ئەکرد هەروەها یاری ئاسن بازی دەکردو کۆتربازی دەکرد، وە زۆر بەهێز بوو زۆر جار گرەوی لەسەر دەست بادان دەکرد وە هەمووی ئەبردەوە وە زۆر یاریتری ئەکرد کە بە هێزی دەست و بازوو دەکرا، دووکانی هەبوو لە تەنیشت شەخسەکەی پیرەسوورەوە، وە لە لافاوەکەی سلێمانیدا ساڵی ١٩٥٧ز ماڵەکەیان پڕبووبوو لە ئاو، ئەمیش دوو بەرانی گەورەی لە حەوشەکەدا بەستبۆوە وە توانی یەکەیەکە بەرانەکان بەرێتە سەربان و لە خنکانیان ڕزگار بکات ئەمەش بەهۆی خستنە سەرشانیەوە بوو، ماوەیەك بەندکراوە لەسەر خەنجەر وەشاندن کوڕێکی زۆر قسەخۆشە.

٩ ـ عبدالرحمن محمد سعید بەناوبانگ بوو بە (ئەوڕەحمانە شەل):ـ

لە ساڵی ١٩٢٥ز لەدایك بووە ئێستاش کە تەمەنی نزیکەی ٦٠ ساڵە ئیمچە دوکانێکی لاکۆڵانی هەیە لە گەڕەکی مەڵکندی لەپشت سەرای کۆنەوە، لە تەمەنی (١٦) ساڵیدا کە لە پۆلی شەشەمی سەرەتاییدا ئەخوێنێ لەکاتی پشوی ساڵانەدا بەهۆی هەژاریو دەست کورتییەوە لەگەڵ باوکیا ئەچێت بۆ کەرکوك بۆ کرێکاری، لەوێ شەوێك بەدەم خەوەوە هەڵئەستێت و لە سەربان ئەکەوێتە خوارەوە گازەرای پشتی ئەشکێت و لەکەمەری بەرەو خوار ئەمرێت. ئەوەی شایانی باسە ئەوڕەحمانەشەل هەتاکو ئێستا بە عەرەبانەکەی ئەڕوات و بەوپەڕی شەرەفەوە خۆی ئەژێنێت و لەوە زیاتر خاوەنی هیچ سامانێکیتر نییە لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەندە سەربەرزە هەوڵ ئەدا بۆ هان دانی خەڵك بۆ یارمەتی لێقەوماوان و هەژاران. کاك ئەوڕەحمان بەم هەموو دەست کورتیو لێقەوماوییەوە هەتا ئێستا لەباتی ئەوەی بەزەیی بەخۆیدا بهاتایەتەوە هەر بەزەیی بە فەقیرو هەژاردا دێتەوە بیر لە لەوان زیاتر ئەکاتەوە ئەمەش زۆر جێی شەرەف و شانازییە کە خۆی ئەژێنێ. لەپاڵ ئەو شەلیو شکستییەییو داماوییەدا نانی منەتی کەس ناخوات.

ئەم پیاوە هەمیشە هەستی نیشتیمان لە دڵ و دەرونیا بووە وە هەر بۆ ئەو مەبەستەش تووشی ئەشکەنجەو تەنگ و چەڵمە بوە، بۆنمونە لە سەردەمی موتەسەریفی عومەر عەلیدا ڕاپێچی بەندیخانە کراوە لەڕێی گەلەکەیدا لەتەك کۆمەڵێك لە نیشتیمان پەروەرانیتردا، هەر عومەر عەلی خۆی لە بەرچاوی بەندەکان پێیدەڵێت [شەلە ئەگەر هیچ کوێت ئیش ناکات، خۆ دڵ و زمانت ئیش دەکات] ئەوەش بەڵگەی ئەوەیە کە کاك ئەورەحمان بەو گرفتارییەوە لە کاروانی تێکۆشانی گەلەکەی دوانەکەوتووە. زۆرجار کە وەکو فەلسەفەیەك لەسەری بڕوا باسی شت ئەکات کە وشەکان کاریگەرو بەهێزن ئەوانەش :ـ

أ ـ ڕزق :ـ هەتا سەرم بجوڵێت و دڵم لێبدات خۆم بەخێو دەکەم و، داوای ڕزق لە کەس ناکەم و نانی منەت و شەرمەزاری کەس ناخۆم.

ب ـ گوناە: ـ چونکە خۆم بەرامبەر بە هیچ کەسێك بە تاوانبار نازانم لە هیچ ڕوویەکەوە لەبەرئەوە هەتا ماوم داوای لێبوردن لە کەس ناکەم.

ج ـ تەمەن : ـ لەبەرئەوەی لە سەرەتای لاویمەوە تائێستا هیچ جۆرە خێرو خۆشیەکم نەدیوەو لە هەموو چێژو هیواو ئاواتێکی پڕ خەوو خەیاڵاتی لاویم بێبەش بووم لەبەرئەوە داوای تەمەن درێژی لە کەس ناکەم.

هەر لە دڵیەوە هەڵئەقوڵا کە زۆر جار گوێمان لێئەبوو ئەیووت :ـ

(ئای ڕۆژگار بەخوا نە بە بەرخی تێر شیر بووم نە بە کاوڕی تێر گیا).

تێبینی: کاك ئەورەحمان کە برای قادر برسییە نموونەی دوو برای خۆشەویست بوون کە زیاد لە پەنجا ساڵ لەگەڵ کاك قادرو خێزانەکەی بردوەتەسەر. ئەم پیاوە بەهەوڵ و ڕەنجی خۆی لەگەڵیاندا ژیاوە تا دوا هەناسەی کە لە ڕۆژی ١٧/٢/١٩٨٥ کۆچی دوایی کردووە.

١٠ ـ عەلی تۆفیق شلك (عەلی فەوتاو) :ـ کاك عەلی لە سلێمانی لە گەڕەکی گۆیژە لە قاوەخانەی سەرچیمەن، لە ساڵی ١٩٢٤ز لەدایك بووە، خوێندنی هەتا پۆلی پێنجەمی سەرەتایی لە قوتابخانەی زانستی تەواوکردووە، حەزی بە بەرزی نیشتیمانەکەی کردووە، کوڕێکی ناسراو بووە لەناو خەڵکداو خۆشەویست بووە، لەگەڵ ئەوەشدا قسەخۆش و دەنگ خۆش بووە وە هەموو ژیانی بەسادەیی

ردۆتەسەر. لە تەمەنی حەوت ساڵیدا ئەبێت کە دایکی ناوساجی سورئەکاتەوەو کاک عەلی دەست ئەبات بۆ ناوتاوەکە ئەپرژێت بەچاویاو پاش ماوەیەکی کەم چاوێکی کوێر ئەبێت. دوای ئەوەی کە لە زانستی دێتە دەرەوە ئەبێت بە شاگردی تەنەکەچی لای شێخ جەلال لەناو بازارا نزیک خەلفە فەرەجی کەبابچی بۆ ماوەی پێنج شەش ساڵ. لە دواییدا لەلای عەبە دەلاك ئەبێت بە شاگرد دەلاك لە ئەسحابە سپی هەتاکو ساڵی ١٩٤٢، هەر لەم سالەدا لە کاتی بەهارا لەگەڵ هاورێکانی ئەچن بۆ شارەزوورو دەوروپشتی هەڵەبجە بۆ سەیران و راو لە (قوروچیا] بەهەڵە دەست رێژیان لێئەکەن، لەئەنجامی ئەم گوللەبارانەدا کاك عەلی گولەیەك بەر دەم ولوتی ئەکەوێت هەروەها لەوێدا حەسەنی رەزا بەگ و نوری حاجی محمد کۆچی دوایی ئەکەن و جەمیلی سەعید بەگ گولەیەك تیغ ئەکات بەسەریەوە هەروەها ئەیوبی ئۆتۆمبیلچی بریندار ئەبێت و پاش هەفتەیەك وەفات ئەکات.

حەمۆل غەفوریش دوو پەنچەی بریندار ئەبێت، لەدوای ئەم بەسەرهاتەوە کاك عەلی چونکە هەر لەوەپێش چاوێکی کوێر بوبو وە لێرەشدا دەم ولوتی بەرکەوت ئیتر ناونرا عەلی فەوتاو.

هەر لەپاش ئەم رووداوە لە گەرەکی خۆیان دوکانی عەتاری دائەنێت لە قاوخانەی سەرچیمەن وە هەتاوەکو ئێستاش هەر لەو دوکانەدا لەکاسبی بەردەوامە.

لە ساڵی ١٩٥٠ زوە هەتاوەکو ١٩٦٣ز جگە لەوەی کە دوکانی هەبوو لە سینەمای رەشید لە قاپی چلی بلیتی ئەفرۆشت ئیتر هەرچەندە لە کۆلانەکاندا منال ئەیانبینی ئەیان ووت ئەوە پیاوی سینەماکەیە. لە ساڵی ١٩٥٩ز وە هەتاکو ١٩٦٠ز مانای بۆ ماوەی سالێك کە بەهۆی شۆرشی چواردەی گەلاوێژەوە نەقابەی کرێکارانی سینەماکان کرایەوە کاك عەلی بو بەسەرۆکی ئەو نەقابەیە، بەڵام لەبەرئەوەی لە سلێمانیدا دوو سینەما هەبوو وە ئەندامانی ئەو نەقابەیە نزیکە (١٠کەس] بوون لایان بردوو خستیانەسەر نەقابەیەکیتر.

هەر لە ساڵی ١٩٥٩زدا کاك عەلی رۆیشتووە بۆ چیکوسلۆفاکیا بۆ چارەسەرکردنی دەم ولوتیوە لە [پراگ] ئەبێت بە میوانی قادر دیلان کە لە بەشی مۆسیقا ئەیخوێند، وە هەروەها برادەری کۆن بوون و کوری یەك گەرەکیش بوون، وە بۆ ماوەی سێ مانگ ئەمێنێتەوەوە وە نەختێك بۆی دەستکاری ئەکەن وە دوای ئەوە پێی ئەڵێن بمێنەرەوە

بەڵام ئەم تاقەتی ئەچێت وە بە نیوەچڵی بەجێی دێڵێت ئەگەڕێتەوە بۆ سلێمانی کاک عەلی بەسەرهاتی خۆشی هەیە، یەکێك لەوانە:ـ جارێکیان کە بەنهێنی لە جولانەوەی نیشتیمانی ناوشاردا ئیش ئەکات لە سالی ١٩٥٤زدا وە ئەم جولاَنەوەیە پەرەئەسێنێت و میری دەستیکردبوو بە لێدانیان و هەروەها گرتنی جەماوەر، لەوکاتەداو برادەرێك لە خۆی بەرزتر نامەیەکی بەنهێنی ئەداتێ کە بەگورج وگۆڵی بیگەیەنێتە برادەرەکانیتریان لە سابونکەران و کاك عەلی بەپەلە ئەروات و برادەرەکەی لە شوێنێکدا چاوەڕوانی ئەکات پاش ماوەیەك سەیرئەکات کابرایەك دەماخی کردووەو عەینەکی قەپاغلی لەچاودایە جوتێ گۆرەیو پوزەوانەی لێهەڵکێشاوەو کۆمەڵێکی زۆر منداڵی بەدواوەیەوە دێتە بەردەمی دەماخەکەی لائەبات سەیر ئەکا کاك عەلیە پێیئەڵێ ئەوە چیت کردووە ئەڵێت هەروەها گەرامەوە چونکە مندالان ئەبونە هۆی ئەوەی کە پۆلیس بمناسێتەوە بەردەستیان بکەوم لەبەرئەوە هیچم بۆ نەکراو لەترسی ئەم مندالانە گەرامەوە برادەرەکەی دەست ئەکات بەپێکەنین و پێیئەڵێ: ئەڵێی لە چلەی زستاندایت وە ئەچیت بۆ دزیو ماڵ برین، ئیتر نامەکەی لێ وەرئەگرێتەوەو بە یەکێکیتردا ئە ینێرێت.

بەڵام کاك عەلی لەدوای سالانی شەستەوە دەست ئەکات بە نوێژکردن و دوای ئەوە ژن دێنێت وە پاش چەند سالێك بێخشپە ئەچێت بۆ حەج و هەتا ئێستاش کەم کەس ئەزانێ کە حەجی کردووە من خۆم زۆر برادەرێکی نزیکی بووم یەکێکم لەوانەی کە ئاگام لە حەجەکەی نەبووە هەتاوەکو لەم دواییەدا کە چوومەلای بۆ نوسینەوەی ژیانی، لەدوای هاتنەوەی لە حەج خوا کچێکی داوەتێ ناوی چراخانە کە هێشتا لە پۆلی سێهەمی سەرەتاییە لەخوا داواکارم کە چراخان ببێتە چرایەك بۆ خزمەتی نیشتمان و هەروەها تەمەنی درێژیش بۆ کاك عەلی لەخوا داواکارین.

١١ ـ عوسمانی شەریف ئەفەندی (عوسمان دانش): ـ لە سالی ١٩١٧ ز لە گەرەکی مەڵکەندی لەدایك بووە سەرەتایی تەواوکردووە دوای تەواوبونی لە عەسکەری لەبەر بارو دۆخی رامیاری وولات نەی توانیوە جێگیر بێ لە کارو گوزەرانی میریدا ناچاربووە بە سکالانوس [ئەرزوحالّ چی].

کاك عوسمان سالی ١٩٤٦ز بەشداری کۆمەڵەی جمهوریەتی مەهابادی کردووە زۆر جار لەسەر جولاَنەوەی نیشتیمانی گیراوەو دوورخراوەتەوە. پیاوێکی قوشمەو

ڕوویەکی کۆمەڵایەتی خۆشی هەبوە، زۆر ئارەزووشی لە خواردن هەبووەو ناسراوە بە زۆرخۆری، لە ژیانیا درێخی لە خۆیو ماڵ و منالی نەکردووە. بەڵگەش بۆئەوە لەدوای کۆچی خۆی هیچ شتێکی ئەوتۆی بۆ دوارۆژی مناڵەکانی بەجێنەهێشتووە، تەنها ئەو دەستمـایـەیـە نەبێت کە مناڵەکانی شانازی بە ناوونیشانی باوکیانەوە بکەن بەرادەیـەکیش دڵسـۆز بوو بەرامبـەر براکـانی ئەوەنـدەش هاوپـەیمان بوو هەتا مردنەکەیان لەتەك کاك ڕەشیدی موختاری برایدا تەنها سێ ڕۆژی بەین بوو، لە ڕۆژی ١٠/ ١٠/ ١٩٧٠ لە بەغدا [مدینة الطب] لە بەغدا کۆچی دوایی کردو تەرمەکەیان هێنایەوە بۆ سلێمانی وە لەگردی سەیوان نێژرا.

١٢ ـ (خاچادۆر کریکۆر خاچادۆری ئەرمەنیی):

خاچادۆر کوڕی کریکۆری نانەوا بوو.

مرۆڤێکی تابلێی ڕوو خۆش و لەسـەرخـۆو ڕاست گۆ بوو، هەمیشە لەناو کۆڕو کۆمـەڵی لاوانی سەردەمی خۆیـا بەخۆشی کاتی بردۆتەسەر لە ژیانیا مووچەخۆری میری نەبووە، لە کاتی خۆیا یارمەتی باوکی داوەو لە سالانی چلەکانا لە سلەیمانی لە سینەمای (سەلاحەدین) بلییت فرۆش بوو.

لە ساڵەکـانی پەنجاکانا کۆگایەکی جوانی خنجیلانەی دانا نزیك چێشتخانەی لاوانی ئێستـا لەژێـر دائـیرەی ئەوقافا بەرامبەر (سینەمای ڕەشید)، هەمووکاتێك لاوانی ئەوسا کۆڕیان لە بەر کوگاکەیا ئەبەست و ئەمیش بەبێئەوەی پێی ناخۆش بێ پێشوازی ئەکردن و قسەی خۆشی بۆ ئەکردن.

چەنـد ساڵێك بەم جۆرەی بردەسەر دوایی چونکە مەبەستی پارە دەس کەوتن نەبـوو لەبـەر دڵ پاکی خۆی دووکانەکەی هەموو بەقەرزقۆڵە لەدەس چوو، بە بێ دەس مایەو ئیش مایەوەو لەوکاتەدا تووشی نەخۆشیی (شەلەل) هات و هەرئەوەش بوو بە هۆی کۆتـایی ژیـانی، زۆر حەزی بەوە ئەکـرد کە خزمـەتی خەڵك بکـاو هەرکـەسێکی بناسیایەو نەیناسیایە ئەم مەرحەبای لێ ئەکردو مەرجی ئەوە نەبوو وەلامی بدرێتـەوە، ناوبـراو ناوی خەڵکی زوو لەبیرئەچووەوە، بە زۆر کەسیی ئەوت (مەهرەبا ڕەشید).

خوالێ خۆشبـوو لە دێی (ئـەرەب گیـێر) لە تورکیـا هاتـۆتـە دنیـاوە لەنـزیـك (ئەستەموول) پاش قەتڵیعامی ئەرمەن بە چەند ساڵێك، لە ساڵی (١٩٢١)ز هاتۆتە دنیاوەو لە ڕۆژی (١١/ ١/ ١٩٧٥)ز لە سلەیمانی وەفاتیکردوە. ناوبراو کووڕیك و

کچێکی بوە کچەکەی ناوناوە (لوشقارت) کە لە ساڵی (١٩٥٨)ز لەدایك بووە،
کوورەکەیشی ناوی (سێڤان)ە لە ساڵی (١٩٦٠)ز لەدایك بوەو ئێستا هەردوکیان ل
شاری سلەیما نین لەلای کورکێنی مامیانن .

● جاچادۆر کریکۆر ١٩٢١ - ١٩٧٥

● فەرەجی حاجی ڕەشید «فەرید»

●ئەحەی بەکری پانی بەرزدروو

● مەلای خەیاڵ



● مەلا نوری کەریم چاوەش

● عوسمان دانش ١٩١٧ - ١٩٧١
«وێنەی ساڵی ١٩٤٦ مەهاباد»

● ئەوڕەحمانە شەل ١٩٢٥ ـ ١٩٨٥

●عەلی فەوتاو

هەندێك پیاوی سەیر

هەنـدێ پیاوی سەیر هەبووە لە شارەکەماندا وێنەیان نەبووە، هەریەکە لەمانە جۆرە ئیشێـك و جۆرە خوورەوشتێکی تایبـەتیان هەبووە هەموویان خۆشـەویست بوون و ناسراو بوون لەنـاو خەڵکـا زۆربـەی کاتیان بە قسەی خۆش ئەبردەسەر. ئەمەش ناوو باسی چەند کەسێك لەمانە:

١ ـ مچەی حەبێ کشمیش: کابرایەکی کەتەی گەورەو دەموچاو پان و سوروسپی بوو، جووتێ سمێڵی گەورەی پێوەبوو، زۆر دڵ تەڕبوو، هەمیشە جلوبەرگی جوانی لەبـەرئەکرد، بەزۆری کەواو سەڵتەی عاسمانیی لەگەڵ جووتێ فەقیانەی گەورەی کەتانی ئەبەست و جووتێ کەوشی ڕەشی لێوارسوری لە پێ ئەکرد. زۆریش ژنانی بوو هەمیشە حەزی بە ناوژنان ئەکرد، تەنانەت دەنگی ناسك بوو وەکو ژن، زۆر جار لەناو ژنانا ئەیگوت بەزیای خێرم نەکرد مێردەکانتان چۆنتان لێ قبوول ئەکەن چۆن چێشت لێنان و جل شتن وائەبێ، چونکە خۆی جوانترین چێشتنی لێئەناو جلی ئەشت، ئەم پیـاوە زۆر کچ کە شووی بکردایە یان کوڕ ژنی بهێنایە ئەبوایە ئاگاداری ئەمیان بکردایە ئەچوو بۆ خوازبێنی بۆ لای کچەو دایکی کچەو لە هەمان شاییشدا ئەبوایە سەرچـۆپی هەڵپـەرکێکەی بگرتایە. زۆر بەرچاو فەرەح بوو ڕەزیل نەبوو، زۆر جار زیافەتی بۆ خەڵك ئەکرد خۆشی چێشتنەکەی لێئەنا، ئیشێکی تایبەتی نەبووە، هەر بەم جۆرە ژیاوە بەڵام لە ژیانیا ژنی نەهێناوە ئەشیتوانی ژن بێنێ ئەم کابرایە ناوی دەرکردبوو لەشارا تائێستاش ئەمە هەر بووە بە مەسەل یەکێك ئەگەرتۆزێ ژنانی بێت پێیئەڵێن ئەڵێی [مچەی حەبێ کشمیش] ٥

٢ ـ حەمـە عاشق: ـ لە زەمانی تورك و ئینگلیزدا لێفەیەکی ئەدا بەشانیا لەبازارا ئەسـورایەوە لیفەی ئەفرۆشت، شان و پشتی دووعای پیا هەڵواسیبوو، کڵاوەکەی سەری هەمـووی شەوەو شیلانی پێوەبوو، هەموو ساڵێك لە رەمەزانا پێش ئەوەی کارەباو رادیۆ بێتە سلێمانی‌یەوە ئەم ئەچوو بۆ لای قازی قورئانی ئەخوارد ئەیووت من مانگم دیوە، زۆر قسەخۆش بوو خەڵکی گەرەکی (سەرچیمەن) بوو.

٣ ـ مەلاعەلی‌یە شێتە: ـ ئەقلی سووك بوو هەمیشە جلەکانی شڕ بوو، کەواو سەڵتەی لەبەرابوو، خەڵك خێری پێ ئەکرد کە تورەیان ئەکرد هاواری ئەکرد ئەیووت: [ئێوە خۆخۆرن وەك کەو وان].

٤ ـ پیران: بەنـاو کوڵ گێر بوو واتـە [حەماڵ] توورە ئەبوو کفری ئەکرد. هەر کە توورەیان بکردایە پێیان ئەگوت [عەرز بیگرە عاسمان قووتی‌دە]، ئیتر توورەو دەهری ئەبوو دەکەوتە کفری خراپ کردن.

٥ ـ عالا دەلعوونە: ـ ئەم کابرایە زلەیەکی سوروسپی دەروێش بوو پرچە سپی‌یەکەی شۆڕ ببـووەوە، دەستگـێڕ شتی بەکـۆلانـانـا دەگـێڕاو دەی‌فـرۆشت و منـداڵان دوای‌ئەکەوتن بە (عالادەلعوونە] ووتن، زۆر توورە ئەبوو جوێنی پیسی ئەداو کفریشی لەگەڵا ئەکرد.

٦ ـ کەریمی لۆقتنـەچی: ـ بەرامبەر [چێشتخانەی تارا] پیاوێکی زۆر توورە بووە ئەگەر خەڵکی سەریان بکردایە سەری هەرچی چێشت هەبوو لە لۆقنتەکەیا هەمووی ئەرشت بەتایبەتی لە رەمەزانا کە پۆلیس و چاوەشی شارەوانی نەیان ئەوێرا بە بەردەم لۆقنتـەکـەیـا برۆن چونکە یاساغ بوو و بیان ووتایە یاساغە هەموو مەنجەڵەکانی تێ‌ئەگرتن بەچێشتەوە بەڵام پیاوێکی هەژارو بەسزمان بوو.

٧ ـ قالانە: ـ پێیان ئەووت [قالانە، پاشانە، چاکانە] ئەمیش خۆی هەر بەوشێوەیە وەڵامی ئەدانەوە ئەم پیاوە بە عەرەق خواردنەوە مرد.

٨ ـ مامەحەمەی عەقراوی: [باوکی خولە تەرەزان] بوو توورەیان ئەکرد پێیان ئەووت [مامەحەمەی عەقراوی ـ هێلکە ئەکا بە مراوی].

٩ ـ حەمە کەچەڵ:ـ لە بەرماڵی خۆیانا کە بەرامبەر سەرا بوو قیرتەبەقی دانابوو بە بەتاڵی‌و منداڵان توورەیان ئەکردو پێیان ئەووت [مامەحەمە گون تەمتەمە..].

١٠ ـ قادر ئاغـای ئبراهیم ئاغا:ـ عەتار بوو لە قەیسەری نەقیب هاتووچۆی ماڵی

شێخانی ئەکردو لەو ماڵانە تووڕەیان ئەکردو ئەویش دەستی ئەکرد بە جنێودان و ئەهاتە دەرەوە.

١١ ـ وەهــابە کەچەڵ:ـ ئەم پیاوە حەماڵ بوو خەڵکی تووڕەیان ئەکرد ئەیان ووت [کولایەوە] ئەویش بەگژ دارو بەردا ئەچوو.

١٢ ـ قاقامچە:ـ ئەم پیاوە دەستگێڕ بوو هەر ڕۆژەی لە شوێنێك بوو، قسە خۆش بوو جارجار کە تووڕەیان ئەکرد جنێوی ئەدا، وەکو کابرایەکی تورك فێری کوردی بووبێت وا جنێوی ئەدا [گەواد، کوڕ گەواد، تەرەس کوڕ سەگباب کوڕ قەحبە دایك]. زۆری ژیــانی لە کەرکــووك و بەغــداد بردۆتەسەر. یەکەم کەس بووە شتی لەسەر سینی فرۆشتووە، ئەیگێڕا وەکو پارووە هێلکەو ترشیات، جەژنان لگاوی دادەنا ئەم لگاوە جۆرە قومارێکە بە مۆری تاوڵە ئەکرا لەسەر مێزێك بەقووتوویەك یاری پێئەکرا.

١٣ ـ سەی عەلی بسم الله:ـ بەوە توورە ئەبــوو بە هەر شوێنیکــا بڕویشتــایــە پێیان بووتایە بسم الله ئیتر کەللەیی ئەبوو ئەچوو بەگژ دارو بەردا.

١٤ ـ ساڵح دەمــانچــە:ـ ئەم کابــرایــە حەڵوای ئەفــرۆشت بەوە توورە ئەبوو کە پێیان ئەووت (ساڵح دەمانچە) زۆر توورە ئەبوو، گوچانێکی پێبوو هەڵیئەسوڕاند یان ئەیهاویشت بۆ ناو خەڵکەکە جا بەر کێ ئەکەوت خۆیو شانسی.

١٥ ـ ئەحە خورشە:ـ ئەم پیاوە شاگرد خەیات بوو لە قەیسەری وەسمان پاشا، تۆزێ عەقــڵی سووك بوو، بەڵام زۆر خۆش بووەو شتی سەیــری لێ ئەگــێڕنەوە. ئەڵێن لە ژوورێکی قوردا لە گەڕەکی شێخان هەر خۆی بە تەنیا ژیاوەوە بەردەمی ژوورەکەی بەسەر کۆڵان بوو بە توورەکەو گلۆڵەبەن و مێزەڵانی حەیوان و کاغەزی چکلێت و پاکــەتی جگــەرەی بەتــاڵ هەڵ واسیبــوو، هەروەهــا لە ژوورەکەشیا کلاشەکۆن و کەوشــەکــۆن و لێفەکۆن و کەواکۆن و کەلوپەلیتری هەڵواسیبوو سەربانەکەشی بە پارچە قوماشی کۆنی گەورە داپۆشیبوو دایکوتابوو بە بزمار ئەیووت بادڵۆپە نەکات، زۆر کات بەکولانانا بە توورەکەیەکەوە پەڕوکۆنی کۆئەکردەوەو یان هەندیکی ئەخستە گیرفانیەوە زۆر قسەخۆش بوو بە هەموو کەسێکی ئەووت [ڕەفیق] زۆر جاریش خەڵك توورەیان ئەکرد.

١٦ ـ قەزەڕۆسی دەلاك: ـ خەڵکی قەفقاس بوو پێش ئەوەی بێتە سلێمانی چووبوو بۆ بیــارە بولای شێخ علائەددینی بیارە لەوێ ژنیان بۆ هێنا، ـ پاشان هاتە سلێمانی

دووكـانی دەلاكی كردەوە بەرامبـەر خەلفە ڕەشیدی كەبابچی تەنیشت سینەمای سیروان، پاشان گواستیەوە بۆ كانیسكان بەرامبەر ماڵی شێخ لەتیف چاكەت و پانتۆڵی لەبەرئەكردو كڵاو مشكی لەسەر ئەكرد كەس نەیئەوێرا بچێتە لای بۆ سەرتاشین نەك لەكاتی سەرتاشینا توورەی بكەن و شوێنێكی ئەوكەسە بە گوێزان بریندار بكات، بەڵام ئەوكەسانەی كە نەشارەزا بوون و نەیان ئەناسی ئەچوون سەریان ئەتاشی ، كە دائەنیشتن هەموو سەروچاوو پشتیملی ئەكردن بە كەف سابوون، بەس چاویان دیار ئەما، خەڵك زۆر ئەهاتن بۆلای پێیان ئەووت قەزەڕۆس....، ئەویش تەورێكی هەبوو ئەیگرتە خەڵكەكە زۆریش بەهێز بوو هەركەسێكی بگرتایە ئەینایە ژێر خۆی. ئەڵێن زۆرجار شێخ لەتیف ئەهاتەوە بۆماڵ لەودیوو دەرگاكەیانەوە بانگی ئەكرد (قەزەڕۆس) ئەویش توورە ئەبوو جنێوی پیسی ئەدا پاشان ناچار سلێمانی بەجێئەهێڵێ لەبەر ئەم بەزم وڕەزمە.

١٧ ـ ئینگـرام:ـ ئەم پیـاوە سەیدێكی ئەو خوارانە بوو نەگبەتی گرتبوی هاتبوو سلێمـانی بۆئـەوەی خەلك یارمـەتی بدەن، جلەكانی وەكو سەیدی خواروو وابوو كورتەباڵا بوو لەبەر ئەوە پێیان ئەووت [ئینگرام] جنێوی ئەدا بە كوردیو عەرەبی ناچار سلێمانی بەجێهیشت، ڕۆژێك لە بەغدا بەرێكەوت توێكڵە مۆزێك لە بەر قاچی پێی پیـا دەنێو دەكـەوێو لە بەردەمی كۆمـەڵێكـا هەڵی ئەستێتـەوە، بەرێكەوت هەموویان خەلكی سلێمانی دەبن ئەبێ یەكسەر دەیناسنەوە پێیئەڵێن (ئەڵڵا بلخێر) دەست ئەكا بە جنێودان و دەڵێ [ئەهلی سلیمانی مایجوزون مني] لە ساڵی **١٩٥٦دا** جارێك لە كەركوك بەند ئەبێ لەوێ تووشی كۆمەڵێك خەڵكی سلێمانی ئەبێت هەرچەند ئەیەوێت خۆی ئاشكرا نەكات بەڵام ئەوان ئەچنە لایەوە پێی ئەڵێن [ئینگرام] ئەو چیئەكەیت لێرە؟ ئەویش بەتوورەییەكەوە دەڵێت لەتاو خەڵكی سلیمانی هاتوومەتە ئێرە لێرەش وازم لێ ناهێنن.

١٨ ـ خەلیل ژنانی :ـ ئەم پیاوە باڵابەرزێك بوو پاكو تەمیزو جل بەرگی سەوزو سوری لەبەرئەكردو دەستی لە خەنە ئەگرت و چاوی بە كل ئەرشت و سمێڵی ئەتاشی وەكو ژن قسـەی ئەكردو ئەرۆیشت بەرێگەدا لای حاجی تۆفیق (پیرەمێرد) بو خزمەتی ئەكردو چێشتی بۆ لێئەناو هاتوچۆی ئەو ماڵە دراوسێیانەی ئەكردو لەگەڵ ژنەكان ئیشی ئەكردو نانی لەگەڵا ئەكردنەوە بە نان پێوەرەكەی ئەووت ئێسكت مرێ مەیەڵ

نانەکەت بسوتێ با نەبێ بە (کوڵو)، ئەم کابرایە قسەخۆش بوەو کەسیشی نەبووە لێرە.
١٩ ـ حاجی فری:ـ هیچ ئیش وکارێکی نەبوو و. هەموو شوێنێك دەگەرا پێیان ئەووت حاجی فری ئەویش ئەیکرد بە چەپڵە لێدان و ئەیووت [کەمەرە لوولە هەیاسە ـ حاجی شێت بووە بۆ عاسە] تابڵێ پاك و تەمیز بوو، چاویشی بە کل ئەرشت، زۆر قسەخۆش بوو، سوعبەت چی بوو. خەڵك یارمەتی ئەدا کەرێکی بچوکی هەبوو هەموو ناوچەی سلێمانی پێ‌ئەگەرا بەتایبەتی هاتووچۆی بەگزادەکانی هەڵەبجەی ئەکرد زۆر خۆشیان ئەویست و یارمەتیان ئەدا.
٢٠ ـ فەرەج قوزێك بەرەوە:ـ ئەم پیاوە حەماڵ بوو منالان توورەیان ئەکرد پێیان ئەووت [فەرەج قوزێك بەرەوە] بەمە زۆر توورە ئەبوو، هەرچیەکی پێ‌بوایە دائیەناو دوای منالەکان ئەکەوت بە جنێودان.
٢١ ـ مجەی دەرابە: ئەم کابرایە هەموو ئیشەکەی ئەوەبوو دارێکی درێژی پێ‌بوو سەرەکەی پەرۆی تێوەئالاندبوو تەنەکەیەك رۆنی ئۆتۆمبیلی هەڵ ئەگرت و دەرابەی دووکانەکانی چەور ئەکرد کە ئەچووە بەردوکانێك لەباتی بڵێت [چەوری‌کەم] ئەی‌ووت [چەوری عام] هەمیشە سەرخۆش بوو ئەم گۆرانییەشی ئەووت:ـ [عەبدی مەیخانە پارەم پێ‌نیە ـ عەرەقی بونو عارەق بونو]
[عەبد مەیخانەچی‌یەك بووە لە سلێمانی جوولەکە بووە].
٢٢ ـ تۆفان بەگ (تۆفەخرە): ناوی تۆفیق کوری ئیبراهیم بەگی مارف بەگە برازای فایەق بەگی مارف بەگە ناسراوبوو بە [توفەخرە]، پیاوێکی کورتەبنە بوو، بە لەنجەولار ئەرۆیشت بەریگادا هەروەکو مراوی، عادەتی وابوو کە لە ناوبازارا ئەگەرا بە هەچ دوکاندارێك بگەیشتایە پێ‌ی‌ئەووت: ئەم دوکان و بازارە یاخود ئەم حەمام و قەیسەری‌یە هەمووی هی منە، باوکم بۆی بەجێ‌هێشتووم و خەڵك لێ‌ی داگیرکردووم، ئەوانیش پێیان ئەووت: زۆر چاکە برۆ دوو شایەت و مختارێك بەرە بۆ تاپۆو ئەرزوحاڵێك بنووسە بۆت جێ‌بەجێ ئەکەن، بەم جۆرە تۆفە بەدائیمی لە تاپۆ کەووتبوو، لەوێش فەرمان بەرەکان لەگەڵی راهاتبوون و هەر ئەم ژوورو ئەو ژووریان پێ‌ئەکرد، رۆژی وا هەبوون بەقەدەر دوو فەراش ئیشی خۆیان پێ‌ئەکرد، بە ناوی ئیشەکەی خۆیەوە لەدواییدا پێ‌یان ئەووت ناردوومانە بۆ بەغا کە بۆت ساغ بکەنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا تۆفە زۆری حەز لە ژن بوو، دایم هەر باسی دەکرد. جارێکیان عەزەی

بارام كه دەلاڵی نقلیاتی سلێمانی بوو پێی‌ئەڵێت: تۆفە گیان خۆم ژنت بۆ ئەهێنم بەم جۆرە هەڵی‌ئەخلەتێنێت و ڕۆژێك ئەیبات بۆحەمام زۆر چاك ئەی‌شۆن و دەستێك جلی جوانی تازەی لەبەرئەکەن و هەندێك ئالاّو والاّی پێوەئەکەن و شاییو بەزمی بۆ دروست ئەکەن، کەریمی بارام ئەکەن بە بووك و عوسەگۆج ئەکەن بە بەربووك و لە کەلاوەکەی بەرماڵی عەزمی‌بەگی بابان سێ شەوو سێ ڕۆژ بەزم ئەگێرن و لەدواییدا بە (٢٠) قەمەرەیەك بە بەزم و هۆرن لێدان ئەیبەن بۆ ماڵی مام بارام لە سەرکارێزو ژنانی گەرەك ئەیبەنە ژوورەوو داخڵی ژووری بوکێی ئەکەن تۆفەش بەخۆشیەکەوە ئەچێتە لای بوکەوەو عەباکەی لەسەر لائەبا، کە چاوی بە کەریم ئەکەوێ ڕائەکاتەدەرەوەو هەرچی بەدەمیا بێت پێیان ئەڵێت. ئەوانیش بە چەپلەڕێزان بەڕێی‌ئەکەن. ئەم ڕووداوە لە ساڵی ١٩٥٢ ـ ١٩٥٣زدا ڕوویداوە. ئەم کابرایە ساڵی ١٩٧٤ لە مزگەوتی (هەلاجەکان) ئەنوست بەیانیەك لەو مزگەوتە لەپڕ دڵی ئەوەستێو کۆچی دوایی ئەکات.

● جەمال ڕەسوڵ «کەرەی نەوت»

● توفان بەگ

بە بەرگی زاوایەتی یەوە



● ئەنوەری ڕەزا بەگ

● سالْح پیرۆت «کەڕەی تەنەکەچی»

● ئەحە خورشەی خەیات

«پەك كەوتە» «كەرەكان و شێتەكان»

ئێستـا لە زۆر وڵاتی جیهاندا مەسەلەی بایەخدان بە پەك كەوتە «معوق» بووەتە ئەركێكی گرنگی كۆمەڵ، چۆن ئامادە بكرێن بۆ هەندێ ئیش وكار، چۆن هەندێ توانـایان بەرەوپێشەوە ببرێت، بیرمە كەباسی كاك ئەحمەدی شێخ دەكرا، باوكم «مەلا مستەفای سەفوەت» لەپێش هەموو كارێكی گەورەی كاك ئەحمەددا باسی ئەوەی ئەكرد كە چۆن هەموو كوێرەكانی شاری لە مزگەوتی گەورەدا كۆكردۆتەوەو بناغەی فێربوون و خوێندنی قورئانی بۆ دامەزراندوون و بەوچەشنە هۆی ژیان و نان پەیداكردنی بۆ دابین كردوون. حەپسەخانی نەقیبیش ئەو رێیەی كوێر نەكردەوە.

ئەمە كوێرەكانی شار. هەرچی كەرو لاڵ و پەك كەوتەی ئەم شارەیە، ئەوە بۆ كەسێك بەدوای‌دا بگەرێ لە مێژووی سلێمانی‌دا رێبازی تایبەتی‌ی بایەخدان بەم مەسەلەیە ئەبینێ كە بەشێكی هونەری تاقە كەسێكەو هەندێكی لەخۆیەوە هاتووە، لەبـەرئـەوە سەیر نییە كە لەنـاو پەك كەوتـەكـانی شاردا تەنـانـەت كەسی دیارو هوشیاریش هەڵكەوتبێ ئەمەش لە باسی كەرەكانی شاردا ئەبینی.

لە تەمەنی خۆم دا لە كەم شاری ئەم جیهانەدا ئەو دیاردەیەی شاری سلێمانیم بینیوە، كە شێتـەكـانی شار بەخێوبكـرێن و یارمـەتی بدرێن و ببنـە كەرەسـەی رابواردن و دڵخۆش كردنی خەڵكی شار.

ئەم چەنــد لاپـەرەیەش كە نوسـەر بۆ باسی هەنـدێ لە شێتـەكـانی شاری تەرخان كردووە لەپاڵ ئەوەدا كە تەزوویەكی خۆشت ئەدەنێ، سەرەتای كەرەسە دۆزینەوەو دامەزراندنی هەندێ شەخسییەتیشە بۆ چیرۆك نوسەكانمان.

«ع . م . ر»

کەڕەکان

١ ـ ڕەزا کەڕ:ماڵیان لە سەرچیمەن بوو، بانگوشیو کرێکاریی ئەکرد.
٢ ـ کەڕەی ماڵی شێخان: لە کانێسکان هاتوچۆی ماڵی شێخانی ئەکردو ئیشی بۆ ئەکردن.
٣ ـ کەڕەی ماڵی حاجی مەلا سەعید: ناوی حەمەعزیز بوو، ئێشی بۆ ماڵی حاجی مەلا سەعید ئەکرد.
٤ ـ کەڕەی شاڵی: ناوی حەمە ئەمین بوو، لە سەرچیمەن ئێشی بۆ ماڵی حاجی ئەولای مستەفابەگ ئەکرد.
٥ ـ کەڕەی قالەی شاڵی: ماڵیان لە دەرگەزێن بوو، ئیشی نەئەکرد.
٦ ـ کەڕەی شەربەت: دووکانی هەبوو لەخوار حەمامی سوورەتەوە، لەوێ شەربەتی دروست ئەکردو ئەیکردە کووپەوەو ئەیگێڕا بەناو بازاڕدا، هەر لە دوکانەکەی خۆی ئەنوست.
٧ ـ ئەحەکەڕ: کوڕی ڕەشەی سورکە بوو، ماڵیان لە مەڵکەندی بوو، ئەمە پێستە ڕێوی ئەفرۆشت. جارێك پێستە ڕێوی پێ ئەبێت ئەیگێڕێ بەناو شاردا ئەچێتە بازاڕ لای حاجی ڕەشیدی سەعیدی قادر ئاغا کە ئەوکاتە تاجر بوو هەموو جۆرە پێویستیەکی ئەکڕی وە لەگەڵ ئەحەکەڕدا معامەلە ئەکات، لەدوایی‌دا ئەحە پێ‌ی ئەڵێ: «ئەترِی بترِە ناترِی حاجی برایم ئاغا ئەترێ».

مانای ئەوەبە ئەگەر تۆ نایکریِ ئەو ئەیکرێت. ئەمە بوو بە باو لەناو شاردا، بەسەر زمانی خەڵکەوە بوو.

٨ ـ کەرەی خەیان: ناوی ئەحەکەری خەیات بوو.

لە مەزادخانەکە لای خولەشەلی خەیات وماڵیان لە کانێسکان بوو، ئەحە هەر کەواو سوخمەی ژنانی ئەدوری.

٩ ـ کەرەی عێزەت بەگ: ناوی عەلی بەگ بوو ماڵیان لە سەرگۆل و کوری عیزەت بەگی وەسمان پاشا بوو.

١٠ ـ کەرەی رەزابەگ: ناوی ئەنوەرە، ماڵیان لەسابونکەرانە، کوری رەزابەگی قایمقامە، ئیش ناکات، ئەم کەرە هەر لە تەمەنی لاوی‌یەوە پاکو تەمیزو جل وبەرگی جوانی لەبەرئەکردو هەر خەریکی مێبازی بۆ.

١١ ـ کەرەی تەنەکەچی: ناوی صالح پیرۆت برای بلەی پیرۆتی تەنەکەچی بوو، هەر لەگەڵ ئەوا ئیشی ئەکرد. ماڵیان لە مەڵکەندی لەپشت شەخسەکەی شێخ جافرەوە بوو.

١٢ ـ کەرەی نەوت: ناوی جەمال کوری مام رەسوڵی نەوت فرۆش بوو کە ئەگەرا بە کۆلانانا لەگەڵ باوکیا عەرەبانەکەیان رائەکێشا ئێستا سائیقە لەسەر بیلدۆزەر لای میری.

شێتەکان

١ ـ ئەسپەڕەش: لە زەمانی عوسمانلیدا کابرایەکی کەتەی زلی ڕەش تاڵەی شێت بووە، پێیان وتووە ئەسپەڕەش. ڕۆژێك بەردێك ئەکێشێت بە پیاوێکداو ئەیکوژێ، پیاوە ئەبەن ئەیٰنێژن. لەپاش دا شەو جومعانەی بۆ ئەکەن و حەلـوای بۆ ئەبەخشنەوە، ئەسپەڕەش ئەچێو هیچی بەش نادەن و دەری ئەکەن، ئەویش ئەیکات بە هەراو هاوار ئەڵێ سەیرکەن سەیرکەن من خۆم کوشتومەو حەڵواشم بەش نادەن.

٢ ـ فەرەجی پۆزێ، کارگەچیو پیاوی شێخ مەحموود بوو، لە پێش دا شێت نەبووە، هەمیشە ئەسوڕایەوە. زۆر جار جلەکانی دائەکەندو بەڕووتی ئەسوڕایەوە، تەنانەت لە زستانیش دا وای ئەکرد. زۆر حەزی لە ماست کردووە، لە هەر شوێنێ ماستی بدیایە چنگی پیا ئەکرد و ئەیخوارد. ئێوارەیەك لەماڵەوە نان ئەخوات و لێفەیەك لەگەڵ خۆی ئەبات بۆ ماڵی شێخ مەحموود لە سلێمانی شەو لەوێ ئەنوێت بە لێفەکەی خۆی، بەیانی خەبەری نابێتەوە، شێخ مەحموود ئەبینێ فەرەج نوستووە بە قاچ خەبەری ئەکاتەوە.

پێی ئەڵێ: بۆچی تائێستا نوستووی؟ هەڵسە..؟

فەرەج وەڵامی ئەداتەوە ئەڵێ خۆم بە نانی خۆم و لێفەی خۆم نوستوم بە نان و لیفەی تۆ نەنوستوم. ئیتر شێخ وازی لێ دێنێ.

٣ ـ ئادوو ئادوو گەڕ ئەکـات: هەر ئەڕۆیشت بەڕێگـاداو ئەیوت ئادوو ئادوو گەڕئەکات. خەلك هەر بەوناوەوە ئەیان ناسیو بانگیان ئەکرد.

٤ ـ مێشۆ: ناوی تۆفیق بووە، سەرباز ئەبێ لە سوپای عوسمانلیدا. کەرەتێ لە عەسکەریدا چەکی پێ ئەبێ لە کاتی شەودا لە گایەك ئەخوڕی، دیارە گا وەڵام ناداتـەوە یەکسـەر تەقەی لێ ئەکات کە بەریئەکەوێت گاکە ئەبۆڕێنێ، ئەویش ئەڵێ: قوزەڵقورت بۆ نەت ووت من گام، لەسەر ئەمە لە عەسکەری دەری ئەکەن ئەڵێن نەك یەکێ بکوژێ وەك گاکە.

٥ ـ ئەحـەی جاو: حەڵـوافـرۆش لەسەر سینی ئەگەڕا بە بازاڕو چاخانەکاندا، هەمیشە دەستەیەك کاغەزی قوماری پێبوو لەگەڵ خەڵك دا ئەسکەملی پێئەکرد. . پێیان ئەوت حەڵوا بە چەند؟ لە وەڵام دا ئەیووت: بە لیرەیەك، ئەی چۆن خانوو دروست بکـەم و چۆن ژن بهێنم. . . بەدەم جوێن دانـەوە ئەم قسـانەی ئەکرد. بەیانی کە هەڵ ئەستا ئەچوو بۆ بازاڕ ئەیووت ئەم خەڵکە بۆ شەو ئەمرن و بە ڕۆژ زیندوو ئەبنەوە؟

دیسان ئەیووت: لەکوێ جێگە هەیە ئەم هەموو خەڵکەی تیا بنوێ؟ جارجاریش گۆرانی ئەوت. کەرەتێ ئەحە لە بەر حەمامی موفتیدا ئەبێت ئافرەتێك دێتە دەرەوە لە حەمامەکە منداڵێکی پێئەبێت داوای حەڵوای لێ ئەکات. . دایکی منداڵەکەش بە ئەحە ئەڵێ حەڵوایەکی بدەرێ، ئەویش ئەڵێ بە لیرەیەك، ژنەکە ئەڵێ: چۆن بە لیرەیەك؟ مناڵەکەش هەر ئەگری حەڵواکەی ناداتێ. جارێکی تریش ئەحەی جاو ئەچێتە سەردوکانی کەریمی جاوی خوشکەزای لە قەیسەری غەفوراغا بە کەریمی خوشکەزای ئەڵێ خۆزگە بەو ساڵە کە دایکت ژنی من بوو، کەریمی خوشکەزای پێی ئەڵێ خۆ دایکم خوشکتە چۆن ئەڵێی ژنم بوو؟ پاشان ئەڵێت کەریم ڕاست ئەکەی لەبیرم چۆتەوە.

ئەحـەی جاو سینییەك حەڵـوای ئەکری دوو سێ دانەی بە گران بە پیاوان ئەفرۆشت تا پارەکەی دەرئەهێنایەوە، ئیتر ئەوانیتری بەخۆڕایی ئەدا بە منداڵان و ئەچوو سینییەکیتری ئەکری.

٦ ـ ڕەحەشێت: ئەم کابرایە ناوی عەبدولرەحمان بوو زستان و هاوین بە پێی پەتی ئەسوڕایەوە، لە زستان فەرەنجییەکی لەبەرئەکرد، ئەگەر یەکێ لەدواوە شەقێکی

تیٚ‌هەڵدایە ئەمیش کیٚ لەپیٚشەوە بوایە شەقی لەو هەڵ ئەدا.

کەرەتیٚ شەقی تیٚ هەڵ ئەدەن، ئەمیش جەندرمەیەکی تورکی لەپیٚشەوە ئەبیٚت شەقیٚکی تیٚ‌هەڵ ئەدا، جەندرمەکە ئەیکاتە هەرا ئەیەویٚت بیبات حەپسی بکات خەڵکەکە کوٚئەبنەوە پیٚ‌ی ئەڵیٚن ئەمە شیٚتە هەرچی شەقی تیٚ‌هەڵبدا، کیٚ لەپیٚشەوە بیٚت لەو کەسە هەڵ ئەدات.. لە بەرچاوی ئەیکەنەوە ئەویش وازی لیٚ دیٚنیٚ.

٧ ـ مەلا حەسەنە شیٚتەی صابونچی: هەمیشە کوٚتری لە باخەڵا بوو هەڵیٚ ئەدا کوٚترەکە ئەهاتەوە ئەیخستەوە باخەڵی.

٨ ـ فەحە شیٚت: «جارچی» پیٚ‌یان ئەوت کەریٚك بەبارەوە ون بووە... ئەویش بوٚ ئەوەی پارەی بدەنیٚ ئەی‌وت کیٚ کەریٚکی دوٚزیوەتەوە بەباریٚکەوە هەر ئەوانیش جریتان بوٚ لیٚ‌ئەدا ئەمیشە تورە ئەبوو و جنیوٚی ئەدا.

٩ ـ شەریفە شیٚت: ئەی‌وت ئەسپەکەی شەریف وەختی جوٚیەتی.. ئەسپەکەی شەریف شەریف روٚیەتی.

١٠ ـ کەریم قەلان: کە پیٚ‌یان ئەوت کەریم قەلانی‌کە دەرپیٚ کـەی دائـەکـەنـد گەڵ وگونی بوٚ خەڵکەکە دەرئەخست. هەموو کاتیٚك جامیٚکی پیٚ‌بوو کە تینووی ئەبـوو ئەچـوو بوٚ دەبـاشان لە کانی‌یەکە ئاوی ئەخواردەوە.. روٚژی چەند جار تینووی ببوایە هەر ئەچووەوە بوٚ دەباشان.

١١ ـ جانی‌یە شیٚت: ئوتومبیلچی بوو، تابلیٚ‌ی کوریٚکی قوٚز بوو رەگەزی ئەرمەنی بوو. ئەم جانی‌یە ژنیٚکی زوٚر جوانی ئەبیٚت ناوی «لولو» بووە کوریٚکی مەسیحی ژنـەکەی لیٚ هەڵ گیٚرایەوە شوی بەو کرد وازی لە جانی هیٚنا... پاشان جانی شیٚت بوو. خەڵکەکەبەوە تورەیان ئەکرد جنیویان بە «لولو»ئەدا، ئەویش تورە ئەبوو جیٚگای نوستنی مزگەوت و توونی حەمامەکان بوو هەتامرد.

١٢ ـ ئەحـە سەرایلی: لەپیٚشا جەندرمەی عوسمانلی بوو، لەدوایی‌دا خووی دایە تلیاك خواردن، تیٚك ئەچـوو، بە هەرکـەسیٚ ئەگـەیشت قسەی هەلەق ومەلەقی ئەکرد: «دەمنویەی بەبەی من و قازی مراغا منو قازی چەمچەماڵ وامان وت»

هەمیشە گوٚچانیٚکی بەدەستەوە بوو، ریشیشی قەڵەم ئەکرد. سوارچاکیش بوو.

١٣ ـ ئایشیٚ شیٚت: ئافرەت بوو، لە گەنجیدا جوانیش بووە. کورو کچی بووە،

پاشـان تێك چووه، لەناوشاردا ئەگەڕا، بەشەرواڵێکەوە بە پێ‌خاوسی. بەگوێزان سەری ئەتاشی، هەمیشە دارێکی بە دەستەوە بوو، لە قەراخ شار شوێنی ئەدۆزیەوە خانووی بە قوڕو بەرد دروست ئەکرد، وەك کولانەسەگ ماوەیەك تیا ئەبوو پاشان ئەی‌ڕوخان و ئەچووە شوێنێکی‌تر دروستی ئەکردەوە، بەڵام شێتیکی بێ‌دەنگ بووە.

١٤ ـ بەهێ شێت: ئافرەت بوو ئەسوڕایەوە بەناو شاردا تووڕەیان ئەکرد، بەردی ئەهاویشت، ئەچووە سەر قەسابەکان بەزۆر گۆشتی لێ‌ئەسەندن. کە ئەچووە لای قالەی عاسەی قەساب ئەی‌وت: من ژنی تۆم ئەبێ بەخێوم بکەیت. ئەم ئافرەتە کوڕێکی هەبوو.

١٥ ـ نەنەبیستی: ئەم پیرێژنە ئەقڵی سووك بوو، بەناو بازاڕدا سواڵی ئەکرد، منداڵان دوای‌ئەکەوتن، پێ‌یان ئەوت: نەنە بیستی بۆت بکەم بەسی، بۆت بکەم بە چل.. بۆت بکەم بە جل. ئەویش جنێوی ئەدا.

١٦ ـ سەعـە شێت: پێ‌یان ئەوت سەعە کاژاو، سووتا. ئەویش سێ کەڕەت ئەی‌پرسی هەر سووتا؟ دوایی لە بەر نانەواخانەکانا بەتایبەتی نانەواخانەی گوێ‌ڕەپ لە مەیدانی خوار بەلەدی‌یەکە پەلاماری نانی ئەدا، سێ نانی ئەفڕاند، ئەی‌وت: منیش سێ نان ئەبەم بۆ کاژاو سێ جار سووتا.

١٧ ـ ڕەشیدە فەنی‌یە شێتە: «ڕەشیدی حاجی برایم ئاغا» برای خاڵە مچە. ئەم کابرایە مولازم ئەووەل بووە لە زەمانی عوسمانلی‌دا لە «قاهرە» لەکاتی شەڕی تورك و فەڕەنسی‌یەکـان برینـدار ئەبێت ئەیبـەن بۆ خەستەخانە ڕووتی ئەکەنەوە بۆئەوەی تیماری بکەن، کیسەیەك لیرەی ڕەشادی پێ‌ئەبێ لیێ‌ی ئەسێنن و ئەی‌دزن. دوای چاك بوونەوەی ئەڕوانێ کیسە لیرەکەی نەماوە، لەتاوا مێشکی تێك ئەچێ. پاشان لە عەسکەری دەری‌ئەکەن، دێتەوە بۆ سلێمانی. ئەم پیاوە ئەڵێن زۆر جار بە ماتوڕ لە سلێمانی‌یەوە چووە بۆ ئەستەموڵ، وە بە پاسکیل ئەچوو بۆ کەرکووك و ئەهاتەوە. زۆر حەزی لە ناخونەك ئەکرد. ئەچووە لای بەقاڵەکان بۆ ناخونەك. ڕۆژێك پێ‌ی ئەڵێن دایکت مردووە، بڕۆ بۆ ماڵەوە؟ ئەویش ئەڵێت ناچمەوە بۆ ماڵەوە.. ئەڵێن بۆچی؟ ئەڵێ تائێستا دایکم بووە ئێستا کە لە دایکیم دەرچووە من حەقم نییە بەسەریەوە.

ناوبـراو یەکـەم کەس بوو لە سلێمانی سمێڵی ئەتاشی. . جارجاریش بە پێ ئەچوو بۆ کەرکووك و ئەهاتەوە.

١٨ ـ ئەحەکەرێ: شێتیکی زۆر بێدەنگ بوو، کراسێکی درێژی شینی جاو نەبێ هیچی تری لەبەرنەئەکرد. پێی پەتی بوو، سەری رووت بوو، بەگوێزان ئەیتاشی. هەرکاتێ کە برسی ئەبوو ئەیوت: پەپە ئیتر خواردنیان ئەدایە، جارجاریش ئەگەر ژنێك تەلاق بدرایە مەلا بیوتایە ئەتوانێت بە جاش مارەی بکەنەوە ئەحە کەرێیان بۆ جاش بەکارئەهێنا. لەبەرئەوەی بێدەنگ بووەو هیچی نەزانیوە.

١٩ ـ ساله شێت: لەپێشا بە منالی شاگرد ئاسنگەر ئەبێت. وەستاکەی لەکاتی نوستنا لیێ ئەداو تێك ئەچێ. ساله کوڕی سەعەی قاله دەستگێڕی شەربەت بوو، بە ناوبازارا لەگەڵ خۆی ئەیگێڕا. ساله کراسێکی درێژی لەبەرئەکرد، جارجاریش شەرواڵی لەبەرئەکردو سەری پاك ئەتاشی زۆر جاریش سدارەی لەسەر ئەکرد، ساله کە تورەیان ئەکرد، بە دوو پەنجە ژمارەی پێنجیان بۆ دروستبکردایەو پێیان ئەوت ساله پێنج قەید ئەکات، ئیتر تووڕە ئەبوو و بەردی ئەهاویشت چی لە بەردەما بوایە ئەیدایە بەر شەق. دەستی خۆی ئەگەزی، ساله شێتێکی زۆر بەلا بوو، لە هەر گوزەرێکـدا کە تووڕەیان ئەکـرد هەمـوو دوکانەکانیان دائەخست لەترسی ساله. هەرکەسی ببینایە خۆی ناوێکی لێئەنا ئیتر هەر ئەو ناوە بوو لە بیری نەئەچووەوە.

ساله سالانی دوایی ژیانی لە شێتخانەی بەغدا بردەسەر، خەڵکی شار جارجار بە ئیجازە ئەیان هێنایەوەو ئەیان بردەوە.

٢٠ ـ فەرەجە شێت: ئەم کابرایە گۆج و شەل بوو، زمانیشی ئەیگرت. جارجار گۆرانی ئەوت بۆ منـالان. ڕیشێکی سپیو درێژی پێوەبـوو. هامشـۆی مالانی ئەکـرد. بە ئافـرەتـەکـانی ئەوت: «ئـاغاش خۆش بێت خانم گیان لە منیش و لەویش». زۆرجار سواری کەرێك ئەبوو بە دێهاتانەوە ئەگەڕا بۆ یارمەتی.

٢١ ـ عەبە شەکەنە: ئەڕۆیشت بە ڕێگاداو ئەیوت: عەبە نوقسانی هەیە. مانای پارەکە کەمە. یان تەنەکەیان بۆ دائەنا ئەیان وت عەبە بازئەدات، ئەویش ماوەیەکی زۆر خۆی ئەهێنـاو ئەبـرد، ئەیوت: بەحـری سوورە، لەپڕ بازی ئەدا بەسەر

تەنەکەکەدا، ئەیوت: هەر شەکەنە، زۆر جار کە پارەی پێ نەبوایە دەستی ئەکرد بە بۆرەبــۆڕو گریان بۆ پارە. پێیان ئەوت ئەو پارەیەت بۆ چی‌یە؟ ئەیوت: ئەیبەمەوە بۆ پیرۆز «کە دایکی بوو».

٢٢ ـ نۆزدەی قەڵب:

پێش شێت بوونی عەریفی پۆلیس بووە، بە ناوی «عەریف سەعید»ەوە پاشان وردە وردە شێت بووە. لەپێشـا لەسەر قەیاغەکەی دوکان سینیە حەڵوای پێ‌بووە ئەی‌فرۆشت، چەند جار ئەم قەیاغە ئەمبەرو ئەوبەری بکردایە دانەئەبەزی، پاشان هاتـەوە ناو شار لە کونـە گورگێکـدا ئەژیا، سەرو بانقی رافیدەینـەوە. هەمیشە زەمیلەیەکی پێ‌بوو شت وەکی خۆی لەگەڵ عەرەقەکەی تیابوو. بە عەرەقی ئەوت گۆشت قاز، پارەیان ئەدایە ئەیانوت: ئەوە بۆ گۆشت قازەکەت. کە تورەیان ئەکرد ئەیانوت نۆزدەی قەڵب یان نۆزدەی هار ئەویش جنێوی‌ئەدا ئەی‌وت دایکتان واو باوکتان واو

کێری هەرچی تەیارەچیەکانی لەندەن هەیە بە «........».

٢٣ ـ ئاڵتوونی گاور: پێیان ئەوت ئەوساویلێ، بەمە تورە ئەبوو. ئەم شێتە گۆرەوی بەنی ئەفرۆشت، لە گەرەکی گاوران بۆیان دروست ئەکرد... ئەیهێنا بۆ ناوبازار ئەی‌دا بە شانیا. ئەم کابرایە زۆرترین کاتی لە کەلاوەکانی گاوران بوو. منداڵان لێی کۆئەبوونەوە بە ئەوسایلێ تورەیان ئەکرد.

٢٤ ـ مەلا فایەق: ئەم کابرایەش تێکچونەکەی وەهابوو بەهاران بە شەوو بە رۆژ ئەچوو بۆ سەرقەبران. هەروەها هاتوچۆی ماڵانی ئەکرد، هەموو جارێك خۆی بە خۆی ئەوت باینجان و تەماتە.. ئەم شێتی‌یەی من هەڵاتە. لە ساڵی ١٩٨٢ بوو بەژێر ئوتومبێلەوە لە خەستەخانە مرد. لە قسەکانی:

باینجان و تەماتە ـ شێتی‌یەکەی من هەڵاتە

باینجان شێتی کردم ـ عەقل و شعوری بردم.

٢٥ ـ بە هادین برای مەلافایەق: قوتابی بوو، لە پۆلی پێنجی عیلمی‌دا شێت بوو کاغەزو چیلکەی کۆئەکردەوە، ئەیکردە تورەکەیەکەوە ئەیدا بەشانیا.. جگەرەیەکی ئەکرد بە پەئاگوێ‌یا جاروبار وتاری ئەخوێندەوە بەئینگلیزی‌و عەرەبی.

٢٦ ـ خولـە بووز: شێتێکی زۆر بەسـەزمـان بوو، کە ئەرۆیشت بە رێگـادا

لەبەرخۆیەوە قسەی ئەکرد. جنێوەکەشی ئەی‌وت «میف» مانای «حیز». ئێواران کە ئەڕۆیشتەوە فەقیانەکانی پڕئەکرد لە شت ئەی‌بردەوە بۆ دایکی. خولەکێ لە بەردەمیەوە بڕۆیشتایە بزێکی پێوە ئەکرد. کە قۆڵیت ئەگرت ئەی‌وت:

ئەی ئەی بەرمە خنکام. لە ساڵی ١٩٧٤دا شەو هاتبووە دەرەوە بۆ سەر ئاو لە گەڕەکی مەڵکەندی گوللەیەکی وێڵ ئەی‌پێکێ‌و ئەمرێ.

٢٧ ـ ئەلە شێت یان ئەلە دۆم:

منالآن توڕەیان ئەکرد بە «ئەلەفیش» جنێوی‌ئەداو بەردی تێ‌ئەگرتن. کە قسەی ئەکرد لیك بە دەمیا ئەهاتە خوارێ، چارۆکەیەکی پێ‌بوو پەڕۆکۆنی کۆئەکردەوە ئەی‌برد بۆ دۆمەکان بۆ ژێری کلاش. ئەلەشێت جاروبار بۆ مەسەلەی «جاش» بەکاریان ئەهێنا.. پاشان لێ‌یان ئەپرسی ئەلە خۆش بو؟ چیت کرد؟ ئەی‌وت: بردمیانە حەمام تا بەیانی دوو سێ‌یەکم «......» ئەمەندە خۆش بوو ئەمەندە خۆش بوو. ئەلەکە گۆرانی ئەوت: «وەی وەی باوانم لەیلی... کوشتەی چاوەکەی تۆم بۆ وا بێ‌مەیلی»ی.

٢٨ ـ حەمەی حەماڵ: شێتێکی زۆر هەژارە کە قسەئەکات بە خاوو خلیچکی ئەدوێ، لیك بەدەمیا دێتە خوارەوە هەمیشە گوێنی‌یەك ئەدا بەشانیا بۆ حەماڵی... خەڵك وردە ئیشی سووکی پێ‌ئەکەن و یارمەتی ئەدەن. زۆربەی کات بە پێ‌ی پەتی ئەسووڕێتەوە. جاروبار سمێڵی ئەتاشێ ئێستاش لەژیاندایە.

٢٩ ـ نامیقە شێت: لە عەسکەریدا برین پێچ بوو، عەریفیش بووە.. کە لە عەسکەری دەرچوو کەوتە سەموون فرۆشتن... وردە وردە تێك چوو و کەوتە جنێو دان و کفرکردن. کە خەلك توڕەیان ئەکرد ئەیان وت نامق ئەڵێن خزمەکانت یارمەتیت ئەدەن.. ئەمیش بەوە تووڕە ئەبوو، جنێوی ئەداو کفری دنیای ئەکرد. ڕۆژێك بەیانی زوو دێتە دەرەوە سەربازێك تەقەی لێ‌ئەکا، قاچی بریندار ئەبێ، ئیتر لەوساوە بە دارشەق ئەڕۆیشت تا ئەوکاتەی کە بەیانیەك ئەچن ئەبینن لە ژوورەکەیا ڕەق بۆتەوەو مردووە.

٣٠ ـ قالەی تەقی: شێتی ئەم کوڕە زکماکی‌یە، زمانی کەمێك لالە خەڵك یارمەتی‌ئەدەن چونکە شێتێکی فەقیرە. پێ‌ی ئەڵێن: قالە لەم شۆستەیەوە باز بدەرە سەر جادەکە.. لە وەڵاما ئەڵێت ناوێرم ئەخنکێم... ناوی خەڵکی زۆربەی

شارەکە ئەزانێ بەتایبەتی ئەوانەی پرسیاریان لێ ئەکرد.

* * *

● مەلا فایەق

● قالەی تەقی

● وەهابە کەچەڵ

● سالە شێت لە شێتخانەدا



● حەمەی حەماڵ

● عەبە شەکەنە



● فەرەجە گۆج

● نۆزدەی قەڵب

● خولە بوز

● بەهادینە شێت

کوری ئازاو شەڕە گەڕەك[1]

ناوی ئەو کوڕە ئازایانەی کە لە کاتی خۆیدا لە گەنجیەتیدا لە گەڕەکەکاندا خۆیان بە کوڕی گەڕەك داناوە، وە ناویان هەبووە لە گەڕەك و ناوشاردا ئەم کورانە شتی خراپیان قبوڵ نەکردووە، لەسەر ناهەقی ئینسانی بێدەسەڵات هەڵیان داوەتیو لە گرتن و بەندیخانە نەترساون لەگەڵ ئەوەش دا ڕێزی خەڵکیان گرتووە بەتایبەتی پیاوی بەتەمەن. . ئەم کوڕانە ناویان دەرکردبوو، هەندێکیشیان لە شەڕە دەمانچەو هەندێکیان لەشەڕە خەنجەردا، هەندێکیشیان لەشەڕە گەڕەکا بە شەڕەقۆچەقانی و شەڕە کوتەك و تێلا، پێش کوڕانی گەڕەك کەوتوون. . هەندێکیان لە کاتی خۆیدا گەورەی گەڕەك بوون و کوڕی گەڕەك ڕێزیان لێگرتووە. . . ئەو فەرمانی بۆ دەرکردوون وە زۆر جاریش نەیان هێشتووە بێتەکۆڕی شەڕەوە.

ئەگەر دوو کوڕیئەووەختە لەسەر شتێکی لێیان ببوایە بە شەڕ، ئەبوایە هەردوکیان ناویان بوایەو شەڕکەر بونایە، ئەگینا پێیان ناشیرین بووە بچن بەگژ ئینسانی بێدەسەڵاتا وە ئەوەی خۆی بە کوڕ بزانیایە نەئەچون گەلەکۆمەکی لە یەکێ یان دووکەس بکەن.

ئەم شەڕەگەڕەکە تا ساڵی ۱۹۵۰ بەردەوام بوو ئیتر باوی نەما بەهۆی جوڵانەوەی نیشتمانیو خوێندەرایەوە، بەڵام هیچ کاتێك کوڕی ئازا لەم شارە نەبڕاوەو نابڕێت. . ئێمەش ناوی ئەو کوڕە ئازایانە ئەنووسین تا ساڵی ۱۹۵۰ز کە تا ئەوکاتە شەڕەگەڕەك باو بووە ناویان هەبووە. .

. . . .

«۱» چەند فلیمێکی میسریم دیوە کە پەردەی ڕۆژانی «فتوەی گەڕەك» ئەگێڕنەوە کە هەر لە بەزمی شەڕەگەڕەکی خۆمان ئەچێت. بێگومان تازە نابێ شەڕەگەڕەك پەسەند بکەین، بەڵام ئەو باسە کەرەسەیەکی باشی بۆ نووسەران تێدایە، کە لەڕێی نەخشەکێشانی شەڕەگەڕەکی ئەو سەردەمەوە بەرامبەر بەدیمەنی ناپەسەندی دووبەرەکی ئەمڕۆ بووەستن و ئازایەتی بەرەو ڕێبازی سوودمەندی خۆی بەرن.

«ع . م . ر»

چۆن شەڕە گەڕەك دروست ئەبوو؟

زۆر جاریوا بووە لەنێوان لاوانی دوگـەڕەکی شارێکـدا شەڕە گەڕەك لەسـەر ناخـۆشیو تێکچـونێکی سادەی بێمـانا دامەزراوەو کراوە بە خۆبادان، بەفیزەوە هاتوچۆکردن بە کۆلانانی گەڕەکێکی ترداو پلارو توانج گرتن لە کیژۆ لەکانیان هاتەچۆیەکی نالەبارو پشاندانی ڕەوشت و خویەکی ناشیرین بەرامبەر بە گەنجانی گەڕەکێکیتـر. . . بە زۆرەملێ خۆنـوانـدن و شەڕکـردن لەگـەڵ یەکێـك لە دانیشتووانی ئەو گەڕەکە کە بۆتە هۆی لەیەکتردان.

ئەم هەمـوو هۆیانـە بونەتە هۆی پەیدابوونی «ناخۆشیو دوژمنایەتی» لەنێوان لاوانی ئەو دوو گەڕەکـەدا. بۆ تۆڵـەکـردنەوەی هاورێکانیان وەلامیان یەکتری گێراوەتەوە کە شەڕە گەڕەك بکەن. ئینجا بۆ ئەم مەبەستە شوێن و کات و ساتیان بڕیارداوە، جۆری شەڕە گەڕەکەکەشیان ناو نووس کردووە وەکو: شەڕەگەڕەك بە قۆچە قانی یان بە دارو تێلا یان بە چەقۆو خەنجەرو دەمانچەو تەورزین.

پاش ئەوەی لاوانی ئازاو یەکییەکیو کەڵەکەڵەی هەردوو گەڕەکەکە بڕیاریان لەسەر شەڕەکەو جۆرکەیدا ئەوسا لە ڕۆژو کات و ساتی خۆیدا لەشوێن شەڕەکە بەرامبەر بە یەك بەدووری «١٠٠ ـ ٢٠٠» گەز زیاتر ڕائەوستان زۆرجاری وابووە چەند گەڕەکێکیتر یارمەتی گەڕەکە شەڕ کەرەکان ئەدەن. هەڵمەت دەر لەپێشەوەبووە یارمەتیدەری یەکەم یارمەتی بەشی سێیەم کە ئەم یارمەتیدەرانە بۆ کاتی تەنگانەو شکـاندنی لایەکیان یارمەتی ئەدەن. ئەگەر شەڕەکە شەڕەقۆچەقانی[1] بوایە دوو تیپەکە بە قۆچەقانییەکانیان یەکترییان بەر بەرد ئەدا، ئینجا ئەو بەردانە یان بەر سەریان ئەکەوت ویان بەر دەست و قۆڵ و قاچ و ئەیان شکاندن. جاریوا هەبووە بەر چاویان ئەکـەوت کوێری ئەکـردن یان بەر دڵیان ئەکـەوت یەکسـەرئەمردن. لەکـاتێکـدا گەڕەکێکیان زۆری بۆ بهاتایەو گەڕەکەکەیتر بیان شکاندایە یارمەتی دەرەکانیان ئەهاتن بەدەنگیانەوە لەسەریان ئەکردنەوە، ئینجا شەڕەکە لەنێوانیان دا گەرم ئەبوو لەئەنجام دا ئەبوو بە شەڕەکوتەك و[2] چەقۆو خەنجەرو تەورزین[3] و دەمانچە. بەمە چەندان لاوی بێگوناهـ لەناو ئەچوون یان کەفتەکار ئەبوون.

زۆر جاری‌وا بووە شەرەکەیان سێ تا چوار سەعات درێژەی ئەکێشا تاوەکو گەرەکێکیان بەتەواوەتی ئەشکاندو راویان ئەنان، ئەوسا پیاوماقووڵ و عاقڵەکانیان ئەکەوتنە ناوبژی کردنیانەوەو ئاشتیان ئەکردنەوە ئەوجا کۆتایی‌یان بە شەرەکە ئەهێنا.

تێبینی:

١ ـ بۆ کۆکردنەوەی لاوە شەرکەرەکانی گەرەکەکە وە یان بۆ سەیرکردنی «منالآنی گەرەکەکە» سەر لە ئێوارە پاش نان خوارن کە دنیا نەختێك تاریك ئەبوو لە ماڵ ئەهاتنە دەرەوە وە لە کۆلان هاواریان ئەکرد: منالی گەرەك، سەر بنە خەرەك، وەرنە دەرێ بۆ شەرەگەرەك.

٢ ـ ئەو دوو گەرەکەی کە لەگەڵ یەکتری‌دا دوژمن بونایە نەیان ئەهێشت بە گەرەکی یەکتری‌دا تیپەر ببن و پیایدا برۆن بۆدەرەوە بۆ «گەشت و سەیران» رێگایان پێ ئەگرتن و لە سەربانەکانیان بۆیان دائەنیشتن لە «سەنگەر» بەردو پلاریان تێ ئەگرتن و بەر دەمانچەشیان ئەدان، گەرەکەکەی‌تریش بەرەنگاریان ئەبوون شەرێکی گەورە لەنێوانیان دا بەرپائەبووەوە ئەبووە هۆی کوشتنی زۆریان.

٣ ـ بەلام ئێستا ئەم چەشنە شەرانە نەماوە، مندال و گەنجەکانمان باش پەروەردەکراون و هۆشیارن خەریکی خوێندن یان کاسبی‌کردنن.

....

١ ـ قۆچەقانی: لە بەنی سەوزو سوور دووستکراوە، ناوەکەی نەختێك پان چنراوە، دوو کلکی درێژی هەبوو.

٢ ـ کوتەك: دارێکی قایمی سەر خری پتەوە.

٣ ـ تەورزین: پارچە ئاسنێکی دەم تیژە لە وێنەی داس دا کراوە بە سەری دارێکەوە.

ناوی کوڕە ئازاکان گەڕەك بە گەڕەك

«گەڕەکی مەڵکەندی»

١ ـ تۆفیق ئاغای حەسەن ئاغا .

٢ ـ خولەی حەسەن ئاغا: برا بوون، قەتاری وڵاخیان هەبوو.

٣ ـ مەجیدی قالەی حەمامچی ـ توتنچی .

٤ ـ محەی سالە سوور ـ توتنچی .

٥ ـ ئەحلان چاوشین ـ عەلاف.

٦ ـ عارفی صاڵحی ڕەشە ـ ڕیخۆڵەچی .

٧ ـ ئەلە گون سووتاو ـ چایچی لە شەڕی بەردەرکی سەرادا شەهید کرا.

٨ ـ عەلی سەرسوور ـ کەوش دروو.

٩ ـ ئەمینە خێل ـ کەوش دروو.

١٠ ـ قالەی مەحموود ئاغا ـ موختاری گەڕەك.

١١ ـ پەتولی شانەگەر ـ پۆستەچی زەمانی تورك .

١٢ ـ ڕەشەی خلەی بلە ـ چاوەشی ئیشغال.

١٣ ـ نووری عەلی قادر چاوش ـ دەلاك.

١٤ ـ ئەحەی عەزەی هەمزە ـ ئاسنگەر.

١٥ ـ حسێنی توفیقی حەمەخێل ـ بەردکێش و بەفرکێش.

١٦ ـ ڕەشەی کاکە ـ بەردکێش و بەفرکێش.

١٧ ـ مچەی حەمەبۆر ـ دارتاش.
١٨ ـ حەمەڕەشی خاتوون ـ جگەرچی.
١٩ ـ تۆفیقی عەلیی چایچی ـ چایچی.
٢٠ ـ ئەحەی عەبدوڵڵا ـ بەقاڵ.
٢١ ـ کەریم دار سەلیم ـ دارتاش.
٢٢ ـ تۆفیقە گەڕە ـ جگەرچی.
٢٣ ـ عەول کەریم خەرابەیی ـ بەقاڵ.
٢٤ ـ کەریمی قالەی قجول ـ بازرگان.
٢٥ ـ ئاغای حەسەن قەرەنی ـ عەللاف،
٢٦ ـ عەلی حەسەنی قەرەنی ـ عەللاف. له بۆردومانەکە بەرکەوت.
٢٧ ـ کەریمی حەسەنی قەرەنی ـ ئەفسەر، ئاغاو عەلیو کەریم برابوون.
٢٨ ـ عەلیدەدە ـ توتنچی.
٢٩ ـ حەمەعەلی قالەی حەمامچی.
٣٠ ـ عوسمانی تۆفیقی حەسەن ئاغا ـ قوتابی.
٣١ ـ قالەی حەمەوبەگ ـ قوتابی.

گەڕەکی گۆیژە:

١ ـ کەریمی هەیەر ـ قەساب.
٢ ـ حەمە گورگە بۆر ـ مزگەر.
٣ ـ تۆفیق تریشقە ـ کۆپاندروو.
٤ ـ محەمەدی حاجی مەلا سەعید ـ مەلاك.
٥ ـ وەستا سەعیی وەستا حەسەن ـ بەنا.
٦ ـ سەید ئیبراهیم ـ بەقاڵ.
٧ ـ ئەحمەدی سەعەی فەتاح ـ بەڵێندەری قەسابخانە.
٨ ـ خولەی شێخ قادر ـ خەیات.
٩ ـ بلەی ڕەسوڵ ـ چایچی.

١٠ ـ عەزەی سەعی چاوەش، عەزە کەچەڵ ـ خەیات، ئەمە لە شەڕەگەڕەکێکدا کوژراوەو دەرگەزێن بوون بە یەک لەدژی سەرشەقام و چوارباخ «ئاغالیە» کێرە سەرشەقامی بە دەمانچە کوشتی.

١١ ـ محەی قرگەیی ـ جامبازی وڵاخ.

١٢ ـ صادقی سەڕاج ـ سەڕاج.

١٣ ـ مەولودە درێژ ـ تەنەکەچی.

١٤ ـ عەبەی قالەی مارفەڕەش ـ چاوەشی ئیشغال.

١٥ ـ حەمەی عەلی وەستا حەبیب ـ بەنا.

١٦ ـ تۆفیق حەسەنە قوچ ـ قاچاخچی دەمانچە.

١٧ ـ ئەحمەدی حەسەن ـ تەنەکەچی، برابوون.

١٨ ـ حەمەی مامە ـ چاوەشی ئیشغال.

١٩ ـ حەمکوڵ کەریمی هەیەر ـ قەساب.

٢٠ ـ ئەحە نەبەرد ـ هەلاج.

٢١ ـ قالەی ساخە فەنی ـ چاوەشی ئیشغال.

٢٢ ـ ڕەمزی قەزاز ـ خاوەنی سینەمای سەلاحەدین.

٢٣ ـ کەمال عەلی قەزاز ـ نائیب زابت.

٢٤ ـ قالەی بلە شێخە ـ عەللاف.

٢٥ ـ کەریمی سۆفی سالح ـ برنج فرۆش.

٢٦ ـ قالە بابی ـ سابونچی.

٢٧ ـ نوری‌ی ئەحمەد بەگ ـ قوتابی.

٢٨ ـ تایەری ئەحمەدبەگ ـ قوتابی.

٢٩ ـ حەمە گەلیین ـ قوتابی.

٣٠ ـ قالە سوری گەورە ـ ئوتومبیلچی.

٣١ ـ عارفە شێتی قەزاز ـ کاسبی سەرپێیی.

گەڕەکی دەرگەزێن

١ ـ غەفووری زارا ـ سەڕاج.

٢ ـ عەولەسیس ـ چایچی، لە شەڕی بەردەکی سەرادا شەهید کرا.

٣ ـ فەتاحی سەعە گۆج] سەرەك پاسەوان.

٤ ـ ئەنوەری سەعە گۆج] خەیات.

٥ ـ ئەورەحمانی خامە ـ ئاسنگەر.

٦ ـ مەجۆلی خامە ـ چایچی.

٧ ـ سالەی ئاغا نورە ـ قۆلچی مالیە.

٨ ـ محەکەری وەنەوش ـ لێفە فرۆش.

٩ ـ عارف جوکل ـ چایچی.

١٠ ـ حاجی عەلی ـ ئەلەکەچەڵ ـ چاوەشی ئیشغال لە شەڕی بەردەرکی سەرادا بریندارکرا.

١١ ـ حەمە خورشە ـ باجگر.

١٢ ـ قالەی عەبە نەوتە ـ باجگر.

١٣ ـ ئەحەسیس ـ خەیات.

١٤ ـ ئەحە تێلا ـ دارتاش.

١٥ ـ مچەسیس ـ خەیات.

١٦ ـ سالەی حەبەخان ـ کەوش دروو.

١٧ ـ سەغەی ئەحمەدکۆیی ـ کەوش دروو.

١٨ ـ عەلی ئەورەحمانی خامە ـ ئاسنگەر.

١٩ ـ عەلی ئەحەی ئەمین ـ کاسب.

٢٠ ـ نوری ئەحمەدی تەها ـ قوتابی.

٢١ ـ عەتای کاکەحەمە ـ قوتابی.

٢٢ ـ حەسەنی ڕەزابەگ ـ قوتابی.

٢٣ ـ عومەری محەی قازی ـ قوتابی.

٢٤ ـ مەولووی ڕەسول ـ چایچی.

٢٥ ـ سەعەی ئەحەی ڕێحان ـ باخەوان.

٢٦ ـ حسەرەش ـ خەیات.

گەڕەکی سەرشەقام و چوارباخ

١ ـ کەریمی کاکەڕەش ـ عەللاف «گەورەی گەڕەك» ئەم زاتە ساڵی ١٩١٨ لە گرانی

گەورەکەدا دەرگەی ئەسەر خۆیو خیزانی داخست **پیی ناشیرین بوو داوای نان لە** خەلك بکت نەهاتەدەری تهەموو لەبرسان دمردن.

٢ ـ ئەحەی قەفەز ـ کەوەرفرۆش.

٣ ـ عەبەی خەجێ ـ کەوەرفرۆش.

٤ ـ ئاغالیە کوێرە ـ چراچی.

پێش ئەوەی ئەلەکتریك «کارەبا» بێتە سلێمانی ئیواران چراکانی بە شاپلیتە دائەگیرسان. موچەخۆری بەلەدیە بوو. لە شەرەگەرەکدا بە دەمانچە عەزەی سەعەی چاوەش ساتبونکەرانی ئەکوژێ.

٥ ـ عەزەی مەمەند ـ دەباغچی.

٦ ـ فەتاحە سوور ـ قەساب.

٧ ـ کەریمی کاکەزاڵ ـ باشچاوەشی جەندرمەی سوارەی عوسمانلی.

٨ ـ مەحموودی قادر غەزال ـ جەندرمەی سوارەی عوسمانلی.

٩ ـ کوردەی ئەحە چاوشین ـ کرێکار.

١٠ ـ حەمەڕەشی خاتوون ـ نانەوا.

١١ ـ عارف ڕەزای کاکەیی ـ چایچی.

١٢ ـ فەتاح بەگی سەڕاج ـ سەڕاج

١٣ ـ سەعەی داود ـ قەتارچی «خاوەن کەمەن».

١٤ ـ حەمە نەجمی حاجی وەسمان قەتارچی «خاوەن کەمەن».

١٥ ـ ئەحەی سۆفی ـ قۆلچی گومرگ.

١٦ ـ کەریمی حەمەی شەمسە ـ قۆلچی گومرگ.

١٧ ـ حەمە کوردە ـ مزگەر.

١٨ ـ حسین ئەسعەد ـ بارچاوەش.

١٩ ـ حەمە قادر ـ چایچی.

٢٠ ـ ئەحەی ئەمین ـ حەماڵی گومرگ.

٢١ ـ نامیق ئاغای مستەفا ئاغا ـ قەڵەم چی.

٢٢ ـ حەمە نوری ڕیحان ـ جامبازی وڵاخ.

٢٣ ـ ڕەشەی بەکر ـ خەیات.

٢٤ ـ عوسە ڕەش ـ چاودێر لە شارەوانی.

٢٥ ـ حەمەئەمین سۆفی ـ چاودێر لە شارەوانی.

٢٦ ـ حەمەی عارفی زبە ـ قۆڵچی گومرگ.
٢٧ ـ ئەحەی مارفە ڕیچە ـ نانەوا.
٢٨ ـ وسەینەلی ـ دەسگێڕ.
٢٩ ـ فەیزەی باجی ئیساف ـ نانەوا.
٣٠ ـ مەلای خەیاڵ «کوێر بووە» ـ کاسبی سەرپێیی.
٣١ ـ قەجەری ـ سیوجگەرچی.
٢٢ ـ حەمەی بلە باڵ پان.

گەڕەکی کانیئاسکان

١ ـ سەعەی بەرغەش ـ قەساب.
٢ ـ تۆفیق عەنتەر ـ حەکیم.
٣ ـ ڕەفیقی گلە ـ کەوش دروو.
٤ ـ قالەی نوعمان ـ قەساب.
٥ ـ ئەحەی بەکر ـ قەساب.
٦ ـ مەجیی بەکر ـ قەساب.
٧ ـ ساڵح سك ڕەق ـ قەساب.
٨ ـ حەمە سك ڕەق ـ قەساب.
٩ ـ تۆفیق صالح «تۆفیقە» ـ کەبابچی.
١٠ ـ کەریمی حاجی ڕەسووڵ ـ چایچی
١١ ـ ڕەشەی دایانەکە ـ کەوش دروو.
١٢ ـ فەرەج کوردی ـ بەقاڵی میوە.
١٣ ـ حەمەی سەکینە ـ چایچی.
١٤ ـ ئەحەڕەشی شیرگەر، شیرگەر «لە شەڕی بەردەرکی سەرادا شەهید کراوە».
١٥ ـ سەعەشەڵ ـ بۆیەچی.
١٦ ـ حەمەی قالەی ئاغال، برای سەعەشەل، پانیبەرزدروو «لە شەڕی بەردەرکی سەرادا شەهیدکراوە»

١٧ ـ قالەی مەلا کەرە ـ چایچی .

١٨ ـ عەزەی مەلا سەعید ـ کەوش دروو

١٩ ـ حەمەی مەلا سەعید ـ برا بوون، کەوش دروو.

٢٠ ـ عەلی ئەحەی شەرەف «تەڕەزان» ـ کاسبی دەسگێڕ.

٢١ ـ عەبە پشی ـ کاسبی سەرپێیی .

٢٢ ـ کوردەی فەتاح باوەمردەیی ـ بێ ئێش .

٢٣ ـ ڕەزا حەمەعەلی ژاڵەیی ـ چایچی لە حامیە .

٢٤ ـ ئەولای سەعەی جاف ـ بێ ئیش .

٢٥ ـ سالەی ئەحەی خولە ـ چایچی .

٢٦ ـ عارف قەرەچەتانی ـ کوتاڵ فرۆش .

٢٧ ـ عومەری سەعەی بەرغەش ـ باجگر.

٢٨ ـ عومەری عە بەی مەنیج ـ جگەرچی .

٢٩ ـ ئەحەی حەمدی ـ موچەخۆر لە مەلاریا .

٣٠ ئەحەی تاڵەی شاسوار ـ خەیات

. . . .

تێبینی : ئەو ناوانەی لەو گەڕەکانەدا ناویان براوە مەرج نەبووە هەموو بەشداریی شەڕەگەڕەکیان کردبێت، بەڵام لەبەرئەوەی بە کوڕی ئازای گەڕەکی ئەوکاتە ئەژمێر رین بویە ناومان بردون .

* * *

[١] حەمە گورگەبۆر: لەسەفەر بەردا لەگەڵ کۆمەڵێك سەربازی خەڵکی سلێمانی و دەورو بەری لە ئەستەمبوڵەوە هەڵدێن لەشام ئەگیرسێنەوە بەومە بەستەی لەورێگایەوە بینەوە خاکی کوردستان و خزمەتی بێگانە نەکەن بەڵام بەداخەوە لەوێ ئەگیرێن وئەوەی بەردەست ئەکەوێ لەوێ لە سێدارەیان ئەدەن .

« نووسەر»

ياخی‌بوەکانی دەوروپشتی سلێمانی

ئەوانـەی لە کۆن دا لە میری یاخی‌ئەبوون بەرامبەری ئەوەستان و شەڕیان لەگەڵ ئەکردو زەرەیان پیێ ئەگەیاند، پیێ یان ئەوتن چەتە . .

زۆربـەی ئەمانە لە دەست عەسکەری ڕایان ئەکردو لەگەڵ ڕژێم تێك ئەچوون و بەرەنگاری‌یان ئەکرد، هەروەها هەندێکی تریان خۆیان بە کوڕی ئازا زانیوە گوێ‌یان نەداوەتە گرتن و کوشتن وە زۆر لە پیاوە دەستەڵات دارەکانی دەرەوەش پشتگیری‌یان کردوون وەکـو ئاغـاو شێخـەکـان و داڵدەیان داون، ئەمانە هەریەکە لە ناوچەیەکدا توانیویانە بەرەنگاریی هێزێکی تایبەتی میری بکەن بەتایبەتی لەو ناوچانەدا کە خۆیان شارەزایی تەواویان تیا هەبووە.

لەوکەسانەی کەزۆر دیار بوون وەکو ئاشکرایەو پیاوی شارەزا ئەیگێڕنەوە ئەمانەی خوارەوە بوون :

١ ـ نالە پیێ‌پان : لە ساڵی ١٩٠٩ی زایینی‌دا تابورێ عەسکەری تورك لەکەرکووکەوە دێن بۆ سلێمانی ، لە ڕێگا لە دەربەندی بازیان عەشیرەتی هەمەوەند بۆیان دائەنیشن وە ژمـارەیەکی زۆریان لێ ئەکـوژن تەنـانەت لەدوایی‌دا خەڵکی سلێمانی ئەم تابورەیان ناونابوو تابووری گوێ‌براو، چونکە زۆربەی زۆریان گوێچکەیان برابوو هەر لەوساڵەدا لە سلێمانی دیوانی عورفی تەشکیل کراوە ئەو فەوجـە عەسکەرەی لە سلێمانی هەبوو کەوتە تەعقیبی هەمەوەندەکان وە لەوەدا نالە پیێ‌پان گیرا لەگەڵ کەریم بەگی فەتاح بەگ

وچەند کەسێکی تروە لەدوایی دا واتە لە ساڵی ١٩١٠ی زاینیدا حوکمی خنکاندن درا بەسەر نالە پێ پان دا. لە بەردەرکی سەرادا کرا بە پەتا وەکو ئەیگێرنەوە زۆر بەئازایانە خۆی چوتــە بەردەمی سێدارەکــەو چوتە سەر کورسی یەکەو پێش ئەوەی کورسی یەکە لابرێت لەلایەن جەندرمەکانەوە نالە پێ پان خۆی شەق لە کورسی یەکەی ژێری هەڵ ئەدات و ئەخنکێت، هەروەها ئەوانەی لەگەڵ نالەدا گیرابوون بەئێجگاری نەفی کران.

نالە پێ پان کورێکی لەپاش بەجێ ما ناوی حەسەن بوو پۆلیسی سوارە بوو ژنەکەی نالەش ناوی خەجێ بوو دوای نالە شووی کردەوە بە سەعەی قالە کە باوکی سالەشێتەو سالەی لەو بوو.

٢ ـ شەریف رەننان: لە ناوچەی بازیان و چەمچەماڵ.

٣ ـ مەجید شانە شینی: ناوچەی بازیان

٤ـ حەمەتاڵ: ناوچەی پێنجوین و بانە.

٥ ـ سەید عەتا: ناوچەی شارباژێرو پێنجوین.

٦ ـ خولە قەوبلەیی ناوچەی شارباژێرو پێنجوین.

٧ ـ خولەپیزەو دەستەو هاورێکانی:

ناوچەی شارباژێرو پێنجوین و ئێران.

ئەو هەواڵەی خوارەوە کە لە کاتی خۆیدا لە رۆژنامەی «ژین»دا میری بڵاوی کردۆتەوە ئێمەش بۆیە ئەینووسینەوە چونکە کات و ساتی دروست بوونی ئەم کۆمەڵەو مێژووی رووداوی ئەو بەسەرهاتانەی تیایە لە سەرەتاوە تا کۆتایی یان، ئێمەش دوای ئەوەی چەنــد ساڵــە بەدوای راستیو زانیاری ئەو کۆمــەڵــە کە کۆمان کردۆتەوە ئەیخەینە بەرچاوی خوێنەری خۆشەویست.

لە رۆژنامەی ژین ژمارە ١٢٥١ رۆژی پێنج شەممە ١٩٥٥/٦/٢٠:

دەستە چەتەکانی خولەپیزە دوای پانزە ساڵ چۆن لە بنەرەت دووایان هات..؟

بەیانی ئەم سێ شەمووی رابوردو لەپێشا بەمقۆمقۆ لەدوایی دا بەئاشکرا وە لەپڕ لە هەمووولایەکەوە بڵاوبووەوە کە تالە پیزەو دەستەو تاقمەکەی کوژران و ئێمەش دوایی لە سەرچاوەیەکی رەسمیو راستەوە چۆنێتی کارەساتەکەمان زانی لێرەش هێندێکیان چۆن بە چاوی خۆمان دی وا بەکورتی لەسەر داوای خوێندەوەرانی خۆشەویست ئەیخەینە بەرچاو تا ژمارەیەکی تر ئەوسا دوورودرێژ باسی ئەم کۆمەڵە چۆن پەیدا بوون وە حیاتی کرد؟ وە چۆن دوایان هات بەوێنەو نیگارەوە پیشانتان ئەدەین.

لەم چەنـد ساڵەی دوایی دا تالە پیزەو براکانی تری و دەستەو تاقمەکەیان بەتەواوی ناوچەی شارباژێریان تێك دابوو وە بەو ڕەحمەیان نەزانی میری لەگەڵیان کردن، عەزەی مینەڕەشی مامیان چووە کەمەکیان هەر بەئێجگاری شوڵیان لێ هەڵکێشابوو، ئەوەبوو کاربەدەستان بەتایبەتی لەم دوایی یەدا کەوتنە خۆ بۆ دوایی پێ هێنانی ئەمە. . چەند مانگێك لەمەوبەر دیسان فرسەتێکی تریان دانێ کە بێنەوە سەر ڕێ بەڵام نەچوو بەگوێیانا، ئەوە بوو ئەوساکە لە پەلامارێکا کە برایە سەریان بۆرەی برای تالە کوژراو چەند کەسێکیان لێ گیراوە ئیتر دوای ئەوە بەتایبەتی ئەمە مانگێکە کاربەدەستان هەموو تەرتیبێکیان کرد بۆ گرتن یا بەدەست گرتن یا کوشتنیان، چەند ڕۆژێك لەمەوبەر تەنگیان پێ چنراو کران بەودیو ئێرانا وە بۆئەوێ شوێنیان کەوتن تا هێزانەوە ئەم دیو ئینجا ئەم بەیانە ڕەسمی یەی کە لەخوارەوەیە دەکرا:

وە یارمەتی ئەهالی و هێزی حکومەت ڕێك خرا وە دووشەمموی ڕابوردوو کە لە ئێرانەوە هاتنەوە ئەم دیو بۆ شاخی «زاخە» هەموو چواردەورو کەل و قوژبنێکیان لێ گیرا. وە ئەو بەیانەشیان دەست خرا ئینجا خۆیان کە هەشت کەس بوون بە تەئسیری ئەم تەرتیباتەو ئەو بەیانە بوون بە دوو بەشەوە.

بەشێکیان «کەریمە ڕەش و کورەکەی و ڕەحیمەکوڵ و شەریف» بەشەکەی تریان گوێیان نەدایە ئامۆژگاری یەکانی میری تا سەر لە بەیانی سێ شەمموی ڕابوردوو هەر لە «زاخە»وە ئەو بەشەیان «تالە پیزەو خولە سەلکەو عەزەی مینە ڕەش و ڕەسوڵ بیورەیی» کوژران و چوارەکەی تریش تەسلیم بوون، کوژراوەکان لاشەکانیان هێنایەوە بۆ سلێمانی وە لە بەردەرکی سەرادا فڕێیان داو خەڵك هاتن بۆ سەیری لاشەکانیان. .

دەستە چەتەکانی خولەپیزە چۆن بەیدابوون؟

ئەی دەستیان دایە ئەم ڕێگایە؟

پیزه کێ‌یەو لەکوێ‌یە؟

کوشتن و برین لە هەموولایەکەوە. . . چۆن حاکمی تەحقیقی هەڵەبجە کوژرا؟ گرتنی طاهر پیزە بەبرینداری. . . کوشتنی خولەپیزە. . دوایی پێ‌هێنانیان.

خولەپیزە کە سەرکردەی ئەم دەستەو تاقمە بوو، ناوی مەحمود کوری حەمە خەڵکی دێی «چمیاڵـە»یە کە ئەکـەوێتە قەزای چوارتاوە خولە خۆی‌و براکانی‌و هاورێکانی لەپێش دا خەریکی مەرو ماڵات لەوەرانـدان بوون «پیزە» کە خولە بەمەوە مەشهورە دایکیانە وە ناوی پیرۆزە هەر ئەم بووە هانی‌داون وە یارمەتی‌داون لە هەموو بارێکیا. (١)

ئیتر هەر وەکو لە لایەکی‌تری ئەم رۆژنامەیە باسمان کردووە ئەم دەستەیە کە دەستیان دایە کوشتن و برین ئەوەبوو طاهیریان گیرا لە کارەساتێکی پێشترادو بەرەڵڵا کرا لەپاش ئەوەی کە حوکم درا وە لە ساڵی ١٩٤٧دا خولـەپیزە «مـوحـەمە ئەمین بانی‌شاری»ی کوشت کە ئامر مەخفەری ولیاوا بوو لەکاتێکا کە چوو بوو بیگرێ بەپێ‌ی قانوون.

ئیتر لەپاش ئەمە هەموو براکانی لە خۆی گردکردەوە، وە زیاتر شوڵیان لێ هەڵکێشا وە زۆر سوودیان لەچـۆنێتی ئەو ناوچـەیە وەرئەگرت چونکە سەخت بوو وە هەمووی شاخ و دۆڵەو دارستانە وە کە زۆریان بۆ ئەهات خۆیان ئەکرد بە ئێران دا.

حاکمی هەڵەبجە:

لە رۆژی ٥/٥/١٩٥٠دا لەکـاتێکا کە خوالێ خۆشبوو «عبدالباقی» ساحێب قران حاکمی تەحقیقی هەڵەبجە ئەچوو بۆ پێنجوین وە کە ئەگاتە ناوچەی ناڵپارێز لای ئێوارە ئەبێت دەستەوتاقمەکەی خولەپیزە خۆیان بە شاخەکەوە مەڵاس ئەدەن و ئوتومبێلێکی لۆری رائەگرن لەپێش گەیشتنی ئوتومبیلەکەی حاکم دا وە دەست ئەکەن بە تەقەکردن لێیان وە لە ئەنجام دا ئەبێ بە شەر لەگەڵ پۆلیسەکانی حاکم دا، شەو دێ بەسەرداو تەقە نامێنی خولەپیزەو هاورێکانی لە شاخی «هەرزەلە»وە ئەیانەوێ دەرباز بن وە بچن بۆ ئێران لەپاش ئەوەی کە خوا لێخۆشبوو «عبدالباقی» بە گوللەی ئەوان ئەکوژرێت وە «حەمەخان» ناوێك لەگەڵ پۆلیسێکدا بریندار ئەکرێن و هەرچی‌یان پێ‌ئەبێت لێیان ئەسـەنن و لەبـەر ئەوەی کە تەعقیبـاتی ئەم چەتـانـە بەرێك وپێکی ئەرۆی لە « بەردەبەکۆس» لە شاخی سورکێو لەسەر سنوری ئێران لەکاتێکا کە ئەمان ئەیانویست بگەرێنەوە بۆ عیراق بۆ کوشتن و برین سەرلەنوێ لەوێ‌دا برای خولەپیزە «طاهر» بریندار

ئەکرێت، وە بە بریندارى ئەیرفێنن بۆ ئێران، بەڵام هێزى پۆلیس توانى شوێنەکەى بدۆزێتەوەو بیگرن وە لەپێش دا ئینکارى ئەکرد کە ئەو طاهیرە بەڵام لەپاش دا دەرخرا کە ئەوە بیجامەکەى خوالێ خۆشبوو حاکمى لەبەردابوو هەر وەها سەعاتەکەى حەمەخانى لەدەست دا بوو، وە مەحکمەى کوبرا لە سلێمانى حوکمى دا بەسەریا بە ئیعدام وە لە ٢٤/١٢/١٩٥٠ ئیعدام کرا لە سلێمانى لە بەردەرکى سەرا. . .

«کوشتنى خولە پیزە»

ئیتر هەر لەسەر رێ‌وشوێنى خۆیان ئەڕۆیشتن بە کوشتن و برین هەتا خولەپیزە کوژرا لەگەڵ عەول گوڵچین لە ساڵى ١٩٥١دا لە شاخى کەتوى چوارەتاوە کە ئەکوژرێن شەو ئەبێ هەرلەوێ ئەیان نێژن بەڵام پاش دوو رۆژ دۆزرانەوەو هێنران بۆ چوارتا وە لەپاش ئەوەى کە بەتەواوى دەرکەوت کە ئەمە خولەپیزەیەو هێنایانن بۆ سلێمانى وە لە بەردەمى سەرادا بۆ پیشاندان دایان نان ئینجا بردیان بۆ ناڵبارێز ناشتیان لەو شوێنەى کە حاکم عەبدول باقى تیا کوژرا.

تالب پیزە

لەپاش ئەوەى کە خولەپیزە لەناوبرا تاقمەکەى بە سەرۆکى ى تالەپیزە «براى خولەپیزە» ماوەیەك لەسەر ئەم کوشتنە ڕۆشتن وە ماوەیەکیش لە ئێران دا خۆیان ئەشاردەوە وە لەپاش دا تالب داواى کرد کە عەفو بکرێ‌و تۆبە ئەکات وە لەپاش ئەوەى کە تەعقیباتى قانوونى کە لەحەقیان هەبوو وەستێنرا لەدێى تیمار دانران بەڵام ئەو رەگ و دەمارەى هەر وازى لێ نەهێنان و چەکیان فرێ‌نەدا وە دانیشتوانى ئەو ناوچەیەیان بەگیرهێنابوو خۆیان سەپاندبوو بەسەریانا هەتا واى لێ‌هات لە دوا رۆژەکان ساڵى ١٩٥٤ داسەعادەتى موتەسەریفى لیواى سلێمانى «زەعیم روکن عومەر عەلى» لەگەڵ مودیرى پۆلیس گەرانێکیان کرد لە ناوچەى چوارتادا وە بۆیان دەرکەوت کە ئەمانە هەر خەریکى خراپەن لەپێشەوە ئامۆژگاریان کردن کە چەك فرێ بدەن وە لە شوێنێکدا دابنیشن کە حوکمەت بۆیان دائەنێ بەڵام ئەمەیان پێ باش نەبوو بەتایبەتى تالب پیزە وە لەبەر ئەوە ئەمر درا کە دیسانەوە

دەست بکرێت بە تەعقیب کردنیان و موتەسەریفی لیوا دوهەم جار گەڕایەوە سەریان وە بە پێ لە چوارەتاوە چووە شوێنەکەیان وە دیسانەوە ماوەی دانێ کە خۆیان تەسلیم بکەن بەڵام براکەی خولەپیزە «بۆرە» دەستی خۆی وەشاندو دوو پۆلیسی کوشت وە هێزی پۆلیسیش مەجبوور بوو کە دەست بکاتەوە وە لەم ماوەیەدا «بۆرە» کوژرا وە هەندێکی تریان لێگرتن بەڵام تالیب و عەزەی مینەڕەش و خولەسەلکە چونکە لەوێ نەبوون هەر مانەوە وە لەپاش ئەوە تەعقیبیان بەهێزتر بوو لەحەقیان وە ئەهالیش دەستی یارمەتی‌یان زیاتر درێژ کرد بۆ گرتنیان هەتا وای لێهات بەتەواوی تەنگیان پێ هەڵ چنرا وە لە جارێکی‌تردا لەکاتێکا کە ئەیانویست بێنەوە ناوعێراق یەکێکیان لێ کوژرا وە دوانیان لێ گیرا وە لەپاش ئەوەش هەر وازیان نەهێنا بەڵکو مانگی ڕەمەزانی پیرۆز تالیب و عەزیزو خولەو ڕەسوڵ بێورەیی چونە سەر کوێخا ڕەحیم لە دێی سورەدزێ خۆیو براکەیان کوشت وە چونەوە بۆ ناو ئێران.

. . . .

]١« بۆ ئەوانەی لەبیریانە ئەزانن و ئەوی لە بیری نییە بە خوێندنەوە سەیری لاپەڕەکانی موحاکەمەی یخی بوونی عومەر عەلی بکەن لە شۆڕشی پیرۆزی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ ، ئەم دایکە بە تەنیەت دەبیی زەر ی کە ویەی دایکیکی مەردی دلسۆزی پڕ لە عاتیفە بوو، خۆشەویستی کوڕەکانی و کۆڕیەی ئەو کوڕانە کە عومەر عەلی بەزیندوویی سوتاندی بە **عاتیفــە** و سوری کەم بەکرد بووە.

ع . م . ر.

«دوایی پێ هێنانیان»

لەپاش ئەم هەموو کارەساتە وە لەپاش ئەوەی کە کاربەدەستان دەستیان لەوە شت کە ئەمانە چاك ببن دەست کرا بە تێکۆشانێکی ڕاست وە بە تەقیباتێکی زۆر بەتوندی وە هەموو ئەو ناوچەیەیان چنی وە چوارەدەوریان نان چ لە عێراق و چ لە ئێران وە بەهۆی ئەو یارمەتی‌یەی کە دایان وە وای لێهات هەموو خۆیان کردەوە بە عیراق دا وە ڕۆژی ۲/٦/١٩٥٥ دانرا بۆ ڕۆژی هێرش بردن بۆسەریان دا کە دواییان پێ بهێنرێ، وە لە شەوی ۳۰/٥/١٩٥٥ خۆیان کرد بە قەڵای زاخە لە شاخی «هەڵۆرانە»دا وە لەم کاتەدا هەموو هێزەکانی حکومەت لەگەڵ ئەهالی خۆیان ئامادەکرد بۆ هێرش بەڵام لەوکاتەدا هەستیان بەم کارە کردبوو وە بەیانەکەیان خوێندەوە کە بۆیان دەرچووبوو لە ژمارەی «هەرە پێشوودا بڵاو کرایەوە»وە لەبەر ئەمە بوون بە دوو بەشەوە بەشێکیان ئەم چوارە بوون :

١ ـ کەریمە ڕەش

٢ ـ کوڕەکەی کەریمە ڕەش

٣ ـ شەریف فیتك «تووتکانی»

٤ ـ ڕەحیمە کۆڵ

وە بەشەکەی تریان :

١ ـ تالیب پیزە

٢ ـ عەزەی مینە ڕەش

٣ ـ خولە سەلکە

٤ ـ ڕەسووڵ بیورەیی

بەشی یەکەم هەستیان کرد کەوا پێویستە تەسلیم ببن ئەگینا ئەنجامیان کوشتنە، بەڵام بەشی دووەم هەر لەسەر کەللەڕەقی خۆیان ڕۆشتن وە دواڕۆژیان هاتبوو بۆیە کوژران وە ئەوانی تر خۆیان تەسلیم بە میری کرد.

کۆمەڵەکەی خولەپیزە . . .

لە ساڵی ١٩٤٢ وەوە هەتا ئەمرۆ . .

٩٤ ـ قەزییەی غەیر موجیزە، کارەساتی گەورە نووسراوە.

٢٣ کارەساتی ڕووتکردنەو سووتاندنی گەورە.
١٣٢ کەس کوشتن و بریندارکردنیان، یەکەمین کارەساتیان زیانیان گەیاند بە «فەرەج قادر» ناو لەبەینی دێی «بەهێ و سپیارە»دا لە قەزای چوارتا...

گرتنی تاهیر پیزە بە برینداری و ئیعدام کردنی، کوشتنی خولە پیزەو عەول گوڵچێن و تالە پیزەو خولە سەلکەو ڕەسووڵ بێوەریی، چواردە ساڵ لەمەوبەر ڕۆژێ خولە پیزەو عەزەی مینـە ڕەشی مامی و دوو کەسی تر ڕێگەیان بە «فەرج قادر» ناو خەڵکی دێی «کورری» ئەگرن وە لەبەینی «بەهێ و سپیارە»ی چوارتادا بۆ پەنگ ڕووتی ئەکەنەوە وە بەم جۆرە دەستیان کرد بە ڕێگری.

لە ساڵی ١٩٤٤دا تاهیری برای خولە دوای ئەوەی کە چەند سەر گایەکی یەکێ لە دێهاتی یەکان بۆ ئەتك و پەنگ ئەبات گاکان و پۆلیس توشی دێن وە لەو شەرە تفەنگەدا بریندار ئەبێت وە ئەگیرێ وە لە مەحکەمەی جەزای سلێمانی دوو ساڵ حوکم ئەدرێت.

لە ساڵی ١٩٤٦ کە لە بەنـدیخـانـە دەرئـەچێتـەوە کۆمەڵی ئەوان لە ساڵی ١٩٤٧دا کە پۆلیس ئەچن خولە پیزە بگرن، خولە ئامر مەخفەری ولیاوا» حەمە ئەمین بانی شاری ئەکوژێت، ئیتر بەم جۆرە خولە خۆی و عەزەی مینە ڕەشی مامی و تاهیرو تالیب و بۆرەو شەریفی برای و خولە سەلکەی ئامۆزای و زاوای یەك ئەگرن و جاروبار ئەو پیاوکوژو خراپەکارانەی کە لە عەدالەت هەڵهاتوون پاڵ ئەدەنە کۆمەکیان بەم جۆرە بەزۆری لە قەزای شارباژێردا وە جاروبار بۆ پێنجوێنیش لەو شاخ و داخی حدودەوە دەستیان ئەدایە کوشتن و برین و تاڵان و سووتاندن و ڕێگرتن و دەست درێژی زۆر جار کە زۆریان بۆ ئەهاتت ڕایان ئەکرد بۆ ئێران.

تێ بینی:

زۆرم مەبـەست بوو زیاتـر لە بەسـەرهـات و دروست بوونی باری خولـەپیزەو دەستەکەی «تاقمەکەی» بگەم چونکە لە کۆتایی ساڵەکانی چل و سەرەتای ساڵەکانی پەنجـادا بەجـۆرێ سەریان لە میری شێواندبوو، تەنانەت میری بۆ ئەو مەبەستەو بۆ لێدانی جووڵانەوەی نیشتمانی و بۆ نەهێشتنی ئەم دەستەیە زەعیم ڕوکن «عومەر عەلی»ی کرد بە موتـەسەریفی سلێمانی. وە هەموو دەسەڵاتێکیان دابوویە بۆ نەمانیان ئەویش دەستی کـرد بەهێنـانی پۆلیسی «قـووەی سەیار». وە چەند فەوجێکی هێنایە سلێمانی بێجگە لە پێکهێنانی غەیرە نیزامی کە لە ئەهلی دێهاتەکان میری چەك و پارەیان ئەدانێ بۆ لەناوبردنیان.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشا لە کوشتنەکەی ئامر مەخفەری ولیاوا حەمە ئەمین بانی‌شاری کە خولـە پیزە کوشتی، لە ساڵی ١٩٤٧ز تا ١٩٥٥/٥/٣٠ کۆتـاییان هات ئەو ماوە دوورودرێژە ئەم هێزە زەفەری پێ‌نەبردن، تا بە پیلانی ئەو چوارە کە خۆیان تەسلیم کردو بوون بە پۆلیس لەژێرەوە لەگـەڵ میری‌دا رێك بوون ئەو چوارە کە نووستبوون کەسی یەك بوون بەڵام چوارەکـەی‌تر بێگانە بوون پێ‌یان. وەختی خۆی چووبوونە تەکیانـەوە بۆیە ئەو فروفێڵەیان سەری گرت، کاتی خۆی خەڵکی نیشتمان پەروەری سلێمانی بەگشتی وە قوتـابیان بەتـایبـەتی هەمـوو کاتێك بەدوای هەواڵی جوڵانـەوەو بەسەرهاتی خولەپیزەو هاورێکانیان ئەگەڕان من ئەوسا قوتابی بووم لە سانەوی شەو لە رێکخراوی قوتابیان بووم زۆرجار باس هەر باسی ئەوان بوهەموکات دڵمان لایان بوو، چونکە هەردوو لامان دژی ئەو رژێمە بوین ئەوان لەو شاخ و داخە بەچەکەوە ئەجەنگان لەگەڵ میری‌دا ئێمەش بە تێکۆشانی سیاسی هەموو کاتێك لەناو خۆماندا ئەمان وت خۆزگە ئەو کورە ئازایانە ئەهاتنە ژێر ئاڵای رێکخراوی سیاسی‌و بەرەو شۆرش ئەیان د، حەیفە ئەوپاڵەوانانە هەروا بەفیرۆ برۆن، کاتێ کە هەواڵی کوشتنی ئەو چوار شێرانە ەات شاری سلێمانـی بەجـارێ ماتـەمینی دایگـرت، منیش لە ساڵی ١٩٤٩ لە ۆشتنەکەی حەمە ئەمین بانی‌شاری‌یەوە کە لەو خاڵەوە دەنگی ئەم کۆمەڵە دەنگی دایەوە سلێمانی تا کوشتنی ئەم «چوارە» بە چاوی خۆم دیم ساڵی ١٩٥٠ ئەو بەیانیەی تایەر ەڵواسرابو لە بەردەرکی سەرا هەروەها دوو لاشەکەی خولە پیزەو عەول گوڵچین ساڵی ١٩٥٤ ئەورۆژەی لەسەر پاص قەمەرەیەك هێنایانن لە بەردەرکی سەرا فرێ‌یان دان وە ەرەهـا ئەورۆژەی ئەو چوار لاشەیەیان هێنا بۆ سلێمانی هەمویم بە چاوی خۆم دی ەورۆژەوە خولیای کۆکردنەوەو دروست بوونی‌و بەسەرهاتی ئەم کۆمەڵەم لەمێشکدا رو.

ئەمجا ویستم یەکێك لەو دەستەیەی لەگەڵ‌خولەپیزەدا بەشداری کردبوو ببینم ئەوە . و لە رۆژی ١٩٨٤/٦/٣ لە قەلاچـوالان لە ماڵی کاك «فـەتـاح توتکـانی» برای شەریف توتکانی» چوین بۆ ئەو مەبەستە بە میوانی بەڵام لەپێشا ویستمان هەرلەوێ چین بۆ ماڵی شەریفی برا بچووکی خولەپیزەو خوشکی خولە کە فاتمی ناوە، لەگەڵ لورانی خولە کە دوان بوون بە سکێ، ناویان ناسرو سوارە بوو بەڵام سوارەیان چەند ماڵێك لەمەوبەر قاچی بەر تەور ئەکەوێت دوایی ئەمری خوای بەجێ‌هێناوە، بەڵام

ئەمان لە ماڵ نەبوون ئیتر لە ماڵی کاك فەتاح لەگەڵ برادەرێکی خۆم کە ناسیاوی ئەوان بوو دانیشتین دەست کرا بە قسەکردن و پرسیار کردن، لە وەڵام دا ئەم بەسەرهاتانەی بۆ گێرامەوە؛ ووتی:

لەپێش ڕووداوەکەی کوشتنی حەمە ئەمین بانی شاری‌دا تاهیری برای خولەو ڕەشە لوتەی ئامۆزای لە ڕوداوێکدا لە قەڵاتی لای چەمیاڵە ڕەشە ئەکوژرێ‌و تاهیر بە برینداری ئەگیرێ‌و حوکمی ئەدا بەسەرا دوایی لە بەندیخانە رائەکا... لەپاشا مەفرەزەیەك پۆلیسی سوارە ڕەشە «هەولۆ»یی و کەریم عەبدوڵلاو حەمەعەلی کاکی و فەتاح باپیرو چەند پۆلیسێکی‌تر بە سەرکردایەتی ئامر مەخفەرێ ولیاوا حەمە ئەمین بانی‌شاری دێتە سەریان لە دێی چمیاڵە بۆ گرتنی تاهیری برای بەڵام ئەو لەوێ نابێ ئیتر گر لە خولە پیزە ئەئاڵێنن، ئەڵێن تۆش عەسکەریت لەسەرە وەرە لەگەڵمان، خولە ئەڵێ من موعیلی ماڵ و مناڵەکانم و براکانمم، وازم لێ بێنە جارێ نەخۆشم، دوایی خۆم دێم بۆ چوارتا، بەڵام بێ سوود ئەبێت ئەمجا ڕەحمەی ژنی قورئان بەرەوپیری ئەبات، کە نەخۆشەو وازی لێ بێنێ‌و خۆی بەپێی خۆی دێت بۆ چوارتا، هەر سوودی نابێت ئەڵێت: وەڵلاهی «٢٩» کەسم کوشتووە بە تۆوە ئەیکەم بە «٣٠» کەس، ئەت دەم بەسەر کەرە ڕەشی خۆتاو ئەتبەم بۆ چوارتا ئەگەر خوت نەدەی بەدەستەوە. دوایی پیزەی دایکی قورئانەکە ئەگرێت بەدەستەوە ئەڵێت:

بیکە بۆ خاتری ئەم قورئانە من سەرم سپی‌یە، بە قسەی من بکە..؟ هیچ کەڵك ناگرێ. ئەمجا خولە ئەزانێ سوودی نی‌یە، دەست ئەداتە تفەنگەکەی... لە پەنجەرەکەوە تەقەی لێ ئەکات و ئەیکوژێ‌و هەڵدێ‌و سەرو ماڵ بەجێ دێڵێت ئیتر لەم خاڵەوە تێك هەڵچون و یاخی بوونەکە دەست پێ‌ئەکات.

پرسیارم لە کاك فەتاح کرد، **ووتم**

- بێجگە لە خۆیان کەس وکاریان ناوی چەند کەسێکم پێ بڵێ، کە لەگەڵ خولە پیزە بەشداری‌یان کردووە منیش پێش نووسینی ئەوناوانەی بەشداری‌یان کردووە ئەڵێم:

ئەم بەسەرهاتەی خولە پیزەو دەستەکەی بەدرێژایی ئەوەندە ساڵ کە نووسراوەتەوەو کاتی خۆی لە ئیستگەکانی جیهانی باسی ئازایی خولەپیزەو دەستەکەیان ئەکرد بەتایبەتی ئیستگەی پاریس کە خۆم یەکێك بوم گوێم لێ‌بوو باسی ئەکردن. ئەمە لە هەر وولاتێکی تر ڕووی‌بدایە نووسەران ئەگەڕان بەدوایا ئەیان کرد بە چیرۆکێکی ڕاستەقینەو

رووداوێکی سەرسوڕهێنەرو بە کتێبێك و چەندان جار فلیمیان لەسەر دەرئەکرد، ئەمەش ئەوە ئەگەیەنێت کەوا زوڵم و زۆر چۆن پاڵ بەخەڵکەوە ئەنێ لەباتی پاراستنی ئاشتی لەو ناوچانەو کە خەڵکی بە زەرعات و ڕەزو باخ و مەڕومالاتی خۆیانەوە خەریك بن، نەك بە زۆر وایان لێبکەن لەبەر پاراستنی شەرەفی خۆیان و ماڵ و منالیان پالی بەمانەوە نابێ بۆ گرتنی ئەو ڕێگـایە تەنـانـەت ئازایەتی خولـەپیزەو هاوڕێکانی دەنگی دابووەوە لە کوردستانی ئێران و عێراق دا ناوی خوله پیزه بەسەر زمانی خەڵکەوە بەشێوەی شیعرو گۆرانی فولکلوری ئەوترایەوە. تەنانەت مامۆستا هەژار لە شەرەف نامەدا ناوی هێناوە.

هەروەهـا چەنـد جموجـۆڵیان بووە لەگەڵ هێزی میری‌دا لە ناوچەی شارباژێرو پێنجـوین ئەوەندەشیان کەم تر نەکردووە لەودیو لەگەڵ هێزی پۆلیسی نیزامی ئێرانی‌و مەخفەرەکانیان، تەنانەت لەوێ ناوی خوله پیزه ئەبرا بە «مەحموود خانی پیرۆز خان» لێرەدا دوو نموونەی ئازایەتی خوله پیزەو خوله سەلکەی ئامۆزای باس ئەکەین کە ئەمە هەر لە فلیمدا بینراوە لەگەڵ چەند دێریك شیعری فولکلۆری کە ئەوکاتە بووەگۆرانی بەسـەر زمـانی خەڵکیەوە لە کۆتایی باسەکەمان ئەیخوێنینەوە، هەروەها ئەو وێنانەی خولەپیزەو هاوڕێکانی لەم کتێبەدا ئەبینین بەچەکەوە ساڵی ١٩٤٩ گیراوە لە سلێمانی لە ماڵی شێخ قادری حەفید کە یەحیائەفەندی ڕەسام گرتونی ئەوکاتە هاتبوون بەنهێنی بەو مەبـەستەی حەپسەخانی نەقیب ڕێکیان خات لەگەڵ میری بەڵام دوایی نەگەیشتنە ئامـانجێك بۆی دەرباز بوون. لەوکاتەوە من ئەم وێنانەم هەڵگرتووە کە بۆ ئەم ڕۆژە سوودی لێ وەرگیرا، بەڵام وێنەی پیزەی دایکی خوله لە دادگای میللی لە بەغدا کە بۆ شایەتی چوو بوو دوای شۆڕشی چواردەی تەموزی ١٩٥٨ لەسەر عومەر عەلی لەوێ گیراوە بەڵام وێنەی فاتمەی خوشکی‌و ڕەحمەی ژنی لە خۆیانم وەرگرتووە. ئیتر ئەگەر بێتوو ئەم ڕووداوانە کەس وکاریان کۆی‌بکەنەوە یان چەند چیرۆك نووسێك بۆ ماوەیەك خۆیان تەرخـان بکـەن بۆ کۆکـردنـەوەو تۆمـارکردنی ئەبێتە داستانێکی ڕووداو کە بۆ یادگارێك بمێنێتەوە کە باسی ئازایەتی‌و پاڵەوانیەتی خەڵکی ئەو ناوچانەی کوردستان ئەکات. (١)

هەروەهـا ئەم زانیاری‌یە بۆ یەکەم جار بلاوئەکەینەوە، ئەو برادەرەی کە دوو جار لەگـەڵم هات بۆ شەمساوا بۆ زیاتر ڕوون کردنەوەو زانیاری دەربارەی دروست بوونی جوڵانەوەی خولەپیزەو هاوڕێکانی ئەویش دیار بوو لە من زیاتر مەبەستی بوو چونکە

ئەوکاتە خەڵکی دێی بۆسکان بوەو نزیك بووە لەوانەوە تەمەنی ئەوکاتە یانزە ساڵان بووە زۆر باش لەبیریەتی ئەڵێت لە ساڵی ١٩٤٨ لە شاخی سورکێوچام بۆ خولەو هاورێکانی لێ‌ئەنا دوو کەس لە سلێمانیەوە هاتبوون بۆلای بەهۆی ساڵحاغای بۆسکان پەیوەندی‌یان پێوە کرد کە ئەو دووانــە لە پارتێکی سیاسیەوە هاتبـوون کە پێ‌یان وتـوە بێتـە ژێر ڕێکخـراوی حیزب، ئەگــەر بەتەنیا بێت ئەفەوتێت ئەگەر بێیتە پاڵ ئێمەوە ئەمێنیتەوە ئەویش لە وەڵام دا ئەڵێت بەهـۆی ساڵحـاغـاوە دوایی وەڵامتـان ئەدەمەوە ئیتر ئەوان ئەگەڕێنەوەو هیچیان دەستگیر نابێت ئیتر ئەڵێت دوایی نازانم چی بەسەرهات بەڵام خولە پیزە هەڕەشەی لێ کردم کە ئەمە نەدرکێنم، ووتی بۆیەکەم جار ئەمە باس ئەکەم.

یەکێ لە نمونەی ئازایەتیەکانی «خولە پیزە» :ـ

جارێکیان خولە لە شەڕدا ئەبێت لەتەك پۆلیس و غەیرە نیزامیەکانی ئەوسای میری لە کێوی هەلۆان، لەپرێکدا هەواڵێکی پێ‌ئەگات کە گوایا ڕەحمەی خێزانی لە تەنیا ماڵەکەی سۆفی حسەین لە هەمان کێودا دەست گیر کراوە لەلایەن مەفرەزەیەکی پۆلیس و غەیرە نیزامی‌یەوە بەرەو چوارتـا براوە، خولـەش ناکـاتە نامەردی لەبەرئەوەی بەرگری کردنێکە لە شەرەف و ئابروی خۆی‌و خێزانەکەی شەڕەکە بەجێ‌دێڵێ‌و بەپەلە سواری ئەسپەکەی دەبێت و بەدوای شوێن پێ‌ی مەفرەزەکەدا ئەڕوات نایەڵێ بگەنە چوارتا هەر لەوبــەر چەمی چنـارەوە بەتەنیا بۆیان لە سەنگەر ئەدا، دائەمزرێ هەتا خێزانەکەی‌و مەفـرەزەکە ئەگەنەجێ، هەروەکو شێر لێ‌یان ڕائەپەڕێ‌و چەند کەسێکیان لێ بریندار ئەکـات وە پۆلیسێك لەوێدا ئەکـوژێ وە خێزانـەکـەی خۆی بەوپەڕی ڕووسووری‌و شەرەفــەوە دەست ئەکـەوێتـەوە، بەرەو کێوەکـە بەرەو دواوە ئەگـەڕێتـەوە، ئەمـە لە ١٩٤٧/٢/٢٧دا ڕووی‌داوە.

یەکێ لە نمونەی ئازایەتیەکانی «خولە سەلکە» :

جارێ لەجاران میری خولەسەلکە بەی دەست ئەکەن، ئیتر بە هەر فروفێڵ و جۆرێك ئەبێت، هەردوو باڵی لەپشتـەوە ئەبەستنـەوەو ئەیهـاوێژنە پشتی یەکێك لە ئوتومبیلی پۆلیسەکان. بە هێزێکی زۆرەوە، پاشا واتە «عومەر عەلی» لەکاتی گەڕانەوەیان بەرەو شاری سلێمانی لە وەستانێکدا یەتە سەر تەماشاو دیداری خولە سەلکە وە بە لاقرتی‌و گاڵتە پێ‌کردنێکەوە دەستێ ئەبات بۆ فیشەك لغە خاڵیەکەی ملی خولە سەلکە، بە قاقاو پێکەنینێکەوە ئەڵێت ئەم ملوانکەو بەرمووره چی‌یە لەملتا؛ ئەویش بە تورەیی و مۆنێکەوە

له وەلام دا ئەلێت باشام ئەمە ملوانکە نی‌یە بەڵکو فیشەك لغەو بۆ پیاو کراوە.

دوای ئەوە ئەکەونەوە رێگا بەرەو سلێمانی لە نزیکی دێی «پارەزان» لەناکاوێکدا بەم دەستە بەستراوەوە خۆی هەڵئەداتە خوارەوە بەرەو ئەو شیوو دۆڵ و دارستانە چڕەی پارەزانەوە بۆی دەرباز ئەبێت، لە هەمان کاتدا پاشا خۆی و ئەو ژمارە پۆلیسانەی کە لە پێنج سەد پۆلیس زیاتر بوون ئەی‌کەنە تەقەو قرمەو دەستڕێژ بەدوایا لەئەنجامدا بە ناومێدی ئەگەرێنەوە.

ئەوەش لە پاداشتی ئەو توانج و پلارەی پاشا ئاراستەی خولە سنەلکەی کردبوو.

ئەمەش ئەنجامەکەی بوو.

. . . .

«١» **لێرەدا لە باسی یاخی‌بووەکاندا بەتایبەتی خولە**پیزەدا دوو وێنەو دوو گێڕانەوە ئەبینین لە دوو ڕوانگەی جیاوازەوە، یەکەمیان ئەوەیە کە لە ڕۆژنامەی ژین دا نووسراوە کە زیاتر لە ڕوانگەی بەگشتی تاوانبارکردنی تاوان و پیاوکوژی‌یەوە لەلایەك **و لە ڕوانگەی میری و عومەر عەلی** موتەسەریفی ئەوسای سلێمانیەوە نوسراوە کە نەی‌ئەویست هیچ جۆرە توانا و دەسەلاتێك لەم نهاوچەیەدا بهێڵێت.

دووەمیشان ئەوەیە کە نووسەر نووسیویتی و هۆی ڕاستەقینە بۆ ئەوە دەدۆزێتەوە کە زوڵم و زۆر پیاو بەرەو تاوان کردنیش ئەبات. ئەگەر ئەو ئازایەتی و ڕووبەڕووی زوڵم ڕاپەینەی خولە پیزە لە هەل و مەرجێکی مەوزوعی‌تردا بووایە لەجیاتی ڕووکردنە تاوان، هەلبەتە ڕووی ئەکردە شورش و شۆڕشگێران.

ئەگەر وێنەو ڕوانگەیکی‌تر مابێ بۆ ئەم ڕووداوە سامناکەی بیست ساڵێك ناوچەی سلێمانی خەریك کرد ئەوە لە فولکلوری سەرزاری خەڵکدا ئەیدۆزینەوە کە تا ئێستا لە ناوچەی شارباژێڕدا بلاوەو کۆنە کراوەتەوەو زوربەی بە چاوی ئازاو مەرد و نەترس ئەڕوانێتە خولە پیزەو دەستەکەی.

«ع. م. ر»

ناوی ئەوانەی کە لەگەڵ خولە پیزەدا بەشداری‌یان کردووە :ـ

١ ـ عەزە توتکانی برای شەفە توتکانی : لە شەڕی سیاگوێز گوژرا .

٢ ـ فەرەج ڕەنگینەیی «ماترلی» ئەلێن لەبەر ئەوەی هیچی لەبارا نەبو وازیان لێ‌هێنا هەتا پێش ئیعدام کردنی تاهیر، وە لە سلێمانی کوشتیان لەبەر داوێن پیسی .

٣ ـ حەمە داداش : دوای ئیعدام کردنی تاهیر نزیکەی بە ساڵێك وازی لێ‌هێنان لەبەر ئەوەی پێ‌یان ئەوت خەتای تۆ بووە تاهیر بە برینداری گیراوە ، لەسەر ئەوە ڕۆیشت. ناوبـراو خەڵکی باریکەیە لای عەربەت ئێستاکە لە دێی لەتیفاوا لە ناوچەی بازیان فەلاحەت ئەکات .

٤ ـ مەلا کەتـان : خەڵکی ئێرانـە لە سەرەتـاوە شکی لێ ئەکەن و گیرفانی ئەگەڕێن نامەیەکی پێ‌ئەبێ کە پەیوەندی بە میری‌یەوە ئەبێت ئیتر لەوێ لە ناوچەی بێوری ئەیکوژن .

ئەم ڕووداوە پێش کوشتنی خولە پیزە بە ساڵێك زیاتر بوو.

٥ ـ مەجی ی ئەول موحەمەد : ئەم کابرایە خاڵی عەول گوڵچینە ، لەپێشا لەگەڵ خولە پیزەدا بوو، دوایی هەڵدێت و ئەچێتە لای عەلی ئاغای ئەحمـاوا پێش کوشتنی خولە پیزە ساڵی ١٩٥١ .

٦ ـ ڕەحیمی مەلا فەتاح «ڕەحیمە لات» : لەپێش کوشتنی خولە پیزەدا جیابووەوە چووە لای حسە تاقە دووساڵ لەگەڵ ئەودا بوو دەوری بینی ، دوایی چووە لای مەحمود بەگی ڕەشەقەڵات لە ئێران ، دوای نەمانی حسە تاقەو دەستەی خولە پیزە هاتەوە بۆ «بارێ» لە ساڵی ١٩٥٧ لەنێوانی چوارتاو چنارەدا کوژرا ، لەسەر ئەوەی وەختی خۆی بە ناهەق کەریم ئاغای وێڵەو کوڕەکەی کوشتووە وەختێك کە لەگەڵ حسە تاقەدا بووە .

هەروەها ئەم پێنج کەسەی خوارەوە هەموو پێکەوە، وازیان هێنا دوای شەڕەکەی تیمار کە بۆرەی تیا کوژرا . خۆیان تەسلیمی میری کرد لە ساڵی ١٩٥٤ ، ئەڵێن زۆری لەبەر ئەو هۆیە وازیان هێنا چونکە بێ‌تاقەت بوون . . هەموو ژنیان هێنا تەنها ساڵح کۆیی لەوەوپێش لەناویانا ژنی هەبوو.

٧ ـ سالّح کۆیی : وەختی خۆی پۆلیس بوو کە هاتە ناو تاقمەکەی خولەوە، لە ژیان دا نەماوەو کۆچی دوایی کردەوە.
٨ ـ فەتاح توتکانی : خەڵکی دێی توتکان ناوچەی باسنێ «سیوەل» ئێستاکە لە قەڵاچوالان دائەنیشێت.
٩ ـ حەمە ئەمین توتکانی برای فەتاح توتکانی : ئێستا لە سلێمانی لە گەڕەکی «زەرگەتە» دائەنیشێت.
١٠ ـ ئەحە تیماری : خەڵکی دێی بوڵکی ناوچەی سیوەیل ئێستا لە سلێمانی لە گەڕەکی «کارێزەوشك»دائەنیشێت.
١١ ـ حسە تاقە. : دوای ئیعدام کردنی تایەر جیابوەوەو خۆیشی تاقمی هەبووناوبراو لە بەندیخانەی سلێمانی ڕائەکات دەست ئەکات بە جموجۆڵ دوای کوشتنی خولە پیزە،

لە پشتی قزڵجە کورەکانی کەریمە کەشکە لەگەڵیا ئەبن وە ژن برای ئەبن لە فرسەتێکا ئەیکوژن لەگەڵ سمایلی مامەخەلانیو کابرایەکیتری ئێرانی لەسەر ئەوەی وەختی خۆی بەزۆر خوشکەکەیان لێ سەندبوون ئەوانیش پێیان ناشرین ئەبێت لەگەڵیا ئەبن تا تۆڵەی لێ ئەکەنەوە.
کوڕەکانی کەریمە کەشکە:
١ ـ ڕەحمان
٢ ـ حەمە ئەمین
٣ ـ عەبدوڵڵا

وەختی خۆی حسە تاقە لەگەڵ برایەکی کە دەروێش ڕەشیدی ناو ئەبێت بە منداڵی لە مەریوانەوە دێن لای ئەورەحماناغای نۆرك ئەمێنێتەوە دوایی ئەچێتە لای خولەپیزە بەڵام براکەی لەگەڵیا نەبوو ئەو لە «ساڵیاوە» لە ناوچەی پێنجوین دائە نیشێت.

ئەڵێن ئەو شەوەی کە ڕێکەوتای ١٩٥٥/٥/٣٠ کە تالەو هاوڕێکانی لە ئێرانەوە دێن بەم دیوا لە قەڵای زاخەی شاخی «هەڵوان» لەوێ ئەوشەوە تاقمی کەریمەڕەش کە بریتی بوو لە «حەمەی دوریو شەریف توتکانیو ڕەحیمە کوڵ» لەکاتی خەو «تالیب» خولەسەلکەی ئامۆزاییو ڕەسوڵ پیورەیی ئەکوژن.

ئەڵێن لەژێرەوە لەگەڵ میریدا ڕێکەوتبوون، ئیتر بە نەمانی ئەمان کۆتاییان هات.
بەڵام ئەو چوارە چیان لێ بەسەرهاتدوایی بوون بە پۆلیس: ١ ـ حەمەی کوڕی

کەریمەی ڕەش: ئەمیش لە ساڵی ١٩٦٦دا لە سلێمانی لە شەڕێك لە سەرقەبرانی گردی سەیوان لەنێوانی دوو بەرەی بەهێزدا ڕووی‌دا لەئەنجام ناوبراو کوژرا.

٢ ـ کەریمە ڕەش: لە ساڵی ١٩٧٢ لە سلێمانی لە گەڕەکی مەڵکەندی ئەیکوژنەوە.

٣ ـ شەریف توتکانی: لە سلێمانی لەدوای کوشتنی کەریمە ڕەش لە گەڕەکی مەڵکەندی لای حەمامی بەرخی ئەکوژرێ.

٤ ـ ڕەحیمە کوڵ: پۆلیسی تەقاویتە ئەڵێن لە ناوچەی هەولێر دائەنیشێ.

لە ڕۆژی ٢٥/١١/١٩٨٤دا بۆ جاری دووەم لەگەڵ هەمان برادەردا چوین بۆ قەڵاچوالان و شەمساوا بۆ هەمان مەبەست بۆ کۆکردنەوەی زیاتر زانیاری ئەم کۆمەڵە چونکە خۆم لە سەرەتای پەنجاکان تائێستا کە ئەمەم مەبەست بوو، چوین بۆ ماڵی فاتمەی خوشکی خولە پاش ئەوەی ڕێزێکی زۆریان لێ گرتین و نانی نیوەڕۆمان لەوێ خوارد، لەگەڵ کۆمەڵە پێك هاتین «فاتم و شەریف» خوشك و برای خولە پیزەو «نامیق و سدیق ئەحمەد» کوڕانی فاتم واتە خوشکەزای خولەن لەگەڵ «تەهاکوڕی تالەپیزە»و «ناسر»ی کوڕی خولەپیزەو چەند کەسێکی تر لە کەس و کاری خۆیان وە ئەم زانیاری‌یانەمان دەست کەوت لێیان، کە بە پێویستم زانی ئەمیش لێرەدا بنووسم.

وەك بۆیان گێڕاینەوە چەند کەسێکی تریش بووە لەگەڵ کۆمەڵی خولە پیزەدا بەشداری‌یان کردووە وەك:

١ ـ جانەی حەمەومین خەجێ

٢ ـ عەلی حەسەن بەگی باریی گەورە.

ئەم دوو کەسەش بە پیلانێکی دروست کراو لەلایەن میری‌یەوە لە خەوا هەردووکیان کوژران، هەر لە دێی «باریێ گەورە».

هەروەها «ڕەحیم»ی برای خولەپیزە کە پێیان ئەووت «بۆرە» لە دێی «تیهار» کوژراو «عومەر عەلی» کە موتەسریفی ئەوسای سلەیمانی بوو. دڵ ڕەقانە لەناو خانووەکەدا بە خانووەکەوە ئاگری تێ‌بەرداو سووتاندی.

ئەمە پاش ئەوەی شەڕێکی دلێرانەی لەگەڵ کردن و چەند پۆلیسێکی لێ کوشتن.

بۆ ئەوەی خوێندەواری بەڕێز بۆی ڕوون بێتەوەکاتێ کە «تایەر»ی برای خولەپیزە لە سلێمانی لە بەردەرکی سەرا لە سێدارە درا لەلایەن میری‌یەوە، بەڵەدیە مەیتەکەی لە گردی سەیوان ناشت وە پاش ماوەیەك کەسوکاری بەدزی‌یەوە مەیتەکەیان دەرهێنایەوە لە

گۆرو بردیانە دێی «سیتەك» لەوێ ناشتیان، هەروەها پیزەی دایکیان لە سەرەتای ساڵانی حەفتاکاندا لە دێی «قەڵاتێ» لە ناوچەی «سرۆچك» کۆچی دوایی کردووەو هەر لەوێش نێژراوە.

بێینەوە سەرەوکاری کورەکانی خولەپیزە کە ناویان «ناسر»و ئەوی تریان «سوارە» بوون، ئەمانە باوکیان لەکاتی خۆیا ناوی نابوون «هەڵپاچ»و «داپاچ» دوایی ئەم کورانە ناوەکانی خۆیان گۆری بە «ناسر»و «سوارە».

دایکی ئەمانیش کە ناوی «رەحمە» بووە ئێستا ئەویش لە دێی «شەمساوا» دائەنیشێ.

وە ئەم خێزانە لەئەسڵا لە تیرەی «بێسەری»ن وە ئێستا گەلێکیان لە «قەڵاچوالان»و هەندێکیان لە دێی «شەمساوا» بەرامبەر قەڵاچوالان دائەنیش.

«هەندێ لەو هۆنراوانەی بەسەر خولەپیزەو براکانی دا «هەڵد راون»

کاڵێ وەی کاڵێ تۆم حەمە تاڵێ
تۆم ئامیر مەخفەر ناحیەی خورماڵێ
فیشەك ئەهێنم بە بارو بە تا
ئەی کەم بە قرچە لە پشتی چوارتا
رەحیم بانگی کرد تایەریان پێکا
لوقمانی حەکیم عیلاجی ناکا
ئەم بەرم شاخە دوو چاڵ قەیاخە
سەرم هەڵبری قەیاخ نەمابو
دوو پێ لەولاتر تایەر گیرابو
مەحموود بانگی کرد هۆ ساڵح کۆیی
تایەرمان کیرا شەرەفمان رۆیی
ئەو ئوتومبیلەی شینی قەزوانی
تایەریان تێ خست بۆ سلێمانی
ناڵە ناڵێ دێ بەسەر شارەوە
لاشەی تایەرە بە سێدارەوە
نێن بە میری و من بەتەمە

چاوەڕوانیانم لە ئاشی بارام
یاخوا بەخێربێن پۆلیسی سواری
تفەنگ و فیشەك دێنن بەدیاری
شاخەکەی کەتوو پلە پلەیە
تەقەی بڕنەوی تالەو خولەیە
ئەم بەرم شاخەو ئەوبەر نەکەرۆس
ئەڵێن تەقەیە لە بەردەبەکۆس
بڵێن بە دایکم خۆی نەکا ئاڵۆز
گوللەکەی مەحموو ئەیکا تەپوتۆز
سەری دەرهێنا وەك شێرلەسەنگەر
شەشی لێکوشتن لە خودەبەسەر
ئەڵێن تەقەیە لە چەمی ئاشان

حەوتی لێ کوشتن لە بڕنەو بەشان
ئاغام شێخ لەتیف ببمە قوربانی
بۆ دێی عەلیاوا تەشریفی هانی
هەڵگرنە تەرمی ڕوەو چەمپاراو
شینی بۆ بکەن گوڵچین و حەلاو
حەوت ساڵ یاخی بون لە دەشت و دەری
سەرکردەت کێ بوو خولە بێسەری
کاڵێ گیان کاڵی تۆم حەمە تاڵی
تۆم ئامیر مەخفەر نوقتەی تەیناڵی
کاڵێ وەی کاڵی تۆم بای شەماڵی
بە تەقەی بڕنەو بۆم نابی حاڵی

* * *

● له راسته‌وه : جانه‌ی حه‌مه‌وه‌مین حه‌جی ، خوله پیزه .

● تایەر پیزە

● عەول گولچین

● عەزەی مینە ڕەش مامی حولە پیزە

● عەزە توتکایی و هاوڕێیەکی خولە پیزە

● حسه تاقه

● شه‌ریفی برابچووکی خوله پیزه

● پیروز خان «پیزه»

● [illegible]

● فەمەی خوشکی خوله پیزە

«ئافرەتان لە گەڕەکەکاندا»

«مامان»

هەر گەڕەکێك چەند ئافرەتێکی تیابوو پێیان ئەوتن «مامان»، ئەم ئافرەتانە بەساڵاچوو بوون و شارەزا بوون چونکە ئەوکاتە «ممرضە» نەبوو، ئەم مامانانە هەر ماڵێك ژنەکە ژان بیگرتایە ئەچوون بەشوێن مامانا ئەمیش بە شارەزایی خۆی ئەمایەوە لای ژنەکە تا منداڵەکەی ئەبوو پاش منداڵ بوونەکە سێ چوارشەو ئەمایەوە پاشان پارەی خۆی وەرئەگرت و خواحافیزیی ئەکرد.

حەکیم «پزیشکی میللی»

لەکاتی خۆیا کە پزیشك و دەرمان کەم بوو ئەم ئافرەتانە شارەزاییان هەبووە لە چارەسەرکردنی هەندێ نەخۆشیدا وەك چاوئێشە، سك ئێشە، سك چوون، وە بریز و لەجێ چوونی ئێسقان وە کەچەڵی، بۆ هەریەکە لەم نەخۆشییانە داوو دەرمانی تایبەتی ی خۆیان بۆ کردووە، ئەیاندا بە نەخۆشەکان و چارەسەریان ئەکردن، لە هەر گەڕەکێکا چەند ئافرەتێك هەبوون لەم پزیشکی میللیانە بۆ چارەسەر کردنی نەخۆشی ی منداڵ و ئافرەت.

نان پێوەدەر «نان کەر»

لە هەموو گەڕەکێکا چەند ئافرەتێك هەبوون نان پێوەدەرییان ئەکرد بۆ گەڕەك بەپێ ی زۆری و کەمی نانەکە پارەیان وەر ئەگرت، زۆر لەم نان پێوەدەرانە بێ دەرەتانی و فەقیری ناچاری کردبوون کە ڕۆژ تا ئێوارە لەبەر قرچەی گەرمی ئاگری تەنوردا نان پێوە بدەن بۆ ئەوەی منالەکانیان برسی و ڕووت نەبن و موحتاجی دەستی ناپیاو نەبن.

«سوعبەت چی و قسەخۆش»

لە سەردەمی ڕابووردوودا لە گەڕەکەکاندا ئافرەتەکان زۆربەی کاتیان بەیەکەوە لەگەڵ دراوسێکانیان ئەبردەسەر بە قسەی خۆش و سوعبەت بەزۆری لە سەرتەنوور لەکاتی نان کردنـدا یان هاوینـان لە بەر دەرگـای ماڵێکـا کۆئـەبـوونەوە هەندێ لە ئافرەتان زۆر قسەخۆش و سوعبەت چی بوون لێیان کۆئەبونەوە، زۆری کاتیان بەخۆشی ئەبردەسەر.

«ئەو شتانەی کە لە قوڕەسوور دروست ئەکران»

هەندێ ئافرەت لە گەڕەکەکاندا لە قوڕەسوور زۆر شتیان دروست ئەکرد، پاش سوورکردنەوەی لە ئاگرا ئەیان فرۆشت بە پارە وەك کوپە، گۆزە، دیزە دەرخۆنە، سوێنە، کورەی تاسکـەبابی، کەندوو، تەنوور، وە زۆر شتی تر. لەکاتێکا ئەم شتانە لەبازارا پارەیان ئەکرد چونکە قاپ و قاچاغی مەعدەن زۆر کەم دەست ئەکەوت وەك «مس» بەلام «فافۆن» هەر نەبوو، ئەم جۆرە شتانە کە دروست ئەکران قوڕەسوورەکە موی بزنی تێکەڵ ئەکراو چوار دەوری بە تەپالە دائەپۆشراو ئاگری تێ بەرئەدراو سوورئەکرایەوە.

«سپیاوو دەم وچاو هەڵگرتن»

چەند ژنێك هەبوون کە دەم وچاوی ژنانیان هەڵئەگرت لە گەڕەکەکانا، هەر ژنێك دەم و چاوی هەڵبگرتایە ئەینارد بەشوێنیا ئەویش ئەهاتە, ماڵەوە لەپێشا دەم و چاوی بە سپیاو سپی ئـەکرد تا ساف ئەبوو، ئینجا بە کشتەکێ دەستی ئەکرد بە هەڵ کێشانی مووی دەم وچاوی ئافرەتەکە، سپیاو لە قەلایی دروست ئەکرا بەم شێوەیە:
دیزەی ڕۆن کە ئەشکا پارچەکانی پێیان ئەووت سواڵەت، قەلایی یەکە ئەکرایە ناو پارچەیەك سواڵەت و ئەخرایە سەر ئاگرو داری ئەخرایە ژێر وە زوو زوو تێك ئەدرا بە پارچەیە اك ئاسن کە دەمەکەی پان بوو وەك کەوگیر وابوو شەوو ڕۆژێك زیاتر گەرم ئەکراو تێك ئەدرا تا ڕەنگی سپی ئەبوو، وەك گەچی لێ ئەهات دوایی ئەیان بێژایەوە تا ئەبوو بە تۆز ئەوسا پێیان ئەووت سپیاو ئینجا ژنان ئەم سپیاوەو سووراوە کە لە بازار لای عەتارەکان ئەیان کڕی خۆیان پێ ئەڕازاندەوە بۆ شایی و سەیران و گەڕان.
تێ بینی: سوراوو سپیاو تەنها ژن بەکاری هێناوە عادەت نەبووە کە کچیش بەکاری بهێنێ هەتا شووی نەکردبێ.

«لاوانەوە لە تەعزێدا»

شیوەن: ئافرەتێك بە ئاوازەوە لە شێوەی هۆنراوەدا بەسۆزەوە مردووەکە ئەلاوێنێتەوەو پرسەکەران ئەگرین وە لە خۆیان ئەدەن وە بۆی ئەسێننەوە، بەتایبەتی بۆ گەنجەکان کە پێیان ئەوتن **جوانەمەرگ**

●●●

ناوی مامانـەکـان و حەکیمەکان و ئافرەتە سۆعبەت چیەکان و ئەو ئافرەتانەی لە قوڕەسوور شتیان دروست کردووەو ئەو ئافرەتانەی دەم وچاویان هەڵگرتووەو سپیاویان دروست کردووە لە گەڕەکەکاندا، هەروەها ئەو ئافرەتانەی لە تەعزێدا ئەیان لاوانەوە:
«گەڕەکی مەڵکەندی»
أ ـ مامانەکان:
١ ـ عاسەی سەکینە٢ ـ ڕەحمەی دایە عەمەر

٣ ـ فاتەی ئەلە

٤ ـ گوڵچینی فاتەی ئەلە

٥ ـ حەولای فاتەی قاوەچی

٦ ـ گوڵچینی عەدە

٧ ـ ئایشێی خلە

٨ ـ حەبێی خدر

٩ ـ باجی حەبیب ژنی محەی هەمزاغا

١٠ ـ خا لەیلێ

١١ ـ خورشە چاوشین

١٢ ـ ئامەی خاتوون

١٣ ـ باجی ڕەحمە خوشکی کەریمی مەجرووم

١٤ ـ باجی خونچە ژنی ڕەشەی سورکە

١٥ ـ ئامەی مەلا ژن

١٦ ـ ڕەحمەی پەڕۆ

١٧ ـ خونچەی تەنوور

١٨ ـ ئامە تیتان

١٩ ـ ئامە دریژ

٢٠ ـ حەبێی ڕێحان

ب ـ حەکیم (پزیشکی میللی):

١ ـ عاسەی سەکینە

٢ ـ نەنە خونچە دایکی حاجی بارام

٣ ـ خاتوو ئامینە ژنی شێخ محەمەدی کاکە لاو

٤ ـ خانمی ژنی عەزیز ئاغا شەلە

٥ ـ حەلاوی مینە حەکیم

٦ ـ خورشەی حەمە ێ شیر

٧ ـ ڕەحمەی دایە عەمەر

٨ ـ ڕەحمەی پەڕۆ

٩ ـ خەجێی گوڵە
١٠ ـ ئامە درێژ
١١ ـ گوڵچینی عەدە
١٢ ـ باجی حەبیب ژنی محەی هەمزاغا

جـ ـ سۆعبەت چی‌یەکان (قسە خۆش):

١ ـ عاسمە خانی حاجی حەسەن ئەفەندی
٢ ـ فاتمە خانی ژنی مەلا عەلی مەڵکەندی
٣ ـ ئەختەر خانی ژنی شێخ مەجید
٤ ـ حەمدی خانی ژنی شێخ عارف
٥ ـ فاتمەخانی ئەمین ئاغا
٦ ـ ڕەعنای ئەمین ئاغا
٧ ـ خورشید خانی حاجی قادری ئاسنگەر
٨ ـ عاسۆلەی مەلا قادر
٩ ـ فاتمە خانی ژنی ئوسواغا
١٠ ـ زبێدە خانی ژنی ئەحلان چاوشین
١١ ـ ئینجی خانی ژنی سەعید چاوەشی تەلخانە
١٢ ـ حەبێی شاناز
١٣ ـ ئامەی حەلیمێ
١٤ ـ حەبێی ڕێحان
١٥ ـ دادە حەمەی پوورە عاسە
١٦ ـ بەهێی ژنی خاڵە هەباس
١٧ ـ باجی فەیم ژنی مینە ترێ
١٨ ـ ئامەی گوڵناز
١٩ ـ باجی ڕەحمەی ژنی مامەلی (کوورە)
٢٠ ـ حەبە خانی ژنی تۆفیقی حەمە خێل
٢١ ـ ئایشێ خانی حاجی ساڵح ئاغا
٢٢ شەمسە خانی ژنی حاجی بارام

٢٣ ـ عاسمه خانی ژنی مەحموودی حاجی کەریم

٢٤ ـ ڕەحمه خانی ژنی ساڵحی مەحموود

٢٥ ـ ئەختەری عەونی ئەفەندی

٢٦ ـ عیسمەت خانی ژنی تۆفیق قەزاز

٢٧ ـ ڕەحمەی دایە عەمەر

٢٨ ـ مریەم خانی ژنی محەی ساله سوور

٢٩ ـ بەهێ خانی عارفه ئەفەندی

٣٠ خ[illegible]ی ژنی عەزیز قەزاز

٣١ ـ عەدله خانی حەمه خدران

٣٢ ـ ڕەعنای دایکی خوله بووز

د ـ ئەو ئافرەتانەی شتیان له قوڕە سوور درووست کردووە :

١ ـ مینای کەنعان

٢ ـ ئامەی کەنعان، خوشك بوونە له پیرمەسوور

٣ ـ زبەی چەقۆ گەر

٤ ـ ئامەی چەقۆ گەر، خوشك بوون له پیرمەسوور

٥ ـ پۆزی درێژ، پیرمەسوور

٦ ـ ئایشێی خله، حاجی حان

هـ ـ ئەو ئافرەتانەی دەم و چاویان هەڵگرتووەو سپیاویان درووست ئەکرد :

١ ـ گوڵچینی ڕابی سپیاوی درووست کردوە

٢ ـ ئامەی مەلاژن سپیاوی درووست کردوە و دەم و چاو هەڵگر

٣ ـ ئایشێی خوشکی دەروێش قادر، دەم و چاو هەڵگر

٤ ـ ڕێحان چل گسەز، دەم و چاو هەڵگر

٥ ـ پەری زادەی ژنی مام کەریم، دەم و چاو هەڵگر

٦ ـ پەری زادەی ژنی وەستا ڕەسوڵ، دەم و چاو هەڵگر

٧ ـ ئامینەی مەلا، دەم و چاو هەڵگر

٨ ـ خونجەی ژنی فەتاح گەنکاوایی، دەم و چاو هەڵگر

٩ ـ ڕەعنای دایکی خوله بووز، دەم و چاو هەڵگر

١٠ ـ ڕەعنای شێخ ئەحمەد، دەم و چاو هەڵگرد

و ـ ئەو ئافرەتانەی لە تەغرێدا ئەیان لاوانەوە :

١ ـ عاسمەی ئە   جەخان

٢ ـ حەبێ ی کەریمی مەجرووم

٣ ـ حەلاوی مام ئەوڵا

٤ ـ خانمی مەلا سابیو

●●●

«گەڕەکی گۆیژە»

أ ـ مامانەکان :

١ ـ عاسە بیجەڕێنە

٢ ـ ئایشێ ی گوڵە

٣ ـ ڕەحمەی ڕەنێ

٤ ـ ڕەحمەی پەڕۆ

٥ ـ حەلاوی مارفە سوور

٦ ـ باجی خانزاد

٧ ـ حەپسە خانی ژنی حاجی کەریمی شومقار

٨ ـ حەبێ ی سەعەی خەجە خانی

٩ ـ خورشی خانی کوڵە سپی

١٠ ـ حەلاوە ڕەش

١١ ـ فاتە سوور

١٢ ـ نەنە خەجێ

١٣ ـ عاسمەی ئەلەقەساب

١٤ ـ ڕەحە جەندرمە

ب ـ حەکیم (پزیشکی میللی) :

١ ـ عاسە بیجەڕێنە

٢ ـ باجی خانزاد

٣ ـ ئاتە خان خوشکی عەبە زیرەك
٤ ـ حەلاوە خانی حسەین ئاغا
٥ ـ باجی زوهرە
٦ ـ خا لەیلێ دایکی حاجی تۆفیقی لەیلێ
٧ ـ حەلاوی مارفە سوور
٨ ـ حەپسەخانی ژنی حاجی تۆفیقی لەیلێ
٩ ـ خا ڕەعنای ژنی مامە لفتە
١٠ ـ خورشی خانی کوڵەسپی
١١ ـ فاتمە خانی ژنی عارفی شانەگەر
١٢ ـ حەلاوە خانی خوشکی کاکی ی مەحموود ئاغا
١٣ ـ ئاسکۆڵی قەندیلە
١٤ ـ بدریە خانی ژنی سۆفی کەریمی سەڕاج

ج ـ سوعبەت چی یەکان «قسەخۆش» :ـ

١ ـ ئافتاو خانی قەفتان
٢ ـ حەولای مەلا سمایل
٣ ـ باجی حەنیف خەسوی خاڵە ڕەجەب
٤ ـ ئامەی شەریف «دایە ئامە»
٥ ـ حەلاوی مارفە سوور
٦ ـ حەبێ ی چەرخ و فەلەق
٧ ـ حەبەلە خانی ژنی حاجی ئەوڕەحمان مەحموودی باپیر
٨ ـ ڕەحمەی خاڵەلە
٩ ـ شەمسە خانی ژنی عارفی خومەیس
١٠ ـ عاسەی مەلا ئەحمەدی نانەوا
١١ ـ لەعلەخانی ئەحەی ڕەسووڵ
١٢ ـ پورە ئەجێ «ناتری حەمامی موفتی»
١٣ ـ دایە فاتە ژنی ئەحەی مەلا
١٤ ـ بەهۆلە خانی کچی حاجی کەریمی شمقاڕ

١٥ ـ هەیبەتی ئەوڕەحمان چاومار
١٦ ـ حەمدی چاوەش
١٧ ـ ئامە تیکە
١٨ ـ دایە عەزاو
١٩ ـ ڕەحمە خانی دایکی خەسرەو ئاغا
٢٠ ـ گوڵچین خانی دایکی عەزیز ئاغا

د ـ ئەو ئافرەتانەی شتیان لە قوڕەسوور دروست کردووە :ـ
لەم گەڕەکەدا هیچ ئافرەتێك نەبووە کە لەقوڕەسوور شت دروست بکات .

هـ ـ ئەو ئافرەتانەی دەم چاویان هەڵگرتووەو سپیاویان دروست ئەکرد :
١ ـ ئامەی بەکر ـ دەم وچاو هەڵگر
٢ ـ فاتەی مەجی ـ دەم وچاو هەڵگر
٣ ـ خاتو حەلاو ـ دەم وچاو هەڵگر
٤ ـ قەمەر ناز ـ دەم وچاو هەڵگر
٥ ـ سوەیبە ـ دەم وچاو هەڵگر
٦ ـ خورشەخانی ژنی حاجی ساڵح ـ دەم وچاو هەڵگر
٧ ـ ئەجێی شێخەلی ـ دەم وچاو هەڵگر
٨ ـ حەلاوی مارفەسوور ـ سپیاوی دروست ئەکرد
٩ ـ فاتەخانی مارفە سوور ـ سپیاوی دروست ئەکرد
١٠ ـ ئامە لاڵ ـ سپیاوی دروست ئەکرد
١١ ـ هەیبەت خان ـ سپیاوی دروست ئەکرد

و ـ ئەو ئافرەتانەی لە تەعزێدا ئەیان لاوانەوە :ـ
١ ـ ئامینی حەلاوی مارفە سوور
٢ ـ حەبێی حەلاوی مارفە سوور
٣ ـ شەمسەی ژنی ڕەحیمی چایچی
٤ ـ سەبری حاجی کەریمی شمقاڕ
٥ ـ خەجێی مەلامین
٦ ـ شەمسەی کەریمی دەلاك

«کەڕەکی دەرگەزێن»

أ ـ مامانەکان:

١ ـ سەلمەی شاڵێ
٢ ـ حەلاوی حەمە مراد
٣ ـ ئایشێی وەستا نادر
٤ ـ باجی عەدلە
٥ ـ خورشەی ڕەشید ئاغای هەمەوەند
٦ ـ باجی گوڵناز
٧ ـ مریەم ئەوڵا بانەیی
٨ ـ زەینەبی عەبەی ڕێحان
٩ ـ حەبێی قالەی خاتر
١٠ ـ ڕەحە جوڵانێ
١١ ـ فاتەی خولە درێژ
١٢ ـ خەجێی مەلامین
١٣ ـ پیرۆزی حەسەن مورتکەیی
١٤ ـ زەریفی دەروێش مەحموود
١٥ ـ ڕەحمەی عەباس
١٦ ـ زەینەبی حەمە پاخاڵ
١٧ ـ حەبێ خێلە
١٨ ـ حەبێی دەوڵەت
١٩ ـ **باجی وەنەوش**

«ب» ـ حەکیم «پزیشکی میللی»

١ ـ فاتمەی حەمە دیلان
٢ ـ ئامینەخانی ژنی مەلامینی ئەحمەد بەقاڵ
٣ ـ حەلاوی حەمەمراد
٤ ـ خورشەی ڕەشید ئاغای، **هەمەوەند**
٥ ـ فاتمەخانی میرزا مەولان
٦ ـ حەبەخانی دایکی حسە ڕەشی خەیات

«ح» ـ سوعبەت چی یەکان «قسەخۆش» : ـ

١ ـ سەلەی قالە گورگین

٢ ـ ئامینە خانی فەقێ مەحموود ـ دایکی عەلی کەمال

٣ ـ گوڵەخانی دایکی عەتای کاکە حەمە

٤ ـ فاتمەی حەمە دیلان

٥ ـ خانمی مامەلی

٦ ـ فاتمەی شازێ

٧ـ حەپسە خانی ژنی تۆفیق ئەفەندی ی ئاغا فەتحوڵڵا

٨ ـ فاتمەی سەعەی حەمە خاڵە

٩ ـ حەلاوە خانی ژنی حاجی ساڵحی قاسم

١٠ ـ ئامەی شێخ مەحموودی باراوی

١١ ـ لەعلە خانی ئەحمەد چاوەش

١٢ ـ شەمسە خانی ژنی حاجی عەرەبی پێڵاودوور

١٣ ـ ئامەخانی ژنی حاجی مەجیدی دەلاك

١٤ ـ نەجیبە خانی ژنی ئەحمەدی حاجی ڕەسووڵ

١٥ ـ بەهێ خانی حاجی حەمە ئاغا

١٦ ـ عەتێ خانی ژنی نەشئەتەفەنی

١٧ ـ خورشید خانی ژنی حاجی مەلا ئەمین

١٨ ـ حەپسە خانی حاجی ڕەشیدی حاجی سەعیدی قاراغا

١٩ ـ گوڵچین خانی ژنی حاجی سەعیدی شالی

٢٠ ـ گوڵچین خانی دایکی حاجی ئەحمەدی کەریم ئاغا

٢١ ـ حەبەخانی دایکی حسە ڕەشی خەیات

٢٢ ـ ڕابەی حەمە لاڵ

٢٣ ـ نەعەی حەمە لاڵ خوشك بوون

د ـ ئەو ئافرەتانەی شتیان لە قوڕە سوور دروست ئەکرد :

١ ـ فاتمە خانی عەمەر خان

٢ ـ فاتمەی حەمە دیلان

٣ ـ ئاغا ژنە کوێرە

٤ ـ فەیمەی مامەوڕەحمان

٥ ـ عاسمی ڕەشەی گەوهەر

٦ ـ ئایشێ ی غەفوور

٧ ـ بەهێ ی کەریمی سلێمان

٨ ـ ڕێحانی ئەحمەدی شوان

هـ ـ ئەو ئافرەتانەی دەم وچاویان هەڵگرتووەو سپیاویان دروست ئەکرد :

١ ـ عەیلەی ناتر ـ دەم وچاو هەڵگر

٢ ـ جەمیلەی ناتر ـ دەم وچاو هەڵگر

٣ ـ شەمسەی حەلاوی ئامەی لەلە ـ دەم چاوی هەڵگرتووەو سپیاوی دروست کردووە .

٤ ـ ئامە دەم خوار

٥ ـ مریەمی حەسەنەلی «١» ـ دەم وچاو هەڵگر

و ـ ئەو ئافرەتانەی لە تەعزێدا ئەیانلاوانەوە :

١ ـ رابەی حەمە لاڵ

٢ ـ نەعەی حەمە لاڵ

٣ ـ ئامەی سەفە

. . . .

«١» ئەم ئافرەتە زۆر ئازاو مەردو ئیشکەرو قسەخۆش بوو لە بەر باری بێکەسی و نەبوونیدا بەمەردیو گەلێك کاری وەك کڵاو فرۆشتن و شتی تری ئەکردو تاقە کوڕەکەی و خۆیی ئەژیاند، ئازایانەو بە سەربەرزی ئەچووە ناو پیاوانەوە .

«ع . م»

«گەڕەکی سەرشەقام و چوارباخ»

أ ـ مامانەکان:

١ ـ ڕەحمە خانی ژنی برایم دەروێش

٢ ـ ڕەحمەی ئەمینی کورتەك

٣ ـ دایە حەبە

٤ ـ عەیلەخان

٥ ـ پیرۆز خان

٦ ـ باجی ڕێحان

٧ ـ خا فاتمی حاجی مەنیج

٨ ـ باجی تەمین

٩ ـ پورە حەلاو

١٠ ـ دایە ڕەحمە

١١ ـ لەعلە خان

١٢ ـ حەبێی عەباس

١٣ ـ بەهێ خانی کاك جەلال

١٤ ـ زبەی مامان

١٥ ـ پیرۆزی شەربەت چی

١٦ ـ عەتێی خورشە

١٧ ـ دایە نەعە

١٨ ـ گوڵ جەمین

١٩ ـ نەنە زەعفەران

ب ـ حەکیم «پزیشکی میللی»:

١ ـ ڕەحمە خانی ژنی برایم دەروێش

٢ ـ سەلمە مێشوولە

٣ ـ باجی فەووم خوشکی عەلی شاملی

٤ ـ عاسەی کەڵەنتەر
٥ ـ ئایشێ سەرچیلکە
٦ ـ پوورە حەلاو
٧ ـ ئەجێی حاجی مستەفای مام ڕەگ
٨ ـ حەبێ شەلی ئەستێر
٩ ـ **خانم** خاس
١٠ **خورشی** خانی قالەی مەنێ

ح ـ سوعبەت چی‌یەکان «قسە خۆش» :

١ ـ باجی عەواشی سەروپێ
٢ ـ حەپسە خانی **دایکی** ملا گوروون
٣ ـ ئامە خانی نەزهەت ئەفەندی
٤ ـ حاجی فەووم
٥ ـ ڕێحانی ژنی خەلیفە عەبدولکەریم
٦ ـ ڕەعنای خدر
٧ ـ حەلاوی خاتونی فەتحووڵڵا سنەیی
٨ ـ ئامەی خولە سنەیی
٩ ـ ئامە خانی عەبە تەشیلە
١٠ ـ ئاتەخانی قالەی داود ژنی ڕەفیق چالاك
١١ ـ عاسەی وشکە وەرد
١٢ ـ دایە ئامەی ژنی حەمەومینی ئایشەخان
١٣ ـ بەهێی عەبۆش
١٤ ـ لەعلەی حەسەن
١٥ ـ حەنیفە خانی حاجی ڕەشیدی ڕێوی
١٦ ـ حەبە خانی مارف ئاغا
١٧ ـ ئامە خانی وەستا عەباس
١٨ ـ فاتمە خانی حاجی فەرەجی ئاسنگەر
١٩ ـ گوڵ جەمین

٢٠ ـ ئامەی ڕەشان

٢١ ـ ڕەحمەی ئەمین کورتەك
٢٢ ـ حەلاوە خانی ژنی عەبەی حاجی قەساب
٢٣ ـ ئایشێی ساڵحی خلە
٢٤ ـ سەلمەی مێشوولە
٢٥ ـ لەعلە خانی ژنی حاجی محەمەد
٢٦ ـ عاسمەخانی ژنی عەبە خورشەی خانچی
٢٧ ـ ئامە کوڕانی
٢٨ ـ مینا خانی دایکی سدیق عەبدوڵڵای پارێزەر

د ـ ئەو ئافرەتانەی شتیان لە قوڕە سوور دروست کردووە :ـ

١ ـ شەمسەخانی فەقێ فەرەج
٢ ـ فاتمە خانی حاجی فەتحوڵڵا

هـ ـ ئەو ئافرەتانەی دەم وچاویان هەڵگرتووەو سپیاویان دروست ئەگرد :ـ

١ ـ خورشە شەل ـ دەم و چاوی هەڵگرتووە
٢ ـ باجی خونچە
٣ ـ خەجێی حەمەی ئاشەوان
٤ ـ ئامەی قوربانی

و ـ ئەو ئافرەتانەی لە تەعزێدا ئەیان لاوانەوە :ـ

١ ـ ڕەعنای چنگ شین
٢ ـ حەلاوی ژنی قالەی داود
٣ ـ ئامەی ڕەشان
٤ ـ شەمەی ئەمین باڕۆیی

«گەڕەکی کانی ئاسکان»

أ ـ مامانەکان :ـ

١ ـ فاتمەی گلە دایکی ڕەفیقی گلە
٢ ـ شێخ ژن
٣ ـ گوڵەی عەزیز ئاغا
٤ ـ خا فاتمە
٥ ـ باجی ئامینەی دەروێش عەزیز
٦ ـ خاتوونی فەتحوڵڵا سنەیی
٧ ـ باجی حەپسە
٨ ـ پیرۆزخان
٩ ـ باجی کچیل
١٠ ـ خەجێ زلە
١١ ـ ئامینەی وەستا حسەینی دەلاك
١٢ ـ گوڵچینی سالەی ڕەنگان
١٣ ـ عاسەی مەلا رەزا

١٤ ـ باجی فاتم کونجرینی
١٥ ـ پور حەلیمی

ب ـ حەکیم «پزیشکی میللی» :ـ

١ ـ ئایشێ خان ژنی حاجی حەسەن دایکی مەلا سمایل
٢ ـ فاتمەی گلە
٣ ـ گوڵچینی قالەی ئاغاڵ دایکی سەعەشەل
٤ ـ پوورە حەپسە ژنی مام عەلی
٥ ـ حەلاوی ژنی عومەری بەکری میسری
٦ ـ گوڵچینی ئەحە تەنکە

٧ ـ باجی ناسکەی ژنی عارفی پینەچی
٨ ـ عەتی ی حاجی سەعەرەس
٩ ـ ئامەی عەلی کەبابچی
١٠ ـ باجی لەیلێ دایکی حەمەی شیرگەر
ح ـ سوعبەت چی یەکان «قسەخۆش» :ـ
١ ـ رەحە کانێسکانی
٢ ـ عاسە تاس بەسەر، خوشکی رەحە کانێسکانی
٣ ـ ئامەی بەرغەش
٤ ـ ئامەی دایەنەکە
٥ ـ رەعنای گورروون دایکی عومەری نەعمان
٦ ـ ئامەی ژنی مەجیدی حاجی رەسووڵ
٧ ـ حەبێ ی جەمەلە
٨ ـ خەجێ خانی ژنی حاجی محەمەدی خێلە
٩ ـ ئامەی شاسوار
١٠ ـ فاتمەخانی ژنی وەستا فەرەجی دەلاك
١١ ـ گوڵچینی ئەحە تەنکە
١٢ ـ خەجێ ی خلەتاشەوان
١٣ ـ خورشەی بەکر ماوزەر
١٤ ـ بەهێ زلەی ژنی حەمە نەخۆش
١٥ ـ باجی ئامان
١٦ ـ مینای خەنان دایکی مەلا رەئوف
١٧ ـ باجی شەمسەی دایکی رەئوف یەحیا
١٨ ـ گوڵەی عەبەدەلاك
١٩ ـ فاتۆلەی دەروێش فەرەج
٢٠ ـ باجی عاسمی خوشکی تۆفیقی گاکوژ
٢١ ـ باجی سەلمەی ژنی مام جەلیل

د ـ ئەو ئافرەتانەی شتیان لە قورِەسوور دروست کردووە :ـ

١ ـ رِەحەکانێسکانی

٢ ـ ئەجێی ژنی حەمەی دەباغچی

٣ ـ باجی رِەحمەی تەنوورکەر

٤ ـ حەمدیی هۆمەر

٥ ـ هندیی هۆمەر

هـ ـ ئەو ئافرەتانەی دەم وچاویان هەڵئەگرت و سپیاویان دروست ئەکرد:

١ ـ خانمی ژنی مەلا عەلی ـ دەم وچاو هەڵگر

٢ ـ رِەحمەی ژنی عەلی‌ی حەمەقیلە ـ دەم وچاو هەڵگر

٣ ـ باجی گوڵەی ژنی وەستامارفی بەنا ـ دەم وچاو هەڵگر

٤ـ **حەمدی خان** دەم وچاو هەڵگر

٥ ـ فاتەی دەم وچاوی هەلگر ـ دەم وچاو هەڵگر

٦ ـ ئامەی نەجمەدین ـ دەم وچاو هەڵگر

و ـ ئەو ئافرەتانەی لە تەعزێدا ئەیان لاوانەوە :

١ ـ دەروێش خورشەی بەکر ماوزەر

٢ ـ رِەحمەی مەلا فەرەج

٣ ـ حەلاوی شێخ عەول

* * *

«لە هەر گەڕەکەی شاژنێك»
«گەڕەکی مەڵکەندی»
«حەبەخانی قالە بازیانی»

حەبە خان پوری ئاغای قەرەنی‌یەو ژنی یەکەمی حاجی ئەمین مەڵکەندی بوو کە براگەورەی حاجی بارامە.

ئەم ئافرەتە وەك کوڕێکی ئازاو چالاك لە شەڕی جیهانی یەکەم «سەفەربەر»داو لە ساڵی بۆردومانەکە لەبەر ئەوەی ناوشار کوڕی کەم تیا مابوو وە تورکەکان مێردەکەشیان بردبوو بۆ عەسکەری، ناوشار ئاسایشی تیا نەمابوو وە دزو پیاو خراپ پەیدا بووبو، ئەم ئافرەتە شەو ئێشکی ماڵی خۆی‌و دراوسێ‌کانی ئەگرت بەتفەنگەوە هەتا بەیانی بە ڕۆژ بەسواری ئەسپەوەو تفەنگ بەشانەوە سەرپەرشتی زەرعاتەکەیانی ئەکردو بەسەرەوە ئەگەرا وە سوارچاکیش بوو، وە یارمەتی ژنانی گەڕەکی ئەداو ژنێکی ئاینیش بوو، لە ساڵی ١٩٣٤ زایینی‌دا لە تەمەنی دەوری چل وپێنج ساڵیدا بە نەخۆشی دڵ کۆچی دوایی کردووە.

ئەم ئافرەتە مناڵیشی نەبووە.

«گەڕەکی گۆیژە»
«ئامینەخانی سەی حەسەن»

حەزی لەهەژاران و دەست گیرویی داماوان تەرخان کردبوو وە هەموو کاتێك ئامۆژگاریی ئافرەتانی ئەکردو ڕێی چاکەی پیشان ئەدان و خاوەن سەرگورشتەو قسەی نەستەقیش بووە.

ئەم ئافرەتە لەگەڵ شێخ مەحمودی حەفید خاڵۆزاو پورزا بوون، لەبەرئەوەی ئافرەتێکی هەڵکەوتو بوو شێخ مەحموود هەرچەند بهاتایەوە ناو شار سەرێکی لێ ئەدا.

وه له خواپەرستی و ئاین پەروەریشدا وەك نەجمەدین مەلا لەسەری نوسیبوو بەبۆنەی کۆچی دوایی یەوە له رۆژنامەی ژین ژمارە (١٤٣٢) پێنج شەممە ١٩٥٩/٢/٢٦دا ئەڵێت رابعـەی عەدەویەی کوردوستان لەم هەفتەیەدا له تەمەنی حەفتاسالێدا کۆچی دوایی کرد خوا پایەی ئەو دنیای بڵندکا وه شوێنی بەهەشت بێ .

ئەم ئافرەتە سێ کچ و دوو کوڕی لەپاش بەجێ ماوە .

«گەرەکی دەرگەزێن»
«ئامینەخانی حاجی شێخ ئەوڕحمانی قەراخی»

له بنەماڵەی مەردۆخەیی ، ئامینە خان کچی شێخ ئەورەحمانی قەرەداخی باپیری زانا شێخ مارفی شێخ هۆمەرە کوێری شێخ عەبدولەتیفی گەورە بووە . ئەم زانایە کە هاتە سلێمانی میری بابان مزگەوتێکی بۆ دروست کرد کە بەناوبانگە بەمزگەوتی شێخ مارفی قەرەداخی وە بە مودەریس لەوێ دایناە ئەم مزگەوتە وەختی خۆی خانەقا بووە شوێنی تەریقـەتی نەقشـەبەندی بووە، دوای مردنی شێخ مارف شێخ عەبدورەحمانی باوکی مزگـەوتەکەی بردووە بەڕێوە، دوایی وازی لە دەرس ووتنەوە هێناوە بە (تەسەوف)ەوە خۆی خەریك کردووە، ئامینە خانیش پێ وشوێنی باوکی گرتووە، ئافرەتێکی خوێندەوار بووە قورئان و گەلێ شتی ئایینی خوێندووە، لە دوایی دا شووی کردووە بە حاجی شێخ مستەفا کە قازی ئەو سەردەمەی سلێمانی بووە .

دوای کۆچ کردنی باوکی و مێردەکـەی ماڵەکەی خۆی کردووە بە تەکیە بۆ ژنان بۆ دەرس ووتنەوەو ژنان هەموو کاتێك لەدەوری کۆئەبونەوەو ئامۆژگاری و رێنمایی چاکەی ئەکردن وە هەموو سێ شەممەو جومعانێك خەتم و تەهلیلەی بۆ ئەکردن .

ئەم ئافرەتـە هەمـوو کاتی خۆی لە رێی ئاین و رێنمایی کردنی ئافرەتاندا تەرخان کردبـوو، دوای ماوەیەك هاتەوە ماڵی باوك کە لە پشت مزگەوتەکەوە بووە، وە هەر بە هەمان رێبازدا رۆیشتووە تا دوا هەناسەی، وە زۆر یارمەتی هەژارو لێ قەوماوانی داوە بەتـایبـەتی ساڵی گرانی یەکـە، ئەم ئافرەتە تاقانە بووە، وە منالیشی نەبووە، لە ساڵی ١٩٣٨ز لە تەمەنی دەوری ٧٥ ساڵێدا کۆچی دوایی کردووە .

❊ ❊ ❊

«گەرەکی سەرشەقام»
«ئامینەخانی نەقیب»

لە بنەماڵەی سادات، ئامینە خان کچی سەید ئەحمەدی نەقیب و خوشکی سەید نوری نەقیبە، وە باپیرە گەوری شێخ حەسەنی گلەزەردەیە، ژنی شێخ ساڵحی قازی بووە کە برای شێخ ئەحمەد فائیزی بەرزنجی بووە ئەمانیش نەوی شێخ حەسەنی گلەزەردەن واتە خزمی خۆی بووە.

ئەم ئافرەتە بێجگە لە خواپەرستی و ئاین پەروەری ژنێکی بەدەسەلات و ئازاو خاوەن دیوەخـان و پیاو بووە لە سلێمانیدا ناوی دەرکـردبـوو، وە زۆر یارمـەتی هەژارو لێقەوماوانی داوە بەتایبەت ساڵی گرانی یەکەوە لە شەڕی جیهانی یەکەم (سەفەربەر)داو ساڵی بۆردومـانـەکـە لەبەرئەوەی ناوشار ئاسایشی تیا نەمابوو لەترسی دزو پیاوخراپ خۆی و پیاوەکانی شەوبە تەنگ ئێشکی کەرە کەکەیان ئەگرت وە جاروبار پیاو خراپی ئەگرت و بەندی ئەکردو سزای ئەدان، وە زۆر جار شێخ مەحموودی حەفید لەبەرئەوەی خزمایەتیان هەبووەو ژنێکی ئازا بوە سەری لێئەدا. ئەم ئافرەتە لە زەمانی چەپمەن ساڵی ١٩٢٥ز لەبەرئەوەی دژی ئینگلیزەکان ئەجولایەوە دوو ساڵ دووریان خستەوە بۆ دێی ئاڵیاوە بەردەمی دەربـەنـدی گلەزەردە. وەختێك شێخ مەحمـود پاش بۆودومـانەکە سلێمانی بەجێهێشت و چوو بۆ مەریوان ئەم ئافرەتە لەوکاتەی دوورخرابۆووەوە بۆئاڵیاوە لەوێوە لەگەڵ چوار چیاوی و ئافرەتێك خۆی ئەگەیەنێتە مەریوان بۆ سەردان بۆلای شێخ مەحموود. ئەم ئافرەتە منالی نەبوە، شێخ رەئوفی سەید نوری ئەڵێ: پوورم لە تەمەنی هەشتا ساڵیدا لە ساڵی ١٩٣٤ز کۆچی دوایی کردووە.

* * *

«گەڕەکی کانیئاسکان»

«حەپسەخانی نەقیب»

ئەی ئافـرەتـانی کوردستـان پێـویستـە هەمـوو ساڵێـك یادی حەپسـەخـانی نەقیب بکەنەوە.

لەبنـەمـاڵـەی شێخـان، وەك چۆن لە پیـاوا شێخ مارفی نۆدێو کاك ئەحمەدو شێخ مەحمـوودی قارەمـانی تیـا هەڵکـەوتـووە هەروەهـا لەئافرەتیشا حەپسەخانی نەقیبی هەبوە، کە نموونەی ئافرەتی دڵسۆزو کوردپەروەری کورد بوو.

حەپسـە خانی نەقیب کچی شێـخ مەعـروفی حەفیـدی کاك ئەحمەدی شێخە، لە شاریسلێمـانیلـەسـاڵی ۱۸۸۱ی زایینیدا لەدایکبووە. خوشکەزای شێخ عەلیی شێخ عارف وە شێخ قادر وە شێخ محەدی سەرکارە، وە ئامۆزای شێخ مەحموودی قارەمـانی نەمـرە وە خێـزانی شێـخ قادری حەفیـدە، بۆیەپێی ئەڵێن حەپسە خانی نەقیب چونکە باوکی کە شێخ مەعروفە (نەقیب) بووە. ئەم (نەقیبی) یەش لەلایەن حکـومـەتی عوسمـانییـەوە پێی بەخشـراوە بەوهـۆیـەوە کە نوێنـەری (سـادات ـ شێخان) بووە.

لە ۱۵ی نیسانی ۱۹۵۳دا بە نەخۆشی سەرەتان کۆچی دوایی کردووە. وە لە گردی سەیوان (گردۆڵکەی شێخ محەمەدە بچکۆلە) نێژراوە.

(ڕەوشتی)

حەپسە خان یەکێك بوو لەئافرەتە هەرە بەناوبانگەکانی کوردو ،بە سەرگەورەی ئافـرەتـانـی شاری سلێمـانی دائـەنـرا ئافـرەتێکی دڵ نەرمی ڕەوشت بەرزی زمـان شیـرینی دەروون پاك بوو، دیـوەخـانەکەی هەمیشەجمەی ئەهات، پڕبوو لە ژنانی سلێمانیو دەرەوەی. هەر ئافرەتێك تووشی کێشەو تەنگ وچەڵەمەیەك ببوایە لەڕووی نەبـوونیو زۆرلێکـراوییـەوە پەنـای ئەبردە بەر حەپسەخانو ئەویش وەك دایکێکی دڵسۆز بەپێی توانای یارمەتی ئەدا.

حەپسـەخـان سەرکـردەی ڕاستـەقینـەی ئافـرەتـان بوو لەڕووی کۆمـەڵایەتییەوە وە لەرووی کوردپەروەرییەوە، دەستێکی ئەوتۆ باڵای هەبووە کە هەمیشە نەك ئافرەتان بەڵکـو تێکـرا کورد پەروران شانـازییـان پێـوە ئەکـرد، وە هەروەهـا لەڕووی مرۆڤـایـەتیشـەوە نمـونەیەکی نایاب بوو. لەدیوەخانی حەپسەخانا لەباتی باسکردنی جلوبـەرگی ئاڵـوواڵای ژنـان و باسی ئەم و ئەو کردن هەمیشـە باسی خوێندەواریو ڕەوشت پاکیو کوردپەروەری بوو، دیوەخانەکەی قوتابخانەیەکی بەرزی کۆمەڵایەتی کورد بوو.

((تێکۆشانی))

١ ـ لە ساڵی ١٩٣٠ی زایینیدا حەپسەخان نامەیەکی دەربارەی مافی نەتەوایەتیی کورد نووسی بۆ (عصبة الأمم).

٢ ـ هەوڵێکی بێپایانی دا بۆ کردنەوەی قوتابخانەیەکی ژنان کەبە ئێواران ژنانی کورد لەو قوبخـانـەیـەدا بخـوێنن بۆ فێـربـوونی نووسین وخـوێندنەوە، حەپسەخان خۆشی بوو بە قوتابیی ئەو قوتابخانەیە کە یەکەم قوتابخانەی ژنان بوو لە مێژووی کورددا.

٣ ـ خانوویەکی خۆیبەخشی بە زانیاری کە بکرێ بە قوتابخانە وە ئەم خانووەی لەسەر زانیاری تاپۆ کرد.

٤ ـ کاتێ کە کۆماری کوردستان دامەزرا حەپسەخان بە هەموو جۆرێك بەهەموو توانایەکی یەوە کەوتە یارمەتی‌دانی ئەو کۆمارە پیرۆزەی کورد بەرامبەر بەمە پێشەوای نەمری کورد قازی محەمەد سوپاسنامەیەکی گەرم وگوڕی بۆ نارد.

یارمەتی‌دانی هەژار

ئەم ئافرەتە دڵسۆزەی کورد بە هەموو جۆرێك یارمەتی هەژاران و لێ‌قەوماوانی ئەدا، ئەگەرچی بێ‌گومان هەژاری وەك دەردێکی کۆمەڵایەتی نە بەو چارئەکراو نە بە کەسی‌تر تا لەبنەڕەتەوە چارنەکرێ بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو بەخشینەی حەپسەخان بەڵگە بوو بۆ دڵ نەرمی ئەو دایکە دڵسۆزەو یارمەتی‌یەك بوو کە گەڵێك لێ‌قەوماوی لە تەنگ و چەڵەمە ڕزگار ئەکرد.

«چەند دێڕێك»

ـ حەپسەخان تەنیا کوڕێکی بووە کە ناوی «شامل» بووە بەڵام ئەوکوڕەش لە تەمەنی یەك ساڵاناکۆچی‌دوایی‌کردوە لەم کوڕە زیاتر نە کچی بووەو نە کوڕ.

ـ کاتێ کە شێخ مەحموود لە دەربەندی بازیان لەلایەن لەشکری ئینگلیزەوە بەدیل گیرا حەپسەخان لەگەڵ زوربەی شێخانا چووبۆکوردستانی ئێران لەم هەڵاتنەدا حەپسەخان دەردی نەبوونی‌و برسێتی‌و ئەرکی ڕێگەی زۆر چەشت.

ـ دەستە دەستە لە پارچەکانی‌تری کوردستانەوە، وە لە ئەوروپاوە ژن و پیاو ئەهاتن بۆ سەردانی حەپسەخان، وە هەمیشەماڵەکەی پڕبووە لەو میوانانەی کە لە دەرەوەی سلێمانی‌و کوردستانی عێراقەوە هاتوون، وە میوان داری‌یەکی کوردانە کراون.

ـ مامۆستا شاکیر فەتاح لە نامیلکەیەکا (ئافرەتی کورد) نووسیوەتی کە: چەند حەپسێکی عەرەب (لە خەڵکی بەسرا) لە زیندانی سلێمانی ئەبن داوای یارمەتی لە حەپسەخان ئەکەن، ئەویش خوی ئاسایی یارمەتی‌یەکی باشیان ئەدا وە ئەم

نامەیەشیان بۆ ئەنووسێ:-

« تا لە سلێمـــانی دان وابـزانن میـوانی پووری خۆتـانن ئەمـەی ناردوومـە شتێکی دەم ودەستە بم بەخشن لە کەم وکوڕی بەڵام بۆ لەمەوداو هەرچی یارمەتی‌یەك کوڕ لە دایکی خۆی داوا ئەکات لە منی داوا بکەن تا بە دیداری دایکتان شاد ئەبنەوە من لە جێگەی دایکتانم».

سەرچاوە:- ڕۆژی نوێ ژمارە - ١ - مارتی ساڵی ١٩٦١

* * *

«گەڕەکی گاوران»

مامانەکان

١ - ئیلیشوای پەترۆس

٢ - ئەسوما داود

٣ - نەعیمە داود

٤ - خاتوونەی پەترۆس

حەکیم (پزیشکی میللی)

١ - ئامینە نەنکی پەترۆس ئەسکەندەر

٢ - کاترینا ئیلیا

٣ - وەردە ئیلیا

٤ - وارینە شینا

٥ - ئیلیشوای پەترۆس

٦ - حەنیفەی ژنی موسی عەمران (دایکی نیسان)

٧ - جەمیلەی ژنی مەتی ئەڵاوێردی

«قسەخۆش و سوعبەت چی»

١ ـ دایە نەجیبەی ژنی خواجە ڕەزوق
٢ ـ هەنیسەی ژنی ئەلاوێردی
٣ ـ حەسینەی دایکی بەهجەتی حەسینە
٤ ـ بەهی‌یەی ژنی نیسانی موسی
٥ ـ مەلیحەی ژنی مەرقۆسی ئەلاوێردی

تێبینی :ـ

أ ـ ئەو ئافرەتانەی کە شارەزایی‌یان بووە لە مامانیدا هەر وەکو پیاوە جەراحەکان پشتاوپشت بۆیان ماوەتەوە لە نەنك و دایکیانەوە فێری بوون هەر لەخۆیانەوە نەچوونەتە ناو کارەکەیانەوە بەشێوەی ڕەسمی ڕێیان پێدراوە، وەك لەو بەڵگەنامەیەدا ئەیبینین

ب ـ ئەو ژنان کەرانە هەموو دروسی‌و خەڵکی ئەو گەڕەکە بوون ئاشناو خۆشەویستی ئەو ماڵانە بوون، بە چەشنێکی دایکانە سەیریان ئەکردن، بەئارەقی ناوچەوان لەپاڵ پیاوەکانیان منداڵەکانیان بەخێو ئەکردن.

ج ـ ئەو ئافرەتانەی لە تەعزێدا ئەیان لاوانەوەو دەنگیان خۆش بووە بەتواناو لێهاتوو بوون، زۆربەی بێ‌پارە بووە، هە لەبەر سۆزی خۆشەویستی و کەسایەتی و دراوسێ‌یەتی بووە.

❊ ❊ ❊

دائره ٔ رئاست صحه ی لوای سلیمانی

ژماره ٥ /

روزی ٢١/١/١٩٣٣

Rois Baladiya

وارده ٤٨

بو سعادتماٰب متصرف لوای سلیمانی

ڕیست بدیه سبطه له بابت رخصت نامه ٔ مامانه کان

ام مامانانه که ناویان له خواره وه عرض وبیان کراوه سالی بارله م دائره یه مستعلن وام سال لا ـ بوکه بو تجدیدی رخصت نامه یان مراجعت بکه ن به م دائره یه حال وایه حتا ایستا مراجعتیان نکردوه • بناء علیه رجا اکه م به واسطه ی دائره ٔ بلدیه وه امر بفرمون تحقیق بفرمون لیان سوال بکریت اگر طالبن که ام سالیش دوام بکه ن به سرمهنتی خویان لازمه مراجعت بکه ن بو دائره مان بو تجدیدی اجازه یان واگر طالب نین بو ایشکردن بیویسته ئه و اجازه نامه یه که له ی خویان محفوظه بو دائره مان تسلیم واعاده بکه ن وداتربه عدم اشتغالیان بدیان بده ن به دائره مان که ایتر ایش یعنی مامانی ناکان • ایتر حرمت •

رئیس صحه ی لوای سلیمانی

صورتیکی بو ـ مودیری صحه ی عامی بغداد ـ بو حصولی معلومات •

ناوی مامان	ژماره ٔ اجازه ی متقة
رحمه کچی کریم	٥٢٣
اسومه کچی دایر	٥٢١
خدیجه کچی ملا محمد	٥١٩
حلاو بنت عثمان	٥١٧
زینب کچی احمد	٥١٥
حبیبة کچی مصطفی بك	٥١٣
خاتون کچی محمد	٥٠٥
کناز کچی عزیز	٥٤١
عائشه کچی امین	٥٤٣
رحمه کچی اوسطه کسرو	٥٣٨
رحمه کچی حمه رشید	٥٣٦
حبیبه کچی فتاح قهوه چی	٥٢٥
امینة کچی عزیز	٥٢٢
فاطم کچی ابراهیم	٥٢١
فاطم کچی احمد	٥٢٦
فاطم بنت علی	٥٢٥
فیروزه کچی سیتلی	٥٠٤
رحمه کچی اوسطاٰ اورحمان	٨٦٩

● ئافرەتێ لە کاتی نان کردنەوەدا

● حەلاوە خانی ژنی حاجی ساڵحی قاسم

● ئامه خانی ژنی نەزهەت ئەفەندی

١٩٠٠ - ١٩٦٠

● ئامینه خانی سەید حەسەن

١٨٨٩ - ١٩٥٩

● حەپسەخانی نەقیب ١٨٨١ - ١٩٥٣

● وینەی کچە کوردی،

دەستکردی هونەرمەند جەمال بەختیار

● بوکێکی کوردەواری

● مەسعودە خان ساڵی ١٩٣٨ بە بوکی ژنی شێخ جەلالی شێخ رەشید

● سەلمەخانی شێخ محەمەد سەکار

● ئافتاوخانی قەفتان ١٩١٢ - ١٩٨٢

● حەبەخان دایکی حسە ڕەشی خەیات
١٨٩٥ - ١٩٧٩

● فاتمەخان خێزانی وەستا فەرەجی
دەلاك سالی ١٩٦٥ کۆچی دوایی کردووە

● عاسمه خانی حاجی
حەسەنەفەندی ١٨٩٠ - ١٩٧٢

● چەپسە خان ژنی
جەمیل سائیب.

● پورە حەپسە ژنی مام عەلێ

● وێنەی ئافرەتێ کە تەنوور لە قورەسوور درووست ئەکات

● له علەخانی سالحی ئامان

● وێنەی کوپەو گۆزە کە ژنان درووستیان ئەکرد

● بەدریە خانی ژنی سوفی کەریمی سەراج ١٩٠١ - ١٩٨٧

فۆلکلۆری لەبەرکردن و ڕازاندنەوە

(پیاوانە)

١ ـ کەوا: لە قوماشی تاقەی کوجەرات، شیرداخ، شەعری سپی و نەباتی و، سادە دروست ئەکرا.

٢ ـ سەڵتە : لەچۆغەو فاسۆنی ڕەش و شین دروست ئەکرا.

٣ ـ ڕانك و چۆغە.

٤ ـ شەڕواڵ و ستارخانی.

٥ ـ شەڕواڵ و مرادخانی : بێناو وە ناودار (لۆکەدار).

٦ ـ کڵاو : گرێچن لە ئاوریشم و، دەزووی سپی ئەچنرا لەسەر ئەو قوماشەی ئەکرا بە کەوای ژنان.

٧ ـ سەروپێچ : ـ (مشکی، چەفتە، جامانە).

٨ ـ پشتێن: شوڵگە لەسەر کەوا ئەبەسترا، لە شاڵی ئێرانی و ، جەلسەی یابانی دروست ئەکرا.

٩ ـ کراسی فەقێیانەدار لە بلووری.

١٠ ـ فەقێیانە لە بلووری و کرێشە.

١١ ـ سووخمە لە قوماشی کەوا.

١٢ ـ کورتەك : ـ ناودار بوو، لۆکەی تێئەخرا لە شێوەی چۆغە تا سەرئەژنۆ لە سەر کراسەوە لەبەرئەکرا.

١٣ ـ دەرپێی درێژ لە بلووریو لە خام.
١٤ ـ دەمەرقۆپان: شەڕواڵ لە ناوماڵ و لە ژێر کەوادا لەبەرئەکرا لە زستانا.
١٥ ـ پەستەك .
١٦ ـ فەرەنجی.
١٧ ـ کسلێتە لە خوری.
١٨ ـ گۆرەویی خوری : پوزەوانە تا سەر ئەژنۆ، میرزایی تا خوار ئەژنۆ.
١٩ ـ کەوش:ـ سوورو ڕەش.
٢٠ ـ کلاش:ـ هەوارمان، دۆمی ، کەتان.
٢١ ـ لاپچین: وەکو پووتی پیاوانەی ئێستا وابووە (لە چەرم) دروست کراوە پێشیان ئەووت (یارم پۆتین).
٢٢ ـ کاڵەو پێ‌تاو:ـ (پێستی سەری گا کون ئەکریۆ ئەکرێتە قاچ وە بە بەنی موویین ئەبەستریۆ) ئەمە بەزۆری لە زستانا بەکارهاتووە بۆ ڕاو.
٢٣ ـ عەبای‌شان سورمە:ـ ئەم جۆرە قوماشە لە ڕووسیاوە ئەهات وە ئەم قوماشە هەمەڕەنگ بوو وە کەم خەیات ئەیتوانی ئەم قوماشە بکات بە عەبا وە ئەم جۆرە عەبایە هەر پیاوی ماقوڵ و بەتەمەن ئەیدا بەشانیا وە سەرشان و بەرۆکەکەی بەسیم ئەچنرا وە هەر لەناو شاریشدا بەکارئەهات.

* * *

فۆلکلۆری لەبەرکردن و ڕازاندنەوە

(ژنانە)

١ ـ کەوا :ـ ناودارو بێ‌ناو لە گوروونی گوڵ باتمان، گوڵ وەقە، گوڵ بە سورمەی تاقە، قەنەوس ، شەعری گوڵ دار دروست ئەکرا.

٢ ـ کراس :ـ لە جامانە، کرێشە، قەنوس، گورونی، خامەك (مۆر، سەوز، سوور، پەمەیی، بەنەوشەیی).

٣ ـ سووخمە :ـ قۆڵدارو بێ‌قۆڵ لە قوماشی کەواو کراس.

٤ ـ دەسماڵ :ـ لە جامانە.

٥ ـ ئاوەڵ کراس = دەربێ : ـ لە بلووریو قوماشی کەوا.

٦ ـ سەڵتەی سوورمە: بەدەست ئەچنرا لە سەر قەدیفەی ڕەش وە شین.

٧ ـ کۆڵوانە : لە مشکیو چەفتەی مەلیکیو پووشین.

٨ ـ سەرپۆش: لە کرێشە، کچان بۆ لەچکیش بەکاریان ئەهێنا.

٩ ـ فێست = کڵاو .

١٠ ـ سەروپێچ: ئەمانەی بۆ بەکارئەهات :ـ

سرکەیی، مشکی، چەفتە، عەلیخانی.

١١ ـ چەکمە :ـ لە پێ ئەکرا:

سووربۆکچان، زەردبۆ پیرەژن.

١٢ ـ کەوش : أ ـ پلکەدار.

ب ـ زەهاوی (ڕەنگاوڕەنگ).

١٣ ـ پانی بەرز.

١٤ ـ قاپ قاپ.

١٥ ـ چارشیــو : ـ لە عەبــا پانتــرو درێــژتــر بوو لە قومــاشی نــەنــەوزو سورمــە دروست ئەکرا .

١٦ ـ جووت عەبا :ـ بریتی بووە لە دوو عەبا، یەکەمیان لەژێرەوە لەبەرئەکرا لە قەنەوزی شین هەتا سەرشان قۆڵیان تیٚ هەڵئە کێشاو دووەمیان لە قوماشی چەفتەو سورمە هەر لە شیوەی عەبا بەسەر ئەوی ترا لەبەر ئەکرا.

١٧ ـ پەچە : ـ لەقوماشی ڕەش بەتایبەتی لەجورجێت ئەدرا بەسەر دەم وچاودا.

ئارایشت :ـ ژنان و کچان بەم شتانەی خوارەوە خۆیان جوان ئەکرد و ئەڕازاندەوە :ـ

خەنە، وسمە، سووراو، سپیاو، دیمەشۆرە، سابوونی سەرکەف، گڵەسەر، کل و کلتــوور، گولاو، ، پرچ هۆنینــەوە، ملوانکــەی بۆن و بەرامــەدار (حــەت حەتۆکە، سمڵ، مێخەك، گوڵەباخ، دەنکەشیلان)، لەگەڵ شتنی سەر بە هێلکە.

مت ومــوورروو:ـ شەوە، شیــلان، بەرمــوور، بەردی خاڵ خالاوی، یەشــم، موورووی کــارەبــا، زەردوویی، گۆ، کووژەکــە، زەنگیــانــەو پولــەکە (بۆ ژێرچەنە، بەرچــاوگــە، پشتێنی ڕازانــەوەی کراس ، فەقیــانــە، دەستمــاڵ، کراس، پاوانــە بەکارئەهێنرێ)، یاقووت، پیرۆزە، نقێم، بازن.

تێبینی :ـ ئەم موورروانــە زۆری لەدەرەوە هێــزاون بەلام چۆنیــەتی بەکــارهێنــان و ڕازاندنەوەیان فۆلوکلۆری و ئارایشت و ڕازاندنەوەیە لە کوردوستاندا.

ئاڵتوون و زیو

١ ـ لاگیره
٢ ـ لوله‌و زنجیر
٣ ـ سه‌رپه‌رچه‌م
٤ ـ گۆبه‌رۆك
٥ ـ عاشق به‌ند
٦ ـ پشتێن
٧ ـ بازن
٨ ـ دووگمه‌و دۆلاب
٩ ـ كرمه‌ك
١٠ ـ گه‌ردانه
١١ ـ په‌روانه
١٢ ـ مێخه‌ك به‌ند
١٣ ـ ته‌زبیح
١٤ ـ حه‌بالی
١٥ ـ ژێرچه‌نه
١٦ ـ كلاوی ئاڵتوون
١٧ ـ [illegible]
١٨ ـ پاوانه
١٩ ـ كه‌شكۆل
٢٠ ـ مله شیلان
٢١ ـ لووته‌وانه (غه‌زێم)
٢٢ ـ ساج لغ
٢٣ ـ گواره
٢٤ ـ مستیله
٢٥ ـ هه‌یاسه
٢٦ ـ كه‌مه‌ره
٢٧ ـ لوله
٢٨ ـ بازی به‌نگ
٢٩ ـ ئه‌ڵقه‌و قولاپ
٣٠ ـ گوێ ده‌ست
٣١ ـ پشته سه‌ر
٣٢ ـ قاب قورئان
٣٣ ـ ده‌رزیله
٣٤ ـ كلاوزه‌ڕ

زەڕەنگەرەکان :

١ ـ ڕوفائیل :ـ زەڕەنگەر بوو لەگەڵ باوکیدا ئیشی ئەکرد ئەڵێن ئەم پیاوە بە خواردنی پارووییەك هێلکە مردووە.

٢ ـ نوری سیمانە

٣ ـ شیلان عەبەدیا

٤ ـ عەبدوڵلای مام ڕمیا

زیوگەرەکان :

١ ـ عەبە دیا

٢ ـ ئیبراهیم ئەوسوو

٣ ـ بلە جوو.

٤ ـ عەبدوڵلای مام خدر

سەرچاوە :ـ لە کتێبی (سەرنجێك لە دەروازەی فوڵکلۆری کوردەوە) لەگەڵ هەندێ خەیات و ژنی شارەزا.

❊ ❊ ❊

(هەندێ نەریتی کۆنی کوردەواری لە سلێمانی)

لە جیهانی زانستدا «ئەتنۆگرافیا»، ئەوزانستەی کە باس لە ڕەسم وعادەت و خووڕەوشتی خەڵك ئەکات، لەلایەکەوە دەبێت بە بەشێك لە «ئەنترۆپۆلوژیا» کە زانستی ناسینی ڕەگەزی ئادەمیزادەو لەلایەکی ترەوە لەگەڵ فۆلکلۆردا تێکەڵ دەبێت، یا بلێین سوود لە فۆلکلۆردەبینرێ بۆ ساغکردنەوەی لێکۆڵینەوەی ئەتنۆگرافی و ئەنترۆپۆلۆژی.

جیهانی ئەتنۆگرافی کوردەواری زۆر ڕەگەزی کۆنی تێدایەو دیمەنێکی گشتیی ئیسلامی خۆی بەسەرردا کێشاوەو هەندێ شتی تایبەتیی کورد خۆیو هەر ناوچەیەش لەم ناوەدا خۆی دەنوێنێ.

ئەم کەرەسانەی نووسەر کۆیکردوونەتەوە، بەشێکیان بۆ زانا ئەنترۆپۆلۆژیەکان و هەندێکیان بۆ داچەسپاندنی ڕێ و شوێنی ئەتنۆگرافی ئەم ناوچەیە دەبنە کەرەسەی لێکۆڵینەوەو دۆزینەوەی هەموو هاوکێشە گشتیو تایبەتییەکانی ئەم بابەتە لە مێژوو و زانستدا.

بۆ فۆلکلۆریش وەك دەزانین فۆلکلۆر لای زۆربەی ئەوانەی لە جیهاندا لێی کۆڵیونەتەوە کردوویانە بە دوو بەشەوە:-

یەکەم: فۆلکلۆری دەستی

دووەم: فۆلکلۆری دەمی

نووسەر کە کەرەسەی سەر بە شاری سلێمانی کۆکردۆتەوە لە بەشی یەکەمی ئەم فۆلکۆرەدا بەدرێژی بابەتێکی جوان و خاوی داوە بەدەستەوە کە دەبێتە بناغەی لێکۆڵینەوەو نامەیەکی باش لەم بارەیەوە بۆ بەشی دووەمیش تەنیا چەند لایەنێکی گرتووە کە لە شوێنی خۆیدا چەند ووشەی دەربارە دەنووسین.

(ع.م.ر)

«هەندێ نەریتی کۆنی کوردەواری لە سلێمانی»

(١) لە ژن هێنانا:

هەڵ بژاردنی ئافرەت: ئافرەتێك کە کەسێکی کوڕەکە بێت ئەچێ کچێك ئەدۆزێتەوە وە نیشانەی ئەکا بۆ داواکردن ئەمە بەزۆری لە شارەکانا.

خوازبێنیو شیرینی خواردنەوە: کۆمەڵێ ئافرەتی سەربە زاوا ئەچن بە نهێنی هەموو مەرجێکی خوازبێنی ئەبڕیننەوە، دوای ئەوە بە ئاشکرا کۆمەڵێ پیاوانی سەر بە زاوا ئەچن بۆ داوا کردن و دەست ماچ کردن دوای ئەوە شیرینی ئەخورێتەوە.

چۆنیەتی گوێزانەوە:

جل بڕین : بازرگانێك بە کۆمەڵێ کوتاڵەوە ئەنێررێتە ماڵی بووك وە بە ئارەزووی خۆیان بەرگی بووك هەڵ ئەگرن وە ئەدرێتە دەست ئەو بەرگ درووەی کە لەوێدا ئامادە ئەبێ بەڵام لە لادێ ماڵی بووك و زاوا دێن بۆ جل هەڵگرتن.

خەنەبەندان: ماڵی بووك هەموو دەستە خوشکانی بووك بانگ ئەکەن و لەگەڵ ئافرەتە نوێنەرەکانی ماڵی زاوا بەگۆرانییەوە دەست وپێی بووکەکەیان لە خەنە ئەگرن.

حەمام: کۆمەڵێك ئافرەتی سەر بە زاواو بووك بووکەکە ئەبەن بۆ حەمام بە گۆرانیو چەپڵە ڕیزانەوەو چاوەڕێی ئەکەن هەتا ئەشۆرێت و هەر بەو چەشنە ئەیبەنەوە بۆ ماڵی بووك.

گواستنەوە: پیاوو ئافرەتی سەر بە زاواو بووك، بووك بە چەپڵەڕێزان و گۆرانی ووتنەوە ووردە ووردە ئەبەن بۆ ماڵی زاواو، وا باوە کە ئاوێنەیەك و سینیەك کە مۆمی لەسەر بێ لەپێش بووکەکەوە هەڵ ئەگیرێ، زۆر جاریش ئەگەر ماڵی زاوا دوور بێ بووك سواری ئەسپ ئەکرێو پیاوان و ئافرەتانیش بە سواریو بە پێ ئەڕۆن لەگەڵیا بە تەراتێن و ڕمبازی بووکیان ئەبەن لەدوای نان خواردن لە هەردوو ماڵ.

گەیشتنی بووك : کە بووك ئەگاتە ماڵی زاوا، زاوا بە قامیشێکی ڕەنگاورەنگ و گوڵینەوە لە سەربان لەسەر دەرگای چونە ژوورەوەو لەگەڵ برا زاوا چاوەڕێی ئەکەن تا بووك ئەگات وە بەو قامیشە زاوا چەند جارێك ئەیکێشێ بە سەری بووکا گوایە بۆئەوەی سامی خۆی بنوێنێ بەسەریا وە لەوکاتەدا نوقوڵ بارانی بووك ئەکرێ.

زەماوەنـد: پێش گواستـەوەی بووك چەنـد ڕۆژێـك شایی و هەڵپـەڕکێ ئەکـرێ لە شوێنێکی تەختا، سا لە ماڵ بێ یان شوێنێکی‌تر. وە ئەم شایی‌یە بەردەوام ئەبێ تا ئێوارەی ئەوڕۆژەی بووکی تیا ئەهێنرێ کە کوڕەکە ئەبێ بە زاوا دێتەدەرێ، چەند تەقەیەك ئەکرێ بە دەمانچە یان تفەنگ بۆ نیشانەی ئاگادار کردن.

باوە خوون کردنـەوە: لەپـاش چەنـد ڕۆژێـك بەسـەر هێنـانی بووکـا، ماڵی بووك زیافەت ئەکەن بۆ ماڵی کەس وکاری زاوا بووك و زاواش ئامادە ئەبن، ئامانجیش لەمە ئەوەیە کە ئەو دوو خێزانە یەکتر بناسن بەم چەشنە کەس وکاری دووخێزان یەك لەدوای یەك ئەم زیافەتە ئەکەن وە لە زیافەتی یەکەمدا بووکێ بۆ چەند شەوێ لە ماڵی باوکی ئەمێنێتەوە تا زاوا ئەچێتەوە بەشوێنیا.

هێندێ شتی‌تر کە پێوەندی بە ژن هێنانەوەیە:

پاش تێلانە: ئەو دیاری‌یانەیە کە ئەیهێنن بۆ بووك لەپاش سێ ڕۆژ تێپەڕین بەسەر هاتنیا ئەمیش بریتی‌یە بە زێڕ، زیو، مشکی.. هتد.

برازاوا: زاوا پیاوێك هەڵئەبژێرێ لە دڵسۆزانی خۆی بۆئەوەی پشتێنی بووك ببەستێ لەپێش هێنانیا بۆ ماڵی زاوا، وە سەر پەرشتی‌ی زاوا ئەکا.

ڕێگەگـرتن بە بووك: کە بووك ئەبـرێ هێنـدێـك جار چایچی کورسی دائـەنێ وە ڕێگەیان لێ ئەگرێ تا بەخشیشیان نەدەنێ ڕێگەکەی بەرنادا، هەروەها کەسانی تریش ئەم کردەوەیە ئەکەن.

(٢) هەڵپەڕکێ:

هەڵپەڕکێ هونەرێکی جوانی کوردانەیە کە خۆشی پیشان ئەدا. زۆر جار ئەبێ بە ڕەش بەڵـەك، واتـا ژن و پیـاوپـێـکـەوە دەسـتـیـان ئەگـرن و هەڵ پەڕن ئەم هەڵپـەڕکێیـانـەیش لە هێنـدێـك بۆنـەدا بەکـارئـەهێنرێ، وەك ژن هێنان، ناوڕان، دروێنە، سەیران، خەتەنە سووران .. هتد.

پێخەسوو: (بەربووك) ئەو ژنە سەرەیە کە لەگەڵ بووکا ئەڕوات بۆ ماڵی زاواو

هەمـوو جۆرە ئامـۆژگـاری‌یـەکی ئەکـات ، دواییش ڕوو سووری‌یەکەی ئەباتەوە بۆ ماڵی بووك.

پۆیلانە : ئەو پارەیەیە کە ئەخرێتە پێلاوی بووکەکەوە لە ماڵی خۆیان وە پێ‌خەسوو لە ماڵی زاوا هەڵی‌ئەگرێ بۆ خۆی.

خەلاتی بووك: لەلایەن دایکەوە خەلاتێك پێشکەش بووك ئەکرێ لەکاتی باوەخون کردنەوەدا.

(٣) منداڵ بوون:

شەوارە: دوای بوونی مناڵەکە ئاهەنگ ئەگێرێ‌و شەوچەرە ئەخورێ‌و یاری‌و پێکەنین درێژە ئەکێشێ شەو هەتا بەیانی ماوەی چەند شەوێك.

ناوکەبرانە : ئەو دیاری‌یانەن کە ئەهێنرێت بەبۆنەی پیرۆزباییەوە.

پۆیلانە: ئەو دیاری‌یانەن کە خزمی مناڵەکە ئەیهێنن.

حەوتە حەمام: پاش حەوت ڕۆژ زەیستانەکە ئەبرێتە حەمام و ئەشۆرێ‌و کە دێتەوە لەگەڵ هاوڕێکانیا لە ماڵی زەیستانەکە نان ئەخۆن،

وە بۆ ئەمەیش خەڵکی بانگ ئەکرێ بۆ خۆشتن.

ناونـان: پاش حەوت ڕۆژ مەلایـەك و چەنـد هاوڕێیـەك لەلایـەن باوکی منـاڵەکەوە بانگ ئەکرێ‌و ناوی مناڵەکەیان ئەنێن و بانگی بەگوێدا ئەدەن.

چلەشـۆر: لەپـاش تێپـەڕ بوونی چل ڕۆژ بەسـەر بوونی منـاڵـەکـەدا دایـك دیسان ئەچێتەوە بۆ حەمام.

(٤) مردوو مردن : بە شێوەیەکی تایبەتی مردوو ئەبرێ بۆ گۆڕستان وە لە هێندێ شوێنا ئێستا بە دەهۆڵ و زوڕنا ئەبرێ وە ئاوازی چەمەری بۆ لێ‌ئەدرێ.

پرسـه: ئەو ماوەیــەیـە کە پاش مردوو پیـاوان و ژنـان دائـەنیشن و خەڵـك دێن بۆ سەرخۆشی کردنیان، وە لە هێندێ شوێنا خواردن لە ماڵە پرسە دروست ئەکرێ‌و لە هێندێ شوێنا لە ماڵانەوە خواردن ئەچێ بۆ ماڵە پرسە.

پرسەشکاندن: دوای ماوەیەك کە بەزۆری ساڵێکە پرسە ئەشکێنرێ، وە لە پرسەدا بەزۆری جلی ڕەش یان شین لەلایەن کەس وکاری مردووەکەوە ئەپۆشرێ، وە ئەو ماوەیە ئافرەتان لە ماڵ ناچنە دەرەوە بۆ گەڕان یان سەیران. وە هەموو شێوەیەکی ماتەمینی لە ماڵا وەرئەگرن.

نان دروست کردن بۆ کۆست کەوتــووان: ماوەی سێ ڕۆژ کەس وکــاری مردوو لە ماڵانەوە نانیان بۆ دێت.

شیــوەن: ئافــرەتێــك بە ئاوازو هۆنــراوەو لە شێـوەی هۆنــراوەودا بەسۆزەوە مردووکەی ئەلاوێنیتەوەو پرسەکەران ئەگرین و لە خۆیان ئەدەن وە بۆی ئەسێننەوە.

گەرمەگۆڕ: ئەو خواردنەیە کە لەلایەن کەس وکاری مردووەوە ئەهێنرێت وە لەکاتی ناشتنی مردووەکەدا لەسەر گۆڕ ئەخورێت.

سێڕۆژگــانــە: لەپــاش تێپــەڕبــوونی سێ ڕۆژ بەســەر ناشتنی مردووەکــەدا خواردن لەلایەن خاوەن پرسەوە ئەبەخشرێتەوە.

حەوتم: یەکێــك کە حەوت منــاڵی نابــاڵغیی مردبێت قۆچێکی بۆ سەرئــەبــڕێت بەهیوای ئەوە کە هەر حەوت دەرگای بەهەشتی بۆ بکرێتەوە.

(٥) خۆتێوەشــانــدن: لە هەر ماڵێــك تەنــوور دابخــرایــە بۆ نان کردن پاش ئەوەی نانــەکــە تەواوئــەبــوو لە گەڕەکــەکــەدا ئەچــوون جلەکــانیــان ئەبرد بۆسەر تەنوورەکە تێیــان ئەوەشــان، ئینجــا چی ئــەسپێ لەو جلانــەدا بووایە ئەکەوتە تەنوورەکە وە ئیتر ئەوشەوە تێر ئەخەوتن.

(٦)تەبەقە ترانە : وەکو باسمان کرد لە زۆر شوێنی تر لە گەڕەکەکاندا کۆئەبونەوە لە ماڵێك وە دەستیان ئەکرد بە یاریکردن وە پێکەنین بە ڕێکەوت ئەگەر یەکێك ترێکی بکەندایە یەکسەر هاواریان ئەکرد ئەرێ وەڵڵا تەبەقە ترانەکەی کەوتە سەر، ئینجا خاوەن تڕەکــە ئەبــوایــە شتێکی بکــڕییــایــە بۆ ئەوکــەسانەی کە گوێیان لە تڕەکەبوە بۆئەوەی لای کەسیتر باسی نەکەن ئەمە بووە تەبەقەترانە.

(٧) گوێــزەبــانــە: هەر ماڵێــك کوڕیــان ببــووایــە شەوێکیــان بۆ تەرخــان ئەکــرد ئاهــەنگێکیــان بۆ ئەکــرد ئەو شەوە زۆربــە خۆشی ڕایــان ئەبــوارد تا درەنگ، پاشان تووره‌که‌یه‌کی گەورەیان ئەهێنا پڕبوو لە مێوژ و گوێزو بادام و باسووق و نۆك و ناوکە

شوتی و دەنگ کولەکەو زۆر شتی تر لەگەڵ نوقوڵ تێکەڵ ئەکرا، ئینجا هەریەکە شتێکی لەو توورەکەیە ئەکرایە دەستیەوە بەمە ئەووترا گوێزەبانە.

(٨) حەمام قۆرغ کردن: لە سەردەمی پیشوودا زوربەی ماڵەکان حەمامیان لە ماڵدا نەبووە هەندێ ماڵ شوێنێکی تایبەتی‌ی هەبووە پێیان ووتووە (سەر شۆرك) مەنجەڵە ئاویان گەرم کردووە خۆیان تیا شتووە، بەڵام هەندێ خێزان کە توانایان هەبووە توانیویانە حەمامی دەرەوە بگرن بەتایبەتی بۆ خێزانێك، کەسی تر لەوکاتەدا نەی‌توانیوە بچێتە حەمامەکە تا خێزانەکە هاتووەنەتە دەرەوە ئەمەبوو حەمام قۆرغ کردن.

(٩) شاربەدەر : شاربەدەر کرا:-

جاران ئافرەتێك یان پیاوێك زینای بکردایە یان شتێکی ناشیرینی بکردایە، سزاکەی ئەوەبوو سەری پاك ئەتاشراو پشتاوپشت سواری کەرێکیان ئەکرد، دوای ئەکەوتن بەرەو دەری شار ئەبرا خۆڵ و دۆیان ئەکرد بەسەریا. زۆر جاریش بەردەبارانیان ئەکرد.

(١٠) نانی جومعانە : ئێوارەی پێنج شەممان کە بەیانی جومعە ئەبوو مجەوری مزگەوت ئەگەرا بە ماڵەکانەوە داوای نانی ئەکرد ئەی‌گووت (نانی جومعانە رەحمەتتان لێ‌بێت) لە رۆژانی تریشیدا چەند ماڵێك چێشتیان ئەنارد بۆ مجەورەکە لە هەر ماڵێکەوە هەر جۆرە خواردنێك هەبووایە بۆیان ئەنارد بۆ مزگەوت. ئەویش حاجەتی نەبوو ئەیکرد بەسەریەکا هەتا بووە بە مەسەل پێ‌ی ئەڵێن (ئەڵێ‌ی چێشتی مجەورە).

(١١) دەقنەی فەقێ : سەردەمی کۆن هەر مزگەوتێ نزیکەی پێنج تا دە فەقێ‌ی تیابوو لای مەلای مزگەوتەکە ئەیان خوێند ئەم فەقێ‌یانە لەوکاتەدا هیچیان مووچەیان نەبوو، زۆریشیان خەڵکی دەرەوە بوون وە زوربەشیان فەقیر بوون، دیارە ئەوانەش پێویستی‌یان بە خواردن هەیە لەو سەردەمەدا بووبوو بە عادەت خەڵك یارمەتی فەقێ‌کانیان بەم شێوەیە ئەدا کە پێیان ئەگوت:

دەقنەی فەقێ، هەموو ساڵێك لەپایزدا لە مانگی دەدا کە حاصلات دەرئەچو هەر فەقێ‌یەك گوینی‌یەکی هەڵئەگرت ئەچوو بۆ ئەو ماڵانەی عائیدی مزگەوتەکە بوون

ئەچوونە بەر هەر ماڵێك ئەیان ووت «دەقنەی فەقێ بچنە بەهەشتێ» هەر فەقێ یەك گوێنی خۆی جیا بوو بۆ جۆرێ خواردەمەنی یەکە، یەکێك برنج، یەکێك ساوەر، یەکێك ماش، یەکێك گەنم ، یەکێك نۆك، یەکێك نیسك وە هەموو جۆرەکانی تر بۆ ڕزقی ئەوساڵە کۆیان ئەکردەوە بۆ زستان تا پێی بژین.

(١٢) ڕاتبەی فەقێ : عەسرانی هەموو ڕۆژێك یەکێك لە فەقێکان هەڵ ئەستا ئەگەڕا بە ماڵەکانا بۆ کۆکردنەوەی نانی ڕۆژانە ئەچووە بەر هەر ماڵێك لە دەرگاکەی ئەدا ئەیووت: ڕاتبـەی فەقێ ڕەحمـەتتـان لێ بێت، ئەوانیش نانێکیـان ئەدایـە بەم جۆرە ئەگەڕا بە ماڵەکانەوە.

(١٣) کاسەدراو سێتی : جاران هەموو ماڵەکانی گەڕەك کە ئێواران باو بوو چێشت لێ ئەنرا هەر ماڵە لە دەوری یەکدا چێشتی ئەنارد بۆ دراوسێکەی وە هیچ ماڵێك بێ دراوسێکـەی خواردنی نەئـەخـوارد، زۆر جار ماڵـێـك خواردنی باشیـان نەبـووە، کوڕەکەیان حەزی لەو خواردنە نەکردووە چۆتە ماڵە دراوسێکەی ئەوان خواردنی باشیان

هەبووە، چونکە هەموو ماڵی یەکتریان بە هی خۆیان زانیوە. هەروەها ماڵێك لە گەڕەکەکەدا دیاری یەکیان بۆ بهاتایە وەکو میوە بەشی زۆری ئەو ماڵانەیان ئەدا کە نزیك بوون لێ یانەوەو بۆیان ئەناردن و گەڕەك بە چاوی یەك خێزان سەیری یەکیان ئەکرد.

(١٤) خەتـەنـەسـوران : کە منـداڵ خەتـەنـە ئەکرا، زۆر منداڵ تەمەنی ئەگەیشتە حەوت ساڵان و بەرەوژ وورتـر، گەڕەکیـان دەنـگ ئەدا خزمـان و دراوسێ بانـگ ئەکـران، ئینجـا نانێکی زۆریـان دروست ئەکـرد بۆ نیـوەڕۆو ئێـوارە، لە دەمەدەمی عەسردا ئەوکەسانەی کە منداڵیان خەتەنە ئەکرد وەك حاجی کەریم، سەید خلیل، وەستا ئەمین، وەستا تۆفیق، ئەمانە خۆیان دەلاك بوون مناڵیشیان خەتەنە ئەکرد بە خۆیو جانتاکەوە ئەهات، ئینجا ماڵەکە منداڵەکەیان لە سەر کورسیەك لە باوەشی یەکێك دا دائەنیشاند، هەردوو دەستیو قاچی توند ئەگیرا، دەست ئەکرا بە لێدانی تەپـڵ و دەف لەولاشـەوە دەلاکـەکـە چەقـۆ تیـژەکـەی ئامـادە ئەکـرد، یەکێـك بە منـداڵـەکـەی ئەگـوت سەیـری ئەو چۆلـەیـەکـە بەئـاسمـانـەو، مناڵەکەش سەری

هەڵ ئەبڕی لەوکاتـەدا منـاڵـەکـە خەتـەنـە ئەکرا بەدەم لێدانی تەپڵ و دەفەوە کە منـداڵـەکـە ئەگـریـا ڕەحـەتـە لقومێکیان ئەخستە دەمیەوە، دوای خەتەنەکە مناڵەکە کراسێکی درێژیان لەبەر ئەکرد بۆئەوەی برینەکەی نەکولێتەوە.

(١٥) حاجی: هەرکەسێك بچووایە بۆ حەج پێش چەند ڕۆژێك هەموو شتێکیان بۆ ئامادە ئەکرد (تەدارەك) خواردنی چەند مانگێکیان ئەبرد لەگەڵ خۆیان چونکە بە قافڵەی وولاخ و ووشتـر ئەڕۆیشتن، چون و هاتنیـان زۆری پێئـەچـوو، پاشـان ئۆتـومبیـل پەیـدابـوو، ئەم ماوەیـەکی کەمی پێ ئەچـوو، پاش حەج کردن کە ئەگـەڕانـەوە لە بەغـداوە هەواڵیـان ئەنـارد کە فلان ڕۆژ دێنـەوە، ئینجـا لەوڕۆژەدا کەس وکـاری حاجـی لەگـەڵ منـداڵی دەرو دراوسێ هەریـەکـە بەیـداخێکی ڕەنگـاوڕەنگیـان هەڵئـەگـرت ئەڕۆیشتن بە کۆمـەڵ بەرەو قۆرییـە شکـاو لەوێ کۆمەڵەیان ئەبەست وە ئەسپێك ئامادە ئەکرا بۆ حاجی چاوەڕێیان ئەکرد تا حاجی ئەگەیشتەجێ، ئینجا پاش دەست ماچ کردن سواری وولاخەکە ئەبوون و بەرەو شار ئەهاتن، بە تەپڵ و دەف و بەیداخەکانەوە، ئینجا حاجی ڕووی ئەکردە مزگەوتی گەورە بۆ زیارەتی کاك ئەحمەدی شێخ هەر لەوکاتەدا مەڕ سەرئەبڕرا، ئەکرا بە خێر بۆ فەقیری مزگەوتەکە ئینجا بەرەو ماڵ ئەهاتنەوە، نانێکی زۆر دروست ئەکرا تا سێ شەوو سێ ڕۆژ نان ئەخوراو هەرچی فەقیری شارەکە هەبوو ڕوویان ئەکردە ماڵە حاجییـەکـان وە دەرگـا لەسـەر پشت بوو، بۆ ئەرکی ئەم نان کردنـە کچ و ژنـانی گەڕەك یارمەتی ماڵی حاجییان ئەدا.

(١٦) نان کردن: زۆر لەو ماڵانـەی کە دەوڵـەمـەنـد بوون سەرتـەنووریان هەبوو بۆ شوێنی نان کردن، ماڵانی گەڕەك لەو سەرتەنوورانە نانیان ئەکرد، چونکە هەموو ماڵێـك بەشی مانگێـك یان زیـاتـر نانیـان ئەکـرد، لەبـەر ئەوەی نانی بازاڕیـان نەئـەخـوارد، هەرمـاڵێـك کە نانی ئەکـرد دەرو دراوسێ ژنـەکـانیـان نانیـان لەگـەڵ ئەکـردنـەوە تا دەمـەدەمی نیـوەڕۆ، ئینجـا چەنـد کولێرەبە ڕۆنێکیان ئەکردەوە بەشی هەریـەکـە لە نان کەرەکـانیـان ئەدا بە چاوە ئەیـانخـوارد بۆ نیـوەڕۆ پاش پشـوودان تەنوورەکە دائەخرایەوە دەستیان ئەکردەوە بە نان کردن لەسەر نان کردن ژنان کۆڕی پێکەنین و گۆرانیان ئەبەست .

ئەمەش نیمچە ئاهەنگێك بوو، ژنان یەکە نانەکەیان ئەکردەوە، بە تیرۆکەکەیان ئەیان خستە سەر مایەکە وە نان پێوەدەرەکەش ئەیدا بە تەنوورەکەوە، کە ئەبرژا بەدەست نانەکەی لێ ئەکردەوە، زۆرجار نانەکە ئەکەوتە ناو تەتوورەکەوە، نیوەی نانەکە ئەسووتا، پێیان ئەووت کولو، ئینجا نانپێوەدەرەکە بە دارێکی باریك کە پێیان ئەووت کۆلەووژ نانە سووتاوەکەی ئەهێنایە دەرەوە، پاش نان کردن تەشتێك هەویری تایبەتی ئەشێلرا ئەکرا بە کولێرە بەرۆن وئەبەشرایەوە بە مالانی گەرەکا لەگەڵ نان کەرەکان وە نان پێوەدەرەکەش کولێرەو دەستەوارەیەك نانی ئەبردەوە بەم جۆرە کۆتایی بە نان کردنی ئەورۆژە ئەهات، تا ماوەیەکی تر کورت یان درێژ.

(١٧) شەوی بەرات: جەژنێکی ئاینیە هەموو ساڵێك ئەم جەژنە ئەکرێت، ئەو شەوە چێشت لێ ئەنرێت و مۆم دائەگیرسێنرێو بخورد ئەسووتێنرێوە هەر ماڵە ئەو شەوە مێوژ و گوێزو نوقوڵ و خورما وە هەندێ پارە ئامادە ئەکەن پاش نان خواردنی ئێوارە منداڵان دەست ئەکەن بە گەڕان بە ماڵاندا وە ئەچنە بەر هەر ماڵێك بەم شێوەیە [بەرات] ئەکەن ئەڵێن شەوێ شەوی بەراتی خوا دووکوڕو کچێکتان باتێ

خاتونێی سەر بە زێرێ دەست لە کەنوان بگێرێ

بەشی منالان بنێرێ

ئەم ماڵەش بۆ هەر منداڵێك مشتێ مێوژ و گوێزو نوقوڵیان بۆ ئەکەنە ناو تورەکەکانیانەوە بەم جۆرە تا درەنگانێك منداڵان ئەگەڕێن پاشان ئەڕۆنەوە ماڵەوە. ئەم شەوە شەوی پانزدەی شەعبانە، بەم بۆنەیەوە لە مزگەوتەکانیا ئەهلی گەڕەك کۆئەبنەوە قورئان و حەدیسی پێغەمبەر - ص - ئەخوێندرێتەوە، وە لە خوا ئەپاڕێنەوە بۆ ئەوەی ساڵە کە ساڵێکی بەخێرو بەرەکەت و بە رزق بێت⁽¹⁾.

(١٨) سەمەنی: سەمەنی خواردەمەنی یەکی کوردانەیە، بە ڕەنگ لە دۆشاو ئەکات. تام و بۆنیشی خۆش و شیرینە. ئەم خواردەمەنی یەلە چلەی زستاندا دروست ئەکرێ. سەمەنی ئەرکی زۆرە، لەبەرئەوە هەموو خێزانێك ناتوانێ دروستی بکات، ئەوانەی سەمەنی ئەکەن دێنن: گەنمەکە ئەشۆنەوە وە لەسەر سەبەتەیەك بڵاوی ئەکەنەوە ڕۆژ بە ڕۆژ ئاوی لێ ئەپەرژێنن هەتا چەکەرە ئەکات وە گیایەکی ناسکی تەڕوبڕی لێ دێتە دەرەوە، لەدوای ئەوە بە گیاو چەکەرەکەوە

لەناو دۆڵـێکا ئەکوترێ، لەناو تەشتێکا ئەگلۆفرێ وە ئەگوشرێ تا تلّپە ڕوونەکەی ئەمێنیەوە ئینجا تلّپەکەی فڕێ ئەدرێ، ئاوەکەشی ئەپاڵێورێو ئەکرێتە مە نجەڵێکی گەورەوەپـاش ئەوە بەپێی پێـویست ئاردو ئاوی تێئـەکـرێت وە ئەکـوڵێنرێ تا توند ئەبێتەوە وە ئەم کارە لە ئێوارەوە تا نیوەشەو ئەخایێنێ . لەم ماوەیەدا دەستەکچی ئەو گەڕەکە کە کۆبۆنەتەوە لەو ماڵە دەستئەگرن بەدەوری مەنجەڵەکەدا ئەسوڕێنەوە بە گۆرانی ووتن، هەمـوو کچـەکـان دەست و قاچیـان لە خەنـە ئەگـرن وە بۆ تێکدانی سەمەنی یەکە نەبێ حەوت کچ تێکی هەڵدەن ئینجا سەری مەنجەڵەکە دائەپۆشن تا بەیـانی ،پـاشـان ئەنـوون، بەیـانی سەری مەنجەڵەکە هەڵئەدەنەوە ئەبینن ئاوێکی زرنگ و ڕوون بەسەر سەمەنی یەکەوە وەستاوە سەمەنی یەکەش ئاڵ هەڵگەڕاوە (١) بەڵام لە هەموو شتێك سەیرتر لە کاتی دروست کردنیا بە هیچ جۆرێك شەکری تێ ناکـرێت کەچی پاشـان لەبـەر شیرینی ناخورێ، ئینجـا تێی ئەکـەن ئەگێـڕن ئەیبـەشنـەوە بەسـەر خزم و کەس و کارو دراوسێـدا. سەمـەنی خواردەمـەنی یەکی تایبـەتی یـە لە کوردەواریـدا جگـە لەوەی کە خۆشـە بەبـۆنـەی دروست کردنیـەوە کەس وکـارو دەرودراوسێ لە یەك جێدا کۆئـەبنـەوەو خۆشـەویستی و دۆستـایـەتی تازەئـەکـەنـەوە وە کەمـەری یەکێتی و برایـەتی ئەبەستنەوە. کورد لەم جۆرە خواردنە خۆشەوستیانەی زۆرە، گیپەو کەشکەك و ساوەر وە هەروەها دانولەش وەك سەمەنی سەرچـاوەی خۆشی و بەزم و ڕەزم وهـۆی بەهێـز کردنی کۆمـەڵایـەتیمانن، لەبەرئەوە پێویستە بە چاوێکی خۆشەویستیانە سەیریان بکەین.

---

(١)کە سەری مەنجەڵی سەمەنی هەڵئەدەنەوە هەموو جار ئەبینن پێنج پەنجە، واتە شوێن دەستێـك وا بەسـەر سەمـەنی یـەکـەوە، بەمە دەڵێن پەنجەی ئایشێ وفاتمە، دیـارە ئەبێ ژنێـك بەدزی یـەوە ئەم پەنجـەپەی پێوەبنێ. هەرچی ناونانەکەیە، ئەوە لەجیهـانی لێکـدانـەوە (ئەنتروبۆلوجیا)دا دەتوانین بە تێکەڵکردنی ناوی ئیسلامیی بزانین لەگەڵ باوەڕی کۆنی پێش ئیسلامدا.

(ع . م . ر)

تێبینی :

دروست کردنی ئەم سەمەنی‌یە تەنها بۆ خواردن نی‌یە بەڵکو ئەوانەی کە خەریکی ئەبن لەکاتێکدا کە گەنمەکە ئەڕوێنن لە سەر سەبەتەکە ئەڵێن خوایە فلاّن مەقسەدم حاسڵ بکەیت، ئەویش یان شووە یان کەسێکی نەخۆشە ئەیەوێ چاك بێتەوە وە یان کەسێکی لە دوورە ئەیەوێت نزیك ببێتەوە.

(١٩) ساوەرکولاّندن : ساوەر ئەکوڵێ و ئەیبرێتە سەربان بۆ ووشك بوونەوە، نیمچە ئاهەنگێك ئەگێڕێ بەتایبەتی لە کاتی کوتانیدا.

(٢٠) برنج کوتان : ئەویشی وەکو ساوەر کولاّندن ئاهەنگی بۆ ئەکرێ.

(٢١) دەستار : کۆمەڵێ ئافرەت تا ساوەرەکە ئەهاڕن گۆرانی ئەڵێن و بەزم ئەگرن.

(٢٢) خەرمان لۆغە : لەکاتی هەڵگرتنی دانەوێڵەد هەژار دەهات بۆ داوا کردنی بەشر، وەئەیوت : خەرمان بەرەکەت ، ئەوانیش وەلاّمیان ئەدایەوە ئەیان ووت : خ و بەرەکەت، وە بەشیان ئەداو ئەڕۆیشت.

(٢٣) پیتاك : یەکێك سینیەك یان کلاّویك یان دەستە سرێك ئەگێڕێ بەناو خەڵکدا لەو شوێنانەی کە چڕن لە خەڵك بۆ پارەکۆکردنەوە بۆ لێ قەوماو.

(٢٤) ڕێز لەمرۆڤ گرتن : زۆر چەشنی هەیە وەك دەست ماچ کردن، وە ووتنی «نۆشتبێ» دوای خواردنەوە وە «فەرموو»ی ڕێزگرتنی لە خۆ بەتەمەن گەورتر سالە قسەکردنا یان لە دانیشتنا لەگەڵیدا. . . هتد.

(٢٥) جەژن وگەردن ئازادی : زۆر ناکۆکی لە جەژنا کۆتایی دێت بە گەردن ئازادی کە دەست ئەکەنە ملی یەکتر وە یەکێکیان ئەڵێ «گەردنم ئازادکە»ئەوی تریان ئەڵێ «گەردنت خۆش وئازادبێ».

(٢٦) ئاموشۆکردن : هاوڕێیان یان خزمان هەر لە ماوەیەکا جارێك ئەچن بۆماڵی‌یەکتری بۆ هەواڵپرسین.

تێبینی :

ئەم جۆرە خوو ڕەوشتانەی خوارەوەش لە لادیکاندا باو بوون :-

١ ـ ژنبەژن : لەزۆر شوێنی کوردەواریدا باوە کچ بە کچ ئەگۆڕنەوە ئەمەش نەریتێکی تایبەتی هەیە.
٢ ـ شارۆ : لەپاش باخ بەرەڵا بوون ئەچن بۆ چنینیەوەی میوە.
٣ ـ گوڵەوەچن : لەپاش دروێنەی گەنم وجۆو چەڵتووك ئەوگوڵانە ئەچننەوە کە بەجێ ئەمێنێ. ئەویش لەلایەن هەژارانەوە.
٤ ـ هەرەوەزی کشتوکاڵ : لەم فرمانانە دا خواردن ئەبرێو ئەکرێ بەسبەیران و هەڵپەرکێو ئاهەنگ تا ئێوارە لە فرمانەکە ئەبنەوە ئەو فرمانانە ئەمانەن : جووت، جۆماڵ، دروێنە، پاچەکوڵە، بژار، خەرمان کوتان، شەتڵ لێدان، کۆکردنەی میوەی ناوباخ....
٥ ـ ژن و ژن خوازی : لە لادێکاندا باوە کە کچیان شوو نەکات بە خێزا نێکی‌تر وە کوڕیان لەخێزانێکی‌تر ژن نەهێنێ، بەڵکو لەناو خۆیاندا ژن و ژن خوازی ئەکەن وە ئەم هۆنراوەیەشی لەسەرە : ئەگەر چاکە حەیفە بۆ خەڵك خراپە عەیبە بۆ خەڵك.
٦ ـ نیشانەکردنی کورو کچ لە منالیەوە بۆ یەکتری : کچ و کوڕێکی ساوا لە یەکتر مارە ئەکرێن لە لایەن باوکی هەردووکیانەوە تا گەورە ئەبن ئینجا کچە ئەگوێزرێتەوە بۆکورە.
٧ ـ خوێن خۆشکردن : دوو لاکە خوێن لە بەینیانایە بە پارە یان بە ژن خوازتن لە یەکتر خۆش ئەبن.
٨ ـ جل شتن : کۆمەڵێ ئافرەت ئەچنە سەر چەم وە جل ئەشۆن، ئەمەیش ئەکرێ بە سەیرانێك وە ئاهەنگ و بەزم و هەڵپەرکێی تێدا ئەکرێ تا ئێوارە دێنەوە وە پێی ئەوترێ «کۆڵەکانی ـ چەماشۆر».

● ● ●

بووكی كوردەواریی كۆن

بووكمان هێنابە گیان ودڵ
گوڵمان هێنا بۆلای بولبول
پەروانە ومۆم عەترو سمبڵ

سورمە پۆشە مانگی تابان
هەروەك شنەو سروەی بەیان
دەستی زینمان بەمەم گەیان

بووكمان هێنا بەنازوداو
كل وكلتور سوورو سپیاو
ئارایيشت وپەرداخ كراو

خشڵ وئاڵتوون زیووتەلاٚ
زەرد وسەوز وئاڵ و والاٚ
شادیوخۆشی دوورلەبەلاٚ

بارگە وێنە جڕو جیازی
سازو سەمتور بەڕمبازی
ڕەشبە لەك وتەقەو وازی

بەجوانترین ڕەنگ وشێوە
بەوتارایە بەوچار شێوە
خاڵ وگۆنای داپۆشیوە

.م وکوڵمی بەفرو خوێنە
چاوو برۆی بەبێ وێنە
نیگای ڕێگابە ئاوێنە

بۆبووکی کوردەواری‌یە
بەخۆشی وبەدڵداری‌یە
زاوا خوێن گەرم وئاری‌یە

گوڵ وقامیش بەدەستەوە
بەئەسپایی‌و ئەنقەستەوە
ئەیدات لە سەروبەستەوە

بووکمان هێناو هاتینەوە
لەتانجەرۆ پەڕینەوە
لەزێ وسیروان پەڕینەوە
(قادر برسی)

* * *

هاتنەوەی حاجی فەتاحی حەڵوا چی ساڵی ١٩٣٨ لە بەردەم مزگەوتی گەورەگیراوە .

(فۆلكلۆری باوەڕ)

شەماڵە گرتنەوە :

ژنان وا باوبوو لەناویانا ئەگەر نیازێکیان هەبوایە، ئێوارەی شەممە پێش دنیا تاریك بوون ئەوژنە لەشوێنێکا ئەوەستا کە سێ ڕێی یان بێت، وە گوێی شل ئەکرد لەو کەسانەی یەکەمجار بەڕێی هەر ڕێیەکیان بڕوات و ئینجا دوەمیان و ئینجاسێیەم بۆئەوەی بزانێ وتەی ئەم سێ کەسە یان ئەوکەسانەی کە تێپەڕبوون چونکە مەرج نیە چەند کەس بن وتەکە خێرو دڵخۆشی ئەگەیەنێ یان بەپێچەوانەوە . خۆ ئەگەر خێرو دڵخۆشی بگەیاندایە ئەوا بە دڵێکی خۆشەوە ئەو ژنە ئەگەڕایەوە ماڵەوەو ئەیوت مەرام و نیازەکەم بە باشی یەتەدیو ئەگەر بەپچەوانەشەوە بوایە ئەوا دۆش دائەماو خەفەتی پێ ئەخوارد.

منداڵ داخ کردن :

منداڵی سەردەمی ڕابووردوو ڕووکراوە نەبوون وەك ئێستا، بەدەگمەن ڕێك ئەکەوت منداڵێکی هارو هاج و بزبۆ هەڵکەوتابە، ئەمەش ئەگەر جارێ خەتایەکی گەورەی بکردایە بۆئەوەی دووبارە نەبێتەوە ئەهاتن بە مقاشێ پشکۆیە ئاگریان ئەهێناو منداڵەکەیان پێ داخ ئەکرد.

داخ کردن بۆ چاك کردنەوە (عیلاج):

ئەگەر یەکێ تووشی ئازارێك ببوایەو هەر چاك نەبوایەتەوە ئەیان هێنا پارچەیەك ئاسنیان لەناو ئاگرا سوورئەکردەوەو ئەوکەسەیان پێ داخ ئەکرد، بۆچاك بوونەوەی ئازارەکەی.

قورقوشم توانەوە بۆ ترس لابردنی منالّ :
ئەگەر منالّێك بترسایە لەخۆیەوەو هۆی ئەو ترسە نەزانرایە ئەیان هێنا قورقوشمیان ئەتواندەوەو ئینجا جامێ ئاویان ئەهێنا لەژوور سەری منالّەکەوە ڕایان ئەگرت و قورقوشمە تواوەکەیان تێ ئەکرد ،قورقوشمەکە کە یەك ئەگرێتەوە هەر شکلێکی وەرگرتایە ئەمان سەیریان ئەکردو وەکو قاوەگرتنەوە لێکیان ئەدایەوەو ئینجا ئەچوون لای مەلایەك دوعایەکیان بۆ ئەنوسی بۆ چاك بونەوە.

خۆش کردنەوەی باران:
لەکاتێکا ئەگەر باران زۆر بباری‌یایەو خۆشی نەکردایەوە بەتایبەتی لە بەهارانا، ئەیان هێنا ناوی (چل) کەچەلّیان ئەنووسیو ئەیان خستە بەر بارانەکە بۆئەوەی خۆش بکاتەوە.

باران کەمی :

هەر سالّێ بێ‌بارانی بوایەو پەلّەی دوابخستایە خەلّکی زۆریان لەبەر گران ئەبوو، منالّان ئەهاتن بووکێکیان لە قوماش دروست ئەکردو دەم وچاویان بۆئەکردو حل وبەرگیان ئەکردەبەرو ئەیان دا بەسەر دارێکی ڕاست و چەپاو دوو منالّ هەریەکەیان سەرێکی دارەکەی ئەگرت ومالّ بە مالّ بە بەردەمیا ئەڕۆیشتن لە مالانی گەڕەك و ئەمەیان ئەوت بەدەم یاری‌یەوە (بووکە بەبارانێ ئاوی بن دەغلانێ ، سەعاتی جارانێ) ئیتر ئەو مالّەی ئەمەیان بۆ ئەوتن ئەهاتنە دەرێو هەندێ ئاویان ئەکرد بە سەری بووکەکەداو هەندێ پارەیان خەلاتی تریان ئەدا بە منالّەکان و دوای ئاو پیاکردنەکە هەر مالّەی دەرزی‌یەکی ئەدا لە بووکە دروستکراوەکە بەهیوای ئەوەی ئاواتی ئەومنالانەکە باران بارینە بێتەدی، دیسان ئەیان وت (بووکەبە بارانێ ئاوی بن دەغلانێ سەعاتی جارانێ)و ئەشیان وت (هەیاران و مەیاران یاخوا داکاتە باران بۆ فەقیرو هەژاران).

خاوەنی چوارچاو:

هەر پیاوێك ئەگەر دوو ژنی ببوایە پێیان ئەوت (خاوەنی چوارچاو). ئەگەر یەکێك نە گەرەکا تووشی نەخۆشی ی (سێ بەرۆ) بهاتایە. ئەچوون بۆماڵی (خاوەنی چوارچاو)و لێیان ئەپرسی خاوەنی چوارچاو نە خۆشەکەمان چی بخوات چاك ئەبێتەوە؟ ئیتر ئەم پیاوە لەو کاتەدا چ جۆرە خواردنێکی بەسەر دەمدا بهاتیە ئەچوون ئەوجۆرە خواردنەیان ئەدا بە نە خۆشەکەو پێی چاك ئەبووەوە.

ئێشك گرتن:

جاران وا باوبوو کە کوریان ببوایە بەتایبەتی ئەوانە کە کوریان نەبوایە. ئەهاتن حەوت شەو لە ئێوارەوە تا بەیانی نەئەنوستن بە سەرگوزشتە گێرانەوەو حیکایەت کردن و شەوچەرە خوارنو گۆرەوی بازیو گەلێ شتی‌تر ئەیانبردە سەر بۆئەوەی شەوە منالەکەیان نەخنیکێنێ و جارجارێ سەری منالەکەیان ئەداو بەمجۆرە ئەو حەوتشەوەئەمانەوە.

گەسك دان:

جاران کە گەسکیان ئەدا لەماڵ بۆ پاك کردنەوەی نەئەبوو لەکاتی گەسکدانا گەسکەکە بەرکەس بکەوتایە چونکە ئەیان وت ئەوکەسەی گەسکەکەی بەربکەوێ عومری کورت ئەبێ. وە ئەگەر گەسکەکە بەر یەکێك بکەوتایە خێرا چڵێکیان لە گەسکەکە ئەشکاندەوە بۆ ئەوەی عومری کورت نەبێ.

ناڵ:

کاتی خۆی ئەگەر یەکێك خانویەکی بکردایە ئەیانهێنا ناڵی کەرێکیان بە بەردەمی خانوەکەوە هەڵ ئەواسی لەبەر چاوەزار بۆئەوەی بەچاوەوە نەبن.

نیینۆك كردن :

جاران برۆ و بوو كه منداڵ تۆزێ گەورە نەبویە نیینۆكیان نەئەكرد. ئەیان ووت ئەگەر بە منداڵی نیینۆكی بكرێت بە گەورەیی دز دەرئەچێ.

مانگی سەفەر :

لە مانگی سەفەر كەم كەس سەفەری ئەكرد مەگەر بەدەگمەن وە یا زۆر پێویست بویە ئەو سەفەرە بكرێ چونكە ئەیان وت ئەم مانگە مانگێكی شومەو سەفەری نابێ تیابكرێ. لە مانگی سەفەرا ڕۆژیكی تیایە پێی ئەڵێن (كوڵە چوارشەمووی مانگی سەفەر) ئەورۆژەش ئەكەوێتە چوارەم هەفتەی مانگەكەوە. وە ئەورۆژە ئێوارەكەی ماڵان ئەچوونە سەربان. یان هەر لە بەردەرگا شتێكیان ئەشكاند وەك كوپە یان شەربە. . . ئەیان وت قەزاو بەلا ئەبات لەگەڵ خۆیا. هەروەها لەم ڕۆژەدا دۆعایەك هەیە بۆ بەلا لەسەر لابردن مەلاكان بەتایبەتی مامۆستای حوجرە لە دەوری كاشی‌یان ئەنووسی‌یەوە وخەڵكی ئاوی ئەو كاشی‌یان ئەخواردەوە بەنیازی دووركەتنەوەی بەلا. ئەم بەیتە شیعرە بۆ ئەم ڕەژە وتراوە: (ئەورۆژەی من بووم ڕۆژی خەتەر بۆو ـ گوڵە چوارشەمووی مانگی سەفەر بوو).

ئاهـ كردن (پەیمان كردن ـ عەهدكردن) :

جاران ژنێك ئەگەر كوری نەبوایەیان منالی نەبوایە ئەی‌وت (ئاهبێت) واتە عەهد بێت خوایە كوڕێكم ببێ‌و بچێتە كۆلان و سەری بشكێنن و بەسەروچاوی خوێناوی یەوە بۆمبێتەوە، ئەوەی سەری شكاندووە هێلكەو ڕۆنێكی بۆ بكەم. یان لەلادیكانا ئەگەر ژنێك بەم جۆرە بوایە ئەی‌وت (ئاهـ بێ) خوایە كوڕێكم بدەیتێ‌و گەورە بێ ڕۆژێك ئەیكەم بە شوان.

ئاوی دەباخ خانە :

ژنێك ئەگەر مێردەكەی لەگەڵیا خراپ بوایە ئەی‌وت ئەوە نوشتەی ڕەشی‌یان لێ كردووم، ئەی‌نارد لە دەباخخانە شوشەیە ئاوی دەباخ خانەی بۆ ئەهات و ئەیكرد بە

ڕێگـاو ژوورەکـانی ناومـاڵـەکـەدا بۆئەوەی کە مێردەکەی بەسەریا ڕۆیشت نوشتەی ڕەشی یەکە بەتاڵ بێتەوە، سەیر ئەوە بوو ئەوکەسەی کە ئەچو ئاوی دەباخ خانە بێنێ ئەبوایە کە شووشەکەی پڕکردو هاتەوە تائەو شوێنە ئاوڕ نەداتەوە !

* * *

(فۆلکلۆری باوەڕی کۆن)

دەردە کۆپان:

نەخـۆشی‌یـە بووە پێیـان وتـوە (دەردەکـۆپان) . ئەگەر یەکێ تووشی ئەو نەخۆشی‌یە ببـوایـە ئەیـان هێنـا نەخـۆشـەکەیان بۆ ماوەی چەند دەقیقەیەك ئەخستە ناو کۆپانی کەرێکەوەو دوایی دەریان ئەهێناوە .گوایە ئەڵێن ئەو نەخۆشیی‌یە بەوجۆرە چاك ئەبێتەوە.

ڕەقیتە:

جاران هەرکـەسێ کەرێکی بوایـە خاوەنی سامـان بوو بەتـایبـەتی لە دێکانا چونکە هەمــوو کاروبــارێکی گواستنــەوەو کاسبی بەکـەر ئەکـرا لەبـەرئـەوە کەرئـەوسـا خۆشەویست بوو . ئەگەر بهاتایە کەرێك سەرمای ببوایە ئەیان وت توشی ڕەقیتە بووە کەرەکـەیـان ئەهێنـا ئێـوارە دوای حەمـام چۆڵبـوون کەرەکەیان ئەبردە ژووری گەرمی حەمـامـەوە لەوێدایـانئـەنـا تا بەیانی بۆئەوەی ئارەق بکات و چاك بێتەوە . هەندێجار پیاوی وابووە حەزی بەوە کردوەبەیانیان زۆر زوو بچێت بۆ حەمام و کە چوەو لەپڕ لەژووری گەرمی حەمامەکەدا کەرێکی دیوەو ئەم مەسەلەیەی نەزانیوە، ئەوەندە ترساوە تووشی نەخۆشی بوە.

لەرزوتاو (لەرزبڕین):

ئەگەر یەکێ توشیی نەخۆشی لەرزوتا بهاتایە ئەچوو لە لای شێخێ یا مەلایەك دۆعایەکی ئەخوێند بەسەر پەتێکی چەند گرێ لێدراوێکاو ئەکرایە مەچەکی نەخۆشەکە بۆئەوەی نەخۆشی یەکەی لێ بێتەوە بەمەشیان ووتوە (لەرزبڕین).

هاڵ)ی زەیستان و مووڕووی هاڵ:

مووڕوویەکە لە بەردێکی خاڵخاڵاوی دروست کراوە پێیان ووتوە (مووڕووی هاڵ). بەکارهاتوە بۆ ژنی زەیستان، لەکاتی مناڵ بوونیاوە کردویانەتە ملی ژنە زەیسێتانەکە بۆئەوەی هاڵ کە جنۆکەیەکە زەرەر ئەدا لە ژنی زەیستان. ئەم بەم مووڕوو لەمل کردنە نەجاتی بێ لێێ چونکە وتویانە ئەو زەیستانەی ئەم مووڕووەی لە ملا بێ هاڵ لە مووڕووەکە ئەترسێ و ناچێ بەلایا.

کوژەکەی شین:
مووڕوویەکی شینە بەکارهاتوە بۆچاوەزار، کراوە بەسەری مناڵی تاقانەو ولاٚخ و شتومەکی خۆشەویست بۆئەوەی چاوی پیس کاری تێ نەکا.

حەوت ئاسنە:
ئەڵقەیەکە لە حەوت جۆر مەعدەن دروست کراوە، ئەکرێتە پێی ژنی نەزۆك بۆئەوەی سکی پڕبێ و مناڵی ببێ.

تەنەکەو تەپڵ:
کۆن وا زانراوە ئەگەر لەکاتی مانگ گیرانا تەنەکەو تەپڵ لێبدرێ مانگەکە بەرئەبێ و ڕزگاری ئەبێ.

تەقەکردن واتەتفەنگ تەقاندن :ـ واباوبووە کە ئەگەرئافرەتێك جەرابووبێ لەکاتی ژان گرتنا تەقەیان کردوە بۆئەوەی زوو رزگاری بێ .

تەرووبادان :
ئەمە بەکارهاتوە بۆ نەهێشتنی بالووکە .

کەڵەکەبەرد دروست کردن :
کەڵەکەبەردیان دروست کردوە لەسەر رێگاوبان بۆئەوەی ئەو رێبوارەی کە لەوێوە رۆیشت بیرووخێنێ تا بالووکەی ئەو بپەرێ کە بەردەکەی کەڵەك کردووە .

میزکردن بە پشیلەدا :
وتراوە گوایە ئەمەیە ئەبێتە هوی ئەوەی مرۆڤ تووشی بالوکەدەران بێت .

خورووی بەری پێ :

وا زانراوە کە گوایە هەرکەسێ بەری پێی بێتە خوورروو سەفەری دێتەبەر.
خوورووی بەری دەس :

وازانـروەکە گوایە هەرکەسێ بەری دەستی ڕاستی بێتە خوورروو پارەی دێتە دەست، ئەگەر بەری دەستی چەپی بێتە خوورروو پارەی ئەڕوا .

رێوی بەپیرەوە هاتن :

گوایە ئەگەر لەسەفەرا لە رێگاوبانا رێوی هاتە سەر رێ هەر کەسێ ئەوا لەو سەفەرەدا تووشی سود ئەبێ و ئەبێ بە سەفەرێکی هات بۆی .

کەرۆیشك بەپیرەوە هاتن:
ئەمەش نیشانەی نەهاتی‌یە.

دەم وچاو شتنی پشیلەی ناومالّ:
ئەمەش نیشانەی میوانی خۆشەویست هاتنە.

بایەقوش خوێندن:
نیشانەی کاول بوونی ئەو شوێنەیە.

پیرەمێردی شاعیر ئەلّی:

بایەقوش لە هەر جیٚیە بخوێنیٚ
یاخێوی ئەمریٚ یائە یڕوخێنیٚ

خوێندنی مریشك وەك کەلّەشێر:
گوایە نیشانەی سەرخواردنی خاوەنیەتی و گورج مریشکەکە سەرئەبڕن بۆئەوەی سەری خۆی خواردبیٚ.

بارخستنی مریشك:
بارخستنی مریشك و گسکدانی منالّ لەخۆیەوەو شلّپەی ئاو کە ئەڕێژریٚ ،نیشانەی میوان هاتنە.

پیلاّو سواربوون:
ئەمەش نیشانەی سەفەرکردنە بەرەو ئەو شوێنەی لوتی پیّلاّوەکەڕووی تیٚ کردوە.

چاوفڕیین:
چاوی ڕاست فڕین نیشانەی خۆشی‌یەو چاوی چەپ فڕین نیشانەی ناخۆشی‌یە.

مقەست دانە دەس یەکتر:

مقەست دانە دەس یەکتر بە بێ دانانی ئەبێتە هۆی تێکۆکی ئەو دووکەسە.

نینۆك کردن بە شەو:

ئەمەش گوایە باش نی‌یە.

ئاورشتن بەدووی کۆچکەرا:

هیوایە بۆئەوەی زوو بگەڕێتەوە.

کەڵەشێری ناوەخت:

گوایە کەڵەشێر لە ناوەختا بخوێنێ نیشانەی مردوو مردنە. وە بۆ ئەوەی ئەو کرە بەتاڵبێتەوەو ڕوونەدا، خێرا کەڵەشیرەکەیان سەربڕیوە.

دەنگی کلپەی ئاگر:

کە دەنگی کلپەی ئاگری گڕ هات نیشانەی ئەوەیە ئەوەی ئاگرەکەی داگیرساندوە غەیبەتی ئەکرێ.

مێروولە:

ئەڵێن گوایە مێروولە ڕووبکاتە هەر ماڵێك بار بە خاوەنەکەی ئەکات.

شەڕی چۆلەکە: نیشانەی خەبەری خۆشە بۆ ئەو ماڵەی چۆلەکە شەڕی تیا بکات.

بەستنی زاوا:

گوایە ئەگەر لەکاتی مارە کردنا، پەت گرێبدرێ یان پەنجە بتەقێنرێ یا چەفۆ دابخرێ یا تۆز فرێ بدرێ ئەبێتە هۆی بەستنی زاواو لە پیاوەتی ئەکەوێ لەکاتی زاوایی‌یا تا ئەو شتە ئەکرێتەوە.

مێردەزمە (مۆتەکە) :
باوەڕ وایە کە ئەگەر یەکێ لەسەر پشت بنوێ (مۆتەکە) یەتە سەری بۆ ئەوەی بیخنکێنی ، وە ئەگەر هاتو لەوکاتەدا ئەوکەسە دەس بەرێ بۆ (بەندەخوێنی) دەرپێکەی دەس بەجێ ڕائەکاو ئەوکەسە ڕزگاری ئەبێ .

جنۆکە :
باوەڕ وایە شتێکی نهێنی‌یە ئەتوانێ خۆی بخاتە شێوەی هەموو گیان لەبەرێکەوە . بەزۆری لە گەرماوو سەرکانی‌یا زۆرە .

کڵاوی چڵکن :
ئەڵێن گوایە پارەدار کڵاوی چڵکنە .

تەماشای ئاوێنە کردن بەشەو:
ئەڵێن ئەگەر بە شەو تەماشای ئاوێنە بکەی ئەچی بۆ غەریبی .

کڵاو هەڵ وگێر کردن :
ئەڵێن ئەگەر کڵاو بە هەڵەوگێڕاوی بکرێتە سەر نیشانەی هاتنی گرانیە .

ئەم شتانەش وتراوە :
ئەڵێن : دووکەڵی تەپاڵەبۆ ڕەوە مێشوولە باشە .
ئەڵێن : پیاوی پشت مل پان نەفامە .
ئەڵێن : شەو گسك دان باش نی‌یە .
ئەڵێن : سەری زل دەوڵەتەو پێی زل نەگبەتە .
ئەڵێن : گوێی ڕاستت بزرنگێتەوە هەواڵی خۆش ئەبیسی‌و گوێی چەپت بزرنگێتەوە هەواڵی ناخۆش ئەبیسی .
ئەڵێن : سەگ بلوورێنێ هەواڵی کوستی پی‌یە .

ئەڵێن: پۆلیس لەخەوا مەئمووری خوایە.

پێشینان.وتوویانە:

- خۆراك ئەبێتە هۆی گۆڕینی کردەوەو ڕەوشتی مرۆڤ.
- ئەو ژنەی حەز لە خواردنی شیرو ئەو شتانەی لە شیر دروست ئەکرێ بکات، هەمیشە هێواش و لەسەرخۆ ئەبێ.
- ئەوەی حەز لە سەوزە بکات، دڵسۆز ئەبێ.
- ئەوەی حەز لە گۆشت بکات، حەز لە گەورەیی ئەکات و بلیمەت ئەبێ.
- ئەوەی حەز لەمیوە بکات، چاوی جوان و سەرنج ڕاکێش ئەبێ.
- ئەوەی حەز لە چەوری بکات، تەمەڵ و تەوەزەڵ ئەبێ و حەز لە جولآن و یاری ناکات

* * *

داوو دەرمان.

- لە زۆر وولاتی پێشکەوتودا بەتایبەتی لە وولاتانی سۆشیالیستیدا، ئێستا بەگەرمی رووویان کردۆتەوە داوودەرمانی میللی ی کۆنی خۆیان.
ئەم دەرمانانە کە زۆرتری لە گژوگیاو ڕوەك (نبات)ە، بەری تەجروبەی هەزارەها سالانی ژیانی خەلکە، لەبەر ئەوە بایەخی زۆربەیان لە تاقیکردنە وەدا سەرکە وتووو زانستی تازە دان بەم راستیانەدا دەنێ و هۆی عیلمیی یان بۆ ئەدوزێتەوە.

بۆ ئەمرۆی ئێمە، ئەرکی سەرشانی ئەو کەسانەی فۆلکلۆر کۆئەکەنەوە ئەوەیە کە بەدووای ئەم چەشنە داوودەرمانە دا بگەڕێن، ناوو شوێنی بوون و چۆنێتی ی بەکارهێنانیان تۆماربکەن. بەمە کەرەسەیەك بۆ زاناو پسپۆرەکانمان ئامادە ئەکەن خۆزگەش بەوە ئەخوازین کە زانایەکی پسپۆر ئەرکی لێکۆلینەوەی زانستی بگرێتە ئەستۆی و ئەم کەرەسەیبە بکات بە بابەت نامەیەکی زانستی وبباتە بەردەم دەستگاکانی زانستی جیهان.

هەرچی لەو بابەتەیەو لە دووتوێی ئەم کتێبەدایە، ئەوە وەرگرتنە لەسەرچاوەیەکی بەنرخی پێشووەوە نووسەر بەمە ڕێگەی گەڕان و وولێ زیادکردن و کەرەسەی لێکۆلێنەوەی بۆ ئەو مەبەسەی باسمان کرد خۆش کردووە، دیسان دەتوانین لەم کەرەسەیەدا شتی تایبەتی ی کوردستان، یا سلێمانی ببینینی و ڕەنگە شتی گشتی ی ئەم ناوچەیە یا جیهانیش هەبێ، بەتێکڕا ئەمە ڕێگە خوشکر دنێکی باشەو چاوەڕێی هەولی مەردانەی پسپۆڕانین.

(ع . م . ن)

فۆلکۆری تیمارکردن

هی مرۆڤ و هی ئاژەڵ

هی مرۆڤ: بە دوو چەشن تیمار ئەکرێ

١ ـ بە دەرمان:

* ئەم دەرمانە سادانە بەکارئەهێنرێن بۆ چارکردن:

بەیبونە گوڵەفەقێ: جۆش ئەدرێن هەریەکەیان بۆ ژانەسك.

عەرەقی نەعنا: ئەخورێتەوە بۆ ئینتەلاو ژانەسك.

ئاوخواردنەوەی بەیانیان: بەناشتا بۆ یاریدەدانی ئازیمە.

گوڵە باخی ئەسل: بە کوڵاندن ئەیدەن بە نەخۆش بۆ ڕەوانی [جۆش ئەدرێ].

بنێشتەتاڵ: ئەخورێ بۆ ڕەوانی.

گەلاتووتن: بۆ مِلەخرە بەکاری ئەهێنن [ئەخرێتە سەری]

گەڵاتو: ئەکوترێو ئەیخەنە سەر شوێن پێوەدانی دووپشك.

گەڵای سیس عومەر: ئەکوترێو ئەنرێ لەشوێن پێوەدانی دووپشك.

مۆرد: بەکاری ئەهێنین بۆ وەستانەوەی ڕەوانی.

قەیتەران: ئەیکوڵێنن و ئاوەکەی ئەخورێتەوە بۆهێزپەیداکردن و لابردنی لەرزینیی جومگە.

توێکڵەبی: ئەکوڵێنرێو ئاوەکەی ئەخۆن بۆ بەهێزبوون.

گەڵای بی: بە تەڕی ئەیخەنە سەر قاچوقولی یەکێك کە تای توندی لێ هاتبێ بۆ فێنك کردنەوەی ئەو تایە.

گەڵا چەق چەقە: پاش کوڵاندنی ئاوەکەی ئەدرێ لە زیپکە.

گوڵەهێرۆ: بەکوڵاندن بەکارئەهێنرێ بۆ کۆکە.

قنگاوڵێ: پاش کوڵاندنی بە ڕۆن سوری ئەکەنەوەو ئەیخۆن بۆ ڕەوانیو بەهێزکردنی گەدەو ریخۆڵەکان.

شەلەمە: [شەرواڵ بەکۆل]: بە شاخە سەختەکانەوە هەیە، سەلکێکی گۆشتنی

[١] هەروەها بۆلابردن و نەهێشتنی بەردولمی گورچیلە [ع. م. ر]

هەیە کە پڕیە لە شیلە، بە کاڵی ئەیخۆن بۆ ڕەوانیو کرم فڕێدان، یاوەکو کلۆیەك شەکر شیلەکەی هەڵ ئەمژن هەرکاتێك بیانەوێ کلۆشەکرەکە ئەخۆن بۆ ئەم مەبەستە.

چای فەریکە قەزوانی ووشك: بۆ وەستاندنەوەی ڕەوانی بەکار هێنرێت.

ڕێواس: ڕێواس بۆ کرم دانان و بۆ ڕەوانیش بە کاڵی ئەیخۆن.

مالەوێچە: بە کوڵاوی ئەخورێ بۆ ڕەوانی.

شاتوو دۆشاوی شاتوو: بۆ خروزەك و دەنگ نوسان.

گەڵاهەنجیر: بۆ کەچەڵی باشە ئەویش سەری کەچەڵی پێ ئەشۆن.

گەڵاتوو: ئەخرێتە سەربرین بۆ دەربوون.

گەڵاگوێز: ئەخرێتە سەربرین بۆ دەربوون.

پیازی نەپیشاو: بۆن ئەکرێت وە ئەیخۆن بۆ هەڵامەت.

تووتنی وورد: لە سەرلەپی دەست هەڵی ئەمژن بۆ هەڵامەت.

بە هێی‌پیشاو: ئەیخۆن بۆکۆکەو قورگ نووسان.

هەناری شیرینی پیشاو: گەرمی ئەکەن و ئەیخەنە سەر گازی مارو جێی پێوەدانی دووپشك.

پێزی هەویر: ئەخرێتە سەر شوێنێ کە دەرزیو دڕکی تیابێت لە لەشی مرۆڤدا بۆ دەرهێنانی [بەتایبەتی دەست وپێ].

بۆسۆ: ئەدرێ لە لووتی بێ‌هۆشێ بۆ هێنانەوە سەر هۆش.

شەکراو: بۆ سووتاندن بە کاری ئەهێنن.

مەرەکەب: بۆ سووتان بەکاری ئەهێنن.

ماست: بۆ سووتان بەکاری ئەهێنن.

گەڵای گەرچەك: ئەدرێ لە ئاڵۆی کەوتوو.

ڕێحانە کێویلە: بە کوڵاوی ئەیخۆن بۆ کۆکەو ئازاری سنگ.

جاترە کێویلە: بە کوڵاوی بەکاری‌ئەهێنن بە خواردن بۆ سەرماو ژانەسك.

ڕۆنی کونجی: شوێنی سووتاوی پێ چەور ئەکرێ وە پێش شیلان یشتی پێ

پیازی پیشاو! بۆدەربونی برین کە بخرێتە سەری وەبۆهەڵامەت .

برۆیش: ئەخرێتە سەر برینێك کە ئاوسابێ بۆ نیشتنەوەی ئاوسانەکە.
رۆنی درکەزی: ئەیسوتێنن و رۆنەکەی ئەدرێ لە بیرو.
رونی داری گوڵەباخ: ئەیسوتێنن و رۆنەکەی ئەدرێ لە بیرو.
دۆینە: ئەیگرنە سەری نەخۆشی گرانەتیدار.
ترخێنە: ئەنرێتە سەر مووسڵانی منالی باژێلەدار. وە ئەخورێ بۆ کۆکەو هەلامەت.
رۆن بادام: بو سوریژەو ئاوڵە دەرکردو، بەکارئەهێنرێ، وە ئەخورێ بۆ رەوانی.
ئاوی کەرەوز: ئەخورێ بۆ میز بەردان.
پێستی ئاژەڵی وورده: بە خوێنەکەوە ئەنرێ لە شوێنی گازی مار دوای هەلمژینی بە کەڵەشاخ.
رۆنی ژیشك: بۆ ترەکینی دەست بەکارئەهێنرێ.
شەربەتی مێوژ: بۆ خوێن زۆر کردن و قەڵەو بوون.
دۆشاوی رەگی هەنجیر: پێستی پێ چەور ئەکرێ بۆ بای سەودا.
دووکەڵی جگەرە: قانگی گوێی ئێشاوی پێ ئەدرێت.
هەنگوین: بۆ گرفت ئەیخۆن، هەروەها بۆ بەهێزکردنی گەدەو ریخۆڵە.
رێخۆڵەی ژیشك: بۆ باژێلەی منال.
تۆوی پەلپینە: بۆ میز بەردان.
گوشتی رێوی: بۆ باداری باشە لەبەرئەوە ئەیخۆن.
فرووجار: بۆ بەهێزبوون و حەسانەوە.
بەزەتاو: ئەنرێتە سەر برین و ترەکینی پێست.
تۆو کەتان: ئەنرێتە سەر خەیارە بۆ گەیاندنی.
هیزە: بۆ کۆلنج و رەقیتە.
پێستی بەرخ: یا بزن: بۆ دەرهێنانی گوللە لە گۆشتا. بۆ گرتنەوەی شکاوی و لەجێ چوون.

شەکر: وورد ئەیهاڕنەوەو ئەیکەنە سەر برین ؛ بۆ دەربوون.
دووکەڵی شەکری سووتاو: بۆن ئەکرێ بو هەڵامەت.
هەڵمی سرکە: بۆن ئەکرێ بۆ سەرئێشە.
ئاوی کوڵاوی ساردەوەبووی بەر سایەقە : بۆ نەخۆشیێکە ئاوی پێ نەدرێ.
ئاوی گەڵابی : بۆ گری دەروون.
بەرمێو : ئەخرێتە سەر دوومەڵ بۆ دەربوون.
ئاوی سەروپێ : ئەخورێتەوە بۆ چاك بوونی ئێسکی شکاو.
بەردووگ : بو نیشاندنەوەی ئاوساوی برین.
دۆی گەرم کراو : ئەدرێ لە شوێنی پیوەدانی دووپشك و مارو مەگەز.
دۆی دۆنیە : ئەخورێت و ئەگیرێتە سەری خۆربردوو بۆ چاك بوونەوەی.
شیر : ئەیدەن بە ماران گاز کە بیخواتەوە.
ڕۆنی قرچاو : بۆ خوێن بەستنی ئەندامێك کە پەڕیبێت.
گوشتی قەلەباچکە: ئەیدەن بە سێبەڕۆدار بۆ چاك بوونەوەی.
توێکڵە هەنار : گەرم ئەکرێو ئەنرێ لە تامێلك.
بەڵاڵوك: بو ڕەوانیو ژانەسك.
بەڵخی بەردی ناوئاو: ئەیدەن لە برینی دەم و چاوی منال.
گوگرد: بۆ نەخۆشی پێست.
زاخ : شافی لێ دروست ئەکرێ.
گڵەسوور : بوئەوەی گلاوێ پێ دەربکەن و پاك کردنەوە گازی مەگەز
خوڵەمێشی کورەی ئاسنگەر : بۆ کەچەڵی.
ژەکی ژن: بۆ بیرۆ.
ناوکە کولەکەی کاڵ : بۆ کرم دانان.
توێکڵە شووتی: ئەیدەن لە پێست بۆ لابردنی گەرمەژنە.

* دەرمانە تیکەڵاوەکان بەکارئەهێنرێن بۆ چارەکردن:

نانی تیری + گەڵامێوی ووشك + سابوونی ڕەقی = مەڵحەمێکە بۆ دومەڵ.
گەڵا گویز + خەنە = بۆ ژانەسەر.
گوڵە وەنەوشە + شیریکچ = ئەخورێ بۆ ئەسپەك

[١] لە مۆسکۆ لە دەرمانخانە کان بۆ ئەومەبەستە ئەیفرۆشن [ع . م . ر]

رازیانە + شەکر = بۆ دڵ ئێشەو ڕەوانی.
ئاردی گەنم + زەردێنەی هێلکە = ئەبێ بە مووشەما بۆ سەر برین .
هەویر + ڕۆن = نیونمەکە ئەیخەنە سەر برین و سەر ڕەقیتە.
گیاوەردێنە + شیری کچ = بۆ چاوئێشە.
خەنە + ئاوی شاتەرە = بۆ قڵیشانەوەی ژێرپێ‌و خارشت (حەرارەت).
رازیانە + شیر = ئەخورێ بۆ دڵ ئێشەو قەڵەوبوونی منال.
گوڵە هەناری فارس + سمڵ + زاخ + توێکڵە نارنج + گڵە ئەرمەنی = توزێکە بۆ پووك ئاوسان و دان ئێشە.
کەفی ترشی + گڵەسوور + خوێ = بۆ هەڵ پشکووتنی لێو.
ترشەسماق + خوێ + ئاو = بۆ ئاگرە.
قاوە + ڕۆن = بۆ دەنگ نووسان.
پوونگە + خوێ = بۆ ژانەسکی منال .
سێپەرە + ئاردەبرنج = بۆ ژانەسکی منال .
زاخ + ئاوی گەڵابی + خەنە = ئەگیرێ لە لەشی منالی گەرمابردوو.
پوونگە + ڕۆن = بۆ کولنج .
ترشە سماق + گوڵاو = ئەیکەنە چاوی سووریژە دارەوە بۆ پاراستنی.
کەفی ماشی ڕەش + سابوونی ڕەقی = ئەخرێتە سەر سێبەنەی منالێك میزبکات بەخۆیا.
هەنگوین + توور = بۆ گرفت.
هێلکە + ڕۆن + ترش = بۆ وەستانەوەی سك چوون.
تۆراخ + فەریکە قەزوان =بۆوەستاندنی سك چوون.
گۆشت + زیرە = ئەکرێت بە شفتەو ئەخرێتە سەر لاجانگ بۆ سەرئێشە.
گوشتی گا + تالی‌شاری = ئەخرێتە سەر موسلانی منال بۆ باژیلە.
کووزەلە + ئالەت + زەنجەفیل = بۆئەوە بەکاری دێنن کەمنالی پێ‌لە باربەرن، (ئافرەتێك سکی پربێ‌و بیەوێ سکەکەی فرێبدا).
مێوژە ڕەشکە + سیر = بۆ مایەسیری ئەیخۆن.

* مورووبەکی یاقیق ئەخرێتە ئاگرەوە لەلایەن یەکێکەوە کە وومی بێت [ووم دار ئەوکەسەیە کە لە باووباپیریەوە بۆی‌ماوەتەوە گوایە دەستی بە فەرە] تا سوورئەبێتەوە دوایی ئەنرێ بە سەروی ناوچاوانی منالا وە ئەی‌سوتێنن دایکەکەی سێ رۆژ لەسەر یەك تفی خۆی لێ‌ئەدا تا شوێنی سووتانەکە ئەبێ بە برین، ئەمەش بۆ چارکردنی منالی خەرکانەدارە دوای‌ئەم هەنگاوە مەلحەمێك دروست ئەکرێ لە :

خەنە + قەترانی خەرکانە (وەکو دۆشاوی رەش وایە) + رۆنێ بێگانە (رۆنی مالێکی‌تر) = ئەدرێ لە برینی خەرکانەکە.

*جۆ + گەلابی + مەرداسەنگ (وەکو گوگردە بەلام ئەم سوورە) + گوگرد + زاخ + خەنە + رۆن + دووکەلی بن مێچ + ۆرنج + ترش + گەلای دارەبەن = ئەمانە هەموویان پێیان ئەوترێ (حەوت دەرمانە) بۆ کەچەلی بەکاری‌دێنن گەلای دارەبەن ئەکولێنرێ تا دۆشاوێکی خەستی لێ دەرئەچێ وە ئەیدەن لە سەری کەچەل.

* گەلاگایمە : گەلایەکی گەورەیە ئەکرێ بە مووشەماو ئەدرێ‌لە پشت بۆ باداری.

* بابنی پیچ : بەری گیایە لەگەل حەوت دەنك ریقنەی چۆلەکە بۆ ژانەسکی منال.

* قژی ئافرەت: ئەهینرێ بەناو دەمی منالا بۆ بۆقژە.

* توێکلی شووتی + رۆنی کزن = بۆ کەچەلی.

* خۆی هاراو + خەلووزی هاراو = بۆ پاك کردنەوەی دەم ودان.

* رۆنی دووگ + کزنی سووتاو = بۆ کەچەلی.

٢ - چارەکردەن بە بێ‌دەرمان:

بە دوو جۆر نەخۆشی چار ئەکرێ :

أ - بە بروا کە لەفۆلکلۆری ئاینەوانیا بەدرێژی ئەی‌خوێننەوە.

ب - بە کردار کە ئەمانەن:

* ناوك گرتنەوە : بە پەت . بەکووپەلە . بەسەرمەقولات بردن. بە خوراتەکاندن

بەمەرجێ قاچی لە زەوی ببڕێت.

* دڵ گرتنەوە : بە دەست خستنە سەر سك.
* کوڵنج بە شێلان.
* فریشك گرتنەوەی منداڵ : بۆ فریشك کەوتن.
* مەلاشوو هەڵ دانەوەی منداڵ بۆ چاك بوونی خێلی.
* شکاویو لەجێچوون گرتنەوە و چاك کردنەوە.
* شمشماڵ ژەندن بۆ یەکێ کە ئەسپەك گرانەتا لێیدابێ.
* دەست بە سکا هێنان بۆ گرفت.
* تیرۆك بە پشتا هێنان : بۆ پشت وەرگەڕان.
* ئەڵقەرێز : بە بەیانیان ئەهێنرێ بەلالغاوەدا بۆ لغاوەبرە.
* ...بنی مەلاشوو لە تەپڵی سەرا: بۆ خروزەك.
* ئاڵووگرتنەوە : پەنجە ئەکرێ بە قوڕگا بو تەقاندنی.
* ناوچەوان و ڕومەت جنین بە نەشتەر : بۆ ماشەرا (نەخوشی‌یەکە دەم وچاو گیف ئەکاو سووریئەکاتەوە).

* زەرو : ئەنرێت بە پێستەوە خوێنی پیس هەڵئەمژێ.
* کەڵەشاخ : بۆخوێن گرتنی پشت و ناوشان و بۆگەستنی مار.
* خوێن گرتنی ژێر زمان و بن گوێچکە.
* نەخۆش خستنە ئاوی ساردەوەو داچڵەکاندنی، بۆ پەڕاندنی لەرزو تا.
* پووشینی ڕەش: بۆفێ لێهاتوو ئەدرێ بەسەریا.
* کۆپان: منداڵێ کە دەردەکۆپانی بێت ئەخرێتە ناو کۆپانێکەوە.
* بۆ ترس دەرکردنیمنداڵ: سێ ئێوارە لەسەریەك لە بەردەرگای ماڵ پشکۆ ئەکوژێنرایەوە بەسەر منالا بۆئەوەی ترسی دەرچێت.
* پەڕ بەکارهێنان : ئەکرێ بە قوڕگا بۆ ڕشانەوە.
* گیا بەکارهێنان : ئەکرێ بەلووتا بۆ پژاندنیو ڕوون بونەوەی چاو.
* بەردی گەرم: ئەنرێ لە جێی پێوەدانی مەگەزی وەك زەردەواڵە.

* خشت گەرم کردن : مایەسیریدار لەسەری دائەنیشێ.
* تفەنگ تەقاندن بەسەر ئافرەتی ژان گرتوودا: بۆ ئەوەی زوو منالەکەی ببێ.
* بەیانیان چوونە ناو ئاوی ساردەوە پێش هەتاوکەوتن سێ ڕوژ لەسەریەك : بۆخۆربردوو.

● ● ●

تیمارکردنی ئاژەڵ

توێکڵەهەنار + ماست : بۆ برینی وولاخی بەرزە.
جەوی : بۆ برینی ئاژەڵێك کە کرمی تیا بێت.
ناوکە قەیسی تاڵ: بۆ برینی ئاژەڵێك کە کرمی تیا بێت.
گەلای قۆخ: ئەکوترێو ئاوەکەی ئەکرێتە برینی ئاژەڵ.
داخ کردن : بۆ ولاخی ژان لیهاتوو.
گوێ بریندارکردن: بۆ ولاخی ژان لێ هاتوو.
نەوتی ڕەش و
گوێنی کۆن و
تووتن و
گزگل:
بۆ برینی ولاخی بەرزە .

دۆشاوی ڕەش: بۆ مەقاوی ولاخی بەرزە.
برویش: ئەنرێ لە برین.
قوری پیس: بۆ گەڕی.
تفەنگ تەقاندن بەسەر ڕانا : بۆ پەرینی دەردی تەبەق لەناو ڕانەکەدا.
دۆی ترش: بۆدۆوکەی چاو.
ڕبەنار، ترش وخوێ: بۆنە خۆشی مریشك.

ریقنە: ئەنرێ لە ئێسکی شکاوی باڵندە.
بنێشتەتاڵ: بۆ شکاوی ئێسکی ئاژەڵ.
دۆشاوی توێکڵەداری بناووچ: بۆ برینی پشتی وڵاخی بەرزە.
سەرچـــاوە: ـ لە کتێبی [ســەرنـجێـــك لە دەروازەی فۆلـکـلۆری کوردەوە] لە بڵاوکراوەکانی نەقابەی مامۆستایان، ساڵی ۱۹٦۰ ز.

* * *

(ئەو شتانەی لە ماڵانا بەکار ئەهێنران)

١ ـ مەسینەو لەگەن، لە مس دروست ئەکرا، بۆ دەس شتن بەکارئەهات.
٢ ـ سەماوەرو قۆریی شووشەو وپیاڵەو ژێرپیاڵەو کەوچك و چاپاڵێو.
٣ ـ کورەیچالێنان بە گڵەسوور دروست ئەکرا بە خەڵوز بەکارئەهێنرا.
٤ ـ ئاگردان ـ بە گڵەسوور دروست ئەکراو داری ئەخرایە ژێر بۆ چێشت لێنان بەکارئەهێنرا.
٥ ـ مقەڵی زەردو ژێرمقەڵی و مقاش، ئاگری خەڵوزی گەشاوەی ئەخرایە سەرو لە مەجلیسا دائەنرا لە زستانا.
٦ ـ مەسینەی حەوت جۆش و مەسینەی مس بۆ ئاو گەرم کردن. بۆئاوەدە سخانەبەکارئەهێزا.
٧ ـ سەبەتەی پڵاوپاڵێو پڵاوی پێ ئەپاڵێوراو بۆ نان تەڕکردنیش بەکارئەهات.
٨ ـ قوڵینە: نانی تیا هەڵئەچنرا بۆ هەڵگرتن.
٩ ـ سەرهەویر: پارچەیە خام بوو ئەدرا بەسەر هەویراو لەکاتی نان تەڕکردنا ئەدرا بەسەر نان دا.
١٠ ـ سوێنە ـ بەگڵەسوور دروست ئەکرا، بۆ جل شتن بەکارئەهات.
١١ ـ تەشتی مس ـ بۆ جل شتن و هەویر شێلان بەکارئەهێنرا.
١٢ ـ سوزگی مس تەشتۆلکەیەکی کون کون بوو بۆ شت تیا ئاوەچۆڕ کردنی دوای شتنەوە بەکارئەهات.

١٣ ـ لەگەن بۆ چیشتی شلە بەکارئەهات.

١٤ ـ یەغنیکیش بۆ چیشتی شلە بەکار ئەهات.

١٥ ـ دەوریو چینی (فەغفوری) بۆ شلەو برنج.

١٦ ـ کەوچکی دار بۆ چێشت تێك هەڵدان چونکە گەرم نابێو بو چێشت خواردنیش بەکارئەهێنرا، گەورەو بچووکی هەبوو.

١٧ ـ کاسەی دار ـ بۆ ئاوودۆ خواردەنەوە بەکارئەهات.

١٨ ـ جامی فافۆن بۆ ئاوودۆ خواردنەوە بەکارئەهات.

١٩ ـ کاشی ماستاووکەوچکی ماستاوی دار بۆ مامستاوخواردنەوە بەکارئەهات.

٢٠ ـ دییزە بە گڵەسووردرووست ئەکرا بۆ ڕۆن تیا هەڵگرتن و قاورمە بەکارئەهێنرا.

٢١ ـ گۆزە بە گڵەسوور دروست ئەکرا بۆ ئاو.

٢٢ ـ دەرخۆنە بە گڵەسوور دروست ئەکرا بۆ **سەری مەنجەڵ**.

٢٣ ـ مەنجەڵی پەردەپلاو لە مس دروست ئەکرا بۆ چێشتی پەردەپلاو.

٢٤ ـ مەنجەڵی مس بۆ چێشتی شلەو برنج.

٢٥ ـ سێپا ی چێشت لێنان لە ئاسن دروست ئەکرا، داری لەژێرا ئەسوتێنرا هەموو جۆرە مەنجەڵێکی ئەخرایەسەر.

٢٦ ـ کوورەی تاس کەبابی لە گڵەسوور دروست ئەکرا ئاگری خەڵوزی تێئەکراو تایبەتی بوو بۆ لێنانی جێشتی (تاس کەبابی).

٢٧ ـ کەوگیر لە مس دروست ئەکرا بۆ تێك هەڵدانی چێشتی برنج و تێکردنی بەکارئەهێنرا.

٢٨ ـ دۆڵ و دەسکەدۆڵ لە بەردیش دروست ئەکراو لە داریش بۆ شت کوتان تیایا.

٢٩ ـ دەسکەوانەی زەرد دوبارە بۆ شت تیاکوتان.

٣٠ ـ دەستاڕ ـ لە بەرد دروست ئەکرا بۆ دانەوێڵە هاڕین وەك گەنم و ساوەرو نیسك.

٣١ ـ کەنوو ـ بە گڵەسوور دروست ئەکرا دو سێ فەردە گەنمی ئەگرت، گەنم و جۆو چڵتووکیان تیا هەڵئەگرت.

٣٢ ـ پنەو تیرۆکی دار بۆ نان کردنەوە لەسەری بەکارئەهێنرا. پنەش هەبوو لە گەچ

یا لە دار دروست ئەکرا.
٣٣ ـ کووپە بە کلەسوور دروست ئەکرا بو زەخیرە.
٣٤ ـ لەنکەری تەختە زەخیرەی لەسەر بەباڤەکرا.
٣٥ ـ شەربە بو ئاو ساردکردن بەکارئەهات.
٣٦ ـ ئەسکوی کەوچکیکی کەورەی دار بوو بەکارئەهات بو دوو ماستاوو چیشتیشی پی تی ئەکراو رونی لە دیزەدا پی دەرهینرا.
٣٧ ـ هیلەك وپیژنگ ووالابیژ بوپیژانەوەبەکارئەهات.
٣٨ ـ گومکومەی مس بو ئاوی گولاوو ئارەقی نەعنا بەکارئەهات.
٣٩ ـ کورسی تەختە بەنکی گەورە لە هاوینا هەلئەدراو خیزان لەسەری ئەنوستن و بە پەیژە بوی سەرئەکەوتن.
٤٠ ـ چیغ :ـ ئەمەش بە بەرچیغ دروست ئەکرا وە لە هاویندا وەکو ژور ئەیانگیرا بەدەوری خویانداو لەناویا ئەنوستن بوئەوەی لە سەربانانەکانیترەوە نەبینرین.
٤١ ـ شەکرشکین: ئەمەش بەکارئەهینرا بو پارچە پارچە کردنی کەللە شەکر لە شیوەی کلودا بو پیوەخواردنەوەی چای دیژلەمە .
٤٢ ـ شەکردان :ـ ئەمەش بەزوری لەسەر دار دروست ئەکرا وە کەللە شەکری لە سەر پارچە پارچە ئەکرا بە شەکرشکین.
٤٣ ـ چەپەجاخ :ـ ئەمەش لە ئاسن دروست ئەکرا وە بەکارئەهینرا بو وردکردنی گوشت و بو قیمە کردن.
٤٤ ـ گولاوپرژین :ـ گولاوپرژینی وارشاو، گولاوپرژینی شووشە. ئەمەش گولاوی تی ئەکراو ئەپرژیننرا بەسەر دەست و دەم و چاوا.
٤٥ ـ ئاشی قاوە: لە زەرد دروست ئەکرا بو هاڕینی قاوە.
٤٦ ـ جزوەو فنجانیی قاوە :ـ ئەمانەش کەرەسەیەك بوون بو لی نان و پیشکەش کردنی قاوە.
٤٧ ـ رەندەیی پەنیر :ـ ئەمەش بە زوری لە تەنەکە دروست ئەکرا وە بەکارئەهینرا بو وردکردنی سەلکە پەنیر لە شیوەیەکی ریك وپیکدا.
٤٨ ـ برخچە :ـ ئەمەش لە پارچە قوماش دروست ئەکرا وە بەکارئەهینرا بو

پێچانەوەی جل بەرگ لە ناویدا، وە هەروەها کەرەسەی خۆشتنی تیٰ ئەخراو ئەپێچرایەوە بۆ حەمام.

٤٩ ـ سندووقی بوڕاق :ـ ئەمەش لەجیاتی کەنتۆری ئێستا لە تەختە دروست ئەکرا ئاوێنەبەند بوو جل وبەرگ و بوخچەی تیادا هەڵئەگیرا.

٥٠ ـ تاسی حەمام :ـ ئەمەش لە مس دروست ئەکرا کەرەسەی خۆشتنی ئەخرایەناو، وەکو لفکەو سابوون و شانەو بەردەپێو هەندێ شتی‌تر.

٥١ ـ تەختەی حەمام :ـ بەزۆری بۆ حەمامیماڵەوە بەکاردێت بۆ دانیشتن لەسەری لەبەر گەرمی وە هەروەها لە حەمامی دەرەوەش هەر بەکاردێت.

٥٢ ـ چرا :ـ ئەمیش لە شووشە دروست کراوە وە نەوتی تیٰ ئەکرێت وە ئاگر ئەنرێت بە پلیتەکەیەوە وە بەکاردێت بۆ ڕوناکی.

٥٣ ـ قوتیلە :ـ ئەمەش هەر بەکار ئەهات بۆ ڕوناکی وەدروست ئەکرا لە تەنەکەو وە پەڕوو دەزووی ئەستوری تیٰ هەڵئەکێشراو نەوتی تیٰ ئەکراو دائەگیرسێنرا.

٥٤ ـ چرای ئاوێنە :ـ ئەمیش هەروەکو چرا وایە بەڵام ئاوێنەیەکی پێوەیە کە ڕووناکیەکە بڵاوئەکاتەوە وە ئەخرێتەسەر کورسی تەختە.

٥٥ ـ بەرماڵ :ـ ئەمیش لە بەنێکی (خوری) ڕەنگاوڕەنگ یان سادە دروست ئەکرێت وە جارجار بە نەخش و نیگارەوە بەکارئەهێنرێت بۆ نوێژکردن لەسەری.

٥٦ ـ قورئان و کورسی‌و ژێرقورئان :ـ ئەمانەش کەرەسەی قورئان خوێندنن.

٥٧ ـ کەرەسەی خەوتن :ـ وەکو لێفەو دۆشەك و سەرینی پەڕو سەرینی لۆکەو هەروەها جۆرە سەرینێکی‌تر کە پیٰ‌ی ئەوترێ پشتی.

٥٨ ـ جاجم :ـ ئەمیش هەر لە کەرەسەی بەرماڵ دروست ئەکرا بەڵام گەورەتر بوو وە بەکارئەهێنرا بۆ داپۆشنیی کەرەسەی نوستن واتە (نوێن).

٥٩ ـ باوەشێن :ـ ئەمەش لە پووش دروست ئەکرا وە دەسکێك دارینی هەبوو لە هاویندا خەڵك خۆی پیٰ فێنك ئەکردەوە، وە هەرەها لە زستاندا بەکار ئەهات بۆ گەشاندنەوەی ئاگر.

٦٠ ـ بەڕەو حەسیرو فەرش بۆ داخستن.

٦١ ـ کەرەسەی بەفر پاکردنەوەو بان گێران لە زستاندا وەکو پەیژەو بانگردێن و بەفرماڵ.

٦٢ ـ بێشکــە: ئەمــەش منـداڵی ساوای تیـا ئەکـرێتـەخـەو وە بە دەسـرازەکـانی ئەبەسرێتەوەو توندئەکرێت.

٦٣ ـ کەرەسەی منا‌ڵ :ـ ئەمیش هەروەکو بێشکە بۆ منداڵ بەکارئەهێنرێت وەکو بلوێرو قەعادەو رەوەڕۆرو جولانەی تەختە.

٦٤ ـ تەشی :ـ ئەمەش بەکارئەهێنرا بۆ ڕستنی خوری .

٦٥ ـ میچی کولێرە:ـ ئەمەش ئێسقانی هەندێ ئاژەڵ بوو (پیچکە) کە بەکارئەهات بۆ نەخشاندنی کولێرە.

٦٦ ـ بەردە یاپراخ:ـ ئەمەش هەندێ بەردی تایبەتی‌یە کە زۆر تەنك و ساف و پانە کە ئەخرێتە سەر یاپراخە لێنراوەکە لەناو مەنجەڵەکەدا بۆئەوەی هەڵنەوەشێت ئینجا سەرقاپەکەی ئەنرێتەوە.

٦٧ ـ گوش و سوژ ن:ـ ئەمەش جۆرە کەرەسەیە بەکاردێت بۆ دورینەوەی دەمی گونیە.

٦٨ ـ تەنــافی جل:ـ ئەمــەش پەتیکــە لە دوولاوە ئەبــەستــرێت وە بە بەرزەوە هەڵئەواسرێت کە دەستی ئادەمیزاد بیگاتێ وە بەکاردێت بۆ هەڵواسینی جل دوای شتنی بۆ ووشك بوونەوە.

٦٩ ـ سواڵــەت :ـ ئەمــەش بریتی‌بــوو لە پارچـە شکـاوی گۆزەو دیـزەو کووپـەو بەکارئەهات بۆ دانانی خواردن بۆ مریشك و پشیلەو سەگ.

* * *

(خواردنە کۆنەکان)

زۆر جۆر خواردن دروست ئەکرا کەئێستا زۆربەی مالآن نەیان بیستوە، تەنیا ماڵەکۆنەکان نەبێت.

ئەم خواردنە کۆنانە، هەریەکەی جۆرە تام و لەزەتێکی خۆی هەبووە هەریەکەیان جۆرە سوودێکی لێ وەرگیراوە بۆ لەشی مرۆڤ، ئێستا تەواو کەم بوونەتەوەو هاتۆتە سەر چەند خواردنێکی کەم جۆرەو بەتایبەتی شلەو برنج هەرچەندە برنج سودێکی ئەوتۆی نی یە لەوە زیاتر وورگ گەورە ئەکا، جاران هەفتەی جارێك یان دووجار لێ ئەنرا یان هەینی و هەینی، یان سێ شەممەو هەینی لێ ئەنرا لە ماڵە دەس کورتەکانیشا مانگی جارێك یان ئەم جەژن بۆ ئەو جەژن، بۆیە جاران مرۆڤی تەنگەئەستور کەم بوون و مرۆڤی جاران زوربەیان کەمەرباریك و تەمەن درێژ بوون و کەم نەخۆش ئەکەوتن.

جۆری خواردنەکان:

١ ـ ترش وتەلاش (چەوەنەر بەترش):

نیسك و نۆکیان ئەکولاندو چەوندەریشیان لە ڕەنە ئەداو لەگەڵ ڕۆنا تێیان ئەکرد وەکوو شۆربا وابوو مەزەیەکی ترشیشیان ئەداو ئەخورا، ئەم خواردنە لە زستانا زۆر لێ نراوە.

٢ ـ قالی زەنێ:

ئەم خواردنە بریتی بووە لە برنج و ڕۆن و قەیسی و کشمیش و گۆشت، بە چێشتە خۆشەی کۆن بەناوبانگ بوو.

٣ ـ بێ بەرە:

دوو سەلك ترخێنەیان ئەهێناو جوان جوان ئەیان کوڵاندو ئەخورا، هەرکەسێك تووشی هەڵامەت ببوایە، بەم چێشتە چاك ئەبووەوە، وەك دەرمان بەکار هاتوە.

٤ ـ دانوولە شێخانە:

گەنمە کوتاو لەگەڵ نۆك لێ ئەنراو (گیادانو)یان تێ ئەکرد کە گیایەکی بۆن خۆش بوو، چەند ئێسقانێکیشی تێ ئەکرا ئەم خواردنە بەزۆری لە پایزو زستانا لێ ئەنرا.

٥ ـ هەرشتە بەترش:

ئەم خواردنــە بە هەرشتــەو نیســك و چەوننــەرو دۆشــاوی تەمــاتــەو رۆن دروست ئەکراو لێ ئەنرا، وە ئەمە خواردنی زۆربەی خەڵکی بووە.

٦ ـ کەبابی بێوەژن (ترش و پیاز):

پیــازو تەمــاتــەیــان ئەجنی و ترشی کوتــراویــان پێوە ئەکردو تیکەڵیان ئەکرد ئەمە بەزۆری خواردنی خەڵکی دەست کورت بوو ئیستا بوە بە جۆرە زەڵاتەیەك.

٧ ـ گۆشت تەنوری:

کەماڵێك نانیان بکردایە، شیشێکی درێژ یان ئەهێنا پارچە گۆشتی پل گەورەی پێوە ئەکراو خوێیان پێوە ئەکردو ئەیانخستە ناو تەنورەکەوە تا ئەبرژا.

٨ ـ پرپوڵە:ـ

نیسکی خریــان ئەکــوڵانــد و کوزەڵــەیان ورد ورد ئەجنی و تێیان ئەکرد، ئاردیان ئەهێنــا لەســەر کەوڵی نان بڵاویــان ئەکــردەوەو وەکــو نان تەریــان ئەکرد واتە ئاویان لێ ئــەپــرژان، ئەبــووبــە وردە هەویــری خر خرو ئەیان کردە مەنجەڵێکەوەو تێکەڵیان ئەکرد ئەیان کوڵان ئەم خواردنە هەموو کاتێك تا کوزەڵە دەس بکەوتایە لێ ئەنرا.

٩ ـ چەن سووتەکە:

چەند سەلکەترخێنەیەکیان ئەهێناو ئەیان کولانو ساوەرو دۆشاوی تەماتەی لەگەڵ تێ ئەکراو لەگەڵ ئێسقانا ئەگەر ببوایەو نەش بوایە هیچ ئەکولێنراو ئەخورا.

١٠ ـ پییرخەنییلە:

رۆن و پیازی بۆ سوورئەکرێتەوەو دۆشاوی تەماتەی تێ ئەکرێ ئینجا پییرخەنییلە شۆراوەکەی تێ ئەکرێ کە ووردەساوەرە لێی ئەگەرێن تا ئەکولێ و بەگەرمی پێشکەش

ئەکرێ ئەم خواردنە بە پیازەوە خۆشەو خواردنێکی زستانەیە.

١١ ـ لەپەترشی:

ڕۆن و پیازی بۆ سوورئەکرێتەوەو گۆشت وە یا ئێسقانی تێ ئەکرێ لەگەل لەتکەنۆك و کشمیش و دۆشاوی تەماتەو نەعنا لەگەڵ کەمەکێ وردەبرنج، لەباتی گۆشت یان ئێسقان ئەتوانرێ سیی یان جگەری تێبکرێو یان یەکێکیان لەم دوانە، کاتی خۆی ئەمە لە شاییا پێشکەش ئەکرا.

١٢ ـ ترخێنە:

نیسکی خڕو نۆکی بۆ ئەکوڵێنرێ لەگەڵ چەوەنەری سپی خۆمان کە بۆی لە ڕەننە ئەدرێ لەگەڵ گۆشت و ئیسقانی گۆشتاویو بەهێێی لە ڕەننەدراو یان قاش کراو یان جنراو هەندێ کەیبانوو کفتەی وردیشی بۆ ئەکات لەگەل مێوژە سوورکەو کاکلە گوێزو چەند سەلکە ترخێنەیەك بەوجۆرە ئەکوڵێنرێ تا پێ ئەگات.

ئینجا پلاویکی بەزیرەی بۆ لێ ئەنرێو پێشکەش ئەکرێ. ئەمە بەتایبەتی لەڕۆژی بەفربارینا پێشکەش ئەکرێو یەکێکە لە خواردنە هەرە خۆشەکانی زستان.

١٣ ـ دۆکولیوو:ـ

ماست جوان خاوئەکرێتەوەو نەعنای ووشك یا تەڕی تێ ئەجنرێو ئەیکوڵێنن ت کوڵێ ئەدا ئینجا برنجی تێ ئەکرێو تێك ئەدرێ لەسەر ئاگرەکە تا ئەکولێو خەست ئەبێتەوە و پێشکەش ئەکرێ ئەمیش دیسان خواردنێکی زستانەی بەلەزەتە.

١٤ ـ گەنمەکوتاو:

لەپێشا ئیسقان و گوشتەکەی بۆ نیوەکوڵ ئەکرێو دوای ئەمە گەنمەکوتاوەکەی تێ ئەکرێ دوای شتنەوەی، زووزوو تێك ئەدرێ بۆئەوەی بن نەگرێو خەستیش بێتەوە، ئەمیش خواردنێکی زستانەیە. بێگومان هەموو خواردنێك خوێی تێ ئەکرێ بەگوێرەی خۆی لەگەڵ ڕۆن ئەگەر ئەو خواردنە ڕۆنی بوێ.

١٥ ـ ماشینە:

ماشە ڕەشەکە ئەکرێتە ئاو پێش ماوەیەك ئینجا ئەکوڵێنرێو دوای ئەوە ئاوەکەی ئەڕێژرێو ئاوێکی ساردی پیا ئەکرێ بۆئەوەی توێکلەکەی بەربدا. بە کەوگیر توێکلەکەی ئەگیرێو فڕێ ئەدرێو، ئینجا ڕۆن و پیازی بۆ سوورئەکرێتەوەو لەگەڵ

تۆزێ برنجی شۆراوەو پرووشێ خوێ ئەخرێتەوە سەر ئاگر تا ئەکوڵێ و گەڵێ ماڵە دەس ڕۆیشتو گۆشت و ئێسقانیشی تێ ئەکەن.

١٦ ـ پەڵپینە بەتر ش:

پەڵپینەکە ئەجنرێ دوای شتنەوەو لەگەڵ نیسکی هاڕاو دۆشاوی تەماتەو پرۆشی ترش و خوێ لەگەڵ بەگوێرەی خوێ برنج و ئەیکوڵێنن، ئەمەش خواردنێکی بەلەزەتە.

١٧ ـ سویجگەر بەتر ش:

سیوجگەرەکە جوان ئەجنرێ و کوڵێکی پێ ئەدرێ و ئاوەکەی ئەرێژرێ پێی ئەڵێن (زەردکردن) دوایی ڕۆن و پیازو دۆشاوی تەماتەو نەعنای تێ ئەکرێ و هەندێ وردە برنج ، ئەخرێتە سەر ئاگر تا ئەکوڵێ ئینجا پێشکەش ئەکرێ بەگەرمی و ئەم خواردنە جاران بەخێر ئەنێررا بۆ ماڵە دراوسێ.

١٨ ـ لەپە ساوەر:

گۆشت و ئێسقان سوورئەکرێتەوەو دوایی پیازی جنراوی تێ ئەکرێ و ئاوو ساوەرە شۆراوەکەی تێ ئەکرێ لەگەڵ بەگوێرەی خوێ خوێ و لێ ئەوەسترێ تا ئەکوڵێ ئەمەش بە ترشیات و پیازی وشك و سەوزەوە خواردنێکی بەلەزەتی زستانەیە.

١٩ ـ دۆکەشك:

کەشکەکە پێش موەیەك ئەکرێتە ئاوو دوایی لە سونیەدا ئەسوو یتەوە تا دۆیەکی خەستی لێ یەتە بەرهەم ئەخرێتە سەر ئاگر تا یەتە کوڵ و بەگوێرەی خوێ برنجی پلاوی تێ ئەکرێ و ئەخرێتە سەر ئاگر تا ئەکوڵێ و ئینجا دوای کوڵان دائەگیرێ و لە قاپێ هەرکەسەی بە ئارەزووی خوێ بۆی تێ ئەکرێ، ئەمەش خواردنێکی پڕ کالیسیومی زستانەیەو زۆریش بەلەزەتە.

٢٠ ـ قاورمەی گۆشت:

لە بەهارا ئەو ماڵەی بیبانویستایە، کارو بەرخییان ئەکری و بەخێویان ئەکرد بە پاشەرۆکی میوە وەك توێکڵە کاڵەك و شووتی لە هاویناو لە دەشت ودەری خۆیان ئەیان لەوەڕاندو گەورەیان ئەکرد تا کاتی پەڵەو دوایی پایز، هەندێ ماڵی تریش ئەمەیان نەئەکرد چونکە ئەرکی زۆر بوو خۆشیان دەس ڕۆیو بوون لە کۆتاییی پایز

یان مەڕیان ئەکرێو یان گۆشت.

ڕۆنەکەدا بۆئەوەی هەوای تێنەچێو خراپ نەبێ. ئەمە تۆزێکیش سوێرخوێ بۆیـە زۆر بەلـەزەت بوو. لە شوێنێکی فێنـك هەڵئـەگیـراو لە زستانا کەگۆشت کەم ئەبوو لە بازاڕاو خەڵکی لەبەر سەرماو سوڵە ئەوەندە کاسبیان نەئەکرد، وردە وردە لەم قاورمەیە بەڕۆنەکەیەوە دەرئەهات چ لە گۆشت بەگوێرەی ئەو خوارنە تێی ئەکراو چ لە ئێسقان دەرئەهێنراو بەکارئەهات بۆ ئەو خواردنانە ی کە بە قاورمە ئەکران وەك هێلکەو قاورمە بۆسەر قبوڵی ساوەرو هەندێ جار بۆ مزرۆکەو گەلێ خواردنی تر کە بە قاورمە ئەکرا، وەك لەپەساوەرو ئیسقانەپەراسووەکانی بۆ ژێر یاپراخ و بۆ ناو گەنمە کوتاوو گەڵی چێشتی‌تر . قاورمە وەك باستورمەیەکی کوردی وابو کەمەبەست لە هەردوکیان لە گۆشت هەڵگرتنە بۆ ماوەیەك.

ئەو خواردنانەی باسمان کردن هەرچەندە زۆر بەکەڵکن لەڕووی خۆراکیەوە بەڵام بەداخەوە باویان نەماوە بەهۆی ئەوەوە کە گوایە ئەمە شتێکی کۆنەو ئێستا سەرودەمی نوێیە. بەڵام ئەم خوارنانەی لەمەودوا باسی ئەکەین هێشتا ماون و کۆن نەبوون و لە زوربەی ماڵاندا لێ ئەنرێن :ـ

١ ـ پەردەپلاو
٢ ـ پلاو
٣ ـ قوبوولی
٤ ـ تاس کەبابی
٥ ـ کفتە
٦ ـ شلە قاورمە
٧ ـ یاپراخی تێکەڵ
٨ ـ یاپراخی گەلامێو
٩ ـ نیسکێنە
١٠ ـ سەرووپێو گیپە
١١ ـ قوبولی ساوەر
١٢ ـ سڵقاو
١٣ ـ سپێناغ و هێلکە
١٤ ـ شلەی سپێناغ
١٥ ـ ئاوو گۆشت
١٦ ـ قاورمەی نۆك
١٧ ـ کنگری کولاو
١٨ ـ کنگر ماسی
١٩ ـ مزرۆکە
٢٠ ـ قارچك و دوومەلان
٢١ ـ قەرەخەرمان
٢٢ ـ خورماوڕۆن
٢٣ ـ خورماو ڕۆنی بەهێلکە
٢٤ ـ هێلکەی کولاو

٢٥ ـ هێلکه ورۆن

٢٦ ـ هێلکەو قاورمە

٢٧ ـ هیلکه بەمزرۆکه

٢٨ ـ هێلکەی دەڵەمە

٢٩ ـ هێلکەو سلقی سوورەوەکراو

٣٠ ـ کەلانەو شلکێنە بە هەنگوین، بەدوشاو، بەشەکر.

جگە لەم خواردنانەی کە باسمان کردن رەنگە گەلێك خواردنمان بیرچوبێ و یان دەسمان نەکەوتبێ. ئەو شوربـاو شلانەی کە دروست کراون و ئێستاش دروست ئەکرێ دوور نی یە گەلێکی زۆرمان دەس نەکەوبێ وەیا هەر نەمان بیستبێ.[1]

تکای لێ بووردن ئەکەین هەروەها ئەم خواردنانەش دروستکراون و خوراون و ئێستاش لێیان ئەخورێ و دروست ئەکرێ ئەمەش ئەوانەیە کە ئێمە دەسمان کەوتوە:

١ ـ پەڵووڵە

٢ ـ توڵەکە

٣ ـ حەڵوای شەکر

٤ ـ سەمەنی

٥ ـ کولێرە بەرۆن

٦ ـ پەنجەکێشی

٧ ـ کولێرە بەچزڵێك

---

(١) هەندێ لەم خواردنانە تازە چوونەتە ناوڕیزی فولکلۆرەوەو نەماون. هەندێکی تریش کە نووسەر لای وایە ماون، هەر بەوەردە چوون. زیندووکردنەوەیان لە زۆر ڕووەوە کەڵکی هەیە هەرچەندە چێشتلێنان بە (کەتەلۆك) زۆر زەحمەتەو جێی شارەزایی ناگرێتەوە، بەڵام خۆزگە یەکێك لە کچە خوێندە وارەکانمان شارەزایی یەکی وای پەیدا ئەکرد وڕێبازێکی بۆ کەتەلۆکی خۆراکی ئێمە دائەناو بڵاوی ئەکردەوە وەکو کەتەلۆکو ڕێبازی گەلانی تر.

(ع . م . ر .)

٨ ـ کولێرە ساوەر

٩ ـ مارمارۆکە

١٠ ـ ناوەشکێنە (ناسکەنان)

١١ ـ حەڵوای دۆشاو

١٢ ـ ناوساجی

١٣ ـ کولیچە [illegible]

١٤ ـ خەپلەی ساوەر

١٥ ـ فرنیی

لەزستانیشا شەوان بەدەم یاریکردن و ڕابواردن و شەو بەسەربردن و حیکایەت کرنەوەو ئەم وردە شتانەکراون و ئەخوران:

١ ـ باسووق

٢ ـ سجووق

٣ ـ مێوژ

٤ ـ بادام

٥ ـ نۆکی برژاو

٦ ـ گوێز

٧ ـ گوێزی سوێر

٨ ـ حەڵوای گەزۆ

٩ ـ خۆشاوی مێوژ و هەرمێ

١٠ ـ مرەبا بە هەموو جۆرە میوەیەك.

تێ بیینی:

زۆر سەیر بوو چونکە جاران چێشتخانە لە حەوشە بوو وە چێشتیش لەسەر ئاگر لێ ئەنراو سەر بەرەڵڵا بوو کە بە گەڕەکێکا بڕوێشتیتایە بە بۆن ئەتزانی چ ماڵێك چییان لێ ناوە.

❊ ❊ ❊

کارەساتو بە سەرهاتی شاری سلێمانی

- ئەزانی -

لە ڕۆژنامەی (ژین) ژمارە ١٣٧٨ی ٢٣/١/١٩٥٨

لە ساڵی ١٧٨٥ کە برایم پاشای بابان بنچینەی شاری سلێمانی داناوە تا ئەمڕۆ کە ساڵی (١٩٥٧) ی‌زیە چەند کارەساتی گەورەی بەسەردا هاتووە وە هەریەکەی چەند ساڵی بەسەردا تێپەریوە . ئەگەر هەمووی کۆبکەیتەوە بە ئەبجەد ئەکاتە (شاری کولۆلێ) = ٦١٣

کارەسات	مێژووی کارەسات	تا ئەمرۆ
نەخۆشی چاوەقوولکە	١٧٩٥	١٦٢ ساڵ
روخانی حکومەتی بابان و ئاژاوە	١٨٥١	١٠٦ ساڵ
گرانی گەورەو شەڕی فارس و بایزید	١٨٧٦	٨١ ساڵ
ڕشانەوە	١٩٠٤	٥٣ ساڵ
ئاژاوەی موسڵ	١٩٠٨	٤٩ ساڵ
گرانی و لەبرسامردن	١٩١٨	٣٩ ساڵ
بەدیل گرتنی شێخ مەحمود	١٩١٩	٣٨ ساڵ
بۆمبارودمان	١٩٢٤	٣٣ ساڵ
ئاژاوەی ئەیلوول	١٩٣٠	٢٧ ساڵ
لافاوی پێشوو	١٩٣٢	٢٥ ساڵ
لافاوی ئەمجارە	١٩٥٧	

ئەم مێژووی کارەساتانە هەندێکی لە لێوەرگری ڕاست وەرم گرتووە، ئەوی تریشی بیرەوەری خۆمە پێشکەشم کرد بە مامۆستای پایەبڵند (ج. بابان). هیوا ئەکەم بۆ ئەو مێژووەی کە بەدەستی‌یەوەیە سوودی لێ وەبگرێ.

مامۆستا نەجمەدین مەلا

●●●

ڕۆژی شەشی ئەیلول، ساڵی ١٩٣٠
شەڕی بەر دەرکی سەرا

ئەم ڕووداوە لە ڕۆژی هەینیدا بووە لە سەعات نۆی زەواڵیدا پێش نیوەڕۆ لەسەر هەڵبژاردنی نوێنەری ڕاستەقینەی شاری سلێمانی. میری نەیویست نوێنەری ڕاستەقینە دەرچێت، جەماوەریش بەدەم هاوارەوە شالاویان بردە سەر داگیرکەران لەسەرادا کە هەڵبژاردن و هێزی میری لەوێ بوو، بەر بەردو قۆچەقانی‌یان دان، سەری چەند پۆلیسێك و عەسکەریان شکاند، ئەوانیش بەفەرمانی قوماندانی عەسکەری (عەلی ڕەزا بەگ) خەڵکەکەیان دایە بەر دەسرێژی تفەنگ و ڕەشاش بەدەها خەلك شەهیدو بریندار بوون وە لەدوایی‌دا بە سەدان خەڵکی نیشتمان پەروەریان خستە بەندیخانەوە، ڕۆژێ لەپێش هەراکەدا واتە ەی ئەیلول جەماوەر کۆبوونەوە لە بەر دەرکی سەرادا بۆ پڕوپاگەندە بۆ دەرچوونی نوێنەرانی ڕاستەقینەی میللەت. چەند کەسێك دەوری سەرەکی بینی لە پاڵ پێوەنانی جەماوەر بۆ پشتگیری نوێنەری میللەت و خۆپیشاندان و هاوارکردن. وە هەر لە بەدەرکی سەرا دوو دروشمیان هەڵواسیبوو لە دروشمی یەکەم نوسرابوو :

١) ڕەوابێ مەتالیبی کورد
٢) بژی عەدالەتی عوسبەتول ئومەم. ناوی چەند کەسێك لەو ڕۆژەدا شەهید کراون:

١ ـ عەولە سیس : چایچی
٢ ـ ئەلە گون سووتاو : چایچی
٣ ـ حەمە قالەی ئاغال : پانی‌بەرز دروو برای سەعە شەل
٤ ـ محەی خولە درێژ : کۆپان دروو باوکی حەمە دەمە
٥ ـ ئەحە ڕەشی حەسەنی دەروێش : شیرگەر

٦ ـ مستەفابەگی فەتاح بەگ : مەللاك

٧ ـ سەعەی حەمەی ئامی : حەماڵ

٨ ـ عەزیزی مامە حەمە : پینەچی

٩ ـ حەمە چاوشین

١٠ ـ عەلی سیوجگەر

١١ ـ ئەحمەد ناوێك : نان فرۆش

١٢ ـ هەڵۆ بەگ

تێ بینی :

کاك قادری مەلا ئەحمەدی حاجی مەلا ڕەسوڵ بۆی گێرامەوە ووتی : لەوکاتەدا من لە خەستەخانەی خوارەوە کەوتبوم لەوێ بە ڕووداوێك لە گەڕەکی خۆمان لە کۆڵان پارچەیە ئاسنی لوولم دۆزی‌یەوە خەریکی ئەوە بووم ناوەکەی هەڵکۆڵم بەدەستما تەقیـەوە مەچـەکی دەستی چەپی بردم، تومـەس ئەم پارچـە ئاسنـە هی کاتی بۆردومانەکەی ئینگلیز بووکە کردی بۆسەر سلێمانی و دەورو پشتی، لەکاتی خۆی‌دا نەتەقیوەوەو ماوەتەوە بۆ ئەم نەگبەتی‌یە، وتی :
لەوکـاتـەدا لە خەسـتـەخـانـە کوژراوو بریـنـد اریـان ئەهێنـا دوایی گوێم لێ بوو ئەیان وت : بیستونۆ (٢٩) کەس کوژراوە بە بێ بریندار .

* * *

[١] نووسەران وڕوناکبیرانی ئەوسەر دەمەی کوردستان بە شیعرو چیرۆك و پەخشان لەم کارەساتە دواون . مەسەلەکە ئەوەندە گرنگ بووە ئەگەر بمانەوێ ئەو بەرهە مەکاریگەرانە کۆبکەینەوە کتێبێکی گەورەی لێ دەرئەچێت . [نووسەر]

لافاوی سالی ١٩٣٢

له سالێ ١٩٣٢زدا لافاوێك ڕوویدا لەسلێمانی که ڕێکەوتی مانگی تشرینی دووەمی هەمان ساڵ بووه، زیانێکی زۆری له ماڵان داوەو بازاڕی پڕکردووه له ئاو، ئەوەی تیابووه نەبۆته هۆی لەناوچوونی خەڵکی. حەمدیی شاعیر له قەسیدەیەکدا باسی کارەسات و چۆنێتی ئەم لافاوه ئەکات له دیوانەکەیدا . بەم شێوەیه دەسپێ ئەکات:

لافاوی سلێمانی

ساڵی جارێ هەر ئەبێ ئەم شاره بێته مەزبەله /یابه بۆمبا یا به ئاگر یا به بارانی

پەڵه ئاگرت تێبەربێ گەردوون وا ئەبێ دەورو خولت/ نایەڵی قەت مەزرەعەی

ئومێدی کورد بێ دووپەله

بروانه دیوانی حەمدی چاپی ١٩٥٧ لاپەڕه ١٠٤-١٠٥

× × ×

لافاوی ساڵی ١٩٥٧

له ڕۆژنـامـەی (ژین) ژمـاره ١٣٦٦ی ١٩٥٧دا وا نوسـراوه: «گـەورەتـرین کارەسـات بەسـەر سلێمـانیدا دێت لافـاوێکی نیوسەعاتی لەناکاو زیانی نزیکه نیو ملیون دینار ئەداو (٣٨ - ٤٠) کەس ئەخاته ژێر گڵەوه چۆن شەقامەکان بووبوون

به ڕووبـارو لاشـەو دارو بەردو ئوتـومـبـێلی بەسـەرەوە ئەڕۆیشـتـن. ڕۆژی ١٨/١٠/١٩٥٧ سەعـات چواروده دەقیقـە بوو کە باران دەستی پێ‌کـرد بەسـەر سلێمـانی‌دا هەتـا گوێـژە. . دوای ئەوە کردی بە تەرزە کە هەر تەرزەیـەکی وەکـو هێلکەیەك گەورەتر وابوو وە ئەم باران و تەرزەیە هەتا سەعات پێنج چارەکێك کەم مایەوە دوای ئەوە ئەو بارانە کە باریبوو وە هەمووی توایەوە و شار نەیگرتە خۆی.وە بەخورِم خۆی‌دا بە سلێمانی‌دا وە لەپێشەوە لە گەڕەکی مەڵکەندی‌و پیرمەسوورەوە دەستی پێ‌کرد وە زێرابەکانی نەیگرتە خۆی وە هەمویان تەقین.

ئینجـا ئاوی لافـاوو ئاوی زێـرابـەکـان دەستیان کردبە خانوو ڕووخاندن وە هەرچی ماڵێـك لە ڕێگـای ئاوەکـەدا بوو ڕۆخـاو خەڵکی بوون بەژێـری‌یـەوە هەتـا هەندێ کەسی هێنا لەگەڵ خۆی بەسەر ئاوکەوە مردبوون.

وە لەبـەر ئەوەی کە هەمـوو خەڵـك لەدەرەوە بوون و لافـاوەکـەش لەنـاکاو هات کەس فریای ئەوە نەکەوت خۆی یان شتومەکی ڕزگار بکات، لەبەرئەوە هەرچی شت هەبوو لەناو ماڵ و شتی ناو دووکان و ئوتومبێل و عەرەبانە ئاوەکە لەگەڵ خۆی بردی وە دووکـان و خانـووی سەرشـەقـامـەکـانی سلێمـانی ئەوەی ڕووخـا ئەوەیشی نەڕووخا تا نیوەی پڕ بوو لە ئاو وە لەمانە سەرای سلێمانی بوو کە قاتی خوارەوەی پڕبوو بوو لە ئاوو لیتە وە هەروەها قەیسەری‌یەکانی ناوبازاڕ لە بەر نزمی پڕبوون لە ئاوو تەرزەو لیتاو زیانێکی زۆری لە خاوەن دوکانەکان دا چونکە فریا نەکەوتن کە شتەکانیان لابەرن وە هەتا (سێ) ٣ ڕۆژیش کرێکاری بەلەدی‌یە هەر خەریکی پاك کردنەوەی قەیسەری‌یەکان بوون.

وە لەکـاتی لافـاوەکـەدا کاربـەدەسـتـانی لیوا بە سەرۆکایەتی موتەسەریف بەسەرەوە ئەگەڕان، بەڵام زۆریی ئاوەکەو خێرایی ڕێگای کەسی نەئەدا کە بجووڵێنەوەو ئەم ئاوەو هەرچی بە سەرەوە بوو ڕووەو گەڕەکی سەرشەقام ئەڕۆی بەناو شەقامەکاندا، وە لەگـەڕەکی کانێسکـان شیـوی دۆزەخ مینـەش بەتـەواوی هاتبـووەوە کەس نەی‌ئەتوانی خۆی لێ‌دا بەڵام ئەوەی چاك بوو کە ماڵی لە بەردەم دا نەبوو هەردوو سێ ماڵ نەبێت کە زوو ڕزگارکران وە چەند ماڵێکیش پڕبو لە ئاو وە دوایی زانرا ئەو خانوانەی کە ڕووخاون ٧٤ وە نزیکەی ١٠٠ ـ ١٥٠ خانوو ئاویان تێ‌چووە.[١]

ناوی ئەوانەی کە لەم کارەساتەدا کۆچی دواییان کردووە وە خنکاون:

ناو	تەمەن	گەڕەك
١ ـ ڕەشید مەستی	٨٠ ساڵ	مەڵکەندی
٢ ـ وەستا موحەمەدی خەیات	٦٠ ساڵ	دەرگەزێن
٣ ـ عەلی تورکە	٥٠ ساڵ	مەڵکەندی
٤ـ شێخ عەبدوڵلای شێخ عومەر	٣٠ ساڵ	مەڵکەندی
٥ ـ کامیل مستەفا (قوتابی)	١٨ ساڵ	مەڵکەندی
٦ ـ دایکی کامیل	ـــ	مەڵکەندی
٧ ـ مەنیجەی عەلی موحەمەد	٦٠ ساڵ	سەرشەقام
٨ ـ فاتمە کەریم	٦٠ ساڵ	سەرشەقام
٩ ـ عەدلە ئەمین	٥٠ ساڵ	سەرشەقام
١٠ ـ ڕەعنای مەلا عەزیز	٤٥ ساڵ	سەرشەقام
١١ ـ ئەحمەد ڕەشید	٤٠ ساڵ	سەرشەقام
١٢ ـ ئاسکۆڵ شێخ موحەمەد	٣ ساڵ	سەرشەقام
١٣ ـ خەدیجەی فەقێ ڕەحیم	٣٥ ساڵ	سەرشەقام
١٤ ـ موحەمەد عەلی	٦ ساڵ	مەڵکەندی
١٥ ـ خۆشناو ڕەشید	٥ ساڵ	مەڵکەندی
١٦ ـ خەلیل عەلی تورکە	٣ ساڵ	مەڵکەندی
١٧ ـ سەرکۆ عەلی تورکە	٣ ساڵ	مەڵکەندی
١٨ ـ عەبدوڵلا جەلال	٣ ساڵ	مەڵکەندی
١٩ ـ سەلاح ئیسماعیل	٢ ساڵ	مەڵکەندی
٢٠ ـ بەکر عەبدوڵلا	٢ ساڵ	مەڵکەندی
٢١ ـ یاسین حسێن	١ ساڵ	مەڵکەندی
٢٢ ـ سوعاد حسێن	١٢ ساڵ	مەڵکەندی

٢٣ ـ گێلاس عەلی	٩ ساڵ	مەڵکەندی
٢٤ ـ ئەڵماس عەلی	٧ ساڵ	مەڵکەندی
٢٥ ـ زینەب مەجید	٧ ساڵ	مەڵکەندی
٢٦ ـ لەیلا ڕۆبین	٦ ساڵ	مەڵکەندی
٢٧ ـ سۆزان ڕۆبین	٤ ساڵ	مەڵکەندی
٢٨ ـ سەبریە مەجید	٣ ساڵ	سەرشەقام
٢٩ ـ فائیزە ڕەشید	١ ساڵ	سەرشەقام
٣٠ ـ عائیشە ئەحمەد	١ ساڵ	سەرشەقام

بێجگە لەڕۆژنامەی ژین، زۆر شاعیرو نووسەر ئەم کارەساتەیان بە شیعرو نووسین داڕشتووە.

ع٠م٠ر

تێبینی :ـ هەندێ لەو بەیان نامانەی کەلەم بەشەدا بڵاومان کردۆتەوە کە لە ساڵی بۆردوومانی شاری سلێمانیدا لەگەڵ دەرورووپشتەکەی کە ئینگلیزەکان لە ئاسمانەوە بە فڕۆکە فڕێیان ئەدایە خوارەوە لەگەڵ بەیان نامەیەك کەدوای شەری بەردەرکی سەرا واتە دوای شەشی ئەیلولی ساڵی ١٩٣٠ کە شێخ مەحمود لەسەر ئەو خوێن ڕشتنە کە میری کردی دژی خەڵکی سلێمانی جارێکی‌تر ڕاپەڕی لێیان لە شەڕی ئاوباریك دا تۆڵەی لێ‌کردنەوە میریش ئەو بەیانەی بۆ دەرکرد.

هەروەها شیعرەکەی مامۆستا (گۆران) بە یادی شەشی ئەیلولەوە لەگەڵ هەڵبەستەکەی (حەمدی صاحبقران)ی شاعیر بەسەر لافاوی ساڵی ١٩٣٢دا ئەخوێننەوە.

شەهید

« بە یادی شەشی ئەیلوول، شەڕی بەردەکی سەراوە»

هەزارو نۆصەدو سی بوو، شەشی ئەیلوول کە ڕۆژ هەڵهات:
غریوی ویستنی حەق کەوتە ناو شاری سلێمانی؛
(هەڵو بەگ) ئەو جوانەی پڕ دڵی بوو بۆ وەطەن ئاوات،
لەپێش جەمێکەوە تا بەرسەرا ڕووی هەڵمەتی هانی.

لەگەڵ یارانی ئەیوت «ئەی حوکومەت! تا نەکەی تەثبیت
حوقووقی کوردەواری، نایەوێ کورد ئینتخابات،؛
ئەوانەی بانگ کران و تۆ بە قووەت دەوریان ئەگریت:
دەنیو قازانج پەرستن، هیچ نەبێ پێیان موبالاتت!

ئەوانە کەی لە میللەت بوون هەتا تەمثیلی ڕەئیی کەن؟
حوکوومەت! ئێمە کوردین، وا ئەڵێن: «نامانەوێ نوواب
کە دوێنی غەرەز بگرن بە هەردوو دەست! وەطەن بەردەن!
نەکەی، مەشروع نییە.. دەرکە لەسەر سەودایی ئینتخاب!..»

ئەمە جوملەی قسەو ئامالی یارانی هەڵوبەگ بوو،
نە نامەشرووعی تیابوو، نە تەجاوز بوو بە ئەمنییەت..
کەچی عەسکەر بە مەترالیوزەوە بۆ قەتلی عام دەرچوو!
نزیە بەر لەتەی شەمشێر ڕژاو ئامالی میللییەت!

شەقەی شەستیرو قرچەی دەستڕێژو هەڵمەتی‌سونگی
بە خوێنی وردی بێ‌تاوان شەپۆلی خستە سەر جادە:
نەما جوانێ کە سونگی نەیسمیێ صەد کەڕەت سنگی،
نەما پیرێ لە ڕیزی گوللە بووبێ قەلبی ئازادە!..

هەڵۆ بەگ گوللەیی ئەووەڵ لە ڕانی دا، دووەم دەستی:
کە خۆی‌و قەومەکەی وا دی بەچەشنی شێر نرکانی،
پەلاماری کە دا بۆ ضابطێ: یەك زللە خپ خستی..
دەمانچەی سەنگ لە دەستی‌و ئاگری‌دا تاوەکوو توانی...

بەڵام فیشەك نەما، هەر ضابط و یەك دوو نەفەر کەوتن..
لەپاشا عەسکەریش دەستڕێژی لێ کردو بەلاداهات؛
لەسەر دەریایی خوێن بوو کەشتی‌یی عومری بەرەو مردن
ئەچوو، ئەیوت: خوا حافیظ، ئەوا ئەمرم وەطەن! هەیهات،

لە باوەشتا پشووی عومرم نەدی تاوێ بە سەربەستی،
هەتا مردن زڕەی زنجیری دیلی بوو لە گەردنما،
ژیانم عارو ذیللەت بوو لەژێر پێلاوی دوشمنما،
بە خوێن بێ‌و، گڵ هەڵی‌لووشێ، کە وابێ، هەیکەلی هەستی!..

خواکەی بولبولی باغی سەرا!.. هەرچەندە پاییزە،
بە خوێنی خۆم گوڵت بۆ ئاو ئەدەم، سا بۆم بلاوێنە!
لەگەڵ ئەو جوانە پاکانەی لەدەورم مەیتیان ڕیزە
لە خوێنا وێنە شێواوین، بە دایکمان بناسێنە!..

بڵێ بەو بووکی تازەی یەك شەوەم گەر هاتە سەر نەعشم،
نەڵێ خۆی بۆ وەطەن کوشت و لە ڕێی عەشقی منا نەژیا...
وەظیفەم بوو لەپێناوی وڵاتێکا سەرم بەخشم:
کە تۆی پەروەردە کرد بۆ من لە داوێنی چیاو کەژیا!..

ئەگەر خوای گەورە بەخشی پێت هەتیوێ، پێی‌بڵێ: ڕۆڵە
لە من فرمێسکی ویست باوکت، لە تۆش داوا ئەکا تۆڵە!...

(گۆران) ئەیلوولی ١٩٣٢

لافاوی سلێمانی

« ئەم هەڵبەستە لە ساڵی (١٩٣٢م) ووتراوە بەهۆی لافاوێکەوە کە گەلێ زیانی لە شاری سلێمانی داوە»

ساڵی جارێ هەر ئەبی ئەم شارە بێتە مەزبەلە
یا بە بۆمبا، یا بە ئاگر، یا بە بارانی پەڵە
ئاگرت تێبەربێ گەردوون وا ئەبێ دەوروخوولت
نایەڵی قەت مەزرەعەی ئومێدی کورد بێ دووپەلە
بۆ مەضەڕەت هەر تەنەزولتان کە فەرموو بۆ زەمین
عادەتت وایە کە کوردستان بکەیتە مەرحەلە
بۆچی بوویتە مەسخەرەی ئەرض و سەما ئەی مەملەکەت
بۆچی بوویتە مەعرەضی ئافات و فتنەو وەلوەلە
خەڵقی وەك تینووی بەراون بۆ نمێ باران کەچی
بەو نمە بارانە ئێمەت خستە ئەم مەرگەمەلە
یا بە حاڵی ئێمە گریا گۆیژە فرمێسکی بەخوڕ
هات و لێشاوی سلێمانی کە خستە زەلزەلە
هاژەیی لافاوو گرمەی هەورو چەخماخەی هەوا
لەرزی هێنایە مەلەك ئینسانی خستە هەلهەلە
سەددە هەڵ دەستێ لەبەر لافاوی کوردستان کە بێ
دجلە لێڵ و وێڵ ئەکا شەیتانە دەیخاتە پەلە
موقتەضای خاکە کە هەر شەیئیکی تێدا هەڵ کەوێ
هێندە بەرزو دیاریە وەك دارەکانی سەرکەلە

کوندەبووی نەگبەت وەهای زانی کە ئەیوانی جەمە
ئەم کەلاوانەی کە دی گڤ بوبوو ئەتووت هۆکەڵە
ئەم برینانە زەمانە هەر دەبێ سارێژی کا
(حەمدی) ئەمما بۆ ئەمەش پێویستە سەعیو حەوسەڵە
(حەمدی صاحبقران)

* * *

(١) بۆ دەقینە ـ فەقێی مزگەوتەکە خۆیو چەند فەقێی مزگەوتی ترو چەند کەسی ناسراوی گەڕەك کۆدەبوونەوەو بە کۆمەڵ و بە زەمزمە بە ماڵانی گەڕەکەوە ئەگەڕان و شتیان کۆدەکردەوە. دیارە ئەم عادەتە لە دەوری داگیرکەری عوسمانییەوە پەیدابووە، پێشتر میرەکانی بابان فەقێیان ئەژیاند.
(ع.م.ر)

(١) باوەڕی موسوڵمانان وایە لەو شەوەدا هەمووساڵێك خوا لە (أم الكتاب) دا تەمەنی خەڵکی سەلەنوێ ئەنووسێتەوە ئەوەی ناوی نەنووسرێتەوە لە ساڵی داهاتوودا دەمرێ. لەناو عەرەبی عێراقدا ئەم شەوە (ليلة المحيا)ی پێدەڵێن، لەم شەوەدا لەم ساڵانی دووایییەدا بە پۆتایی تەقەدەکرا.
(ع.م.ر)

(١) هەروەها بۆ لابردن و نەهێشتنی بەردو لمی گورچیلە.
(ع.م.ر)

(١) لە مۆسکو لە دەرمانخانەکان بۆ ئەو مەبەستە ئەیفرۆشن
(ع.م.ر)

(١) نوســەران و ڕونـاکبیـرانی ئەو سەردەمـەی کوردسـتـان بە شیعـرو چیـرۆك و پەخشان لەم کارەساتە دواون. مەسەلەکە ئەوەندە گرنگ بووە ئەگەر بانەوێ ئەو بەرهەمە کاریگەرانە کۆبکەینەوە کتیبێکی گەورەی لێ دەرئەچێت.

نووسەر

(١) بێجگە لە ڕۆژنامەی ژین بەڵکو زۆر لە شاعیران و نوسەران ئەم کارەساتەیان بە نووسین و هۆنراوە دارشتووە

(١) هۆکـەڵ : کورەگـەورەی قۆز بە جلی ئاڵ ووالآ خۆیـان ئارایـشـی ئەدەن بەرامبەر بە دەستگیرانیان بەتایبەتی لەناو جافدا.

(له یادگاری کەریم ئەفەندی غەفوور ئەفەندی ئەحمەد بەگزادە)٠

«هەندێ یادگار»

نووسەری کتێب دەربارەی ئەم یادگارانەی تۆماری کردووە نووسیوێتی: لە یادگاری کەریم ئەفەندی غەفوور ئەفەندی ئەحمەد بەگزادە (١٩٠٠ - ١٩٦٨) کە بە خەتی خۆی نووسراوە ئەم بەشانەمان لێ هەڵبژاردووە هەروەك نووسەر ئیشارەتی ئەوە دەکات کە خاوەن یادگاریا یاداشت باوکی کاك کەمال کەریمی بەڕێوەبەری کۆمپانیای نیشتمانیی تەئمینە لە سلێمانیو ئەم ئەو یادگارانەی لەوەوە دەست کەوتوە.

دیارە ئەم یاداشتانەی کەریم ئەفەندی زۆر فراوان ترەو نووسەر هەر ئەوەندەی لێ وەرگرتووە کە بە بینینی خۆی پەیوەندی بە باسی کتێبەکەیەوە واتە بە شاری سلێمانییەوە هەیە، هەرچی ئەم بەشەی یاداشتەکەشە، کە من هەموویم نەدیوە، ئەمە هەندێ ڕاستیمان نیشان ئەدات:

یەکەم: ئەمە یاداشتی کەسێکە کە تەواو لەناو ڕووداودا نەبووە بەڵام لێشی دوور نەبووە. هونەری ئەم لەوەدایە کە دەستی داوەتە قەڵەم و زۆر شتی ئەوتۆی تۆمار کردووە کە نەوەی ئەمڕۆ ئاگایان لێی نییەو زۆر شت بووە بەهۆی ئەوەی کە نەشیان بیستبێ.

دووەم: دەتوانین لەگەڵ زۆر بیرو لێکدانەوەی خاوەن یاداشت دا نەبین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو بەو بیرو لێکدانەوەیەی جۆری بیرکردنەوەی هاوشان و هاوتەمەنەکانی خۆیمان بۆ دەرئەخات کە ئەمەش شتێکە شایانی تۆمار کردنە بەتایبەتی بۆ نەتەوەیەکی وەك ئێمە کە کەم شتمان تۆمار کراوە، بۆنموونە:

دەتوانین دەربارەی ڕیزکردنی چینەکانی گەل و باس لە ڕەوشت و نەریتی کۆن کردن و پەسەندکردنی چەشنە لێکدانەوەیەکیترمان هەبێ یا لەگەڵیا نەبین، بەڵام

ئەبێ ئەوەشمان لەبیرنەچێت کە ڕژێمی سەرمایەداری لە مێژوو و ڕێڕەوی کۆمەڵ دا پلەیەکی پێشکەوتوترە لە پلەی دەرەبەگی بەڵام چەشنی دزیو چەوساندنەوەکەی شارراوەترو زۆر دوورترە لە ڕەوشت و خووو مەردایەتی‌یەوە.. لە لایەکی‌ترەوە هەموو چەشنە کێشەیەکی خوورەوشت و نەریتی کۆمەڵایەتی ناچێتە ناو جوغزی ناکۆکی‌ی چینایەتی‌یەوە بەڵکو هەندێکی بریتی‌یە لە ناکۆکی‌و گۆڕانی پشتاوپشت کە شتێکی سروشتی‌یەو لە هەموو دەورو ڕژێمێکدا دیارە.

خاوەن یاداشت هەموو شتی کۆنی لا پەسەندە، ئەمەش بەشێکە لە سروشتی ئادەمیزاد لە پەیوەندی بە یادگاری کۆنەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر لەوکاتەدا کە خۆی باسی لەش ساغی‌و کەمی نەخۆشی دەکات لە زەمانی زوودا، گورج دێتە سەر باسی ڕشانەوەکە کە چۆن هەر لە یەک ڕۆژدا بە سەدان کەسی لە تاقە شارێکی بچووکی وەک سلێمانی‌دا کوشتوە.

نازانم خاوەن یاداشت چەند نزیک بووە لە ڕووداوەکانی دەوری شێخ مەحموودی مەزنەوە، لەبەرئەوە زانیاری‌یەکانی ئەبێ لەگەڵ یاداشتی ڕەفیق حیلمی نەمردا بەراورد بکرێن بەتایبەتی کاتی بڵاوکردنەوەی هەموو یاداشتەکە کە شایانی بڵاوکردنەوەیە هەرچی باسی بۆمبارددومان و دڕەندیی ئیمپریالیزمی ئینگلیزە کە یەکەم بۆمباو فرۆکەی خۆی لە سەری کورددا تاقی کردەوە ئەوە شایەتی‌یەکی بەنرخی هاوڵاتی‌یەکی کوردستانەو بایەخی خۆی هەیە.

(ع.م.ر)

خاوەنی یادگار کەریم ئەفەندیی غەفوور

ئەفەندیی ئەحمەد بەگزادە ١٨٨٨ - ١٩٧١

«ئەتوارو ڕەوشتی میللەتی سلێمانی»

خەڵکی سلێمانی نزیکەی هەشت یەکێکی لە بەگزادەکانی بابان و سادات و ئاغاوات و کاربەدەستی گەورەی میری بوو، هەموو نەجیب و خانەدان و ساحێب مەجلیس و دیـوەخـان بوون، بەڵام حەوت بەشـەکـەی تری کە کاسبکـارو صنعـەتکـارو فەلاح و ڕەنجبـەر بوون و ئەمانەش هەموو ساحێب تەوازوع و ئیکـرام و ئەهلی جومعەو جەماعەت بوون وە لەعاستی غورەباو میوان دا زۆر بەخـزمەت بوون وە هەموویان حەزیان لە سوعبەت و گاڵتەوگەپ ئەکرد لەگەڵ یەکتریدا وە یەکتریان خۆش ئەویست و دنیایان بە پێکەنین و شتی خۆش ئەبردەسەر.

لە هەمووماڵێکی پیاوە دەوڵەمەندەکاندا لەجیاتی ئەم کورسیو مێزەی ئێستا هەیە، فەرشی نایاب و دۆشەك و پشتی بوو، بەردەوام قاوەی حازر لەسەر ئاگر بوو، وە لە هەموو ڕەفەکاندا پارچەیەك کاشیو چینیو فەخفوریو بلوریان تیا دائەنـرا، وە لە تاقـەکانی خوارەوە تاق پۆشێکی بە ساچاخ و قوزاغە تەرتیب کراوی تیـا ڕائەخـراو ئەنجا سندوقێکی لەسەر دائەنراو لەسەر سندوقەکەوە بوغچەیەك وە ئەمجا سەرپۆشێکی ئەدرا بەسەرا، لەجیاتی تەباغی چێشتی ئێستا داری سوتاندن، لە جیاتی تەباغی چای ئێستا سەماوەری زەرد کە وەکو ئاڵتوون وابوو یا سەماوەری وەرشاو، کە وەکو زیوو وابوو. لەجیاتی عەلادین لە بەعزێ ماڵا مەقەڵی پڕ لە ئاگری گەشاوە وە لە بەعزێکیتردا داری سوتاندن یا سۆپا یا کورە بوو.

بۆ شەوچـەرەی میوانیش غەیری چاو قاوە لەجیاتی تریو کاڵەك و شووتی ئێستا پرتەقاڵ و هەناری بەغا بوو. وە لە ئیشی هەویر پاقلاوەو برمەو فنجان بڕو چۆرەك و شەکرلەمەو لوقمەقازیو خانم بودیو وە لە ئەنواعی (ڕەچل) مرەباش چوار نەوعی ئەهێنـرایـە مەجلیسەوە وە لە زۆری ماڵەکاندا باسوق و خورماو گوێزو مێوژ دائەنرا.

بۆ نان خواردنیش بەزۆری پلاوو بامیو دەم پوخت و شێخ مەحشیو شلە قاورمەو تاسکەبابیو یەغنیوەزیری بوو وە بۆ دەعوەتی پیاوە گەورەکان پەردەپلاوو گیپە چێشتێکی مەقبول بوو، بەلام تەنها بۆ قاوەلتی، بۆ بەرچایی بەزۆری توراغ بوو (توراغ شتێك بوو ماستێکی زۆرخوێیی تەواوی پێوە ئەکرا ئەمجا تۆوی شویت و فەریکە قەزوان و گەلای خونچەو گولەباخی گولاوی زۆر تێئەکراو لەپاش حەل کردنی ئەخرایە ناو کیسەیەکی گەورەوە لەپاش رۆژێك بەونەوعە مانەوەی ئەمجا دەست ئەکرا بە خواردنی لە بەرچاییدا).

وە لەجیاتی ترشیات رەنگاو بوو (رەنگاو شتێك بوو وەك خۆشاوێکی لەبەینی سرکەو دۆشاودا، لە ترێ رەشکە دروست ئەکرا وە ئەخرایە ناو کوپەی گەورەوە وە لە جێگای ساردا دائەنرا بە بێدان هەر ئاو بوو تەنها رەشە هەرمێو هێشوە ترێی بەساغی تێئەکرا)

وەها باو بوو کە چێشت هەر ئێواران لێ ئەنرا، بەلام بۆ قاوەلتی کەم خێزان شتێکی بەسیت، وەکو نیمرووخ یان مێخلەمە یا مزرۆکە یا کەباب بوو وە لە مالە فەقیرەکان و ئەهلی لادێشا ساوەرو دۆینەو دۆکەشك و کەلانەو دۆکولێوو پیرخەنیلەو چەنسووتەکەو ترخێنەو ماشەرەش و شۆربای سائرە بوو.

لەبەینی عالم و جاهیل و خازیل و عادی وە شەریف و دەنیو گەورەو بچوکدا، فەرقێکی یەکجار زۆر هەبووە، فەلاحەکان چاویان لە تیجارو ئاغاو بەگ نەئەکرد، فەراش و ژنی فەراش چاویان لە کاتب و ژنی کاتب نەئەکرد، ئەوانیش چاویان لە قائمقام و ژنی قائمقام نەئەکردو هەموو کەسێك حەدی خۆی ئەزانی. وە بەقەدەر بەرەی خۆی پێی رائەکێشا زۆر لە شتی عەیب و حەرام و بێشەرعی خۆیان ئەپاراست.

- نیمرووخ: جۆرێکە لە هێلکەو رۆن.
- یەغنی وەزیری: شۆربای کندر.
- ساچاخە: ریشوەدار
- قۆزاخە: گولنگەدار
- رەچل: هەموجۆر
- فنجان پڕ: کولیچە

«ئەو ئەدەب و دیانەتە لە چیەوە بوو»

ئەو دیانەتەو ئەو رەوشتە شیرینە جوانانە کە لەو دایك و باوك و ماموٚستاو ئامـیرەکان و دیانەت پەروەرەکان بلاو ئەکرانەوە کە لە مەرکەزێکی وەکو لیوای سلێمانیدا بەغەیری ئەوەی کە لە هەموو مزگەوتێکا لەپاش جەماعەت لە هەموو نوێـژی عەسرێکـا لەلایـەن ئیمام و عالمانی دینەوە بە خوێندنەوەی ئەحادیسی پێغـەمبەرو نەسیحەتێکی زوٚری دینی هەبوو وە غەیری ئەو هەموو قوتابخانە غەیـرە رەسمیـانـەش کە لە هەمـوو گەرەکێـکـدا هەبوون ئەوەڵ و ئاخریەکەی ئیعدادیەی مولکیو ئەوەیتریش روشدیەی عەسکەری دوو مەکتەبی رەسمی تیا هەبـووە لەو دوو مەکتـەبـەدا جگە لە کاتی نوێژی نیوەروان و لە کاتی چوار فەرزەکـانی تردا قوتـابیـان لە مەکتـەبەکاندا نەئەبوون، وە بوٚ هەموو نوێژی نیوەروٚش لە هەردوو مەکتەبەکەدا لەو عالمە دینیە فازیلانەی موعەلیمی دەرسی عەرەبیو دین بوون وە لە تەفسیری قورئانی پیروٚزو ئەحادیسی پێغەمبەر دەرس و ووتنـەوەو ئیرشادی دینیان ئەکرد یان مدیر خوٚی یاخود یەکێك لەو ئامیرانەی **ساحـب تاج و نەجـمـە بوون و موعـەلـلیم بوون بە شاولْ هەمـووتەلـەبـەکـانی** کوٚئەکردەوە، وە ئەیان ناردن بوٚ تەهارەت گرتن، ئەمجا موعەللیمەکە لە کەناری ئەو حەوزە گەورەیەی لە حەوشی مەکتەبەکانا بوون، خوٚیان لە بەرچاوی قوتابیەکان دەست نوێژێکی شەرعی جوانی ئەشت و ئەیووت بە تەلەبەکان تەماشای من بکـەن، ئەبێت ئێـوەش وەکـو من دەست نوێـژ بشـوٚن بەونـەوعە، وە لەپاش دەست نوێژ شتنیان ئەمجا خوٚی ئەبوو بە ئیمامیان و پێش نوێژییان بوٚ ئەکردن وە قوتابیەکان بەونەوعە لەپشتەوە چاویان لێ ئەکرد، ئەمە قوتابیانی مەکتەبەکان بەم جوٚرە بوو، بەلام لە جهـەتی عەسکەرییەوە ئامیرانی تەعلیمی عەسکەری لەدوای تەواو بوونی دەرس ووتنەوە هەموو ئێواران و بەیانیان هەموو جارێ لە **کوٚتـایی هەمـوو دەرسێـکـدا ئەمـریـان ئەکرد بە عەسکەرەکان و ئەیان ووت پێنج وەقت** نوێژی فەرزبکەن وە دوٚعا بوٚ پادشا بکەن ئەمجا لەرووی ئەو دەرس و تەربێتە جوانانەوە لە مکاتب جیهەتی عەسکەریو قوتابخانەو مزگەوتەکاندا وەکو باس کرا

[١] شاولْ : فیکە

گەورەو بچـوکی فامـین و شەرم و ئەدەب لەدەرەجـەیـەکی وادا بوو کە چۆن ئیتاعەتی دایك و باوك و مامۆستا ئەگیرا.

هەروەها هی هەموو کەسێك ئەگیرا، کە بە تەمەن لە خۆیان گەورەتر بووایە، لەبەر ئەدەب و حەیاو شەرم هیچ کورێك نەئەچووە چایخانەوە چونکە لە چایخانەکەدا پیاوانی لە خۆیان گەورەتری تیا ئەبوو هەروەها لەبەینی موزە ..ف و کاسبەکان و ئەشراف و ئەرازیل و فەقیرو دەوڵەمەندا زۆر جیاوازی هەبوو. ئەفەندی‌یەکانی مولکی‌و عەسکەری‌یەکە چاکەت و پانتۆڵیان لەبەرئەکرد، پانتۆڵەکانیان بە عەلاگە لەسـەر هەردوو شانیـەوە هەڵ ئەواسی‌و لە دەرەلنگەکانیشیان لە دیوی ناوەوە بەم بەرو بەوبـەردا دوو قۆپچـەیـان پیـادا ئەدروو قایشێکی باریکیش لەژێر قۆنـدەرەکـانـەوە بەو دوو قوپچـەیـەوە قایم ئەکـران. لەو حاڵەتەدا کە پێوەی ئەرۆیشتن هەروەکو هیچ چرچ و لۆچێکی تیادا نەبێ وەها بوو، دەرئەکەوت کە هەر ئێستـا لە ئوتـو دراوە هەتا تەنانەت گۆرەویەکانیشیان دەرنەئەکەوت، لەو زەمانی پێشووەدا لە ئەشراف هەرکەسێك غەیری دەم وچاو بەروپشتی دەستی، هەر جێگایەکی تری دەربکەوتایە بە پیاو ی عادی‌و بێ حورمەت ئەدرایە قەڵەم، خۆ یەکجـار قیسمی زابتـەکـان و ئامیرە عەسکەری‌یەکان بەو شەرمو شکۆهو لیباسە کیبارانەوە بە بێ‌ئاوردانەوە بەم لاو ئەولا (ئوین قورمە) عەلامەتی زابتی بەسـەر شانیـانـەوەو قایشێکی بەسـورمە چنراو بەناو قەدیانەوە بەستراوە بە

قیسمی ژنانیش بە بێ‌عەباو پەچە وە یا چارشێوو پەچە بە هیچ جۆرێك لە ماڵی خۆیان دەرنەئەچوون وە چارشێو شتێك بوو گەلێ لە عەبا پانترو درێژتر بوو لە ڕەنـگی چەفیـە,سورمـەدا بـوو، هەردووقـوڵیـان تێ‌هـەڵ ئەکێشـاو لە ناوقەدیشیانەوە بە پشتێنێك لە ڕەنگی خۆی ئەبەسترا، وە پەچەکانیان لە پەچەی ئێستـا گەورەتـرو ئەستوورتر بوو و پێڵاویشیان لە لەڕەنگی سوور یان زەرد چەکمە بوو، (چەکمە شتێ بوو وەکو جزمەقووڵ بوو بەڵام دەرکیان گەلێ لە دەمی جزمە پانتر بوو) ئەویش بۆیە ئەوەیان لە پێ ئەکرد کە پێان تێبخستایە **هەموو** دەرەلنگی پولداش کراسەکانیشیان ئەکەوتە ناویەوە وە باش ئەشارایەوە، ئیتـر لەوحاڵەدا هیچ ئیمکان نەبوو کە کەس بتوانێ لەش یا دەم وچاویان یا

لیباسەکانیشیان ببینێت، قیسمی ژنانیش هەروەها لەو جیهەتەوە بوو نمونەی شەرم و حەیاو هیچ شکی تیادا نی‌یە کە ئەولادی ئەم نەوعە ژن و پیاوانە لەرووی ئەو ئەخلاق و کردەوە شیرینانەی دایك و باوك و تەربییەی ئەو نەوعە مامۆستایانەوە چ لەعاستی دایك و باوك و مامۆستایان وە چ لەعاستی هەموو کەسێك لە خۆیان بە عومر گەورەتر شەرم و ئەدەبەکەیان لە مەرکەزێکی ئەوتۆدا بوو ئەگەر ئەو تەعریفە بخرێتە سەر کاغەزو تازە پێگەیشتووەکانی ئێستا بیبینن بەپێکەنین و قەشمەری سەیری ئەکەن، بەڵام هەر ئەو ئەخلاق و ئەدەب و کردەوە شیرینانە بوو بەهۆی هەرزانیو بەرەکەت و زۆری رزق و فەرەحیو خۆشیو خواردنی هەمووکەس سحی بوو وە لەرقی یەکتری هەموو نەوعە خواردنێکیان نەئەکرد بەسەریەکاو وە لە جل و بەرگ دا لە شەوو رۆژێکدا دوو سێ جار خۆیان نەئەگۆری، لەعەسرەوە هەتا وەختی هەتاو گەرم بوون و چوونە دائیرەو بازارو سەرکارو کاسبی، سبەینێ بە یەك بیجامەی تەنك و یا فانیلەی عەلاگەو قوڵ و شان رووت کردن نەبوو، لە بـ ـازار چیان لەبەر بووایە بەدایم هەر ئەوەبوو وە ئەگەر فەسل و مەوسیمێ سەرماو گەرما جل وبەرگیان بگۆریایەو شەوو رۆژ باوە لەسەر یەك سیفەت و یەك تەبیعەت بوو، لەبەرئەوە نەخۆشی یەکجار کەم بوو، هەروەکو نەبووبێ وابوو، چونکە هەموو نەوعە نەخۆشی‌یەکیان لە سەرما یان لە گەرما وەیا لەکاتێکا دوو سێ جار سەرماو گەرما بەسەرا هاتنە بەهۆی دوو سێ جار جل گۆرینەوە وە یاخود خواردنی ساردو گەرم و ئەمانە نەخۆشی پەیدا ئەکات، بە هەمووسلێمانی تەنیا (عەزەی حەکیم ...)

ناوێك حەکیمی جولەکەو مستەفا ئەفەندی ناوێك دکتۆری عەسکەریو سەلمان ئەفەندی ناوێك جەراحی عەسکەری بوو، بە هەموو قەزای هەڵەبجەو عەشائیری ئەترافەکەی تەنها (حەکیم خوادە) حەکیمێکی جولەکەی ئێرانی تیابوو ئەویش بە ناوی (تەبیب) حەکیمی ماڵی عوسمان پاشابوو لە هەڵەبجە بوو، مەگەر چۆنها لە مانگێکدا یەکێك موراجەعەتی بکردایە لەبەرئەوەی لەو زەمانە کۆنەدا نەخۆشیو برینداری یەکجار کەم بوو، لەبەرئەوەش بوو کە زۆر ئیهتیمام نەئەدرا بە دکتۆرو خەستەخانە.

« هەرزانی شتوومەك و كەرەسە»

لە زەمـانی پێشوودا پارە بەو كەمیەوە كە هەبوو لەبەر هەرزانی ئەرزاق و هەموو كەرەسەیەك ئەو پارە كەمە ئەوەندە بەقیمەت بوو هەرچەند بەئارەزووی خۆت شتت لێ بكـرِیـایەو مەسرەفی ماڵ و منداڵت بكردایە هەر تەواو نەئەبوو، ماڵێكی ساحێب خێزان بە تەواوی رەفاهیەتەوە رۆژی بە دوو تارانی كە موعادیل (٣٧ر٥) فلسی ئێستا بوو ئیدارەی ئەكرد.

موتــەسەرِیفێك كە مەعاشەكەی دوو هەزار قرۆش بوو، كە موعادیلی هەژدە دینــارو حەوت سەدو پەنجــا فلسی ئێستــا بوو، كاتبێكی زەبتی مەحكــەمــە مەعـاشەكەی سێسەد قروش بوو كە موعادیلی دوو دینارو هەشت سەد فلسی ئێستا بوو، كرێكارێك دە سەعات زیاتر ئیشی ئەكرد رۆژانەكەی یەك تارانی بوو كە موعادیلی هەژدە فلس ئێستا بوو.

حەماڵی ووردە حەقەكەی دوو پوول بوو، بەڵام حەماڵی گەورە كۆڵ قورسەكان حەقەكەی چوار پوول بوو، واتە چوار فلسی ئێستا، لەرووی هەرزانی ئەرزاق و هەموو كەرەسەیەكەوە هەموو كەسێك بەو پارە كەمانەی دەستی ئەكەوت ئەیتوانی لەپاش تەئمینی ژیانی ماڵ و مناڵی، ئەملاكی پێ بكرِێت، چونكە حۆقەیەك گۆشت كە ئەكاتە سێ كیلۆونیو بە دوو تارانی بوو مانای سیوحەوت فلس ونیو، حۆقەیەك رۆنی خاڵسی مەرِو بزن بە سێ قران بوو كە ئەكاتە پەنجاوشەش فلسی ئێستا.

رِبەی گەنم كە بریتی‌یە لە سی‌ویەك كیلۆ نیو بە دوو تارانی واتە سی‌وحەوت فلس و نیو، سی‌و جگەرێك بە چوار پوول بوو.

ئەو هەرزانی‌و فەرەحی‌و خۆشی‌یەی ئەوسا بوون لام وایە هەمووی لە رووی ئەو دینداری‌و ئەدەب و گەورەو بچوكی‌و فامینەوە بوو كە هیچ كورێك جەسارەتی نەئەكرد بەرامبەر باوكی یا مامۆستای یان كەسێكی بەعومر لە خۆی گەورەتر دانیشێت یان بچێتە چاپخانەكانەوە.

«نەوعی پارەی ڕەواج»

لە ساڵی ١٩٠٠ م لە زەمانی حکومەتی عوسمانیدا لە شاری سلێمانی پارە زۆر کەم بووە هەروەهــا مەعاشیش کەم بوو، وە نەختێ بە نارەحەتی دەست ئەکـەوت وە ئەو پارەیــەی کە هەبـوو لەوانەی حکومەتی عوسمانی هەندێك لە ئاڵتوونی ساغ، وەکو پێنج لیرەییو دوو لیرەو نیویو یەك لیرەییو نیو لیرەییو وە چواریەك لیرەیی بوون وە هەندێك لە زیوی ساغ وەکو مەجیدی کە غازیشی پێ ئەووترا، هەروەها نیو مەجیدیو چواریەك مەجیدیو وە یەك قرۆشیش هەبووە.

وە لە مەغـشــوشــە [بیشلغ]یــەعنی پێنــج قرۆش وە دووقرۆش ونیــوی کە قرانی ڕەشیشیان پێ ئەووترا.

لەکاتێکدا کە سەربەستی بڵاوکرایەوە لە ساڵی ١٩٠٩م دا بوو لە مەسکوکاتی مەعدەن (نیکل) کە جۆرە شتێك بوو وەکو مەعدەنی ١٠ فلسی ئێستا لە (٥) پارەییو (١٠) پارەییو (٤٠) پارەییو جۆرە پارەیەکی تریش لە ووردە بە ناو شارانا بڵاوکرایەوە، یەك لیرە بە (١٠١) قروش ئەچوو کە ئەکاتە (٩٦٠) فلس، وە هەروەها تەفەروعاتەکانی تری هەر بەونیسبەتە بوو، بۆ نمونە یەك مەجیدی بە ١٩ قرۆش ئەچوو وە هەر قرۆشێکیش (٤ر١/٩) فلس بوو هەروەها قرۆشێك عیبارەت بوو لە (٤٠) پارە وە لەمیش یەك پولیو دوو پول هەبوو وە هەر پولێکی موعادیلی فلسێکە.

وە لە مەسکوکاتی ئێرانی، لە زیوی خالیس جووتە تارانیو یەك تارانی هەبوو وە لەمیش یەك پول و دوو پول هەبوو، وە هەر لە زیویش بێچو هەبوو، وە لەبابەت ڕەواجـەوە لە دەوائـیری ڕەسمیو بازارو موعـامەلەدا هیچ نەوعە جیاوازییەك لەبـەینی پارەی عوسمــانیو ئێرانیــدا نەئەکرا، تەنانەت لە بازاردا بۆ کڕین و فرۆشتن و سەوداو موعامەلە.

* * *

«ڕشانەوەکە»

ڕشانەوە کوشندەکە کە مەشهووری ئافاق بووبوو وە لە ڕەسمیا ناوی (قوولرا) بوو لە ساڵی ۱۹۰۳م.

ئەو عیللەتــە واقیع بوو، یاخوا ئیتر کەس نەیبینێ، ڕۆژ نەبوو سەد هەتا سێسەد کەس پێی نەمرێ، لە کوڕو ژن و پیاو ساغ و سەلیم و مل قەوی، بێ ئەسباب هەر لە خۆیەوە لە پڕ قوڵپێك زەرداو یا ڕەشاو ئەرشایەوە حالەن هەردوو چاوی بەقوڵا ئەچوو، زەردو ڕەش هەڵئەگیرسا، لە موودەی (۲۰) دەقیقەدا ئەمرد.

زۆر کەم واقیع ئەبوو کە ئەوەی بەیانی بڕشایەوە بکەوتایە نیوەڕۆ وەیان نیوەڕۆ بڕشایەوە بکەوتایە ئێوارە، زۆریوا هەبوو کە کوڕی یا کچی یا باوك و دایکی تووشی ئەو ڕشانەوەیە ئەبوون نەیان ئەوێرا بچن بەلای ئەو مردووەدا وە لەترسی خۆی نەوەك خۆشی توشی ببێــت، هەر ڕەحمی خوایی بوو کە ئەو مردووانــە ئەشۆران و ئەشاررانەوە. ئەهلەکەی سلێمانی ئەوەندەی تریش کەم بوو بووەوە وە هیچ کەسێك زەوقی لەسەر خواردن و خواردنەوەو لەزایزی دنیای نەمابوو. وە تا مودەتێك زك و زاش نەمابوو، وە هەچ کەسێکیش بۆ پارێزگاری خۆی بچووایە بۆ دێ وەیا جێگایەك خەڵقی ئەو جێگایە قبوڵیان نەئەکردن و دەریان ئەکردن، وە پێیــان ئەگــوتن ئێمــەش دووچاری ڕشانەوە مەکەن ئەم غەزەبە (لە الحمد) تەقریبەن هەر یەك مانگ دەوامی کرد وە ئەگەر دەوامی ببوایە بەشەر لە شاری سلێمانیدا نەئەما.

«ساڵی گرانیەکە»

لە مانگی نیسانی ١٩١٦ی میلادی موسادیفی ساڵی ١٣٣٤ هجریەوە گرانیەکی زۆر بەشیددەت و کوشندە دەستی پێکرد وە هەتا نیهایەتی کانونی یەکەمی ساڵی ١٩١٨ی میلادی موسادیفی ساڵی ١٣٣٦ی هیجری کەوا دوو ساڵ و دە مانگ بەتوندی دەوامی کرد وە لەم ماوەیەدا ڕۆژ بەڕۆژ گرانی‌تر ئەبوو وە نزیکەی چواریەکی میللەتەکە لەبرسا مردوون، وە زۆر بەزەحمەت ئەگەر کولێرەیەك کە بە دوو تارانی بوو کە موعادیلی سی‌وحەوت فلس ونیو بوو دەست کوڕێکی چالاك بکەوتایە ئەویش عیبارەت بوو لە پەمووددانەو کزنو پووشە چەڵتوك ئەگینا گەنمی هەر تیا نەبوو، ئەو کوڕەش بۆ موحافەزەی نەوەك فەقیرانی برسی بەزۆر کولێرەکەی لێ بسێنن یا لێی بفڕێنن، لەبەرئەوە کولێرەکەی بە هەردوو دەست توند یە سنگیەوە ئەنووسان، هەرچەندە هەچ کەسێکیش لەو کولێرانەی بخواردایە هەر پێی ئەمرد، لەگەڵ ئەوەشدا فەقیرانی برسی لێی کۆئەبوونەوە، پەلاماریان ئەداو کوڕەش کولێرەکەی لەژێر سنگیەوە قایم ئەکرد، ئینجا بەونەوعەش هەر کولێرەکەی پێ ڕزگار نەئەکرا وە هەر لێیان زەوت ئەکرد. لە ٣١ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩١٨دا بەموناسەبەتی ئیعلانی هودنەوە لە حەربی عوزما لە شاری سلێمانی‌دا غەیری موتەسەریفێك کە ناوی ڕەزابەگ بوو، تورك بوو، وە هەندێك لەو زابتانەش کە لەسەر مەخزەن و شت مابوونەوە، حکومەتێکی ئەوتۆی تیا نەمابوو، وە فەلاحەت و زەراعەت نەئەکرا، ئیتر ئەوەندە گرانیەکە زیاترو کوشندەتر بوو وە ڕۆژ نەبوو لە کۆڵانەکاندا خەڵك لەبرسا نەکەوتبێت و نەمردبێت.

تووی هەورامان بەوشکی حوقەی‌کەیشتە یەك لیرەی ڕەشادی وە لەباتی شەکر بەکارئەهێنرا چونکە شەکر دەست نەئەکەوت وە بە دیشلەمە چایان پێ ئەخواردەوە.

وە زۆری پیاوە گەورەکان فێری قاوە خواردنەوە بووبوون تۆوی کنکرو درکیان ئەبرژان هەندێك لەگەڵ قاوە تێکەڵیان ئەکرد وە هەندێکیش بەتەنها لێیان ئەنا لەجیاتی قاوە ئەیان خواردەوە.

بەڵام چا لەناو قوتودا بە (گەروانکە) لە ئێرانەوە ئەهات بەڵام زۆر بەگران دەست ئەکەوت.

لەگەڵ نەبوونی دەغڵ و دانیشدا حکومەت چەند مەئمورێکی بەناوی مەئموری مبایعەوە تەعین کردبوو کە لە مەلاحەکان هەچ کامیکیان لە نانی خوی کەنم جوی زیادی هەبێ بەسورەتی مبایعە بەو فیئاتەی لە حکومەتدا مۆر بوبوو بۆ ئیعاشەی جیهاتی عەسکەری و مەئموران وەرگری چونکە لەو گرانیەدا لە جیاتی ئەو پارەی غیلای مەعیشەتی ئێستا ئەدرێ ئەوسا لە طەرەف حکومەتی عوسمانیەوە لە گەنم وە رِون وە برنج لە مەخزەنی عەسکەری یەوە بەنیسبەت مەعاشەوە عەینەن ئەرزاق ئەدرا بەقیمەتێکی زۆر کەم.

زور جار لەناچاریدا فەقیری برسی کوی دریژی سەرنەبری وە سی و جکەرەکەی ئەبرژان و ئەیخوارد.

(گەروانکە): بریتی بووە لە قوتوی بچوك چای تیا بوو، دروست کرابوو لە تەنەکە هەر دوو قووتو بریتی بوو لە هۆقەیەکی ئەستەمبووڵ.

«بۆردومانەکە»

لە (٤-٥)ی مایسی ١٩٢٣ کە (کەپتان چایمەن)ی ئینگلیز لە سلیمانی دەرکرا ئەمجا حکومەتی ئینگلیز ویستی بە بۆمبارددومان سلێمانی ئیصلاح بکات وە لە پێشا هەتا چەند رۆژێك تەیارەی زۆر بەنزمی بەسەر شاری سلێمانیدا ئەسوورانەوە، تەنانەت کە خەڵك لە چایخانەکان و بەسەر بازاردا هەڵئەستان وە ئەیانویست رابکەن تەیارەچیەکان لەناو تەیارەکەوە بە دەست ئیشارەتیان ئەکردن کە دابنیشنەوە هیچ ناکەن وە بەم جۆرە هەتا چەند رۆژێك خەڵکی سلێمانیان ئەمین کردەوە، بە هیچ نەوعێك ترسی بومبارددومان لە دڵی کەسا نەما.

هەتا رۆژی ١٢ - ١٤ مایسی ١٩٢٣دا لەناکاو بەنزمی تەیارەی زور هاتە سەر شاری سلێمانی وە کتوپڕ دەستیان کرد بە بومبارددومان وە یەکەم بۆمبایان کە زۆر گەورەو موسیبەت بوو دای بە ماڵی عارف بەگی عەلافدا وە خانووەکەی بەجارێ داروو خاندو پەرش وبڵاوی کردەوە، وە هەچ ژن و پیاو منداڵ و هەرچ روح لەبەریکی تیدابوو بەساغی دەرنەچوو وە هەموو بووبوون بەژێر خانووە کەوە، وە وا دەرکەوت ئەو بۆمبایانە کە زۆر موهیم بوو بەخسوسی بۆ خانووەکەی شێخ مەحمود یان بەردابۆوەو بە قەزاو قەدەر بەرماڵی عارف بەگ کەوتبوو چونکە شێخ مەحمود، لەو تەئریخەدا گواستبویەوە خانوەکەی عیزەت بەگی عوسمان پاشای جاف کە لە نزیك خانووەکەی عارف بەگەوە بوو، بەڵام بومباکانیتری گەرچی لە هەندێك خانووی عادیش نەختێك پێ لێ روخاوە بە پارچەی ئەو بۆمبایانەی کە ئەتەقینەوە بەعزێکەس ~~بوو~~ بریندار بووبوون، ئیتر کە خەڵکی سلێمانی ئەمەیان بینی هەموو رۆژێك پێش ئەوەی دنیا رووناك ببێتەوە بە گەورەو بچوك و ژن و پیاو منداڵەوە رایان ئەکرد بۆ ژێر پردەکان و ناوچەی دەشتاییو

سەرقەبران و جێگاکانیتر کە دوور بوو وە خۆیان ئەشاردەوە وە هەتا رۆژئاوا نەبووایە وە دنیا تاریك نەبووایە نەیان ئەویرا بگەڕێنەوە ناو شارو ماڵەکانی خۆیان، وە هەروەکو سەراو حکومەت نەمابوو بازاڕو دوکان و کەسایەتیش نەمابوو شێخ مەحمودیش وەکو ئەو عالەمە ئەچوە دەرەوە، وە بەزۆری لە تەکێکەی شێخ مارف دائەنیشت کە نزیك سەرقەبران بوو لەپاش چەند رۆژێك تەیارە زۆر بەبەرزیەوە هاتە سەر شاری سلێمانی وە هەروەکو کوللە چۆن بەری ئاسمان بگرێت بەو نەوعە بەیان نامەی زۆری بلاوکردەوە کە لە شاردا خانوو نەمابوو دووسێیەك نەکەوتبێتە ناو حەوشەکەی وە لەو بەیان نامەیەدا نووسرابوو لە بەغدا فلان پاشا قەراریداوە کە لە دوو سبحەیەوە سێ رۆژ لەسەریەك جێگای شێخ مەحمود بومباردومان ئەکرێ ئەمجا ئەی ئەهلی سلێمانی وا ئاگادارتان ئەکەم ئاگاتان لە خۆتان بێت وە ئەوانەی شتی باش و خۆشەویستی هەیە لە مودەتی ئەم دوو رۆژەدا لە جێگای باش قایمی بکات] ئیتر هەر لەدوای ئەم بەیان نامەیە خەڵکی سلێمانی بەجارێ بە ئەشیاو خاوو خێزانەوە هیجرەتیان کرد بۆ دێهاتەکانی دەوروپشتی سلێمانی وە یەك ماڵە لادێ نەمابوو کە ٤ ـ ٥ ماڵی لە ئەهلی سلێمانی تیا نەبوبێت وە زۆر بەئیحترامەوە خزمەتیان ئەکردن وە ئەوەی شتەکەی ئاسان کردبوو ئەوەبوو کە لە هاوینا بوو وە هەمووکەس ئەیتوانی لە سەربان و بەردەرگاو دەشت بنوێت.

بۆمباکانی بۆمباردومانی ئەمجارە وەك هینەکانی پێشو گەورە نەبووبوون نەوعە شتێ بوون وەك چراقوتیلکە نەوتەکانی لادێ بەسەرهەچ خانوو سەربانیکا بکەوتایە وەك میزراح لەعاستی خۆی ئەخولایەوە هەتا بانەکەی کون ئەکرد وە ئەگەیشتە سەر زەل و گەلاکەی ئنجا ئاگری تێبەرئەداو ئەیسوتان وە هەچ کەسێك بچووبایە بۆ ئاکر کوژانەوەی خانووەکەی تەیارە چیەکان ئەیاندایە بەر گوللەی رەشاش.

(تەشکیلاتی نەفسی شاری سلێمانی لەتەرەف شێخ مەحموودی حوکمدارەوە)

لە رۆژی ١٨ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩١٨ م دا کە مێجەر نۆیلی حاکمی

سیاسی گەیشتە سلێمانیو بەدوای ووتار خوێندنەکەوە شێخ مەحموود کرا بە حوکمداری کوردستان وە دەستیکرد بە تەشکیلات بۆ شارەکە، شێخ قادری برای دانرا بۆ سەرلەشکرێتی (ڕەئیس ئەرکانی جەیش)وە شێخ حەمەغەریبی زاوای کرا بە وەزیری داخلیە وە لە میللەتی نەسرانی خواجە کەریم عەلەکە بوو بە وەزیری مالیە وە سەیید ئەحمەدی شێخ محەمەدی شێخ عەبدول ڕەحیم کە ناسرابوو بە سەید ئەحمەدی دان زێڕ بوو بە مودیری ئەمنیەتی عام (مدیر عام للشرطة) وە حاجی سەید حەسەن کە مامی خۆی بوو بوو بە حاکمیەتی مەحکەمەو حاجی ئاغای حەسەن ئاغای تفەنگچی باشی (طابور آغاسی‌ی ژاندرمە) وە مستەفا ئەفەندی ... ئەحمەد ئەفەندی حاجی مەحمود ئاغا کە باوکی فایق هوشیاری حاکم بوو وە مستەفا ئەفەندی حاجی ئیبراهیم ئاغا کە لە ساڵی ١٩٥٩دا لە مودیریەتی مالی قەزائی مەرکەزدا تەقاویت کرا وە لە تایەفەی فەرخەش عومەرئاغا ناوێك کە خزمی ئەو تاهیر ئەفەندی محەمەد ئەفەندی کەریم ئاغایە بوو لەگەڵ سەید ئەحمەدی دان زێڕو ئەو جمعیەتەی چووبوونە کفری مێجەر نویلی حاکمی سیاسیان لەگەڵ خۆیان هێنا بۆ سلێمانی، ئەمانە هەموو بە قۆمیسەری لەژێر ئەمرو نەزارەی مودیری ئەمینەتی عامدا بوون ئەحمەد بەگی فەتاح بەگی ئەرازی کە مەشهوورە بە حەمدی شاعیر بوو بە وەزیری گومرگ و ڕێژی تەعینی کردن وە هەموو موستەخدەم و موەزەفەکانی زەمانی حکومەتی عوسمانی هە تا نیهایەتی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩١٩ موەقەتەن هەر بەو مەعاشەی کە بووبویان لەسەر وەزیفەکانی خۆیانیانە هێشتنەوە، وە هەر لەوڕۆژەدا لەدوای تەواو بوونی خوتبەکەی مێجەرنوێل ناردی بەدوای هەموو موختاری گەڕەکەکاندا وە بانگی کردنە لای خۆی وە لە هەموو گەڕەکێکدا چەند پیرەمێردو پیرێژن و تەقاعدو ئیفلیج و گۆج و کوێرو فەقیرو لێقەوماو هەیە ناونیشانی وەرگرتن وە لە کۆتایی هەموو مانگێکدا لە بەردەمی دائیرەی سیاسیدا کە لەدواییدا کرا بە مەکتەبی فەیسەڵیە هەموویانی کۆئەکردەوە، بەناوی مەعاشەوە پارەی ئەدانێ وە هەتاوەکو نیهایەتی کانوونی دووەمی ١٩١٩ واتە دوو مانگ و دوانزە ڕۆژ بەونەوعە دەوامی کرد.

تێبینی:

_______:- خاوەنی ئەم یاداشتە کەریم ئەفەندی غەفوور ئەفەندی ئەحمەد بەگزادە لە ساڵی ١٨٨٧ز لەدایك بووە، وە لە ساڵی ١٩٧٠ز کۆچی دوایی کردووە.

وە خوێندەوارێکی ئەو سەردەمە بوە، لە زەمانی عوسمانیدا نەرمانبەر بووە.

شایانی باسە ئەم زاتە لە ساڵی ١٩٠٠دا کە هۆشی کردوەتەوە تا ساڵی ١٩٦٨ ئەو کەشکۆڵەی کە بۆی بەجێ هێشتوین کە دەربارەی مێژوو و ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و رۆشنبیری و کارەسات و بەسەرهاتی ئەم شارەی بۆ تۆمار کردوین رۆژ بەرۆژ بەمێژوو بە سەعات کە خۆی لەگەڵیا ژیاوە، ئەو بەسەرهاتانەی بە چاوی خۆی دیوە کە بایەخێکی زۆری هەیە بۆ ئەم رۆژە. وە کەڵکێکی زۆری لێ ئەبینین، کە ئەو پیاوە لەو سەردەمەدا بیری لەوە کردوەتەوە کە رۆژێك ئەبێت سوودی لێ وەرگیرێ.

خۆزگە هەموو نووسەرێك لەکاتی خۆیدا ئەم لایەنانەی سەر بە شارەکەی تۆمار ئەکرد وەك ئەم کابرایە کە نووسەریش نەبوو کۆی کردۆتەوە لەکاتی خۆیدا، ئێستا کە ئێمەش وەك میللەتانی تر کتێبخانەی کوردیمانی پێ دەوڵەمەند ئەبوو، وە جێی شانازیش بوو، نەوەی داهاتوش کەڵکێکی زۆریان لێ وەرئەگرت، لە گلەییش بەدوورنەبوون.

●●●

سەربازی بێناو

ڕۆژی ڕەشی شەشی ئەیلوول
لە سلێمانی مات و مەلوول
سەربازێکی بێپارەو پوول
خوێن گەرمێکی ئازاو عەجوول
ئەخولایەوە وەك گەردەلوول

بەدوای مەرگا هەرای ئەکرد
شالاوی بۆ دوژمن ئەبرد
لەپڕ کوژرا من نالێم مرد
کوژرا بۆ تۆ، بۆ گەلی کورد
هەموو دوژمن باسیان ئەکرد

بە جوانترین ناوونیشان
فیداکاری بۆ نیشتمان
لەپێناوی گەل و ژیان
گیانی پاکی چوو بۆ ئاسمان
بوو بە پێشەنگ بۆ شەهیدان

ئەیوت: بڵێن بە منالەکان
بە نەوەی نوێی وەرزێرەکان
لەرووی زەوی هەموو جیهان
لە گشت ڕەنگ و توخمی ئینسان
هەر کورد ماوە بە بێ گیان

(قادر برسی)

● «به بیرەوەری ی من»

نووسینی: مام برایم

بە بیرەوەری من سلێمانی تەنیا پێنج گەڕەکی گەورە بوو (سەرشەقام، دەرگەزێن، گوێژە، کانێسکان، مەڵکەندی).

ئەوسا شەقام نەبوو نە قیرتاو کراوو نە قیرتاو نەکراو، جگە لە چەند کۆلانێکی فراوان، هەموو کۆلانەکان تەنگەبەر بوون وە لە چەند شوێنێکیش دا (چوخم) هەبوو وەك چوخمەکەی سابونکەران و دەرگەزێن کە ئێستا ماون. شیوەکان سەریان نەگیرابوو، کۆلانەکان لە هاوینا تەپ وتۆزو لە زستانا هەر قورو چلپاو بوون. ئەوسا (کارەبا) نەبوو بەلام شارەوانی لەسەر سیلەکان شەو چرای دائەگیرسان. ئەوسا پرۆژەی ئاو نەبوو، هەر گەڕەکەو لە چەند کانیو کارێزێکەوە ئاویان ئەبرد وە گەلێ ماڵیش بیریان هەڵ ئەکەند.

لەبیرمە کە تازە چا داهاتبوو، لە قاوەخانەکان دا قاوەمان ئەخواردەوەو نێرگەلەمان ئەکێشا، زۆر کەس چای نەئەخواردەوە ئەیانوت: بۆ چاڵی لێ دێت. ئەوسا بەیانیان ئیمە نیسکێنەو دۆشاوی ڕەش و ئەم چەشنە خواردنانەمان ئەخوارد. بە بیرەوەری من بامێ هەر هەبووە، بەلام تەماتە نەبوو بامێمان بە زەردەچەوە لێئەنا وە هەروەها تاسکەبابێیش کاتێ کە تەماتە داهات زۆر کەس نەیان ئەخوارد. بە بیرەوەری، من لێرە هیچ قوتابخانەیەك نەبوو، یەك قوتابخانەی لەشکری نەبێت خوێندن تەنیا لە مزگەوتەکان و حوجرەکاندا هەبوو وە بەدەگمەن هەبوو کە بزانێ بەکوردی بنوسێو بخوێنێتەوە، بە تورکیو فارسی و عەرەبی گەلێ کەس هەبوون کە نامەیان پێ ئەنووسی،

جگه لەوەش کە هەر بەم زمانانە ئەیان خوێند. بەڵێ ئەوسا شارەکەمان لە گەڵی رووەوە دواکەوتوو بوو، بەڵام ئێستا لەزۆر روەوە پێشکەوتوو و رازاوەیە، وە هۆی حەسانەوەو کات بەسەربردن زۆرە بەڵام داخەکەم ئێستە:

ئەگەرچی خوێندەواری زۆرە، بەڵام وەفاداری کەمە. شەقامەکان پاکن، بەڵام زۆر دڵ پیسن. خواردنی خۆش و هۆی حەسانەوە هەیە، دەرامەت کزەو دەردی دەرون زۆرە.

ئەوسا «دراوسێتیێ» پیرۆزتر بوو، هاورێیەتی بەهێزتر بوو، پیاوەتی باوی بوو، بەڵام داخەکەم ئێستە (پارە) جێی بە زۆر سروشتی پاك و رەوشتی بەرز لێژ کردووە. ئەوسا بەخـۆراکی کەم لەگەڵ سەربەرزییا بوایە دائەکەوتین بەڵام ئێستە هەڵپە زۆرە، چاو تێر نابێ، دڵ رەقترە، بەزەیی کەم.

سەرچاوە:

گۆڤاری سلێمانی (بڵاوکراوەی شارەوانیی سلێمانی)، ژمارە (٢) ساڵی ١٩٦٨..

* * *

ا[redacted]ن

بوخلقی لوای سلیمانی
واطر[redacted]مجاوره

[redacted]

یان شاریك در [redacted] ات بشیخ محمود
افندی یان پیاو[redacted]هچ وقتیك ببیت)
او شاره یان اود[redacted]وجب عین معامله
دەبیت وك لشا[redacted]ـلیمانی لی هاتوه
وبسری گوت [redacted] یا بولی هەمو کس
اعلان کرا .

بۆ همو ضابطەکان وعسکرەکانی لوی سلیمانی

معلومەکە لەایوە دیارە کەایستا ایشی شیخ محمود تواوە وفائیدەی نیە بوایوەمدتیکي تر لای اوبمینن بەکیشتنی اماعلانە ایوە ابی درحال بۆلای اوقوماندانی عسکری قوەئی دولتی کە نزیکترە بین واثبات وجود بکن اوانەی کەدرحال دین عفوابن واوانەی مسلح دین هراووقتە معاشی مانکیك وراکرن ولەادارەیی نازەلەسلیمانی قید ابن

١٣١ مارت ١٩٢٣ — مشاور کرکوك

اعلان

برای عموم اهالی از طرف قوماندان کل قوای دولت فخیمه

در این وقت محضا تأمین اسایش واستراحت عامه حکومت می خواهد حرکات عسکری بنماید ودر این حرکات حکومت در فکر انتقام از حرکات سابق بهیچ کس نیست هر کس که این دفعه بحکومت مقاومت بنماید فقط اورا دشمن خواهد دانست واورا تنبیه خواهد کرد لهذا هر کس که سلامتی خودرا آرزو دارد از مفسدین که درداخل حدود ولایة موصل مشغول افساد هستند کناره کیری نمایند وهرکس راکه قوماندان کل دعوت نمایند لازمست بدون خوف وتلاش فی الفور حاضر بحضور شان بشود والا اورا دشمن دانسته معاملهٔ دشمن با او جاری خواهد شد

بغداد ۲۸ مارت ۱۹۲۳

اعلان رسمي

قرارمان دا كه لهم روژانه دا قوتيكي عسكريه بنيرينه سلماني بو تنظيم أدارهٔ مملكت وترتيب امور قضا ونواحي. أشراف مملكت ، روٴساى عشاير ، مأمورين حكومت ، [illegible] بوليس [illegible] و به دليكى صاف وصادق دخالت وتسليم به قوماندان أو عسكره بن ، كه اكاته سليماني.

خبردارتان ده كين آى خلقينه كه اكر ايوه مخالفت ومقابلهٔ عسكركه نكه‌ن أوآن به هيچ كلوه جى دخلى ايوه نا كه‌ن وضررتان لى ناده‌ن وهيچ اذيتيكتان پي ناكه‌يي‌ن. فقط أو كسانه كه مقابله بكه‌ن عسكر تعقيب وتأديب اوان [illegible] ده كات.

وأكر [illegible] به [illegible] مقابله عسكركه مان بكه‌ن وتفنك بو عسكر وطياره بهاويژن أوسا مسؤليت كوره أكه ويته سرأو كسانه كه مسبب بن وعسكر دست ده كات به تعقيب وتأديبيان.

باش قوماندان قوات هوائيه وعساكر بريهٔ اردوى برطانياى كوره له عراقدا
« آى روايس مارشـال » فريق اول
آردوى هوائى

CPSI 115 17 1,000 2-5-23

بيا ننامه بو كوردهكاني لواى سليماني

به پي اتفاقنامه يك كه له سال ۱۹۲۷ دا امضاى كردوه شيخ محمود تعهدى كرد بوكه له دنى يكدا له خارج حدودعراق دا اقامت بكا و به بى اذني حكومت داخلى عراق نه بيتـه وه و به هيـچ وسيله يك له له لواى سليماني و نه له هيـچ جيگايكي ترى عراق دا مداخله اداره حكومت عراق نكا .

شيخ محمود ام شرطنامهى ئمو شكاندوه و هرچند امرى پي كراوه كه خاكي عراق بجي بيهيلي اطاعت اوامرانهى نكردوه كه درلعرجي ولم چند هفته وابوردوه دا له مناطق لواى سليماني دا دستي كردوه به سوراني وه و لوئيناتشيشي كردوه كه له ضد حكومت شورش برپابكا. لبراوه امرى پي كراوه فوراً خاكي عراق بجي بهيلي واكر اطاعت ام امره نكا له حق خوى واتباعي اجرا آت لازمه اتخاذ اكرى .

بناء عليه وا اخطارتان اكه ين كه هركس پنا بدا به شيخ محمود واتباعي و يا معاونت يان بكا خوى توشي جزاى شديد اكا .

۲۰ / ۱۰ / ۱۹۳۰

أ - وەرزش لە شارەکەمانا -

جووڵانــەوەی وەرزش بە بیرەوەری چەنـد کەسـێـکـی شارەزا لە زەمــانـی عوسمانی یەکانەوە هەبووە[1] لە شارەکەمانا بەتایبەتی لە قوتابخانەکاندا.

وەك: یاری (جـومنـاستیك)و (سویدی) و (توپی‌پێ) بە میزەڵان پەرۆیان تێوە ئەپێچاو بەنیان تێوە کری ئەداو قوتابیان و منداڵان یاری‌یان پێ ئەکرد.

مامۆستای وەرزشی ئەو سەردەمە (محەمەد زەکی)ی خوشکەزای (رەشید کابان) بوو. لە زەمانی داگیرکەری ئینگلیزدا لە ساڵی ١٩١٩ تا ١٩٢٢ جووڵانەوەیەکی نوێ هاتە پێشەوە لەناو قوتابیانی (مەکتەبی نموونەی سەعادەت)دا کە لەو سەردەمەدا تاقە قوتابخانە بوو.

لە حەوشی مەکتـەبـەدا کەشوێنی (قشلەی عەسکەری تورك) بوو لەناو خۆیانا یاری‌یان ئەکرد بە توپی لاستیك و چەرم. بۆیەکەم جار توپەکە توپی ئینگلیزەکان بوو لە مەعاریفەوە بۆیان ئەهات جاروبار لەگەڵ (لیڤی‌یەکان) سەربازی ئینگلیزەکان لە دەشتی تەیارەخانەکە یاری‌یان ئەکرد بە سەرپەرشتی‌ی مامۆستا:

١ - شێخ ئەورەحمان ئەفەندی. ٢ - ئەحمەدی عەزیز ئاغا. ئەو قوتابی‌یانەی کە ئەوکاتەدا بەشداری یاریی توپیان ئەکرد:

١ - تاهیر یەجیا بەگ - مامۆستای وەرزش

٢ - قادراغای حاجی مەلا سەعید - مەللاك

٣ - غەفووری سەعید ئەفەندی - مووچەخۆر

٤ - شێخ کەریم باراوی - مامۆستا

٥ - ئەحمەدی قازی - مامۆستا

٦ ـ قالەی محێدین ـ سەرباز
٧ ـ جەمال مەجید سەلیم ـ مامۆستا
٨ ـ ساڵح عەلی ـ مامۆستای وەرزش و دیدەوان
٩ ـ ئەحمەدی ساڵح ئەفەندی ـ معاونی پۆلیس و چەند قوتابییەکیتر.

. . . .

(١) لە دەوری بابانیشدا میستەر ڕیچ باسی گەلێك چالاکیی وەرزش ئەکات.

(ع.م.ر)

وە هەروەها (نمایشی گشتی) (استعراض عام) هەر قوتابییانی نموونەی سەعادەت ساڵی ١٩٢٠ ـ ١٩٢١ لە تووی مەلیك بۆ یەکەم جار بە سەرپەرشتی کاپتان (هۆڵد) کە ئەفسەرێکی ئینگلیز بوو دەرسی ئینگلیزی پێ ئەووتن.

یارییەکانی نمایشەکە:
١ ـ سواری
٢ ـ ڕاکردن
٣ ـ جل لەبەرکردن بەخێرایی
٤ ـ کورسی کورسی
٥ ـ کەوچك و هێلکە
٦ ـ گۆرانیو هەڵپەرکێو دەهۆڵ و زورنا. وە هەروەها لەو ساڵەدا لە حەوشی مەکتەبەکەدا یاری کۆلارەی بە قوتابییەکان ئەکرد بۆ جوانترین و باشترین کۆلارە کە هەڵیان ئەدا وە بە دەها کۆلارەی ڕەنگاوڕەنگ بەئاسمانەوە دیمەنێکی جوان بوو.

تێبینی:
ـــــــ وەرزش هەموو جۆرەکانی کە بە ڕێك وپێکی دەستی پێکردبێت لەسەر یاسای وەرزشیو تیپی قوتابییان یاریزانی چاك پەیدا بووبێ جل وبەرکی تایبەتیی خۆیان بووبێت لە ساڵی ١٩٣١ دەستی پێکرد چونکە وەکو نەزانن لە ساڵی ١٩١٤ لە سەرەتای شەڕی جیهانی یەکەم تا شەڕی بەردەرکی سەرا ساڵی ١٩٣٠ ئەم شارە

تووشی ناخۆشیو نارەحەتیو تەنگوچەڵەمە بوو لەبەرئەوە ماوەی ئەوە نەبوو کە وەرزش بە ڕێکوپێکی دروست بێت هەروەها یاری (ڤالی بۆل)و (باسکت بۆڵ) هەر لەم ساڵەدا دەستی پێکرد وە زۆر جار قوتابییانی شارەکەمان بەشدارییان کردووە لەگەڵ تیپی تۆپی شارەکانیترو گشتی لە بەغداو کەرکوك بۆنموونە لە ساڵی ١٩٣٣ ـ ١٩٣٤ سلێمانی بەشداریی نمایشی گشتیی کرد کە هەموو شارەکانی عێراق بەشدارییان کرد لەو ساڵەدا سلێمانی یەکەمی وەرگرت لە ڕاکردنی (٤٠٠) مەترو دووەمی بەدەست هێنا لە هەڵدانی (ڕم) لەلایەن قوتابی (عەبدول ڕەحمان موفتی)یەوەو چەند مەدالیایەکی تریشیان وەرگرت. هەروەها لە ساڵی ١٩٣٢دا تیپی تۆپی پێی قوتابییانی سلێمانی چوون بۆ کەرکوك لەگەڵ تیپی کەرکوك یارییان کرد، لەئەنجامدا سلێمانی دوو گۆڵی کرد بەرامبەر بە یەك گۆڵ، هەروەها ساڵی ١٩٣٧ ـ ١٩٣٨ سلێمانی بەشداری کرد لە کەرکوك لە نمایشی گشتیو یاری تۆپی پێدا لەنێوان شارەکانی باکووری عێراق داو لە ئەنجامدا سلێمانی لە چەند یارییەکدا یەکەمیو دووەمی بەدەست هێنا وەك ڕاکردنی (٢٠٠)م و هەڵدانی (ڕم) لەلایەن قوتابی (ئەورەحمان موفتی)یەوە کە تائێستا ئەو وێنانەی لاماوە وە هەروەها سلێمانی لە یاری تۆپی پێدا بەر (هەولێر) کەوت و لەئەنجامدا سلێمانی بردییەوە.

وە لە ساڵی ١٩٤٥دا تیپی قوتابییانی سانەوی سلێمانی چوون بۆ کەرکوك لەگەڵ تیپی قوتابییانی سانەوی کەرکووکدا یارییان کرد لە تۆپی پێدا. لەئەنجامدا سلێمانی بردییەوە دوو گۆڵ بەرامبەر بە یەك گۆڵ.

| دیدەوانی (کەشافە)

لە زەمانی عوسمانیدا لە قوتابخانەی (ئەعدادی‌یەی موڵکی) مەشقیان بە قوتابی‌یان دەکرد و بە چەکەوە وە جلی قاوەیی‌یان لەبەر ئەکرد ئەوسا پێیان ئەووت (ئیزچی) مانای (فتوة) پاشان لە شەڕی جیهانی یەکەمەوە نەما بەهۆی تەنگوچەڵەمەی شەڕو تا هاتنی ئینگلیزو داگیرکردنی وڵات و شەڕی شێخ مەحموودی نەمر لەگەڵ ئینگلیزو بوردومانی سلێمانی‌و دەوروپشتی، تا ساڵی ١٩٢٤ کە ئەوجا هاتە سلێمانی بۆ یەکەم جار بەڵام لە ساڵی (١٩٢٥)دا دەوامی قوتابخانەکان بەڕێکوپێکی کرایەوە لەم ساڵەدا (دیدەوانی) دروست بووە بە هاتنی مامۆستا (عەبدولواحید نوری)و مامۆستا (مستەفا سائیب)و بەسەرپەرشتی مامۆستا (فوئاد رەشید).

دیدەوانی ئەکریت بەم بەشانەی خوارەوە:

١ ـ کوڕان:

لە پۆلی یەکەم تا پۆلی چوارەم پێیان ئەووترێت (بێچووەشێر ـ ئەشبال).

وە لە پۆلی پێنجەم و شەشەم پێیان ئەوترێت (دیدەوان ـ کەشافە) و ە لە ناوەندی‌دا پێیان ئەووترێت (فتوة).

شێوەی جلەکانیان پانتۆڵی خاکی کوڕان کورت یان درێژ لەگەڵ کراسێکی خاکی‌و سدارەی خاکی‌و پێڵاوەکانیان قاوەیی.

کچان:

پێیان ئەووترێت (رابەر) - (مرشدات) جلەکانیان تەنوورەی نیلی وە کاسکێتی نیلی وە کراسێکی خاکیو گۆرەویـەکانیان زەیتوونی ئیجا مامۆستای وەرزش لە هەر پۆلێـك چەنـد قوتـابـییـەکـی هەڵئـەبـژاردو ئەیـکـردن بە

دیـدەوان لە هەفتـەیـەکـدا دوو جار (دووشـەممان و پێنج شەممان) لە یاریگای قوتابخانەکەدا وەیان لە دەشت مەشقیان پێ ئەکردن وە زۆر جار بە تەپڵ و مۆزیقە ئەگـەڕان بەنـاو شاردا ئەمانیش وەکو سەرباز چەند کەسێك لەپێشەوە بە تەپڵ و مۆزیقـەوە ئەڕۆیشتن، وە هەنـدێ جار ڕۆژانی پێنج شەممەو هەینی ئەچوون بۆ دەرەوەی شار وە لەسـەرچنـارو قلیـاسـان و زۆر شوێنیتر ئەمانەوە پێیان ئەووت (موخەیەمی کەشفی، چادرگا).

تێبینی: زۆر ساڵانی ئەو سەردەمە نمایشی گشتی وە (چادرگای دیدەوانی (مخیم كشفي) ئەکرا لە بەغداد هەموو قوتابیانی شارەکان بەشداریان ئەکرد لە گۆڕەپانی (کـەشافە) کۆئەبوونەوە بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك و چادریان دا ئەکوتاو خواردنیان لەوێ دروست ئەکـردو جلیکـەشـافـەیـان لەبـەرئـەکردو مەشقیان پێئەکردن بە سەرپەرشتی مامۆستای وەرزش، ئەویش لەوێ چەند قوتابییەکی چالاك و وریای بەسەرەوە دائەنان تا ڕۆژی نمایشی گشتی کە هەموو قوتابیانی شارەکان لە یاریگای (کـەشافە) بەمەشق ئەڕۆیشتن و ئاڵای ئەو شارە لەپێش قوتابییانەوە وە لەدوای مامۆستاوە هەڵیان ئەگرت.

لە ساڵی ۱۹۳۳ ـ ۱۹۳٤ سلێمانی بەشداری کرد بە سەرپەرشتی مامۆستای وەرزش (شاکیر سەید حەکیم) وە لەو نمایشە لەبەر ئەوەی سلێمانی یەکەم دەرچوو لە ڕێکوپێکیو پاکـو تەمیـزیدا وە لە جل لەبـەرکـردندا وە لەوڕۆژەدا بەیداخی شەرەفیـان دا بە سلێمـانیو هەڵیان کرد بە سەرپەرشتی (فازیل جەمالی) کە لەو کاتەدا لەلایەن وەزارەتی زانیارییەوە دانرابوو بۆ سەرپەرشتی. ئەو شوێنانەی کە لە شارەکەمانا یاری تۆپی پێی تێدا ئەکرا:

۱ ـ یاریگای دەشتی تەیارەخانەکە شوێن گەرەکی شۆڕش (عەقاری).

۲ ـ یاریگای باخی پوورە بەگی (شوێن ئاشی ئەلەکتریکەکە) لە گەرەکی گۆیژە.

٣ ـ یاریگای بەردەمی گردی سەیوان (دەشتی فەقێیان).
٤ ـ یاریگای قوتابخانەی سانەوی دوایی بوو بە قوتابخای غازی سەرەتایی پشتی خەستەخانەی جمهوری.
٥ ـ یاریگای سانەوی کورانی سلێمانی.
٦ ـ یاریگای زانیاری خوار سانەوی کوڕان.

وە هەروەها (ڤالی بۆڵ)و (باسکت بۆڵ) لە گشت قوتابخانەکاندا دەکرا.
ئەو مامـۆستایانەی کە زۆر خزمەتی وەرزشیان کردووە لە ساڵی ١٩٣٠ تا ١٩٦٠ ئەمانە بوون:

١ ـ مامۆستای وەرزشی مەکتەبی یەکەم (شاکیر سەید حەکیم)
٢ ـ مامۆستای وەرزشی مەکتەبی دووەم (نووری حاجی ساڵح ئاغا)
٣ ـ مامۆستای وەرزشی مەکتەبی خالیدییە (تاهیر یەحیا بەگ، بابان)
٤ ـ مامۆستای وەرزشی مەکتەبی فەیسەڵیە (جەلال محەمەد سەیفوڵڵا)
٥ ـ مامۆستای وەرزشی مەکتەبی فەیسەڵیە (حسین ساڵح ئاغا غەفوور)
٦ ـ مامۆستای وەرزشی مەکتەبی ئەیوبییە (عوسمان عارف دەباغچی)
٧ ـ مامۆستای وەرزشی مەکتەبی فەیسەڵیە (ساڵح عەلی ساڵح)
٨ ـ مامۆستای وەرزشی مەکتەبی غازی (عەزیز محەمەد ڕەشید)
٩ ـ مامۆستای وەرزشی مەکتەبی مەڵکەندی (عومەر محەمەد ئەمین)
١٠ ـ مامۆستای وەرزشی مەکتەبی گۆیژە (قادر خەلیل حسەین)

سەرچاوەی ئەم بەشە:ـ
١ ـ مامۆستا فوئاد ڕەشید بەکر
٢ ـ مامۆستا ساڵح عەلی ساڵح
٣ ـ مامۆستا جەلالی ئەمین بەگ
٤ ـ عەبدول ڕەحمان موفتی

● ● ●

نمایشی گشتی (استعراض عام)

جاران پاش ئەوەی بەهار ئەهات دنیا تەشقی ئەشکاو قوتابخانەکان رۆژێکیان تەرخـان ئەکـرد بۆ نمـایشی گشتی لەنێـوان قوتـابخـانەکاندا سەرەتایی ناوەندی سانـەوی، ئنجـا پێش ئەم رۆژە هەموو قوتابخانەکان خۆیان ئامادە ئەکرد بۆ ئەو یاری‌یانەی کە لەورۆژەدا ئەکران وەکو:-

١ ـ راکردنی ١٠٠م ٢ ـ بازی بەرز ٣ ـ راکردنی ٤٠٠ م ٤ ـ یەك باز ٥ ـ سـێ‌بـاز ٦ ـ بازدان بە دار (زانە) ٧ ـ هەڵدانی سقل ٨ ـ راکردنی ناوگوێنی ٩ ـ ٨٠٠ م ١٠ ـ هەڵدانی رم ١١ ـ هەڵدانی قورس (قرص) ١٢ ـ یاری مۆز ١٣ ـ راکردنی ١٥٠٠ م ١٤ ـ راکردنی دووپشکی ١٥ ـ راکردنی بەرید ١٦ ـ یاری کەوچك و هێلکە ١٧ ـ پێش کەوتن بە سواری کەر ـ ١٨ ـ پێشکەوتن بە پاسکیل ١٩ ـ هەرەم ٢٠ ـ گوریس **کێشەکی (جرّ الحبل) ٣١ ـ ٢٠٠م.**

هەر لەم رۆژەدا هەر قوتابخانەیەك لە قوتابخانەکەی خۆیەوە قوتابیەکانیان ریز ئەکـردو دوو قوتابی هەریەکەیان بەیداخێکی لەپێشەوە هەڵئەگرت بەیاخێکیان هی عێراق و ئەوەی‌تـریـان نیشـانـەی قوتـابخـانەکەی بوو ئەرۆیشتن بەرەو دەشتی (تەیارەخانەکە) (گەرەکی شۆرش) بە تەپڵ و مۆزیقاوە تا ئەگەیشتنە ئەوێ ئنجا هەر قوتـابخـانـەیەك شوێنی دیاری کراوی هەبوو لێی ئەوەستان وە لەلایەکەوە چەند خێمـەیەك هەڵدراو بوو بۆ (موتەسەریف)و میوانەکانی وە ئەوانی تریش بەدەوری گۆرەپانەکەدا ئەوەستان هەروەها خەڵکی شارەکە ژن و پیاو ئەهاتن بۆ سەیرو ژنەکان لە لایـەکی جیـاوازەوە دوور لەپیـاوەکان دائەنیشتن ئنجا (ساڵحە فەنی) (صالح **عەلی**) کە لەوکاتەدا سەرپەرشتی‌کەری وەرزش و دیدەوانی بوو بە بۆری‌یەکی قەوان هاواری ئەکرد لە یاری‌کەرەکان کە ئامادە بن بۆ دەست پێکردنی یاریەکان وە

هەروەهــا قوتــابخــانەكان هاواری قوتابيانی خۆی ئەكرد كە بەشداری يارييەكانی دەكرد. وە بەم جۆرە يارییەكان تەواو ئەكران ئنجا دوای هەموو یارییەك یەكەم و دووەم و سێیــەم ریــزئەبوون دەچوونە لای خێمەكەی موتەسەريفەوە بۆ وەرگرتنی خەلات وە لەپــاش تەواوبــوونی گشت يارييــەكــان ئەو قوتابخانانەی كە بەيەكەم و دووەم و سێیەم دەرئەچوون خەلاتی تايبەتيان وەرئەگرت كاسی زيوی گەورە بوو، وە ئەو قوتابخانەيەی كە بە يەكەم دەرئەچوو قوتابيەكی یاریزانی باش ئەخرايە سەر شان و كاسە گەورەكەی دەدرايە دەست و هەموو قوتابيانی قوتابخانەكە لەدوايەوە هاواريان ئەكرد [هەمبۆل هەمبۆلی خۆمانە، كاسەی زيويش هی خۆمانە] بەچەپلە رێزان بەرەو ناوشار دەچوونەوە دوايی بلاوەيان لێ دەكرد.

تێبينی: ـ نمــايشی گشتی بۆ يەكــەم جار بەريكــوپێكی پێكيــان هێنابێ قوتابيانی مەكتەبی يەكەم پێكيان هێنا لە ساڵی ١٩٣١ ـ ١٩٣٢ز لە یاریگای قوتابخانەكە كە شوێنی قوتــابخانەی (فەيسەڵيە) جاران بوو بە سەرپەرشتی مامۆستای وەرزش (شاكير سەيد حەكيم).

سەرچاوە:

١ ـ مامۆستا ساڵح عەلی ساڵح چاودێری وەرزش لە بەرێوەبەرايەتی پەروەردە.

٢ ـ عەزيز محمەد رەشيد مامۆستای وەرزش.

یاریزانەکانی تۆپێ پێ
لە سالی ١٩٣٠یەوە بۆ ١٩٦٠:-

یەکـەم تیـپ کە دامـەزرا دوای شەڕی بەردەرکی سەرا سالی ١٩٣٠ لە قوتـابخـانـەی ناوەندی لە مەکتەبی یەکەم کە قوتابخانەی (فەیسەلیە) بوو بە سەرپەرشتی مامۆستای وەرزش (شاکیر سەید حەکیم)

ناوی یاریزانەکان

١ ـ محەمەد عەلی جەمیل سائیب ـ بالیۆز لە کابول ـ لە بۆمبای کوژرا
٢ ـ جەمال حاجی برایم ئاغا ـ تاجر
٣ ـ قەدری تۆفیق فکرەت ـ ئەفسەر
٤ ـ بەدیع نەزهەت ـ معاونی پۆلیس
٥ ـ شێخ قادری سەی عومەر ـ کاتبی ناحیە
٦ ـ حسەینی میرزا سالح ـ مووچەخۆر لە شارەوانی
٧ ـ عەزیزی میرزا سالح بەڕێوەبەری قوتابخانە
٨ ـ حسێنی کەریم بەگ ـ مووچەخۆر لە مالیە
٩ ـ حامید قادر سەعید ـ ئەفسەر
١٠ ـ بەهجەت عەونی ـ ئەفسەر
١١ ـ جەلال ئەمین بەگ ـ ئەفسەر
١٢ ـ تۆفیقە ڕەش ـ معاونی پۆلیس (گۆلچی)
١٣ ـ ڕۆستەم بەگەی ئەفراسیاو بەگ ـ ئەفسەر (گۆلچی)

ئەم یاریزانانەی سەرەوە یەکەم تیپ بوون کە دامەزراون وە لە ساڵی ١٩٣٢زدا چوون بۆ کەرکووك بۆ یاری لەگەڵ تیپی تۆپی پێی (کەرکووك) لەئەنجامدا سلێمانی بردیەوە بە ٢ گۆڵ بەرامبەر بە یەك گۆڵ. وە ئەو وێنەیەش وێنەی تیپەکەی سەرەوەیە پاشان هەندێ یاریزانی تریش پەیدابوون وەکو:

١ ـ عبدولرەحمان موفتی ـ ئەفسەر

٢ ـ مەحموود خەفاف ـ ـ ئەفسەر

٣ ـ عەبدوڵلابەگی حەمەعەلی بەگ ـ ئەفسەر

٤ ـ ئەحمەد بەگی مستەفا بەگ ـ ئەفسەر

٥ ـ حەمە ساڵح ژاژڵەیی ـ سەرۆکی شارەوانی (گۆڵچی)

٦ ـ خالید شەفیق بەگ ـ مامۆستا

٧ ـ جیهان بەخش ـ مامۆستا

٨ ـ ئیبراهیم فەتاح هەرمنی ـ مووچەخۆر

٩ ـ شەوکەت دەروێش ئەفەندی ـ نائیب زابت

١٠ ـ حەمەی ساڵح فەندی ـ مووچەخۆر

ئەم ١٠ قوتابیەی سەرەوە لەگەڵ (٣) یاری زانیتر بە سەرپەرشتی مامۆستای وەرزش داود ئەفەندی ساڵی ١٩٣٧ ـ ١٩٣٨ بەشدارییان کرد لە کەرکووك لەنێوان شارەکانی باکووری عێراق وە سلێمانی بەر هەولێر کەوتبوو لەئەنجامدا سلێمانی بردوویەتیەوە وە ئەم وێنەیەمان لە یاری زانی ئەو تیپە کاك (عەبدولرەحمان موفتی) وەرگرت، وە ئەم یاریزانانەش لەو کاتەدا یارییان ئەکرد ساڵانی ١٩٣٠ ـ ١٩٤٠:

١ ـ عەتای کاکە حەمە ـ ئەفسەر

٢ ـ نەجیب ئەسکەندەر ئەلەکە ـ ئەفسەر

٣ ـ عومەر سوران ـ کاسب

٤ ـ قالەی حەمەوبەگ ـ مووچەخۆر

٥ ـ مەولود مارف ـ مووچەخۆر

٦ ـ ئەنودر حەمە ئاغا ـ مامۆستای سانەوی

٧ ـ مەحمووی تۆفیق شلك ـ مووچەخۆر (گوڵچی)

٨ ـ سەعید شەفیق ـ بەڕێوەبەری تاپۆ
٩ ـ عەلی قادر ـ برین پێچ
١٠ ـ رەئووف قەرەنی ـ ئەفسەر
١١ ـ ڕەزا سەعید ـ بەڕێوەبەری گشتی لە کشتوکاڵ
١٢ ـ عەلی حاجی مەلا خالید ـ ئەفسەر
١٣ ـ عەلی حاجی محەمەد خاڵە ـ ئەفسەر
١٤ ـ عومەر حاجی فەتاح حەڵواچی ـ بەڕێوەبەری ئیعاشە (پارێزەر)
١٥ ـ حەسەن حسێن ـ بەڕێوەبەری کشتوکاڵ
١٦ ـ ئەحمەد محەمەد ـ مووچەخۆر
١٧ ـ ڕەئووفی شێخ ساڵح ـ مامۆستا
١٨ ـ عەلی ئەمین ـ مووچەخۆر
١٩ ـ ئەحمەد مەحموود بەگی جەڕڕاح ـ مووچەخۆر
٢٠ ـ تۆفیقی کەریم ئاغا ـ بازرگان
٢١ ـ ڕەئووفی سەعە دەلاك ـ پۆلیس
٢٢ ـ مستەفا ڕەشید چاوشین ـ مووچەخۆر
٢٣ ـ ڕەزا فەتاح ـ مووچەخۆر
٢٤ ـ محەمەد قودسی ـ ئەفسەر (گۆڵچی)
٢٥ ـ حەسەن ڕەشید ـ مامۆستا (گۆڵچی)
٢٦ ـ عەبدولوەهاب ڕەشید ـ (گۆڵچی)
٢٧ ـ پوتروس ئەسکەندەر ئەلەکە ـ بەڕێوەبەری کشتوکاڵ لە بەکر جۆ
٢٨ ـ کەمال ڕەشید ئەفەندی سەعاتچی ـ مووچەخۆر لە ئینحیسار
٢٩ ـ عەزیز عەبدوڵلا ـ پارێزەر
٣٠ ـ فارس خوارەحم ـ برین پێچ
٣١ ـ حەسەن ساڵح سەعید سلێمانی جەژنی ـ چەخماخساز
٣٢ ـ عەبەی مامە ـ مووچەخۆر لە سەرچنار
٣٣ ـ مستەفای حەمەی مەلا ـ برین پێچ
٣٤ ـ ئەحمەد ڕەشید فەتاح ـ مووچەخۆر لە ئینحیسار

تیپی تۆپی پێی ئەهالی لە ساڵی ١٩٣٠ - ١٩٤٠

١ - تاهیر یەحیا بەگ - مامۆستای وەرزش
٢ - خەمۆ - ئوتومبێلچی
٣ - یووسفە سوور - ئوتومبێلچی
٤ - کارنیکە سوور - کارەباچی
٥ - ئەنترانیک - کارەباچی
٦ - ئەحمەدی میرزا کەریم - قائیمقام
٧ - حەمەی ساڵح ئەفەندی - مووچەخۆر
٨ - حسێنی ساڵح ئاغا - مامۆستای وەرزش
٩ - عوسمانی حاجی عارف دەباغچی - مامۆستای وەرزش
١٠ - مەتی خۆشابا - میکانیک
١١ - شێخ قادری سەید عومەر - کاتبی ناحیە
١٢ - حەمید (جگەمیر) - گۆڵچی
١٣ - ئەسکەندەر ئەلەکسەندەریان - ئەجزاچی
١٤ - دیکران ئەلەکسەندەریان - رادیۆ فرۆش
١٥ - کەریم سۆفی ساڵح - برنج فرۆش

١٦ - [illegible]

تیپی تۆپی پێی قوتابیانی ساڵی ١٩٤٠ - ١٩٥٠

١ - عەلی ئەحمەد تەها - بەڕێوەبەری زەریبەی دەخل
٢ - غەفوور تاهیر خاڵەلە - مامۆستای وەرزش
٣ - ئەمین مەولود - بەڕێوەبەری ئینحیسار
٤ - عومەر محەمەد ئەمین - مامۆستای وەرزش

٥ ـ عومەری محەی قازی ـ مووچەخۆر
٦ ـ کەمال میرزا کەریم ـ پارێزەر
٧ ـ کەمال میران ـ بەفسەر
٨ ـ عەلی فەقێ مەحموود ـ مووچەخۆر
٩ ـ حەسەن فەرەج ـ بەقاڵی ووشکە
١٠ ـ حەمەئەمین حاجی سلۆ ـ بەقاڵی ووشکە
١١ ـ عوسمان سابیر ـ ئەفسەر
١٢ ـ عەبدوڵڵا کەریم چاوشین ـ مووچەخۆر
١٣ ـ ئیسماعیل حاجی عەبدولوەفا ـ مووچەخۆر
١٤ ـ کەمال حەمدی ـ مووچەخۆر
١٥ ـ رەزا شێخ محەمەد گوڵانی ـ مودیری پۆلیس (گۆڵچی)
١٦ ـ خەلیل ئەسکەندەر ـ مووچەخۆر
١٧ ـ عەبدولڕەحمان حاجی عەبدوڵڵا ـ کاسب
١٨ ـ عومەری عەبدولڕحمانی خامە ـ کاسب
١٩ ـ سوورێن ـ ئەجزاچی
٢٠ ـ عەزیز محەمەد ڕەشید ـ مامۆستای وەرزش
٢١ ـ قادر خەلیل ـ مامۆستای وەرزش
٢٢ ـ عەباس شەرعی ـ بازرگان
٢٣ ـ عومەری مەحموود میرزا ـ مامۆستا
٢٤ ـ حەمە فەرەج ساڵح ـ مامۆستای وەرزش
٢٥ ـ عومەر سدیق شاوەیس ـ مووچەخۆر
٢٦ ـ ئیبراهیم حاجی عەلی ـ مامۆستا
٢٧ ـ کەمال مەولوود ـ کاسب
٢٨ ـ فەیزوڵڵا ئەحمەد بابان ـ حاکم
٢٩ ـ نووری سەعید ـ مامۆستا
٣٠ ـ ئەمین شەوکەت ـ مقاول (گۆڵچی)
٣١ ـ عەبدوڵڵا میرزا مارف ـ مامۆستا

٣٢ ـ محەمەد سەعید ناسر ـ مامۆستا
٣٣ ـ عومەر حاجی مستەفا ـ مامۆستا

یاریزانەکانی تۆپی پێی ئەهالی سالی ١٩٤٠ ـ ١٩٥٠

١ ـ حەمە ئەمین ئەگلی ـ کاسب
٢ ـ خالە حەمە ـ کەوش دروو
٣ ـ جەمال ئەستەمووڵی ـ خەیات
٤ ـ عەبە ناوساجی ـ بەقاڵ
٥ ـ بەکر ئەحمەد ـ کەبابچی
٦ ـ عومەر ئەبوشوارب ـ ئوتومبێلچی لە ئەشغال
٧ ـ مەولووی چایچی ـ چایچی
٨ ـ ئەحمەد حەمدی ـ کەبابچی
٩ ـ ڕەئووف مەلا محەمەد ـ توتنچی
١٠ ـ مچە کوێر ـ ئوتومبێلچی
١١ ـ عەلی مەلا کەریم ـ بەرگدروو
١٢ ـ ڕەئووف مەجید حاجی عارف ـ دەباغچی
١٣ ـ حەمە گەلین ـ پۆلیس
١٤ ـ ئەحمەد سەلیم ـ مووچەخۆر
١٥ ـ ووسەینەلی ـ کاسب
١٦ ـ عەبدوڵلا حاجی قادر ـ عارەبانچی
١٧ ـ کەریم شەمسوڵلا ـ دەستگێر ـ عارەقی نەعنا (گوڵچی)
١٨ ـ غەفووری بایز ـ جامباز
١٩ ـ عارف حاجی بارام ـ بەفرکێش و بەردکێشی مەڵکەندی
٢٠ ـ عەبە کۆڕناڵ ـ کەوش دروو

تیپی قوتابیان لە تۆپی پێدا ساڵی ١٩٥٠ ـ ١٩٦٠

١ ـ تالیب شێخ عەلی ـ مووچەخۆر
٢ ـ یاسین حەمە ساڵح ـ مامۆستا
٣ ـ ڕەفعەتی مەلا عبدولڕەحمان ـ ماموستا
٤ ـ مەلا قادر سەعید ـ ماموستا
٥ ـ حەمەی فەتاح ـ ماموستا
٦ ـ عومەر عەزیز ئیسماعیل ـ ماموستا
٧ ـ مەحموود سابونچی ـ ماموستا
٨ ـ شەوکەتی حاجی عەلی ـ ماموستا
٩ ـ قادر کەریم (قالەڕەش) ـ ماموستا
١٠ ـ عەبدولڕەحمان قەدری ـ ماموستا
١١ ـ کەریم عەبدوڵڵا ـ ماموستا
١٢ ـ ئەحەسوور ـ ماموستا
١٣ ـ حەمە کاکە ـ ماموستا
١٤ ـ عارف حەسەن ـ ماموستا (گوڵچی)
١٥ ـ عەلی ئەحمەد حەمامچی ـ ماموستا
١٦ ـ ئەحمەدی کاکەحەمە ـ ماموستا
١٧ ـ عومەر محێدین ـ حاکم
١٨ ـ عەونی سابیر ـ موچەخۆر
١٩ ـ ئەحمەد ساڵح ـ ماموستا
٢٠ ـ عومەر نوری کەرکووکی ـ موچەخۆر
٢١ ـ عومەر نەمەڵی ـ موچەخۆر
٢٢ ـ عەبدولی سووران ـ موچەخۆر
٢٣ ـ بەهادین جەلال کابان ـ موچەخۆر
٢٤ ـ جەمال موفتی ـ موچەخۆر
٢٥ ـ فەرهاد میرزا ئەحمەد ـ دوکتور لە زانکۆ

٢٦ ـ تەها ئەحمەد تەها ـ بەڕێوەبەری ژووری بازرگانی
٢٧ ـ ڕەزاق تاهیر ـ کرێکار لە کارگەی جگەرە
٢٨ ـ فایەق تاهیر ـ مووچەخۆر
٢٩ ـ عوسمان شێخ محەمەدی بەنا ـ مووچەخۆر (گۆڵچی)
٣٠ ـ ئەکرەم مەحموود ئەحەرەش ـ مووچەخۆر
٣١ ـ مستەفای حاجی قادر ـ مامۆستا
٣٢ ـ فەرەج ئەحمەد ـ مامۆستا
٣٣ ـ نامق محی‌الدین ـ مامۆستا
٣٤ ـ کەماله سوور ـ مامۆستا
٣٥ ـ ئیسماعیل عەبدوڵلا ـ مفوض کۆچی دوایی کردوە
٣٦ ـ عومەری حەمەعەلیە کوردە ـ معاونی پۆلیس (خانەنشین)
٣٧ ـ ڕەفیق احمد بەگ ـ موچەخۆر لە بەلەدیە کۆچی دوایی کردوە
٣٨ ـ جەمال سووران ـ ئەفسەر
٣٩ ـ هیوا موفتی ـ ئەفسەر
٤٠ ـ عەلی صالح سەعید ـ بەڕێوەبەری (ئەجهیزەی دەقیقە)
٤١ ـ لەتیف شەرعی ـ لە کارگەی جگەرە
٤٢ ـ عەلی صاڵح غەفور ـ قوتابی
٤٣ ـ عبدالرزاق حاجی کەریم ـ لەئیدارەی محەلی [گۆڵچی]
٤٤ ـ دکتۆر فوئاد مەجید فەرەج ـ لێپرسراوی توتن پاکردنەوە

تیپی تۆپی پێی ئەهالی ساڵی ١٩٥٠ ـ ١٩٦٠

١ ـ عەلی ئیسماعیل ـ مووچەخۆر (گۆڵچی)
٢ ـ سەعدی مەحموود بەگ ـ لە کارگەی جگەرە
٣ ـ عەلی ئەحمەد تەها ـ مووچەخۆر
٤ ـ عوسمان محەمەد، (پیاوە بچکۆلەکە) ـ مووچەخۆر
٥ ـ عەبدوڵلا حەمەئەمین ـ قەساب

٦ ـ کەریم ئەحمەد هۆمەر ـ قەساب

٧ ـ نووری بەدەوی ـ مووچەخۆر

٨ ـ نەجمەدین حاجی صالح (نەجمەسوور) ـ کوورەچی

٩ ـ جەمشید فوئاد ڕەشید ـ مووچەخۆر

١٠ ـ قادر ڕەشید ناسکە ـ ئوتومبێلچی

١١ ـ ئەحمەدی کاکەحەمە ـ مامۆستا

١٢ ـ جەمیل نوری مەدفەعی ـ کاسب

١٣ ـ تۆما میشۆ ـ مووچەخۆر

١٤ ـ عومەری فاتە ـ قەساب

١٥ ـ ساڵەحەسوور ـ بەنا

١٦ ـ یۆنان بابا (برای عەموبابا)

١٧ ـ کەریم ئاغا ـ مووچەخۆر

١٨ ـ خەسرەو عارف نەجیب ـ کاسب

١٩ ـ موعتەسەم فەتحی ـ برین پێچ

٢٠ ـ عەبەدرکە ـ کرێکار (گۆڵچی)

٢١ ـ فەرەجی شیرین ـ قەساب

٢٢ ـ جەلال داعوری ـ کاسب

٢٣ ـ عارف حاجی ئەمین ـ موختاری مەڵکەندی

٢٤ ـ کەریم سەعید محەمەد ـ خەیات

تێبینی

ــــــــ: ـ هەندێ لەم یاریزانانەی لە تیپەکانی قوتابخانەکانداو هەندێ لەم یاریزانانەی لە تیپەکانی ئەهالیدا هەبوو، هەموو ساڵێك تیپی هەڵبژاردەی سلێمانییان پێك هێناو، وە هەندێ یاری زان لەو ساڵانەدا کە نوسراون لە ساڵانی تریشدا بەردەوام بون، هەروەها پێڵاوی یاری ئەو سەردەمە زۆر قورس بوو، بزمار قاچی یاریزانی کون ئەکرد، وە تۆپی ئەوکاتە چەرم بوو کە تەڕ ببوایە زۆر قورس ئەبو، لە سەر لێدانا سەری یاریزانی ئازار ئەدا، ئەو تۆپە زمانیشی

هەبو بە پەمپ هەوای تێئەکراو ئەخرایە ژێر چەرمەکەوە بە قەیتان توند ئەکرا دووبارە لەسەر لێداندا ئەو قەیتان و زمانە بەر سەر بکەوتایە یاریزانی تەواو ئازار ئەدا.

لە ناوەراستی پەنجاکان و بەدواوە جوڵانەوەیەکی وەرزش بەتایبەتی یاری تۆپی پێ پەیدابوو، یانەی وەرزشی سلێمانی لە ساڵی ١٩٥٦ بۆ یەکەمجار بەئیجازە کرایەوە. بێجگە لە تیپی قوتابیان و ئەهالیو تیپی هەڵبژاردەی سلێمانی کە بە رێك وپێکیو جل وبەرگ و قۆنەرەو لەسەر یاسای وەرزش لە ساڵی ١٩٣١ دەستی پێکراوە بەڵام لەم ساڵانەدا تیپی چاك لە گەرەکەکاندا پێك هات هەموو جێنیشتەو کەرەسەی یاریو ساحەی خۆیان و سەرپەرشتیارو سەرۆك و راهێنەری تیپان هەبوو، زۆر جار ئەم تیپانە لەبەینی خۆیانداو لەگەڵ تیپەکانی شارەکانیتردا یارییان ئەکرد وە دەست کەوتی باشیان ئەهێنا وە زۆرکەس لە گەرەکەکاندا یارمەتیان ئەدان وە زۆر جاریش لەگەڵیاندا ئەچون بۆ ئەو شارانە بۆ پاڵ پشتیان، ئەو سەردەمە ئەو گەنجانە بەهۆی ئەو تیپانە کە بوون بە یاریزان، وەزۆر لە گەنجی گەرەك و دەستەکوری گەرەك بەهۆی بونی یانەی وەرزش زۆر لە سورانەوە دوورئەکەوتنەوە، هەر رۆژێك بیان ووتایە ئەمرۆ لە دەشتی تەیارەخانەکە یان یارێگای پەروەردە یارییە شارەکە ئەو رۆژە بە گەورەو بچوك رویان ئەکردە ئەوێ لەبەرئەوەی جێگا نەئەما هەندێ ئوتومبیلچی پاص قەمەرەو لۆرییان ئەهێناو عەرەبانچیەکانیش عەرەبانەی خۆیان ئەهێنا. خەڵك بێجگە لە دیواری یاریگاکە ئەچونە سەر ئەم ئوتومبیل و عەرەبانانە بۆ سەیرکردن تەنانەت ئافرەتیش ئەوساکە بەعەباوە ئەهاتن بۆ سەیرکردن، خەڵکەکە هاواریان ئەکرد بۆ یاریزانەکان یاریی جوان بکەن و گۆڵ بکەن، کە یاریش تەواو ئەبوو بەبێئەوەی هیچ ناخۆشییەك رووبدات بڵاوەی پێئەکرا.. ئەم تیپانە کە دروست بوون لە گەرەکەکاندا تیپی یەکەم و تیپی دووەمیان هەبووە کە تیپی دووەم دەستە بوون منداڵ تر بوون بۆئەوەی ئەوانیش وردە وردە ببن بە تیپی سەرەکی دوای ئەوە ئەوانیش پێئەگەیشتن و تیپیتریان دائەمەزران ئێمە ناوی ئەوتیپانەمان نووسیوە کەلەو سەردەمەدا لە گەرەکەکاندا پێك ئەهاتن، بێجگە لەم تیپانە دوو تیپیتر هەبوون یەکێ بە ناوی کانیئاسکان و یەکێ بە ناوی

مەڵکەندی لەبەرئەوەی ئەوانەی لەم دوو تیپەدا یاری‌یان کردوە لە لیستەی ناوەکانی‌تردا ناویان هاتووە بە پێویستمان نەزانی ناویان دووبارە بکەینەوە. لەبەرئەوەی زۆربەی یاری زانەکانیان لە تیپی چوارباخ و دەرگەزێن و یانەی وەرزشی سلێمانی یاری‌یان ئەکرد.

سەرچاوەی ئەم بەشە: ـ لە زۆربەی سەرۆکی تیپەکان و یاری‌زانەکان وەرگیراوە.

● ● ●

تیپی (برسی) لە ١٦/٤/١٩٥٧ دامەزراوە

لێپرسراوی تیپ	قادر برسی لەبەدالەی شارەوانی
ڕاهێنەری تیپ	مامۆستا سالار عبدالکریم
ناوی یاری‌زان	ئیشەکەی
١ ـ سالار عبدالکریم	مامۆستا، ڕاهێنەری تیپ
٢ ـ عیزەت عەبدوڵڵا نصرالله	مامۆستا
٣ ـ فەوزی مەلا مەحموود	مامۆستا
٤ ـ غەفور سەعید محەمەد	مەساح لە شارەوانی
٥ ـ نەجمەدین حەسەن موراد	بەنا، کۆچی دوایی کردوە
٦ ـ فایەق حەسەن موراد	لە شارەوانی
٧ ـ عومەری مچەی ڕەعنا	بەقاڵ
٨ ـ عەباسی مچەی ڕەعنا	بەقاڵ، کۆچی دوایی کردوە
٩ ـ عومەری عەلی نەجار	دارتاش
١٠ ـ عوسمانی عەلی نەجار	لە تاپۆفەرمانبەرە
١١ ـ بهاءالدین عەلی صالح ڕەشە	عەقیدی خانەنشین
١٢ ـ عوسمان صاڵح شەیدایی	لە کارەبا

١٣ ـ حامید عەبە ڕەش	لە کارگەی سەرچنار
١٤ ـ عوسمان عەزیز	مودەریس
١٥ ـ کەریم ئەحمەد بارام	مامۆستا
١٦ ـ ئیسماعیل وەستائەحمەد دارتاش	کرێکار، کۆچی دوایی کردوە
١٧ ـ لەتیف حسەین ئەفەندی	مودەریس
١٨ ـ نصرالدین عەلی عوسمان	معاونی پۆلیس
١٩ ـ حسەین شاخی	خەیات
٢٠ ـ لەتیف شێخ محەمەد	لە پەروەردە
٢١ ـ حەمە ڕەئوف قادر شاسوار	لە ئەورزدی
٢٢ ـ ڕەئوف صدیق مەحموود ئاغا	کاسب
٢٣ ـ عەلی مامە	لە ئەفریقی
٢٤ ـ عوسمانی مام ئەحمەد	بەنا
٢٥ ـ یاسینە ڕەش	قوتابی، کۆچی دوایی کردوە
٢٦ ـ قادر کەریم (قالەڕەش)	مامۆستا،گۆڵچی

تێ بینی: ئەم تیپە سەر بە گەڕەکی مەڵکەندی بوو، وە لە گۆڕەپانی (ساحە)ی بەردەم شەخسەکەی شێخ جافر، شوێنی زراعەی ئێستا، یاری ئەکرد.

● ● ●

تیپی (هێرش) ساڵی ١٩٥٧ بەڕەسمی ئیجازەی وەرگرت، بەڵام بە چەند ساڵێك لەوەوپێش پێك هاتبوو. ناوی تیپەکەش خوالێخۆشبو شاعیر ڕەمزی مەلا مارف ئەم ناوەی بۆدۆزییەوە.

ناوی یاری زان	ئیشەکەی
١ ـ مەحمود محەمەد صابونچی	مامۆستا، سەرۆکی تیپ
٢ ـ صاڵحە سوور	بەنا، کۆچی دوایی کردوە
٣ ـ کەریم حاجی فەرەج ئاغا	مەساح

٤ ـ نەجم الدین زەین الدین	لیوا روکنی موتقاعید
٥ ـ حەمە عەتا رەشید	ماموستا
ـ عەبدول رەحمان محەمەد (داعوری)	لە ئیدارە محەلی
٧ ـ حەمەی حاجی صالح	خاوەنی گازینۆی جمهوری، کۆچی دوایی کردوە
٨ ـ مستەفا رەحیم عەلی	وەکیلی ئەفریقی
٩ ـ فوئاد ئیبراهیم	فەرمانبەر لە کارگەی جگەرە
١٠ ـ ئەکرەم غەفور	ماموستا
١١ ـ جەلال میرزا عەبدوللا	فەرمانبەر لە ئیشغال
١٢ ـ جەمالی خانم	نائب ضابط
١٣ ـ ئیبراهیم تۆفیق حەسەنە قوچ	برین پێچ
١٤ ـ عەلی مەعصوم	کاسب
١٥ ـ حەمەی حاجی فەرەج ئاغا	لە کارگەی جگەرە
١٦ ـ کامیل وەستا ئەحمەدی بەنا	**مودەریس**
١٧ ـ تەیمور ئیبراهیم صاحبقران	ئەندازیار
١٨ ـ عوسمان صالح سەعید	ئەفسەر، گۆلچی کۆچی دوایی کردوە
١٩ ـ عوسمان محمد موراد	پزیشک، گۆلچی

تێبینی: ـ ئەم تیپە لە گۆرەپانی (ساحە)ی سەرو سانەوی کچان، شوێنی خانوەکانی ئیدارەی مەحەلی، یاریان ئەکرد، ئەم تیپە سەر بە گەرەکی گۆیژە بوو.

● ● ●

تیپی (سەیوان) ساڵی ١٩٥٤ تا ساڵی ١٩٥٦ بەردەوام بو تا یانەی وەرزشی سلێمانی لەو ساڵەدا دامەزرا یاری زانەکان چونە ئەو یانەیە.

سەرۆکی تیپ ـ ـ ئەحمەدی کاکە حەمە

ڕاهێنەری تیپ ـ مامۆستا عەزیز محەمەد ڕەشید
لێپرسراوی تیپ ـ حسەڕەشی خەیات
ناوی یاریزان ـ ئیشەکەی

١ ـ ئەحمەدی کاکەحەمە	مامۆستا
٢ ـ عوسمان محەمەد (پیاوەبچکۆڵەکە)	لە مەلاریا
٣ ـ یاسین حەمەصاڵح	مامۆستا، کۆچی دوایی کردوە
٤ ـ شەوکەتی حاجی عەلی	مامۆستا
٥ ـ ڕەفعەتی مەلا	مامۆستا
٦ ـ مەلا قادر سەعید	مامۆستا
٧ ـ حەمەی فەتاح	مامۆستا
٨ ـ عەبدوڵڵا حاجی قادر	مامۆستا
٩ ـ عومەر نەمەڵی	لە کارگەی سەرچنار، کۆچی دوایی کردوە
١٠ ـ کەمال عەزیز میراو	مامۆستا
١١ ـ عارف حەسەن	مامۆستا، گۆڵچی

تێبینی: ـ ئەم تیپە لە گۆڕەپانی (ساحە)ی بەردەم سەرقەبرانی گردی شێخ ئەولاو گۆڕەپانی دەشتی تەیارەخانەکە یاری‌یان ئەکرد. ئەم تیپە سەر بە گەڕەکی دەرگەزێن بو.

● ● ●

تیپی (خەبات) ساڵی ١٩٥٧ دامەزراوە سەرۆکی تیپ و ڕاهێنەر مامۆستا حەمەصاڵح

ناوی یاریزان	ئیشەکەی
١ ـ یاسین حەمەصاڵح	مامۆستا

٢ ـ عومەر ڕەزا	لە مەڵبەندی لاوان
٣ ـ بلە قاسم	مامۆستا
٤ ـ عومەری حەمەڕەش	لە کارگەی جگەرە
٥ ـ ئەکرەم عارف قەرەچەتانی	قوتابی کۆچی دوایی کردوە
٦ ـ عوسمان ئەحمەد (عوسیل)	مامۆستا
٧ ـ صلاح محەمەد کەریم	مامۆستا
٨ ـ حەمەغەریب عەزیز	قوتابی، کۆچی دوایی کردوە
٩ ـ غەریب لەتیف	قوتابی، کۆچی دوایی کردوە
١٠ ـ هادی مەلا سەلام	فەرمانبەر
١١ ـ ئەنوەر سەیعەلی	پایسکیلچی
١٢ ـ مەحمود مەلا ڕەحیم	مورشید زراعی. گۆڵچی
١٣ ـ لەتیف شەشۆ	بیتاقەفرۆش. گۆڵچی

تێبینی: ـ ئەم تیپە سەر بە گەڕەکی چوارباخ بووە. لە گۆڕەپانی (ساحە)ی سانەوی کوڕان یاری‌یان ئەکرد.

● ● ●

نیپی (تاکۆ) ساڵی ١٩٥٩

سەرۆکی تیپ	فەردیدون فەقێ ڕەشید
ڕاهێنەری تیپ	حەمەپشکە
ناوی یاری‌زان	ئیشەکەی
١ ـ فەرەیدون فەقێ ڕەشید	وەکیلی ئەفریقی (ئەم سیانە بران)
٢ ـ فاروق فەقێ ڕەشید	وەکیلی ئەفریقی
٣ ـ فەهمی فەقێ ڕەشید	لە کارگەی جگەرە
٤ ـ حسەین قەدری	بەڕێوەبەری گشتی پەروەردە لە هەولێر
٥ ـ کەمال توفیق	عەقید (خانەنشین)

٦ ـ هنوده	خەڵکی ناصریه بوو
٧ ـ محەمەد ئەحمەد موراد	
(حەمە حموص)	لە کوژاندنەوەی ئاگر
٨ ـ عەبدوڵلا ئەحمەد (کۆرنال)	مامۆستا
٩ ـ وەهبی رەشید	مامۆستا
١٠ ـ کەریم عەلی گەراج	لە کارگەی جگەرە
١١ ـ جەلال ئیبراهیم بەلوعەچی	لە کارگەی جگەرە
١٢ ـ عوسمان فەتاح هەرمەنی	بەقاڵ
١٣ ـ غەریب لەتیف	قوتابی،کۆچی دوایی کردوە
١٤ ـ عەلی لەتیف	مامۆستا [بران]
١٥ ـ گوروون (دەرویش)	کاسب،گوڵچی،کۆچی دوایی کردوە

تێ بینی:

ـــــــ: ـ ئەم تیپە سەر بە گەڕەکی چوارباخ بو لە گۆڕەپانی (ساحە)ی سانەوی کوڕان یاریان ئەکرد.

تیپی (هیوا) ساڵی ١٩٥٧ دامەزراوە

دامەزرێنەرو ڕاهێنەرو سەروکی تیپ مامۆستا حەمەکاکە بووە

یاریزان	ئیشەکەی
١ ـ حەمەکاکە	مامۆستا
٢ ـ عومەر ڕۆستەم	فرۆشیاری کەلوپەلی وەرزشی
٣ ـ کەمال حسەین صالح قەمە	سەرپەرشتیاری پەروەردە
٤ ـ جەلالی مینا	مامۆستا
٥ ـ جەبار عەبدول عەزیز	مامۆستا
٦ ـ ئەنوەر قادر	مامۆستای وەرزش

٧ ـ ئەنوەر بەکر	مامۆستا
٨ ـ ئیسماعیل عارف	برین پێچ
٩ ـ یاسین مستەفا	فەرمانبەر لە لاوان
١٠ ـ ئەحەی صالح قەمە	فەرمانبەر
١١ ـ عەزیز صالح	فەرمانبەر لە کارگەی جگەرە
١٢ ـ جەمال رەشید	مامۆستا
١٣ ـ رەزاق عارف	لە سینەمای دلشاد
١٤ ـ ئەحمەد عارف	کاسب
١٥ ـ حەمەی مامەلی	کاسب،گۆلچی

تێبینی

ــــــــ: شوێنی یاری کردنیان لە گۆرەپانی (ساحە)ی سانەوی کوران و یاریگای پەروەردەو دەشتی تەیارە خانەکە بو، ئەم تیپە سەر بە گەرەکی چوارباخ لقی قەسابەکان بو، لەپێش ئەم تیپەدا تیپێك هەبوو ساڵی ١٩٥٤ بە ناوی تیپی گەرەکی قەسابەکان.

تیپی (ئاسۆ) ساڵی ١٩٥٧ز دامەزراوە سەر بە یانەی وەرزش بووە سەروکی تیپەکە مامۆستا ئەنوەر ئەحمەد فەتاح بوو کە بە (ئەنوەر چاوشین) ناسراوە.

راهێنەری تیپ: کەمال سەلیم میران بوو

ناوی یاریزان	ئیشەکەی
١ ـ ئەنوەر چاوشین	مامۆستا ـ سەروکی تیپ
٢ ـ کەمال سەلیم میران	قوتابی،کۆچی دوایی کردوە
٣ ـ ئەکرەمی مەحمودی ئەحەرەش	لە کارەبا
٤ ـ لەتیفی مەحمودی ئەحەرەش	قوتابی، کۆچی دوایی کردوە
٥ ـ صالح محەمەد ئەمین	مامۆستا

٦ ـ محەمەد تەها وەستا فەرەج	مامۆستا. کۆچی دوایی کردوە
٧ ـ حەسەن حاجی حەمە پەکۆل	لە شارەوانی
٨ ـ کەمال عەبدوڵلا	ئەندازیار
٩ ـ محەمەد سەعید نادر	مامۆستا
١٠ ـ عەلی عەبدوڵلا	کەبابچی
١١ ـ کەمال عەلی رەشید	لە کارگەی جگەرە
١٢ ـ عوسمان ئەحمەد	بەرگ دروو
١٣ ـ عەزیز ئەنوەر	کاسب
١٤ ـ کەمال رەئوف	لە کارگەی جگەرە
١٥ ـ هۆگر موفتی	لە کارگەی جگەرە
١٦ ـ عوسمان ئەحمەد(پەستەك)	لە بەرید
١٧ ـ تایەر عەبدوڵلا صاڵح	خاوەن پێشانگای ئوتومبیل
١٨ ـ لەتیف ئەمین مەحموود	پزیشك، سەروکی یانەی وەرزشی سلێمانی
١٩ ـ بورهان عومەر	لە خەستەخانەی گوڵچی.

تێبینی

ـــــــ: ئەم تیپە سەر بە گەرەکی (کانی ئاسکان) بووە لە گۆرەپانی (ساحە)ی دەشتی تەیارەخانەکە یاری‌یان ئەکرد.

●●●

تیپی (ئەزمر) ساڵی ١٩٥٧ دامەزراوە.

سەروکی تیپ و راهێنەری: نوری بەدەوی

ناوی یاری زان	ئیشەکەی
١ ـ حسەین ئیبراهیم دەرویش	**معاون محافظ**
٢ ـ رەزاقە سوور	فەرمانبەر لە کارگەی جگەرە
٣ ـ فایەقە سوور	فەرمانبەر لە کارگەی چیمەنتۆ

٤ ـ معتصم فەتحی	لە کارگەی جگەرە
٥ ـ جەمالی عەلی باپیر	قوتابی کۆچی دوایی کردوە
٦ ـ قالەی شەریفە کوردە	ئەفسەر کۆچی دوایی کردوە
٧ ـ کەمالە سوور	مامۆستا
٨ ـ صالّحی عەیلە	مامۆستا
٩ ـ حەمە صالّح محەمەدئەمین	فەرمانبەر لە خەزێنە
١٠ ـ جەلالە چاوشین	لە ئیشغال، گۆچی دوایی کردوە
١١ ـ غەریب زێوەر	خاوەن کتێبخانەی بێکەس
١٢ ـ جەلال کەریم پەری	خەیات
١٣ ـ حیکمەتی مەلا ئەحمەد	لە کارگەی جگەرە
١٤ ـ عوسمانی شێخ محەمەدی بەنا	لە کارگەی جگەرە، گۆلّچی

تێبینی:

ـــــــــ: شوێنی یاریکردنیان لە گۆرەپانی (ساحە)ی بەردەم شەخسەکەی شێخ جافرو دەشتی تەیارەخانەکە بوو. ئەم تیپە سەر بە گەرەکی کانیئاسکان لقی شێخ جافر بووە.

● ● ●

لە گۆڤاری (رۆژی نوێ)دا ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٦٠ لە لاپەرە ـ ٢٦ ـ دا ئەم باسە وەرزشییە نوسراوە.

وەرزش

ئەم پرسیارانەی خوارەوەمان لە یانەی وەرزشی سلێمانی کرد. وا وەڵامەکانیان پێشکەش ئەکەین و زۆر سوپاسیان ئەکەین.

١ ـ یانەی وەرزشی سلێمانی چۆن پێک هات؟

٢ ـ چەند تیپی (تۆپی پێ) لە شارەکەماندا هەیە؟

٣ ـ دەنگوباسی وەرزش لەم ماوەیەی دواییدا چیە؟
٤ ـ چ پرۆژەیەکیان بەدەستەوەیە؟
٥ ـ دەربارەی قورسایی هەڵگرتن، یانە، چی کردووە؟
٦ ـ تا ئەمرۆ یاری توپی پێ لەگەڵ تیپی تۆپی پێی شوێناندا کراوەو ئەنجامی یارییەکان چیبوون؟

وەڵامی یانە بۆ گۆڤاری ڕۆژی نوێ:
ئەوا بەکورتی وەڵامی پرسیارەکانتان ئەدەینەوە هیوادارین هەمیشە لە ڕیزی پێشەوەدا بن بۆ خزمەتی وەرزش.
١ ـ کە داوای دامەزراندنی یانەی وەرزشی سلێمانی کرا داواکە ئەمانەی خوارەوە ئیمزایان کردووە بە بەرواری ١٩٥٦/٩/٣
ساڵح عەلی ـ چاودێری وەرزش لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە
خەلیل ئیبراهیم ـ مەئموری ئەملاکی سلێمانی
سەعید شەفیق ـ مامۆستای وەرزش
ئەحمەد زرنگ ـ پارێزەر
عەزیز محەمەد ڕەشید ـ مامۆستای وەرزش
عومەر محەمەد ئەمین ـ مامۆستای وەرزش
دیکران ئەلەکسەندەریان ـ رادیۆ فرۆش
ئیسماعیل عەبدولوەفا ـ خاوەنی کۆگای پرشنگ
حسە ڕەش ـ بەرگدروو
نامیق قەزاز ـ پارێزەر
وە بەگوێرەی نامەی وەزارەتی ناخۆیی ژمارە ١٢٣٦٠ بەرواری ٩٥٦/٩/١٧ ڕێگە درا بە یانە ئیش بکات.
٢ ـ تیپی فوتبۆڵ: ئەوانـەی کە ناویـان هەیـە زۆرن بەڵام ئەو تیپانەی کە پەیوەندییان بە یانەوە هەیەو چالاکییان نوواندوە ئەمانەن:
ئەزمر، خەبات، ئاکۆ، هیوا، ئاسۆ، برسی.
٣ ـ یەکێتی تۆپی پێی ناوەنـد: بڕیاریدا کە هەموو شارەکانی عێراق لەناو

خۆیاندا یاری بکەن وە بۆ ئەمە عیراق کراوە بە پێنج بەشەوە هەر بەشەی تیپێکی بەهێزی تیایە کە لەمەوپێش ناوی دەرکردووە لە یاری فوتبۆڵدا وەکو: بەسرە، کەرکووك، موسڵ، تیپی عەسکەری عیراقی وە تیپی ئەهلی بەغدا، وە لەم خولانەدا سلێمانی بەر موسڵ و هەولێر کەوتبوو ئەوەبوو رۆژی ١٩٦٠/٢/٢٧ لە هەولێر لەگەڵ هەولێردا یاریکردو هیچ لایەك گۆڵی نەکرد، وە رۆژی ١٩٦٠/٢/٢٩ یاری کرد لە موسـڵ لەگـەڵ موسـڵ دیسـان هیـچ لایـەك گۆڵی نەکـرد وە رۆژی ١٩٦٠/٣/٦ موسڵ هات بۆ سلێمانی وە یاریەکەی بردەوە بە دوو گۆڵ بەرامبەر بە گۆڵێـك وە لەوەپێش موسـڵ لە هەولێریشی بردبـۆوە بە پێنج گۆڵ بەرامبەر بەگۆڵێك، وە بەگوێرەی خاڵ (نقطة) موسڵ بە براوە ئەژمێررێت لەم سێ شارەدا وە ئەچێت بۆ بەغداد بۆ یاری کردن لەگەڵ ئەو چوار تیپەی کە ئەمێنێتەوە.

٤ ـ لەم کاتەدا یانە دوو پرۆژەی بەدەستەوەیە یەکەم دامەزراندنی دوو تیپی منالان (ناشیء)وە سەرپەرشتی کردنیان بۆ پێگەیاندنی یاریکەری فوتبۆل بۆ دوواڕۆژ. دووەم دروست کردنی نیشتەجێیەك بۆیانە کە یاریگای تۆپی فرۆکەو تۆپی سەبـەتـەی تێـدا بێت لەگەڵ حەوزێکی مەلەکردن، وە بێگومان ئەمەش پێك نایەت ئەگەر هاووڵاتیان و کاربەدەستان دەستی یارمەتیمان بۆ درێژنەکەن.

٥ ـ باشتـرین یاریزانی ئاسن لە یانـەکەماندا کاك ئیسماعیل ئیبراهیمە کە (عەتار)ە لە قەیسەری نەقیب وە فێرکەری تیپی ئاسنە وە قورسایی خۆی سووکە (وزن الخفیف)وە ئەتوانێت ٩٢ بە فراندن (خطف) وە ٨٨ کغم بە پاڵەپەستۆ (ضغط) وە ١١٨ کغم بە (نەتر) هەڵگریت وە هیوای زۆری لێ ئەکرێت کە پێشتر کەوێت.

٦ ـ تا ئەمـرۆ یانەی وەرزشی سلێمانی گەلێ یاری فوتبۆڵی کردووە، بەڵام ئەو یارییانەی کە گرنگ بووبن ئەمانەن:

رۆژی یاری	ئەو تیپـەی یاری لەگـەڵ کردووە	یانە	تیپی بەرامبەر	شوێنی یاری
١٩٥٧/٣/٢٧	شەریکەی بیتون و منیرباد	٧	١	سلێمانی
٩٥٧/٤/١٢	تیپی خانەقین	٥	٤	سلێمانی

٩٥٧/٤/١ تیپی شەریکەی دوکان ٦ . سلێمانی

٩٥٧/٥/١٧ بروسکەی هەولێر ٣ ٦ سلێمانی

١٩٥٧/٧/١ کەوکەبی زەرقا ٥ . سلێمانی

٩٥٧/٨/٩ یەکێتی خانەقین ئەهلی ٦ ٤ خانەقین

٩٥٧/٨/١٦ شوعلەی کەرکوك ٥ ١ سلێمانی

٩٥٧/٩/١٢ شوعلەی فەیلی بەغا ٣ ٣ سلێمانی

٩٥٧/٩/٢١ یەکێتی شێخلی بەغا ٤ ٢ سلێمانی

٩٥٧/٩/٢٣ بروسکەی هەولێر ٥ ٠ هەولێر

٩٥٨/٤/٢٩ تیپی فەیلی ١ ٢ بەغدا

٩٥٨/٦/١٣ شەریکەی نەوتی خانەقین ٢ ١ سلێمانی

٩٥٨/٦/٢٠سەلاحەدین هەولێر ١ ١ سلێمانی

٩٥٨/٨/٢٣ تیپی فەیلی بەغا ٤ ٥ سلێمانی

٩٥٩/١/٢٩ لیوای پیادەی چوارەم ٢ ١ سلێمانی

٩٥٩/٢/١٨ کۆماری جەزائیر ١ ٨ سلێمانی

٩٥٩/٥/٢. ئاسووری کەرکووك ٢ ٤ سلێمانی

٩٥٩/٧/٣ نەهرێنی کەرکووك ٤ ١ سلێمانی

٩٥٩/١٠/٤ ئەلوەندی خانەقین ٢ ٢ سلێمانی

٩٥٩/١١/٢٠ نیقابەی کرێکارانی نەوتی کەرکووك ١ : ٥ سلێمانی

١٩٦٠/١/١٥ نیقابەی کرێکارانی نەوتی کەرکووك ٢ : ٣ سلێمانی

٩٦٠/٢/١٢ شەریکەی نەوتی کەرکووك ٥ ٠ سلێمانی

٩٦٠/٢/٢٧ هەڵبژێراوی هەولێر ٠ ٠ هەولێر

٩٦٠/٢/٢٩ هەڵبژێراوی موسڵ ٠ ٠ موسڵ

٩٦٠/٣/٦ هەڵبژێراوی موسڵ ١ ٢ سلێمانی

بەمەدا دەرئەکەوێت کە یانە تا ئەمڕۆ (٧٧) گۆڵی کردووە وە (٥٦) گۆڵی کراوە وە (١٢) یاری بردۆتەوەو (٨) یاری دۆڕاندووە وە لە (٥) یاریدا وەك یەك بووە.

عەلی ئەحمەد تەها

سکرتێری یانەی وەرزشی سلێمانی

یاریی ئاسن

یاریی ئاسن چۆن هاتە شارەکەمانەوە لەسەر یاسای تازەی وەرزش:

کاکە حەمەی میرزا سەعیدی مەلا عەباس لە حەپسخانەی (کوت) حەپس دەبێت لە ساڵی ١٩٤٨دا لەگەڵ یەکێك لە پاڵەوانەکانی عێراق لە یاری ئاسندا کە ناوی (جەعفەر ئەبولعیس) بوو لەوەوە فێری یاریی ئاسن هەڵگرتن بوو وە لە ساڵی ١٩٥٠دا کاتێك بەرئەبێت خولیای یاریی ئاسن دەکەوێتە مێشکیەوە وە کە ئەگەرێتەوە بۆ سلێمانی لە ماڵی خۆیاندا دەست ئەکات بە یاریی ئاسن وە هەر لەوکاتەدا لە سەرکارێز چەند لاوێکی تازە پێگەیشتوو یاری ئاسن ئەکەن وەك:

١ ـ حەمە رەشیدی ئەحە شانە (نانەوا)

٢ ـ تۆفیقی حاجی باقی (چایچی)

٣ ـ کەریمی مام ئەورەحمان **(تەنەکەچی)**

٤ ـ جەلالی وەستا محێدین (تەنەکەچی)

ئەم چوار لاوە سەرتای یاری ئاسنیان ئەبێت وە کاکەحەمە پەیوەندی‌یان پێوە ئەکات و یاری‌یان لە گەڵا ئەکات، لە پێشا کەرەسەی یاری ئاسن نەبوو تەنها بە شەفتی بۆری‌و وە فلنجەو دیشلی ئۆتومبێلیان پێوە ئەکردو یاری‌یان پێ‌ئەکرد، هەر لەم ساڵەدا چوون بۆ بەغداد بۆ یانەی سیحەو قووە (صحة و القوة) چوون بۆلای سەرۆکی یانە کە (ناسر غافقی) بوو کە پاڵەوانی ئاسنی عێراق بوو دیسان پاڵەوانی زۆرانبازی بوو کە چاویان بە یانەی بەغا کەوت ئەمانیش زیاتر خۆیان ئامادە کرد بۆ پەرەسەندنی یاری ئاسن لە سلێمانی کە گەرانەوە بۆ سلێمانی وە یەکەم کەس کە پەیوەندی‌یان پێوە کرد مامۆستا (ساڵح عەلی) بوو بۆ ئەم مەبەستە بۆئەوەی جێگایان بۆ پەیدا بکات و یارمەتیان بدات لەوکاتەدا

شـووی سەری ساڵی قوتـابخـانـەکان بوو قوتابخانەی (عاری) بو سرىن بە نیشتەجێ وە لە یاریگاکەیدا یاری‌یان ئەکرد وە خۆشی سەرپەرشتی ئەکردن وە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەرەو پێشکەوتن ئەڕۆیشتن وە زۆر لاوی‌تر چوونە ناویانەوە وەکو ئەمانەی خوارەوە کە بۆ یاری ئاسن و جومناستیك بەشداری‌یان کرد:

١ ـ عەبەی ڕەحە	ئوتومبێلچی	یاری ئاسن
٢ ـ شێخ کەریم یاراوی	مامۆستا	جوانی لەش و جومناستیك
٣ ـ عومەر نەمەڵی	قوتابی	جومناستیك و فوتبۆڵ
٤ ـ کورکێن کریکۆر	قوتابی	جومناستیك
٥ ـ جەمیل نوری عەلی	قوتابی	جومناستیك و فوتبۆڵ
٦ ـ ئەحمەدی کاکەحەمە	قوتابی	فێرکەری یاری فوتبوڵ
٧ ـ ڕەفیق سەید فەتحوڵڵا	قوتابی	جومناستیك

هەر لەم ساڵەدا تیپی فوتبۆڵی تێدا دامەزرا لەگەڵ یاری جومناستیك چوون بۆ بەغـا جلوبەرگی فوتبۆڵ و تاقمی یاری ئاسنیان کڕی وە زۆر بەرێکوپێکی یاری‌یەکان ئەکراو زۆر لە لاوانی شارەکە هاتنە پاڵیان هەر لەم کاتەدا لە حامیەی سلێمانی فەسیلێك هەبوو هەموو جۆرە یاری‌یەکیان ئەکرد بە سەرپەرشتی مولازم (جەلال ئەحمەد فەهمی) کە خەڵکی شارەکە بوو وە لاوێکی ناسراوو یاری‌زان بوو هەمووجار ئەو سەربازانەی ئەهێنا بۆ یاریگاکەی ئەوێ بۆئەوەی یارمەتی ئەو کۆمەڵە بدات زیاتر پێشکەون وە لە ساڵی ١٩٥١دا کە قوتابخانە کرایەوە چوونە ماڵی (سـەیـد نووری سەید ئەحمەدی بابا ڕەسووڵ) لە کۆڵانەکەی بەرامبەر مزگەوتەکەی (سەیدحەسەن) لە سابوونکەران وە لێرە بڕیاریان دا کە زیاتر پەرەی پێ بسینن و بیکەن بە یانەیەکی (یاسایی) کە میری بڕیاری لەسەر بدات وە ئەم شتانەی لای خوارەوە پەیداکەن کە پەیوەندی هەیە بە وەرزشەوە وەك:

١ ـ مێزی بیلاردۆ ٢ ـ سپرینگ ٣ ـ کەرەسەی جومناستیك ٤ ـ مێزی تێنس.

لەم کاتەدا چەند یاریزانێکی ئاسن پەیدابوون وەك ئەم یاریزانانە:

١ ـ مەحموود چاومار (تەنەکەچی)
٢ ـ غەفوور فەرەج (قوتابی)
٣ ـ ئەحمەدی تەنەکەچی (تەنەکەچی)
٤ ـ ئیسماعیل ئیبراهیم (سمەپاڵەوان) (کاسب)

وە چەند کەسێکی تریش.

لەم کاتەدا ژمارەی ئەندامانی کۆمەڵەکە گەیشتە ١٨٠٠ ئەندام هەر لەم ساڵەدا پەیوەندی‌یان بەست بەچەند کەسێکی‌ترەوە کە بیکەن بە (یانە) وە داوای ئیجازە لە میری بکەن وە بڕیاریان دا دەستەی دامەزرێنەری یانە لەم چەند کەسەی خوارەوە پێك بێت:

١ ـ ساڵح عەلی ساڵح سەرۆك
٢ ـ نووری ئەمین بەگ جێگری سەرۆك
٣ ـ حەمەی میرزا سەعید بەڕێوەبەری یانە
٤ ـ فوئاد مەجید بەگ سکرتێر
٥ ـ ڕفیق سەید فەتحوڵڵا ژمێریار
٦ ـ ئەحمەدی کاکەحەمە فێرکەری فوتبۆڵ
٧ ـ کەریمی مام ئەوڕەحمان فێرکەری ئاسن

وە دەستیان کرد بە نووسینی یاسای ناوخۆیی (النظام الداخلی)و پێشکەشی میری‌یان کرد بەڵام میری ڕێگەی نەدان.

وە هەر لە ساڵی ١٩٥١دا ویستیان ببن بە لقی یانەی (صحة وقوة)ی بەغا و ە چوون بۆ بەغا پەیوەندی‌یان بە (ناسم غافقی) سەرۆکی یانەکەوە کرد ئەویش بڕیاری لەسەر دا کە ببن بە لقی ئەوان وە هەر لەوێ پێشنیارێکیان دا بە وەزارەتی ناوخۆ بۆ ئەو مەبەستە وە گەڕانەوە بۆ سلێمانی وە پارچەیەك نووسینیان

هەڵواسی بە بەر ماڵەکەدا بە ناوی یانەی (صحة وقوة) پاش ماوەیەك ناصر غافقی هات بۆ سلێمانی بۆ یانەکە وە بەوبۆنەیەوە ئاهەنگێکی گەورەیان گێڕاو زۆر کەس بانگکرا وە بلیت دابەش کرا بەسەر خەڵکەکەدا وە هەموو جۆرە پیشاندانێکی جووڵانەوەی وەرزشی دەست پێکرا وە ناسر غافقیو گشت خەڵکەکە بەدڵیان بوو وە ئەوەندەیتر لاوی شارەکە چوونە ئەو یانەیەوە وە زۆر لاوی دوورخستەوە لە قومارکردن و عارەق خواردنەوەو زۆر شتیتر کە زیانی بە لاوان ئەگەیاند وە بەهۆی ئەم یانەیەوە گیانی برایەتیو هاوڕێیەتیو یەکتری ناسین پەیدابوو وە بۆیــە میری پێی ناخــۆش بوو تا لە ساڵی ١٩٥٢دا ئێــوارەیــەك

معــاونی پۆلیس و چەنــد پۆلیسێــك بە موســەللەحــەیەك چونە سەر یانەکە وە بەزۆردایان خست وە خەڵکی شارەکە زۆر زۆریان پێ ناخۆش بوو وە ناچار بوون کە لاوە وەرزشکارەکان ئاسن بکرن و لە ماڵی خۆیاندا یاریبکەن.

تێبینی:

ـــــــــ: ئەنــدامانی یانە مانگی (٢٥٠) فلس مانگانەیان ئەدا بەڵام پارە لە قوتابی نەئەسێنرا وە هەروەها چەند کەسێك لەو ماوەیەدا یارمەتی یانەیان ئەدا بە پارەو زۆر شتیتر وەکو:

١ ـ قادراغای حاجی مەلا محێدین

٢ ـ دوکتۆر کەمال عەبدوڵڵا ناجی

٣ ـ وەستا محێدین تەنەکەچی

٤ ـ ئەحەی سەعە بانەیی

٥ ـ حەمەی سەید ئیبراهیم

٦ ـ بابارسول سەید نووری، خاوەن خانووەکە

٧ ـ خەلیل ئیبراهیم (معاونی تەسویە)

٨ ـ ئەحمەدی وەستا مەحمووی دەلاك

وە چەند کەسێکی تریش.

تیبێنی:

ـــــــ: یاری پاڵەوانبازی‌و میلبازی لە شارەکەمانا هەر لە زەمانی عوسمانلیەوە هەبووە لە ماڵێکا ئەیانکرد لە سەرکارێز لای ماڵی (مەلا عەلی سەرکارێز) پێیان ئەووت (زۆر خانە) وە لەم ماڵەدا یاری زۆرانبازی میلبازی تێدا ئەکرا وە یەکێك لەو پاڵەوانانە کە ناوی (ئەورەحمانی خامە) بوو پێش بیرکردنەوە لەم کتێبە بە ماوەیەکی کەم کۆچی دوایی کرد تاوەکو لێمان بپرسیایە کە هاوەڵەکانی‌تری کێ بوون و چۆن یاری‌یان کردووەو گەلێ پرسیاری‌تر، بەڵام لە ساڵی ١٩٤٦ ـ ١٩٤٧ زۆرخانە کرایەوە لە شوێنی چایخانەی ساڵحی وەستا بستە تەنیشت سینەمای رەشید وە خەڵك ئەچوون بۆ تەماشاکردن و چاخواردنەوە وە ئەوانەی بەشداری‌یان کردبوو ئەمانەن:

١ ـ عەبوودی پاڵەوان: قۆری‌و شووشەی شکاوی چاك ئەکردەوەو ئەگەڕا.
٢ ـ خاڵە رەجەب : قسەخۆش و نوکتەزانی بەناوبانگ.
٣ ـ رەحمەتوڵڵا
٤ ـ عیزەدین : دانیشتووی شاری کەرکووك بوو.

* * *

تایەربەگی یەحیا بەگ ١٩١١ - ١٩٧٩

عەزیز محەمەد ڕەشید

عەلی ئەحمەدی تەها

سالح عەلی ١٩١٢ - ١٩٨٦



وەفدی عیراقی لە ئەڵمانیا ساڵی ١٩٣٨ . لەم کاتەدا هیتلەر وتار ئەخوێنەوە .

تایەری یەحیا بەگ لە سلێمانی‌یەوە چووە .

وەفدەکەی عیراق لەبەرلین - ١٩٣٨

کەشافەی فوتابخانەی دووەم - ١٩٣١



کەشافەکانی قوتابخانەی فەیسەڵی‌یە

نمایشتی گشتی ساڵی ١٩٤٩



کۆمەڵی پێشکەوتنی سلێمانی - ١٩٣٤



یاری کەری ئاسن عەبەی ڕەحە

کومەڵی یاریزان لەسەرشانی عەبەی ڕەحە

سمەپاڵەوان کوڕەزازای ئەحەی کرنوو «دووەم کەس»

نمایشتی گشتی سالی ١٩٤٩ لەدەشتی تەیاری خانەکە

تیپی قوتابیانی سلێمانی - ١٩٣١

یاری زانا. که بەشداربوون له یاریی کەرکوك ١٩٣٧

هەلبژاردەی سانەویی شەو - ١٩٥٣

یاری تۆپی پێ لەنێوان تیپی ئەهالی و سوپا - ١٩٥٤
١

تیپی ئەزمەر ١٩٥٥ دامەزراوە

توپی سەبەتە - سانەویی ڕوژو شەو - ١٩٥٦

تیپی برسی



تیپی خەبات

تیپی ئاسۆ

هەڵبژاردەی سلێمانی ـ ١٩٥٨

تیپی ئاکۆ

هەڵبژاردەیی تۆپی پێ‌ی
سلێمانی وجزائر ساڵی ١٩٥٩



مەلە لەژێر پردەکەی قلیاسان ـ ١٩٥٣

(جووڵانەوەی هونەری لە شارەکەمانا)

نووســەر زۆربــەشیی کردووە کە هەنــدێ لاپەڕەیتری ژیانی کۆمەلایەتیی ئەتنوگرافیی شاری لەژێر باسی جووڵانەوەی هونەرییا تۆمارکردووە. ئەم بابەتانە ئەگەر دووریش بن هەر لە جەمسەرێکەوە ئەچنەوە سەر بابەتە جیاوازەکانی هونەر.

نووســەر ئەوڕۆژەوە کە فریــا کەوتووە مێژووی ئەم بابەتانەی تۆمارکردووە. هەرچەندە زۆر لایەنیان هەر لە سەرەتای دروستبوونی شاردوە هەبوون. بۆنموونە باسی مۆسیقــاو مۆسیقــاژەن تەنیــا لە شەست ساڵێك لەمەوبەرەوە باس کراوە لەکاتێکا کە (مستەر ریچ) هەر لە رۆژانی بابانەوە باس لە مۆسیقاژەنەکانی بەغا ئەکــات (بــڕوانــە پێشەکی ئەم کتێبە). لەلایەکیتریشەوە هەندێ بابەت (وەك سینــەمــا) هەر لە سەرەتــاوە باس کرا. بەگشتی ئەم تۆمــارەش مێژووی ئەم ساڵانەی بەباشی بۆ چەرخی ئایندە پاراستووەو کەرەسەی بۆ پسپۆران کۆکردۆتەوە.

(سەیران)

لە بڵاوکراوەکانی شارەوانی (سلەیمانی)

ساڵی ١٩٦٨ ـ ژمارە (٩) لاپەرە (٢٤)

رۆژی (١٦)ی نیسانی ساڵی (١٩٢٢)ز ڕیکەوتی یەك شەممە لەلایەن دانیشتوانی گەڕەکی (دەرگەزێن)ەوە سەیرانێك ڕیك خرا، پاشای ئەو سەیرانە (سەعی دەوڵەت) بوو، سەدری ئەعزەم (ڕەشی حاجی فەتاح)و نازری حەربیە (حەمەنەجیبی حاجی مەحمود)و نازری خاریجیە (فەرەجی حەمەی سمایل)و نازری مالیە (ئەحمەدی دایەنەکە) شابەندریش (ئەورەحمانی خامە) بوون. بەییاخ و تەپڵ و دوو بزن و حوشترێك و دوو کەس کڵاودارایی ڕیك خرابوو، پاشا پەنجا نەفەر عەسکەری پیادەو دە نەفەر سوارەو چوار نەفەریش حەربەدار بە جلی سوورەوە لەگەڵیا بوون بە ڕێك وپێکی بە ناوشارا ڕویشتوون تا بەرسەراو لەوێ ڕەسمیان گرتووە (خۆزگە ئەو ڕەسمەمان دەست ئەکەوت) دوای ئەوە بە هەموو بازار بۆلای (ئاشی بی‌یەکانی قرگە) لەوێ حەوت چادری گەورەو دەوارێکیان هەڵداوە بۆ ئەهالی، (١٠) ئەشراف و گەلێك مەئموورانیان بۆ ئەو ڕۆژەوەو ڕۆژی دوایی دەعوەت کردوە، شابەندەر زۆر زەبرو زەنگی خۆی نواندووە بۆ هەمووکەسێ، شاربەدەکردن و جەرییمەو فەلاقەو لەکۆت دان لای شابەندەر زیاتر بو، ئەمەش کە ئەکرا تەنیا بۆ خۆشییو پیکەنیین بووە بە بێ‌غەرەز وە ئەم بەزمە تا ڕۆژی سێشەممەی خایاندوە.

(سەیرانی قەسابەکان)

رۆژنامەی (ژیان) ژمارە (١١٤)
رۆژی ١٧/٥/١٩٢٨ز

رۆژی دووشـــەممــەی (٧/٥/١٩٢٨)ز بە سورەتێکی مونتەزەم لە مەعیەت رەئیسا بە ناوشار گەران، لەدوای زیارەتی مەقامی حکومەت حەرەکەتیان کرد بۆ **سەرچنـار، لەوێ دەدوانـزە خێـوەت و رەشمـاڵیان هەڵدابوو، سەیرانەکە هەتا رۆژی** پێنج شەممە پاش نیوەڕۆ دەوامی کرد.

وە لەو موددەیەدا عومومی روئەسای دەوائیرو هەموو ئەهالی سلەیمانی تاقم بەتاقم دەعوەتیان کردن

تێبینی:

شایـانی باســە کە (ســەعـوڵی خەلفـە کەریم)و (حەمەی عەزەی قەساب) هەرکـەسێ ئیتـاعـەتی رەئیسی نەکـردایە سزایان لێئەسەند بە پارە، پارەکەش بۆئەوەی خزمەتی قوتابی مەکتەبی زانستی پێبکەن، بەم جۆرە بەسزادانی خەڵك (١٧٠) سەدوحەفتا رووپێیان کۆکردەوەو تەسلیمی هەیئەتی تەعلیمی مەکتەبەکە کرد.

هەروەهـا (فـەرەج کوردی) بەڕێوەبەری سـەیرانەکە بوو وە بەزۆری ئەوەی سەرپەرشتی سـەیرانەکەی ئەکرد جگە لەو سێ کەسە کە لەسەرەوە باسمان کردن. وە ئەمانەش بەشداریان لە سەرپەرشتیا کردووە:

١ ـ (عەلی برزوو)
٢ ـ (حەمەد میینی عەبەی ئایشەخان)
٣ ـ (عەزیزی عارفی ئەمینە بچکۆل)
٤ ـ (وەستا گوورروونی کەبابچی).

وه لەم سەیرانەدا تەمسیلێکی گەورەی خۆشیان پیشکەش کردووە.

سەیرانی قەسابەکان لە سەرچنار ساڵی ١٩٢٨ حەوت شەوو حەوت ڕۆژی خایاند، ئەم لیژنەیەی خوارەوە ئیجازەیان لە موتەسەریف ئەحمەد ئەفەنیٚ هەولێری (ئەحمەد عوسمان) وەرگرت، هەر ئەم لیژنەیە لە سەیرانەکەدا ئەمریان دەرئەکردو سزای خەڵکیان ئەدا:

١ ـ صاڵحی ڕەشە

٢ ـ حاجی محیالدین باوکی حاجی دەروێش

٣ ـ حەمەی عەزەی چەکوش

٤ ـ سەعۆلی خەلفە کەریم

٥ ـ حەمە ئەفەنی صاڵحی ڕەشە

٦ ـ مەحمود ئەفەنی صاڵحی ڕەشە

ئەم لیژنەیە خوارەوە سەرپەرشتی سەیرانەکەیان ئەکرد:

١ ـ حاجی کوڵەك

٢ ـ عەبەی حاجی

٣ ـ حەمەی ماڵە

٤ ـ فەرەجی ماڵە

٥ ـ حەمومینی عەبەی ئایشەخان

٦ ـ ڕەشەی یارە

٧ ـ فەرەجی سمایل کۆیی

٨ ـ ڕەشەی مەلا ئەحمەد

٩ ـ عەبەی قالەی مریەم

١٠ ـ حاجی ئەحە کریس

ئەوانەی دەوری تەمسیلی پاشایان ئەبینی ئەمانە بوون:

ئەکتەرەکان:

١ ـ فەرەج کوردی دەوری پاشا بە جلوبەرگی حاجی مستەفا پاشاوە کاتێ کە لە سوپای عوسمانی لەبەری ئەکرد.

٢ ـ مەلا محیالدین ماستاو دەوری قازی بە جلوبەرگی قازییەوە.

٣ ـ ئەحەی حەمە عەزیز پێستی بزنیان کەوڵ کردبوو لەگەڵ سەرو کەلەکەیدا لەبەری‌کردبوو.
٤ ـ ئەحەی حەمە گوێچکە پێستی بزنیان کەوڵ کردبو لەگەڵ سەرو کەلەکەیدا لەبەری‌کردبو.

دوو گایان ئەهێنا لەنزیك یەکترەوەو جڵەویان کردبون و تەختەیان خستبوە سەر پشتی هەردوو گاکە ئەم دووانە ئەچونە سەر پشتی گاکان هەڵئەپەڕین.

٥ ـ بابا خولە پێستی گای لە شان ئەکرد وەکو عەبا سوری‌ئەدا. ٦ ـ **عارف فیتك**

ئەم دوو زاتە دەنگ خۆشەش بە گۆرانی سەیرانەکەیان خۆش کردبوو:

١ ـ مەلا ئەحمەدی دیلان.

٢ ـ حاجی مەلا فەرەجی بەقاڵ.

ئەم دووانەش بە دەهۆڵ و زوڕنا سەیرانەکەیان گەرم کردبو:

١ ـ میرزا محەمەد.

٢ ـ عەبەی سەی‌زادە.

تێبینی: ـ لەم سەیرانە گەورەیەدا گۆرانی ، هەڵپەڕکێ، ڕمبازی، یاری‌کردن، تەمسیل ئەکرا، لەم سەیرانەدا ئەوەی نەهاتایە بۆ سەیرانەکە چوار جەندرمە بەسواری‌یەوە ئەچون بۆ ناوشار زەلامەکەیان ئەهێنا جەزایان ئەدا بە پارە یان ئەیان خستە ناو ئاوەکەوە بۆنمونە حەمەی ئەورەحمان ئاغا لە سەیرانەکە دواکەوتبو ٣٠٠ روپیە جەزایان لێ سەند.

لەم سەیرانەدا خەڵکیان زۆر بانگ کردبو لە میری‌و لە ئەهالی، لە میری موتەسەڕیف، مودیری پۆلیس، ئامر حامیە، ڕەئیسی بەلەدیە، قازی، حاکم، قائمقام.

میوانی ناوشار بۆنمونە وەك:ـ

١ ـ حاجی تۆفیق (پیرەمێرد) لەم سەیرانەدا شیعری «کەدەڵێن»ی هەڵبەست و بوو بە گۆرانی، مەلاکەریم ئەم گۆرانی‌یەی تۆمارکرد.

٢ ـ حاجی مەلا محی‌الدین

٣ ـ حاجی برایم ئاغا
٤ ـ حاجی مەلا سەعیدی کەرکوکلی‌زادە
٥ ـ غەفور ئاغای حاجی ئەولا
٦ ـ حەمەی ئەورەحمان ئاغا
٧ ـ توفیق قەزاز
٨ ـ مەحمود ئەفەنی رەسام
٩ ـ یەحیا ئەفەنی رەسام

لە چوارتاو سورداش و قەرەداغ و هەڵەبجەوە ئەهاتن وەك حامید بەگی جاف، لەم سەیرانەدا زیاتر لە پەنجا چادری عەسکەری‌یان داکوتابو لە حامیە وەریان گرتبو زیاتر لە ٢٠٠ حەیوان سەربڕابو زیاتر لە ٣٠ فەردە گونیەی خەت سوور برنج و ٦٠ سینی پاقلاوە، هەمەجۆر خواردن، لەم سەیرانەدا چەند ژنێکی کەسوکاری خۆیان بردوە بۆ چێشت لێنان.

سەرچاوەی ئەم بەشە: عەلی صالح رەشە کە خۆی یەکێك بووە لەوانەی لەو سەیرانەدا بەشداری‌یان کردووە.

(سەیرانی دارتاشەکان)

لە ڕۆژی (٢١)ی مایسی ساڵی (١٩٤٦)ز دارتاشەکانی سلەیمانی سەیرانێکی ڕیك وپێکیان لە (قەڵاچوالان) کرد کە دوو شەوو دوو ڕۆژی خایاندوە، جگە لە دارتاشەکان میوانێکی زۆریشیان بانگ کردبوو، وە بە هەموویان ئەگەیشتنە دەوری سەد کەسێك.

وە ئەم ماوەی سەیرانە هەموو خەریکی خۆشی‌و گۆرانی‌و گاڵتەوگەپ و تەمسیل کردنوو یاری‌کردن بوون بێ‌ئەوەی هیچ کەسێك دڵی لە هیچ کەسێك زویر بووبێت، سەرپەشتی‌کەری ئەم سەیرانەش (حەمەسەعی جەعفەری دارتاش و وەستاورەحمانی وەستا خورشید) بوون، هەروەها دوو ژنیشیان لەگەڵ

خۆیان بردبوو بۆ چێشت لێنان.

لەم سەیرانەدا تەمسیلێك پێشکەش کرا بە ناوی (پاشا)وە (حەمەسەعی جەعفەری دارتاش) دەوری پاشای بینیوەو جلی تایبەتی پاشایی لەبەرکردوەو پشتوێنی سووررووو کڵاوی گوڵنکەداری لەسەر کردووەو قایشی ڕاست وچەپ نیشانی کردوە بە بەرۆکی‌یەوەو ئەم پاشایە فەرمانی دەرئەکردە سزای خەڵکی ئەداو پەیڕەوی فەرمانەکانی ئەکرا.

ئەوانە بەشداری ئەم تەمسیلەیان کردووە ئەمانە بوون:

١ ـ حەمەسەعی جەعفەری دارتاش	لە دەوری (پاشا)دا
٢ ـ ئەورەحمانی وەستا گووروون	لە وەزیری دەستەڕاستا
٣ ـ ئەحەرەشی مەلا برایم	لە وەزیری دەستە چەپا
٤ ـ عەلی حەمەبۆر	لە سەگی پاشادا
٥ ـ مەلا کەریمی شووشە	لە دەم ڕاستی پاشا
٦ ـ عەبەی عەلیەفەنی	لە دەم ڕاستی پاشا
٧ ـ ئەحمەدی	لە پاسەوانی پاشا
٨ ـ فەرەجی قالە پەرۆ	لە پاسەوانی پاشا
٩ ـ عەبەی حاجی حەملان	لە پاسەوانی پاشا

جگە لە تەمسیل و یاری‌و پێکەنیین چەند گۆرانی‌یەکی خۆشیش بە دەنگە زوڵاڵەکەی کاك ڕەشی (ڕەشۆل عەبدوڵلا) پێشکەش کراوەو هەروەها (مەحمودی حەمەSلەیلێ) ش بەشداری کردوە لە گۆرانی‌وتنا.

هەندێ لەو دارتاشانەی بەشداریی ئەم سەیرانەیان کردووە ئەمانە بوون.

١ ـ ڕەشۆکاو
٢ ـ ئەحمەدی حاجی محەمەد
٣ ـ فەرەجی ئەمینی حەسەن
٤ ـ عەلی دایی
٥ ـ حاجی حسەینی یابوو
٦ ـ عەلی وەستا بستە
٧ ـ کەریمی دارسەلییم
٨ ـ کەریم لادێیی

هەروەها هەندێ لەو میوانانەی بانگ کرابوون ئەمانەبوون.

١ ـ مەلا کەریمی گەچ فرۆش.
٢ ـ مەلا عیزەتی گەچ فرۆش.
٣ ـ حاجی ساڵحی شووشە.
٤ ـ ئەحمەد سامی.

(سەیرانی بەناکان)

لە ساڵی (١٩٤٧)ی ز بەنـاکانی سلەیمانی هەستان بە سەیرانێکی جوان و قەشـەنـگ و ڕێـك وپێك بۆ (تابیین)، ئەم سەیرانە بە قسەی خۆش و نوکتەو گاڵتەوگەپ و تەمسییل کردن و گۆرانیو هەڵپەرکێ براوەتەسەر.

ئەمە یەکێ بووە لەو سەیرانانەی کە بەسەرهاتەکان و پروگرامەکە بۆ خۆشیو نوکتە ئەگێڕرایەوەو باس ئەکرا.

ئەوانەی کە سەرپەرشتی ئەم سەیرانەیان کردووە ئەمانە بوون.

١ ـ حاجی بارام.
٢ ـ وەستا عەزیزی ئیسماعیل.
٣ ـ وەستا مارفە درێژ.
٤ ـ وەستا ئەمیینی وەستا حەسەن.
٥ ـ وەستا کەریم چاوشیین.

هەر لەم سەیرانەدا تەمسیلێك كراو ئەوانەی بەشداری‌یان كردووە ئەمانە بوون.

١ ـ مەولوی برای خاڵە رەجەب ـ لە دەوری پاشادا.

٢ ـ وەستا مارفە درێژ لەدەوری وەزیر.

٣ ـ حەمەی ئاڵتوون لە دەوری وەزیر.

٤ ـ حاجی بارام لە دەوری قازی.

٥ ـ فەتاحی چایچی سەرۆك پاسەوان.

٦ ـ سەعەی شیپو لە دەوری جارچی.

لەم سەیرانەدا شایەرو دەنگ خۆشی بەناوبانگ (غەفور ـ گەرگەر) چەند كۆرێكی گۆرانی گێراوە.

(سەیرانی بازرگان و بەرگ دروووەكان)

رۆژانی رابوردوو وا باوبوو لە بەهارا جگە لە خێزانی گەرەك و دەرو دراوسێ كە بە كۆمەڵ سەیرانیان ئەكرد، گوزەرەكانی ناوبازاریش و قەیسەری‌یەكان سەیرانیان ریك ئەخست و بەم جۆرە بەهاریان ئەبردە سەر.

لە رۆژی (٣)ی مایسی ساڵی (١٩٤٥)ز خاوەن دووكانەكانی قەیسەری (وەسمان پاشا) كە زوربەیان بازرگان و بەرگ دروو بوون، سەیرانێكیان ریك خست بۆ (سەرچنار) ئەمەش بە یەكێ لەو سەیرانانە ئەژمێررێ كە نموونەی یەك دڵی‌و دڵپاكی ئەو خەڵكەی ئەوسای سلەیمانی بوو كە رۆژێكی وایان بە قسەی خۆش و سەرگوزەشتە گێرانەوەو پێكەنین و گۆرانی‌و خواردنی خۆش و بەلەزەت ئەبردەسەر لەو سەیرانەشا چەند وێنەیەكی جوانی پر یادگاریان گرتوە.

ئەوانەی بەشداری ئەم سەیرانە خۆشەیان كردووە ئەمانە بوون:

١ ـ حاجی كەریمی قالەی قجوول.

٢ ـ حاجی رەفیق.

٣ ـ وەستا كاكی مەحمودئاغا.

٤ ـ وەستا غەفووری سەعەی لێفەدروو.

٥ ـ غەریبی حاجی سالحی زەریفێ.
٦ ـ وەستا سەعی مەکینەچی.
٧ ـ خوولەی وەستا سەعی مەکیینەچی.
٨ ـ حاجی ساڵحی مەحمود.
٩ ـ وەستا عەبدوڵڵای لێفەدروو.
١٠ ـ ئەحمەد هوشیار.
١١ ـ شێخ ئەحمەدی حاجی شێخ مستەفا.
١٢ ـ شێخ عوومەری حاجی شێخ مستەفا.
١٣ ـ برایمی وەستا ڕەشی.
١٤ ـ مستەفای حاجی مەلا مارف.
١٥ ـ لەتیفی حاجی ساڵحی زەریفێ.
١٦ ـ عەبەی حاجی پەتول.
١٧ ـ فەرەیدونی حاجی کەریم.
١٨ ـ برایمی حاجی عەلی غەوواس.
١٩ ـ غەریبی سەیعەلی بەقاڵ.
٢٠ ـ عەباسی قالەی مچیل.
٢١ ـ عەبدول و عومەری حاجیلەی شەربەتچی.
٢٢ ـ حسەینی عارف هەلوو.
٢٣ ـ حسەینی حاجی عەبە جەدید.
٢٤ ـ عەبدوولی حاجی شێخ عارف.

چایچی‌یەکەی ئەوسای قەیسەری نەقیب و چەندکەسێکی‌تریش بەشداری ئەم سەیرانەیان کردووە.

* * *

(تیاترۆ خانەکانی سلەیمانی)

لە ساڵی (١٩٢٧)ز کە زەمانی ئینگلیزەکانیان پێ‌ئەوت لە دەشتی (ئەحمەدی ساغـا) کە ئێستـا شوینی گەراجی (ئـەسحـابـەسپی)یـە سێ ئافرەتی تورك گۆرانی‌یـان ئەوت و سەمـایـان ئەکرد. ئەو ئـافــرەتـانـە یـەکێکیـان نــاوی (یــوڵــدز) بــوو دوەمــیـان نــاوی (لـوتــفـی‌یــە)و ســێ‌یـەمــیـان

(لویـزە) بوو، دوو پیـاویشیان لەگەڵ بوو یەکێکیان ناوی (نوباربەگ) بوو کە ئەرمەنی بوو، مێردی (لویزە) بوو قانوونی لێ‌ئەداو لەکاتی خۆیشیا قانون ژەنی سوڵتـان (عـەبدول حەمید)بوە، پیاوەکەی تریشیان ناوی (بارام)بووە کە ئیشی ئەوەبوو خەڵك بێنێتە پێکەنیین و تەنافبـازیش بوە.

ئەم کۆمەڵە لە تورکیاوە هاتبوون. ئەم تیاترۆخانەیە یەك هاوینی خایاندوە.

لە ساڵی (١٩٣٠)ز (لە باخی میللی) حەوشی سەرا چەند تەمسیلێك پێشکەش کراوە، ئەمانەبوون.

١ ـ (في سبيل التاج).

٢ ـ (سەلاحەدیین).

٣ ـ (مەدحەت پاشا).

٤ ـ (مەلیکی فەرەنسا).

ئەو ئەکتەرانەی لەم شانۆییانەدا بەشداری‌یان کردووە ئەمانە بوون:

١ ـ هونەروەری بەناوبانگی عێراقی ـ حەقی شبلی.

٢ ـ هونەروەری میسری بەناوبانگ ـ بەشارە واکیم.

لە کاتی پشــوودان و پەردەی تەمسیلەکـانـا. چەنـد تیـاترۆیەك ئەهاتن و دەسیان ئەکرد بە گۆرانی‌وتن و سەماکردن.

ئەوانەی لەم باردیەوە بەشداری‌یان ئەکرد بە تیاترۆکان ئەمانە بوون:
١ - (ماریا یەعقووب)   گۆرانی ئەوت.
٢ - (ماریا سەمعاون)   گۆرانی ئەوت.
٣ - (مارسێل)   سەمای ئەکرد.

ئەم کۆمەڵە هەندێکیان لە ئوتێلەکەی رەمزی ئەفەنی لە سابونکەران کە بەرانبەری گەرماوی موفتی بوو دابەزیبوون و هەندێکیان لە ئوتێلەکەی حاجی برایم ئاغا دابەزییبوون کە ئەکەوێتە دەس پێکردنی شەقامی سابونکەران لە بەردەرکی سەراوە بە دەستە راستا بەرامبەر گەراجی عەبدە.

ئەم کۆمەڵە ئافرەتێکی پیریان لەگەڵا بوو کە خزمەتی تیپەکەی کردوە ناوی (زەنووبە) بووە، زۆر حەزی لە (کۆنکەن) کردن بووە، گەلێ جار ئەو گەنجانەی کە هاتووچۆی تیاترۆخانەکەیان ئەکرد بەرۆژ ئەچوون بۆلای (زەنووبە) دائەنیشتن و کونکەنیان لەگەڵا ئەکرد. ئەم تیاترۆخانەیەش یەك هاوینی خایاند.

لە ساڵی (١٩٣١)ز کۆمەڵێك تیاترۆ هاتوون بۆ سلەیمانیو لە ئوتێلەکەی (حاجی برایماغا) دابەزییبوون کە ناوی (ئوتێل سەعادە) بوو. بریتی‌بوون لە سێ ئافرەت و پیاو کە ئەمانە بوون.
١ - (تەتۆ) ئەم ئافرەتە خەڵکی (پشتکۆ) بوو بەکوردی بە شێوەی فەیلی گۆرانی ئەوت و سەماشی ئەکرد.
٢ - (سەدیقەتول مەلایا) - گۆرانی بێژ بوو.
٣ - (عەفیفە ئەسکەندەر) - ئافرەتێکی تازە پێگەیشتوو بو هەرەتی جوانی بوو - ئەمیش گۆرانی‌بێژ بوو.
٤ - (ئەسکەندەر) - کەمانجەژەن بوو.
٥ - (حسقێل) - دومبوگی لێئەدا.

لە ساڵی (١٩٣٤ - ١٩٣٥)ز تیپێکی تیاترۆ هاتبوون بۆ سلەیمانیو ئاهەنگیان ئەگێرا بە گۆرانی‌وتن و سەماکردن، شوێنی گێرانی ئاهەنگەکانیان جێگای ئێستای (سینەمای سیروان) بوو کە ئەوکاتە کەلاوە بوو، بە حەسیر دیواریان

بۆ ئەکرد وە بەیان رازانەوە، ئەو تیپەش بریتیبوون لەمانە.

١ ـ (مارسێل) ـ سەماکەر بوو.

٢ ـ (ماردۆخ) ـ دوومبگچی بوو.

٣ ـ (نازدارو ئەسمەر فەرهاد) ئەم دوانەش ئافرەت بوون و جوولەکە بوون و گۆرانی (نـەجیبیە یار نەجیبیە)یان ئەوت بە دووقۆڵی. ئەم دوانە لە ئیستگەی کوردیش گۆرانی بێژ بوون.

٤ ـ (مامۆستا عەلی مەردان) هەرچەندە لەگەڵ ئەم کۆمەڵەدا نەبوو لەبەرئەوەی لەگەڵ ئەوانە لە ئیستگەی کوردی ئیشیان ئەکرد، جارجار بەهۆی دۆستایەتی فرمانەوە ئەهات لەگەڵیاناو بە چەند گۆرانییەك بەشداریی ئەکردن.

(شانۆ لە سلەیمانیدا)

- لە ساڵی (١٩٢٥)ز چیرۆکی (قارەمانی کورد) پێشکەش کراوە لە ماڵی (بەهێ) خانی دایکی (شێخ باباعەلی شیخ مەحمود).

- لە ساڵی (١٩٢٦)ز لەلایەن قوتابیانی قوتابخانەی یەکەمەوە چیرۆکی (نەتیجەی سەفاهەت - زوڵم و ئیستیبداد) هەر لە ماڵی (بەهێخان)دا پێشکەش کراوەو هەروەها چیرۆکی (حوجرە) کە چیرۆکێکی پێکەنیناوی (هەزەلی) بوو لە هەمان ماڵا پێشکەش کرا ئەم ماڵە شوێنەکەی نزیکی مزگەوتی گەورە بوو.

- لە ساڵی (١٩٢٧)ز چیرۆکی (نیرۆن) لەلایەن قوتابیانی قوتابخانەی (زانستی)یەوە لە سابوونکەران پێشکەش کرا.

- لە ساڵی (١٩٣١ - ١٩٣٢)ز چیرۆکی (خوسرەوو شیرین) لەلایەن چەند ئەکتەرێکەوە پێشکەش کرا.

- لە ساڵی (١٩٣٦)ز چیرۆکی (فالچی) لەلایەن قوتابیانی قوتابخانەی (فەیسەڵیە)وە کە قوتابخانەیەکی سەرەتایی بوو هەر لە هۆڵی قوتابخانەکەدا پێشکەش کرا، ئەم قوتابخانەیە لە بەردەرکی سەرا بوو لە جێگای (بازاڕی عەسری) ئیستا.

- لە ساڵی (١٩٣٤)ز چیرۆکی (شێرۆو نازەنین) پێشکەش کرا، لە شوێنی (سینەمای سەلاحەدین)و چایخانەی (حەمەڕەق) کە ئێستا چێشتخانەی (حاجی فەتاحە)، ئەم چیرۆکە لە نووسینی شاعیری نەمر أ.ب. هەوری بوو هەر بە سەرپەرشتی (پیرەمێرد) لەلایەن قوتابیانی (قوتابخانەی زانستی)یەوە پێشکەش کرا سوودەکەی کرا بە (٤) چوار ژوور لە شوێنی (قوتابخانەی گویژەی کوڕان و لە ساڵی (١٩٣٥) قوتابخانەی زانستی گوێزرایەوە بۆ ئەم شوێنە.

- لە ساڵی (١٩٣٥)ز چیرۆکی (مەم و زین) پێشکەش کرا لە ئوتێلەکەی (حاجی برایماغا) کە ئەم ئوتێلە چونکە (قالە چاو جوان) گرتبووی بەکرێ پییان ئەوت (ئوتێلی قالە چاوجوان).

ئەم چیرۆکە بە سەرپەرشتی کردنی (شێخ حەسەنی شێخ حەمەمارف) پێشکەش کرا لەلایەن چەند ئەکتەرێکەوە

- لە ساڵی (١٩٣٥)ز چیرۆکی (سوپایی دلێر) یان سەربازی ئازا - (الجندی الباسل) لەلایەن تیپی قوتابیانەوە پێشکەش کرا.

- لە ساڵی (١٩٤١)ز چیرۆکی (بازرگانی ڤینیسیا) کە (ڤینیسیا) شاریکە لە (ئیتالیا)و (بوندوقیە)شی پێئەڵێن کە لە نووسینی نووسەری بەناوبانگی ئینگلیز (شکسبیر)ە لە قوتابخانەی (خالدیە) پێشکەش کرا لە دەرهێنانی (تەلعەت موبارەك).

- لە ساڵی (١٩٤٦)ز لە قوتابخانەی گوێژەی سەرەتایی کوڕان لە ئامادەکردن و دەرهێنانی (ڕفیق چالاك) چیرۆکی (لەڕێی نیشتمانا) پێشکەش کرا، ئەمەش سوودەکەی تەرخان کرا بۆ باربووکردنی بوومە لەرزەکەی پێنجوین کە هەمان ساڵ ڕووی‌داو بوە هۆی ماڵ ویران کردنی گەلێك لە دانیشتوانی (پێنجوین).

- لە ساڵی (١٩٤٨)ز (تێکۆشانی ڕەنجدەران) کە لە چیرۆکی (کەرەلۆتی مەنووچەر) وەرگیرابوو لەگەڵ چیرۆکی (هجرة الیهود)، کە ئەم دوو چیرۆکە لە نووسینی (برایم ئەحمەد)ی پارێزەرن، لە قوتابخانەی (غازی) کوڕان پێشکەش کراو ماوەیەکی زۆری خایاند کە بریتی‌بوو لە (١٥) پانزە ڕۆژ دوایی میری دەستی بەسەرا گرت و هەندێکیش لە ئەکتەرەکان گیران و خرانە حەپس خانەوە.

- لە ساڵی (١٩٤٩)ز چیرۆکی (هاملێت) پێشکەش کرا لەلایەن قوتابییانی سانەوی ڕۆژەوە، ئەوەی دەوری سەرەکی بینیبوو (هاملێت) (قادر دیلانی) هونەرەوەر بوو، ئەم چیرۆکە یەکێکە لەچیرۆکە هەرە بەرزو بەناوبانگەکانی نوسەری ئینگلیز (شێکسبیر).

- لە ساڵی (١٩٥٢)ز چیرۆکی (کچ و بێوەژن) پێشکەش کرا کە لە نووسیینی بەڕێز (ڕەوف یەحیا) یەو مامۆستا (ئەنوەر تووفی) دەری‌هێنابوو.

- لە ساڵی (١٩٥٢)ز چیرۆکی (بوونە خەلیفە بەخەیاڵ) لەلایەن قوتابیانی سانەوی شەوەوە پێشکەش کرا.

- لە ساڵی (١٩٥٣)ز چیرۆکی (کۆڵۆلان - البؤساء) لە نووسینی چیرۆك نووسی بەناوبانگی ڕووسی فیکتۆر هۆگۆ و ئامادەکردنی (کامەران موکری) لەلایەن

قوتابیانی سانەوی شەوەوە پێشکەش کرا.

- لە ساڵی (١٩٥٤)ز چیرۆکی (جەنابی موفەتیش) لەگەڵ چیرۆکی (بروسکەو شیرین) پێکەوە لەسەر شانوی هۆڵی قوتابخانەی سانەوی ڕۆژ لەلایەن قوتابخانەی سانەوی شەوەوە پێشکەش کرا.

- لە ساڵی (١٩٥٥)ز چیرۆکی (عوتەیل - ئوتیلۆ) لە نووسینی چیرۆك نووسی بە ناوبانگی ئینگلیز (شیکسبیر)و گۆڕینی (نووری وەشتی) لە دەرهێنانی مامۆستا (ئەنوەر تووفی) لەلایەن قوتابیانی سانەوی شەوەوە پێشکەش کرا.

- لە ساڵی (١٩٥٦)ز چیرۆکی (دەستی ماندوو لەسەر سکی تێرە) لە مەهرەجانی سانەوی لەگەڵ چیرۆکی (عەلە ورگەی شوتیدز) لە ئامادەکردنی (نووری وەشتی) لەسەر شانۆی هاوینەی سانەوی کوڕان پێشکەش کراو لەم ئاهەنگەدا (حەسەن زیرەك) بە چەند گۆرانییەك بەشداریکردووە.

- لە ساڵی (١٩٥٧) چیرۆکی (پیسکەی تەڕپیر) کە لە چیرۆکی البخیل ی مۆلیرەوە بە دەسکارییەوە وەرگێڕاوە لەلایەن (ڕەفیق چالاك)ەوە لەلایەن (کۆمەڵی هونەرە جوانەکان)ەوە لە دەرهینانی (ڕەفیق چالاك) کە خۆی دەوری سەرەکی تیا ئەبینی پیشکەش کرا.

- لە ساڵی (١٩٥٩)ز چیرۆکی (شەوی کۆتایی) لەلایەن تیپی (لاوان)ەوە پێشکەش کرا لە هۆڵی سانەوی کوڕان.

- لە ساڵی (١٩٦٠)ز چیرۆکی (تاوانێك لە ئاسمانا) - جريمة في السماء - لە نووسینی (تەها بابان) پێشکەش کرا.

- لە ساڵی (١٩٦٠)ز چیرۆکی (زێڕین) لە نووسینی (ئەمین میرزا کەریم) پێشکەش کرا.

-- لە ساڵی (١٩٦٠)ز دووبارە چیرۆکی (ئەمرئەکەی بەگم - تأمربيگ) لە نووسینی (یوسف العانی)و وەرگێڕانی (ئەمین میرزا کەریم) پێشکەش کرا، لە هۆڵی سانەوی سلەیمانی کوڕان.

له رۆژنامەی (ژین)ەوە ساڵی (١٩٥٧)ز

ژمارە (١٣٣٤) لاپەڕە (١)، (٨)

تەمسیل لە قوتابخانە سەرەتاییەکانی کچان و کوڕان لە مارتی ساڵی (١٩٥٧)ز بەم جۆرە بوو:

فەیسەلیەی کوڕان، ژیانی خێزانی لادێ - ١٩٥٧/٣/٢٣،٢٢ز

سەلاحەدینی کوڕان، دەس پاکی - ١٩٥٧/٣/٢٣،٢٢ز

کانێسکانی کوڕان، تا عەلە نەکەم وە ئەفەنی وازی لێ نایەرم - ١٩٥٧/٣/٢٣،٢٢ز

سەرشەقامی کوڕان، ئازاری ژیان - ١٩٥٧/٣/٢٣،٢٢ز

ئەم چیرۆك پێشکەش کردنانە ڕۆژێ بۆ ژنان و ڕۆژێ بۆ پیاوان بووە.

سدیقەی کچان، بوونە خەلیفە بە خەیاڵ - ١٩٥٧/٣/٢٥،٢٤ز

موختەلیتەی کچان، کچە پاشاو حەوت کورتە باڵا - ١٩٥٧/٣/٢٥،٢٤ز

تا جی کچان، کچە پاشاو حەوت کورتە باڵا - ١٩٥٧/٣/٢٥،٢٤ز

ڕەوزەی کچان، درۆزن هەر جارێ ناشتا ئەکا - ١٩٥٧/٣/٢٥،٢٤ز

مەڵکەنی کچان، شەونم و شای پەرییان - ١٩٥٧/٣/٢٥،٢٤ز

ئەمانەش ڕۆژێ بۆ ژنان و ڕۆژێ بۆ پیاوان بووە.

ئەیووبیەی کوڕان، منم پێش مەرگە - ١٩٥٧/٣/٢٧،٢٦ز

خالیدیەی کوڕان، دەس پاکی هۆی کامەرانییە - ١٩٥٧/٣/٢٧،٢٦ز

ئەمیر عەبدول ئیلاهی کوڕان، یارمەتی هەژار - ١٩٥٧/٣/٢٧،٢٦ز

ئەمانەش ڕۆژێ بۆ ژنان و ڕۆژێ بۆ پیاوان بووە.

زەهرای کچان، هێزی تاریکی - ١٩٥٧/٣/٢٩،٢٨ز

عیراقی‌یەی کچان، پیرەزیحی هەزار - ١٨/١٦/١/١٦٥٧ز
مەلیکە عالیەی کچان، ئوپەریتی وەرزی ساڵ - ١٩٥٧/٣/٢٩،٢٨ز
گۆیژەی کچان. ڕاست گۆیی‌و خویندەواری - پەیژەی ڕزگاری - ١٩٥٧/٣/٢٩،٢٨ز
دووبارە ڕۆژێ بۆ ژنان و ڕۆژێ بۆ پیاوان بووە.
مەلکەنی کوران، خۆم بە خۆمم کرد - ١٩٥٧/٣/٣١،٣٠ز
گۆیژەی کوران، مێشك لەناو قەفەزی تاوان باری‌یا - ١٩٥٧/٣/٣١،٣٠ز
غازی کوران، پەروەردەکردنی منالّ - لە سێ جێگا ١٩٥٧/٣/٣١،٣٠ز
ئەمانەش ڕۆژێ بۆ ژنان و ڕۆژێ بۆ پیاوان پێشکەش کراوە.

یەکەم چیرۆکی تەمسیلی لەلایەن قوتابیانی کچانەوە پێشکەش کرابێ، لە ساڵی (١٩٢٨)ز بوو، لە حەوشی قوتابخانەکەدا کە قوتابخانەکە ئەوسا بەرامبەر ماڵی شێـخ قادری حەفیید بوو تەنیشت مزگەوتی گەورە. ئەم چیرۆکە لە نوسیین و ئامادە کردن و دەرهێنانی (شێخ نووری شێخ ساڵح) بوو.

١ ـ بەیجەی محیّدینەفەنی لە دەوری (دایك)دا
٢ ـ مەسییلە لە دەوری دوکتورەدا
٣ ـ شەفیقــە سەعی لەگـەڵ (حـەپســەخـانی) خیـزانی (جـەمیـل سائیب) سەرپەرشتی تەمسیلەکەیان کردوەو خەڵکی‌تریش بەشداری‌یان کردووە.

* * *

(سینەما لە سلەیمانیا)

١ ـ سینەمای سەلاحەدین:

یەکەم سینەما کە لە سلەیمانیا کرایەوە، (سینەمای سەلاحەدین)بوو، وە لەشوێنی چایخانەکەی (حەمەڕەقا بوو) کە ئیستا چیشتخانەی (حاجی فەتاحە) لەتەنیشت سینەمای (سیروان)ی ئیستاوە.

سینـەمای ئێستای سیروان و چایخانەکەی ئەوسای حەمەرەق بەزستان لە چایخانەکەداو بەهاوین لە شوینی سینەمای ئیستای سیروان ئیشی ئەکرد چونکە ئەوکاتە شوێنی سینەمای سیروان کەلاوە بوو.

(سینەمای سەلاحەدین) خاوەنەکەی (ڕەمزی قەزازو عومەر قەزاز بوون)، ئەم سینـەمـایە لە ساڵی (١٩٤٢)ز دانراو تا ساڵی (١٩٤٥)ز هەر لەم دوو شوێنەدا بوو.

یەکەم فیلم کە لەم سینەمایەدا ئیشیکرد فیلمی (گەڕانەوەی فرانك جێمس) بوو کە فیلمیکی ئەمەریکی بوو لە نواندنی (هەنری فوندا) جا لەبەرئەوەی کە یەك مەکینەی هەبوو سینەماکە ئەبوایە بۆ پشووی مەکینەکەو گۆڕینی بەکرەی

١ ـ دیارە نووسەر لە هەمووکەس زیاتر ئاگاداری مێژووی سینەما دامەزراندنە لە سلەیمانیا، بەڵام ئەم مێژووە هەر سینەمای جێگیرو دامەزراوی گرتۆتەوە، لەکاتێکا کە سینەما بەشێوەی کاتیی لەزۆر زووەوە جاروبار ئەهاتە شارەوە. لە کۆتایی ساڵی سییەکانا سینەمای بێدەنگ ماوەیە لە چایخانەکەی (ساڵحی وەستا بستە) ئیشی ئەکرد، هەروەك لە ڕوژانی جەنگی دووەمی جیهانا سینەمای فیلمی جەنـگ ڕۆژ،ناڕۆژێ لە دەشتێکی قەراخ شار یان لە شوێنێکی پانی ناوشارا لەلایەن دەسگای پروپاکاندەی ئینگلیزەکانەوە نییش پێئەکرا. (ع.م.ر)

* * *

فیلمەکە لە ناوەڕاستی ئیش کردنا پشوویەك ببوایە، وە بۆئەوەی خەڵکی بێتاقەت نەبن لەم بەینەدا (کەریم کابان) گورانی پیشکەش ئەکرد.

هەروەها ئەم فیلمانەش لەو سینەمایەدا پێشکەش کراون:

١ - ڕەفیق نەبا فیلمیکی ڕووسیبوو

٢ - فرزەندی وەتەن هیندی

٣ - جەنگڵ پرنیس فیلمێکی هیندی

٤ - لم و خوین فیلمیکی ئەمریکی بوو لە نواندنی (تیرون پارەوەرو ڕیتا هیوارس).

ئەوانەی لەم سینەمایەدا ئیشیان ئەکرد ئەمانە بوون:

١ - (حەمادە): پیاوێکی عەرەب بوو، مەکینەچی بوو، خەڵکی بەغا بوو.

٢ -(ساڵح قەزازو غەفوور قەزاز) دوو برا بوون خزمی ڕەمزی قەزازو عومەر قەزاز بوون.

٣ - (سیرۆپ)، ئەرمەنی بوو بلیتی ئەفرۆشت.

٤ - (خاچادۆر): ئەمیش هەر ئەرمەنی بوو بلییتی ئەفرۆشت.

لە ساڵی (١٩٤٦)ز ئەم سینەمایە گوێزرایەوە بۆ ماڵی (ڕەمزی قەزاز) تا ساڵی (١٩٤٩)ز لە سابوونکەران. ئەم سینەمایە هەرچەند لەوکاتەدا ناوی (سینەمای سەلاحەدین) بوو کەچی هەر بە سینەمای (ڕەمزی) بەناوبانگ تر بوو، ئەم سینەمایە هاوینە بوو.

ئەمەش ناوی هەندێ لەو فیلمانەیە کە لەم شوێنە نوێیە پێشکەش کراون:

١ - (لەیلا بینتول ئەعنیا) بوو لە نواندنی (ئەنوەر وەجدیو لەیلا موراد)

٢ - (خەنجەر والی) فیلمێکی هیندی بوو

٣ - (چابوك والی) فیلمیکی هیندی بوو

٤ - (عەنتەر والی) فیلمێکی هیندی بوو

٥ - (بەهادور) فیلمیکی هیندی بوو

٦ - (قیسمەت) فیلمێکی هیندی بوو

بەم جۆرە ئەم سینەمایە بەردەوام بوو تا ساڵی (١٩٤٩):

سینەمای گوێژە:

ئەم سینـەمـایـە لە ساڵی (١٩٤٩)ز کرایەوەو خاوەنەکانی (ئەسکەندەری ئەجزاچیو ئەمیناغای حاجی مەلا محێدین) بوون. شوێنەکەی لەجێی (بازاڕی زێـوەر)ی ئێستـا بوو بەرامبـەر بە قوتابخانەی گوێژەی کوڕان و موڵکەکە هی بەلەدیـە بوو، ئەم سینـەمـایـە سینەمایەکی هاوینە بوو. یەکەم فیلم کە لەم سینەمایەدا پیشان درا فیلمی (ئوغنیەت شەهرەزاد)بوو.

هەروەها هەندی فیلمی تریش کە ناوەکانیمان دەس کەوتوەو لەم سینەمایەدا پیشان دراون ئەمانە بوون.

١ ـ ستصبح الارض حمراء: فیلمێکی ئەڵەمانی سیاسی بوو هەروایەکەم شەو دوو جار پیشان دراو دارو بەرد بەرنەنەکەوت و هەر هەمان شەو دوای ئەو دوو جار پشاندانە میری قەدەغەی کرد .

٢ ـ (عەلی باباو چل دز) لە نواندنی (تونی کیرتس) فلمیکی ئەمریکی بوو

٣ ـ (حەرام زادە) لە نواندنی (ئیڤون ساسۆن) فلمێکی ئیتالی بوو

٤ ـ (سەیبوونی نەغەنی) لە نواندنی (سەباح) فلمیکی میسری بوو

٥ ـ (لەهالییبۆ) لە نواندنی (نەعیمە عاکیف) فلمێکی میسری بوو

٦ ـ (ئەمیر ئەرسەلانی ڕومی) لە نواندنی (بانو دل کەش) فلمیکی فارسی بوو

٧ ـ (ژان دارك) لە نواندنی (ئەنکرید بێرکومان) فلمیکی ئەمریکی بوو

٨ ـ (مەشخەل و تیر) لە نواندنی (بیرت لانگستەر) فلمێکی ئەمریکی بوو

ئەوانەی لەم سینەمایەدا ئیشیان ئەکرد ئەمانە بوون:

١ ـ غەفوور ڕەشید داراغا ـ بەڕێوەبەری سینەما بوو.

٢ ـ ئەنترانییك ـ مەکینەچی.

٣ ـ ئەدوارد شەرام ـ یاریدەدەری مەکینەچی بوو.

٤ ـ سیرۆب ـ بلیت دڕین بوو لە بەردەرگای (٩٠) فلسی کە باشترین شوین بوو دوای (لۆجەکان).

٥ ـ دڕکە (دەریاویش) کوڕیکی کاور بوو ـ لە بەرقاپی (٤٠) فلسی.

٦ ـ حەمە فەرەج: بلییت فرۆش بوو.
٧ ـ ئاڵتـون (ئـەنتـوان) کوڕێکی گاور بوی ئەمیش بە هەمـوو جۆرە ئیشێ هەڵ ئەساو ناو هۆڵەکەی ئەبردبەڕێوەو کارەبـ چاك کەر بوو.
٨ ـ عەبدوڵڵا کەریم ـ بلییت دڕێنی بەرقاپی (٧٠) فلسی بوو.
٩ ـ عوسمان کەریم ـ یاریدەدەری مەکیینەچی بوو.
١٠ ـ قادر هەورامی ـ مەکیینەچی کارەبا بوو.
١١ ـ کەریم هەورامی ـ حەرەس بوو بە شەوان.
ـ حانووتی ئەم سیینەمایە جەمال بەشییرو تۆما گرتبویان. ئەم سیینەمایە تا ساڵی (١٩٦٠)ی خایـانـدو دوای ئەمـە بەلەدیە ڕووخاندیو کرا بەم بازاڕی (زێوەرە)ی ئێستا.
١٢ ـ خولە تەڕەزان ـ تەختەگێڕ.

تێبینی: ـ ئەم سینەمایە دوای ئەسکەندەری ئەجزاچیو ـ ئەميناغای حاجی مەلا محیالدین تا داخـرا کەوتـە دەست کەریماغای خەیات و قادری حاجی حسەین و ئەحمەدی میرزا غەفوور.

(سیینەمای ڕەشیید)

ئەم سیینـەمـایـە لە ساڵی (١٩٤٨)ز دەس کرا بە دروستکردنیو لە ساڵی (١٩٥٠)ز تەواوبـووو دەسیکـرد بە ئیـیش کردن. کاتـی خۆی شوێـنی ئەم سیینـەمـایـە خەڵوزی تیـا ئەفـرۆشراو چوار دەورەکـەی دووکانی کۆن بوون موڵکەکەی هی کوڕانی (ساڵحی ڕەشەیە).

ئەوانەی سیینەماکەیان گرتەدەس ئەمانە بوون:
١ ـ ئیبراهیم مەعرووف.
٢ ـ جەمیلی سەعی بەگ.
٣ ـ ئەحمەدی مستەفا بەگ.

٤ ـ عومەر هەزاز.

یەکەم فیلم کە لەم سینەمایەدا پیشان درا فیلمی (غەرام و ئینتقام)بو نواندنی (ئەسمەهان و یوسف وەهبیو ئەنوەر وە.ـی).

ئەوی ئەبێ لەبیرنەکرێ لەکاتی رۆژانی ئەم فیلمەدا (ئەورەحمانی لێفەدروو)ی تیا کوژرا.

لە ساڵی (١٩٥٦)ز ئەم سینەمایە کەوتە ە دەست خاوەن موڵکەکەی کە کورانی (ساڵحی رەشە)ن. ئەمانیش لەوک تەدا توانیان سینەماکە پەردەو مەکینەکەی بکەن بە (سکۆب)و یەکەم فیلم ە (سکۆب)و رەنگاورەنگ بوو لەم ساڵەدا پیشان درا کە فیلمی (سوارەکانی ەوری مێزی خڕ) بوو لە نواندنی (رۆبەرت تایلەرو ئاڤاگادنەر)، کاتی پێشکەش کردنی ئەم فیلمە رێکەوتی جەژنی قوربانی ئەو ساڵە بوو.

لە کۆتایی ساڵانی پەنجاکان و سەرەی ساڵانی شەستا دووفیلمی فارسی پیشان درا کە (سکۆب و رەنگاورەنگ) و، ئەو کاتەئەو جۆرە فیلمانە خەڵکی زۆریان پێ خۆش بوو، یەکەمیان (سوارەکانی کوردستان)و دوەمیشیان (حەسەن کەچەڵ) بەڵام فیلمی دووە رەش و سپی بوو، تەرجومەی کوردیان لەسەر چاپ کرابوون لەبێرووت لە لایەن رەفیق چالاکەوە کرابوون بەکوردی ئەوانەی لەم سینەمایەدا ئیشیان کـ.وە ئەوکاتە ئەمانە بوون:

١ ـ عەلی ساڵح رەشە ٢ ـ عەزیز ساڵح رەشە ٣ ـ ئەکرەم ساڵح رەشە.

٤ ـ جەمیل سەعید بەگ. ئەمانە خاوەنی سینەماکە بوون و بەرێوەیان ئەبرد

هەروەها (عومەر عارف، عوسمان عارف و سەلاح حیکمەت کە مەکینەچی بوو، لەدواییشا عەلی حیکمەتی برای بوو بە مەکینەچیو عەلی فەوتاوو ئامیق نووریو ئەحمەد رەشید فەتاح و فەرەجی عومەری ملۆزم و حەمەی عەلی گەنجۆو عەبە عیفریت و عەبدوڵڵا رەشیدو چەمال جەلال و حەمەعەلی عارف وە سادقیش تەختەگێر بوو)، ئەمانە هەر یەکەیان ئیشێکی سینەماکەی گرتبوە دەس.

لەپێشا (عەلی عارف) دووتەکەی بەکرێ گرتبوو لەدواییا کەوتە دەس (حەمە ساڵح دیلان).

ئەم سینەمایە تائێستا لەکارایەو بەدەس خاونەکانی خۆیەوەیەتی.

تێبینی: ـ ئەوکاتە باو کە فلیمی تازە ئەکورا شەو فلیمە تازەکە نیشی ئەکرد. هەر سینـەمایەك تەختەگێڕێکی هەبو ئەم تەختەگێڕە وێنەی فلیمەکەی دائەکوتا بەو تەختەیەدا کە درووست کرابوو بەئەندازەی وێنەکە لە ناوەراستی تەختەکەشەوە دەسکێکی لە دار وەك کلکە خاکەناز پیا دائەکوترا بۆ ئەو تەختەگێڕە دەستی پێوە ئەگـرت و ئەیخستـە سەر شانی بەناو بازار. ئەگەراو هاواری ئەکرد لە فلان سینەما ئیش ئەکات. زۆر جار وێنەی فلیمەکە ئەکرا بە (کلێشە) لەگەڵ هەندێ پیروپاگەندە بۆ فلیمەکە ئەیان نارد بۆ چاپخانەو چاپ ئەکرا تەختەگێڕەکە لەگەڵ ئەو تەختەیەی بەشانیەوە بو لەناو بازار بلاویئەکردەوە زۆرجاریش لە رۆژنامەی ژیندا بلاوئەکرایەوە. هەروەها باو بوو ئەو عەسرەی کە ئەو شەوە فلیمی تازە ئیشی ئەکرد ئەو تەختەگێڕە. عەرەبانەیەکی بەکرێ ئەگرت لەتەنیشت عەرەبانچیەکەوە دائـەنیشت تەختـەکـەی ئەگـرت بەد ـست و شانیەوە لەگەڵ دەهۆڵ و زوورنا سەعاتێك بەناو شارا ئەگەران منالانیش دوای ئەکەوتن بۆ خۆشیو دیعایە گرتنەوە تا ئەهاتنەوە بەر سینەماکە ئەوشەوە ـ لەسەربانی سینەماکە دەهۆڵ و زوورنا لێئەدرا، بەلام لەپێشا لە بەردەم سـ ـەمای سەلاحەدین لە سابون کەران لەگەڵ دەهۆڵ و زوورناکەدا دەست ئەگیرا ئەبوو بە هەڵپەرکێ.

(سـ ـنەمای سیروان)

لە ساڵی (١٩٥٦)ز سیینـە مای سیروان هەر لەم شوێنـەی ئێستای خۆیا کرایەوە، بەلام ئەوکاتە سیینەمایەکی هاوینە بوو، ئەمە دووەم سیینەما بوو کە بتوانێ **فیلمی (سکۆب) پیشان بدا.**

لە ساڵی (١٩٥٨)ز سیینەماکە کرا بە سیینەمایەکی زستانە.

ئەوەش لەیـادنـەکەین سیینەما هاوینەکەی یەکەم فیلم کە لێی پیشان درا فیلمی (سوارەکانی ئەرجەشین) بو لە نواندنی (رۆری کالهن و جێن بیتەرز).

بەلام کە کرا بە **زستانە** یەکەم فیلم کە پیشان درا فیلمی (دوپشك) بوو لە نواندنی (روبەرت میتشام ، وە ئەو کەسانەی کە لەم سیینەمایەدا کاریان ئەکرد ئەمانە بوون:

ئەوانـەی سینـەمـاکـەیـان بەکرێگرتبوو (برایمی مەلا مارف و ئیسماعیل عەبدوڵڵاو ئەحمەدی مستەفابەگ) بوون کە خۆیان سەرپەرشتی بەڕێوەبردنیان ئەکـرد، هەروەها (سەلاح حیکمەت و عارف - کە پێی ئەوترا - عارەو سدیق ئەبـووشـوارب و عومـەر ڕەشییدو حسەینی عەبەدەلاك و بەکری مام برایم وە خولەی مەلاژن ئەوکاتە تەختەگێری ئەم سینەمایە بووە، ئەحمەدی عەبە دەلاك حانووتەکەی بەکرێگرتبوو. ئەم سینەمایەش تائیستا لەکارایە.

● ● ●

أ (مۆسیقا)

یەکەم تیپی مۆسیقا لە ساڵی (١٩٢٦)ز دامەزرا.

ئەوکاتە ئالەتی مۆسیقا بریتی بوو لە (١٦) شانزە پارچە کە بە پارەی ئەو چیرۆکە تەمسیلی‌یەی پێشکەش کرا لەلایەن قوتابیانی مەکتەبی یەکەمەوە لە ماڵی شێـخ باباعەلی کرا، ئەمەش ناوی ئەوکەسانەن کە بەشداری‌یان کردووە لەو تیپەدا لەگەڵ ناوی ئالەتەکانا:ـ

١ ـ شاکیر فەتاح	کلارنێت
٢ ـ ساڵح عەلی	ترامپێت
٣ ـ جەمالی هەجی سەلیماغا	ترامپیت
٤ ـ عەلی قەفتان	ترامپێت
٥ ـ دکتۆر عەبدول ڕەحمان عەبدوڵلا	ترامپێت
٦ ـ فەهمی قەفتان	ترامپێت
٧ ـ کەمالی ڕەشی‌یەفەنی سەعاتچی	ترامپێت
٨ ـ توفیقە ڕەش	بۆری
٩ ـ هەجی ڕەشی بەکرەفەنی	هۆرن
١٠ ـ جەلالی هەجی سەلیماغا	دەهۆڵ
١١ ـ حسەینی میرزا ساڵح	ترامپێت
١٢ ـ ئەحمەدی میرزا عارف	هۆرن

١٣ ـ فوئاد سالح [illegible]	[illegible]
١٤ ـ ڕەحیم عەبدول کەریم	کلارنیت
١٥ ـ پەتروس ئەسکەندەر	ترامپێت
١٦ ـ شەوکەت محەمەد	دەف
١٧ ـ جەلال حەمدی	بلوێر
١٨ ـ عەلی عارفاغا	دەف

ئەمە لەکاتی ئیستیعرازو کەشافەو وەرزش و ئاهەنگی قوتابیانا بەکارنەهینرا بەسەرپەرشتی مامۆستا عەبدول واحید نووریو مامۆستا فوئاد ڕەشید بەکر.

ئەمەش ناوی ئەو ئەندامانەن کە بەشداری‌یان کردووە لە دەورەی مۆسیقای ساڵی (١٩٤٧)ز:

١ ـ بەهجەت ڕەشید.

٢ ـ قادر دیلان.

٣ ـ ڕوبێن ئوفیك.

٤ ـ شەماڵ سائیب.

٥ ـ شێخ ڕەزای شێخ محەمەدی گوڵانی.

٦ ـ سەرکییس کیغام.

٧ ـ عەبدوەڵڵا جاف.

٨ ـ عەبدوڵڵا میدیا.

٩ ـ ئەحمەدی حەمەی لەیلێ.

١٠ ـ ئەحمەد زرنگ.

١١ ـ غەریب میرزا کەریم.

١٢ ـ جەمال فەتاح.

١٣ ـ مەحمودی حەمەی لەیلێ.

١٤ ـ نووری عەنبەر.

١٥ ـ عەلی ئیحسان.

١٦ ـ حەمە ساڵح.

١٧ ـ منالێکی ماموستا پەرترۆس.

١٨ ـ جەمال ئەحمەد.

١٩ ـ کەمال ئەحمەد.

٢٠ ـ جەمال عەبدوڵڵا.

٢١ ـ تۆفیق حەسەن دەوڵەت.

ئەمەش ناوی ئەو مامۆستایانەن کە لە بەغاوە هاتبوون ئەو دەورە موسیقی‌یەیان کردبووەوە دەرسیان تیا ئەوتەوە:

١ ـ حەنا بەتروس	دەرسی ئالەتە هەواییی‌یەکانی ئەوتەوە
٢ ـ غانم حەداد	دەرسی کەمانجە
٣ ـ جەمیل بەشییر	دەرسی کەمانجە
٤ ـ سالم حسەین	دەرسی قانوون
٥ ـ یەعقوب (یەعگوب)	دەرسی عوود
٦ ـ حەقی	دەرسی نای
٧ ـ شواع	دەرسی کەمانجە
٨ ـ مونییر	دەرسی کلارنێت

(تیپی مۆسیقای مەولەوی)

● ئەم تیپە لە ساڵی ١٩٥٥ز لە شاری سلەیمانی دامەزرا کە پێك هاتبوو لە کۆمەڵێك هونەروەران و مۆسیقا شو ناسان و ئەوانەی بە دوای هونەری کوردی‌یا ئەکەران، ئەوانەش بریتی بوون لەم هونەروەرانە:

١ ـ هونەروەر قادر دیلان.

٢ ـ هونەروەر ولیەم یوحەنا.

٣ ـ هونەروەر نەجات عەبدد.

٤ ـ هونەرودر بەهجەت ڕەشید.

٥ ـ هونەرودر حاتەم سەعید.

٦ ـ هونەروەر ئومید مەدحەت موبارەك.

٧ ـ هونەروەر هادی عەنبەر.

٨ ـ هونەروەر سەردار ڕەمزی فەتاح.

٩ ـ هونەروەر حەمە فەرەج.

١٠ ـ هونەروەر ساجید ڕەفیق.

١١ ـ هونەروەر نووری بەدەوی.

١٢ ـ هونەرودر قادر کوردی.

١٣ ـ هونەروەر حازم حەداد.

ئەم کۆمەڵە یەکەم تیپ بوون لە هەموو کوردستانا کە توانیان موسیقای کوردی بە شێوەیەکی ڕیك وپێك ببووژێننەوەو توانیان کە گەڵێ ئاهەنگ لە هەموو ناوچەکانی کوردستانا بگێڕن و ڕەسەنی مۆسیقای کوردی بگەشێننەوەو بیخەنە بەرچاو، هەروەها گەڵێ لە دەنگ خوشانی ولاتەکەمان بەشداری‌یان لە ئاهەنگەکانی ئەم تیپەدا کردووە، وە لەوانەیٌ کە لە دەنگ خۆشیا زۆر بەناوبانگ بوون ئەمانەن:

١ ـ هونەروەر کاك ڕەشید (ڕەشوڵ عەبدوڵلا).

٢ ـ هونەروەر کاکەحەمەی بەکر.

٣ ـ هونەروەر شەماڵ سائیب.

٤ ـ هونەروەر حەسەن زیرەك.

٥ ـ هونەروەر باکووری.

٦ ـ هونەروەر سیوە.

٧ ـ هونەروەر تایەر تۆفیق.

٨ ـ هونەروەر ڕەسووڵ گەردی.

٩ ـ هونەروەر ئیبراهیم محەمەد.

١٠ ـ هونەروەر فوئاد ئەحمەد.

١١ ـ هونەروەر قادر کابان.

١٢ ـ هونەروەر عوسمان عەلی.

١٣ ـ هونەروەر مامۆستای مەقام و گۆرانی عەلی مەردان.

١٤ ـ هونەرەوەر عوسمان سابوونچی.

١٥ ـ هونەروەر حەمەی ماملی.

١٦ ـ هونەروەر عومەر رەزا.

١٧ ـ هونەروەر قادری حاجی حسەین.

١٨ ـ هونەروەر رەفیق چالاك.

١٩ ـ فەرەجی حاجی رەشی. وە گەلێ لە دەنگ خۆشانیتر.

هەروەها ئەم تیپە توانیویەتی گەلێ ئاهەنگی خۆش خۆش بگێرێ بەتایبەتی لە جەژنی نەورۆزاو گەلێ ئاهەنگی تریان گێراوە لە قوتابخانەو باخچەی ساواکاناو زۆر جار ئاهەنگیان گێراوە بۆ یارمەتی هەژاران. بۆنمونە، دوای لافاوەکەی شاری سلەیمانی کە لە ساڵی (١٩٥٧)ز رویدا، هەستان بە گێرانی ئاهەنگێکی گەورە کە لە شاری (هەولێر)و کۆیەدا بۆ چەندرۆژێ گێرایان و پارەیەکی باشیان کۆکردەوە بۆ لێقەوماوانی لافاوەکە. هەروەها ئەم تیپە توانیویەتی ئاهەنگی گەورەو جوان بگێرێ لە هەموو ناوچەکانی کوردستانا.. وەك هەولێرو کۆیەو دوکان و دەربەندیخان و چوارتاو هەڵەبجەو تەوێڵەو بیارەو گەلێ جێگایتر. هەروەها توانیویانە گەلێك ئاهەنگ سازبکەن لە بەغاو گەلێ گورانیو مۆسیقایان لە ئیستگەی رادیۆ تۆمار کردوەو توانیویانە کە گۆرانیو مۆسیقای رەسەنی کوردی بە گوێی خەڵکی دەرەوەی کوردستان ئاشنا بکەن. جگە لەمەش ئەم تیپە گەلێ جار دەورەی کردوتەوە لەسلەیمانیا بو فیرکردنی قوتابیان و ئەوانەی حەز لە گۆرانیو مۆسیقا ئەکەن بەشێوەیەکی عیلمی راست.

(کۆمەڵی هونەرە جوانەکان لە سلەیمانی)

هەڵبـژاردنی کۆمیتـەکـان و دەستـەی بەڕێـوەبـردنی ئەم کومەڵە لە ڕۆژی ٥/٧/١٩٥٧ز بوو، ئەویش بەم جورە بوو:

١ ـ کومیتەی نواندن (شانۆ):

أ ـ ڕەفیق چالاك.

ب ـ نووری وەشتی.

جـ ـ ڕەوف یەحیا.

د ـ تەها خەلیل.

هـ ـ نامیق محێدین.

٢ ـ کومییتەی مۆسیقاو گۆرانی:

أ ـ قادر دیلان.

ب ـ ولیەم یوحەننا.

جـ ـ بەهجەت ڕەشیید.

د ـ نەجات عەبدە.

هـ ـ حاتەم سەعیید.

و ـ هادی عەنبەر.

٣ ـ کومییتەی نیگار وهەڵکۆڵیین:

ا ـ جەمال بەختیار.

ب ـ خالید سەعید.

جـ ـ ئازاد شەوقی.

د ـ شێخ مستەفای شێخ ئەحمەدی بەرزنجی.

هـ ـ سەی موحسین سەیسەمیین.

٤ ـ کۆمییتەی ئەدەب:

أ ـ حەمە ساڵح دیلان.
ب ـ مستەفا ساڵح کەریم.

دەستەی بەڕێوەبەریش بریتی بوون لەمانە:

١ ـ ڕەفیق چالاك ـ سەرۆك.
٢ ـ ڕەوف یەحیا ـ سکرتێر.
٣ ـ بەهجەت ڕەشیید ـ ئەمینی سنووق.
٤ ـ نامیق محیّدین ـ موحاسیب.
٥ ـ جەمال بەختیار ـ ئەندام.
٦ ـ خالید سەعی ـ ئەندام.
٧ ـ نووری وەشتی ـ ئەندام.
٨ ـ ولیەم یوحەنا ـ جێگر.

هەروەها تیپی مۆسیقای مەولەوی بوون بە بەشێلەم کۆمەڵەو شوێنەکەیان لە جێگای باخچەی ساوایان بوو کە بەرامبەری مزگەوتی گەورەیە.

(هەندێ لە هونەروەرانی بەناوبانگ)

ئەو زەمانە باوبوو لە کوردستان بەگشتی وە لە سلێمانی بەتایبەتی زۆربەی خەڵك سەبیلیان ئەکێشا چونکە ئەوسا پاکەت و دارجگەرەی بێگانە نەبوو، توتنی خۆماڵی هەبوو چەند هونەرمەندێ هەبوون لە سلێمانی وەستا بوون لە درووست کردنی سەبیل لە دار، بۆ جوانی چۆلەکەو باڵندەیان لەسەر سەبیلەکە درووست ئەکرد. هەندێ لەو هونەرمەندانە ئەم وەستایانەی خوارەوەن:ـ

١ ـ دەروێش ئەحمەدی سەبیل: سەبیلی بە قاڵب و تیرۆك درووست ئەکرد لە ماڵی خۆیدا لە گەڕەکی چوارباخ یەکەم وەستای سەبیل بوە لە زەمانی عوسمانیدا.

٢ ـ وەستا حسەینی سەبیل: ئەم وەستایە بێجگە لە سەبیل شەکرشکێن و ـ قەڵەم بڕیشی درووست ئەکرد. دووکانەکەی لە ناو بازاڕ تەنیشت وەستا حەمەی لەیلێی شیرگەردا بوو.

٣ ـ ڕەحیمی سەبیل: لە قورەسوور سەبیل و باڵندەو شمشاڵ و فیکەی دروست ئەکرد. دووکانەکەی لە سابون کەران خوار چوحمەکە ئەنویی سمەیی سەبیل دا بوو پێش ئەوەی ئەم بێتە ناوی.

٤ ـ سمایلی سەبیل: ئەمیش لە قورەسوور سەبیل و باڵندەو شمشاڵ و فیکەی دروست ئەکرد. دووکانەکەی لەپێشا لەخوار پیرمەسوور بەرامبەر ماڵی ئوسوواغا بوو دوایی کواستیەوە شوێنی ڕەحیمی سەبیل لە سابون کەران.

٥ ـ عەبەپوشێ: لە تەلی ئەستوور قەمەرەو لۆری درووست ئەکرد بە گەورەیی ئەوەندەی منداڵ تیادائەنیشت زۆر ڕێك وپێك و جوان دەسکیشی هەبوو بەلای ڕاست و چەپا ئەسووڕایەوە لە ماڵی خۆیدا لەپشتی مزگەوتی شێخەلی خوار ماڵی توفیق قەزاز.

٦ ـ هونەروەر بەڕێز ـ حەسەن فەلاح ـ وێنەکێش.

٧ ـ هونەروەر بەڕیز شیخ مستەفا بەرزنجی ـ وینەکیش و پەیکەرتاش و مۆمیاگەر.

٨ ـ هونەروەر بەڕیز خالید سەعی ـ وینەکیش.

٩ ـ هونەروەر بەڕێز جەمال بەختیار ـ وێنەکێش و خۆش نووس.

١٠ ـ هونەروەر بەڕێز عەبدوڵلا سالار وێنەکێش و خۆش نووس.

١١ ـ هونەرەوربەریز سەی موحسین خوش نووس.

١٢ ـ هونەروەر بەڕێز حەمە فەرەج خۆش نووس.

١٣ ـ هونەروەر بەڕێز فەتاح مام کەریم وێنەکێش.

١٤ ـ هونەروەر بەڕێز حەمەئەمین سۆفی هەموو جۆرە گوڵێکی درووست ئەکرد بە کاغەزی ڕەنگاورەنگ (کریب پیپەر) ئەگەر لەباخا لەتەنیشت گوڵی سروشتی‌یەوە دات بنایە بەئاسان نەئەتوانرا جیابکرێتەوە لە دوورەوە.

(فۆلکلۆری سازو گۆرانی)

ئەمە دوو بەشە:

١ ـ ئامێرەکانی ساز.

٢ ـ ئاوازەکان.

١ ـ ئامێرەکانی ساز ئەمانەن:

[شمشاڵ] یا لوولك. ئەمە لە قامیش، زەردە، داری بەلاڵوك، فافون دروست ئەكری، ئەمانەش بە فوو پیاکردن لێئەدرین بێنەوەی فیکەی هەبی.

(تووتەك): ئەمە وەك شمشماڵ وایە بەلام فیکەی هەیە، پێی ئەوترێ بوێرە کەتە. لە داری هیندستان وەیا لە قامیشی سورقاوشان دروست ئەکری.

(زوورنـا): لە دار دروست ئەکـرێ، سەرێکی پانی وەك رەحەتی هەیە. خۆی فیقەنەی هەیە بۆ دەنگ دەرهێنان پێشی ئەوترێ (پیکە) لەگەڵ ئەمەشا هەندێکیان دوو پییکەی هەیە.

(باڵەبان): ئامێرێکی سازە، شێوەی دروست کردنی: دارێکی ناو بۆشی کون کونە کە وەکـو شمشمـاڵە لە ناوەڕاستی خوارویـا قامیشێکی کورتی پێـوەیـە بە سەرەکەیتری قامیشەکەوە هەمانەیەك چەسپ کراوە، تا هەمانەکە پر نەبێ فووی پیـا ئەکـرێ، کە پڕبوو ئینجا هەوای ناو هەمانەکە بەناو دارە کوناوییەکەدا ئەڕوات، سازژەنـەکـەش بەپـەنجـە بە گرتنـو بەردانی کونی باڵەبانەکە ئاواز دەریـەنێ، وە بونەوەی بای هەمانەکە دەرنەچیت ڕیگریك (سەممام) لە کونی قامیشی فوتێکردنەکەوە چەسپ کراوە.

(تەپڵ): بنەکەی لە زەرد یا لە مس دروست ئەکرێو پێستی خاو بەدەمەکەیدا ئەگیرێو بە دوو قامیش لێئەدرێ، چەشنێکیتری هەیە بریتییە لە دوو تەپڵی بچووك کە بەیەکەوەن پێیئەوترێ تەپڵی سواری.

(دوردگ): ئەمیش جۆرە تەپڵێکە.

(دەهـۆڵ): کەمـەیـەکی قووڵی دارینـە، پێستی خاو گیراوە بە هەردوو ڕوویا، دیوێکی بە کوڵە گۆچان، دیوەکەیتری بە شوڵێکی باریکی تایبەتی لێئەدرێ.

(کەرەنا): لە داریکی یەك پارچە درووست نەکری، دەنگەکەی گرە بو ئاگاداری جەنـگ بەکـارئـەهێنـرێ. ئێستاش بۆری جەنگی سووپایی کە لە زەردو مس درووست نەکری هەر لەسەر نەو شیوەیە دانراوە.

٢ ـ ئاوازەکان:

ناوازە کوردییەکان دوو جورن، ترازوودارو بیترازوو،

١ ـ ترازوودار: ئەمیش سێ چەشنە:

ا ـ بەستە: ئەمییش خاوی هەیەو کورجی هەیە.

خاو: وەکو

ئەرێ هۆ لەیلی   باوانم لەیلی
کوشتەی خاڵی تۆم   بۆ وا بێمەیلی

خاوەر خاوەر خاوەر   شەکری لەپاڵ سەماوەر

نازدارەی نازەنیینێ   قەدباریکەی لیمۆ رەنگ
یارەکەم هەر تۆی   دڵەکەت نەبێ تەنگ

چاورەشە کاڵی بەکاڵت قەسەم
بە جووتێ لیمۆی بن باڵت بەستەم

هەی بەلارو بەلارو بەلارەوە   تو سەری باوکت وەرە ماڵەوە.

گورج: وەکوو:

ئای شیرینێ خانم   کچەکە تۆی باوانم
گەر کابرا لێیداوی   من ماڵی وێرانم

خڕ بیژەنە ژیناگە   وەك کاڵە کۆن گەیناگە.

ب ـ هەڵپەرکێ: ئەو ئاوازانەن کە لە زەماوەندا لەسەری هەڵ ئەپەڕن لەسەر بنچیینەی (دوردك) ـ تیمپۆ ـ دانراوە وەك (گوڵ شێنی، کەمەرە لەرزێن، رۆینە، شێخانی، هەڵپەڕینی گەورە).

جـ ـ ئاوازی بێدەنگ: ئەو ئاوازانەی کە بە ساز لێنەدرین.

وەکو: سەحەری، چەمەری، یاریایە.

٢ ـ بێتەرازوو: ئەو ئاوازانەن کە هەموو مەقامەکان ئەکرنەوە، ئەمیش دوو بەشە:ـ

أ ـ پەیـژە گەورە: (پلە گەورە) وەکو مەقامی (ئەڵڵاوەیسیو ئەڵوەن و سەهەرو ـەبـحـن و چوارکاو پینج کا).

ب ـ پەیـژە پچـووك: وەکـوو (قـەتارو لاوك و حەیران و ئایئایو خورشیدیو هیجرانیو سیاچەمانەو نیوەشەویو عەبدالیو خەلیلوو مەترانوو بەیاتی کوردو قەتاری سنە (دەشتی).

سەرچاوە:

١ ـ لە کتێبی (سـەرنجێـك لە دەروازەی فۆڵکلۆری کوردەوە) بڵاوکـراوەکانی نەقابەی مامۆستایان ساڵی ١٩٦٠.

٢ ـ لە نوسینەوەی ئاوازەکانا هونەروەر (قادر دیلان)

* * *

● شانۆگەریی لەریی ئیشتمالدا ـ سالی ١٩٤٦

● هونەرمەندی خۆشنووس سەید مۆحسین
١٩٢١ - ١٩٧٧



● حەممومین سۆفی، گوڵ درووست کەر بە
کاغەزی ڕەنگاوڕەنگ

● دەورەی فێربوونی مۆسیقا - ١٩٤٧

● هونەرمەند ڕەفیق چالاك ١٩٢٥ ـ ١٩٧٣



● سمایلی سەبیل درووست کەری باڵندە لە قوڕەسوور

● قوتابیانی سانەویی شەو ساڵی ١٩٥٤ لە دوای پێشکەش کردنی شانۆگەریی جەنابی موفەتیش و بروسکەو شیرین

● تیپی مۆسیقای مەولەوی

ا پرۆژەی ئاوو ئەلەکتریك

لە گۆڤاری بڵاوکراوەی شارەوانیی (سلێمانی) ژمارە (٢) ساڵی ١٩٦٨ لاپەڕە (١١) دا نوسراوە:

«لە ساڵی ١٩٣٠ لە گەڕەکی گۆیژە لە شوێنێکا کە پێیان ئەوت (باخی پورە بەگی) بۆ یەکەمجار لەلایەن لیژنەی ئاوو کارەبا مەکینەی کارەبا دامەزرا. ئەم پرۆژەیەش لە سەرەتاوە بچووك بوو بریتی‌بوو لە دوو مەکینەی کارەبا کە هەریەکەیان هێزی ٢٥ کیلۆوات بوو وە لە جۆری (دی، سی) بوو تەنانەت کۆڵەکەی گڵۆپی شەقامەکانی ناو شار لە دار بوو وە بەمە زوربەی شاری سلێمانی رووناك کردبوەوە چونکە ئەوسا شارەکە بچووك بوو وە بەم شێوەیە فراوان نەبووبوو..

پرۆژەی ئاو

پرۆژەی ئاو هەر لەگەڵ پرۆژەی کارەبادا بڕیاری لەسەر دراوە وە هەر لەو ساڵەدا واتە ساڵی ١٩٣٠ دامەزرا، بەڵام بەشێوەیەکی بچووك و سەرەتایی لە ساڵی ١٩٣٤دا نەختێ زیاتر پەرەی‌سەند وە گەڕەکەکان توانیان بەتەواوی سوودی لێ وەربگرن چونکە لەوەوپێش ئەو ماڵانە ئاویان لە کارێزەکانەوە بۆ ئەهات ئەویش بەهۆی گونجەوە رائەکێشرا بۆ ناوماڵەکەو حەوزی بۆ ئەکرا وە ئاوکێش بە پارە ئەیان برد بۆ ماڵەکانی گەڕەك، وە ئاوکێشانەیان وەرئەگرت، ئەمانە هەمووی ئافرەت بوون، هەروەها خاوەنی کاریزە سەرەکی‌یەکە کە ئاوەکەی رائەکێشرا بۆ ئەم حەوزانە پارەی لە خاوەنی حەوزەکە وەرئەگرت لەنێوانی ٣ روپیە هەتاکو ٥ روپیە، ئەمەش پێیان ئەوت حەوزانە. ئەم ئاوکێشانە بەردەوام بوو هەتا ساڵانی ١٩٥٠ وە دوای ئەوە وردە وردە کەمی کرد هەتاکو نەما.

* * *

ناوی شەقامەکانی شاری سلێمانی

١ ـ شەقامی مەولەوی: لە بەردوکانی حسێن حاجی وەلی‌تا بەرماڵی موتەسەریف چوارباخ.

٢ ـ شەقامی سابونکەران: لە بەر دوکانی جەرجیس تا ماڵی ڕەشیدی کەریم هەیەر، گۆیژە.

٣ ـ شەقامی سەیوان: لە بەردەمی گەراجی سەرقەبرانەوە تا ماڵی فەقێ ڕەشید قەشان /چوارباخ.

٤ ـ شەقامی ئەمین زەکی: لە خەستەخانەی سەرشەقام تا ماڵی صدیق عەباس/ کانیسکان.

٥ ـ شەقامی سەربەستی: لە باخچەی گشتی تا بەنزینخانە/ کانێسکان.

٦ ـ شەقامی سەلاحەدین: لە حامیە تا ماڵی شێخ ڕەئوف حەفید/ کانێسکان.

٧ ـ شەقامی کاک ئەحمەدی شێخ: لە مزگەوتی گەورە تا ماڵی زێوەر ئەفەندی/ کانێسکان.

٨ ـ شەقامی پیرەسوور: لە سەراوە تا ماڵی عەبدوڵای ساڵح قیروان/ مەڵکەندی.

٩ ـ شەقامی کاوە: لە سجنەوە تا ماڵی تۆفیق ئەفەندی.

١٠ ـ شەقامی مەڵکەندی: لە ماڵی حاجی ئەمین تا ماڵی قازی شێخ محەمەدی خاڵ.

١١ ـ شەقامی بابان: لە ماڵی عومەربەگی ساحێبقران تا سەرکارێز.

١٢ ـ شەقامی پیرەمێرد: لە ماڵی ڕەشید حەمەئەمین تا پشتی سەدەکە.

١٣ ـ شەقامی نالی: لە ماڵی بارام تا گەراجی ئەسحابەسپی.

١٤ ـ شەقامی سەرشەقام: لە بەر مەخفەری سەرشەقام تا کارێزەکەی سەرشەقام.

١٥ ـ شەقامی بێکەس: لەماڵی تۆفیق ئەفەندی تا ڕێگای قەرەداخ/ جادەی تازە.
١٦ ـ شەقامی زێوەر: لە مودیریەی ئینحیـــرەوە تا مزگەوتی عەبدوڵڵا لوتفی.
١٧ ـ شەقامی کانێسکان: لە ماڵی حەسەن ڕەفعەت تا ماڵی فوئاد مەستی.
١٨ ـ شەقامی جەمهوری: لە خانوەکانی عەقاری تا مەتاری کۆن.

تێ بینی:
ـــــــ: ـ لەدوای شۆڕشی چواردەی تەمووز شەقامەکان ئەم ناوانەیاین لێنرا.

سەرچاوە:
ڕۆژنامەی ژین ژمارە ١٤١٧ ساڵی (٣٣) ١٣/١١/٩٥٨

* * *

چاوەشەکانی شارەوانی

ئەم چاوەشانە سەر بە شارەوانی بوون وە پاك و تەمیزی ناوبازارو گەرەکانیان پێسپێررا بوو، وە هەر چاوەشێك چەند کرێکارێکی لەگەڵ دا بوو بۆ گسك دان و پاك کردنەوە. وە هەر ماڵە تەنەکەیەك خۆڵی لە بەر دەرگا دانابوو، وە ئەم کرێکارانە هەر تاقمە چەند گوێ درێژێکیان پێبوو بۆ گواستنەوەی خۆڵ وە ئەیانبرد بۆ قەراغ شار وە فرێیان ئەدا وە جارو بار چاوەشەکان ئەیان سوتاند، ئەم چاوەشانە هەموو جلی تایبەتی‌یان لەبەردا بوو چاکەت و پانتوڵ و سدارە، وە نیشانەی بەلەدی‌یە لە شێوەی ئەستێرەدا ئەیانکرد بە سنگیانەوە، لەو چاوەشانە:

١ ـ مەجولی خامە سنەیی.

٢ ـ عەبەی فاتەی خولە درێژ برای (عیزەت تۆپچی).

٣ ـ حەمەی پوتی.

٤ ـ حەمە ئەمین باوکی عەلی شێر.

٥ ـ عارق خومەیس.

٦ ـ ڕەشەی عاسەی جومعە.

٧ ـ عارف هەلو.

٨ ـ حەمەوبەگ (میران).

٩ ـ خەلیل حسین (کەسۆك).

١٠ ـ مەحموودی عەبدوڵلا ئەفەندی.

١١ ـ عیزەتی ئەمینی ئاشچی.

١٢ ـ سەعەی ئامە درێژ.

١٣ ـ عەلی ئاغای رەشید ئاغ

١٤ ـ کەریم بەگ.

١٥ ـ **عەبوور بەگ**.

١٦ ـ خلەی عاسە.

١٧ ـ کاکی ئاغا.

١٨ ـ کەریمەرەش.

١٩ ـ حەمەی حاجی قادر.

٢٠ ـ عەبەسوور.

٢١ ـ ئەحەی شیخ سەمەد.

٢٢ ـ عومەر سەعید.

٢٣ ـ ئەحەی عارف هەلو

٢٤ ـ سابیری فەقێ کەریم.

٢٥ ـ ئەحەی مەلا توفیق.

٢٦ ـ عوسمان شێخ عەلی.

٢٧ ـ مەحوودی رەشەی خلەی بلە.

تێبینی:

ـــــــ: لە سلێمـــانی بە موراقیبی شارەوانی دەوتــرا چاوەش، بەڵام لە هەنــدێ شوێنی‌تر وەك هەولێرو کەرکوك کەششافیان پێ‌دەوت.

پۆلیسی پیادەو سوارە

پۆلیسی پیادە زەمانی ئینگلیز ساڵی ١٩٢٠ قەیدکران مانگی بە ٢٠ روپیە واتە ٥٠٠ر١ دینارو نیوێ بۆ ئاسایشی ناوشار.

پۆلیسی سوارە زەمانی ئینگلیز ساڵی ١٩٢١ قەیداکران مانگی بە ٤٠ روپیە = ٠٠٠ر٣ سێ دینـار بەڵام پۆلیسی سوارە ئەوەی توانـای ئەوەی هەبوبێ کە ئەسپی خۆی هەبێ ١٠ روپیەی مەسرەفی ئەسپەکەشیان ئەدایە، بەڵام ئەوەی توانـای ئەسپ کرینی نەبـوو ئەسپـەکەی لە میری وەرئەگرت، ئەوەی مەعاشی ئەسپەکەی نەبو پێیان ئەوتن (ئەسکەندرون)، پۆلیسی سوارە بۆیە مەعاشەکەی زۆرتر بوو چونکە ئەچون بۆ ناوچەکانی دەوروپشتی شار ئەرك و شەرەشەقیان زیاتر بوو لە پۆلیسی پیادە کە لەناو شارو ماڵ و مناڵی خۆیدا بوون، ئەم پۆلیسی سوارانـە لە ناوچـەکـانی دەرەوە مەخفەریان بو کردبونەوە، لە دژی پیاوکوژو خراپ و دزو درۆزن کوڕی ئازا نەبوایە نەیئەتوانی ببێ بە پۆلیسی سوارە.

میری هەر لە ناوچەی یەکێکی ئەکرد بە ئامیر مەخفەر بەڵام حوکمی حاکمێکی ئەکردو کونی کونداری دەرئەهێنا، پیاو خراپیان ئەهێنا لەدەرەوە ئەواتەی میری داوای کردبون یان لەدەست میری رایان کردبو بە پاشکۆی ئەسپەکانیانەوە بە مشکیو پشتێنـەکەی خۆیانەوە ئەیان بەستنەوەو وەکو فلیمی (کاوبۆی) بەرەو شار ئەیان هێنان، بەڵام زۆرجار کوڕی ئازایان لێ هەڵئەکەوتن دەرەقەتیان نەئەهاتن.

تێبینی: ـ کاتی خۆی کە پۆلیسیان قەید ئەکرد ئەبوایە خەڵکی شارو بنەماڵە بوایە. پاش ئەرزوحاڵ و مۆری موختار ئەبوایە هەیئەتی ئیختیاری محەلە بریاری لەسەر ئەم شەخسە بدایە کە ئینسانێکی پاکە، پاش ئەوەی یەکێکی دەوڵەمەند کە جێی باوەڕ بیت ئەبو بە کەفیلی پانزە دینار. لە سیەکاندا بو بە ٣٥ دینار، دوای ئەوە ئەنـدامانی بەلەدیەو سەرۆکی شارەوانیش بریاریان لەسەر بدایەو ئەیاننارد بو مودیری پولیس ئەویش ناودکانی ئەنارد بو موتەسەریف بو ئیمز ئەمجا وەرئەگیرا.

زۆری خەڵکی ئەو سەردەمە ئەگێڕنەوە وا باو بوە ئەوانەی کە بون بە پۆلیس لەبەرئەوەی بوون بە مەعاش خۆر داوای کچێکیان بکردایە زوو ئەیاندانێ. خەڵکی پێیان ئەوتن ڕێوی هاتووە بەرەو پیریەوەو کچی جوانیان ئەبوو بە نسیب.

سەرچاوە: ـ

١ ـ لە سجلی شارەوانی کۆنەوە.

٢ ـ حەمەی مەلای دەنگ گەورەکە کاتی خۆی پۆلیسی سوارە بووە. ساڵی ١٩٠٠ لەدایك بووە.

٣ ـ قادری مەلا عەلی حاجی گورون کاتی خۆی پۆلیسی سوارەبووە ساڵی ١٩٠٢ لەدایك بووە.

ناوی هەندێ لەو پۆلیسانە

١ ـ حەمە ئەمین بانی شاری ٭ دوو خەت، خولەپیزە کوشتی لە ساڵی ١٩٤٧دا. خولە لەسەرنەوە یاحی بوو.

٢ ـ باباشێخ قەرەداغی، سێ خەت و تاج.

٣ ـ حسین ئەسعەد، سێ خەت و تاج.

٤ ـ حامید ئەسعەد، سێ خەت و تاج.

٥ ـ عەبدوڵڵا مارف، سێ خەت و تاج.

٦ ـ حەمەسوری مەلا موحەمەدی دەنک گەورە: سێ خەت و تاج.

٧ ـ حەمەبچکۆلی مەلا موحەممەدی دەنگ گەورە: سێ خەت و تاج٭ «ئەم دوانە برا بوون».

٨ ـ موحەمەد جەبار: سێ خەت و تاج.

٩ ـ رەزا کویی: سی خەت و تاج.

١٠ ـ کەریم کۆیی ٭ برای بوو: سێ خەت و تاج.

١١ ـ حەمە تەورویزی: سێ خەت و تاج.

١٢ ـ نادر کۆیی: سێ خەت و تاج.

١٣ ـ میرزا حەبیب: سی خەت و تاج.

١٤ ـ عەلی مارف چوارتایی: سێ خەت و تاج.

١٥ ـ سەید رەشیدی جەباری: سی خەت.

١٦ ـ قالە کوردە: سێ خەت.

١٧ ـ ئەحمەد روستەم: سی خەت.

١٨ ـ شێخ قادری موحەمەد: سێ خەت.

١٩ ـ فەرەج چاوشین: سی خەت.

٢٠ ـ عارف ئەمین: سێ خەت.

٢١ ـ حەمە عەلی کانیهەمزەیی: دوو خەت.

٢٢ ـ عیزەت وەلی: دوو خەت.

٢٣ ـ شێخ سالح قزلەری: دوو حەت.

٢٤ ـ شیخ محەمەدی مستەفا دوو خەت

٢٥ ـ مەجیدی قالەی شاسوار: دوو خەت.

٢٦ ـ عەبەی قالەی شاسوار: دوو خەت

٢٧ ـ غەریبی مامەخەلانی: یەك خەت.

٢٨ ـ عەبەی شەمام: یەك خەت.

٢٩ ـ حەمەی رەشیدی یالانقۆزی: یەك خەت.

٣٠ ـ عەبە نازی: یەك خەت.

٣١ ـ خولە پێنجوێنی: یەك خەت.

٣٢ ـ عەلی کانیدرکەیی: یەك خەت.

سەرچاوە:

١ ـ هەندێ سجلی کۆن.

٢ ـ پۆلیسی سوارە عەبەی قالەی شاسوار.

تێبینی: هەندی پۆلیسی سوارەش هەبوون لە ناوشار سەر بە کومرک بوون ب ڕۆژو بە شەو ئەچوون بۆ دەوریە بۆ دەوروپشتی شار، بۆ دۆزینەوەی قاچاخ چیەکان ئەگەران مەڵبەندی ئەم پۆلیسە سوارانە لە ناوشار پێیان ئەووت (تاوڵەی سواری) شوێنی خۆیان و ئەسپەکانیان بوو.

شوێنەکەیان پشتی ماڵی موتەسەریفی جاران شوێنی بەریدەکەو مزگەوتی مەولەوی بوو.

* * *

ناوی نۆبەچییەکان (مرور)

١ ـ ئیبراهیم دەروێش سێ خەت

٢ ـ مەحموود عێراقی سێ خەت

٣ ـ تۆفیقی حەسەنە قووچ دوو خەت

٤ ـ شێخ ئەحمەد عومەر یەك خەت

٥ ـ حەمە فەرەج سێ خەت
٦ ـ شێخ ئەحمەدی خاڵە شێخ یەك خەت
٧ ـ عەفووری قالە شەوقە دوو خەت
٨ ـ حەسەن ساقی سێ خەت
٩ ـ حەمە کەورە یەك حەت
١٠ ـ حەمە کاکە یەك خەت
١١ ـ مچە بەردەزەردی بێ حەت
١٢ ـ ئەحمەدی ئەمین مێتو یەك خەت
١٣ ـ ئەمینی ساڵح نەریمان دوو خەت
١٤ ـ کەریم ڕەحیم (کەریمە سوور) یەك خەت
١٥ ـ قادر حەمە ئەمین دوو خەت
١٦ ـ عەریب ئیسماعیل یەك خەت
١٧ ـ شێخ غەریب یەك خەت
١٨ ـ بلەی نەولێ یەك خەت
١٩ ـ تۆفیقی حەمەی مەلا سێ خەت و تاج

سەرچاوە:

١ ـ شێخ ئەحمەدی خاڵە شێخ
٢ ـ توفیقی حەمەی مەلا

تێبینی

ـــــ: بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٣٩ز شارەوانی دوو چەتری نۆبەچی دروست کرد یەکێ لە بەردەرکی سەرا ئەوی‌تریان لە بەر ئەسحابە سپی بۆ شوێنی وەستانی نۆبەچی (مرور) وە هەر لەو ساڵەدا ئەو دوو نۆبەچی‌یەی ئەسەرەوە نووسراون بوی دانران.

* * *

ژمارەی دانیشتوانی شاری سلێمانی بەپێی گەڕەکەکانی، لە سجلی سەرژمێری دانیشتوان ساڵی ١٩٤٧ وەرگیراوە:

ناوی گەڕەکەکان	جۆر	ژمارەی دانیشتوان
مەڵکەندی	نێرینە	٣٤٩٩
	مێیینە	٣٤٠١
گۆیژە	نێرینە	٣٣٣٩
	مێیینە	٣٦٦٨
چوارباخ	نێرینە	١٩١٨
	مێیینە	١٩٨١
دەرگەزێن	نێرینە	١١٦٣
	مێیینە	١٢٦٣
سەرشەقام	نێرینە	٢٣٦٤
	مێینە	٢٥١٣
کانێسکان	نێرینە	٣٠٨١
	مێیینە	٣٠٧٢
جوولەکان	نێرینە	١٤٤٨
	مێینە	٧٦٥
کۆی گەڕەکەکان	نێرینە	١٦٨١٢
	مینە	١٦٦٦٣
ژمارەی گشتی ناوشاری	نێرینەو	٣٣٤٧٥
سلێمانی	مێینە	

دابەشکردنی دانیشتوانی شاری سلێمانی بەپێی گەڕەکەکانی.لە سجلی سەرژمێریی ساڵی ١٩٥٧ وەرگیراوە..

ناوی گەڕەکەکان	جۆر	ژمارەی دانیشتوان
مەڵکەندی	نێرینە	٥٣٨٣
	مێینە	٤٥٩٨
گۆیژە	نێرینە	٥٢٥٤
	مێینە	٤٩٧١
چوارباغ	نێرینە	٤٠٦٢
	مێینە	٣٨١٩
دەرگەزێن	نێرینە	١٤٥٧
	مێینە	١٣٨٤
سەرشەقام	نێرینە	٤٢١٣
	مێینە	٣٨٨٥
کانێسکان	**مێینە**	٥٢ ٧٩
	مێینە	٤٥٠٧
کۆی گەڕەکەکان	نێرینە	٢٥٦٤٨
	مێینە	٢٣١٦٤
(کۆی گشتیی ناوشاری سلێمانی		٤٨٨١٢
کوی کشتی پاریزکای سلیمانی	نیرینە	١٥٨٦٢٤
بە قەزاو ناحیەکانیەوە)	مێینە	١٤٦٨٩٥
کۆی گشتی		٣٠٥٥١٩

* * *

بۆ یەکەم جار لە سلێمانی

١ ـ یەکەم دەستگای سینەما کە بە پیل ئیشی ئەکرد لە ساڵی ١٩١٠ی زایینی هاتە سلێمانی‌یەوە لە خانی شێخ ئەحمەد دامەزرا لەنزیك (تووی قۆجە)، خەڵك بە شەو ئەچوون بۆ سەیری کە ئەکەوێتە کۆتایی شەقامی سابونکەران.

٢ ـ یەکەم سندوقی گۆرانی (گرام) حاجی عەبدوڵلا عەزیزو حاجی ئەمینی کاکەحەمە بە بازرگانی لە مۆسکۆوە هەریەکی سندوقێك لەگەڵ چەند قەوانێکیان هێنا لە ساڵی ١٩٠٨ی زایینی‌دا.

٣ ـ یەکەم چرای لۆکس ئەمینی مەلا برایمی چایچی ناردی لە ئەستەموولەوە چرایەکی بۆ هات ساڵی ١٩١٢ی زایینی.

٤ ـ یەکەم کارەبای دەستی کە بە پیل ئیشی ئەکرد واتە (لایت) مەلا حەسەن کوری مەلا قادری بیارە لە ساڵی ١٩١٢ دانەیەکی لە ئەستەموولەوە هێنا.

٥ ـ یەکەم فرۆکە لە ساڵی ١٩١٦دا ئەفسەرێکی ئەڵەمانی هێنایە سلێمانی کەوتە شیوی (دۆزەخ مینە) فرۆکەکە شکاو فرۆکەوانە مرد.

٦ ـ یەکەم ئوتومبێل **لە ساڵی** ١٩١٦دا خەلیل پاشا والی بەغدا پێی‌هات بۆ سلێمانی، وە لە ماڵی حاجی مەلا سەعید میوان بوو.

٧ ـ یەکەم دەستگای چاپ لە ساڵی ١٩٢٠دا مێجەرسۆن هێنایە سلێمانی‌یەوە.

٨ ـ یەکەم پایسکیل عەونی ئەفەندی حاجی گورون لە ساڵی ١٩٢٤زدا هێنایە سلێمانی‌یەوە.

٩ ـ کارەبا، شارەوانی‌ی سلێمانی هێنای لە ساڵی ١٩٢٩دا کەوتە ئیش کردن.

١٠ ـ یەکەم دەستگای (تەلگراف) لە ساڵی ١٨٩٧ی زایینی‌دا لە سلێمانی دانرا وە (موجریم ئەفەندی) ئیشی لەسەر کرد.

١١ ـ یەکەم ئاشی ئاگر لە ساڵی ١٩٢٦ز برازاکەی خواجە کەریم عەلەکە هێنایە سلێمانی‌یەوە.

١٢ ـ له ساڵی ١٩٠٠ زایینیدا قادر ئەفەندی گەورە عەرەبانەیەکی دروست کرد کە بە وڵاخ رائەکێشرا.
١٣ ـ یەکەم پزیشك کە خەڵکی سلێمانی بووە بێن باشی دوکتۆر حسێن ئەفەندی باباجان کە لە ساڵی ١٢٦٨ هـ لە سلێمانی لەدایك بووە لە (کولیەی توببی)ی ئەستەمووڵ خوێندویەتی وە بووە بە پزیشك لە سوپای عوسمانلیدا، ئەمیش کوری میرزا بەدیعە کە ناسراوە بە دوکتور میرزا بەدیع باباجان. حسێن ئەفەندی لە ساڵی ١٣٤٢ هـ لە کەرکوکەوە بەسواری ئێستر دێت بۆ سلێمانی وە کە ئەگاتە پردەکەی قلیاسان، ئێسترەکە هەڵ ئەتیزێنێو ئەیخاتە خوارەوە هەر لەوێدا ئەمری خوا بەجێدێنێت.
١٤ ـ یەکەم شەقام و یەکەم باخچەی گشتی بەیەکەوە دروست کران لە ساڵی ١٩٣٨ لەلایەن شارەوانیی سلێمانییەوە، وە ئێستا پێی ئەوترێ شەقامی مەولەوی لە زەمانی مەحمود ئەفەندی قادر ئاغادا، وە یەکەم باخەوان کە دەستیکرد بە دارناشتن، ئەورەحمانی باخەوان بوو، وە شەقامی مەولەوی لەپێش شۆرشی چواردەی تەموز پێیان ئەووت (جادەی تازە).
١٥ ـ یەکەم کارگە، کارگەی مستەفا بەگ لە ساڵی ١٩٢٧ ـ ١٩٢٨ ئەمەش کارگەی سۆدەو سیفۆن و لیمۆ بوو کە پێیان ئەوت (ناملێت) وە شوێنەکەی هەر شوێنی قاپیی سینەمای سیروانی ئێستا بوو لەکاتی خۆیدا کەلاوە بووە.
١٦ ـ یەکەم سینەما، سینەمای سەلاحەدین بوو لە شوێنی چایخانەی حەمەرەق کە لە ساڵی ١٩٤٢دا دامەزراوە.
١٧ ـ یەکەم کارگەی سەهۆڵ، کارگەی قەندیل کە لە ساڵی ١٩٥٨ دامەزراوە کە لە بەردەم گردی مشیرئاوا بوو وە خاوەنەکەی (گەرەبێت نعلبندیان) بوو.
١٨ ـ یەکەم کتێبی کوردی «دیوانی مەولانا خالید» بووە لە ساڵی ١٨٤٤ز لە ئەستەمووڵ چاپ کراوە.

١٩ ـ یەکەم کەس ماتۆرسکیلی هێناوەتە سلێمانی ڕەشید ئەفەنی حاجی برایم ئاغا برای خاڵە مچە کە ئەفسەرێکی عوسمانی بوو لە کۆتایی ساڵی بیستەکاندا هاتەوە سلێمانی بە پایسکیل، لە سەرەتای سییەکاندا ماتۆریشی هێنایە سلێمانی.

٢٠ ـ یەکەم تەلەفۆن تەلەفۆنی ژمارە (١)ی چاپخانەکەی پیرەمێرد بوو.

٢١ ـ یەکەم ئوتومبیل ژمارە (١) ئوتومبیلەکەی شێخ لەتیفی شێخ مەحمود بوو.

٢٢ ـ یەکەم بەڕێوەبەرو پێشکەش کەری بەرنامەی کوردی کە ئێستگەی بەشی کوردی کرایەوە لە بەغدا ساڵی ١٩٣٩ کامیلی کاکە ئەمین بوو.

٢٣ ـ یەکەم کەس لەناو مەلاکاندا فێستی سووری لەسەرکرد مەلا مستەفای حاجی مەلا ڕەسوڵ (صەفوەت) بووە.

٢٤ ـ یەکەم فرۆکەچی لە سوپای عوسمانیدا ملازم اول (فایەقی کاکە ئەمین) لە ساڵی ١٩١٤ لە ئەستەموول بووە بە ملازم ثانی، بەشداری شەری کردوە لە شەری (چەنەقەلعە) بریندار بووە، دوایی چوو ەتە مەدرسەی طەیران لە (سیسە فانوس)وە دەرچووە بە فرۆکەچی وە تەعین بووە لە فەوجی دووەمی (ئیکنجی هجوم) بەشداری شەری بەناوبانگی کردوە لە ڕۆمانیاو بۆخارست وە بریندار کراوە وە وسامی وەرگرتووە بووە بە ملازم اول فرۆکەچی، کە جەنگی جیهانی یەکەم تەواو بوو هاتەوە بۆ خاکەکەی خۆی لە سلێمانی، لە ساڵی ١٩٢٢ لە سوپاکەی حکومەتی کوردستاندا بو بە یاوەری سەرەك سوپا پایە بەرز ساڵح زەکی صاحبقران، دوایی کە دەوڵەتی عێراق دروست بوو چووە سوپای عێراق تا ڕوتبەی گەیشتە عقید ئەمجا خانەنشین کرا. لە (مشاهیر الالویة العراقیة) عبدالمجید فهمی حسن ساڵی ١٩٤٦.

٢٥ ـ یەکەم برین پێنج حەمەوەفای شاعیر دەورەی دیوە لە بەغدا. بەشداری کردوە لە شەری شێخ مەحمودا دژی ئینگلیز.

٢٦ ـ یەکەم کەس مامۆستا مەلا سەعید کابان کەدەستورێکی بۆ زمانی کوردی داناوە بە ناوی (مختصری صرف و نەحوی کوردی) لە ساڵی

١٩٢٨ چاپ کراوه. بێجگه لەمەش چەند پەڕاوێکیتری بۆ قوتابیان داناوه، یان گۆڕیویەته سەر زمانی کوردی.

٢٧ ـ دامەزراندی یەکەم دائیرەی ئەوقاف لە ساڵی ١٩١٧ بووه.

٢٨ ـ یەکەم جار دامەزراندی دیدەوانی (کەشافه) لە ساڵی ١٩٠٨ دامەزراوه.

٢٩ ـ یەکەم کەس خاوەنی ئوتومبیلی خۆی بوو شێخ مەحمودی نەمر بوو.

٣٠ ـ یەکەم خۆپیشاندانی سیاسی بە دوو دروشمەوه لە پێنجی ئەیلوولی ساڵی ١٩٣٠ لە بەردەرکی سەرا کە یەکەمیان لەسەری نوسرابو (ڕەوا بێ مەطلەبی کورد) دووەمیان لە سەری نوسرابو (بژی عەدالەتی عوصبەت الامم). یەکەم کەس جگە لە مەئمورەکان لە ئەهلیدا چاکەت و پانتۆڵی لەبەرکرد لە سلێمانیدا توفیق قەزاز بو.

(لە ڕشتەی مرواریەوه بەرگی هەشتەم).

٣١ ـ یەکەم پاسکیلخانه ساڵی ١٩٣٥ ـ ١٩٣٦ دامەزرا لە سابونکەران بەرامبەر ماڵی یەکتابەگ خاوەنەکەی سەی هادیبو.

سەرچاوه.

ـــــــ: گۆڤاری شەفەق ژماره ـ ١١ ـ ساڵی ١٩٦١ کۆکردنەوەی نەجمەدین مەلا تا خاڵی ـ ١٢ ـ وه بەشەکەیتری خۆم کۆم کردۆتەوه.

* * *

● نۆبەچی تۆفیقی حەمەی مەلا

● بلەی ئەولێ

● یۆحەنا خەنانیشۆ «پۆلیس»



● عارفی خومەیس، چاوەشی بەلەدییە

● عەبدوڵلا قادر شاسوار ١٩٢٤ - ١٩٨٤



● خەلیل چاوەش، ئەحەی عارفی هەل لو،
عومەر سەعید

● عارفی هەلو

● خەلیل حسەین کەسوڵ «خەلیل چاوەش»
١٨٧٢ - ١٩٧٢

ئایا ئەزانی؟

٤ ـ جاران بۆ ڕەمەزان و بەجەژن کردن لە سلێمانی لەجیاتی ئەوەی خەڵک خۆیان بۆ مانگ بگەڕێن چاوەڕێی گڵەزەردە بوون، لەوێ لە بورجەکەی شێخ حەسەنی گڵەزەردە، کە ڕوانگەیەکی فەلەکیی بەرزی ڕۆژی خۆی بوو مانگ ئەبینرا ئاگر لەسەر شاخەکە ئەکرایەوە، ئیتر لە سلێمانی قازی بێشایەت دەیکرد بە ڕەمەزان یا بە جەژن.

تەماشا کردنی مانگ لە گڵەزەردە

G. F. 11.
نموذج عام (١١)

FROM — من

TO — الی : جناب مدیر سرچنار

No. رقم ٤٨٩/١٩

Dated the 192
التاریخ الموافق ١٠/٤/٦ ١٩٢

Memorandum. مذکرة

لطفاً امر بکن بە اهالی گلەزەردە کە بە مقدار زوری [illegible] ١٤ مارت
وقت ایواری بچنە سەر شاخەکە و بە دقت ترصد هلال [illegible]
بکن و اگر هلالیان دیت [illegible] آگرێکی گەورە بکەنەوە
کە علامت دیدنی هلال بێ، [illegible]
معتبریان بنێرنە لای جناب قاضی افندی [illegible]
هلال بدەن

[illegible]

صورتیکی بو معلوم بو جناب فضیلتماب قاضی افندی. [illegible] ١٠/

٢ ـ لە زەمانی عوسانیدا موچەخۆرو قوتابی فێستی سووریان لەسەر ئەکرد، وە لە زەمـانی ئینگلیـز بەدواوەو دامەزراندی دەوڵەتی عیراق موچەخۆر چاکەت و پانتۆڵ و سدارەی رەشیان لەسەر ئەکرد، وە قوتابی تاك تاك چاکەت و پانتۆڵیان لەبـەردابـوو، ئەوانە سدارەیان لەسەر ئەکرد ئەوانیتر هەموو بە جل وبەرگی کوردی، زۆری کەواو سەڵتـەیـان لەبـەرئـەکـرد یان عەزیزیو چاکەت، بەڵام هەمـوویان سەرو پێچیان ئەبەست. ٣٠ بەدواوە وردە وە قوتابیش بە سەری رووتی ئەچوون بۆ قوتابخانە.

٣ ـ لەو زەمـانــەدا سمێڵی زل باوی بووە، وە کەسیش لەم شارەدا بێسمێڵ نەبووە، ئەگەر کۆستە نەبووبێ وە مووی سمێڵیش سوێنی گەورەیان بوو وەك ئەڵێن (بە سمێڵی مەردانەت قەستەم).

٤ ـ سلێمانی تا ساڵی ١٩٦٠، یەکەم کەس کە شەبەقی لە ماڵ ئەهاتەدەرێ، دەرگای هەموو ماڵێك لەسەر پشت بوو تا دوا کەس شەو درەنگ کە لەدەرەوە ئەهـاتنـەوە ماڵەوە ئنجـا قاپی دائـەخرا. وە بەم رۆژگارە دراوسێی ماڵ هەر هاتوچۆی یەکتریان ئەکرد بۆ یارمەتیو پێویستی ناوماڵ و سەرزانی یەکترو کات بردنە سەر.

هەموو مزگەوتێکیش لەم شارەدا ساڵ دوانزەی مانگ قاپیی لەسەر پشت بوو، ئەگەر فەقیرێك یان غەریبێك جێگای نەبوایە شەو مزگەوت ماڵی خۆی بوو، وە هـەمـوو مـزگـەوتـێـکـیش دوو دەرگــای هــەبــوو

لەم شارەدا، واتە لە دوو کۆڵانەوە هاتو چۆیان لێ دەکرد، هەروەها دوکاندارەکان لە کاتی قاوەڵتی واتـە نان خواردنی نیوەڕۆ یان ئیشێکیان بوبێت پەردەیەکی بچوکیان ئەگێرا بە بەردەمی دوکانەکەیانداو دوکانەکەیان بەجێئەهێشت.

٥ ـ لە کاتی خۆیدا هەموو دوکانێك لەم شارەدا دەرابەی تەختە بوو کە دارتاش سێ جۆری دروست ئەکرد.

أ ـ دەرابەی دووکانی بەقاڵ و سەوزەفرۆش ـ هتد... ئەم جۆرە لە ناوەراستەوە بۆ سەرەوە بە ... قەد هەڵئـەدرایەوە لە سەرەوە شیشێکی کورت بەئەڵقەیەکا

ئەکـرا بۆ ڕاگرتنی، وە لە ناوەڕاستیشەوە بۆ خوارەوە دائەدرایەوە بە دوو قەد بۆئەوەی سەبەتەوشتی بخرێتە سەر.

ب ـ دەرابەی دووکانی بازرگان و خەیات و عەتار.. هتد، ئەم جۆرە بریتی بوو لە دوو پارچە لە ناوەڕاستەوە کە ئەکرایەوە لایەکی بەلای چەپا بە دوو پارچە قەد ئەکـرا، لاکـەیتـری بە لای ڕاستـدا بە دوو پارچەقەد ئەکراوبە بزمارو پەت بەدیوارەوە قایم ئەکران .

جـ جۆری سێـیـەم کە بەزۆری لە قەیسەرییەکان بەکارئەهات، ئەم جۆرەیان شەش پارچـە بوو، هەر پارچـەی مەتـرێـك دوو دوو لەســەریەك، واتە سیان لەســەرەوەو سیان لەخوارەوە لە سکەی تەختە هەڵکێشرابون، لەپێشدا سیانی سەرەوە بەرزئەکرایەوە بۆ بنمیچەکە دوایی سیانەکەی ژێریشەوە بەرزئەکرایەوە بۆ بنمیچـەکە ئیتر دەرابەکە دیار نەئەما. وە ئاسنگەریش شیش و ئەڵقەی بۆ دروست ئەکـرد بۆ جێگـەی قفـڵ، وە قفـڵ و و کلیلەکـەش لای چەخماخساز دروست ئەکرا، تا ساڵی ١٩٣٨ کە یەکەم جادە کرایەوە جادەی تازە (مەولەوی) ئەمجا دەرابەی لەوح کەوتە شارەوە ئێستا تاك تاك دەرابەی تەختە ماوە لە چەند شوێنێك کە بەپەنجە ئەژمێرێ.

٦ـ تا کۆتـایی پەنجـاکـان هەمــەجــۆریاریکـردن وشەرە کەڵـەشێـر وشەرە کەوو. شەرە سەگ و سەگ بازیو کۆترباز لە گەڕەکەکاندا باوی بوو وە لە زۆر ماڵاندا هەمەجۆرێ ئاژەڵ و باڵندەیان ڕائەگرت. ئەوکاتە کوڕی گەڕەك کەم کەم لە گەڕەکی خۆی دوورئەکوتەوە چونکە. باوك و دایك ڕێگایان نەئەدان بە ئارەزوی خۆیان ئەم لاو ئەولا بکـەن، چایخــانــەش جێگــەی دانیشتی پیـاو بوو، کەلاوە لە گەڕەکـەکاندا جێگاو بنکەی کوڕی گەڕەك بوو وە لە هەموو گەڕەکێکدا ڕاوچی هەبـون کە ئەسپی چاك و تولەو تانجیو تفەنگی تاپریان هەبوو کە پاییزان و جارجار لە زستاندا کاتی بەفربارین وە بەزۆری لە سەرەتای بەهاردا ئەچوون بۆ شوێنی دوور بۆ ڕاو.

٧ ـ زوربـەی خەڵك لەم شارەدا تفـەنـگ و خەنجـەریـان هەبـوو، تفـەنگ و دەمانچەکەیان بە کیف و قایشەوە بەئاشکرا لە ماڵاندا بەدیواردا هەڵ ئەواسی، زۆرکەسیش دەمانچەو خەنجەری لەخۆی ئەبەست و لە ناوشاردا پێوەی ئەگەڕا

بێئەوەی کەسێك لێی بپرسێتەوە، زۆریشی پاصی چەکیان هەبو کە دەریان هێنابو بۆ چەکـەکـەیان لەلایەن میریەوە، شایانی باسە ئەم هەموو چەکەش هەبوو چونکە دنیا ئاسایش بوو، شارەکەش بێگانەی تیا نەبوو هیچ شتێك ڕووی‌نەئەدا. هەر لەو سەردەمەدا تا سەرەتای سالی پەنجاکان لە دوکانێکی گەورەدا بەرامبەر مەکتەبی فەیصەلیە کە خاوەنەکەی حاجی عەزیز بەگی حاجی فەرەج بەگ بو بێجگـە لە پێـویستی مەکتەب دەفتەرو قەلەم و کامێراو شتی‌تر، پێشانگایەکی گەورەی دانابو پڕ بو لە هەمەجۆر مارکە لە دەمانچەو تفەنگی تاپڕو فیشەك لە جامخـانەکەدا. ئەم کابرایە ئیجازەی لە مودیری پۆلیس وەرئەگرت پاش ئەوەی وەزارەتی ناوخـۆ بڕیـاری لەسـەرئەدا. ئەم دووکانەی سالی ١٩٦٢ چۆل کرد شەوکەتی کوری کردی بە ئەجزاخانە (صیدلیە)ی شەوکەت.

٨ ـ لە زەمـانی عوسمانی کاتی حوکمی سولتان ڕەشاد ڕابەر (پۆستەچی) لە سلێمانیەوە کە نامەیان ئەنارد بۆ ئەستەمبول یان لە ئەستەمبولەوە بۆ سلێمانی ئەو ڕابەرە پۆستەی بەسواری ئەسپ ئەبرد تا چەمچەمال وە لەوێوە چی هەبو پۆستە بەسواری ئەی‌هینایەوە، ئەو پۆستەچی‌یەش ناوی پەتولە کۆیری شانەگەر بو خەلکی سلێمانی‌و مالیان لە گەرەکی مەلکەندی لای پیرمەسوور بو، دوایی زەمـانی ئینگلیـز صالحی ئاغـا بو بە ڕابەر لەنێوان سلێمانی‌و چەمچەمال تا ئوتومبیل پەیدابو لە شارەکەماندا.

٩ ـ لە کاتی خۆیدا پێش ئەوەی کارەبا بێتە سلێمانی چرایان بەکارئەهێنا، دوو جۆر چرا هەبو جۆرێك بلورێکی درێژی ئەکرا بەسەرا لەلایەکەوە ئاوێنەی پێوە نەبو لەباتی بلور شوشە بو ئەم لاو ئەولای تەنەکە بو لە سەرەوە دەسکی تەلی هەبو بۆ هەلگرتن لە خواریشەوە جێگەی هەبو تەلیك بو دەستت پیا ئەنا بۆئەوەی هەلبـڕێ‌و بە شقـارتـە دایگـیرسێنی. ئەم چرایـانە ئەخرانە سەر کورسیەکی بچکۆلەی تایبەتی، زۆر جار (قوتیلە) یان بەکارهێنا بۆ حەوشەو ئاودەست کە دروستیان ئەکرد لای تەنەکەچی، لە تەنەکە بەقەد پەرداخێکی بچوك دەسکێکی بچکۆلەی پێوەبو بۆ هەلگرتن کونێکی لە ناوەراستدا هەبو پەتێکی ئەستوری خری تێخرابو، نەوتیان تێ‌ئەکردو بەکاریان ئەهێنا، ئەوکاتە جادە نەبو لە بەردەرکی سەراو چەند کۆلانێك داری سپی خریان چەقاندبو چرایان پیا هەلواسیبوو لە

جۆری دووەم ئێـواران لەلایـەن (چـراچـی) یەوە کە سەر بە بەلەدیـە بو دایئـەگـیرسان وە مەلا بانگدان بەتاریك و رونی کە حەس حەس لە ناوبازار ئەرۆشتنەوە ئەوان ئەیان کوژاندەوە. دوایی وردە وردە لۆکس پەیدابوو بەزۆری لە چایخـانەو حەمامەکاندا بەکاریان ئەهێنا، وردە وردە کە زۆر بوو کەوتیشە مالاّن. تا کارەبا پەیدابو کەوتە مالاّن و کۆلاّن بەلاّم لەپێشا هەموو مالێك کارەبای نەبـو یان ئەو مەکینـەیـە بەشی نەئـەکرد زوو زوو ئەکوژایەوە لەبەرئەوە هەر بەکارئەهات تا سالّی ١٩٥٦ مەکینە کۆنەکەیان لابرد مەکینەی گەورەی تازەیان هێنا جۆری (ئای سی) لە شوێنی مەخزەنی بەلەدیە نزیك مزگەوتی پیرەمەگرون. هەروەها لە زەمانی عوسمانیەوە مۆم هەر بەکارهاتوەو لە سلێمانیش دروستیان ئەکرد لە پیو.

١٠ ـ حەس حەس و حەس حەس باشی (پـاسـەوان و پاسەوان باشی) لەکاتی خۆیدا ناوی ئەو حەس حەسانەی کە ناونوس ئەکران لەلایەن بەلەدیەوە موچەیان بۆ ئەبـڕینەوە. ئەبوایە مرۆڤێکی چاپوك و لایەق و ناسراوو باوەڕ پێکراو بونایە لەسەر سکالاّکەیان هەیئەتی ئیختیاری گەڕەك و موختار مۆریان بکردایە پاش لێکـۆڵینـەوەئەبوایە کۆمەڵی ئەندامانی بەلەدیەو ڕەئیسی بەلەدیە ئیمزایان لەسەر ئەکردو دوایی مودیری پولیس بڕیاری لەسەر ئەداو ئەی‌نارد بۆ موتەسەریف بۆ بڕیارو ئیمزاکردنی.

هەروەها میری یەکێکی ئەکرد بە حەس حەس باشی کە سەرپەرشتیان بکات ئەبـوایـە پیـاوێکی ئازاو ناودارو جێی ڕێـزی خەلّکی شارەکـە بوایـە. ئەم حەس حەسـانە پاش ئیشوکاری خۆیان ئێواران بە سەرپەرشتی حەس حەس باشی چەکیـان لە (تـاولەی سواری) وەرئەگرت کە ئێستاکە شوێنی (مزگەوتی مەولەوی‌و بەریدو تەلەفۆناتە) چونکە ئەو شوێنە بنکەی پۆلیسی سوارە بو کە سەر بە پۆلیسخـانـە بو ئەم حەسـانـە بە بەرگی کوردیەوەو بەچەکەوە شەو ئەگەڕان بە ناوبازاڕ لە دژی دزو درۆزن و پیاو خراپ، وە بە شاوی (فیکە) لێدان یەکتریان ئاگادار ئەکرد، ئەمەش ناوی حەس حەس باشیەکان (سەرەك پاسەوانەکان):

١ ـ حاجی حسەین ئاغا		زەمانی عوسمانی
٢ ـ فەتاحی سەعە گۆج		زەمانی ئینگلیز
٣ ـ ئوسو ئاغا		زەمانی دەوڵەتی عێراق
٤ ـ کەریمی کاکەزاڵ		زەمانی دەوڵەتی عێراق

تێبینی: لە ساڵی ١٩٣٩دا حەس حەسێك موچەکەی مانگی دینارو نیوێ بوو، حەس حەس باشی مانگی پێنج دیناری وەرئەگرت.
هەرچی پۆلیس بوو ئەوە بە کۆڵانەکانا ئەگەران.
(لە سجلی کۆنی شارەوانی‌یەوە ساڵی ١٩٣٩).

١١ ـ (بانگوش) جاران بانگوش ئەگێرا بە ساڵانە لە وەرزی پاییزدا بۆ زستان کە باران دەستی‌پێ‌ئەکرد سەربانیان بە باگردێن و گوریس ئەگێرا جارجار تۆزی کاشیان پێوە ئەکرد، چونکە ئەو سەردەمە هیچ ماڵێك سەربانی کۆنکرێتی نەبووە هەمووی دارەڕاو قامیش و زەلی ئەخرایە سەرو گڵی پاکیان ئەکرد بەسەرا جوان رێکیان ئەخست دوای ئەوە بە گڵی سوور قوریان ئەگرتەوە کایان تێکەڵ ئەکرد جوان سەربانیان پێ سواغ ئەدا هەرچەند ساڵێك تێپەرێ بەسەریا جارێکی‌تر لە پاییزدا سواغیان ئەدایەوە، لە کاتی باران باریندا پێش ئەوەی بانگوش بیگێرێ لە بنمیچەکەوە لە چەند شوێنێکەوە دڵۆپەی ئەکرد ئەو شوێنانە حاجەتیان لێ‌دا ئەنا بۆ ئەوەی ئەو فەرش و بەرەو نوێنانە تەڕ نەبێت تا بانگوش ئەی‌گێراو باران خۆشی ئەکردەوە، هەروەها بۆ بینای میریش ساڵانە بانگوشیان بۆ ئەگرت، ئەم پیشەیەش ئێستاش بەردەوامە ئێمە بۆ دواڕۆژ ئەمە ئەخەینە بەرچاو.

١٢ ـ (چوخم) لە هەندێ گەڕەکدا لە کۆڵانێکدا بۆ کۆڵانێکی‌تر واتە لەبەینی هەردوو کۆڵانەکە ماڵێك یەك ژوری دروست ئەکرد لە ماڵەکەی خۆیەوە بۆئەبەوبەری ماڵەکەی‌تر لە سەربانەوە هەردوو ماڵەکە بەیەکەوە ئەنوسان و لەژێرەوە خەڵك لەم کۆڵانەوە ئەچون بۆ کۆڵانەکەی‌تر ئەبو بە شوێنی هاتوچۆی خەڵك پێیان ئەووت چوخمی فلانە شوێن، وەکو لەخوارەوە نوسراوە:

أ ـ چوخمەکەی‌سابونکەران: بەرامبەر حەوزەکەی سابونکەران لای ماڵی حاجی

کەریمی شمقار.

ب ـ چوخمەکەی لای ماڵی کەریمی قالەی قجول: بەرامبەر ماڵی ئەحمەد بەگی فەتاح بەگ (حەمدی) شاعیر خوار مزگەوتی حاجی حان.

جـ ـ چوخمەکەی قاوەخانەی سەرچیمەن: گەڕەکی گۆیژە لای ماڵی حاجی تۆفیقی تازە دەوڵەمەند.

د ـ چوخمی دەرگەزێن: لای ماڵی حاجی ئەحمەدی پیرۆز.

هـ ـ چوخمەکەی سەرشەقام: لای ماڵی حەمەسەعیدی عەبدوڵلائاغا،
ئەم چوخمە تائێستاش ماوە.

١٣ ـ (جلوس) بەبـۆنەی جەژنەکان وەك جەژنی لەدااِیك بونی پێغەمبەر (د)و جەژنی ڕەمەزان و قوربان و جەژنی لەدایك بونی مەلیك و چوونە سەر تەختی پاشاییو ڕۆژی سوپا، چەند ڕۆژێك لەوەپێش بەلەدیە خۆی ئامادە ئەکرد بە هەڵواسینی بەیاخ و گڵۆپی خڕی ڕەنگاوڕەنگ بۆ ئەو شەوە، لە بەردەرکی سەرادا دەهۆڵ و زورنا ئامادە ئەکرا پیاوان هەڵئەپەڕین وەستا علی جاسوس کەبابچی ئەو سەرچـۆپیەکەی ئەگرت چونکە پیاوێکی بەزەوق بوو، دووکانەکەشی لەوێدا بوو، ژنـان و منالانیش سەیریان ئەکرد وە هەر لەو ئاهەنگەدا هەمو ساڵێك تۆفیقی دەلاڵ کە لە گەڕاجـی خاڵە عەبـدە بوو، بۆ ئەوشـەوە فیشـەکـە شێتـەی دروست ئەکـردو دایئـەگیرساندو هەڵیئەدا بەئاسماندا و پریشکی بڵاوئەبوەوە، بەم جۆرە ئەو شەوە کاتێکی خۆشیان ئەبردە سەر، ئەم پیشەیە لەدوای شەڕی بەردەرکی سەرا دەستیپێکـرد تا سەرەتای سالانی پەنجاکان. دوای ئەوە تا کۆتایی پەنجاکان بەس بەیاخ و گڵۆپیان هەڵئەدواسی. لەپێش ئەوەدا لە زەمانی عوسمانیدا بەبۆنەی لەدایك بوئی سوڵتان و چونە سەر تەختی سوڵتانی ئەوشەوە لەسەر گردی دەبۆی قشڵەی عەسکەری تورك کە گردێکی زۆر گەورەو پان بو بەیـاخی تورکیـان ئەچـەقـانـدو مۆسیقـای عەسکـەری لێئـەدراو شاپڵیتەیان دائـەگـیرسـانـدو دەهۆڵ و زورنا لێئەدراو دەست ئەکرا بە هەڵپەڕکێ شاپڵیتە بریتیبو لە دارێکی خڕو باریك لە شێوەی کلکە خاکەناز لە سەرێکی دارەکەوە قتویەك یان پارچە تەنەکەیەکیان لێ قایم ئەکردو پەڕۆیان تێئەکردو نەوتیان ئەکرد بەسەراو بە شقارتە دایان ئەگیرساند.

[١] لە تەمسیلێکی قوتابخانەی زانستیدا ڕۆڵی جاسووسی بینی ئیتر ئەوە بوو بە ناو بۆی.

١٤ ـ له سالّانی ١٩٤٢ ـ ١٩٤٣ له سلێمانی ئیستگەیەکی ناوچەیی کرایەوە له دوکـانـێـکی گەورەدا لە بەردەرکی سەرا تەنیشت حاجی عەلی جاسـوسی کەبابچی، خەڵکی سلێمانی ژن و پیاو گەورەو بچوك بۆ گوێگرتنی ئەو ئیستگەیە شەو ئەهـاتنـه بەردەرکی سەرا لەم بەرو ئەوبـەری جادەکـه لای چەتـری نۆبەچی‌یەکە دائەنیشتن بۆ ئەوەی گوێ بگرن.

له پرۆگـرامی ئەو ئیستگـەیـه، ئیستگـەکە بریتی‌بو لە ئیمپلیفایەریك و چەند موکەبەرەیەکی دەنگ کە لەسەر چەتری نۆبەچی‌یەکە دامەزرابو. پرۆگرامەکەش یەکێك ،دەنگ وباسی شەڕی جیهانی دووەمی بلاّوئەکردەوە، وە گۆرانی کوردیان لەسەر سندوقی قەوان لێئەدا وەك گۆرانی‌یەکانی حەمدیە فەنی‌و مەلاکەریم و رەشۆل عەبدوڵلاو دایکی جەمال وە چەند دەنگ خۆشێك ئەهاتن لەوێ گۆرانیان ئەوت وەك تالب مەجید (تەلێ)و کەریم شایەرو کەریم کابان کە پرۆرامەکە تەواو ئەبو خەڵکەکە بلاّوەیان لێئەکرد، چونکە ئەوکاتە رادیۆ نەبو تاکە نەبێ لە هەندێ ماڵی دەوڵەمەندا هەبووە.

جاروباریش لە بەغاوە ئەهاتن سینەمای دەستی‌یان بەهۆی بەرێوەبەری ئەم ئیستگەیەوە لە هەندێ شوێنی نزیك بەردەرکی سەرا لە شوێنێکی دەشتاییەکی بچکـۆلە مەکینـەو پەردەیـان دائـەمـەزرانـد لەبەرئەوەی ئەو شوێنانە خەڵکی زۆرئـەگـرێت شەو خەڵکی لێی کۆئەبونەوەو فلیمی وەسایقی شەڕی جیهانی بەینی ئینگلیزو ئەڵمانی پیشانی ئەو خەڵکە ئەدا. ئەو فلیمانەکە پیشان ئەدران لەکـاتی شەڕی جیهانی دووەمدا دیعایە بوون بۆ ئینگلیز، ئەو شوێنانەی کە فلیمی لێ پیشان ئەدرا بەزۆری خوار ماڵی توفیق قەزاز شوێنی حەمامی سەرچنار جارجاریش شوێنی مەکتەبی غازی جاران چونکە ساحەیەکی گەورەی لێبو ئەو **ئیستگەیە گواستیانەوە کۆڵانی سەرو گەراجی حەمەی فەرەجەفەنی تا ساڵی ١٩٤٨ سووتانیان.**

١٥ ـ (مینۆرسکی) لە ساڵی ١٩٣٤دا بۆ بەشداری لە جەژنی هەزارەی فیردەوسی لە ئێران، هاتە سلێمانی‌و سەری لە چاپخانەی (ژیان)داو داوای پیرەمێرد کرد نمـونـەی شیعـری چەنـد شاعیرێکی کوردی نوێی بۆ کۆبکاتەوە شیعری گۆران و بێکـەس و میرزا مارف و بیخودو سەعید ناکامی دایە. (مینورسکی)

گەڕۆك بوو لە لەندەن دائەنیشت لەئەصڵدا ڕوسی بو.

١٦ - پاش هاتنی دەوڵەتی عێراق ٢ تۆپی زەمانی عوسمانی کە وەختی خۆی لە قشڵەی عەسکەری تورك بەجێمابو پاکیان کردبۆوەو هێنابویان لەناو حەوشی سەرا بەردەم بیناکە لەنزیك یەکەوە دایان نابون، مناڵان ئەچون بۆ سەیری وە هەر لەو زەمانەدا ژنە جولەکە ئەهاتن منڵی ساوایان ئەهێنا لەگەڵ خۆیان دوو ژنـە جولەکە لەمدیوو ئەودیوی تۆپەکە ڕائەوەستان ئەو منڵەیان ٣ جار ئەدایە دەست ئەچونە لای تۆپەکەیتریش

٣ جار مناڵەکەیان ئەدایەوە دەست یەکتری بەدەم دۆعاکردنەوە. بەم دەستورە بۆ نیازی دڵی خۆیان.

ئەم دوو تۆپە تا سەرەتای سالانی پەنجاکان هەر لەوێ مابون دوایی بردیانن بۆ بەغا لە بەردەم (وەزاررەتی دیفاع) دایان نان.

١٧ - لە سەرەتای ساڵی چلەکان حاجی لەق لەقێکی شەلی گەورە لەناو حەوشی سەرا بو، مناڵان، ئەچون یارییان لەگەڵ ئەکرد، لەناو حەوشەکەدا کە پڕ بو لە داری میوە وەك داری سێوو قەیسیو هەنجیرو هەنارو داریتر.

ئەم حاجی لەق لەقـە چونکـە یانـەی عەسکـەری لەنـاو حەوشـەکەدا بوو خواردنیان ئەدایە بۆ ماوەی چوار پێنج ساڵێك مایەوە ناوی لە شارا دەرکردبوو بە حاجی لەقەلەقەکەی ناوسەرا.

هەروەهـا لەو سەردەمـەدا . . دوو سەگی ئینگلیـزی ناویان دەرکردبو.لە ناوشـار یەکێکیان سەگەکەی باباعلی شێخ مەحمودی گەورە بو، کە زۆر جار ئەیخستە ناو ئوتومبیلەکەیەوە بۆ گەڕان و بۆ ڕاو ئەیبرد لەگەڵ خۆی ئەویتریان سەگەکەی یەحیا فەنی ڕەسام**ئەم** سەگەی لەگەڵ خۆیدا ئەیگێڕاو زۆرجار ئەیبرد بۆ بازاڕ زەمیلەیەکی لە مل ئەکردو گۆشت و سەوزەی تێئەکرد، سەگەکە بەتەنیا ئەیبردەوە بۆ ماڵەوە بەرامبەر مەکتەبی غازی زۆرجاریش لەگەڵ خۆی ئەیبرد بۆ ڕاو، هەروەها لە سەرەتای ساڵی پەنجاکاندا میرزا حسەین توتیەکی گەورەی لەناو قەفـەزێکدا لە ژورسەری خۆیەوە هەڵواسیبو لە ئوتێلەکەی بەرامبەر مەکتەبی

فەیسەڵیە زۆر خەڵك ئەچون بۆ سەیری تورەیان ئەکردو یاری‌یان لەگەڵ ئەکرد.

هەروەها نەجمەدین مەلا پشیلەیەکی هەبو نازناوی (خولە) بو هەندێ شەو کە نەجمەندین مەلا زۆر خەیاڵ ئەبو بەدزیەوە پێکێکی دەرخواردی پیشیلەکەی ئەدا، کاتێ قوتابیان کە دەچونە لای بۆ خوێندن کە دەیان بینی پشیلەکە لە رۆشتندا ئەم لاو ئەولا ئەکات واتە خەیاڵ دەبو قوتابیەکان دەیان وت مامۆستا خولە بۆ وادەروا ئەویش ئەیوت رۆڵەکانم ئەوە (دی‌دی‌تی) خواردوە وازی لێ‌بێنن.

تا جارێك خولە ئۆتۆمبیل کردی بەژێرەوە، پشیلەکە تۆپی دوایی مامۆستا تەعزێشی بۆ دانا.

نەجمەدین مەلا لە ژیانیدا هەر پشیلەی راگرتوەو لەگەڵ پشیلەدا ژیاوە، دواییش کە مرد پشیلەکان دەم ولوتیان خوارد، راستە کە ئەڵێن پشیلە بێ‌سفەتە.

ئەم جۆرە شتانە یادگاری ئەوکاتانەن کە خەڵکی ئەو زەمانە بەو شتانەوە خۆیان خەریك ئەکرد.

١٨ ـ لە سەردەمی پێشودا کە کچێکیان ئەدا بە شوو بەس ئەیان دا بە کوری شارەکە هەتا نەکەر لە کەرەکێکەوە نەگەر کچیان بدیایە کوری گەرەکێکی‌تر کورانی گەرەك پێیان ناخۆش بوو لەبەرئەوە کە بوکیان ئەبرد بۆ گەرەکێکی‌تر، چەند تفەنگ چی‌یەك بەسواری ئەسپ بوکیان ئەبرد بۆ گەرەکەکەی‌تر، لەبەرئەوە زوربەی خەڵکی کۆنی شاری سلێمانی خزمایەتیان هەیە لەبەر ژن و ژن خوازی، ئەوەش هۆی ئەوە بو کە خەڵکی شاری‌سلێمانی یەکێتی‌و یارمەتی‌و رێزی گەورەو بچوکی هەیە لەبەینیاندا هەر نەوەش بوو کە خراپەو دزی‌و کوشتن زۆر بەدگمەن روویدات.

١٩ ـ حەماڵی شارەزا: لەو سەردەمەدا شار بچکۆلە بو خەڵکی هەموو یەکتریان ئەناسی، یەکێك بی‌ویستایە بچێت بۆ ناوبازار بەتایبەتی بۆ بەرمەیانی بەلەدیەکە بۆ کرینی گۆشت و سەوزەو میوە، کۆمەڵێك حەماڵ هەبوون یەکی زەمیلەیەکی گەورەیان بەقوڵەوە بو، یەکێکیان بدیایە بیان زانیایە بۆ شت کرین هاتووە چەند حەماڵێك لەمانە دوای ئەکەوتن ئەیان وت کاکە حەماڵی شارەزات ناوێ ئەویش یەکێکی ناسیاوی خۆی هەڵئەبژارد لەگەڵ خویا ئەیبرد بۆلای قەساب و سەوزە فرۆش و میوەفرۆش زەمیلەکەی پرئەکردو ١٠ یان ٢٠ فلسی ئەدایە، حەماڵەکە

خۆی ماڵەکە شارەزابو ئەیبردەوە بۆ ئەو ماڵە، ئەگەر شارەزا نەبوایە ناونیشانی ئەدایەو ئەیبردەوە، ئەم حەمالانە تا کۆتایی پەنجاکان هەر بەردەوام بوون.

٢٠ ـ لە سلێمانی (شركة الشمال التجارية والزراعية المحدودة) لە ١٩٤٤/٦/٦ دامـەزراوە، سەرمـایـەی سەدهـەزار دینـار بو. ئەم کۆمپـانیـایە دامەزرا بۆ دابـەش کردنی ئازوقەو قوماش و هێنانی ئامێری زراعەت بۆ کێلانی زەوی لە شارەزور کە تایبەت بو بە کۆمپانیایەکە. لە ساڵی ١٩٤٦ سەرمایەکەی بو بە ١٥٠ هەزار دینار دابەش کرابو بە ١٥٠٠ سەهم هەر سەهمی بە ١٠٠ دینار .

ئەم کۆمپانیایە لقی هەبو لە بەغاو موصل، تەلەفۆنی کۆمپانیا ژمارە (٧٤١) بو سەرۆکی کۆمپانیا حاجی برایم ئاغاو بەڕێوەبەری جەلالی حاجی سەعید ئاغا بو.

سەرچاوە: ـ (مشاهير الالوية العراقية) ساڵی ١٩٤٦.

٢١ ـ ئەو زەمانە وا باوبو هەر لە زەمانی عوسمانییەوە کاتی بەربانگ تۆپیان ئاگر ئەدا لە قشڵەی عەسکەری لەدوای ئەوان لە باخی میللی تۆپیان ئاگر ئەدا کە باخێك بو بەرامبەر مزگەوتی گەورە، لە ساڵی ١٩٤٥دا لە ڕەمەزان دا یەکەم ئێوارە کاتی بەربانگ کە چاوەڕوانی تەقینی تۆپەکە بوون و خەڵك لێی کۆئەبونەوە وە بەتایبەتی منالان، لەکاتی تەقینی تۆپەکەدا لولەکەی دەرچو وە تۆپەکە لەوێدا تەقیەوە پارچەکانی بڵاوبۆەو چوار منالی بریندار کرد، لەوانە خوشك و برایەك کە سەبـریو عوسمانیان ناو بو کچ و کوری حاجی ڕەشید ئاغای چاوبڕ بوون، سەبری مەچەکی پەڕیو ئێستا ژنی ماڵەوەیە وە عوسمانیش دوو پەنجەی قرتا ئێستا ئوتومبیلچی پاسی گواستنەوەی ناوشارە هەروەها حەماڵێك و منالێکی گاور بریندار بوون وە توپچیەکەش عەریف حسەین حەمەسوور بوو کە خۆی ئەم بەسەرهاتەی بۆ گێڕامەوە، لەپێش عەریف حسەین دا حاجی سەعید تۆپچی بو ماڵیـان لە بازارە بچکۆلە بو لە کانی ئاسکان لەپێش ئەویشدا صالح ئاغا بو ئەویش ماڵیان لە کانێسکان بو.

٢٢ ـ کەنـیـســەی گاوران ساڵی ١٨٦٢ز دروسـت کراوە لە گەڕەکی گاوران

نیستاکەش هەر ماوە لە شوێنی خۆیدا.

٢٣ ـ چارشێوو پەچە (عەباو پەچە)ی ژنان لە کوردستاندا بەگشتیو لە سلێمانی بەتایبەتی لە زەمانی سوڵتان ڕەشادا پەیدابوو.

سوڵتان ڕەشاد + یوم الفساد

یەکەم جار حوکمی نالە پێپان بوو، دووەم عەباو بەچەی داهانی.

٢٤ ـ بە بیرەوەری خەڵکی ئەو زەمانە بەفرە زۆرەکەی سلێمانی لە ١٩٣٢/٢/٢٥دا باری.

٢٥ ـ هاتنی سمایل خانی شوکاك (سمکۆ) بۆ سلێمانی لەگەڵ سوپایەکی گەورە بۆ سەردانی شێخ مەحمودو پشتگیری کردنی لە ١٩٢٣/٢/٢٣دا بو.

٢٦ ـ لە ساڵی ١٩٥٤ لەسەر بڕیاری شارەوانی گەز بو بە مەتر وە حۆقە بو بە کیلۆ.

٢٧ ـ کارگەی چیمەنتۆ لە ساڵی ١٩٥٤دا دامەزرا.

٢٨ ـ بانقی ڕافیدەین لە دووشەمەی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٥٤دا کرایەوە لە شوێنی کتێبخانەی زێوەرو دوکانی شێخە صاڵح.

٢٩ ـ کۆمەڵی ساوایان، هیلالی ئەحمەرو موکافەحەی سیل لە ساڵی ١٩٥٥ دا لە مانگی تشرینی دووەمدا پێك هاتووە ئەمانەی خوارەوە دەستەی بەڕێوەبەری بوون:

١ ـ دکتۆر جەمال ڕەشید	سەرۆك
٢ ـ فائق هوشیار	نائیبی سەرۆك
٣ ـ دکتۆر کەمال عەبدوڵلا	سکرتێر
٤ ـ جەلالی حاجی سەعید ئاغا	ئەمین سندوق
٥ ـ پارێزەر قادر مستەفا	موراقیبی حسابات
٦ ـ ئیسماعیل قیردار	ئەندام
٧ ـ قادر ئاغای حاجی مەلاسەعید	ئەندام

٨ ـ حاجی برایم ئاغا ئەندام

٩ ـ مەلا حسەین حاجی مارف ئەندام

٣٠ ـ خەڵوز بردن بۆ بەغا: لە سەردەمی پێشودا ڕێگاوبان وەکو ئێستا نەبوەو هۆی بردنی شت بۆ بەغا نەبو، کە پەیدابو لە شارەکەماندا ئەوەندە ئوتومبیل نەبو بەتـایبەتی لۆری، چەند کەسێك هەبوون خەڵوزیان ئەکری ئەیان برد بۆ بەغا بەهـۆی ئاوی دوکانەوە، لەوێ چوار پێنج کەسی خەڵکی ئەو ناوچەیە هەبوون لەگـەڵیاندا ڕێك کەوتبون هەر جارەی هەزار گونیەی خەت سووریان لێرەوە بۆ ئەبـردن بۆ دوکـان ئەوانیش (کـەڵەك) ێکی گەورەیـان دروست ئەکـرد واتـە (کـەشتی)یەکی بچکۆلە، سپی داریان ئەهێنا لەیەکیان ئەبەست ژێری پەنجا (کوننە)ی گائاوس فویان تێئەکردو لەژێر دارەکانەوە قایم ئەکرا ٥٠٠ گونیەیان ئەهێنا پڕیان ئەکرد لە خەڵوز جوان دەمی گونیەکەیان ئەبەست، ئەم خەڵۆزەیان ئەهێنا لە دێهاتی دەوروبەری دوکان ئەمجا فەردەکانیان جوان یەك لەسەر یەك سەفتـە ئەکردو بە گوریس باش ئەیان بەست تەنورێکیان ئەهێنا ئەیان خستە ناوەراستی سەربـارەکـە بۆ نان دروست کردن بۆ ڕێگـا دوای ئەوە زەخـیرەو تروتفـاقیـان ئامـادە ئەکردو سەرو سەوڵیان ئەگرت بەدەستەوەو ئەکەوتنە ڕێ شەوروژ مەگەر بۆ پێویستیەك لە ڕێگا لەنگەریان ئەگرت، یەکێك لە خۆیان ئەچو بۆ تەماشا کردنی (کوننە)کان لەترسی خراپ بونیان، لە ڕێگا نوستنیان بە نۆرە بو. بەم جۆرە بە ١٥ ڕۆژ تا ئەگـەیشتنـە بەغـا ڕۆشتنیان بەم جۆرە بووە لە دوکانەوە بۆ تەق تەق لەوێوە بۆ ئاڵتون کۆپری ئەمجا بۆ دبس لەوێوە بەنزیك حەویجەدا تێئەپەری بۆ دێی زاب دوای ئەوە ئەو ئاوە ئەچێتە ڕوباری دیجلە ئەمجا بەناو بێجیدا ئەڕوات بۆ تکریت لەوێوە بۆ سامەرا دوایی ئەوە بۆ بەلەد ئەمجا بۆ ناو بەغا بۆ شوێنی دیاری کراویان لە گوێ ڕوباری دیجلە پشتی خەستەخانەی مەلیکی (باب المعظم) کە ئێستاکە (مدینة الطب)ە لەوێ لەنگەریان ئەگرت و ئەوەستان و کەڵەکەکەیان ڕائەگرت، لەوێ دووکەس خەڵکی سلێمانی کە خاوەنی خەڵۆزەکە بون چاوەڕێی ئەوانیان ئەکرد چونکە ئەیان زانی. بە ١٥ ڕۆژ ئەگەن، ئەگەر ڕێبکەوتایە خاوەن خەڵوز لەوێ نەبوایە، یەك دوانێکیان شوێنی

خاوەن خەڵوزەکـەیـان ئەزانی ئەچـون پێیان ڕائەگەیاندن کەوا خەڵوزەکەیان گەیشتـووە ئەوانیش لۆرییان ئەبرد، لەوێ خەڵۆزەکەیان دائەگرت و کەڵەکیان هەڵئـەوەشـان و دارەکـانیـان لەوێدا ئەفـرۆشت کوننـەکانیان فش ئەکردەوە، خەڵوزیـان بارئـەکـردو ئەیـان گواستـەوە بۆ گەراجی صابونچی لە (مەیدان) ئەوانیش بە شەمەنەفەر ئەگەڕانەوە تا کەرکوك لەوێوە بە ئوتومبیل بۆ سلێمانیو لەوێوە بۆ دوکان ئەگەڕانەوە.

ئەو دووکـەسـە فەردەی خەڵوزیان لێ ئەکڕین بە ٨٠٠ فلس، چوارسەد فلسی خەڵوزەکەو چوارسەد فلسی هەقی گواستنەوەی لە دوکانەوە بۆ بەغا. ئەوانیش بەم شێوەیەی خوارەوە لەو گەراجە بە کیلۆئەیان فرۆشت:

أ ـ گەورەکەی کیلۆی بە ٥٠ فلس

ب ـ ناونجیەکەی کیلۆی بە ٢٥ فلس

جـ ـ خاکەکەی کیلۆی بە ١٥ فلس

د ـ کۆتەرەی دارەکەی کیلۆی بە ١٥ فلس

تێبینی:

ـــــــــ: ئەم خەڵوزە لەوێ بەکارئەهات بۆ کەبابچیو سویجگەرچیو لوقنتەچی، بەوجـۆرە ئەهـات بۆ بەغـا تا ساڵی ١٩٤٥ ئەمجـا ئەوەنـدە لۆری کەوتـە شارەکەمانەوە کە بتوانێ لەوێشەوە ئەو خەڵوزە بگوێزنەوە بۆ بەغا.

ئەو دووکەسەی ئەو خەڵوزەیان ئەکڕیو ئەفرۆشتەوە لە بەغا یەکەمیان حاجی برایم قادر کە لە (سەفەربەلك)ەوە لە بەغا دائەنیشت وە خەریکی ئەو پیشەیە بو وە بەردەوام بو تا ساڵی پەنجاکان و هەر لەوێ کۆچی دوایی کردوە، دووەمیان عوسمانی سالەسوور برای عەلی دەدە بوو.

سەرچـاوە: ـ عوسمانی سالەسوور کە خۆی ئەو پیشەیەی کردوە لە ساڵی ١٩٤١ تا ١٩٤٥ ئەمجا گەڕایەوە بۆ سلێمانی

٣١ ـ کاتی خۆی بە سلێمانی ووتراوە شاری گوڵ عومەر یان گوڵ عەنبەر، کە ئەمـە زۆرجـار ناوی هەموو ناوچەکەش بووە واتە لە کەرکوکەوە تا هەورامان وولاتی گوڵ عومەری پێوتراوە، هەروەك خاکی (شارەزوور)یش بەرامبەر بەو ناوە بووە.

٣٢ ـ تا کۆتـایی پەنجاکان خەڵکی ناوچەی دەوروبەری سلێمانی کە ئەهاتنە ناوشـار بە جل وبـەرگ و قسەکردنیاندا ئەزانران خەڵکی ناوچەیەکن وەك ئەم ناوچانەی خوارەوە لەگەڵ جل وبەرگیاندا:

أ ـ ناوچەی شارباژێر: ـ رانکو چۆغە. لە زستاندا لەژێر چۆغەوە مرادخانیان لەبـەرئـەکرد لەگەل کڵاوو مشکی رەش و سپیو جامانەو پەستەك و پشتێن و گۆرەوی پوزەوانەو کەوش لە زستاناو جارجار لە هاویندا کڵاشیان لەپێئەکرد. لەدوای شەری جیهانی دووەمەوە جاش کەوشیش پەیدابو لەپێیان ئەکرد.

ب ـ پشدەر: ـ رانکو چۆغە، لە زستاندا لەژێر چۆغەوە مرادخانیان لەبەرئەکردو شەرواڵ و مراخـانیو کڵاوو چیتیـان ئەبـەست بۆ سەرو پێـچ ریشـوودار، پشتێنەکەشیان لە چیت ئەبەست ئەڵقاو ئەڵق لە زستاندا کەوشیان لەپێئەکردو لە هاویندا کڵاش.

جـ ـ بازیان: ـ رانکو چۆغە، لە زستاندا لەژێر چۆغەوە مرادخانیان لەبەر ئەکردو شەرواڵ و مرادخانیو پشتێن و کڵاو مشکی. رەش و سپیو جامانەو لە زستانا کەوشیان لەپێئەکرد لە هاویندا کڵاش.

د ـ قەرەداغ: ـ کەواو سەڵتەو پشتێن و کڵاوو مشکی رەش و سپیو جامانەو دەرپێی کوردی، لە زستاندا کەوشیان لەپێئەکردو لە هاویندا کڵاش.

هـ ـ شارەزوور: ـ کەواو سەڵتەو پشتێن و دەرپێی کوردی لە قوماش و کڵاوو مشکی مۆرو رەش و سپی جارجار تێکەڵ ئەیان پێچاو ئەبەست و لە زستاندا کەوشیان لەپێئەکردوو لە هاویندا کڵاش.

و ـ هەڵەبجـە: کەواو سەڵتـەو پشتـێن و کڵاوو مشکی مۆرو رەش و سپیو جامـانـەو عەلیخـانیو جارجار مشکی مۆرۆ رەش و سپییان تێکەڵ ئەپێچاو ئەبـەست دەرپێی کوردی لەبلوری لەژێـر کەواوەو کەوشیـان لە زستـانـدا لەپێدەکرد لە هاوینیشدا کڵاش.

بەڵام بەگزادەکان کەوای تاقەی گوڵ بێچوو کوجەرات و شیعریو شیرداغیان لەبـەرئەکردو چەفتەی مەلیکی سوورمەی گوڵنکەدارو مشکی مۆریان ئەبەست دوایی قۆندەرەی یارم پۆتین (لاپچین) داهات لەپێیان ئەکرد.

س ـ هەورامان تا دەوروپشتی هەڵەبجە: ـ رانکوچۆغە، پشتێن و لە زستاندا.

لەژێر چۆغەوە مرادخانیان لەبەرئەکردو کڵاوو مشکی مۆرو کوڵەباڵ و، لەزستاندا کەوشیان لەپێئەکردو لە هاویندا کڵاش.

ص - پێنجوین: - رانکوچۆغە، لە زستاندا لەژێر چۆغەکەوە مرادخانیان لەبەرئەکردو شەرواڵ و مرادخانی پشتێن و کڵاوو مشکی رەش وسپی، وە لە زستاندا کەوشیان لەپێئەکرد لە هاویندا کڵاش.

تێبینی: - هەموو خەڵکی ئەم ناوچانە بەدرێژایی ساڵ دەرپێی کوردی وەکو شەرواڵ، لەژێرەوە کراسی فەقیانەداریان لەبەرئەکردو فەقیانەکەیان لەسەر سەڵتەو چۆغەو مراخانی ئەبەست و زوربەی خەنجەریان بە لاقەدا ئەکردو تەزبیحی کارەبایان لە دەسکەکەی ئەپێچا، لە زستاندا لە ناوچەی خۆیاندا کاڵەو پیتاویان لەپێئەکرد. بەڵام مشکی زۆرتر بەکارئەهات لە جامانە، مشکی هەر لە ئێرانەوە ئەهات. چونکە نزیك بوو بەڵام جامانە لەکاتی خۆیدا لە شامەوە لە ڕێگەی موسڵەوە هاتووە.

٣٣ - ئەمین زەکی بەگ: ١٨٨٠ - ١٩٤٨/٧/٩ز پایەبەرزو مێژوونوسی گەورەی کورد، مامۆستا ئەمین زەکی جگە لەو فەرمانە بەرزانەی کە پێیدراوە لە دەوڵەتی عوسمانیدا وەکو ئەوەی ماوەیەك بوو بە یاریدەدەری مستەفا کەمال (ئەتاتورك) کە ئەوکاتە فەرماندەی سوپای حەوتەمی عوسمانی بوو لە سوریا، وە لە دەوڵەتی عێراقدا بێجگە لە (ئامیر کولیەی عەسکەری) ساڵی ١٩٢٤ لە بەغا، بۆ یەکەم جار بەپێی فەرمانێکی تایبەتی ڕۆژی ١٤ی تشرینی دووەمی ١٩٢٥ بووە بە وەزیر لە دووەم وەزارەتی عەبدول محسن سەعدوندا کە لە ٢٦ی حوزەیرانی هەر ئەوساڵەدا دامەزرابو، لەوساوە تا ڕۆژی نۆی شوباتی ١٩٤٢ز مامۆستا ئەمین زەکی یانزە جار بوە بە وەزیر هەروەها جگە لە زمانیزگ ماکی خۆی، ئینگلیزیو فەرەنسیو ئەڵمانیو تورکیو فارسیو عەرەبی چاك زانیوە.

سەرچاوە:

د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، مێژوو، ل ١٥٥ ، ١٥٦

٣٤ - ناوی ئەو شوێنانەی کە بە شتی تایبەتی خۆیان بەناوبانگن:

برنجی بازیان و بانیخێڵان - پیازی عەواڵان - ماستی خەراجیان پەنیری

یاخیان ـ گوێزی هەورامان ـ تەرتووی ولیان ـ کاڵەکی مەرەنگیو شەمەو وێڵەکەو قەڵاچوالان ـ شووتی گەرمەدێ ـ ترێی خەمزەو قوولەرەش ـ خەیاری سورقاوشان ـ ترۆزی خەرابەو ئابڵاخ ـ هەنجیری هەناران ـ باسووقی چنگیان ـ نیسك و نۆکی مۆریاس ـ ترشی سەفرەو زەرروون ـ تووری مەولانا ـ ناسکە هەرمێی وەراس ـ ڕۆنی قاین جە و سەراو ـ ڕێواسی کەلیخان ـ هەڵووژە ڕەشەی چنگیان خەڵووزی چوخماخ ـ گۆزەو دیزەی بێورێ ـ مانگای مالوان ـ ڕێوی قەمچوغە ـ دووپشکی عەربەت.

٣٥ ـ ئەم گەڕەکانە، هەر گەڕەکەی بەشتێکەوە ناوبانگی هەبوو:

أ ـ مەڵکەندی: بە بەفری گۆیژەو بەردی مەڵکەندیو مەڕومالات.

ب ـ گۆیژە: بە سابوون و کفتەی سابونکەران.

حـ : دەرگەزێن: بە کڵاوچنین.

د ـ سەرشەقام و چوارباخ: بە وڵاخ داری.

هـ ـ کانی ئاسکان: بە کڵاش چنین.

٣٦ ـ ئایا ئەزانی: ـ لە شوباتی ١٩٨٣ز ئەوراقی بەلەدیە کە چەند تەنێك ئەبوو کە ئەوراقی کاتی عوسمانیو کاتی شێخ مەحموودو دەوڵەتی عێراق بوو لە تانجەرۆ سووتاندیان وە بە شۆفڵ خۆڵیان کرد بەسەریا دوایی کە پێمان زانی لەگەڵ مامۆستا عەبدول ڕەقیب و مامۆستا ئەحمەد حسەین کە لە تانجەرۆ ئەویش بەهۆی قوتابیەکانیەوە پێیزانیو خەبەرمان زانی دوایی بە سێ قۆڵی چووین بۆ تانجەرۆ هەندێ ئەوراقمان لەژێر خۆڵ دەرهێنا، هەندێ کورتە هەواڵ لە هەندێ لەو ئەوراقانە بۆ نمونە بڵاوئەکەینەوە، کەوابێ ئەتوانین بڵێین لە سجلی کۆنی شارەوانییەوە ساڵی ١٩٣٩ لەگەڵ هەندێ دەستکاریدا:

أ ـ لەو سەردەمەدا خەڵکی دەرەوەی وڵات وە لە شارەکانیتری ناوخۆ ئەهاتن بۆ سلێمانی یان ڕێیان ئەکەوتە ئێرە یان دەرەوەی وڵات ئەهاتنەوە لە ئەسارەت ئەو سەردەمە پارە کەم بووەو پارەیان پێ نەماوە پێی بگەڕێنەوە، پەنایان ئەبرد بۆ موتەسەریف و بەلەدیە ئەوانیش ئەیان زانی کە فەقیرحاڵن بە پارە یارمەتیان ئەدان، بۆنمونە ناوی چەند کەسێك:ـ

١ ـ مەحەمەد صالّح لە هەیئەتی اسلامیەی دیمەشق و سوریا بۆ ئیلقای وەعظ و خطبە ممالیك ئەگەڕێو هاتووە بۆ سلێمانی بۆ گەڕانەوە ٨٠٠ فلسی بۆ سەرف کرا.

٢ ـ حاجی محەمەدی بەلخی خەڵکی مەکە بۆ گەڕانەوەی تا کەرکوك ١٥٠ فلسی بۆ سەرف کرا.

٣ ـ عبدالکریم احمد الله علی خەڵکی فەڵەستین بۆ گەڕانەوەی ٥٠٠ فلسی بۆ سەرف کرا.

٤ ـ ابراهیم السید عیسی المصری سائح وە مراجعەتی کە (مقام متصرف واقع)بوە بەلەدیە قەراری دا دینارێکی بۆ سەرف بکەن.

٥ ـ لە موراجەعەت محمد حەمەد کە خەڵکی ڕەواندزە فەقیرمحاڵە ئەیەوێت بگەڕێتەوە هەتا کەرکوك ١٥٠ فلسیان بۆسەرف کرد.

٦ ـ لە تەحریراتی مودیری شورطەی سلێمانییەوە بۆ بەلەدیە کە ئیبراهیم کوڕی کەریم خەڵکی سلێمانییە لە سەفەربەرەوە ئەسیر بوە، تازە هاتۆتەوەو کەسی نییە پێویستی بە یارمەتی ئەکا بەلەدیە قەراری دەرکرد کە ٥٠٠ فلسی بدرێتی بۆ جارێك.

ب ـ زۆر قوتابی فەقیرحاڵ کە نەیان ئەتوانی دوای تەواوبونی مەکتەبی سانەوی یان متوسطە لە بەغا بخوێنن، کەسوکاریان ئەرزوحاڵیان ئەدا بەلەدیە پاش شەهادەی هەیئەتی ئیختیاری مەحەلە، کەئەمە ئیمکانی خوێندنی نییە بەلەدیە بە قەراری مەجلیس مەعاشی بۆ ئەبڕێتەوە بۆئەوەی خوێندنەکەی لە کیس نەچێت، یان قوتابییە هەژارەکانی ناوشار بە هەمان دەستور بەلەدیە پارەی ئەدانێ بۆ جل وبەرگ و پێویستی مەکتەب وە لەو سجلانە ناوی زۆر قوتابی تیا هاتووە، یان یەکێ نەخۆشییەکی بوایە کە چاری نەکرایە لێرە یان یەکێك سەگی هار بیگرتایەو فەقیرحاڵ بوایە لەسەر حیسابی بەلەدیە ڕەوانەی بەغا ئەکرا.

ج ـ هەر لە زووەو ناوشاری سلێمانی بە پاکو تەمیزی ناوبانگی دەرکردبو، بۆ کۆکردنەوەی خۆڵ لە کۆڵانان و ناوبازارو شەقامەکان بەلەدیە ساڵانە ئیعلانی ئەکرد ئەیدا بە ئیجاری ساڵانە بە کەسێکی باوەڕپێکراو وە بە کەمترین نرخ، ئەوانیش چەند کەرێکیان تەرخان ئەکرد شەڵتەیان لەسەر پشتی کەرەکە دائەنا

وەکـو دوو گونیـە کە لایـەکی دەمی گونیـەکـەیـان پێکەوە ئەدرو بۆئەوەی لە هەردووولاوە خـۆڵـی تـێبـکـەن، ئیـجـارەی مانـگـانـە بە ١٦ دینار برایەوە لەسەر سووران حەسەن قەرەنی مانگ بە مانگ بۆ ماوەی ساڵێك.

د - ساڵانی سییەکان رەئیسی بەلەدیەو مولاحیزی فەنی ئەگەران بۆ تەفتیش بە ناو شارا. نوسراوە، ئوجـرەتی عەرەبـانـە کە رەئیسی بەلەدیـە سواری بوە بۆ تەفـتیش و موراقـەبـەی شەقـامـەکـان و قەراغ شار لە ١٩٣٩/٢/٢٧ تا ١٩٣٩/٣/٢٣ مەجلیسی بەلەدیە قەراریدا کە ٨٠٠ فلس لە فەصلی ٢ مادە یەك لە صندوقی بەلەدیە بۆ عەرەبانچی عەلی بەگی فەیض الله بەگ سەرف بکرێت.

لەپێش ئوتـومبیـل و عەرەبـانـە موتەسەریف و رەئیسی بەلەدیە ئەگەران بە سواری ئەسپ بە ناوشارا.

هـ - ئەوکاتەش ئوتومبیل و عەرەبانە ئەبوایە ئیجازەیان لە مودیری شرطەوە بۆ دەرئـەچـو بەنیسبـەت ئوتـومبیلەوە بەلەدیە نرخی ئوجرەتی خصوصی بۆ یەك کیلۆمەترو ئوجرەتی لۆری بۆ یەك تەن و یەك کیلومەتر بۆ ئەو شوێنانەی دەرەوەی شار بە جەدوەل نرخیان بۆ دائەناو ئەیان زانی ئەو شوێنانە چەند کیلومەتر دورن لە شارەوە، هەروەها بۆ عەرەبانەش ئوجرەتیان چەند دانرابو لە بەردەرکی سەراوە تا گەرەکەکان، بۆنمونە لە بەردەرکی سەراوە تا مەڵکەندی عانەیەك واتە چوار فلس، ئوجرەتی ئوتومبیل خصوصی بۆ یەك کیلۆمەتر ١٢ فلس لۆری ١٠ فلس.

و - هەرچ مناڵێکی شیرەخۆرە فرێبدرایەو کەس هەڵنەگرتایەوە بەلەدیە ئەیدا بە دایەن بە مانگانە پارەی ئەدا بەو دایەنە کە شیری بداتێو بەخێوی بکات.

س - بۆ یەکەم جار چەتری نۆبەچی وەستانی نۆبەچی (مرور) لە ساڵی ١٩٣٩ لە بەردەرکی سەراو ئەسحابەسپی دروست کرا لە تەرەف بەلەدیەوە چەترمکە بە قالبی تەختە کرابو، ئەورەحمانی وەستا گورونی دارتاش دروستی ئەکرد.

دوای ئەوە لە سەرەتای چلەکاندا دوو چەتری کەیان دروست کرد یەکێ لە بەر ماڵی موتـەسـەریف دا. دوای ئەوە یەکێکیتـر لە ناوەراستی شەقـامی تازە (مەولەوی) بەرامبەر بیناکەی تۆفیق قەزاز دروست کرا دوای ئەوە لە سەرەتای پەنجاکان دوو چەتریتردروست کرا یەکێ لە بەر خانەقا ئەوەیتریان لە کۆتایی

شەقامی کانیئاسکان.

ص - جادەی بەردەرکی سەرا تاکوتایی خەستەخانەی سەرەوە ساڵی ١٩٣٩ دەست پێکرا.

ل - ساڵی ١٩٣٩ وەصی عبدالاله هات بۆ سلێمانی لە نادی موظفین زیافەت کرا لەسەر بەلەدیە.

م - نەمامەکانی قەراغ شەقامی تازە (مەولەوی) لەگەڵ تەواوبوونی شەقامەکە ساڵی ١٩٣٩ نێژراون.

ن - ئەم هەواڵەش لە بەڵگەنامەیەکی بەلەدیەوە دەقاودەق وەك خۆی بڵاوی ئەکەینەوە لەخوارەوە:

٣٧ - سنووری شاری سلێمانیی کۆن بە ماڵەکانیدا:

(ڕۆژهەڵات)

ماڵی حاجی ئەمینی حاجی کەریمی مەڵکەندی

(لە مەڵکەندی)

ماڵی عەزمیبەگی بابان

(سەرکارێز)

(ڕۆژئاوا)

ماڵی مەجید ئەفەندیی

(کانێسکان)

ماڵی مەلا ساڵحی کوردە

(سەرشەقام)

بەوبەرەوە کۆتایی گەڕەکی چوارباخ

ماڵی ساڵحی دەوڵەت بەرامبەر

بە ماڵی مەلا ساڵحی کوردە

پەندی پێشینان و قسەی نەستەق و ئیدیوم

نووسەر لەناو بابەتی فۆلکلۆری دەمی « سەرزاری»دا لای داوە بە لای پەندی پێشینـان و « ووتـەی جێگـر لە نێـوان گفتـوگـۆدا» لێرەدا سێ چەشنە بابەتی تێکەڵ کردووە، کە بریتین لە پەنـدی پێشینـان و قسـەی نەستـەق و ئیـدیـۆم لەڕاستیدا من هێشتا لە سەر ئەو ڕایەم کە لە چاپی دووەمی « ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی»دا دەرمبـریـووە، ئەویش ئەوەیـە کە جیـاکـردنـەوەی تەواوی ئەم سێ چەشنە بەرهەمە تەنـانـەت بۆ پسپـۆڕەکـانیش زۆر زەحمـەتـە چ ڕای بۆ کۆکەرەوە. چونکە ئەم سێ چەشنە بەرهەمە زۆر چوون بەناو یەکدا. ئەوەش کە لێرەدا کۆکراوەتەوەو خراوەتە ژێر ئەم دوو ناونیشانەوە لە هەر سێ بابەتەکەی تێدایەو دیسان کەرەسەیە بۆ زانایان و پسپۆڕان.

ڕەنگە زۆر لەم پەندو قسەو ئیدیۆمانە لەمەوپێش لەناو ئەو کتێب و نامیلکانەدا کە پەندی پێشینان و قسەی نەستەق و ئیدیۆمیان تێدا بڵاوکراوەتەوە تۆمار کرابن، بەڵام بایەخی ئەم تۆمار کردنەی ناو ئەم کتێبە، بۆ کۆن تومار کراوەکانیش و بۆ تازەکانیش لەوەدایـە کە ئەمـانـە بەرهـەمی سەر بەشـاری سلێمـانین یا ئەو پەندو قسەو ئیدیۆمە کوردی‌یـە گشتی‌یـانـەن کە لەم شارەدا باوو بڵاون، لەکـاتێکـدا کە ئەوانەی پێشوو بەرهەمی سەر بە هەموو کوردەوارین. لێرەشدا ئاشکرایە کە ئەم تۆمارکردنە بناغەی بەراوردی تایبەتی‌و گشتی‌ی ئەم بابەت و مەیدانە بۆ لێکۆڵەرەوەکان، بەتایبەتی بۆ ئەوانەی کە زۆر شارەزای شاری سلێمانی نین دادەمەزرێت.

« ع . م . ر»

« پەندی پێشینان»

پێشینان وتویانە

١ ـ قسە هەزارە دوانی بەکارە.
٢ ـ نان بۆ نانەوا گۆشت بۆ قەساب.
٣ ـ موویەك لە بەراز بێتەوە باشترە.
٤ ـ کەر لەکوێ کەوتووە کونە لەکوێ دڕاوە.
٥ ـ پشیلە لێرە نی‌یە مشکان تلیلیانە.
٦ ـ کەس بەدۆی خۆی ناڵێ ترشە.
٧ ـ دۆم بێت و کڵاش بۆ خۆی بکات.
٨ ـ حوکمی حاکم پرسینەوەی نی‌یە.
٩ ـ کای کۆن بە با ئەکات.
١٠ ـ ئەم ئاشە لە میزن بێت هەر ئەمیزێ.
١١ ـ یەك جار بە زستان ئەوترێت ساردە.
١٢ ـ بەهارێ بەفر بباریٚ تا پۆپەی دارێ ناگاتە ئێوارێ.
١٣ ـ بۆ مشتەی ناو هەمانەکە ئەگری.
١٤ ـ گەڕی بارە ترێ ئەکات.
١٥ ـ ڕیوی لە کونی خۆی هەڵگەڕێتەوە گەڕ ئەبێت.
١٦ ـ ڕێوی تا قەواڵەی خۆی خوێندەوە پێستیان گورروو.
١٧ ـ بەرە لای تەنکیەوە ئەدڕێت.
١٨ ـ وەك فێرم ئەکەیت تیریشم کە.
١٩ ـ بەڕیش نی‌یە بەئیشە.
٢٠ ـ هەرچی سمێڵی سور بوو هەمزاغا نی‌یە.

٢١ ـ سەد ڕەحمەت لە کفن دز.

٢٢ ـ سەگ بە مانگەشەو بوەڕێت سوودی نی‌یە.

٢٣ ـ قنگی ڕەش و سپی لەبوارا دەر ئەکەویت.

٢٤ ـ بێ عاریان خستە دەریاوە ووتی تەڕ تەڕ نەباشەت.

٢٥ ـ خزمی خەزوری سەپانی ماڵی شێخە.

٢٦ ـ کنرو ماست بۆ وەعدەی خوێ.

٢٧ ـ قسە نە لە شێت، نە لە منال ناگیرێ.

٢٨ ـ زۆری پێ‌یەو کەمی دەرئەخات.

٢٩ ـ وای لە قوونێ، وای لە دوشاوێ.

٣٠ ـ لە هەموو هەورێك باران ناباریت.

٣١ ـ کەم و پوخت نەك زۆرو بۆر.

٣٢ ـ بنیادەم گا نی‌یە هەر لە پێستێکا بێت.

٣٣ ـ ئەم بایە لەم کونەوە بێت ئەمە هەر حاڵمان ئەبێت.

٣٤ ـ خۆ سێبەری بن ئەشکەوت نی‌یە.

٣٥ ـ ماسی لە بەحرا سەوا ناکرێ.

٣٦ ـ هەزار گوناهو یەك تۆبە.

٣٧ ـ هەرچی لە مشك بێت جەواڵ ئەدڕێ.

٣٨ ـ تری خۆی‌و گوێزەر لێك ناکاتەوە.

٣٩ ـ دار هەڵ بڕە سەگی دز دیارە.

٤٠ ـ ماڵی قەڵب سەرو سەکوتی ساحێبی ئەگرێتەوە.

٤١ ـ سەگی هار چل شەوی عەمرە.

٤٢ ـ نە دار بێت و نە پەردو لەعنەت بێت لە هەر دوو.

٤٣ ـ ڕێوی نە ئەچوو بە کونەوە هەژگێکی ئەبەست بەگونەوە.

٤٤ ـ تف هەڵدەیت بۆ ئاسمان رووی خۆت ئەگرێتەوە.

٤٥ ـ لە هەزار ئاوی داوە قولەپێ‌ی تەڕ نەبووە.

٤٦ ـ ئەم ماستە بێ موو نی‌یە.

٤٧ ـ دارێکی بەدەستەوەیە هەر دوو سەری گواوی‌یە.
٤٨ ـ لە کاتی ڕاوا گووی دێت.
٤٩ ـ چی کەرەکە بەریتە لای بارەکە چی بارەکە بەریتە لای کەرەکە.
٥٠ ـ قەرز کۆن ئەبێت بەڵام نافەوتێت.
٥١ ـ بارە گوێزی لێ بنێت خڕەی نایەت.
٥٢ ـ شەریکی‌و خەریکی.
٥٣ ـ کاڵەك بە ئەژنوی خۆی ئەشکێنێ.
٥٤ ـ خوا کە دایتێ ناڵێ کوڕی کێیت.
٥٥ ـ پیری ئاخر شەر.
٥٦ ـ نە پێڵاوی تەنگ، نە خانەی بەجەنگ
٥٧ ـ تا بەد نەبینیت بەدخانە بەیاﻥ ناکەیت.
٥٨ ـ خوا غەزەب لە بزن بگرێت نانی شوان ئەخوات.
٥٩ ـ ئەڵێی نانی بەساجا سووتاوە.
٦٠ ـ ئەڵێی کێچەو لەگوێی گادا نوستوە.
٦١ ـ ئەڵێی ئاگری بن کایە.
٦٢ ـ حەمام بە تڕ گەرم نابی.
٦٣ ـ لە کێویان پرسی بۆچی ئەوەندە بەرزی ووتی لە بەردەمم بپرسن.
٦٤ ـ ماڵی خۆنەخۆر بۆ چەکمەبۆر.
٦٥ ـ لە دەرگای کەس مەدە تا لە دەرگات نەدەن.
٦٦ ـ کێ کردی‌و کێ خواردی.
٦٧ ـ سنگ شێری ماکەر پشت.
٦٨ ـ کوێرە چیت ئەوێت دوو چاوی ساغ.
٦٩ ـ خەنجەر لە کا ئەدات.
٧٠ ـ گوریس بە یەك لانە نا گاتەوە ئینجا نۆرەی دوولانەیە.
٧١ ـ ئەگەر نەم دیایە دایکت ئەمردم لەعەزرەت باوکت.
٧٢ ـ پیازی عەوالانە خواردنی هەیەو بردنی نی‌یە.

٧٣ ـ مانگا بەدزی کەڵ ئەگریو بەئاشکرا ئەزێت..

٧٤ ـ مزگەوت ڕوخاوە میحرابی ماوە.

٧٥ ـ دەست بگرە بە کڵاوی خۆتەوە با نەیبات.

٧٦ ـ پارە وەك چڵکی دەست وایە.

٧٧ ـ ئەگەر مار قاچی هەبوایە ئینسان باڵی پەیدا ئەکرد.

٧٨ ـ ئەڵێی کەڵەشێری سەر بارەدارە.

٧٩ ـ بە خەڵك سەگ ئەوەڕێ، بە ئێمەش پشیلەی ناتەواو.

٨٠ ـ دوای کڵاوی بابردوو کەوتووە.

٨١ ـ بوو بە هات هاتەکەی ڕۆم.

٨٢ ـ بە کەر ناوێرێ بە کورتان ڕەپەڕەپیەتی.

٨٣ ـ شەق ئەزانێ قوناغ لەکوێیە.

٨٤ ـ تر بێت و بەردەم ڕەشەبا بکەوێت.

٨٥ ـ هەمەوەنگ نەگبەتیت بێ ئەحەی ڕابێ تاقیب کەرت بێ.

٨٦ ـ نە سەلکی سیری نە قنچکی پیازی.

٨٧ ـ بۆ کێچێ گایەك مردار ئەکاتەوە.

٨٨ ـ قەزای دیزە کەوت لە گۆزە.

٨٩ ـ مانگا مردوو دۆ برا..

٩٠ ـ ماری مار خۆریش هەیە.

٩١ ـ دەست بشکێت جێی خوی ناگرێتەوە.

٩٢ ـ زاڵم زەواڵی بۆ پەیدا ئەبێت.

٩٣ ـ ڕۆنی خۆی ئەدات لە سمێڵی خۆی.

٩٤ ـ ژنیش هەیەو ژانیش هەیە.

٩٥ ـ ئەگەر کەوچکت نی‌یە بۆ گوو ئەخۆیت.

٩٦ ـ دەستی لە بنی هەمانەکە گیر بوو.

٩٧ ـ سەگ بەسفەتە پشیلە لەسەر باوەشان.

٩٨ ـ توشی گون ڕەشی خۆی بوو.

٩٩ ـ هاوڕێی خراپ ڕەنگی نەگری خووی ئەگری.

١٠٠ ـ مەقاش نیم پشکۆم پێ بگری.

١٠١ ـ سەری لەبەر هەتاو سپی نەکردووە.

١٠٢ ـ پیاو پارە پەیدا ئەکات پارە پیاو پەیدا ناکات.

١٠٣ ـ بانێکەو دوو هەوا.

١٠٤ ـ لە ناڵیش ئەداو لە بزماریش.

١٠٥ ـ چی بچێنیت ئەوە ئەدرووێتەوە.

١٠٦ ـ کچی خۆم ناکەم بەقوربانی کوڕی خەڵکی.

١٠٧ ـ دەستی ماندوو لەسەر سکی تێرە.

١٠٨ ـ تێر ئاگای لە برسی نی‌یە.

١٠٩ ـ چولەکە خۆت چیت و گۆشتاوت چی‌یە.

١١٠ ـ لە کانی‌یەك ئاوت خواردەوە بەردی تێ مەخە.

١١١ ـ ئاو ئەڕوات بەڵام زیخ هەر ئەمێنێت.

١١٢ ـ بە قسەی خۆش مار لە کون دێتە دەرەوە.

١١٣ ـ مریشك هێلکەش ئەکات و ڕیقنەش ئەکات.

١١٤ ـ بەری ڕۆژ بەبێژنگ ناگیرێ.

١١٥ ـ ئاسمان کۆڵەکەی ئەوێت.

١١٦ ـ خوا غەزەب لە مێرووله بگرێت باڵی لێ پەیدا ئەکات.

١١٧ ـ بەرد لە جێگای خۆیدا سەنگینە.

١١٨ ـ سەفەرو معاملە سەنگی مەحەکە.

١١٩ ـ لە جێی سنگان قوزەڵقورتە.

١٢٠ ـ دەرزی‌یەك بکە بە خۆتا ئینجا سوژنێك بکە بەخەڵکا.

١٢١ ـ بە گەورەیی فێری پلاوخواردن بێت دەست بۆ لووتی ئەبات.

١٢٢ ـ قەدری زێر لای زەڕەنگەرە.

١٢٣ ـ خوا تا کێو نەبینێت بەفری تێ ناکات.

١٢٤ ـ بەردێك نەزان بیخاتە گۆمەوە بە هەزار زانا دەرنایەتەوە.

١٢٥ ـ گۆم تا قوڵ بێت مەلەی خۆشە.
١٢٦ ـ ئەم هەویرە ئاو زۆر ئەبات.
١٢٧ ـ بەرخی نێر بۆ سەربڕینە.
١٢٨ ـ لە کەری تۆپیوو ئەگەڕێت ناڵی بکێشێ.
١٢٩ ـ کەری دێز حەز بە تۆپینی خۆیو زەرەی ساحێبی ئەکات.
١٣٠ ـ قسەم حەقە بۆیە ڕەقە.
١٣١ ـ گیا لەسەر بنجی خۆی ئەڕ وێتەوە.
١٣٢ ـ ئیشی ئەمرۆ مەخەرە سبەینێ.
١٣٣ ـ هەڵەشەو پەلەپەلی پەشیمانی لەدووایە.
١٣٤ ـ تفەنگ بە تاریکەشەوەوە مەنێ.
١٣٥ ـ برامان برایی کیسەمان جیایی.
١٣٦ ـ تۆبەی گورگ مەرگە.
١٣٧ ـ چەم بێ چەقەڵ نابێ.
١٣٨ ـ مانگەشەو سەر لە ئێوارەوە دیارە.
١٣٩ ـ دەستێ حاکم بیبڕی خوێنی نی‌یە.
١٤٠ ـ دۆستم ئەوکەسەیە ئەمگرێنێ دوژمنم ئەوکەسەیە ئەم کەنێنێ.
١٤١ ـ چاکە بکەو بیدە بەدەم ئاوەوە.
١٤٢ ـ لەئێستریان پرسی باوکت کێ‌یە ووتی خاڵم ئەسپە.
١٤٣ ـ خواڵە سوڵتان محمود گەورەترە.
١٤٤ ـ خوا کڵاوی بۆ بەڕوو کردووە.
١٤٥ ـ گەورە ئاو ئەڕژێو بچووك پێی لێ‌ئەخات.
١٤٦ ـ پارە بدەی مەلا لە مزگەوت دەرئەکەی.
١٤٧ ـ سیروان لێدەم ئەمبەی لێت نەدەم هەر ئەمبەی.
١٤٨ ـ لە ئێستر دابەزی سواری کەر بوو.
١٤٩ ـ کەرە مەمرە بەهارە کورتانت بۆ دێ لەو شارە.
١٥٠ ـ کە بەرد لە جێی خۆی هەڵکەندرا جێی خۆی ناگرێتەوە.

١٥١ ـ تف كه ڕۆكرا هه‌ڵ ناگێڕێته‌وه.
١٥٢ ـ له بێخه‌به‌ران كه‌شكه‌ك سڵاوات
١٥٣ ـ ئه‌وه‌ی بۆ گوێكه‌ر هه‌ڵ ئه‌كه‌وێ بۆ ڕاوكه‌ر هه‌ڵناكه‌وێ.
١٥٤ ـ شه‌ل نی‌یه‌و پای شكاوه.
١٥٥ ـ بۆیه پێت ئه‌ڵێم خاڵه چۆله‌كه‌م بۆ بگریت.
١٥٦ ـ ئه‌ڵێی ئه‌سپێی كراسه‌كۆنی.
١٥٧ ـ به كه‌ریان ووت ماریفه‌ت بنوێنه، كلكی هه‌ڵبڕی تڕێكی لێ دا.
١٥٨ ـ كه‌ر چووه به‌غدا بوو به ئێستر.
١٥٩ ـ من ئه‌ڵێم نێره ئه‌و ئه‌ڵێ بیدۆشه.
١٦٠ ـ مه‌یموون خۆی زۆر جوانه ئاوڵه‌یشی ده‌ردا.
١٦١ ـ له ئاوی خوڕ مه‌ترسه، له ئاوی مه‌نگ بترسه.
١٦٢ ـ بۆ چاكه بگه‌ڕێ له خه‌ڵكا بۆ خراپه له خۆتا.
١٦٣ ـ ماڵی خۆت توند بگره كه‌س به‌دز دامه‌نێ.
١٦٤ ـ كوته‌ك له به هه‌شته‌وه هاتووه.
١٦٥ ـ قه‌ل به قه‌لی ووت ڕووت ڕه‌ش بێت.
١٦٦ ـ ڕێسه‌كه‌مان بۆوه به خوری.
١٦٧ ـ من ڕازی تۆ ڕازی داری به قنگی قازی.
١٦٨ ـ چه‌پڵه به ده‌ستێك لێ نادرێ.
١٦٩ ـ ئاش له خه‌یاڵێك و ئاشه‌وان له خه‌یاڵێك.
١٧٠ ـ كایه‌كه هی خوت نی‌یه كایه‌نه‌كه هی خۆته.
١٧١ ـ هه‌رچی به‌ته‌مای دراوسێ‌بێ بێ‌شێو سه‌ر ئه‌نێته‌وه.
١٧٢ ـ مه‌ل به باڵێك نافڕێ.
١٧٣ ـ ماڵی سپی بۆ ڕۆژی ڕه‌ش.
١٧٤ ـ برا له‌پشت برا بێت مه‌گه‌ر قه‌زا لای خوا بێت.
١٧٥ ـ ته‌یری گول عاشق به داری ژه‌قنه‌بووته.
١٧٦ ـ سه‌گ به زه‌بری كلكی ئێسقان ئه‌شكێنێ.

١٧٧ ـ سەگ لە قەسابخانە نەمرێ عەمری بەزایە ئەچێت.
١٧٨ ـ ئاسنی سارد بەفوو نەرم نابێت.
١٧٩ ـ ئەوی بترسێ ناخەلەسێ.
١٨٠ ـ بەندە بێ‌عەیب نابێ.
١٨١ ـ زمان بوەستێ سەر ڕەحەتە.
١٨٢ ـ زۆر ووتن قورئان خۆشە.
١٨٣ ـ تا ماڵ وەستابێ مزگەوت حەرامە.
١٨٤ ـ خێر بۆ خوێش نەك بۆ دەروێش.
١٨٥ ـ پاروو لە دەم داکەوێت بۆ کۆش باشە.
١٨٦ ـ گۆشتی گونی خۆت بخۆ منەتی قەساب هەلمەگرە.
١٨٧ ـ خزم گۆشتت بخوات ئیسقانت ناشکێنێ.
١٨٨ ـ سوار تا نەگلێ نابێ بە سوار.
١٨٩ ـ سوار بوون عەیبێ‌و دابەزین دوو عەیب.
١٩٠ ـ بۆ ڕیش چوو سمێلیشێ نایەبان.
١٩١ ـ یەکێك چاڵ هەڵکەنێ بۆ خەڵك خۆی تێ‌ئەکەوێ.
١٩٢ ـ کە خۆری دایم خۆر بە.
١٩٣ ـ سیر بخۆو زوڕنا لێ‌یە.
١٩٤ ـ بەقەد بەڕەی خۆت پێ ڕاکێشە.
١٩٥ ـ مریشك لاسایی قازی کردەوە قنگی دڕا.
١٩٦ ـ جام ئەڵێت بشکێم و نەزرنگێم.
١٩٧ ـ بە دەستی خۆت سەرت نەخورێنی بە هیچ دەستێ خوروی ناشکێ.
١٩٨ ـ بوکێ لەگەڵ تۆمە خەسوو تۆ گوێت لێ‌بێ.
١٩٩ ـ نە شیش بسووتێ نە کەباب.
٢٠٠ ـ گەزی چی‌و جاوی چی.
٢٠١ ـ زلی بێ‌هونەرە.
٢٠٢ ـ بە قسە نی‌یە بە کردەوەیە.

٢٠٣ ـ ئەگەر گوێ نیت درکیش مەبە.
٢٠٤ ـ تەماع قنگی پیو ئەدڕێ،
٢٠٥ ـ تۆ بە عەقل و من بە مەعریفەت.
٢٠٦ ـ هەژاری سەر ڕاست شەریکی دەولەمەندە.
٢٠٧ ـ ئاوی ئاموون و توونی بابا چیت.
٢٠٨ ـ ژن گوێی لێ بگرە بەڵام بە قسەی مەکە.
٢٠٩ ـ پیریو هەزار عەیب.
٢١٠ ـ خۆ ماست نی‌یە بە لێوەوە دیار بێت.
٢١١ ـ ئیمرۆ لە ئێوەو سبەینێ لە ئێمە.
٢١٢ ـ دنیا تا سەر بۆ کەس نابێ.
٢١٣ ـ ئاو لە شوێنێکا زۆر ماوە بۆگەن ئەکات.
٢١٤ ـ دەنگی دەهۆڵ لە دوور خۆشە.
٢١٥ ـ هەموو جارێك گۆزە بە ساغی لە کانی ناگەڕێتەوە.
٢١٦ ـ دوژمنی خۆی بە شەکر ئەخنکێنێ.
٢١٧ ـ لەگەڵ گورگ شایی ئەکا، لەگەڵ مەڕ شین.
٢١٨ ـ کە زۆر هات قەواڵە بەتاڵە.
٢١٩ ـ شەڕی خوتڕێن مەکە.
٢٢٠ ـ شەریکی دزوو هاوڕێی کاروانە.
٢٢١ ـ ئاشتی دوای شەڕ خۆشە.
٢٢٢ مێشوولە کۆمەڵ بێ فیل یخ ئەدات.
٢٢٣ ـ بۆ دۆستایەتی هەزار کەمە، بۆ دوژمنایەتی یەکێك زۆرە.
٢٢٤ ـ ئازا جارێك ئەمرێت، ترسنۆك ساتی سەد جار.
٢٢٥ ـ سووك بڕۆو سەلامەت وەرەوە.
٢٢٦ ـ سەد بەرتیل قەرزێك نابژێرێ.
٢٢٧ ـ سەرچوپی بدەیتە دەست سەگ بۆلای سەبەتەی نانی ڕائەکیشی.
٢٢٨ ـ سەگی سپی بو بارخانەی نوکە زەرەرە.

٢٢٩ ـ شوێ ت دانیشتی کێیەن بێ ت دوور ئەکەوێتەوە.

٢٣٠ ـ شەر بە چەك و مامەلە بە پارە.

٢٣١ ـ شەڕ بە بەتاڵی چاکترە.

٢٣٢ ـ زەرەر لە نیوەی بگەڕێتەوە چاکترە.

٢٣٣ ـ کاسە پڕ بوولێی ئەڕژێ.

٢٣٤ ـ کاسەی پڕ ئشتی مەبە.

٢٣٥ ـ کردن هەتا مردن.

٢٣٦ ـ کە پیاو لەدوای کەرەوە ڕۆیی ئەبێ بۆنی تەرسی بکا.

٢٣٧ ـ کەر بارەکەی لە تفەنگ بێ گورگ هەر ئەیخوا.

٢٣٨ ـ کەڵەشێریش نەبێت ڕۆژ هەر ئەبێتەوە.

٢٣٩ ـ کە شیرت وەشان ئەبێ قەلغانت پێ بێ.

٢٤٠ ـ کەڵەشێر لە ناوەختا بخوێنێ سەری خۆی ئەخوات.

٢٤١ ـ کەم بخۆو مەچۆرە سەر حەکیم.

٢٤٢ ـ گا لە گاگەل بەجێبمێنێ ، شاخی خۆی ئەشکێنێ.

٢٤٣ ـ گرێی دەست مەخەرە دان.

٢٤٤ ـ گورك کە پیر بوو ئەبێت بە مەسخەرەی سەگەن.

٢٤٥ ـ مەردی هوشیار، دەست بە کونێکا ناکا دوو جار.

٢٤٦ ـ هەر عەقڵە لە خەساری.

٢٤٧ ـ ئەگەر سەگ نەبێ گورگ ئەتخوا.

٢٤٨ ـ ئەوی بچێتە شاری کوێران ئەبێ دەست بە چاوەوە بگرێ.

٢٤٩ ـ ئەوی لەنزیك کوورەوە بێت پریشکی لێ ئەکەوێ.

٢٥٠ ـ بە درێژی خۆتا ئەڕوانی بەیانی خەلکیشا بڕوانە.

٢٥١ ـ خلیسکان تۆڵەی پەلەکەرە.

٢٥٢ ـ دار کرمێ لە خۆی نەبێ هەزار ساڵ ئەژی.

٢٥٣ ـ درۆزن هەر جارێك ناشتا ئەکات.

٢٥٤ ـ دوو شووتی بە دەستێك هەڵناگیرێ.

٢٥٥ ـ دەریا بە دەمی سەگ پیسس نابێت.

٢٥٦ ـ دەستێك نەتوانم ببیڕم ماچی ئەكەم.

٢٥٧ ـ دەستی كەس پشتی كەس ناخورێنێ.

٢٥٨ ـ ڕازت لای یەكێك دانێو پرست لای هەزار.

٢٥٩ ـ فرۆشتن لە خواستن باشترە .

٢٦٠ ـ گەوهەر لەناو قوڕا وون نابێت.

٢٦١ ـ لەگوڵیان پرسی زۆر گەشی ووتی باخەوانەكەم مەردە.

٢٦٢ ـ خۆی ڕیشی نی‌یە بە كۆستە پێ‌ئەكەنێ.

٢٦٣ ـ دایكی دز یا سنگ ئەخوا یان سنگ ئەكوتێ.

٢٦٤ ـ شێر بت شكێنێ نەك ڕێوی بت خوات.

٢٦٥ ـ سەرت بدۆڕێنەو قسە مەدۆڕێنە.

٢٦٦ ـ بزن بۆ شەوێك جێی خۆی خۆش ئەكات.

٢٦٧ ـ ئەم نانە بەو ڕۆنە.

٢٦٨ ـ پا دار بگرەو بێ‌پا ماڵی خۆمانە.

٢٦٩ ـ نە بای دیوەو نە باران.

٢٧٠ ـ كەر بە پارەی بەفر بكڕێ ئەبێ لە ئاوا بخنكێ.

٢٧١ ـ ناوی گەورەو دێی وێران.

٢٧٢ ـ عوزر لە قەباعەت خراپترە.

٢٧٣ ـ لە هەموو دیزەیەكا ئەسكوێ‌یە.

٢٧٤ ـ هەردووكیان جاشی ماكەرێكن.

٢٧٥ ـ من پیادە ئەو سوارە.

٢٧٦ ـ تەنیایی هەر بۆ خوا باشە.

٢٧٧ ـ نانی كەوتۆتە ڕۆنەوە.

٢٧٨ ـ دۆو دۆشاوی تێكەڵ كردووە.

٢٧٩ ـ ئەڵێی چێشتی مجەورە.

٢٨٠ ـ شا بە تا قەتت.

٢٨١ ـ زۆریان ووت و كەمی بیست.

٢٨٢ ـ مل له چه‌قو ئه‌سوێ.

٢٨٣ ـ مردن مردنه لنگه‌فرتێ چی‌یه.

٢٨٤ ـ سوارێك به‌ته‌نها تۆز ناكات.

٢٨٥ ـ لووتی به‌رز هه‌ر ئه‌نه‌وێ.

٢٨٦ ـ حه‌ق دار له حه‌قی خۆی وازدێنێ، شایه‌ت واز نایه‌نێ.

٢٨٧ ـ سه‌د جه‌رده لاتێك رووت ناكاته‌وه.

٢٨٨ ـ عیله‌تی بێبه‌رگی‌یه هه‌تیو مه‌بلی هه‌تاو ئه‌كات.[1]

٢٨٩ ـ زۆردار ئاوی سه‌ره‌و ژوور ئه‌ڕوات.

٢٩٠ ـ خۆڵی به‌ر گوانی خۆت بخۆی له پلاوی بێگانه باشتره.

٢٩١ ـ شوێنی شێره ڕێوێ لێی ئه‌كا گێره.

٢٩٢ ـ بیانووی تر نانی جۆیه.

٢٩٣ ـ كابه بروخێنه دڵێ مه‌ڕه‌نجێنه.

٢٩٤ ـ ئه‌و جێیه خۆشه كه دڵ پێی خۆشه.

٢٩٥ ـ قسه له‌پاش حه‌وت كێو ئه‌گاته‌وه به خێو.

٢٩٦ ـ سه‌ر بۆ سه‌ربڕین نه‌ك بۆ سه‌رزه‌نشت.

٢٩٧ ـ زۆر ببیسته با له كه‌م بگه‌ی.

٢٩٨ ـ نان ئه‌و نانه ئه‌مڕۆ له خوانه.

٢٩٩ ـ ئه‌ڵێی خه‌نجه‌ری ده‌بانه خۆی له كێلانا ناگرێ.

٣٠٠ ـ هه‌موو شتێ به خوێخوێش به‌مه‌عنا.

٣٠١ ـ به‌ڕیشی مه‌ردانه‌ت قه‌ستم.

٣٠٢ ـ نازانم ڕه‌حه‌تی گیانم.

٣٠٣ ـ له كه‌ری نه‌بوو ئاخوڕ هه‌ڵئه‌به‌ستێ.

٣٠٤ ـ له‌گه‌ڵ تری خۆیا شه‌ڕئه‌كات.

٣٠٥ ـ ئه‌ڵێی ڕێوی‌یه‌كه‌ی قه‌مچوغه‌یه.

٣٠٦ ـ له‌قه‌ی ماین نایه‌شێ.

٣٠٧ ـ سه‌ری له گوێ قه‌بر ئه‌له‌رزێ.

٣٠٨ ـ ئەڵێی میزی پشیلە لەبنی پێی دراوە.

٣٠٩ ـ ئەڵێی پەشتەماڵی حەمامە هەر رۆژە بە بەر یەکێکەوەیە.

٣١٠ ـ گوو ناکات نەك برسی بێت.

٣١١ ـ شێر لە بێشە دەرچێت، چ نێر بێ چ مێ.

٣١٢ ـ مەرگ لەگەڵ ئاوەڵانا جەژنە.

٣١٣ ـ بە دەرزی بیر هەڵناکەنرێ.

٣١٤ ـ سەری تاشیو ئاوێنەکەی دایە دەست.

٣١٥ ـ شێتە بۆ شێتیت، ئەڵێ بۆم ئەلوێ.

٣١٦ ـ لە دز وایە هەموو کەس دزە.

٣١٧ ـ کاسە کە چەور بو ئاو ناگرێتە خۆی.

٣١٨ ـ زوڵم لە قەویەتیا ئەپچرێ.

٣١٩ ـ هەزار ساڵ تکەی بێگانە پەرستی ئاخری ئەهێنی نشوستی.

٣٢٠ ـ ئەو چاوە کوێر بێ دوژمنی خۆی نابینێ.

٣٢١ ـ هەمووکەس لە کراسی خۆیا پیاوە.

٣٢٢ ـ دەستی خۆی نی‌یەو ماری پێ ئەگرێ.

٣٢٣ ـ بە دوو شت باوەڕ مەکە، پێکەنینی ئاغاو خۆشی زستان.

٣٢٤ ـ سکم عەماری کەس نی‌یە.

٣٢٥ ـ ناوی بە کوڵەکەی ئاشا چێت.

٣٢٦ ـ نە ئاغای هەتیو، نە ژنی چەتیو، نە خانووی سەر شیو.

٣٢٧ ـ دنیا هەرەسێکە ، نەفەسێکە، هەردەم بەدەس کەسێکە.

٣٢٨ ـ حەرام بەتامە.

٣٢٩ ـ ئاڵتون بە مەحەك پیاو بەتەجروبە.

٣٣٠ ـ کێوێك ئەروخێو کەندەلانێك پر ئەبێتەوە.

٣٣١ ـ کەڵەشیر لە سەرە نوێلکی خۆیا ئازایە.

٣٣٢ ـ ئەسپێ لە باخەڵیا سەوزەڵە گیانم ئەڵێ.

٣٣٣ ـ لەگەورە گەورەی پشدەرێ، هۆمان کەوتە قونی کەرێ.(٢)

٣٣٤ ـ سەگ لە کولێرە ڕاناکات.
٣٣٥ ـ ئەوەی زۆر بخوات زۆر ناژی.
٣٣٦ ـ هەر بازی بازی بە ڕیشی قازی.
٣٣٧ ـ ئەتەوێ نەمری؟ چاکە بکە.
٣٣٨ ـ زەڕینی کەر بانگی شەیتانە.
٣٣٩ ـ لە پردی نامەرد مەپەڕەرەوە.
٣٤٠ ـ نان بۆ خۆم و جۆ بۆ کەرەکەم.
٣٤١ ـ داری بێبەر بۆ برین چاکە.
٣٤٢ ـ گا بەتەنها گێرە ناکات.
٣٤٣ ـ بۆ هەر دەردە مەردێك.
٣٤٤ ـ گلۆڵەی کەوتە لێژی کەس خاسی پێ نایەژی.
٣٤٥ ـ جۆگەلە دەریا لێڵ ناکات.
٣٤٦ ـ حەق ئاو ڕائەوەستێنێ.
٣٤٧ ـ سواری ئەسپی خەڵك بیت هەر پیادەیت.
٣٤٨ ـ کوێر کوێر نابا بەڕێوە.
٣٤٩ ـ ماسی لە سەرەوە بۆن ئەکات.
٣٥٠ ـ کێری ئەمرۆ بە قنگی سبەینێ.
٣٥١ ـ دۆست لە تەنگانەدا دەرئەکەوێ.
٣٥٢ ـ بە خوشەویستی ژن بڕوا مەکە.
٣٥٣ ـ بەڵێن بەسەربردن نیشانەی سەرکەوتنە.
٣٥٤ ـ خوویەك گرتت بە ژیری، تەرکی ناکەی بە پیری.
٣٥٥ ـ ترەکەی تر نی‌یە، جەواڵ دڕە.
٣٥٦ ـ وەك نیسك وایە، بەرو پشتی بۆ نی‌یە.
٣٥٧ ـ خۆت بۆ بۆرە پیاو بکوژە ئەڵێ بە دەردی خوا مرد.
٣٥٨ ـ بۆ پیاوی عاقڵ ئیشارەتێك بەسە.
٣٥٩ ـ خوا دەردیش ئەداو دەرمانیش ئەدا.

٣٦٠ - سەد حەکیم بەقەدەر دەردەداریك نازانی.

٣٦١ - شا بە سەپانی خۆی نازانێ.

٣٦٢ - میوانی درەنگ وەخت گلەیی لەسە خۆیەتی.

٣٦٣ - سەرکزی دڵ ووریابە.

٣٦٤ - تێری خواردووە زەڕیوە.

٣٦٥ - ئەخۆم بۆ ئەوەی بژیم نەك بژیم بۆئەوەی بخۆم.

٣٦٦ - زەرەر لە نیوەی بگەڕێتەوە باشترە.

٣٦٧ - هەزار گوناهو یەك تۆبە.

٣٦٨ - دڵ وەکو مێش وایە بە گویشەوە ئەنیشیتەوەو بە گولێشەوە.

٣٦٩ - قوزی گوێ ئاگردان قەدری نی‌یە.

٣٧٠ - لەو جێیە ئاو هەیە زەوی نی‌یە لەو جێیەی زەوی هەیە ئاو نی‌یە.

٣٧١ - بار لە باج ناناڵێنێ.

٣٧٢ - ماڵەکەی تۆ ئەخۆم بە بەلاش هێنەکەی خۆم ئەخەمە پاش.

٣٧٣ - گوریسی داخستووە، دنیای تێخستووە.

٣٧٤ - برێشکەی جۆ ئەخوات، بە سابوون دەست ئەشوات.

٣٧٥ - گۆشتی بۆ تۆ ئێسقانی بۆ من.

٣٧٦ - تا گوێرەکە بە گا ئەکەیت خوێنی خوت بە ئاو ئەکەیت.

٣٧٧ - ژن بێ‌کەس بێ هار ئەبێ پیاو بێ‌کەس بێ هەژار ئەبێ.

٣٧٨ - کەس لەپڕێ نابێ بە کوڕێ.

٣٧٩ - پیاو کە زۆری ووت چاکیش ئەڵێ‌و خراپیش.

٣٨٠ - چەپەرە شڕە چ پێوەبێ چ لێوەبێ.

٣٨١ - تا ئەڵێ‌ی بەرسیلە: ترێ پێ‌ئەگات.

٣٨٢ - حازر خۆری بەرسێبەرە.

٣٨٣ - بەدووعای سەگ بێت ئێسقان ئەبارێت.

٣٨٤ - تەمەڵ ئەڵی هەمووی ئەخۆم دوایی ئەڵێ چیم کرد بە خۆم.

٣٨٥ - خنجەر کالانی خۆی نابڕێ.

٣٨٦ ـ زۆر جڵەو بۆ تورەیی شل مەکە.

٣٨٧ ـ هەتا خۆم بوم بە بانانەوە بەرتیلیان ئەداو ئەپاڕانەوە:

٣٨٨ ـ ئەوکەسەی گیان ئەدا گیانیش ئەسێنێ.

٣٨٩ ـ کەسی بێکەسان هەر خوایە.

٣٩٠ ـ بەرماڵی بەسەر ئاوەوە ئەگەڕێت.

٣٩١ ـ کەس کەس ناباتە بەهەشت.

٣٩٢ ـ تەور کلکی خۆی نابڕێتەوە.

٣٩٣ ـ دۆستی دۆستم دۆستمە، دوژمنی دوژمنم دۆستمە.

٣٩٤ ـ دوژمن بچوکیش بێت ئیشی زل ئەکات.

٣٩٥ ـ ناعیلاجی سەر بە ماڵی دوژمنا ئەکات.

٣٩٦ ـ ئەگەر زاڵ نەبی بەسزمان ئەبی.

٣٩٧ ـ دەوڵەمەندی هەموو عەیبێك دائەپوشێ.

٣٩٨ ـ پیاوی نابووت قەرزی کۆن و خزمی دوور یاد ئەکات.

٣٩٩ ـ دار پوازی لە خۆی نەبێت ناقلیشێت.

٤٠٠ ـ کەر نۆی برد دەش ئەبا.

٤٠١ ـ بەرچاو تەنگ ریسوایی دێنێت.

٤٠٢ ـ کل لە چاو ئەفڕێنێ.

٤٠٣ ـ گووی کرد بە داری-فەلاقەکەدا.

٤٠٤ ـ نە بای دیوە نە باران.

٤٠٥ ـ کارێکی کرد با بە دەواری شڕی ناکات.

٤٠٦ ـ ساڵ بە ساڵ خۆزگەم بە پار.

(١) نالی ئەڵێ: بێ بەرگی‌یە عیللەت کەهەتیو مەیلی هەتاوە... جا ئەمەقسەی نالی‌یە بۆپەند، یا پەندەو نالی کردوویە بەشیعر.

(٢) یا «ڕێمان کەوتە قلفرەی کوڕی جافرێ» بەجۆری تریش ئەوترێ.

«ع.م»

ووتەی جێگر لە گفتوگۆدا

- ١ -

خاوەن کتێب کۆمەڵێ ووتەی لەژێر ئەو ناوونیشانەی سەرەوەدا کۆکردۆتەوە، ئەمانە لەڕووی فۆلکلۆرو دابەشکردنی زانستی‌یەوە زوربەیان بەر ئیدیۆم ئەکەون. لێرەدا جیاکردنەوەیان مەبەس نەبوو، تەنیا ئەوەندە مەبەسە کە ئەم ووتانە بەم چەشنە لێرەدا تۆمار کراون، لە ناوچەی سلیمانیدا باون، ڕەنگە هەندێکیان لەناو هەموو کورددا هاوبەش بن، تەنانەت بەشی گەلانی تریشیان پێوەبێ، ڕەنگە لەهەندێ کتێبیشدا هەندێکیان تۆمار کرابن. بەڵام مەبەسی نووسەر هەر داچەسپاندنی ئەو ڕاستی‌یەیە کە باسکرا، لە بەرئەوە وەك خۆی هێڵرایەوە.

«ع.م.ر»

ووتەی جێگر لەنێوان گفتوگۆدا

١ ـ ئاوی ئاموون و توونی بابا چیت:

٢ ـ چرپو چلاغ ئەسووڕێتەوە.

٣ ـ زلی بێ‌هونەر.

٤ ـ دەمە چیت لێ کەمە.

٥ ـ دەمی ئەڵێ‌ی چیکەنەیە.

٦ ـ دەمی لە قنگی پیسترە.

٧ ـ تەپلی تۆپێن کرا.

٨ ـ پیس و چەپەڵ.
٩ ـ چەند زۆڵە ئەڵێی میچی قومارە.
١٠ ـ ئەڵێ گەنەی گونی گایە.
١١ ـ هەر ئەخواو ئەڕی.
١٢ ـ ئەمە قسەی گوێ ئاگردانە.
١٣ ـ حەواڵە بەگەواڵە.
١٤ ـ قسەی هەلەق و مەلەق ئەکات.
١٥ ـ خوێکەی ڕشت.
١٦ ـ کوڕی خواو کچی ئاسمان.
١٧ ـ چەند درێژە ئەڵێی حووچی بنی حەللەقە .
١٨ ـ ئاش بە تاڵ.
١٩ ـ حەپۆلی مێش خۆر.
٢٠ ـ شیرو تیر لە یەك ئەسوون.
٢١ ـ دووکانی بەکرو دوو قاڵب سابوون.
٢٢ ـ سێ جرتەکی هەڵ ئەپەڕێت.
٢٣ ـ هیچ نی‌یە پێچی مێزەرێکە.
٢٤ ـ ڵنگەو قووچ کەوت.
٢٥ ـ کەللە شەکی پاکراو.
٢٦ ـ ملی بە حەوت تەور نابڕێتەوە.
٢٧ ـ سەری قۆچکەتاشە.
٢٨ ـ سەری لە هێلکە نەجووقاوە.
٢٩ ـ دیزە بە دەرخۆنەی کە.
٣٠ ـ ملّچە ملّچ.
٣١ ـ بە پێوە هەڵ ئەمیزێ .
٣٢ ـ قیت ئەڕوا.
٣٣ ـ کابرایەکی کەللەشەقە.

٣٤ ـ ئا لەم حەیسو بەیسەدا.

٣٥ ـ فیقانی بە زۆڕناکەدا.

٣٦ ـ کەوڵە کۆن.

٣٧ ـ فڵقە کۆن.

٣٨ ـ کەف وکوڵی دائەمرێتەوە.

٣٩ ـ تیا گەوزی.

٤٠ ـ لووس و باریك.

٤١ ـ بە قاڵ و چەقاڵ.

٤٢ ـ خەیاڵی خاوە.

٤٣ ـ ئاگری بن کایە.

٤٤ ـ سمێڵێ ئەڵێی خەتی سەرشانی جاشەکەرە.

٤٥ ـ شرەی بەرتۆپەکە.

٤٦ ـ لات و لەوار.

٤٧ ـ حەشەری .

٤٨ ـ پلاری خۆی هاویشت.

٤٩ ـ درێژ دادرە.

٥٠ ـ ئەڵێی پەپوولەی بەهەشتە.

٥١ ـ قیر سچمەیە.

٥٢ ـ بە ڕەچەڵەکیا ئەچمە خوارێ.

٥٣ ـ ئەڵێی کچی عەلە تڕ پاشایە.

٥٤ ـ هەزار فاکت بە فیکێکم.

٥٥ ـ چاوی ئەڵێی قوزە مریشکە.

٥٦ ـ حەپوولکی کەس نادات.

٥٧ ـ لە کەلی شەیتان وەرە خوارێ.

٥٨ ـ گەلە کۆمەکێ.

٥٩ ـ بۆی دەرچوو وەك بەرزەکی بانان.

٦٠ ـ خيشی کردووه.
٦١ ـ ئەڵێی زەرنەقووتەیە.
٦٢ ـ درێژ داهۆڵ.
٦٣ ـ پەڕپووت.
٦٤ ـ نقەنق.
٦٥ ـ تاس و لووس.
٦٦ ـ من کردم تۆ نەیکەیت.
٦٧ ـ ناماقوڵت کرد.
٦٨ ـ لە خشتەی برد.
٦٩ ـ شەوقی لە تەپاڵە بڕیوە.
٧٠ ـ کەینو بەین.
٧١ ـ لە ووزەی کەسا نی‌یە.
٧٢ ـ ئەنەك دۆوەنەك.
٧٣ ـ شڕو شیتاڵ.
٧٤ ـ خواو ڕاستان.
٧٥ ـ لە شەڕی شەیتان لە بەڵای ناگەهان.
٧٦ ـ سکم عەماری کەس نی‌یە.
٧٧ ـ چی‌بکەم ڕووی زەمانە ڕەش بێت.
٧٨ ـ ئەڵێی چۆلەکەی نەوتاوی‌یە.
٧٩ ـ ئەڵێی سەگی پێ‌سوتاوە ئەسووڕێتەوە.
٨٠ ـ ئەبێت من لە ژنە دۆمەکە بم.
٨١ ـ سەرفراز بیت.
٨٢ ـ خوێنی خۆی لەسەر خۆی.
٨٣ ـ بۆنی شیری خاو لە دەمی دێت.
٨٤ ـ ترو تفاق.
٨٥ ـ قایش و قرووش.

٨٦ ـ کەوتینە سەر ساجی عەلی.

٨٧ ـ هەی‌هۆ، هەی‌هۆ.

٨٨ ـ پەحا کە نووزە درێژە.

٨٩ ـ بەدەگمەن هەڵ ئەکەوێ.

٩٠ ـ بێ فیزە.

٩١ ـ ترزلە.

٩٢ ـ بۆتە بنێشتە خۆشەی ژێر دانی.

٩٣ ـ لە پەلوپۆ کەوت.

٩٤ ـ تاسانی.

٩٥ ـ لە تاسەوە چوو.

٩٦ ـ با هەر بە دەردی خۆیەوە بتلێتەوە.

٩٧ ـ دووا براوەکە.

٩٨ ـ ئۆقرە ناگرێت.

٩٩ ـ سرەوتی نی‌یە.

١٠٠ ـ ئەڵێی کیسەو سەبیلە.

١٠١ ـ تازە ئەو باوکەی مرد.

١٠٢ ـ پڕ بە پێستی‌یەتی.

١٠٣ ـ چەرخی لە چەمەر ئەکێشم.

١٠٤ ـ کونەمشکی لێ بوو بە قەیسەری.

١٠٥ ـ ئەڵێی برەنۆکە.

١٠٦ ـ ئەڵێی بنەتووە.

١٠٧ ـ بووە بەکۆتەرە.

١٠٨ ـ دەمی ئەڵێی گاوەخانەیە.

١٠٩ ـ ئەو دەستە بنێرە ژوور سەرت.

١١٠ ـ برۆ پشتێنی لێ بکەرەوە.

١١١ ـ سەری دنیای لێ هاتۆتەوەیەك.

١١٢ ـ كارێكی پێ‌كرد با بە دەواری شڕی ناكات.

١١٣ ـ ئەڵێی من كڕە ئەكەم و ئەو ئەیخوات.

١١٤ ـ سەری دنیا بە پووش نەگیراوە.

١١٥ ـ دارو دیوار گوێی هەیە.

١١٦ ـ كەروێشك بە گا ئەگرێت.

١١٧ ـ ئاسمان ئەستوونی ئەوێت.

١١٨ـ وەكو نیسك وایە بەرو پشتی بۆ نی‌یە.

١١٩ ـ كار لە كار ترازا.

١٢٠ ـ حەوشەكەی خوارە.

١٢١ ـ نانی هاری گرتووە بەدەمەوە.

١٢٢ ـ دەمی بگریت بە قنگ قسە ئەكات .

١٢٣ ـ عەیبە عەبایە ناموس حەیایە.

١٢٤ ـ لێی گەڕێ مەی‌ورووژێنە.

١٢٥ ـ تیتیلەو بیبیلە.

١٢٦ ـ گەزی چی‌و جاوی چی.

١٢٧ ـ ئەگەر باوكی خۆی نەدیایە ئەی ووت كوڕی عەلە ترپاشام.

١٢٨ ـ سنگ شێری ماكەر پشت.

١٢٩ ـ كە خوا ناردی ناڵێ كوڕی كێیت.

١٣٠ ـ ئەگەر بە كەم نەزانی بە زۆریش نازانی.

١٣١ ـ لەخۆڕایی شانی خۆی ئارداوی ئەكات.

١٣٢ ـ یەك هەرایە سەگ ساحێبی خۆی ناناسێت.

١٣٣ ـ ئاگری جگەر هەڵی گرتووە.

١٣٤ ـ ڕێگای بۆ تەخت بووە.

١٣٥ ـ كرەش ئەكات.

١٣٦ ـ تێری خواردووەو زەڕیوە.

١٣٧ ـ گا بە پێوە قوت ئەدات.

١٣٨ ـ ئەڵێی لە گوێی گادا نووستووە.

١٣٩ ـ لە بێخەبەران کەشکەك سڵاوات.

ـ ٢ ـ

بەشێك لە ئیستیلاحی ناوماڵ و خانەوبەرە، هەندێ ئیدیۆمی تریش لەم چەند لاپەڕەیەدا لەلایەن خاوەن کتێبەوە کۆکرابوونەوە. بایەخی ئەمانەش هەر لەوەدا بوو، کە لە ناوچـەی سولـەیمـانیـدا بەکـاردێن، ئیتـر بۆ لێکۆڵەرەوە هەیە، شتی کوردیی گشتیی هاوبەش و بەشی گەلانی تریشی تێدا بدۆزێتەوە لەبەرئەوە تۆمار کردنیان لەم کلاوڕۆژنەیەوە سوودمەندە.

«ع.م.ر»

١ ـ داڵان : خانووی جاران (قەیم) کە لە دەرگای دەرەوە ئەچویتە ژوورەوە بە چەند هەنگاوێك پێش ئەوەی بچیتە حەوشە ئەو ماوەیە سەری گیراوە.

٢ ـ هەیوان : لە حەوشەوە بە پێپیلکە سەرئەکەوتیت بۆ هەیوان، دوو سێ کۆڵەکەی لەژێردا بوو و هۆدەی بەدەوروپشتەوە بوو .

٣ ـ پشت هەیوان: هۆدەی پشتی هەیوان بۆ چێشت لێنان و قاپ و قاچاخ .

٤ ـ گەنجینە: ژوورێکی بچووکە لەسەر پشت هەیوان بۆ زەخیرە.

٥ ـ کەلەگی : هۆدەی تەنیشت پشت هەیوان بۆ دانیشتن و نان خواردن.

٦ ـ ژێرخان: ئەوژوورانەی کەوتبوونە ژێر هەیوان و ژوورەکانی سەرەوە.

٧ ـ پێ پیلکە: قاڵدرمە.

٨ ـ باڵەخانە : پێشی دووەم نهۆمی خانووەکە لەسەر کۆڵان.

٩ ـ ڕاڕەو: پێشی دووەم نهۆمی خاتووەکە ئەکەوێتە سەر حەوشەکە، تارمە.

١٠ ـ عروسی: هەندێ خانوو پێشی ڕاڕەوەکەی کردبوو بە جامخانەی تەختە.

١١ ـ بن میچ: سەقف.

١٢ ـ هەورەبان : بە پێپیلکە ئەچوویتە سەربان ئەو ماوەیە سەری گیرابوو.

١٣ ـ سەکـۆ: زۆر ماڵ سەکـۆی تیـا بوو بۆ هاویـنـان بۆ دانیشتن و نووستن لە ناوەڕاستی حەوشـەکـەدا دروست کرابـوو لە خشتی کاڵ وە سواغ درابـوو، مەتـرێ بەرزو چەند مە ترێك پان.

١٤ ـ گوێسوانە: قەراغی سەربانی دارەڕا.

١٥ ـ پلوسـك : پارچـەدارێکی ناو هەڵ کوڵـدراو یان پارچـە تەنـەکەیەك بەدرێژی مەترێك ئەبوو لەسەر گوێسوانەکە توندیان ئەکرد بۆ ئەوەی ئاوی سەربانی پیا بێتە خوارەوە.

١٦ ـ چۆڕاوگە : ئەو ئاوەی بە پلوسکەکەدا ئەهاتە خوارەوە.

١٧ ـ کەلاوە: پارچە ئەرزێکی زیادە لە کۆلانێکدا یان خانووە کۆنێکی ڕووخاوە.

١٨ ـ سەرەنوێلك: دەشتایی بەردەمی ماڵەکان کە خۆڵ و پیساییان لێ فڕێ ئەدا.

١٩ ـ تەپۆڵکە : لە شێوەی گردە بەڵام بچکۆلەیە، زۆر جار لە بەردەمی هەندێ ماڵدا تەپۆڵکە بووە واتە بەرزایی بوو ئەیان ووت: خانووی سەرتەپۆڵکەکە.

٢٠ ـ کولانە: لە شێوەی ژوورێکی زۆر بچوك بۆ مریشك و کەڵەشێرو کۆترو سەگ . . هتد.

٢١ ـ شەبەقی: مەلا بانگ دان.

٢٢ ـ سبای صاڵحان: بەیانیان زوو.

٢٣ ـ بەرچایی : نانی بەیانیان.

٢٤ ـ چێشت هەنگاو: پێش نیوەڕۆ.

٢٥ ـ قاوەڵتی : نانی نیوەڕۆ.

٢٦ ـ بانگی شێوان: مەغریب، بانگی ئێوارەو کاتی نان خواردن.

٢٧ ـ قنج و قیت ئەڕوات: ڕێك ئەڕوات.

٢٨ ـ پەشۆکاوە: شڵەژاوە : شپرزەیە.

٢٩ ـ پێچی مێزەرێکە: مەبەستی ماوەیەکی دورودرێژە لەخۆیەوە ئەبڕێتەوە.

٣٠ ـ بسکەی سمێڵی دێت: زەوق و کەیفی هەیە.

٣١ ـ گەلاوگـەڵ ئەڕوات: یەکێـك لە کاتی ڕۆیشتنـدا بۆشـایی لەبـەینی هەردوو قاچیدا هەبێت.

٣٢ ـ پەیزەن : بەیەکێکیان ئەوت پاژنەی هەردوو پێی لە ڕۆیشتندا لە یەکی بدایە
٣٣ ـ پیسکە: چروکە : پولەکی‌یە : ڕەزیلە.
٣٤ ـ چەنەبازە : زۆر بلێ‌یە.
٣٥ ـ خوێی چێژ : پێش پێ‌گەیشتنی چێشت تۆزێك خواردنی بۆ تام و چێژ یان بۆ تاقی‌کردنەوەی سوێری‌و بێ خوێیی.
٣٦ ـ بەرکوڵ: تۆزێ لە خواردنی چێشت لە سەر مەنجەڵەکە پێش نان تێ‌کردن.
٣٧ ـ شەوچەرە : لە شەوانی زستاندا خواردنی وەك مێوژ و نۆك و باسوق و سنجوق و قەزوان و گوڵەبەڕۆژەو برێشکەو... هتد.
٣٨ ـ گزی‌وفزی : فڕوفێڵ.
٣٩ ـ قروقەپ : بێ‌دەنگی.
٤٠ ـ مێشومەگەز : مەگەز لە مێش گەورەترە لە شوینی پیسایدا هەیە.
٤١ ـ تاساوە : بەتکاچوە : یەکێك کە هەناسەی بۆ نەدرێ بەباشی.
٤٢ ـ سەرفرازبیت : بەرخورداربیت: سەلامەت بیت.
٤٣ ـ گێژ و وێژە : حوڵەکەیە: گەمژەیە، گێلە.
٤٤ ـ واقی وڕماوە : حەپەساوە.
٤٥ ـ پلارمان تێ‌ئەگرێت: توانجمان تێ‌ئەگرێت : قسەی ناخۆش و بەتوێکڵ تێ‌گرتن.
٤٦ ـ بە گاگۆڵکێ ئەڕوات : منداڵێك پێش پێ‌گرتن بە قاچ و دەست ئەڕوات.
٤٧ ـ خەریکی گڕوگاڵە: منداڵێك تازە فێری هەندێك قسە ئەبێت.
٤٨ ـ بووە بە سینەمەکی : چایەك زۆر بکولایەو زۆر بمایەتەوە، سینەمەکی دەرمانێکە لای عەتار بۆ منداڵ کە دڵی تێ‌کەڵ بهاتایە ئەیدرایە.
٤٩ ـ قاپ و قاچاخ : کەرەسەی چێشت لێ نان و نان خواردن.
٥٠ ـ چینی‌و فەخفووری: قاپ و دەوری لە کاشی‌و شووشە.
٥١ ـ بەسەرزارەکی : لەڕوودا، دامان و نابەدڵی.
٥٢ ـ بەڕەچەڵەکتا، بە ناختا ئەچمە خوارێ: هەموو کەس وکارت لەناو ئەبەم لە کاتی شەڕا.

٥٣ ـ میزنه، دەڵەمیز : منالێك لەخەودا میزی بکردایه بەخۆیدا.
٥٤ ـ تیکەنان : پارویەك نان.
٥٥ ـ دەمەتەقێ : قسەکردن بۆ کات کوشتن.
٥٦ ـ خۆی تاس ولوس داوە: خۆی رێك خستووە، جوان کردووە.
٥٧ ـ ووردەوالا : دەست گێر ئەیگێرا، وورده بابەتی ژنان.
٥٨ ـ کەینوبەین : جوولانەوەی نهێنێ لەنێوان دوو کەسدا.
٥٩ ـ بە ترو فیز: لووت بەرزە : ترِی زلە.
٦٠ ـ بێ‌فیزە : بێ‌هەوایە.
٦١ ـ ترو منەت ئەکا بەسەرما : یەکێك ئیشێك بۆ یەکێکی تر ئەکات پاشان ئەیداتەوە بەسەریا.
٦٢ ـ ئەنێی میچە : ئەڵێی میچی قومارخانەیە: چەند زۆڵ و شەیتانە: بۆ یەکێك کە وریاو زیرەك بوایە.
٦٣ ـ خۆی شان ئارداوی کردووە : بۆ یەکێك کە لە هەموو شتێکدا خۆی تێ‌هەڵقورتانایە.
٦٤ ـ ویرەویرکەرە : خوتەخوتکەرە : بۆ یەکێك لەسەر شت برۆیشتایە لە قسەکردنا.
٦٥ ـ مشتومریانە : دەمەقاڵێ‌یانە.
٦٦ ـ نقەنق : یەکێك شتێکی قورسی هەڵبگرتایە لەژێریا ئەی‌نقان.
٦٧ ـ نوکەنوك : منالێك کە نیوەی گریانەو نیوەی قسەیە.
٦٨ ـ رێچکەیان بەستووە : ریزیان بەستووە.
٦٩ ـ خەملیوە : پێگەیشتن بۆ هەموو شتێك.
٧٠ ـ جم وجوولیانە : هاتوچۆیانە بە شێنەیی : هاتووچۆیانە لەسەرخۆ.
٧١ ـ ماخۆلانیەتی : منالێك کە بزێوو عەجول بووایە.
٧٢ ـ ئۆقرە ناگرێ : سرەوتی نی‌یە : ئارامی لێ براوە: ئەڵێی جیوەی تیایە.
٧٣ ـ بوغس لە سکە : رق و کینە هەڵگرە.
٧٤ ـ تەڵەکەبازە : فێلبازە.

٧٥ ـ دووره‌وپـه‌ریـز وه‌ستـاوه : به‌رکـه‌نـارو لاتـریسکـه وه‌ستـاوه : له‌دووره‌وه سه‌یرئه‌کات و تیکه‌ڵ به کۆڕو کۆمه‌ڵ نابێت.

٧٦ ـ به‌م زه‌وایه : به‌م نانه.

٧٧ ـ گۆتاوو ڕوه‌که ئه‌هێنێته‌وه ئێره : شه‌ڕو ئاژاوه‌که ئه‌هێنێته‌وه ئێره.

٧٨ ـ سه‌رزه‌نشت : ئامۆژگاری : قسه‌ی چاکه‌و ڕێگا پیشاندان.

٧٩ ـ به‌ربه‌ڕۆچکه : به‌رهه‌تاو له زستاندا.

٨٠ ـ زه‌بروزه‌نگ : توندو تیژ.

٨١ ـ تاس بردی‌یـه‌وه : حه‌پـه‌سـاوه : واقی وڕمـاوه : یه‌کێـك که هه‌واڵێکی ناخۆشیان بۆ بهێنایه نه‌ی‌ئه‌توانی وه‌ڵام بداته‌وه‌و بێ‌ده‌نگ ئه‌بوو.

٨٢ ـ مڕبوو : بۆ یه‌کێك که زیایه خۆری بکردایه وای لێ‌ئه‌هات هه‌ناسه‌ی توند ئه‌بوو.

٨٣ ـ له تافی لاویدا : له هه‌ره‌تی گه‌نجێتیدا.

٨٤ ـ لاف لێ‌ئه‌دا : خۆی هه‌ڵ ئه‌کێشێ.

٨٥ ـ ته‌زوو به‌له‌شی‌دا دێت : مچوڕکه به‌له‌شی‌دا دێت.

٨٦ ـ له‌ناکاو خۆی‌کرد به‌ژوورا : له‌پڕ خۆی کرد به‌ژوورا.

٨٧ ـ گرفتار بوو : گیرۆده بوو : ناڵین به‌ده‌ست شتێکه‌وه.

٨٩ ـ چه‌شه‌ی ناکه‌یت : تامی ناکه‌یت.

٩٠ ـ ڕه‌نجه‌ڕۆ : هه‌وڵ دانێکی بێ‌سوود.

٩١ ـ زۆر حه‌شه‌ری‌یه : بۆ ئافره‌تی داوێن پیس.

٩٢ ـ به‌ئاڵۆشه : بۆ ئافره‌تێ که چاوی له‌ده‌ره‌وه بووایه.

٩٣ ـ بێ‌ئابڕووه : بێ‌شه‌رمه : ڕیایی ئه‌کات : حه‌یای لێ هه‌ڵگیراوه.

٩٤ ـ هه‌نجن هه‌نجن کرێت : پارچه پارچه کرێت : دوعای ژنانه.

٩٥ ـ هه‌پروون به هه‌پروون بوو : پارچه پارچه بوو : بۆ یه‌کێك که له شاخێك یان له شوێنێکی زۆر به‌رزه‌وه بکه‌وێته خواره‌وه.

٩٦ ـ گوێ‌ی خۆی لێ ئه‌خه‌فێنێ : خۆی گێل ئه‌کات.

٩٧ ـ سازنده‌یه : زۆربڵێ‌یه (بۆمناڵ).

٩٨ ـ کەنەفت کەوتووە : یەکێك کە لە تەمەندا بێت و لە جێگادا بکەوێت.

٩٩ ـ خۆی گرمۆڵە کردووە : بۆ یەکێك کە لە سەرمادا خۆی پێچابێتەوە.

١٠٠ ـ بەیتەشە : بۆ ئافرەتێك کە هارو هاج بێت.

١٠١ ـ وەك مەحمووی بێزەوا وایە: بۆ یەکێك کە هیچی نەبێت.

١٠٢ ـ هەناسە ساردە : بۆ کەسێکی لێقەوماو.

١٠٣ ـ پرووپوچە : **هیچ و پووچە**

١٠٤ ـ جەربەزەیە : بۆ یەکێکی ئازا بەکارئەهات.

١٠٥ ـ سڵ ناکات : لە هیچ ناترسێت.

١٠٦ ـ بێهاوتایە : بێوێنەیە.

١٠٧ ـ لەنگەری بگرە : بۆ بارکردنی وولاخ بەکارهاتووە.

١٠٨ ـ گلاراویەتی: دەست بزێوە : شەڕەنگێزە (بۆ منداڵ).

١٠٩ ـ سەرگەردان بوو : ماڵی لێ تێك چوو بێکەس مایەوە.

١١٠ ـ داماوە : لێقەوماوەو بێدەستەلاتە.

١١١ ـ هەڵی تیزان بە چوارنـاڵـە : کەرێـك کە بەرئـەبێت و لەدەست خاوەنەکەی ڕائەکا.

١١٢ ـ بەرپەرچی دایەوە : دەم کوتی کرد.

١١٣ ـ گەوج : بێمێشك.

١١٤ ـ ریسوا بوو : سووك بوو

١١٥ ـ توخنی نەکەوێ: نزیکی نەکەوێ.

١١٦ ـ توخمی خۆیەتی : ڕەگەزی خۆیەتی : ئەچێتەوە سەر خۆی.

١١٧ ـ نوخشە بێت لە تۆ : کچێك کە شووی بکردایەو کچێکی تر پێی بووتایە پیرۆزت بێ ئەویش ئەیووت نوخشە بێت لە تۆ.

١١٨ ـ نۆخشەی میوەیە : نۆبەرەی میوە : سەرەتای میوە.

١١٩ ـ کەللە شەقە : کەللەڕەقە.

١٢٠ ـ بەد خووە : بێتەربیەتە : بێڕەوشتە.

١٢١ ـ دەمەقاڵێیانە : دوو کەس کە بە قسە شەڕیان بێت.

١٢٢ - پیا ڕاناپەرمووم : لێی ڕانابینم : متمنانەی پێناکەم : شوێنی باوەڕ نی یە.

١٢٣ - حەپۆڵی مێش خۆرە : بۆ یەکێکی گێژو وێژو پۆخڵ.

١٢٤ - دەمی ئەڵێی چیکەنەیە : بۆ یەکێك کە زۆر بەخێرایی قسەی بکردایە.

١٢٥ - لەوزەما نەما : لە تاقەتما نەما : ورەی بەرداوە.

١٢٦ - نالەبارە : بۆ یەکێك کە بە کرداریا چەوت بوایە.

١٢٧ - تۆکمەیە : توندو تۆڵە.

١٢٨ - سەپانی بەسەریا : بەزۆر دای بەسەریا.

١٢٩ - زاخاوی دڵم دایەوە : دڵم ئاوی خواردەوە.

١٣٠ - پەیتا پەیتا ئەکاتە سەری : یەك لەسەر یەك : دوابەدوای یەك ئەکاتە سەری.

١٣١ - دەنگی زولاڵە : دەنگی خۆشە.

١٣٢ - گوزەران ناکەن : بەوشێوەیە ناژین : پێکەوە ناگونجێن.

١٣٣ - کوت ومت ئەڵێی خۆیەتی : لەیەك ئەچن : دەقاودەق ئەڵێی ئەوە.

١٣٤ - بنەچە : تایەفە : تۆو و توخم : تیرەو ڕەگەز.

١٣٥ - ڕاپێچیان کرد : یەخەیان گرت و بردیان.

١٣٦ - زوخاوی دنیای چەشت : خەفەتی دنیای خوارد.

١٣٧ - تاوو توو کرا : لێك جیاکردنەوە بۆ فەردەو کەلوپەل.

١٣٨ - لە کونی هەتیتەشدا بیت ئەتدۆزمەوە : لە هەر شوێنێك بیت ئەتدۆزمەوە.

١٣٩ - کەڵکەڵەی کەوتەسەر : خولیای کەوتەسەر : عەوداڵ بوون بەدوای هەرشتێکدا.

١٤٠ - ڕەسەنە : ئەسڵە.

١٤١ - لە پڕمەی گریان : لە پڕمەی پێکەنین : لەپڕا گریان لەپڕ پێکەنین.

١٤٢ - دای پڵۆسی : لەپڕ لێیدا.

١٤٣ - شرو شیتاڵت فڕێئەدەمە دەرێ : ناوماڵت فڕێ ئەدەمە دەرێ.

١٤٤ - قاتوقڕ کران : لەناو چوون و فەوتان.

١٤٥ ـ بەسەڵتی ئەژی : بەتەنیایی، بۆ یەکێك کە ژنی نەبێت.
١٤٦ ـ شەتەك دراوە : توند پێچراوە.
١٤٧ ـ تروتفاق : شتی پێویستی بۆ سەفەرو بۆ ناوماڵ.
١٤٨ ـ چاپوکە : بە چنگ و هەڵپەیە.
١٤٩ ـ لالەوێچ : گویلی : پرمشتێك.
١٥٠ ـ ئەموستیك : پڕ سەرپەنجەکان .
١٥١ ـ ئاهی تیا نەماوە : گیانی لەبەر براوە.
١٥٢ ـ بە تەڕن ڕۆیشت : بەخۆڕایی ڕۆیشت : بۆ یەکێك کە بە هەوانتە تیا بچێت.
١٥٣ ـ جمەی دێت : شوێنێکی قەڵەباڵغ و جێگا نی‌یە بۆ دانیشتن.
١٥٤ ـ عەلەمی تیا نەماوە : بۆ نەخۆشێك کە چاك ئەبووەوە.
١٥٥ ـ چی‌چکان : دانیشتن لەسەر هەردوو قاچ.
١٥٦ ـ چوارمەشقی : دانیشتن لەسەر قنگ و قاچ لەسەر قاچ لەژێر خۆیدا.
١٥٧ ـ بەچۆك : دانیشتن لەسەر ئەژنۆ.
١٥٨ ـ قیرسچمەیە : بەیەکێکیان ئەووت لەکاتی شەڕدا وازی نەئەهێنا لەوی‌تر.
١٥٩ ـ تامەزرۆیە : عەزرەتیە : بۆ خواردنێکی تاسوق کە لەخۆشیدا زۆری بخواردایە.
١٦٠ ـ تاسووقە : خواردنێکی خۆش کەم دەست بکەوتایە ، ئەیانگوت بیخۆ تاسووقە.
١٦١ ـ وەنەوزی ئەدا : خەوەنوتکێ‌یەتی : خەو پەرەی لێ سەندووە : بۆ کەسێك پێش نووستن بەدانیشتنەوە خەوی لێ ئەکەوت و خەبەری ئەبووەوە .
١٦٢ ـ بەکولەمەرگی ئەژی : بۆ یەکێك یان خێزانێك کە هەر ئیشی ئەکرد و پێویستی ژیانی دەر نەئەهێنا.
١٦٣ ـ شەوەکەی دەیجورە : شەوێکی نالەبارو ناخۆش و تاریکە.
١٦٤ ـ سیوایی بۆتەوە : خۆشە بووە : چەشە بووە : بۆ منالێك کە زۆریان لەگەڵ ئەووت و لێیان ئەدا بەڵام بە قسەی دایك و باوکی نەئەکرد.

١٦٥ ـ چەختی بووە : چەقاوەسوو بووە : بۆ منالێك کە زۆر سەربەدەرەوە بوایە.

١٦٦ ـ چلێسە : زۆر نەوسنە.

١٦٧ ـ سوك و باریك وەك بەرزەکی بانان بۆی دەرچوو : یەکێك کەتنێکی بکردایە یان شتێکی لێ ڕووبدایە و خۆی دەرباز بکردایە.

١٦٨ ـ ئەڵێی قالوری سووتاوە : ڕەش و لاوازە.

١٦٩ ـ تیتك : کە دوو ئافرەت شەڕیان ئەبوو قژی یەکیان ئەگرت بێیان ئەووتن ئەو دوو ئافرەتە تیتکی یەکیان لە بن دەرهێنا.

١٧٠ ـ لۆزەنگەر : گەلۆر : زەبەللاح : کەتە : زرتەبۆز : چەتەوڵ و ئەمانە بۆ زەلامی زل و هیچ لەبارا نەبوو بەکار ئەهات.

١٧١ ـ داری واوەیلایە : یەکێك درێژو خوارو خێچ و لاواز بوایە .

١٧٢ ـ لۆش لۆش ئەسووڕێتەوە : بۆ یەکێك کە بە خاوو خلیچکی بۆ شتێکی بگەڕێت.

١٧٣ ـ چرپوچلاخ ئەسووڕێتەوە : لات ولەوار ئەسوڕێتەوە : بۆ یەکێك کە تەمەڵ و تەوەزەل بێ ئیش ئەسووڕێتەوە.

١٧٤ ـ دۆش داماوە : بۆ یەکێك دەستەوسان و داماو بووایە.

١٧٥ ـ پووکاوەتەوە : بە شتێك ئەوترا کە بەرەو لاوازی بڕۆیشتایە.

١٧٦ ـ لەخشتەیان برد : هەڵیان خەڵەتان .

١٧٧ دەسکەنە : بۆ خەرمان هەڵگرتن ، ژنێك قژی منالەکەی ڕائەکێشا پێیان ئەووت قژی منالەکەی دەسکەنەکرد.

١٧٨ ـ **بەفەتارەتمان ئەدەی: بەفیرۆ بەقەڵبە یەکمانا ئەدەی دایکێك ئەگەر کوڕێکی** هارو هاجی هەبوایە پێی ئەووت سەرمان بە فەتارەت ئەدەی.

١٧٩ ـ فتتوری نایەوە: شەڕی نایەوە.

١٨٠ ـ فیتی ئەوە : بەزمی ئەوە.

١٨١ ـ تەپڵی تۆپینی پێکرا : لێدانێکی باشی خوارد.

١٨٢ ـ نەفرەتی لێ کە : نەعلەتی کە.

١٨٣ ـ جانانەیە : سۆزانیە : مەکربازە : جادوگەرە: عەیارە، (بۆ ئافرەت و

منالّ).

١٨٤ ـ پسا : پچڕا : زەلامێك لە شوێنێكی بەرزەوە بكەوتایە خوارەوە پیّیان ئەووت پسا.

١٨٥ ـ مالّی ئیفە : مالّی موفتە ، مالّی بەلاشە.

١٨٦ ـ ئەلّیّی دەعەجانی‌یە : بۆ یەكێكی زۆر ناشرین بەكار ئەهات.

١٨٧ ـ ئەلّیّی فیزە بەرخانەیە : بۆشوێنێكی قەلەبالّغ و غەلّبە غەلّبو ، چرە دووكەلّی لێوە ئەهات.

١٨٨ ـ چوو بە چەقی نەعلەتا : بۆ یەكێك بەرقا بكەوتایەو بە هیچ شتێك رازی نەبوایە.

١٨٩ ـ لێمان چووەتە كەشكەلانی فەلەك : یەكێك داوای شتێكیان لیّ بكردایەو نەیدایە.

١٩٠ ـ خۆت مەدە لە قەرەی : دەرەقەتی ئەو نادەیت.

١٩١ ـ ئەلّیّی كچی عەنەتر پاشایە: بۆ كچێكی زۆر لوت بەرزو خولّیّبابی بوو.

١٩٢ ـ جەزرەبەم گەیاندیّ : لێدانێكی باشم لیّدا.

١٩٣ ـ لوشكەلوشك ئەگری : بۆیەكێكی بیّدەستەلاّت و گرینۆك كە بە هەمووشتێك ئەگریا.

١٩٤ ـ كەتنێكی پیّدا : بەپەنگی كرد ، تووشی بەزمی كرد.

١٩٥ ـ سەرەونگوم بوو : دیار نەما.

١٩٦ ـ ئاش بەتالّی لیّكرا: بۆ ئیشێك پێش تەواوبوونی وازی لیّ بهێنرێت.

١٩٧ ـ بەسە ملچەملچ : لەكاتی شت خواردندا ئەوكەسە دەنگی دەمی دێت.

١٩٨ ـ كەولّەكۆن : ژنیّ كە رقی هەلّئەسیّ لە پیاوەكە كە لە تەمەندا بێت پیّی‌ئەلّێت برۆ هەیەی كەولّەكۆن.

١٩٩ ـ فلّقەكۆن : بەپێچەوانەوە ، پیاو بە ژن ئەلّێت بیّبرەوە هەی فلّقەكۆن

٢٠٠ ـ تیاگەوزی : بۆ ئاژەلّ و بۆ مرۆڤ كە لە شوێنێكدا لەسەر زەوی خۆی ئەتلێنێتەوە.

٢٠١ ـ لات و لەوار ئەسوورێتەوە : بیّئیش ئەسوورێتەوە.

٢٠٢ ـ درێژ دادەبە : زۆر بلّێیە، زۆر لەسەر قسە ئەڕوات.
٢٠٣ ـ حەپۆلکی کەس نادات : ماوەی کەس نادات قسە بکات.
٢٠٤ ـ گەلەکۆمەکی ئەکەن : چەند کەسێك بەگژ یەکێکدا بچن.
٢٠٥ ـ خیشی کردووە : تورەیەو قسە ناکات.
٢٠٦ ـ درێژ داهۆڵ : بۆ ئینسانێکی زۆردرێژ.
٢٠٧ ـ پەڕپووتە : خانویەکی داڕووخاوە : زەلامێکی شرۆڵەو نەبووە.
٢٠٨ ـ خواو ڕاستان ناردی : هاتنی شتێکی چاوەڕوان نەکراو.
٢٠٩ ـ قایش و قروشی لە خۆی دا : بۆ زەلامێك خۆی ئامادە بکات بۆ جەنگ یان بۆ ڕا و.
٢١٠ ـ لە پەلوپۆ کەوت : بۆ یەکێك کە زۆر هیلاك بێت و نەتوانێ لەشوێنی خۆی بجولّێ.
٢١١ ـ بەتاسەوە چوو : بەتاس و تکەوە چوو، بۆ منالّێك کە بگریو هەناسەی سوار بێت.
٢١٢ ـ پیاچزی : پیا چەقی، جەزرەبەی گەیاندێ، زەرەری گەیاندێ.
٢١٣ ـ مارانگازە : دەستی چووە بە زاخا ، دەستی چزاوە بە ئاگردا، زەرەرەومەند بووە، توشی کارەساتێك بووە لە بیری ناچێتەوە.
٢١٤ ـ شاتەشات : بێدەنگ بە ، بۆ ئافرەتێك کە زۆر دەمەوەرو دەنگ دەرهاتوو بوایە.
٢١٥ ـ شار خامۆشە : شار بێدەنگە ، شار چۆڵە.
٢١٦ ـ شار بێئاشوبەیە : ئاسایش و بەرکەمالّە.
٢١٧ ـ شار خرۆشاوە : عەشام و مەخلوقات کەس لە مالّ نەماوە هەموو لەدەرەوەن دەشت ودەر نایگرێتە خۆی.
٢١٨ ـ شاییو لۆغانە : لە مالّێکدایالە شوێنێکدا هەموو خەریکی بەزم و ڕەزم و خۆشی بن.
٢١٩ ـ هەزارلۆغانەیە : ڕێگایەك پێچ و پەنای زۆر بێت.
٢٢٠ ـ خەریکی کنە تیاکردنە : خەریکی تێکدانی ئیشەکەیە.

٢٢١ ـ چاوچنۆکه : چاوبرسی‌یه ، چاوچڵیسه ، بەرچاو تەنگ، نەوسنە.
٢٢٢ ـ وڕ کی‌گرت : رقی گرت (بۆ منداڵ).
٢٢٣ ـ گرۆزه : زۆر گرینۆك و لاساره (بۆ منداڵ).
٢٢٤ ـ توشی گێچەڵێکی ئەکات : تووشی شتێکی ناخۆشی ئەکات.
٢٢٥ ـ نمەك بەحەرامە: هیچی لە بەرچاو نی‌یە، سپڵەیە، بێ‌وەفایە.
٢٢٦ ـ هەر جرت و فرتیەتی : هەر هاتوچۆیەتی، جاو ئەنێتەوە، میزە پشیلە لە بن پێی دراوە.
٢٢٧ ـ شا بە تاقەتت: بۆ ئینسانێکی زۆر هێمن و لەسەرخۆو بەتوانا.
٢٢٨ ـ بوارم بە: ماوەی قسەم بدە، بۆ تەنکایی ئاویش کە لێی ئەپەڕنەوە.
٢٢٩ ـ کەوتەگەڕ: کەوتە ئیش.
٢٣٠ ـ چەواشەی‌کرد: سەری لێ تێکدا .
٢٣١ ـ دەستی تەتەڵەی کرد: هەڵەیەك کە دەست ئەکرێت .
٢٣٢ ـ زۆر تڕنە: زۆر قسە کەرە، قسەی ناپیاوانە ئەکا .
٢٣٣ ـ ئینتەلای کرد: ڕشایەوەلە خواردنی زۆر .
٢٣٤ ـ لەشی کرمەڕێز بێت: لەشی داوە شێ، بۆ یەکێکی تەمەڵ، پیس و پۆخڵ .
٢٣٥ ـ ئاگری قورەت: بەچەوازی‌گرتووە(بە منیکی زۆر بێ‌حەیا ئەوترا)
٢٣٦ ـ ناماقوڵت کرد: قسە یەکی نابەجێ‌و نامەعقول .
٢٣٧ ـ چرپـــو هوڕو فسکـــەفسکیـانـە: دووکـەس کە سەریـان بنـایـە بەیـەکـەوە قسەیان لەژێر لێوەوە بکردایەو نەیا نویستایە کەس گوێی لە قسەیان بێت .
٢٣٨ ـ سەری کەچە: سەری حیزە، سەری شۆڕە.
٢٣٩ ـ مەلاشـــوی بەوە هەڵـدراوە: لەگـەڵ شیـردا خواردویـەتی، بۆ کەسێـك کە خووی‌بە شتێکی خراپەوە بگرتایە.
٢٤٠ ـ سمکوڵ ئەکا: بۆ کەسێك بەپەلەو هەڵەشەو بێ‌ئارام بێت.
٢٤١ ـ فری بەسەرەوە نەماوە: مافی پێوە نەماوە.
٣٤٢ ـ لالغاوی شل نەبوو: بۆ یەکێکی چەنەبازو زۆر بلێ.
٢٤٣ ـ خۆت نەی‌کـــەی خوا بتـــداتێ: بۆکـەسێـك بەڕێکـەوت خوا خیـر بڕژێنێ

بەسەریا .

٢٤٤ ـ خواداویە تیو لەقەی لێئەدا: دەست بە خێری خۆیەوە ئەنێت.

٢٤٥ ـ ئەم تێکوتەو تێبڕەیە چیبوو : بۆ کارێکی ناقولاو نالەبار.

٢٤٦ ـ گرفتار بووە پێوەی: گیرۆدەو دووچار بووە پێوەی.

٢٤٧ ـ بە هەڕەمەکیو گۆترەکاری: بۆ ئیشوکاری بێسەروپێ.

٢٤٨ ـ کە ووتی تێژ، تێژ: ئیستەرم : کە وتی دەی دەی ، پێی لێ کردە کەوش، هەر ئێستەکی.

٢٤٩ ـ ئەیدەلێنێ : ئاوی لێئەچێ، ئاو دائەدا.

٢٥٠ ـ سمی پێوە نا: مۆری پێوەنا

٢٥١ ـ لە خۆی بابی بووە : لە خۆی گۆڕاوە.

٢٥٢ ـ هاتەبار: ملینا .

٢٥٣ ـ با یەکالا بێتەوە : با بکەوێ بە لایەکدا.

٢٥٤ ـ با دەرفەتێ بێت : با فرسەتێ بێت.

٢٥٥ ـ بە تیری عەشقی گرفتار بوو : بە بینینی حەزی لێکرد .

٢٥٦ ـ کەڵەنێرە : بۆ کوڕێکی ئازا ئەوترێ .

٢٥٧ ـ مۆڵەتی بەرێ : ماوەی بەرێ.

٢٥٨ ـ تازە ئەوەڵی دوردگ و پیاڵەیەتی : تازە کەیف و زەوقی هەیەو لەم تەمەنەدا خۆی مناڵ ئەکاتەوە.

٢٥٩ ـ گۆزان گۆزان : بۆ پێکەنین و خۆشی مناڵی ساوا .

٢٦٠ ـ دارە دارە : بۆ مناڵێك تازە پێئەگرێ.

٢٦١ ـ ڕیشو سمێڵی ماشو برنج بووە : ڕیش و سمێڵی موی سپی تێکەوتووە.

٢٦٢ ـ سەری بۆز بووە : قژی سەری سپی تێکەوتووە.

٢٦٣ ـ زامار بووە : بریندار بووە.

٢٦٤ ـ حەواڵە بە گەواڵە ئەکات : لەمەوە ئەینێرێت بۆ ئەوو ئیشەکەی بۆ ناکات.

٢٦٥ ـ ڕەش بگیر : خەتاو بێخەتا ، تەڕو ووشك پێکەوە ئەسووتێ.

٢٦٦ ـ بو بە خوێنی سیاوەحش هەر نەبرایەوە: بۆ شتێك کە زۆر درێژە بکێشێت و

ناخۆش بێت.

٢٦٧ ـ بو بە داسك و دەرزی : بۆ کەسێکی لەڕو لاواز.

٢٦٨ ـ خوا ڕەخسانی : خوا ڕێکی خست ، خوا ناردی

٢٦٩ ـ قەتیس ماوە : ڕێگای لێ گیراوە ، پەنگی خواردۆتەوە

٢٧٠ ـ دەست و دەم و داوێن پیسە : زۆر جوێن فرۆش و بێ ڕەوشت و بەدکردارە.

٢٧١ ـ کار لە کار ترازا : تازە هیچ بە هیچ نابێت، تازە لە دەست چوو.

٢٧٢ ـ چڵکاوخۆرە : پیاوی خەڵکە.

٢٧٣ ـ نالە بارە : پنتیە، تورەهاتە ، هیچی تیا بەستە نی یە.

٢٧٤ ـ تا تەشەنەی نەکرُدووە : تا شتەکە گەورە نەبووو بڵاونەبۆتەوە .

٢٧٥ ـ مرخی خۆی لێ خۆش کردووە : خۆی لێ مەڵاس داوە ، حەزی لێ کردووەو خۆی بۆ ناوەتەوە.

٢٧٦ ـ خەپەحەنەشی : چەقەچەق، لەوچەلەوچ، چەنەبازی، بەس بڵێ.

٢٧٧ ـ فاکوفیك : چەواشەکردن، زۆرزانی، سەر لێ تێکدان لەنێوان دوو کەسدا.

٢٧٨ ـ ئینسانێکی شومە : سەرخۆرەیە، نەگبەت و نالەبارە.

٢٧٩ ـ شمڵی شەڕە : شەڕەنگێزە، سەر بە ئاشوبە ، سەر بە گۆبەندە، ئاژاوەچی یە، گێرەشێوێنە.

٢٨٠ ـ هەمە چیزە: هەرچیو پەرچی، ناکەس بەچە، هیچ و پوچ.

٢٨١ ـ کوڕی گۆبەندە : قۆشمەیە، ئەربابە.

٢٨٢ ـ چۆقەچۆقی دانی دێت : هەڵ ئەلەرزێ لە سەرمادا.

٢٨٣ ـ گۆیندەیە : گۆرانی بێژە، دەنگ خۆشە.

٢٨٤ ـ یەقی کردۆتەوە : سلقاوی داوەتەوە، بۆ خواردنێ زۆر بمێنێتەوە.

٢٨٥ ـ جاسوسی لەسەر هەڵناگرێ : چاوی لێ ناتروکێنێ، لێی غافڵ نی یە.

٢٨٦ ـ دەمەزەردی کردەوە : زاخاوی دایەوە، پاك و پوخت کردنەوەی شتە لەکەدارو ژەنگاوی یەکانە .

٢٨٧ ـ خانومانە : بۆ ئافرەتێکی ڕێك وپێك.

٢٨٨ ـ ئەم تەنتەنەو مەنتەنەیە چی‌یە : ئەم ووردەوالەو متورووە چی‌یە، بۆ ڕازاندنەوەیەکی بیٚ‌مەعنا.
٢٨٩ ـ جرپنە : جیٚ بە خۆی ناگریٚ.
٢٩٠ ـ زۆر سەنگینە : بۆ کەسیٚکی گران بەهاو بەنرخ.
٢٩١ ـ ساویلکەیە : هەموو قسەیەك ئەچیٚت بەگویٚیا.
٢٩٢ ـ گەمژەیە : حوٚلەکەیە، گیلوٚکەیە.
٢٩٣ ـ فیشال کەرە : فشەکەرە ، خوٚهەلٚکیٚشە.
٢٩٤ ـ حیلکەحیلکیەتی : بۆ پیٚکەنینی ناوەخت (بو ئافرەت).
٢٩٥ ـ لە تەهلوکەدایە : لەناخوٚشی‌و نارەحەتیدایە.
٢٩٦ ـ منالٚیٚکی عال و سالە : منالٚیٚکی ژیرو سالارە.
٢٩٧ ـ تازە پیاکەوتووە : تازە دەولٚەمەند بووەو لە خوٚی بایی بووە.
٢٩٨ ـ مرِوموشیەتی : بەدوای خواردندا ئەگەریٚ.
٢٩٩ ـ چووەتە بنج و بناوانی : چاك لە ئیشەکە کوٚلیوەتەوە.
٣٠٠ ـ بریق و باقی لیٚوەدیٚ : بریسکە بریسکی لیٚوەدیٚ، بۆ ڕاندنەوەو جوان کاری بەکاردیٚت.
٣٠١ ـ ماستاو ئەکا : مەرایی ئەکا.
٣٠٢ ـ دانویان ناکولٚیٚ پیٚکەوە : ناگونجیٚن پیٚکەوە.
٣٠٣ ـ خورپە چووە دلٚی‌یەوە : بۆ هەوالٚیٚکی ناخوٚش دلٚ ڕاچلٚەکیٚن کە ئەیدەن بە یەکیٚك.
٣٠٤ ـ کارامەیە : ووریاو لیٚ‌هاتووە.

تیٚبینی : هەندیٚ ووشەی تورکیش تیٚکەلٚ بە زمانەکەمان بووەوە لە زەمانی عوسمانلی تا ئەم دوایانەش بەکارئەهات و هەندیٚکی ئیٚستاش بەکاردیٚت، وەك:
١ ـ باشی بوٚزغ : ئەهالی مولکی.
٢ ـ سویل : چاکەت و پانتوٚل لەبەر، ئەفەنی، منەوەر.
٣ ـ یاغنیش : تیٚ‌نەگەیشتوو.
٤ ـ یوٚلاٚش : برادەر.

٥ ـ بو بە قەرەبروت : تەواو سووتاو ڕەش بوو.

٦ ـ ئەنەك دوەنەك : ئی‌دوایی ، بو ئەنجامی شتیك ئەوترا .

٧ ـ داغان كرا : هەلوەشان ، ویران كاری .

٨ ـ قوشقنە قەوەت : هێز بەرە بەر خۆت بڕوین .

٩ ـ پاك لە میش : پاك و تەمیزی .

١٠ ـ حەمام لە میش كرا : خۆی شت لە حەمام .

١١ ـ حەمامی قۆرخ كردووە : حەمامی بەكری‌گرتووە بە تایبەت بۆ خۆی .

* * *

(یاری جاران لە گەڕەکەکاندا)

لەناو کوردەواریدا گەلێك یاری هەبووە کە ئێستە لە گەلێك ناوچەی کوردستانا ناویان لە کوولەکەی تەڕیشا نەماوە.

ئەم یاری‌یانە هەندێکیان هی منالان وە بەشی زۆری هی لاوانن . هۆی نەمانی ئەم یاری‌یان ئەمانەن:

١ ـ گۆڕانی ژیانی کۆمەلایەتی و خەریك بوونی خەلك زیاتر لە جاران بە نان پەیدا کردنەوە.

٢ ـ خەریك بوونی زۆربەی منالان بە خوێندنەوە.

٣ ـ پەیدا بوونی هەندێك یاری تازەتر وەکو تۆپێن (تۆپی پێ، تۆپی سەبەتە، یاری ڤالی بۆل) و تۆپی سەرمێزو بلیاردو . . . هتد.

٤ ـ پەیدا بوونی گەلێك شوێن بۆ کات بەسەربردن وەکو (یانە)و گازینۆو سینەماو نامەخانە.

٥ ـ کەمتەرخەمی بەرامبەر بە یادگاری پێشین ئەگەر کەمتەرخەمی نەبوایە ئەبوو هەندێك لەو یاری‌یانە زیندوو بکرێتەوەو و چەشنە دەستکاری‌یەك بکرێن لەگەڵ ئەمڕۆدا بگونجێن.

ئەنجا پاش هەوڵ و تەقەلایەکی زۆر توانیمان ئەو یاری‌یان کۆبکەینەوە کە لە گەڕەك کراون، یاری گەورە بەجیاو یاریی منالانە بەجیا وە چۆنەتی ئەو یاری‌یانە کە کراون پێشکەش بە ئێوەی خۆشەویست ئەکەین کە هەوڵ بدەن لە گەڕەکا وەیان لە یانەکانا یان لە کاتی سەیراندا ئەم یاری یانە بەسەربکەنەوە وەك گەلانی‌تر کە خەریکی زیندوو کردنەوەی یاری‌و خووڕەشتی کۆنن بۆئەوەی ئەم جۆرە یاری‌یانە زیندوو بکرێنەوە وە وون نەبن لەناومانا وەك لە تەلەفزیۆن! ئەیبینین.

یاری منالان - کچ و کور

حەماموکێ و خوڵە پەتانی :-

ئەم یاریە بەزۆری منڵاڵن کە تازە فیری یاری ئەبوون زۆر حەزیان ئێ ئەکرد. ئەیان هێنا خۆڵی پاکیان کۆئەکردەوە خۆڵەکەیان کۆمەڵ ئەکرد لە شێوەی گومەزی حەمەم بەقەد فتبۆڵێك خریان ئەکردەوە وە ئەیان پەستەوە. دوایی ئوێیان ئەکردە گورپیان گومەزەکەیان ئوورشێن ئەکرد. تا تەواو تەڕ ئەبوو. ئەوسا خۆڵی ووشکیان ئەکرد بەسەریا. ووردە ووردە پێیان ووشك ئەکردەوە. وە لەم کاتەدا کە دەستیان ئەهێنا بەسەر حەمامۆکەکەدا بۆ ووشك بوونەوەی و ساف بوونی بەددەم سوونەوەیەوە. ئەیان ووت (حەمامۆکە موودەرکە) چەند جارێك ئەمەیان ئەووت. دوایی تەوە ئەگەر موویەك وەیان پووشێك دەربکەوتایە دەریان ئەهێنا بەهێوشی و مچیان ئەکرد پاشان بە چیلکەیەك لە سێ چوار لاوە کونیان تێ ئەکرد وە بۆشیان ئەکرد تا مستۆی منڵەکە پیائەچوو پاشان بەخۆشی و چەپڵەڕێزان بەددەوریا یارییان ئەکردو تێکیان ئەدایەوە.

ماڵە باجێنە :-

ئەم یارییەش لەناو منڵانی وورددا ئەکرا کوڕو کچ ئەیان هێنا ڕخەرێکیان دائەخست وە هەندێ شتومەکیان کۆئەکردەوەو ئەو شوێنەیان ئەکرد بە ماڵی خۆیان. ئینجا چەند منڵێکی تر ئەهاتن بەمیوانیان وە دائەنیشتن لەدوورییە بە گاڵتەوە دەستیان ئەکرد بە چێشت لێنان و پێیان ئەووت (چێشتەقوڵێ) وە بەم جۆرە وەختیان ئەبردەسەر.

موور موورین :-

ئەم یاری‌یـــە بە مووررووی ڕەنگـــاوڕەنـــگ یان ووردە شووشـــەی بازنی شکـــاوی ڕەنگـاوڕەنگ ئەیان کرد چاڵێکی بچووکیان ئەکرد، دووکەس پەنجەتووتەوپەنجەیەکی تریـان ئەگـرت بەیەکەوە مووررووەکە یان پارچە بازنەکەیان بەدەستەوە بووبەنۆرە بەریان ئەدایە خوارەوە کێ دەستی ڕاست بوایە ئەیخستە ناوچاڵەکەوە دەنکی ئەویتریان بۆئەم ئەبـووە وە هەر بەووردە بازن یاری خۆڵ خۆڵێنیشیـان ئەکـرد ووردەبـازنەکەیان ئەکردە ناو خۆڵەوە ئەیانشاردەوە دوایی بەدەست کۆمەڵ کۆمەڵ خوڵەکەیان جیائەکردەوە، وە لە خۆڵ پاکیان ئەکردەوە، وە ووردە بازنەکەیان ئەژمارد بۆئەوەی بزانن کامیان زیاترە، وە جگە لە ووردەبازن ئەم یاری‌یەیان بە مووررووش ئەکرد.

سابوونی ڕەنی :-

دوومنـاڵ پشتیـان ئەل بەیـەکـەوە لەپشتـەوە دەستیـان ئەبـرد بۆدەستی یەکتری‌وبەنۆرە یەکتریان هەڵ ئەبڕی وە ئەیان ووت :-

سابوونی ڕەقی پشتم تەقی
سابوونی بەزی پشتم تەزی
سابوونی شەمماش پشتم تەڵاش
سابوونی لۆکس پشتم تۆپس

گوزەلەشکێ یاخوا نەشکێ :-

دووکەس ڕاست وچەپ دەستی یەکتـر ئەگـرن، منـاڵێـك ئەخەنەسەر دەستیان وە ئەیگـرن وئەڵێن گۆزەڵـەشکێ، یاخوانەشکێ، تا هیلاك ئەبن ئینجا مناڵە کە ئەکەوێتە خورەوە ئەڵێن (گۆزەڵەشکێ)

هەلوور بلوور تەکامە:-

چەنـد منـالێـك دائـەنیشتن و قاچیـان درێـژ ئەکـرد بەڕیز بەپاڵ یەکتری‌یەوە وە یەکێکیان ەدەست ئەدات بەقاچیانا وە ئەڵێت هەلوور بلوور تەکامە زەردو سوورو شەمامە، ئاوا بەرە دەنکە زەرە
مێخم کوتا مێخ هەڵبەزی تیکەی ڕاستم ئەوەی گەزی. . . دەستی بکەوتایە سەر قاچی هەر منالێك ئەو قاچەی لائەبردو بەم جۆرە یاری‌یەکە ئەکرا.

هەلەق مەلەق :-

دوو کەس گرەویان ئەکرد یەکێکیان شتێکی ئەخستە مشتیەوەو ئەیشاردەوە ، بەڵام هەردوو دەستی ئەقووچان بۆئەوەی ئەویتر نەزانێ لە کام مشتیایەتی ئەوتریش ئەیویست بەم جۆرە شتەکە بدوزێتەوە لە کام دەستیابێت ئەی‌ووت:

هەلەق مەلەق	دەنکی لەق لەق
کیسەو کەمەر	یا سیس عومەر
هەرگەتا مەرگەتا	خوا فەرموویەتی هەر ئەمەتا

هەر کە ئەگیشتە ئەوەی ئەی‌ووت (خوا فە رموویەتی هەر ئەمەتا) دەستی لەسەر کام مشتی ئەوی‌تر دابنایە پێ‌ی‌ئەکردەوە ئەی‌ووت بیکەرەوە لێرەدایە.

مزراحێن:-

جۆری مزراح و کەرەسەی:
١ - مزراح
٢ - قۆرِ قۆرِە

٣ ـ ویژ ویژە
٤ ـ گد گدە
٥ ـ کۆلکە مزراح
٦ ـ شیپ (پەتی مزراح)
٧ ـ شریتی میراتی
٨ ـ شەکر شکێنی
٩ ـ کاسەئارد
١٠ ـ ماچ
١١ ـ تەمتەمە

ئەم یاری‌یەش باوبووە لە سلێمانی‌دا، لەلایەن منالانەوە ئەکرا وە کاتی تایبەتی‌ی خۆی هەبووە پێش ئەوەی ئەم یاریە دەست پیٚ‌بکات هەموویان کۆئەبوونەوە (گەل گەلی) یان بۆ ئەکرد ئەمەش مزراحەکانیان پشتاویشت بەرزئەکردەوە بۆ ماوەی بستێك تۆزێك بەرزتر، یان نزم ترو بەریان ئەدایە خوارەوە، وە ئەوکەسەی ئەم ئیشەی ئەکرد ئەی‌ووت : (**گەل گەلی تو عەشقی عەلی**)وە هەر مزراحێك لەسەربنەکەی ڕابووەستایە ئەوە دەرئەچوو تاوەکو یەك مزراح ئەمایەوەکە، لەسەر بنەکەی نەئەوەستا ئەوا ئەمەیان تیٚ‌ئەکەوت و مزراحەکەی لەسەر زەوی دائەناو باقی ئەوانی‌تر دەستیان ئەکرد بە داکوتانی مزراحەکانیان بەسەر ئەوەی کە دەرنەچووە، بەم جۆرە یاری دەکرا تاوەکو یەکێك تیٚ‌ئەکەوت ئەوەش کاتێك کە مزراحەکەی نەخولایەتەوەو یان فریای (ماچ) نەکەوتایە یان کاسە ئاردی نەهایشتایە وا تیٚ‌ئەکەوت و مزراحەکەی خۆی دائەنا سەر زەوی.
(ماچ کردن) کاتێك مزراحەکە دەخوولایەوە دەی‌خستە سەر دەستی ئەی‌برد بۆ لای مزراحەکەی لەسەر زەوی کەوتووە وە پیایا ئەکێشا بەخولاوەیی وە بەری‌بکەوتایە ئەوا یەعنی (ماچی کرد)وە ئەمە تیٚ‌ناکەوێت.

هەلووكێن :ـ

ئەم یاریەش هەر باوبووەو ووردو درشت لە شاری سلێمانیدا زۆر خەریك ئەبوون بەم یاریەوە.

بریتیە لە دوودار، درێژی هەریەكێكیان نزیكەی مەترێك بووەو پێیان دەووت (داردەست) وە بە دارێكی بچووكتر یاری‌یەكەیان دەكرد كە درێژی نزیكەی بستێك تۆزێك كەمتر یا زیاتر وە هەردوو سەرەكەیان وەكو قەڵەم دائەداو وپێیان ئەووت (هەلووك) وە یان سەرێكیان تێژئەكردو سەرەكەی تریان بەپانی ئەمەش جۆرێكی‌تر بوو.

دوو تاقم یاری‌یان ئەكرد شوێنێكییان ئەكرد بە شار هەلووكەكەیان دائەنا بە دارە درێژە كە لەسەری هەلووكەكەیان ئەداو هەلووكەكە بەرزئەبۆوەئینجا بە دارە درێژەكە بە قایم لێی ئەداو هەلووكەكە دوور ئەڕۆیشت، تاقمەكەی تر بەرامبەری ئەوەستان ئەگەر هەلووكەكەیان بگرتایەوە بەعاسمانەوە ئەمان ئەچوونە جێگای ئەوان، وە ئەگەر هەلووكەكە نەشگیرایەوە، پاشان هەلووكەكەیان هەڵ ئەدا بۆ سەرشار بۆ دارە درێژەكە كە لەسەر زەوی بە پانی دائەنرا ئەگەر بەر دارەكە بكەوتایە ئەوا ئەمان ئەچوونە جێگای ئەوان خۆ ئەگەر بەر دارە درێژەكە نەكەوتایە ئەوسا وەستای سەرشار دارە درێژەكەی هەڵ ئەگرت، سێ جار لە هەلووكەكەی ئەداو ئەی‌ووت: هەلی یەكەم، هەلی دووەم هەلی سێیەم هەلووكەكەی دوور ئەخستەوە لەسەر شار ئینجا هەلووكەكە لەكوێدا ئەكەوتەوە ئەوی تریان لە هەلووكەكەوە سێ‌بازی ئەدا بۆسەر شار، ئەگەر بگەیشتایە ئەوا بە دارە درێژەكە ئەیان پێواو حسابیان ئەكرد بۆخۆیان چەند جارێك بەم جۆرە، ئنجا كە بیان ویستایە یاریەكە تەواو بكەن هەردوو لا دەستیان ئەكرد بە ڕاستەو چەپە كۆمەڵی یەكەم لەسەر شارەوە یەكی سێ ڕاستەو سێ چەپەیان لێ‌ئەداو هەتا ئەگەیشتنە شوێنێك، ئنجا تاقمی دووەم بەرەو شار دەستیان ئەكردبە سێ ڕاستەو سێ چەپە وەكو تاقمی یەكەم ئنجا ئەگەر گەیشتنەوە سەر شار زیادی كرد ئەبێت ماوەی ئەو زیادەیە بیان كەنە كۆڵ بەرەو سەرشار خۆ ئەگەر نەگەیشتنە سەر شار ئەو ماوەیەی كە ماوە ئەوانی‌تر ئەبێ بكرێنە كۆڵ تاوەكو سەرشار.

کۆلارە :ـ

هەروەکو ئێستاش کۆلارە ماوە بەلام ئەو وەختە.بەجۆرێکی زۆر ڕێک وپێك کۆلارەی ڕەنگاوڕەنگ دروست ئەکراو هەڵ ئەدرا پلپلەی جوانی پێوەئەکرا زوربەی سەربانەکانی سلێمانی بەتایبەتی عەسران کۆلارەی لێ هەڵ ئەدرا هەندێکیان ئەیان بەست بە چیغەکانیانەوە لە پاش ئەوەی لەنگەری ئەگرت واتە کۆلارەکە لە شوێنی خۆی نە ئەکەوت بەم لاو ئەولادا، ئنجا کە شەو دائەهات هەندێ لە خاوەن کۆلارەکان (فەنەریان) ئەکرد بە پەتی کۆلارەکەوە وە مۆمێکیان تیادا دائەگیرسان وە بەهۆی پەتی کۆلارەکەوە ئەیانارد، وە بەهۆی هەواوە خۆی ووردە ووردە سەرئەکەوت، تا جووت ئەبوو بە کۆلارەکەوە، زوربەی خەڵکی سلێمانی بە هاوینان لە سەربان ئەنوستن وە لەناو چیغەکانیانە ئەم کۆلارانەیان ئەبینی وە دیمەنێکی زۆر جوانی هەبوو .

چاڵ چاڵێن :ـ

ئەم یاری‌یە بریتی‌یە لە دەنکە قەیسی ، هەر منالێك بەتایبەتی ئەگەڕا بەسەر جادەو کۆلانەکانا بۆ کۆکردنەوەی دەنکە قەیسی. شێوەی کردنی ئەم یاری‌یە: ئەیان هێنا چاڵێکیان لە پەنا دیوارێکا هەڵ ئەکەند، بستێ قووڵ و بستێ پان لە دووری سێ هەنگاوەوە، لە چاڵەکەوە خەتێکیان ئەکێشا لەوخەتەوە.ست دەنکە قەیسی هەڵ ئەدرا بۆ ناو چاڵەکە، یەکێك ئەبوو بە وەستا لەسەر چاڵەکە کە دەنکە قەیسی‌یەکان هەڵ ئەدرا بەجووت هەڵیان ئەدا ١٠ یان ١٤ یان ١٦ بە ئارەزووی ئەوکەسە کە هەڵی ئەدا کە ئەکەوتە ناو چاڵاکەوە وەستاکە ئەیبژارد ئەگەر جووت بوایە وە هەرچەند بوایە ئەوەندە دەنکی بۆ تێ ئەکرد، خۆ ئەگەر تاك بوایە، هەرچەند بوایە هەڵی ئەگرت بۆ خۆی.

قەڵا قەڵا یان چاوشارکێ:-

ئەم یاری‌یەش لە چەنـد کەسێك پێك دێت پاش (فینکانکۆ) یەکێك تێ‌ئەکەوێ ئەچێتە سەرشار ڕووئەکاتە دیوارەکەو چاوی ئەنووقێنێ ئەوانی تریش خۆیان ئەشارنەوە، ئینجا ئەڵێت:-

(قەڵا قەڵا قەڵا قەڵا قەڵا یەکی بێت) تا درێژایی هەناسەیەك هەر ئەڵێ قەڵا قەڵا... لەکـۆتـایی‌دا دەڵـێت یەکـی بێت دوایی قەڵای دووەم چەشنی یەکــەم بەدرێژایی هەناسەیەك ئنجا سێ‌یەم لەکۆتایی هەر سێ قەڵا قەڵادا دەڵێت: خۆتان بگرن وا هاتم دیارە لەم ماوەیەدا هەموو خۆیان دەشارنەوە ئنجا ئەم بە شوێنیان دا دەگەڕێ هەتا یەکێك بەردەستی دەکـەوێت کە بیگـرێت ئەمانەی تریش بەدزی‌یەوە بەرەو شار ئەچنەوە وە دەست لە شوێنەکەوە ئەدەن ئەڵێن (شار گڕ) ئەوەی گەیشتە (سەر شار)و ووتی شار گڕ ئەوە تێ ناکەوێت بەڵام ئەوەی نەگەیشتە سەر شارو گیرا تێ‌ئەکەوێت.

پشیلە سوورە کوێراچوو، ئەرزی دڕی پیایا چوو:-

ئەم یاری‌یە بەزۆری منداڵان دەیکەن، کورو کچ، ژمارەی یاری زانەکان لە ١٥ - ٣٠ بەشـداری تێدا دەکـەن، هیچ کەرەسەیەکی ناوێ لە شێوەی بازنەدا دەوەستن، دەستی یەکتری توند دەگرن وە یەکێك دەبێتە پشیلە لەدەرەوەی بازنەکە ڕادەوەستێت، یەکێکی تریشیان دەبوو بە مشك دەچووە ناوەوەی بازنەکە یاری‌کە دەستپێ‌دەکرا، کە پشیلەکە دەیەوێت بێتە ناو بازنەکەوە تاوەکو مشکەکە بگرێت بەڵام یاری‌زانەکان نایەڵن بێتـە ناوەوە، وە پەیتـا پەیتـا بەیەکجار دەڵێن (پشیلە سوورە کوێراچوو ئەرزی دڕی‌و پیایاچـوو) وە ئەگەر پشیلەکە چووە ناوەوە خێرا مشکەکە بۆی دەرئەچێتە دەرەوە یاری زانـەکـان ڕێ‌ی‌ئـەدەن، ئنجا لەناوەوە پشیلەکەدەیەوێ بچێت بۆ گرتنی مشکەکە وە هەموویان بەردەوامن لە ووتنی (پشیلە سوورە... تاوەکو هیلاك دەبن یان پشیلەکە مشکەکە دەگرێت ئینجا ئەگۆڕێت پشیلەو مشك بە دوانی‌تر.

پەنابێ دەنگە:

ئەم یاری‌یە لە ڕۆژی خۆشیانـدا لە بەردەرگـا یان شەوان دەکـرێت یاری‌یەکـە هیچ کەرەسەیەکی ناوێ وە لەشێوەی بازنەدا یاریکەرەکان دائەنیشن، کە ژمارەیان لە ٥ ـ ١٥ کەس بەشـداری دەکـەن وە یەکێك دەبێت بەوەستـا، لەپێشا ئەم لە ڕانی یەکێکیان دەدات و ئەوانی هەریەکەی لە هاورێکەی لەڕانی دەدات وەنابێت کەس وورتەی لێوە بێت یان قسـەبکات ئەگینا تێ‌ئەکەوێت و دوورئەخرێتەوە لە یاریەکە دوایی وەستا لە ڕوومـەت ئەدا ئنجـا ئەوانیش لە ڕوومەتەوە دەست پێ‌ئەکەن ئنجا شوێنێکی‌تر وەکو پشتی مل و پشت و هتـد تاوەکو زوربەیان تێ ئەکەون و بەپێکەنین یاریکە دەڕوات تاوەکو ماندوو ئەبن کۆتایی پێ دێت.

خەڵکی خەلاجۆ ـ کێ هات و چۆ:ـ

ئەم یاری‌یە لەنێوان ١٠ ـ ٢٠ یاری‌زاندا دەکرێت وە بەشێوەی یەك ڕیز دائەنیشن یان بەشێوەی ناڵ یان بازنە وە یەکێك دەبێت بە وەستا وە بەنهێنی ناو هەریەکەیان ئەنێت بە ناوی قارەمـانـان یان گیاندارێکەوە دوایی چاوی یەکێکیان بەهۆی دەستەسڕێکی پاکەوە دەبەستێتەوە وە بانگ ئەکا یەکێك لە یاری‌زانەکان بێت بە نازناوەکەیەوە بۆنموونە دەڵێت (ئـــا وەرە شێری شاخـان) یان دەڵێت (ئاوەرە ڕۆستەمی مازندەران) وە هەروەها دێت دەست ئەخشێنێت لە سەرو شان و گوێلاك و دەستی ئەویش دەستی خۆی دەکوتێ لە گیان و جل وبەرگی، دوایی پێ‌دەڵێت دانیشە وەکەس سەیری ئەو شوێنـە ناکـات یان قسـە ناکـات دوایی چاو بەسـتراو چاوی دەکرێتەوە دەگەڕێ بۆ دۆزینەوەی ئەوکەسە، ئەگەر زانی ئەوا دەچێتە شوێنی ئەو وە ئەویش دێتە شوێنی ئەم بۆ چاوبەستینەوەی تا وەکو ماوەیەك ئەم یاری دەکرێت تا ماندوو دەبن وە بە خۆشی کۆتایی بە یاریەکە دێت.

مەلا تەق تەقێنە:ـ

ئەم یارییە لەنێوان ١٠ ـ ٢٠ ـ مندالّدا دەکرێت کەرەسەی تەنها (٢) بەردە یاریزانەکان لە شێوەی بازنەدا دادەنیشن یەکێك دەبێت بە وەستا وە یەکێك تێ دەکەوێت و دێتە ناوەراستەوە شێوەی دانیشتنی یاریزانەکان ئەوەیەکە دائەنیشن وە هەردوو ئەژنۆیان نزیکی سنگیان دەکەنەوە وە هەردوو دەستیان دەخەنە ژێر رانیان وە دووبەردەکە دەدا بەیەکێکیان کەنیّ کەوتووەو نازانیّ ودوای وەستاکە دەڵێت (ئێستا مەلا تەقەتەق دەکات) ئەوەی بەردەکانی پێیە دەست ئەکات بە تەقەتەق یەکسەر یاریزانە تێ کەوتووەکە بەرەو تەقەکە دەچێت، ئەگەر زانی ئەوا خاوەن بەردەکان دێتە شوێنی ئەم و ئەمیش دەچێتە شوێنی ئەو بەو شێوەیە یاریکە بەردەوام دەبێت.

سنجووقین:ـ

لە زستاندا لە شوێنێکی قوڕ چەند کەسێك چەند پارچە دارێکی باریك بەقەد دوو بست سەرێکی تیژ ئەکرا وە یەکێك ئەیچەقاند بە قوڕا ئەوانی تریش ئەیان چەقاند بەوی ئەودا ئەگەر دارەکە بکەوتایە ئەوکەسە ئەو دارەی بۆ خۆی هەڵ ئەگەرتەوە، ئەگەر نەیخستایە ئەو دارەی ئەو بەبۆئەوەی‌تر ئەبوو، ئیتر بەنۆرە ئەم یارییەیان دەکرد وە دایان ئەکوتا بەسەر یەکتری یا پێیان ئەووت (سنجوقین).

گەنم گردو جۆ بلاو:ـ

کۆمەڵە کەسێك کۆئە ئەبوونەوە. یەکێك لەناویانادا ئەنیشت و هاواری ئەکرد (گەنم گرد) هەموویان لەوکەسە کۆئەبوونەوە، دوای ئەوەی هاوارەکەی ئەکرد ئەیووتەوە (جۆ بلاو) کۆمەڵەکە بلاوئەبوونەوە، هەریەکە لە قوژبنێکا خۆی ئەشاردەوە ئەوکەسەی کە ئەیووت (جۆ بلاو) بەدوای ئەوانەی‌تردا دەگەرا... هەرکەسێکی بدۆزییایەتەوە ئەیووت:ـ (هي جۆ ـ هەی جۆ هەی جۆ هەی جۆ) ئەو ئەچووە شوێنی ئەوی‌تر وە ئەم یارییە وەکو چاوشارکێ وایە.

قورِقەپ :- کۆمەڵێك دائەنیشتن یەکێکیان ئەی‌ووت :-
(مـەلا مەلا نوێژ ئەکا - کێرە قەپە درێژ ئەکا بەقنگی ئەوکەسەی قسە ئەکا.) ئەوسا هەموو بەجاریك بێ‌دەنگ ئەبوون و وورتەیان لێ‌نە ئەهات وە منالان لەناو خۆیان دا هەنـدێ شتی سەیریان ئەکـرد بە لەش و دەست و چاو بۆ پێکـەنین بۆئەوەی یەکێك پێ‌کەنی بێت یان دەنگی لێوە بێت تاوەکو تێ‌بکەوێت.

هەنگەشەلێ :-

دوای ئەوەی فینکـانکـۆ دەکـرا یەکێك دەچـووە ناوەڕاستی هەنـدێ منالەوە ود بە هەنگەشەلێ دوای منالان دەکەوت و ئەی‌ووت (شەل و کوێرم ناپارێزم) بەدەم ووتنەوە شەقی ئەهاویشت.

تۆپ تۆپێن :-

بە تۆپی پەڕۆیان تۆپی هەوری یان مێزەڵـدانی حەیوان، میزەلانـەکـەیان فوو تێ‌ئـەکرد، ئینجا بە بەن تۆپەلیان ئەکردو ئەیان پێچا ئەوسا وەکو تۆپی لاستیکی لێ ئەهات و یاری‌یان پێ ئەکرد.

حیکایەتی مێش :-

یەکێك ئەی‌ووت، بە یەکێکی‌تر حیکایەتی مێشت بۆ بکەم، ئەویش ئەیووت (ئا) ئەویش ئەیووت مەڵێ (ئـا) ئەی‌ووت (ئەی بڵێم چی؟) ئەویش ئەیووت مەڵێ (بڵێم چی) بەم جۆرە هەر قسەیەکی بکردایە ئەمیش ئەیووت مەڵێ ئەو قسەیەی کردوویەتی بەم شێویە دەوامی ئەکرد هەتاوەکو کەسی دووەم ئەیووت (خوام بەحەقە) ئینجا لێرەدا تەواو ئەبوو، ئیتر حیکایەت خوان نەی‌ئەتوانی بڵێ: مەڵێ خوام بەحەقە.

یاری دەری ئەکەم، دەری ئەکەی :-

ئەم یاری‌یەش بە سۆدەو سیفۆن دەکرا، دوو کەس ئەیان کرد ئەوساردی‌یەیان ڕائەوەشان یەکێکیان ئەیووت دەرئەکەم وە شوێنێکی دیاری ئەکرد و ئەیووت تا ئەوێی ئەبەم وە بەوجۆرە یاری ئەکرا کە ئاوی ساردی‌یەکە دەرچوایە ئەبوایە بگەیشتایە شوێنی دیاری کراو.

گۆرانی کچان (یاری گوریس دیلمو دیلانێ) :-

کچان منالێکیان ئەخستە کۆشیان وەئەم گۆرانیەیان ئەووت
لەوکاتەدا کە گوریسەکەیان دائەخست بە درەختێکەوە و دیلمو دیلانیان ئەکرد، ئەوت :
ئەوزد مەڕۆ سەوزەکە سەوزەکەی ماڵم نەخۆش نەکەوی سەوزە نەشکێنی باڵم
هەچ کەسێ ئەیکا مەنعی کچ و کوڕ
ئازیزی بمرێ سەر بنێ لە قوڕ

هەچ کەسێ ئەی‌کا مەنعی دڵداری
پەڕوپۆ دەرکا وێنەی پاساری
کەوکۆتە بەینمان کێوێ چون شاهۆ
مەگەر خوا بەڕەحم من بێنێ بۆ تۆ

کۆڵ کەڵێن :-

دوو کەس بەنۆرە سواری کۆڵی یەکتری ئەبن بۆ ئەوشوێنەی کە خۆیان دیاری‌یان کردووە.

- پەت پەتێن
- خەت خەتێن
- ساف سافێن
- گووپ گوپێن

فڕی فڕی قەل فڕێ :-

چەند کەسێك دائەنیشن یەکێك ئەبێت بە وەستا ئەڵێت (فڕی فڕی قەڵ فڕی) پێویستە هەموویان پەنجە بەرزبکەنەوە بەڵام ئەگەر ووتی (فڕی فڕی بۆق فڕی) هەرکەسێ دەست بەرزبکاتەوە ئەوا تێ‌ئەکەوێت چونکە (بۆق) نافڕێ یان ئەگەر ووتی (فڕی فڕی چۆلەکە فڕی) پێویستە هەموو دەست بەرزبکاتەوە چونکە (چۆلەکە) ئەفڕێت وە هەرچی بەرزی‌نەکاتەوە تێ‌ئەکەوێت.

یاری شەڕەئاو بە فیچقە :-

ئەم یاری‌یە زۆر باوی بوو، بەتایبەتی لەناو منالانا ئەیانهێنا قامیشێك لەنێوانی دوو گرێ‌دا ئەیانبری‌یەوە نێوانی هەردوو گرێ یەکە بۆشە، گرێی یەکەم بە چەقۆ هەڵیان ئەکۆڵی، گرێی ئەوسەری کونێکی بچووك بە بزمار تێ‌ی ئەکرا، پاشان چیلکەیەکی ڕەق تۆزێك پەڕۆیان پێوە ئەبەست ئەیانکرد بەناو قامیشەکەدا، ئەمە لە شێوەی (پەمپی پاسکیلدا) ئینجا سەری قامیشەکە کە کونەکەی تێدابوو ئەیانکرد بەناو سەتڵێ ئاودا یان تەنەکەدا و چیلکەکەیان ڕائەکێشا بۆدوواوە لەوکاتەدا ئاوی ڕائەکێشا بۆ ناو قامیشەکە، پاشان کە پاڵی پێوەئەنا بە چیلکەکە ئاوەکە لە کونەکەوە بە تیژی دەرئەچوو لە قامیشەکەوە بەم شێوەیە منداڵان بەرامبەر یەك ئەوەستان و شەڕە ئاویان پێ‌ئەکرد.

شارە زەردەواڵە وورووژاندن :ـ

لە هەر گەڕەکێکا وە یان کۆڵانێکا شارە زەردەواڵەیەکی تیا هەبووایە منالآنی ئەو گەڕەکە دوای ئەوەی هەریەکەیان پارچە تەختەیەك یان دارێك یان شتێکی ئەگرت بەدەستەوە، شارە زەردەواڵەکەیان ئەووروژاند بەهۆی مستێ خۆڵەوە کە ئەیان کرد بە کونی شارەکەدا یان چیلکەیان پیادا ئەکرد ئینجا چی زەردەواڵە هەبوایە ئەهاتە دەرەوە وە هەر یەك و دوویان دوای منالێك دەکەوت، دەبوو بە شەڕ لەنێوان منالەکەو زەردەواڵەدا، یان زەردەواڵە بەهۆی لێدانی منالەکەوە دەکوژرا، یان پێوەی ئەدا دووای ئەوەی کە پێوەی ئەدا یەکسەر منالەکە بە گریان ئەگەڕایەوە بۆ ماڵەوە، دایکیشی یەکسەر ئەچوو نەوتی بەشوێن پێوەدانەکەدا دەکرد، یان بەردی **گەرمی** بۆ ئەخستە سەری.
زۆر جار منالآن شارەکەیان ئەووروژاندو چاوەڕێی کاروانی وولآخ یان ڕێبوارێکیان دەکرد، بۆئەوەی پێوەیان بدا وە هەر کە ئەگەیشتنە بەردەم شارەکە هەر زەلامەی ٣٠ ـ ٤٠ زەردەواڵەی بۆ دەچوو، تێ ی ئەئالآن بۆ بەیانی سەروچاوی زەلامەکە ئەئاوسا.

هێلانە چۆلەکە دەرهێنان :ـ

سالآن هەموو سەربانەکان دارە ڕابوو گوێسوانەی هەبوو ئینجا چۆلەکە هێلانەیان لەو گویسوانانەدا دەکرد وە بێچوویان تیا هەڵئەهێنا پاش ماوەیەك کە گەورە ئەبوون، پێش ئەوەی کە بفڕن منالآن دەستیان ئەکرد بە دەرهانینیان بەهۆی پەیژەوە کە ئەیاننا بە دیوارەکەوە بەلآم زوربەیان ئەچوونە سەر پشتی یان شانی یەکتر وە کاتێك کە بێچووەکان دەرئەهێنران دایکەو باوکەکەیان لەولا وە باوکە ڕۆیان بوو هیچیشیان بۆ نەئەکرا.

بابەخولێ گیژم مەکە :ـ

ئەم یاریە بەدەوری خۆیاندا ئەسووڕانەوە تا گیژ ئەبوون ئنجا ئەکەوتن.

یاری ئێسقان و پشقل :-

ئێسقانەکە کونێکی بچووکیان تێ ئەکرد، ئینجا پشقلێکیان ئەهێنا ئەیانخستە سەر کونەکەو، دووای فووکردن بە ئیسقانەکەدا پشقلەکە بەرزئەبۆوە لەسەر کونە بچووکەکە لە ڕێکی خۆی بۆ سەرەوە وە ئەگەر فووەکە قایم بوایە پشقلەکە زیاتر بەرز ئەبۆوە، هێواش بووایە نزم تر بەرزئەبۆوە، بەڵام بە قایم و هیواش بەسەریەکەوە پشقلەکە هەڵ ئەپەری لەسەر کونەکە.

چۆلەکەو بەلەم :-

بە کاغەز چۆلەکەیان دروست ئەکرد وە هەڵیان ئەدا بەئاسمانەوەبۆربۆڕێنی لەسەر بوو، کام لەو چۆلەکانە درەنگ تر بکەوتایەوە ئەوە باشترین چۆلەکە بوو دوایی لە کاغەز بەلەمیان دروست ئەکرد لە شێوەی پاپۆر وە زۆر جار مۆمیان بە داگیرساوی ئەخستە ناوی و ئەیان خستە ناو حەوزێکەوە یان تەشتێ ئاوەوە.

فرفرۆکە :-

ئەمەش بە کاغەزی ڕەنگاوڕەنگ دروست ئەکرا لە شێوەی ئەستێرە ئەکرا بە قامیشێکەوە وە بە دەست منالانەوە ڕایان ئەکرد و ئەخوولایەوە. وە فرفرۆکەش بە شێوەیەکی تریش دروست ئەکرا ئەوەش بە تەنەکە لە شێوەیەکی بچووك وە ئەم پەروانەیەیان ئەخستە تەلێکی بادراوەوە لەژێرەوە تەنەکەیەکی بچووك کە خرابووە ناو تەلەکەوە بەرز ئەکرایەوەبۆ سەرەوە وە پاڵی بەپەروانەکەوە ئەناو بەرز ئەبووەوە بۆ ئاسمان.

خۆفڕیدان لە شوێنی بەرزەوە :ـ

چەنـد منـاڵێـك خۆیان لە سەربانێکی بەرزەوە فڕێئەدایە خوارەوە بۆسەر کۆمەڵە گڵێك یان سەر سەوزەگیا، وە پێش ئەوەی خۆیان فڕێ بدەن ئەیانووت (تف لە شەیتان دوور لە ڕەحمان ـ سەرم نەشکێنی بە گوللەو دەرمان).

ئەم جۆرە شتانەش لەناو منالآنا ئەووترا:

١ ـ کە دوو تاقم منـاڵ یاریـان ئەکـرد دەستـەیـەك لە شوێنێکی بەرزتر بوون لەوانی تر ئەوانەی سەرەوە بەوانەی خوارەوەیان ئەووت ئێمە لەسەر قەلآتین ئێوە لەسەر تەپەگوو.

٢ ـ هۆڕێوی ڕێوی :ـ

دەستـەیـەك منـاڵ ئەگـەڕان بەکۆلآنانا، یەکێك هاواری ئەکرد (هۆڕێوی ڕێوی) هەموو بەجـارێ بە یەکـدەنـگ هاواریـان ئەکـرد (هـۆو) دیسان هەر ئەوکەسە ئەیووت (ڕێوی بێ‌ئیمان) هەموو بەجارێ ئەیانووت (هۆو) هەر یەکەم کەس:

(شـەریکی شەیتـان)هەمـوو: (هـۆو) یەکـەم کەس: (ئەلەکە سمۆرە) هەموو: (هۆو) یەکـەم کەس (لـە دەشتی چۆڵـە) هەمـوو (هۆو) یەکەم کەس (کاغەز ئەنووسم) هەموو (هـۆو) یەکـەم کەسێ: (لـەپـەڕی مێشێ) هەمـوو (هـۆو) یەکەم کەس: (بیبا بۆیارم) هەموو: (هۆو) یەکەم کەس: (دڵی نەیەشێ) هەموو: (هۆو).

لە یاری منالآنا :ـ

١ ـ منـالآن کە شتێکیـان لێ وونئـەبـووکە بۆی ئەگـەڕان بیدۆزنەوە هەموو لەبەرخۆیانە ئەیانووت (دۆزە دۆزەبۆم هەڵقۆزە ـ هی من نی‌یەهی پیرۆزە).

٢ ـ خاڵ خاڵۆکە

منالآن کە خاڵخاڵۆکە یان ئەبینی ئەیانوون:

(خاڵخاڵۆکە ماڵی خاڵم لە کوێ‌یە؟)

کە دوو منالْ شەڕیان ئەبوو یەکێکیان بەوی‌تری ئەووت:ـ

(چـەمـۆڵـە بۆتـۆـ ئاوێنە بۆمن) ئەویتریان وەلآمی ئەدایەوە ئەیووت (مەجە کەڕە ـ بۆم هەڵپەڕە ـ لەسەربەڕە).

دووای ئەو قسـانـەیـان (بـەعـز)یـان لەگـەڵ یەك[1] ئەکرد ئەیانووت: (ئاشوماش ـ کلکت بگـرم بە مەقـاش ـ هەتـاکـو سەری مەعاش) پاش ماوەیەك کەئاشت ئەبووەنەوە

یەکێکیان پەنجە (تووتە)و پەنجەی شایەتمانی بەرز ئەکردەوە بەویتری ئەووت: کامیانت ئەوێ! ئەوی تریش ئەگەر نەی‌ویستایە ئاشت ببێتەوە پەنجە تووتەی ئەگرت، بەڵام ئەگەر ئاشت بوایەتەوە پەنجەی شایەتمانی ئەگرت ئەوسا هەردووکیان ئاشت ئەبوونەوە.

(١) واتە قسەیان لەگەڵ یەك ئەبڕی‌یەوە، کە (ئاشت وماشت) یشیان پێ‌ئەوت (ع.م).

هەر کە بەهار ئەهات

منالان هەریەکە دارێکی ئەگرت سەرێکی ئاسنیان پێوە ئەکرد لە شێوەی گاسندا پێ‌یان ئەوت (بێڵەکان)وە ئەچوون بە کۆمەڵ بۆ قەراغ شار بۆ هەڵکەندنی:

١ ـ بنە گۆزروان

٢ ـ پیشۆك

٣ ـ هەڵەکۆك

ماوەیەکی زۆر لەو دەشتە دەستیان ئەکرد بە هەڵکەندنی ئەمانە وە ئەیان هێنایەوە بۆ ماڵەوە بۆ خواردنی، وە هەروەها لە کاتی فەریکەنۆکدا ئەچوون وە هەریەکە بە پارە ئەیانکڕی‌ئ ئەهاتنەوە.

یاری‌یەکی منالان (کوڕو کچ)

ئەم یاری‌یە لە چەند منالێك پێك ئەهات نزیکەی دە دوانزە منال، یەك کچ ئەووستاو ئەبوو بە وەستاو کچێکی تریش بەرامبەری ڕائەوەستاو چەند منالێك لە پشتی‌یەوە بەڕیز ئەوەستان ئەمجا دەست ئەکرا بەم یاری بەم شێوەی خوارەوە:

وەستاکە: عەلی بەگ لام بەگ

وەستاکە: مناڵەکان چوون بۆکوێ

ئەوان: شاری میر

وەستاکە: چی‌یان برد

ئەوان : خورما

وەستاکە : چی تر

ئەوان : برمە

وەستاکە : بەچی ڕۆستن

ئەوان : بە عەرەبانە

وەستاکە : چەند تەلی پێوەبوو

ئەوان : سەد

وەستاکە : چەنی بۆمن و چەنی بۆتۆ

ئەوان : پەنجای بۆمن و پەنجای بۆتۆ

وەستاکە : بوکەکەتان ناوی چی بوو

ئەوان : تارا

وەستاکە : بە دم بیبەین یا بە زم

ئەوان : بە دم . . دم دم تارا خان

هەموو بەحارێك : دم دم تارا خان . . دم دم تارا خان

لەم کاتەدا وەستا باڵی درێژ ئەکرد ئەمجا ئەوانی تریەکە یەکە بەژێر باڵی وەستدا **ئەرویشتن وە ئەچوونەوە شوێنی خۆیان ئەمجا تاراخان ئەبو بەوەست** پاشان بەم جۆرە هەموویەکە یەکە ئەبون بە وەستا هەرکەس بە ناوی خۆیەوە دەوری بوکێنیەکەی ئەبینی و ئەبوو بە وەستا .



علي بەگ فیضالله بەگ عەرەبانچی

١٨٨٧ - ١٩٦٧

مەتەڵ لە یەکتری داهێنان:

١ ـ ئەوە چی‌یە چی‌پێ ئەڵێن ـ پەپکە بەکونجی پێ ئەڵێن ـ عەبای نارنجی پێ ئەڵێن؟ ئەیان ووت (تەماتەیە).
٢ ـ سایەفەی ساماڵ هەوری فەرەنی ـ دوو ئاو لە جامێ هەریەك لە رەنگی ئەیان ووت (هێلکەیە).
٣ ـ ئەو لام پەرژین ئەو لام پەرژین تیایەتی کۆترێکی نەخشین ئەیان ووت (چاوە).
٤ ـ ئەم لام دیوار ئەولام دیوار تیایەتی سەگێکی هار ئەیان ووت (زمان)ە.
٥ ـ قەیسەری لەسەر قەیسەری مەحموود پاشا لە تەوقی سەری (سەماوەر)ە.
٦ ـ چل ناڵ چل بزمار چل چلۆکەی چل هەزار (کرمەك)ە.
٧ ـ هەڵ ئەپەرێ پێ‌ی نی‌یە سەری سپی‌یەو مووی نیە (تەرزە)یە.
٨ ـ سەری یەکەو بنی دوو بە قنگی باوو باپیرتا چوو (دەرپێ)یە.
٩ ـ سەری تەسکەو بنی بڵاوە کەرە کڵاوە، کەرە کڵاوە (کڵاو)ە.
١٠ ـ بە سەدو یەك برا ریخۆڵەیەکیان هەیە (تەزبیح)ە.
١١ ـ تەپ لەسەر تەپ دەستت بە رەپ (دەستار)ە.
١٢ ـ بە سێ برا کڵاوێکیان هەیە (سێپا)یە.
١٣ ـ سەربانێکەو بن بانێکەچوار بزن وشوانێکە(دەست)ە.
١٤ ـ سەری بە تۆو بنی بە دایکت (مەمك)ە.
١٥ ـ ئەم لام تات و ئەولام تات وەی بابە جیقم دەرهات (ئەسپێ)یە.
١٦ ـ هەر ئەرەوێت و ناگەیتێ (سێبەر)ە.
١٧ ـ دووی لە خۆر سێ‌ی لە سێبەر (نوێژە).
١٨ ـ شەش پاو دوو دەم ماڵی وا لە چەم (قرژاڵ)ە.
١٩ ـ کا چوما دانی (خەرمان)ە.

لەناو منالانا لەگەڕکەکانا ئەم قسانە باو بوو

هەندێك بۆرابواردن وهەندێك بۆسەر لێ تێك دان :-

١ - **بسم الله ناوی‌خوا حەسەنە گورگە پیاو ئەخوا.**

٢ - ئیشی قەشان دوو تری‌وەشان لە کرماشان.

٣ - هەڵپەڕە لە منت کەوێ دارو گۆچان لە قنگت کەوێ.

٤ - باران ئەبارێ تەرزە لە کێوی، پیرێژن ئەگری بۆ کێری قەوی.

٥ - لەترسی بێوەژن ئەچمە سەرداری پلار ئەهاون ئەسەنمە خوارێ.

٦ - لەترسی بێوەژن ئەچمە کونەوە چرا هەڵ ئەکەن ئەمدۆزنەوە.

٧ - حاجی لەق لەق مار هات - ماری ژەنگ و ژار هات - کاکم بە قەتار هات.

٨ - بلێ یەك و دوو و سێ قەلەکە بەسەرتا تسێ.

٩ - ئەوڕەحمانە گوو دەرمانە - ئاگر بێنە سەرمامانە.

١٠ - ترەکەت بە ترەکەم - گەنمەکەت بکە سەر بەرەکەم.

١١ - پانی وەپانی لە زەتی کوانێ - درێژی وەپانێ لەزەتی گیانێ.

١٢ - بلێ مەسینە - دەوری قنگت برینە.

١٣ - بلێ تەببەت یەدا - لە بناگوێت دا ئەبێ لەهەبین - بیکا بە برین.

١٤ - پشتی ملت قاچ و قولت، قنگی زلت.

١٥ - ئەلف وبێ تۆتنەمەسەن - دوو شاخ و گوێ بۆ مەلا حەسەن.

١٦ - دومبگ دومبگ هەلاجی - بە کێری مامە حاجی.

١٧ - کەڵەشێرو بارۆکە - ماڵمان وا لەو گەرەکە.

١٨ - هەمزە لە هەباسی چی - کلکە لە تەوارسی چی.

١٩ - قەزوانی سوێر بۆ بووکی کوێر.

٢٠ - گێزەر مەخۆ بائەکەیت - لەسەر ئەلە ڕائەکەیت.

٢١ - گێزەر مەخۆ شیرینە - دەوری قنگت برینە.

٢٢ - ئەلحەمدو کوللو کەوچك - مێوژە ڕەشەی بێ قنچك.

٢٣ ـ چواله بادەم ـ خۆت بگرە خۆمت پیا دەم .
٢٤ ـ بەردی حەمام شکاوە ـ هەیاسەی عاسە دزراوە .
٢٥ ـ بەرامبەرم دامەنیشە ـ ئەم قامیشە بەو تلیشە .
٢٦ ـ عەمرت نەمێنێ ـ چەقەڵ چاوت دەربێنێ ـ بولبول لەسەرت بخوێنێ کیسەڵ ئاوت بۆ بێنێ .
٢٧ ـ حل حللی بل بللی ـ چاوم ڕشتووە بە کللی ـ کللی نەبوو سوفی بوو ـ سوفی چوو ژن بێنێ ـ ژنی شەفەگول بێنێ ـ شەفەگولم کوتاوە لە مووسڵم بەرداوە ـ مووسل خشتاوخشتە ـ شیری کاکم لەپشتە،شیری کاکم دۆڕاندووە ـ ملی ئەسپم پەڕاندووە .
٢٨ ـ ئاخچی بووخچی ـ دایەو بابە سونجوق چی .
٢٩ ـ تەیارە هات بە گیزەگیز ـ دەرپێی خامەك پڕ بوو لە میز .
٣٠ ـ چوومە ماڵی جولەکە ـ قوڵپە قوڵپی کولەکە . .
چوومە ماڵی گاور ـ قوڵپە قوڵپی ساوەر . .
چوومە ماڵی ئەرمەنی ـ قوڵپە قوڵپی سەمەنی . .
چوومە ماڵی موسوڵمان ـ دەنگی ئایەتی قورئان .
٣١ ـ بڵێ تەشت ـ دایك و باوکت بچێتە بەهەشت .
٣٢ ـ بڵێ جاجم ـ لایەکی قنگت هەڵ پاچم .
٣٣ ـ ئەمشەو شەوی تاریکە هەمزە لە گوخەریکە . .
ئەمشەو شەوی ڕەشەبایە ـ هەمزە لە سینەمایە .
٣٤ ـ چڵمن چۆوش ـ بتگرمە باوەش .
٣٥ ـ حاجی لە حەج هاتەوە ـ گەڵ وگونی خواتەوە .
٣٦ ـ باشە لەواشە، ئەمرۆ سەری مەعاشە .
٣٧ ـ ئەڕێ بە دینم شکانی ـ ڕاکەن بۆ پارچەکانی .
٣٨ ـ پشی پشیو بۆئەکەم ـ نانەپەتیو بۆئەکەم .
٣٩ ـ ئاخ ـ سەلکە پشیلەت بڕ بکەم بە یاپراخ .
٤٠ ـ بڵێ هەشتا ـ یاخوا بکەوی بەپشتا .
٤١ ـ مناڵی گەڕەك سەر بنەخەڕەك ـ وەرنەدەرێ بۆ شەڕەگەڕەك . . .
مناڵی گەڕەك وەرنەدەرێ مووسا کوژ ڕا بە خەنجەرێ . . .

ئەوەی نایە بۆیاری ـ دایکی ئەبەین بە دیاری ـ بۆ شێخەکەی جەباری .

٤٢ ـ کاکە حەمە ، گون تەمتەمە ـ ناخۆی لەمە .

٤٣ ـ عەلە مشکەی تەینالّی ـ چوار مشکی خوارد بەکالّی .

٤٤ ـ نوورە نوورە ، ئاگرە سوورە ، سەلکە توورە .

٤٥ ـ ئەختەرە دوختەرە ـ دەرمانی پشتی کەرە .

٤٦ ـ نیسك و نۆك و ترخێنە ـ حاجی قنگ ھەلّ تەکێنە .

٤٧ ـ کلیل و قفلّ تەمتەمە ـ ئاغزو ماغز بۆگەنە . . .
لەم تسکەنە لەو ترکەنە ـ شەپڵەقونەی بۆگەنە .

٤٨ ـ چوومە چەمێ چەقان ، چەقەلّ چەلّتوکی ئەتەقان .

٤٩ ـ قەلە باچکەی سەر مێوێ ، جارجار کلکی ئەبزێوێ ، خشب کلکم قنگی ، قنگی بە کلکم .

٥٠ ـ سوارێ ھات لەولاوە سێ توورەکــە بەدواوە ، یەکـێ توویەکـی موو ، یەکـێ گوو چنگم دا لەموو ، قەپم دا لە توو ، لەقەم دا لە گوو .

٥١ ـ بلّێ لولّێنە ـ گووی دایك و باوکم ھەلّ قورێنە

* منالّان پەنجەکانی دەستیان بەم جۆرە ناویان لێنابوو :

١ ـ تووتە

٢ ـ برای تووتە

٣ ـ بالاّ بەرزە

٤ ـ دۆشاومژە

٥ ـ ئەسپێ کوژە

جران منالاّن کە بە شەو نەنووستنایە لە سەردەمی بێ کارەبایی دا ، یان ھاروھاجیان بکردایە بە ھەندێ ناو ئەیان ترساندن بۆ ئەوەی بنوون :

١ ـ شەولەبان (واتە ، بان گردێن)

٢ ـ ئایشێ گوێدرێژ واتە (کەر)

٣ ـ جنۆگەو خێوو کەمتیار .

تیبینی :-
دوای بۆردومانی سلێمانی سالّی ١٩٢٤ ئەم دێرە شیعرە بەسەر **زمانی** مـلاّنەوە بوو :
(تەیارە رەشەی بانەوبان ئەکا داوای مەلیکی کوردستان ئەکا) .

* * *

چیرۆکی مەڕوبزن

ئەم چیرۆکـە لە چیرۆکـە هەرە بەنـاوبـانگـەکـانی کۆنە کە زۆربەی دایکەکان بۆ منالەکانیان ئەکرد بەتایبەتی لە شەوانی زستاندا کە دائەنیشتن لە گوێ ئاگردان و مەقەڵی دەستیان پێ ئەکرد بەم شێوەیە :ـ

هەبوو نەبوو کەس لە خوا گەورەتر نەبوو کەس لە بەندەی خراپ ڕووڕەشتر نەبوو. ئەڵـێن مەڕووبـزنێك ئەبێت کە پێکەوە ئەبن ڕۆژێك بزنەکە بە مەڕەکە ئەڵێت برام وا زستان نزیك بووەوە با خانوویەك دروست بکەین بۆ خۆمان تاوەکو لە سەرمای زستان خۆمان ڕزگار بکەین، مەڕەکەش بەپێکەنینەوە وەڵامی ئەداتەوە ئەڵێت من دووگی خۆم خۆش بێت خانووم بۆ چی یە؟

بزن دەست ئەکـات بە خانووەکەی، تەواوی ئەکات و تیادا ئەژی زستان دێت و سەرماو سۆڵە دەست پێ ئەکات، شەوێکی زۆر سەخت و تۆف مەڕەکە زۆر سەرمای دەبێت دەچێت بۆلای بزنەکەوە لە دەرگاکەی ئەدات بزنەکە دەڵێت کێ یە؟مەڕەکە وەڵام دەداتەوە ئەڵێت منم جێگام بکەرەوە وا لەسەرمادا ڕەق بوومەتەوە، بزنەکەش وەڵامی دەداتەوە: تۆ دووگی خۆت خۆش بێت جێگات بۆچی یە مەڕەکە زۆر ئەپاڕێتەوە ئەڵێت کەوا جێگام نا کەیتەوە قەیناکە بەلام تەنها جێگای پشتم بکەرەوە، بزنەکە ئەڵێت جێم ... دەجێگای قاچم بکەرەوە، ئەڵیت جێگام نیە مەڕەکە ئەڵێت دە جێگای دەستم بکەرەوە! ئەڵێت جێگام نی یە ئەڵێت دەجێگای سەرم بکەرەوە

ئەبێت باشە تەنها بەس سەرت بێنە ژوورێ. مەڕەکەش سەری دەباتە ژوورەوە، لەبێوەشەودا گورگی برسی دێتە ئەوناوە هەست بە مەڕەکە دەکات و نەکاتە نامەردی هەموو دوگەکەی دەخوات، بەیانی بزنەکە سەیر ئەکات، مەڕەکە مردووە، پاش ماوەیەک بزنەکە چەند بێچووی دەبێت (تیتلەو بیبلە) هەموو ڕۆژێک ئەڕوات خواردنیان بۆ پەیدا دەکات. ڕۆژێک ئەڵێت کە من ڕۆیشتمە دەرەوە هەرکەسێک لە دەرگای دا بە هیچ جۆرێک لێی مەکەنەوە ئەگەر من نەبووم ووتیان: باشە.

ڕۆژێک بزنەکە دەچێتە دەرەوە، لەپاش ئەوە یەکسەر گورگێک هەست دەکات کەئەو بێچووانە لەوێن، لە دەرگا دەدا، ئەڵێن: کێیە؟ ئەڵێ منم دایکتانم ئەوانیش لە درزێکی دەرگاکەوە سەیر ئەکەن کە دایکیان نی یە. ئەڵێن: تۆکەی دایکی ئێمەیت! دایکی ئێمە سوورە، گورگەکە خیراڕائەکات دەچێت خۆی لەقوڕی سوور هەڵئەکێشێ ودێتەوە. لەدەرگاکە دەدا دەڵێت بیکەنەوە من دایکتانم، ئەوانیش سەیرئەکەن ئەڵێن تۆ دایکی ئێمە نیت، دایکی ئێمە ڕەشە، خێرا گورکەبۆی دەردەچێت دەچێت خۆی لە قوڕی ڕەش هەڵئەکێشێت و دێتەوە، لە دەرگا دەدات دەڵێت لێم بکەنەوە من دایکتانم ئەمجارەش دەڵێت: دەرگا وەکەن لەدایە، شیرم لە گواندایە، گیای سەوزم لەژێر دانایە، دیسان دەڵێن تۆدایکی ئێمە نیت گورگەکە ئیمان لە کەللەی دەردەچێت و هار دەبێت وە بە هەموو هێزی خۆی دەدات بە دەرگاکەدا چەند جارێک تاوەکو دەیشکێنێ ئەچێتە ژوورەوەو پەلاماری تیتلەو بیبلە دەدات و ئەیانخوات یەکێکیان دەچێتە گولبێنەی تەنوورەکەوە، خۆی ئەشارێتەوەو گورگەکە نایدۆزێتەوە ئەڕوات پاشان بزنەکە دەگەڕێتەوەو لە دوورەوە دەڵێت: تیتلەو بیبلەی دایە، دەرگا وەکەن لە دایە، شیرم لە گواندایە، گیای سەوزم لە بن دانایە کەسەیر دەکات دەرگاکە شکاوە یەکسەر هەست دەکات کە کارەساتێک ڕوویداوە، کە دەچێتە ژوورەوە بانگیان ئەکات، کەس نابێت تەنها ئەوەی لەگولبێنەی تەنوورەکەدا خۆی شاردبۆوە هاتە دەرەوە ووتی کوان؟ ئەویش بەگریانەوە ووتی گورگەکە هات و خواردنی ئەمیش یەکسەر خۆی ئامادە دەکات و ڕادەکات و دەچێتە سەربانی ماڵی (بەراز)و دەست دەکات بە تەپەتەپ بەراز دەڵێت: ئەوە کێیە تەپەتەپ دەکات، کاسەو کەوچکم پڕ لەخۆڵ ئەکات، میوانم لێ شەرمەزار دەکات، بزنەکە وەڵام دەدانەوە ئەڵێت:

ئەوە منم منمنۆکێ، دوو چاوم پێوەیە بزبزۆکێ، دوو شاخم پێوەیە تیژتیژۆکێ، کێ

خواردوویە تیتی من؟ کێ خواردوویە بیبی من، بێتە شەڕە جەنگی من، بەرازوەڵام دەداتـەوە دەڵێت: من نەمخـواردووە تیتی تۆ، من نەمخـواردووە بیبی تۆنایـەمـە شەڕە جەنگی تۆبزن لێ‌ئـەدا دەڕوات بۆسەربـانیماڵی مام وورچ ودەست ئەکـات بە تەپەتەپ: مام وورچ دەڵێت: ئەوە کێ‌یە تەپەتەپ دەکات کاسەوکەوچکم پڕلە خۆڵ دەکات میوانم لێ شەرمەزار دەکات، بزن دەڵێت: ئەوە منم منمنوکێ دووچاوم پێوەیە بزبزۆکێ دووشاخم پێوەیە تیژتیژۆکێ، کێ خواردوویە تیتی من؟ کێ خواردوویە بیبی من؟ بێتەشەڕە جەنگی من، مام وورچ وەڵام دەداتەوە دەڵێت من نەخواردووە تیتی تۆ، من نەمخـواردووە، بیبی تۆ، نایـەمـە شەڕە جەنگی تۆئینجا بزنەکە ئەوێش بەجێ‌دیڵێ دەچـێتـە سەربانی ماڵی مام گورگ ودەست ئەکات بە تەپەتەپ، مام گورگ دەڵێت: ئەوە کێ‌یـە تەپـەتـەپ دەکـات؟ کاسـەوکەوچکم پڕلە خۆڵ دەکـات؟ میـوانم لێ شەرمەزاردەکات؟ بزن ئەڵێت: ئەوە منم منۆکێ دووچاوم پێوەیە بزبزۆکێ، دووشاخم پێـوەیـە تیـژتیـژۆکێ، کێ خواردوویـە تیتی من؟ کێ خواردوویـە بیبی من، بێتە شەڕە جەنگی من.

مام گورگ وەڵام دەداتەوە دەڵێت من خواردوومە تیتی تۆ، من خوارد وومە بیبی تۆ، دێمـە شەڕە جەنگی تۆ. ئینجـا هەردووکیـان ئەم شەرعـە دەبـەنـە لای قازی‌وبزن بەدزی‌یەوە کاسەیەك ماستی جوان دەبات بۆلای قازی‌وگورگیش هەمانەیە پڕئەکات لە تس، دەیبـات بۆقازی کە دوودەنـك نوکێشی خستـۆتـە ناوهەمـانـەکەوە تونـد بەستـوویـەتی، گورگ دەست پێشکـەری دەکـات ودەڵێت قوربان تووتنێکی باشم بۆ هێناوی قازی هەمانەکە لەخۆشیاندا دەکاتەوە، یەکسەر دوودەنکە نوکەکە دەرئەپەڕێت و ئەیدا لە هەردووچاوی قازی و قازی نیمچەکوێرێك دەبێت بەڵام یەکسەر بزنەکە کاسە ماستـەکـە دێنێ‌وهەندێك دەدات لە چاوی قازی‌وچاك ئەبێتەوەوهەندێکیش دەخوات زۆربەلایـەوە خۆش دەبێت ئینجـا دێت هەردووکیـان بەرامبـەری یەك دائەنیت دەچێت جووتێ شاخی ئاسنین دەبـەستێت لە سەری بزنـەکـەوجووتێ شاخی لباد بۆگورگە کە دەبـەستێت، دەڵێت پێـویستە ئێوە شەڕبکەن تا مردن، چونکە ئەمە شەرعی منە دەست ئەکەن بە شەڕوە گورگەکە بە هەمووهێزی شوقێك دەدات لە بزنەکە بەقەسدی کوشتن، بەڵام شاخـەکـانی دەنـووشتێتەوە ئنجا بزنەکە خۆی گوڕئەداوبە هەمووهێزی شۆقێکی باش لە گورگـەکـە ئەدا لە وورگی گورگـەکـەوورگی ئەدڕێت وتیتلەوبیبلە دەکـەونـە

خوارێ، یەکسەر دەچنە باوەشی دایکیان وە پێیان ئەڵێت: ئەوە لەکوێ بوون؟ ئەڵێن لە ماڵی خاڵمان بووین ئەڵێت: چیتان خوارد؟ ئەڵێن (دانوولە) دایکیشیان دەڵێت باشە بۆچی بەشی منتان نەهێنا؟ ئەوانیش دەڵێن: دانوولەکە زۆر گەرم بوو کردمانە دەستمانەوە دەستمان سووتا، کردمانە کۆشمان کۆشمان سووتا، کردمانە دەممان دەممان سووتا کردمانە گوێچکەمان گوێچکەمان سووتا کردمانە گیرفانمان گیرفانمان سووتا کردمانە لووتمان لوتمان سووتا گورگەکە لەوێ دەمرێت هەموویان شادو شوکر دەبنەوەو ئیتر منیش هاتمەوە هیچیان نەدامێ.

* * *

یاری گەورانە

گەورەکان هەرچ کاتێك یاری‌یەکیان بکردایە کە لە دوو تاقم پێك بهاتایە بەم شێوەیە دەست پێ ئەکرا:

لەو کۆمەڵە دووان ئەبوون بە وەستا دوایی هەموو دوو دوو دەستیان ئەکردە ملی یەکتری، تۆزێك لە دوو وەستاکە دوور ئەکەوتنەوە بۆئەوەی قسەیان نەبیستن وە هەریەکەیان ناوێکی لەخۆی ئەنا بۆنموونە یەکێکیان ئەی‌ووت: من شێر ئەبم، ئەوی تریان ئەی‌ووت باشە منیش پڵنگ ئەبم دوایی ئەگەڕانەوە بەردەم دوو وەستاکە ئەیانووت (هەیە، هەیە) دوو وەستاکەش ئەیانووت لە خۆتان (هەیە) ئینجا دووانەکە ئەیانووت (کێ ئەیەوێ شێروکێ ئەیەوێ پڵنگ؟) بەنۆرە دوو وەستاکە یەکێکیان هەر لەخۆیەوە ئەیووت (پڵنگ) یەکسەر ئەوەی ناوی خۆی نابوو پڵنگ ئەچووە سەر ئەو وەستایەی کە هەڵی بژاردووەو ئەویتر ئەچووە سەر وەستاکەی‌تر بەم جۆرە تا گشت لە (هەیە، هەیە) ئەبوونەوە ئەبوون بە دوو تاقم.

جوری یاری یەکان

١ ـ مووشین و هەڵماتێن:

ئەم یاری‌یە چەند منالێك ئەیان کرد لەسەر پارە یان هەڵمات یان گوێز یان هیچ لەسەر هەچ کامێکیان بووایە ئەو مووشانە دائەکرا بەریز کە هەر مووشە نزیکەی هەنگاوێك لە یەك دوورئەبوون دوایی کۆمەڵ تیلیان ئەکرد بە هەڵماتێك کە پێیان ئەووت (دەست کەلا) هەڵماتی کامیان زۆر نزیك بووایە لە مووشی یەکەم، ئەوە ئەبوو بە (بەگ) واتە کەیاری دەست پێ کرا لەپێش هەموویانەوە تیل ئەکات. دوایی ئەوەی دوای ئەم تیلی ئەکرد پێ‌یان ئەووت (پاش بەگ) ئەمەش بەگوێرەی دوورونزیکی هەڵماتەکەوە دائەنرا کە تیلی یەکەم ئەیان کرد دوایی ئەوەی (پاش بەگ) تیلی ئەکرد پێ‌یان ئەووت (پاشی پاش بەگ)، ئەوەی لەدوای هەموویانەوە تیلی ئەکرد پیان ئەووت فرە.

ئەم شتانەش لە یاری مووشین یان هەڵماتێندا ڕووی ئەدا :ـ

١ ـ سەرشار: ئەو شوێنەیە کە هەموو یاری‌کەرەکان تیلی لێ ئەکەن.
٢ ـ قرچ: لە کاتی یەکەم تیل کردندا، ئەگەر دووان لە یاری‌کەرەکان هەڵماتەکانیان بەر یەك بکەوێت پێش ئەوەی کە کەس لە مووشی دابێ، یان خواردبێ ئەوا (قرچ) ئەبێت سەر لەنوێ یاری کەرەکان هەڵماتەکانیان هەڵ ئەگرنەوەو سەرلەنوێ تیل ئەکەنەوە.
٣ ـ حەپوولك کاتێك یەکێکیان کە تیل ئەکەن وە بەر قاچی یەکێکیان ئەکەوێت دەڵێت (حـەپـوولـك)وە ئەچێت هەڵمـاتـەکەی هەڵ ئەگرێت بەئارەزووی خۆی لە شوێنێکی دادەنێ پەنا بێت یان دوور خستنەوە بێت.
٤ ـ هەڵ گرتـەیی: ئەومیـە لە کاتی تیـل کردنـدا هەڵماتەکە بەرزئەکرێتەوە، بێ ئەوەی لە زەوی بدا، تەنها ئەو کاتە نەبێت کە یەکسەر بەر موشێك یان سەرێك دەکەوێت، لێرەدا (سەر) واتە دەست کەلای هاورێکانی تری.
٥ ـ خشکەیی: بەپێچەوانەی هەڵ گرتەیی‌یەوەیە ئەم تیلەهەڵماتەکە تەنها بە خشکەیی بەسەر زەویدا دەڕوات.
٦ ـ پیلکــە: واتـە دەست وپەنجـە، پیلکـەی زۆر ڕاستە، بەڵام بەپێچـەوانـەوە بوایـە ئەیانووت پیلکەی زۆر خوارە.
٧ ـ مووش: ئەو شتـەی کە یاری لە سەر ئەکـراو دائـەکـرا لەسـەر زەوی پێ‌یـان ئەووت (مووش)، جا مووشەکە پارە، گوێز هەڵمات، میچ بووایە.
٨ ـ کایـە: واتـە نۆرە، ئەگـەر سەرەی یەکێـك بووایـە ئەیـووت: کایـەی منە، یان واتە جارێکی تـر یان کەرەتێکی تـر یەکێـك لە یاری کەرەکان نیازی‌وا بووایە کە یاریەکە تەواو بکات یەکێکی تریان ئەیووت با ئەم (کایە) یەش بیکەین.
٩ ـ کۆستـە: کۆستـە ئەگـەر یاری‌یەکە ناخۆش بووایە یان یەکێك لە یاری‌کەرەکان لات بووایەو بیانووی ئەگرت خێرا دەستی ئەدایە مووشی خۆیی‌وئەیووت (کۆستە، کۆستە)و ئەوانی تریش هەریەکەیان مووشی خۆیان هەڵ ئەگرتەوە.
١٠ ـ دیشکـەم: یەکێـك لە یاری‌زانـەکان ئەگەر لە یاریدا لات بووایە، مووشێك یان چەنـد مووشێـك قەرزار بووایـەوپێ‌ی نەبـوو بیـداتەوە ئەیووت:ـ من (دیشکەم) وەیان پێ‌یانئەووت دیشکەمی کردووە، ئیتر قەرزەکانیان لێ داوا نەئەکردەوە.

١١ ـ ناوكـۆیی : دووشەریـك یان زیـاتـر مووشێكیـان لەنیـوانـدا بووكە بەشی بكـەن لەبـەرئـەوەی بەش نەئـەكرا یەكێكیان ئەیووت تۆو ناوكۆیی یەك یان ئێوەو ناوكویی یەك ، جا بۆئەم ناوكـۆیی یـە تیلیـان لەسەرئەكرد یان بە شێروخەت چارەسەریان ئەكرد كە بۆ كامیان بێت .

١٢ ـ گزی: زۆر هەبوون كە لە كاتی یاریدا خەریكی فێڵبازی بوون ، پێیان ئەووتن (گزیكەر) .

١٣ ـ فس : دووكەس لە یاری یەكـدا ئەمـانـەوە ، دووا تیلیـان ئەگرتە یەكتری بۆئەوەی حەجەكە بخۆن ، ئینجا لەم كاتەدا ئەوەی كە نۆبە تیلی نەبوو ئەوەستالە سەرئەوەی كە تیلی بۆحەج ئەكـرد یان بۆسـەرەكـەی ئەكـرد ، دووپەنجـەی لەژوور سەریەوە تۆزیك رائـەگـرت لە یەكی ئەخستن بەپێكـەنینـەوە ئەیووت (فس) تسی ئاتێ نەیگاتێ ئەمەش جۆرە كردەوەیەكی نەفسیە لەگەڵ یەك ئەكرا .

١٤ ـ سەروحەج لەیـاریـدا : كە دووانیـان ئەمێنێتـەوەو سەرەكـەی لەنزیك حەجەكەوە دانـاوە ئەوتیـریـان كە تیـل ئەكـات ئەڵێ سەروحەج واتە ئەگەرحەجم كرد ئەوا كۆتایی یاریـەكـە دێت دوای ئەوەی دوا تیلی تێ ئـەكـرێت وە ئەگـەر سەرەكـەی ئەویشی گرت دیسان كۆتایی بە یاری یەكە دێت و حەجەكەش بۆخۆی دەبات .

تیلی بەرامبەرێن :

ئەم یاریــە دووكەس بەرامبــەری یەكتــری دائــەنیشن لنــگ رائــەكێشن لە ماوەی
(١)م تاوەكو(٢)م دائـەنیسشن یان یەكیـك دژی دووان یان دووكـەس بەرامبەر دووكەس بەشەریكی یاری ئەكەن ئەو كەسەی لەپێشاپلێت : (پشتی ملت قاچ وقولت ، قنگی زلت) ئەوا یەكەم جار تیل ئەكات ئەگەر لی ی بدا دیسان هەرخۆی تیل دەكاتەوە .

یاری هەڵماتێن وموۆشێن :ـ یاری یەكی زۆرباوبووە لە شاری سلێمانیدا وە لەكاتی تایبـەتی خۆیـدا ئەكـرا وە یاری یـەكی زۆرخۆش بووە بەتـایبەتی لەلایەن منالانەوە ئەم یاری یـەش لەلایـەن زۆركوری گەنجـەوە ئەكرا بەلام لەباتی هەڵمات پارەیان دائەكردوبە **هەڵماتی بەرد تیلیان ئەكرد وە بە شووشە شتێكی ناشرین بوو. هەڵماتی بەرد :**
ئەوانـەی كە زۆرحەزیـان لەم یاری یـە ئەكـرد هەمیشە هەڵماتی بەردی جیاوازی جوان

جوانیـان پێ بـوو، له یاری گه‌وره‌دا نه‌بـووایه ده‌ریان نه‌ئه‌هێنا وه یاری که‌ره باشه‌كان كه ده‌ستیـــان ڕاست بوو، هه‌میشـــه هه‌ڵمـاتیـان ده‌نـاسـرایـه‌وه هه‌ر كه یاری كه‌رێكی تـر هه‌ڵماتێكی ببینایه ئه‌یووت ئه‌وه هه‌ڵماته‌كه‌ی (ئه‌حه‌شه‌له)یان (عومه‌ری به‌هیٚ‌یه)وه هتد . . .

چۆن هه‌ڵمات دروست ده‌كرا :ـ

وه‌كو ووتمان له‌سه‌ره‌وه ئه‌وانه‌ی كه زۆر حه‌زیان له‌م یاری‌یه ئه‌كرد هه‌میشه حه‌زیان ئه‌كـرد هه‌ڵمـاتی جوان و بێ هاوتـایـان هه‌بێت، یان هه‌ندێك ته‌نها كه دروستی ئه‌كرد ته‌نها بۆ فرۆشتنی بوو. ئه‌م لاوانه ئه‌چوون بۆئه‌وه‌ی به‌ردی هه‌ڵمات بدۆزنه‌وه بیكه‌ن به هه‌ڵمـات دیـاره ئه‌م جۆره به‌ردانـه‌زۆر جیـاوازی هه‌یـه له‌گه‌ڵ به‌ردی‌تردا، هه‌ندێكیان سپی ی ڕووت له به‌رده‌سپی یان له به‌ردی مه‌رمـه‌ڕ وه‌یـان به‌ردی خاڵ خاڵاوی سووری خوێنی، یان ڕه‌ش، یان بۆڕوشێن به‌جـۆره‌هـا نه‌خش و خاڵ خاڵ ئه‌هـاتن ئه‌یانهێنا به چه‌كـوشی هه‌ڵمـات كه بریتی بـوو له وه‌لفی ئوتـومبێـل به‌رده‌كه‌یان تۆزیك به‌ره‌وخری ئه‌برد، دووایی تۆزێك خریان ئه‌كرده‌وه، به‌ڵام هێشتا بۆپیلكه گه‌وره بوو، پێیان ئه‌ووت گه‌ڵاڵـه‌ی كردووه، ئینجـا هێـواش هێـواش له‌ناو له‌پی ده‌ستا یان له‌سه‌ر به‌ردێك وورده وورده لێ ئه‌درا، پارچـه‌ی زۆر ووردی لێ ئـه‌بـووه‌وه، تا بچـووك ئه‌بۆوه ناوبه‌ناو ئه‌خرایه **ده‌مـه‌وه‌و ته‌ڕ ئه‌كـرا، ئینجـا لێ ی ده‌درایه‌وه تاوای لێ ئه‌هات به‌ته‌واوی ڕێك ئه‌بوو، به** ئاره‌زووی دلی ئه‌وكـه‌سـه ئینجـا سمـارتـه ئه‌كرا، له كۆتایی سمارته كرندا ده‌خرایه ناو كاكڵه‌ی گوێـزه‌وه له‌نـاو ده‌ستـه‌سـڕێكـدا دووای ئه‌وه‌ی گوێـزه‌كه‌ی بۆوورد ئه‌كرا ئینجا خۆشترین كات ئه‌وكاته بوو كه هه‌ڵماته‌كه له‌ناو گوێزه‌كه ده‌رئه‌هێنراو بریسكه‌ی ده‌دایه‌وه كه ئازیزترین شت بوو له‌لای.

دوو جۆر هه‌ڵمـاتی لێ دروست ده‌كـرا، جۆرێكیـان به‌قـه‌ده‌ر پیلكه‌ی ئه‌وكه‌سه، به‌ڵام جۆری دووه‌میـان زیـاتـر له‌حه‌دی پیلكه گه‌وره‌تر بوو، قورس بوو به‌كه‌ڵكی هه‌ڵگرته‌بی ئه‌هات پێیان ئه‌ووت (گلۆر).

ئەمـەی خوارەوە پارچـە هۆنـراوەیـەکـە لەلایـەن هۆنـەری ئەندازیار کاك (نووری کاکە حەمەی ئەمینی عەتتار)ەوە دانراوە :

کورگەل لەسەر شار کاتی مووشێنە
هـەڵمات و میـچت لە کیس دەربێنە

میچ بە میر دانێ نەك بە جەك و پشت
تـیل کەن بۆ بەگی کورگەلینە گشت

بـەگ کە تیلی کـرد پەناحەجی گرت
بە هەڵگرتەیی پاش بەگ قرچی کرد

خلەی پیلکە خوار خۆ مووشێکی خوارد
قـرەش خـشـکەیی تـیلـێکی بۆ نارد

مـن کـایەی خۆمە بـەس یـاری نـاکـەم
نەك کۆستە کۆستەو لێم بکەن دیشکەم

میچی ناوکۆیی بە شێر و خەتە
گـزی کەر مووشی کەم بەرەکەتە

حەپوولکە تیلی بە فێڵ و خوارە
لەسەری ناکە ین ئـیتـر ئەم جارە

فس کە بەسەریا بـــە تسـی ئاتـێ
پیلکەی خوار ئەبێ تیلی ناگاتێ

پیلکەی راست وەستای ناو هەڵماتێنە
مووشێن و تیـلی بـــەرامبـە رێنە
هەڵماتی خاڵ خاڵ هێشتا گلۆرە
بـا بیسـووینـەوە هەردوو بە نۆرە

دەست کەلام هەڵگرت لام دا لە مووشێن
ویـستم کایەیەك گوێز کەم بە واغێن

کــه دیــم چاڵ چاڵێن کوڕی گیراوه
که تاق بۆی دۆڕا جووت بۆی داناوه
وەســتا به حلێب بۆی کردم به ماڵ
دوو هەنگاو لەدوور جووتم خسته چاڵ

لەترسا ڕامکرد کوتام وەك شەماڵ
باوکم لە مزگەوت تا نەچۆته ماڵ

* * *

تێبینی : ـ میــچ ئەوپارچــه ئێسقــانــەیــەکــه جاران کولێره بەرۆنیان پێ چاڵ ئەکرد بەڵام ئێسقانه درێژه کەیان لێ ئەکردەوه بەوەیاری‌یان پێ‌ئەکرد.
میرـ مانای دانانی میچەکه لەباری بەرزی
جەك ـ مانای دانانی میچەکه به تەنیشتا
پشت ـ مانای دانانی میچەکه بەپشتا

«سەگ بازی»

سەگ بازی باوی بوو لە گەڕەکەکاندا زۆر لە دەستە کوڕەکان سەگ بازی‌یان ئەکرد وە سەگیان ڕائەگرت لە گەڕەکەکانا کولانەیان لە قوڕو بەرد بۆ ئەکردن وە سەرەکەیان چەند دارێکیان ئەخستە سەر ئینجا بەقوڕ هەموو کولانەکەیان سواغ ئەدا، تەنها کونێکی تیا ئەهێڵدرایەوە، وەکو دەرگا بە شەو ئەچوونە کولانەکەوە بە ڕۆژ ئەهاتنە دەرەوە، کوڕان ئەچوون بۆ بەردەم قەسابەکان ئێسقان و چەق و زۆر شتی‌تریان بۆ ئەهێنانەوە ئەیانخوارد، یان لە ماڵەکانەوە چی خواردن زیاد ببوایە بۆیان ئەبردن ئەم سەگانە لە گەڕەکەکەدا ڕائەهاتن وە دوورنەئەکەوتنەوە تەنها کوڕانی گەڕەك ئەیانبردن گەڕەکاوگەڕەك بۆ شەڕەسەگ ئەگەر بهاتایە سەگەکە بەزیایە ئیتر نەیان ئەهێشت بێتەوە گەڕەکەکە دەریان ئەکرد ئینجا هەر بەمناڵی ئەم سەگانە کە توولەن ئەیانهێنا گوێچکەیان ئەبرین بۆئەوەی کە گەورەبوو دڕوئازا دەرچێ وە هەر سەگە ناوێکی خۆی هەبووە.

زۆر جار لەم سەگانە وای‌لێ‌ئەهات پەلاماری خەڵکیان ئەدا وە برینداریان ئەکردن هەر کوڕانی گەڕەك بۆئەوەی لەناوی‌بەرن ئەچوون دەرزی‌یان بۆ ئەخستنە ناو گۆشت و نانەوە ئەیاندا بە سەگەکە کە ئەیخوارد دەرزی‌یەکە لە قورگی ئەگیرا وە ئەمرد.

لەتاو زۆری سەگ و هارو هاجی منداڵان میری وای‌لێ‌هات پۆلیسی تەرخان کردبوو بۆ سەگ کوشتن یەکێ لەوانە بەناوبانگ بووە ناوی (یوحنا خەنانیشو) بوو، ئەمە تاپرێکی دوولولەی هەڵئەگرت وە بەکۆڵانەکاندا ئەگەڕا بۆ سەگ کوشتن وە لەسەری هەچ کۆڵانێك دەربکەوتایە منداڵان ڕایان ئەکردو خەبەریان ئەدا کەوا سەگ کوژەکە هاتووەو خەڵکیش سەگەکانیان ئەشاردەوە.

رئاستى بلديه ى سليمانى
زماره ١/ ٥٦٦
روز ٥/١٠/١٩٤٢ .

بو ملاحظى انضباطي بلديـــه

موضوع/ كوشـــتنى ســه كى خويرى

به پى تحريراتى وزارتى داخليه كه به تحريراتى زماره ٢٢١٠ ورؤزى ٢٧/٩/٩٤٢ متصرفى لواوه تبليغمان كراوه له اعتباري ايمرووه بپويسته كنا سيك تخصيص بكه ن كـــه به ناوشاردا بگه رى هه ركه توشى سه كى خويرى وبى صاحب هات بيكري وبيبات تسليم به دائره ى بيطره ي بكات بواعدام كردنى .

رئيس بلديه ى سليمانى

صورتيكى بو:-

متصرفيتى سليمانى - بومعلومات واشاره به بوتحريراتى بالايان .
مديرى شـــرطه ي لوا - بومعلومات .
طبيبى بيطرى ملكى لوا - " " .

قەلەمرداریْ :ـ

ئەم یاری‌یـــە بریتیـە لە هێڵێکی بازنـەیی گەورە وە یاری‌کـەرەکـان ئەبن بە دووتاقم تاقمێکیـان لەنـاو خەتـەکـەدا ئەوەستن وەتـاقمی دووەم لە دەرەوەی خەتـەکە ئەوستن بە تۆپێکی هەوری لاستیـك بەرامبـەر بەیـەك بۆیەکتر تۆپەکەیان هەڵ ئەدا وە ئەیان گرتەوە تاقمی ناوەوە هەوڵیان ئەدا کە ئەوتۆپە هەڵ ئەدەن بۆیەکتری ئەمان بیگرنەوە، ئەگەر بە ڕێکەوت تاقمی ناوەوە بەردەستیان بکەوتایە، بە کتوپڕ ئەیان گرتەوە تاقمی دەرەوە ئەگـەر بەریـەکێکیان بکەوتایە تاقمی دەرەوە ئەهاتنە ناوەوە خۆئەگەر بەریشیان نەکەوتایە یاری‌یەکە دەستی پیْ ئەکردووە هەتا بەر یەکیْ ئەکەوت.

ئاشە بەتەنوورە :ـ

ئەم یاری‌یـە لە دوو تاقم پێـك دێت تاقمێکیـان تیْ ئەکـەوت (٤)یـان (٥) کەسیان دەست ئەکـەنـە ملی یەکتـری‌و سەرئـەکەن بەیەکا یەکێکیان ئەبێت بە وەستا، پشتێنێك دێنیْ سەرێکی ئەگرێتەبەدەستەوەو سەرەکەی تریشی ئەوان ئەیگرن بەدەستەوە ئەوانەی دەستیان کردۆتە ملی یەك.

وە تاقمەکەی‌تر بەدەوریاندا ئەسوورێنەوە بۆئەوەی سواری کۆڵی یەکێك لە دابووەکانَ ببن، بەڵام وەستاکەیان کە پشتێنەکەی بەدەستەوەیە نایەڵێت سواری کۆڵی برادەرەکانی ببن، وە پەیتا پەیتا بەدەوریاندا ئەسوورێتەوە، بۆئەوەی ئاگای لە سوواربوون بێت ئەگەر یەکێك لەوان توانی سوار ببێت ئەوا بەکۆڵەوە ئەمێنێتەوە بەڵام جاری‌واهەیە پێش ئەوەی خۆی هەڵ بداتـە کۆڵی یەکێـك وەستـاکـە شەقێکی دەگەیەنێتیْ، مانای‌وایە تێکەوت، بەڵام کە بەکۆڵەوە بوو ناتوانێت شەقیان تیْ هەڵبدات هەتا نەکەوێتە خوارەوەو.

پیرەمێردی نەمر ئەڵێت:

ئاشە تەنوورەی‌زەمانە وایە

هەرچی کە سواربوو شەقی لەدووایە

کەوشەکێن :

ئەم یاری‌یە بەزۆری لە دەشت دا دەکرا لەنێوان فەقێ و مەلاکانا وە لە چەند کەسێك پێك ئەهات لەپێشا کوشێکییان دائەنا وەکو سەرشار ئنجا لەوێوە هەموو (٣) بازیان ئەدا کامیان لە هەموویان زیاتر برۆیشتایە ئەبوو بە وەستا وە کامیان کەمترین ماوە برۆیشتایە تێ ئەکەوت وپێویستە دابوایە، وە وەستاکە یەکێکی هەڵ ئەبژارد لەدووای خۆیەوە بازی‌ئەدا بەمەیان ئەووت (خەلفە).

ئەوەی دائەبوو پێویست بوو لەسەر کەوشەکەوە، یان ئەو خەتەی کێشراوە بنووشتێتەوە ئینجا وەستاکە بەسەریا بازێکی ئەدا دەستی دائەناو هەردووقاچی ئەکردەوە خۆی هەڵئەدایە ئەردیوە ماوەیەك لە خەتەکە دوورئەکەوتەوە دابووە کە ئەچووە ئەو شوێنەی وەستابازی گەیشتوەتێ ئینجابە دووایا هەموو بازیان بەسەریا ئەدا، ئینجا سەرلەنوێ وەستا بازی‌تری ئەداو دوورئەکەوتەوە لە خەتەکە، بەرەبەرە وای‌لێ ئەهات کە کەمیان ئەیانتوانی بیگەنێ، باز بدەن بەلام بۆیاری زانەکان ئەبوو کە تەنها لەکاتی بازداندا تەنها هەرسنگ بدەن لە دابووەکە، ئەگەر بازیش نەدەن بەسەریا هەرئەبێت بەلام بۆ وەستاو خەلفە نابێت سنگ بدەن لە دابووەکە، پێویستە هەر باز بدەن بەسەریا بەم یاری‌یەیان ئەووت (سنگەوباز).

فەقێ و کەوشەك :-

لەم جۆرە یاری‌یانە لە هەموویان باوتر کەوشەك بوو (کەوشەکێن) بەتایبەتی لەنێوان فەقێ و مەلاکاندا وە بەگیانێکی پاکی برایانەوە ئەم یاری‌یە دەکرا، بەبێ جیاوازی چی

گەنج چی پیر کە تێ بکەوتایە پێویست بوو دابوویە، چەند دیمەنێکی جوان بوو کە ئەو یاری‌یە دەست پێ ئەکراو کۆتایی پێ ئەهات بە پێکەنین و قسەی خۆش و برایانەو بێ جیاوازی.

فەرموودەی [سەید ئەحمەدی نەقیب] لەلایەن یاری

- کەوشەکەوە -

لەمەیدانی عیبادەتدا بەجیٚما هەرکەسێ بیٚشك
هەمیشە چاو بەرەو ژێرە ئەبێ مەهتوك و ڕیسوا بێ
بەجێمان باعیسی مەهتووکی‌یە حەتتا لە یاریدا
کەسێ مەقبوول و مەعقووڵە کە چاپووك دەستو ئازابێ
قەدی ئەلفی دەبێتە دال لەبەر سستی لە یاریدا
بەجێماو هەر ئەبێ دابێ بە زیبلەت گەرچی وەستا بێ

وەرامی مەلا ئەحمەدی مەشهوور بە «خاکی»

ئەگەر دەروێش ئەگەر، سۆفی لە تەکیەو خانەقادابێ
گەدا بێ یاخو پاشا بێ خەلیفە یاخو وەستا بێ
لە عەرصەی کەوشەکا جێماو وەکو دابە ئەبێ دابێ
ئەبێ سەرحیز و مل کەچ بێ ئەبێ دماو و ڕیسوا بێ
قبووڵ نابێ بە هیچ بابێ کە کوڕ دابێ لەجێی بابێ
ئەگەر سوختە مەلای جێ‌هێشت مەلا مل کەچ نەبێ نابێ .

فڕیوە ـ ئاگرە

ئەم یاری‌یە لە چەند کەسێك پێك دێت پاش (فنکانکۆ) یەکێك تێ ئەکەوێ وە شوێنێك ئەکەن بە شار ئەوەی تێ ئەکەوێ لەسەر قاچێك بە هەنگە شەلێ ڕائەکاو هاوار ئەکات (فڕیوە) یان ئەڵێ (ئاگری سوورم هێناوە) و دەست ئەکات بە ڕاونانی یاری‌زانەکانی کە، ئەگەر توانی شەقێك لە یەکێك لە یاری‌زانەکان بدات ئەوا ئەو تێ ئەکەوێ و دێتە شوێنی ئەم بەڵام خۆ ئەگەر نەیتوانی و هیلاك ببێ و قاچ دابنێ بە هەموویان پڕشەقی ئەکەن لە هەموولایەکەوە. تاوەکو ئەیگەیننەوە سەر شار.

کلاوکلاوێنەو گۆرەوی بازیو فنجانێن:

ئەم یاری‌یـە بەۆری لە شەوی زستـانـانـدا ئەکـرا، بەتـایبـەتی لە مالان دووتاقم کۆئەبوونەوە چەند کلاوێك یان گورەوی بەن یان فنجان دائەنرا، یەکێك لەوتاقمەی کە لەپێشەوە دەست ئەکەن بە شاردنەوەی ئەمووستیلەیەك دەخاتە دەستیەوە دەست ئەکات بەژێـر کلاوەکـانـدا یان گۆرەوی‌یـەکاندا یان فنجانەکاندا وە بە هەوەسی خۆی تیایاندا دەشـارێتـەوە بێ ئەوەی کەس بزانێت لەکـوێ‌دایـە وە تاقمەکەی‌تر بۆیان هەیە (٣) جار سەری ئەو شتانە هەڵدەنەوە، بۆ دۆزینەوەی ئەمووستیلەکە، ئەگەر دوزی‌یانەوە ئەوا ئیتر نۆرەی ئەوانـە بۆشاردنـەوە وە ئەگـەر نەدۆزرایـەتـەوە ئەوا هەرئەمـان لەسـەر شاردنەوەی بەردەوام ئەبوون و بەم جۆرە شەویان بەسەر ئەبرد.

گەنم گەنم

ئەم یاری‌یـە جوولانی تیـا نی‌یـەهـەربە قسـە ئەکـرێت لە چەند کەسێك پێك دێت یەکێك ئەبێت بە وەستا ئەوانی تریش هەریەکە ژمارەیەك دائەنێ وە پێویستە ئەوژمارانە تاك بێت وەکـو: وەستـا ژمـارە (١) پاش ئەوژمـارە (٣) وە (٥) و(٧) و(٩) و(١١) بەگوێرەی زۆری یاری‌کەرەکان ئینجا وەستا بەم شێوەیە دەست پێ‌ئەکات: گەنم گەنم لە حەوتـەی بێت ئەوەی کە ژمـارە (٧)ە ئەبێت گورج بێ‌د وکـەوتن وەلام بداتەوە بلێت نابێت لە حەوتـەی بێت.. ئینجـا وەستـا ئەڵێت ئەی ئەبێت لە چەندەی بێت؟ دووبارە ژمارە (٧) ئەڵێت بۆنممونە ئەڵێت ئەبێ لە پێنجەی بێت، دیسان ژمارە (٧) ئەڵێت ئەی ئەبێ لە چەندەی بێت؟ دیسان ژمارە (٥) :ـ ئەبێت لە سێ‌یەی بێت دیسان ژمارە (٣) ئەویش وەکو وەلامی ئەوانەی پێشەوە وەلام ئەداتەوە وە ئەگەر یەکێك هۆشی لای خۆی نەبێت یان درەنگ وەلام بداتەوە ئەوا تێ‌ئەکەوێت و ناوێکی ناشیرینی لەلایەن وەستاوە لێ ئەنرێت ئیتر ژمارەکەی نامێنێت تەنها بەو ناوە ناتۆرەوە بانگ دەکرێت تاوەکو یاریەکە تەواو ئەبێت.

●●●

گۆرانی ئەمر سالی ١٩٥٤ هەلبژاردنی پێنج ئەندامی ئەنجومەنی شارەرانی و کێشەی نێوان گەل و میری و پالێوراوانی هەردوولایانی خستۆتە ناو قالبی ئەم یاری‌یەوەو ووتوویەتی :

- گەنم گەنم لە پێنجەی بێ
دەستی دز لە خۆی پەنجەی بێ
- گەنم نابێ لە پێنجەی بێ
میللەت بەری لەم رەنجەی پێ
(ع . م . ر)

* * *

پشکۆ بە فوو

کۆمەلێك کۆئەبوونەوە یەکێك دارێکی ئەگرت بەدەستەوە تەلێکی پیا شۆرئەکردەوە وە کلۆیەك خەلووزی گەورەیان ئەهێنا ئەیان خستە سەری تەلەکەوە ئەیان پێچا ئەمجا ئاگریان تێ بەرئەدا هەتا ئەگەشایەوە ئەمجا بە هەموویان دەوریان ئەدا وە بەرامبەر یەك فوویان لێ ئەکرد بۆئەوەی دەم وچاوی یەکتر بسووتێنن ، بەم جۆرە کاتیان ئەبردەسەر بەدەم پێکەنینەوە، ئەم یاری‌یە لە زستانا ئەکرا .

شاردنەوەی ئەموستیلە

ئەم یاری‌یەش بریتی‌یە لە شاردنەوەی ئەمووستیلەیەك لەناو دەوری‌یەك ئارددا ئینجا یەکێك هەردوو دەستیان لەپشتەوە ئەبەستەوەو لەسەر ئەژنۆ دائەنیشت و ئەبووایە بەدەم ئەمووستیلەکەی لەناو ئاردەکەدا بدۆزیایەوە وە دەم وپلی خۆی ئارداوی ئەکردو دیمەنێکی سەیرو پێکەنیناوی هەبوو.

تەقیلە لەسەر تەقیلە

ئەم یاری‌یە یەکێك بە چیچکانەوە یان بە چوارمەشقی دائەنیشت سەری دائەنەواند بۆئەوەی چاوی لە کەس نەبێت. چوار پێنج کەسیش هەردوو دەستیان ئەخستە سەر یەکتری‌و سوپشتی ئەو کەسەی پشتی دانەواندووە پێ‌یان ئەووت (دەستی کێ، لە بانی کێ) ناوی ئەوکەسەی بزانیایە کە دەستی لەسەرو هەموویانەوەیە هەر کە بیدۆزیایەوە یەکسەر ئەچووە جێگای ئەویتر، هەروەها بەم شێوەیە کاتیان بەسەرئەبرد، ئینجا کە ئەڕۆیشتنەوە بەرەو ماڵەوە هەمووبەجارێك بە چەپڵەلێدان ئەیانووت:-

تەقیلە لەسەر تەقیلە پشکۆ لەسەر سەبیلە
هەرچی نەی‌بێت زەلیلە.

میر و گزیر

ئەم یاری‌یە لەنێوان دوو کۆمەڵدا ئەکرا، ئەموستیلەیەك هەڵ ئەدەنە پشتی دەستیان ئینجا هەوڵ ئەدەن کە ئەموستیلەکە بخەنە پەنجەی گەورەوە، کە بچوایە پەنجە گەورەوە واتە (پەنجە درێژەکە) ئەوە میرە ئەگەر بچوایەتە سەر پەنجەی شایەتمان ئەوە گزیرە.

بوخچە بەگەردانێ

ئەم یاری‌یە لە پێنج کەس تا (١٠) کەس توانیویانە بەشداری تێدا بکەن، بەشێوەیەکی بازنەیی دائەنیشن بەڵام یەکێك لە بەشدارەکان لەدەرەوەی کۆمەڵەکە بووە ئینجا لەناو کۆمەڵە بازنەکەدا بوخچە بەگەردانەیەکیان پێ بووە کە بریتی بووە لە پەڕۆ، یان پشتێن، یان دەستەسریان چەندپارچە قوماشێك خریان کردۆتەوە وە گرێ‌یان داوە وەك (بوخچە) ئینجا کۆمەڵەکە بەخێرایی بوخچەکەیان هەڵداوە بۆیەکتری ئەوەی دەرەوە ئەگەر بیتوانیایە لە دەستی یەکێکیانی بسەندایە ئەوە ئەو کەسە تێ ئەکەوت و ئەچووە جێگای ئەو، بەم جۆرە یاری‌یەکە دەوامی ئەکردو بەخۆشی ئەچووە سەر.

گوریس کێشەکی

ئەم یاری‌یە لە دوو کۆمەڵ پێك ئەهات کە ژمارەیان ئەگەیشتە نزیك بیست، دووای ئەوەی ئەبوون بە دوو تاقم هەرلایەك ١٠ کەس ئینجا گوریسێکیان ئەهێنا هەر کۆمەڵەی ئەچووە سەری گوریسەکەوە وە سەری گوریسەکەیان ئەگرت بەرامبەر بەیەکتری و لە ناوەراستدا دەستەسرێکیان دائەنا. **خەتیان** ئەکێشا، ئینجا هەردوو کۆمەڵەکە بەهۆی ١، ٢، ٣ وە دەستیان ئەکرد بە راکێشانی گوریسەکە هەر کۆمەڵە بۆلای خۆی وە هەرلایەکیان بەهێز بونایە کۆمەڵەکەی‌تری رابکێشیایە بۆلای خەتەکە یان تێپەڕی بکردایە ئەوا ئەیان بردەوە ئینجا بۆجاری دووەم شوێنیان ئەگۆڕیەوە، بەم شێوەیە ئەم یاری‌یە ئەکرا بردنەوەی ئەم یاری‌یە ئەبو هەرلایەك دوو جار لاکەی‌تری رابکێشیایە، جاری‌وا هەبوو کە لایەك لاکەی‌تری رائەکێشا جاری دووهەم لاکەی د ؟ بەوان ئەمانیان رائەکێشایەوە ئەبوون بە یەك پاشان بۆجاری سێ هەم چی لایەك ئەویتری رابکێشایە ئەیبردەوە.

گورزە کوێرە :-

ئەم یاری‌یە لەنێوان چەند کەسێکدا دەکرا هەموو جامانەکانیان یان پشتێنەکانیان ئەکرد بە گورزی یەکێك لە کۆمەڵەکەدا تێ ئەکەوێت و چاوی ئەبەستنەوە، ئەویش گورزی خۆی پێ‌یە وەبەچوار دەوری خۆیدا هەڵ ئەسووڕێ و گورزەکەی ئەهاوێژێ ئەوانیش لە هەموو لایەکەوە بەر گورزی ئەدەن، خۆ ئەگەر گورزی چاو بەستراوەکە بەر هەر یەکێك بکەوێت، وا تێ دەکەوێت و دێتە شوێنی ئەم و چاوی دەبەستنەوە.

یاری‌ی وورچە قوڕینە

ئەم یاری‌یە کوڕێك ئەیکرد ئەوەش دەرپێ‌یەکی سپی‌ی درێژی کوردی لەپێدابوو، وە پزووی دەرپێ‌یەکەی سەرئەخست بۆلای ملی وە لەسەر ملی ئەیبەست، واتە هەردوو دەستیشی ئەچووە ناو دەرپێ‌یەکەوە ئینجا جامانەیەکی بە دیوە سپی‌یەکەیا لەسەری ئەکرد

وەکو مێزەری مەلا ، دوایی دوو تاکە کلاشی بەند ئەکرد تاکی بەلای گوێچکەیەکیا وەکو گوێ ، ئینجا خۆی خوڵاوی ئەکردو لەگەڵ چەند منالێکی تردا بە چەپڵەو گۆرانی وتن ئەچوونە بەرماڵان و هەندێ ماڵ مێوژ و نۆك و باسوقیان ئەدانێ ، بەڵام هەندێ لەماڵەکان ئاویان پیادا ئەکردن هەندێ جاریش بۆ ترساندنی خەڵکی بوو کە ئەهاتنەدەرێ .

یاری جوغزێن :

ئەم یاری یە لەنیوان (٢) تیپدا دەکرێت بەتایبەتی لەنێوان فەقێ یاندا وە لە وەرزی بەهاردا . بەهۆی شێرو خەتەوە یان تەرو وشکەوە تیپێکیان دەدۆڕاو یەکێکیان براوە ئەبوو، دوایی شێوەی بازنەیەکیان دەکێشا کە دۆڕاو دەچووە ناوی یەوە وە براوە بەدەوریا ، وە کەرەسەی یاری یەکە تۆپێکی پەڕۆیان چەرمین یان هەوری بوو، کە دەست دەکرا بە یاری کۆمەڵێ براوە تۆپەکەیان ئەهاویشتە دۆڕاوەکان کە لە ناوەوە بەرهەرکامیان بکەوتایە ئەوا دەهاتە دەرەوە ناو دەنرا ئەسیر وە (جوغز) دەکرا واتە فت دەکرا وە لە شوێنێکی تایبەتی دائەنران وە لەپاشدا کام لایان ئەسیری زۆر بووایە ئەو تیپە براوە بوو.

واغێن :-

ئەم یاری یە بە گوێز ئەکرا ، دووکەس دووکەس ئەیانکرد، بە هەردووکیان چنگێ گوێز، یەکی چوار، یان پێنج ، یا زیاتر یەکێکیان بەنۆرە چنگە گوێزەکەی بە هیواشی بڵاو ئەکردەوە ، ئەوەی بڵاوی ئەکردەوە گوێزێکی ئەکرد بە دەست کەلا تیلی پێ ئەکرد، ئەگەر لە دووانی بدایە یان سیان زیاتر گوێزەکانی ئەخوارد، ئەگەر لە یەکێکی بدایە یان لە هیچ ئەوا ئەو بەجێ ی ئەهێشت بۆئەوەی ئەوی تر تیل بکات ئیتر بەم شێوەیە یاری ئەکرا .

یاری‌که‌رانه :-

چه‌ند که‌سێك ئه‌م یاری‌یه‌یان ئه‌کرد، به‌مه‌رجێك هیچ کامیان به‌زه‌یی به‌ویتردا نه‌یه‌ته‌وه. ئه‌م چه‌ند که‌سه ده‌ستیان ئه‌کرد به بۆکس و که‌لله‌وشه‌ق و وورگ هاویشتن بۆیه‌کتری هه‌تا ته‌واو شل و کوت ئه‌بوون ئه‌وسا وازیان له یه‌ك ئه‌هێنا.

گۆبازی :-

ئه‌م یاری‌یه ئه‌کرا به دوو گۆڵی، به‌ڵام تۆپه‌که به دار دروستیان ئه‌کرد وه هویه‌که‌یان دارێکی به‌ده‌سته‌وه بوو به‌وه لێیان ئه‌دا سه‌ری داره‌که‌یان چه‌ماوه بوو وه‌کو گۆچان به‌مه یاری‌یان ده‌کرد وه به داره‌که‌یان ووتووه (چه‌وگان) و دیسان ئه‌م یاری‌یه به‌سواری ئه‌سپیشه‌وه کراوه وه داره‌که درێژتر ئه‌بوو، خۆیان به‌سه‌ر ئه‌سپه‌کانیاندا شۆڕ ئه‌کرده‌وه، بۆ لێدانی تۆپه‌که بۆ گۆڵ کردن.
کوردیی شاعیر باسی (گۆبازی) ده‌کات :-
گۆی سه‌رم چه‌وگانی میحنه‌ت دێیه به‌ر شه‌ق رای‌فراند ئه‌ل عه‌جه‌ب بۆشاسواری خانه‌یی زینم نه‌هات.

یاری شقارته :-

ئه‌م یاری‌یه به شقارته ئه‌کرا تیایا (وه‌زیر و گزیر و مه‌لیك) هه‌بوو. به‌نۆره شقارته‌که‌یان هه‌ڵ ئه‌دا ئه‌گه‌ر به‌سه‌ر باری درێژی بووه‌ستایه‌ته‌وه پێ‌یان ئه‌ووت (مه‌لیك) وه ئه‌گه‌ر به‌سه‌ر باری پانیدا بکه‌وتایه‌ته‌وه ئه‌وه ئه‌یان ووت (گزیر) به‌ڵام ئه‌گه‌ر به‌سه‌رشانا بکه‌وتایه‌ته‌وه ئه‌وا پێ‌یان ئه‌ووت (وه‌زیر).
یان ده‌نکه شقارته‌که‌یان ڕۆئه‌کرد وه ده‌نکه ده‌نکه کۆیان ئه‌کرده‌وه بێ ئه‌وه‌ی ده‌نکه‌کانی تر بجووڵێت.

چەڵە مشکێنە :[1]

ئەم یاریـەی زۆر باوی بوو لەنـاو گەورەو بچـووکـدا ، بەتـایبەتی کاتێك ئەم یاری‌یە دەکرا ، کە ماڵێك ئەوئێوارەیە مریشکیان سەر ببڕیایە وەلەکاتی نان خواردندا ئێسقانێك کە گۆشتـەکـەی لێ ئەکـرایەوەو ئەخوورا ، یەکێك ئەیگرت بەدەستیەوە ئەی‌ووت کێ گرەوم لەگەڵ ئەکات دووای ئەوەی گرەوەکەیان لەسەر شتێك ئەکرد ، ئینجا هەریەکەیان پەلێکی ئیسقانەکەیان ئەگرت و پێکەوە ئەیانووت (لەبیرم بێت لەبیرت چێت ـ بیرت بە قوڕە ڕەشـا چێت) هەر کە تەواو ئەبـوو ئیسقـانـەکـەیـان دەشکـاند ئیتر گرەوەکە دەستی پێ ئەکرد ، وە ئەم دووانە لە هەر شوێنێك یەکتریان بدیایە بەناوی شتێکەوە شتێکیان ئەدا بە یەکتـری پێـویست بوو هەر کە وەری‌گرت خێرا بڵێت : (لەبیرمە)وە ئەگەر وانەڵێ ئەوا گرەوەکەی دوڕاندووە دووای ئەوەی کە ئەڵێت (نەمان بردەوە؟) .

(١) تەڵەمشکێنەشی پێ ئەڵێن . (ع)

یاری دان دەرنەکەوتن :

ئەم یاری‌یـە لەسـەر خواردنی مەسکـەت و ڕەحـەتەلقوم و شەکرلەمەولەبزینە دەکرا ئەوکـەسـەی کە ئەیخـوارد پێویست بوو تا قووتی دەدا نەهێڵێ دانی دەربەکەوێت ئەگەر توانی دانی دەر نـەخـات وا دەیبـاتـەوەو ئەوی‌تـر پارەی ئەوخواردنـانـە دەدات وە بەپێچەوانەوە بێت خۆی دەدۆڕێت و پارەکە دەدات .

(هەڵمەقۆ)

ئەم یاری‌یە بەزۆری لەناو کچانا باو بوە .

دووکـەس یان چوارکـەس کە دوو دوو شەریـك بوون یاری‌یـان کردوە ، یاری‌یـەکـەش بریتی بوە ، لە بەکـارهێنـانی (٥) بەردی خڕی ساف ، هەردوولا ڕیـك کەوتـوون کە یاری‌یـەکـە لە چەنـد تەغـارێك بێت بابڵێن لەسەر (١٠٠٠) هەزار تەغار ڕێك ئەکەون

ئینجا یاری‌یەکە بەم شێوەیە دەس پێ ئەکا.

ئەوەی لەپێشا یاری‌یـەکە دەس پێ‌ئەکا، هەرپێنج بەردەکە فڕێ ئەداتە سەرزەوی، یەکێـك لە بەردەکـان بەئارەزووی خۆی هەڵئەگرێت و ئەیکا بە دەس کەلا، ئینجا چوار جار ئەم دەس کەلایـــە هەڵ ئەداو کاتـێ کە بەرزئـــەبێتـــەوە لە هەوادا ئەبێ دەس بەرێ یەکێك لە بەردەکانی تر هەڵگریت و بیباتە ژوورەوەی خانەکەو دەس کەلاکەش بگرێتەوە تا هەرچوار بەردەکەی‌تر والێ ئەکات و ئەمە پێی ئەڵێن یەك یەك ئینجا سەرلەنوێ دەس پێ‌کات و بەردەکان دوو دوو هەڵ ئەگرێ‌و ئینجا سێ سێ تا پێنچ بەردەکە تەواو ئەکا.

دوایی پێنـج پێنـج کە دەستی چەپی وەکـو پردێك دائەنێ‌و ئەگەر ئەوکەسە ڕاستە بێ دەستی چەپـەی وادائـەنێ‌و ئەگـەر چەپـە بێ بەپێچـەوانـەوە ئەمەش بەم جۆرەیە پەنجە گەورەو پەنجـە درێـژەکـەی ناوەڕاستی دەستی بڵاو ئەکاتەوە وەکوو دەرگایە، و پەنجەی شایەتمان سوواری پەنجەی ناوەڕاست ئەکات و وەکو تاقێ دای‌ئەنێ‌و هەرپێنج بەردەکە دوای ئەوەی بەردی دەسکـەلاکـە هەڵئـەدا، جاری بـەردێ لەناو ئەو تاقەوەوە فڕێ ئەداتە دەورەوەی تاقەکە ئینجا کامیان نزیك بوو لە دەرگای **تاقمی**ئەوە تاقی دووهەم ئەڵێ دەری ئەهێنمـــەوەو دەسکـــەلاکـــە هەڵئـــەداو دەست ئەکـا بە ژێـر تاقـەکـەی دەسی ئەبـا بۆ دەرهێنا ـــەوەی بەمـەرجێ ئەوەنـدەی ماوەی هەیـە تا دەسکـەلاکـە ئەگـەڕێتـەوە کە بەردەکـەشی دەرهێنـابێ‌و دەسکەلاکەی گرتبێتەوە خۆ ئەگەر نەی‌توانی ئەوا ئەم دۆڕانی و ئەگـەر تو ایشی ئەوا ئیتـر نۆرەی ئەمانە کە یاری‌یەکە بکەن و ئەوان تێ‌ئەکەون ئنجا خۆ ئەگـەر تاقمی دووەم سەرکـەوت، ئینجـا ئەوان دەست ئەکـەن بە یاری‌یەکەو هەرلایەك تەغاری‌کرد ئەولایە بردوویەتی‌یەوە خۆ ئەگەر لە هەر پلەیەکی‌یاری‌یەکەدا هاتەوە سەری ئەبێ سەرلـــەنـوێ دەس پێ‌بکـاتـەوە تا تەغـار تەواو ئەکـات بەم جۆرە خۆیـان بەمـەوە خەریك ئەکرد بۆ کات بردنەسەر.

لە گەڕەکدا کۆئەبوونەوەو ئەم جۆرە یاری‌یانەش ئەکرا:

١ ـ زۆران گرتن لەنێوان دوو کەسدا.

٢ ـ نیشانە گرتنەوە بە دەست و بە دار لاستیك.

٣ ـ شەرە تۆپەڵ و شێرە بەفرینە لە زستاندا.

٤ ـ شەڕەکەڵە لەنێوان دوو کەسدا.
٥ ـ شەڕە کەڵەشێر.
٦ ـ شەڕە کەو.
٧ ـ شەڕە سەگ.
٨ ـ شەڕە بەران.
٩ ـ شەڕە گەڕەك: بە بەرد، بەقوچەقانی، بەکوتەك، بەدار، بە شەق و بۆکس و بە جنێو.
١٠ ـ یاریی تۆپی پێ لەنێوان گەڕەکەکاندا ئەکرا.
١١ ـ یەك باز.
١٢ ـ سێ باز.
١٣ ـ سێ ڕێزکێن.
١٤ ـ دامە.
١٥ ـ تاوڵە.

تاهیربەگ لەسەر تاوڵە وتویەتی:

یەك نەفەس چاکی نەهێنا تالع و هەم بەختەکەم
شەش دەرم گیراوە داماوم بەدەستی نەردەوە

لە ناو دەستەی کوڕانا لە گەڕەکا ئەم جۆرە قسانە ئەووترا:

١ ـ کاکە سەعات چەندە؟ سەعات شەش و فشێکە.
٢ ـ ساڵح دۆمانی دۆمانی ئیمشەو لە ماڵی خۆمانی.
٣ ـ یا شێخ: بە شاڵت قەستەم ئاگرێ بەربووە لە جەستەم.
٤ ـ شەشی بە تەشپیەکە هەشتی بە ڕبەیەکە.
٥ ـ وەستا.. ئەمەت لێ هەستا.
٦ ـ ئەگەر یەکێك جرتێکی لێبدایە پێیان ئەووت دایگرەوە گووم بە جێگاکەی.
٧ ـ یەکێك ئەیووت: سێ پێنج پانزە دووحەڤدە سێ بیست. چەند دەکات؟ دوای بیرکردنەوەیەکی زۆر دیارە (٢٠) ئەکات.

٨ ـ یەکێک گوێچکەی یەکێکی تری ئەگرت و ڕای ئەکێشا ئەی‌ووت : کێچ یان مێش؟
ئەوی‌تریش ئەی‌ووت گوێچکەی فەقێ ڕامەکێش.

٩ ـ لەپاش ترێ خەمشەی برێ.

١٠ ـ مەڕمەما، مەرگەمووش، پووش.

١١ ـ زلە حەسیر لە گەڕاج.

١٢ ـ پارەم داوە تا گەڕاج سوار ئەبم.

١٣ ـ بەخوا پانە.

١٤ ـ پیاوێك ناوی مامەحەمە بوو پێیان ئەووت :
مامە حەمەی عەقراوی هێلکە ئەکا بە مراوی.

١٥ ـ مامەحەمە گون تەمتەمە،

وە زۆر شتی‌تر کە ناشێ بنووسرێ.

«لاوی ئەوکاتە هەموو لەبیریانە».

کەوبازو کۆتربازەکان

هەروەکو لەوەپێش باسمان کرد هەر لەزووەوە و تائێستاکەش لە ناو کوردەواری‌دا بەتایبەتی لە سلێمانی‌دا ئاژەڵ و باڵندە ڕاگرتن باوی بووە بەڵام ئێستا لەجاران کەمتر بەهۆی تەنگ و چەڵەمەی ناوچەکەوە، ئەوکەسانەی کە کەویان ڕائەگرت بۆ خوێندن و زۆرجار ئەیان بردن بۆ کۆڕی شەڕەکەو بۆ کات بردنەسەر، ڕاوچیش بۆ ڕاوەکەو ئەیان بردن بۆ ڕاو ئەمانەش نموونەی چەند کەسێکن لەو زاتانە:ـ

کەوبازەکان:ـ

١ ـ شێخ قادری حەفید زادە	مەللاك
٢ ـ شێخ جەلالی شێخ ئەحمەدی حەفید زادە	مەللاك
٣ ـ مەجیدی قالەی حەمامچی	توتنچنی
٤ ـ شێخ لەتیفی شێخ مەحموود	مەللاك
٥ ـ عیزەت بەگی وەسمان پاشا	مەللاك
٦ ـ مام ڕەحیم کوڵەبی	باخەوان

٧ ـ حاجی عەلی ماستاو	ماستاوفرۆش
٨ ـ جەمیلی سەعید بەگ	کاسب
٩ ـ حاجی باقی بەنگینە	نانەواو چایچی
١٠ ـ حاجی ئەحە بچکۆل	
١١ ـ حاجی عەلی کوتەك	بەقاڵی ووشکە
١٢ ـ حاجی ئەمینی سەڕاج	
١٣ ـ حەمەی ئەحمەد ئاغای چەخماخساز	
١٤ ـ حەمە سەعید	بەقاڵ
١٥ ـ ئەوڕەحمانە کوێر	
١٦ ـ عەلی گۆڵەیی	
١٧ ـ کەریمی دەروێش مەجید	نانەوا
١٨ ـ حەسەنی هادی	
١٩ ـ ئاغای حاجی ساڵحی قاسم	
٢٠ ـ مەلاعەلی حەمەغەریبی شامحەمەد	
٢١ ـ مەلای خەیاڵ	
٢٢ ـ حاجی عەلی لۆری	
٢٣ ـ ساڵحی حەمە ڕەحیم	
٢٤ ـ ئەمینی سەعەی سەمون	
٢٥ ـ وەستا مەحموی بەنا	
٢٦ ـ میرزا حسەین	ئوتێلچی
٢٧ ـ سالەی یونس بەگ	
٢٨ ـ عەلی زەردی پینەچی	
٢٩ ـ عەبدوڵلای شاپەسەند	
٣٠ ـ مەحمودی عەبەی شاپەسەند	
٣١ ـ مامۆستا عومەر عەبدول ڕەحیم	
٣٢ ـ خەلیفە کەریم	خەڵوزفرۆش

٣٣ ـ تۆفیقی عەلی چایچی
٣٤ ـ عەلی نایلۆن سەڕاج
٣٥ ـ سابیری حەسەنی پیرۆز
٣٦ ـ عومەری مامەلی
٣٧ ـ وەستا ساڵحی خەیات
٣٨ ـ کەمال مەولود
٣٩ ـ سابیری مسگەر
٤٠ ـ مام فەرەج
٤١ ـ عەلی غەریب
٤٢ ـ حەسەن ئاغا چاپی لە جادەی کاوە
٤٣ ـ مچەی ئەلە گوڵان چایچی لەمەیانی ماستەکە
٤٤ ـ سەی محەمەدی سەی ڕەشید چایچی لای مەزات خانەکە
٤٥ ـ ڕەئوفی چایچی بەرامبەر حەمامی سورەت
کەوبازەکان لەوێ دائەنیشتن

جێگای (دارا) جێگای شەڕەکەو

١ ـ مزگەوتە ڕووخاو
٢ ـ پشت حەمامی شێخ مارف
٣ ـ دەشتی ئەحمەدی ساغا (بەر ئەصحابەسپی)
٤ ـ قاوەخانەی سەرچیمەن
٥ ـ مەیانی دارو خەڵوزە کۆنەکە، شوێنی دەبۆکە
٦ ـ بەرئاشی قادرغا
٧ ـ باخی فەرەجی حەمەمراد لە سەرکارێز
٨ ـ خانووی عەباسەفەنی لای سینەمای دڵشاد

تێبینی: (دارا) بەوجێگایە ئەڵێن کە شەڕەکەوی لێ ئەکرێ بە تایبەتی لە وەرزی بەهار ڕۆژانی هەینی پاش نیوەڕوان، هەروەها ئەڵێن شێخ مەحموودی نەمر لە هەموو کەس

زیاتر حەزی لە کەو ڕاگرتن کردوە .

کۆتربازەکان

ئەمانە بۆ کات بردنەسەر بەدوای کۆتری چاکدا ئەگەران بۆ ڕاگرتنی ، لە ماڵەوە کولانەی تایبەتیان بۆ ئەکردن وجێگایی دان و ئاویان بۆدروست ئەکردن زۆر جار ئەچونە سەربان دووان هەڵیان ئەدان چاوەڕێیان ئەکردن تا ئەهاتنەوە شوینی خۆیان یان ئەیان نارد بە یەکێکدا بۆشوێنێکی دوور لە گەڕەکی خۆیان دوایی پەیدا ئەبو نەوە ئەهاتنەوە، چەند جۆر کۆتر هەبوون کە ڕایان ئەگرتن لە ماڵاندا جارجاریش لە هەندێ دوکان و حوجرەش ڕایان ئەگرتن .

ئەمەش ناوی جۆرەکانی کۆترەکان :

١ ـ تەقلەباز

٢ ـ حاقوو

٣ ـ حەمامی

٤ ـ شاملی

٥ ـ پەری

٦ ـ لەب لەب

ئەم دووانەش کێوی بون بۆ ڕاگرتن نەبوو:

١ ـ باریکە

٢ ـ شینکە

ئەم ناوانەی خوارەو هەندێ لەو کۆتربازانەی کاتی خۆی هەندێ کاتیان بردۆتەسەرو خۆیان بەووەوە خەریك کردوە :ـ

١ ـ عیزەت بەگی وەسمان پاشا ـ مەلاك و سەرۆکی شارەوانی

٢ ـ حەمە گاسوار ـ قەبر هەڵکەن

٣ ـ ئەمینی خولەی بوك ـ باخەوان

٤ ـ تۆفیقی حەمە خێل ـ بەردکێشی مەڵکەندی

٥ ـ تۆفیقی حەسەنە قوچ ـ نۆبەچی (مرور)
٦ ـ نوری بەگ ـ حەمامچی
٧ ـ فەتاحە گۆج
٨ ـ نوری کەرکوکی
٩ ـ ساڵح میراو ـ موختاری کانی ئاسکان
١٠ ـ حاجی عومەر ـ دارتاش
١١ ـ عومەری سالەگاکوژ
١٢ ـ ساڵحی مام ئەمین
١٣ ـ ئەوڕەحمانە کوێر
١٤ ـ ئەحەڕەشی حەمەی ئەمین مەلێ
١٥ ـ عومەر مەجید نادر ناتر
١٦ ـ ئەحەی فەحۆل
١٧ ـ سەعەی ڕێحان
١٨ ـ حسەی کافرۆش
١٩ ـ نوری سالەی فەقێ
٢٠ ـ حەمەسوری دارتاش
٢١ ـ حەمەی سانیە
٢٢ ـ پۆڵس عەزیز شینە
٢٣ ـ ڕەحیمی حاجی مەحمودی دارتاش
٢٤ ـ برایمی حەمەی مێشولە
٢٥ ـ سابیری حەمەگاسوار
٢٦ ـ ئاغای حاجی ساڵحی قاسم
٢٧ ـ عەلی موراد
٢٨ ـ جەلالی خولەی گوڵناز
٢٩ ـ عومەری گوڵچین
٣٠ ـ نون عیزەت بەگی وەسمان پاشا
٣١ ـ شەوکەتی حاجی کەریم

٣٢ ـ حەمەفەرەجی ئەحە سنەیی
٣٣ ـ عەلی مێ قەلی
٣٤ ـ مەلا نوری کەریم چاوەش
٣٥ ـ سەردار مستەفا مەزهەر
٣٦ ـ ئەحمەد بەگی کانی ئاسکان
٣٧ ـ عەلی قادر ـ برین پێچ

سەرچاوە :ـ
١ ـ ئاغای حاجی ساڵحی قاسم
٢ ـ عەلی غەریب
٣ ـ ساڵحی حەمە ڕەحیم

تێبینی :ـ
کاتێك من خەریکی کۆکردنەوەی ئەم یاری‌یە کۆنانە بووم کە پرسم بە پیاوی کۆن و شارەزای ئەو یاری‌یانــە کردبـوو، پێش چاپ کردنی بیستم کە مامـۆستـا صالـح عەلی سەرپەرشتیاری وەرزش و دیدەوانی لە پەروەردەی سلێمانی کە ئێستا خانەنشینە کتێبێکی وای دەرکـردووە بە دوو بەرگ بە ناوی فۆلکلۆری یاری‌و وەرزشی نەتـەوەی کورد بەرگی یەکەم و بەرگی دووەم لە ساڵی ١٩٧٤دا کە باسی یاری‌یە کۆنە فۆلکلۆری‌یەکانی گەلی کوردمـان دەکـات ، دوای ئەوەی کە مامـۆستـا صالـح عەلیم دی وە هەردوو بەرگەکەی دامێ کە بەڕاستی زۆرجوان وڕێـك وپێکـە کە زۆربـەی یاری‌یـەکـانی تێدایە وە کۆی کردۆتـەوە، لە زووربـەی ناوچـەکـانی کوردستـانی عێـراق، بەڕاستی زۆر سوودم لێ وەرگرت ، لە ڕاستی زانینی هەندێ لە یاری‌یەکانی ، بەڵام ئەم باسانە تەنها تایبەتی‌یە بەو یاری یانەی کە لە شاری سلێمانی‌دا کراوە . ئەوەی مامۆستای بەڕێز باسی یاری زۆر ناوچـەی‌تـری کردووە ، وە سەرچـاوەیەکی زۆر بەنرخە وە زۆر سوپاسی بێ‌پایانی ئەکەم هیوادارم نموونەی مامۆستای بەڕێز هەر زۆر بێت بۆ خزمەتی کەلەپووری نەتەوەکەمان .

● بووکە بە بارانی

● ئاشە بە تەنوورە

● زۆرانبازیی ساڵی ١٩٤٩

● چۆلەکە دەرهێنانی گوێ سەبانە

● موشێن

● شێر وخەت

«چەند دیمەنێ لە ڕابواردنی کۆنی سلیمانی»

١ ـ سەیران

هەر کە بەهار سەرەتای دەرئەکەوت بەتایبەتی دنیا خۆشی و هەتاو بووایە لە ڕۆژانی **هەینی‌دا دەستە دەستەو گەڕەك گەڕەك ئەوشەوەی بۆبەیانی کە ئەچوون بۆسەیران هەموو** شتێکیان ئامادە دەکرد بەتایبەتی یاپراخ ئەخرایە مەنجەڵەوە بۆبەیانی، لە سەیرانەکە دەیان کولاند، خواردنی تریش وەکو خورماو ڕۆن و پەنیر، یان هێلکەی کولاو، لەگەڵ چا لێیان دەنا، بەیانی کە ڕۆژ دەبووەوە هەریەکە بەپێی توانای خۆی شتێکی دەخستە بن دەستی وەیان سەرشانی‌وملی ڕێگەیان دەگرت، بۆشوێنی سەیرانەکە، هەندێ ماڵیش عەرەبانەی دووئەسپیان دەگرت وپێی دەچوون بۆسەیرانەکە. ئەم عەرەبانانە عەرەبانەی (یایلی)یان پێ‌دەگوت.

شوێنە بەناوبانگەکانی سەیرانگای ئەوکاتانە ئەمانە بوون:ـ

١ ـ شێخەباس: گردێکی پان وفراوان ونزیك دێی وولۆبەیە کە دەکەوێتە باشووری سولەیمانی‌یەوە، ماوەی «١٥» دەقیقەیە بە پێ.

لەکاتی خۆیدا لەسەر ئەم گردە درەختێك هەبووە ئەوەندە گەورە بووە کە بەئاسانی ژمارەیەکی زۆر گوریسی دیلانێی لێ داخراوە وە هەروەها ژمارەیەکی زۆر لە سەیران کەری لەژێردا دانیشتووە، بەلام کە سولەیمانی کەوتە ژێر ئەشکەنجەی عوسمانی‌یەکانەوە زوڵم وزۆرێکی زۆریان لەم شارە کرد تەنانەت دارەکەی شێخەباسیشیان بری‌یەوە وە سوتاندیان بەم شێوەیە وردە وردە ئەو سەیرانگا بەناوبانگە لەبیر چووەوە کە ئێستا بە هیچ جورێك ناوی‌نابرێ.

دارەکەی شێخەباس ئەوەندە بەناوبانگ بووە وەختێ کە شاعیری نەمری کورد نالی لە شامەوە نامەی بە شیعر بۆشاعیری نەمری کورد سالم ناردووە ناوی ئەودارەی تیاهێناوەو دەڵێت:

ئیستەش بە بەرگ و بارە عەلەمدارە شێخەباس

یان بێ‌نەواو بەرگە کراوە بە شەخسی عوور

● پیرەمێرد لە ئاهەنگی نەورۆزی کارێزی وەستا شەریف

● بازرگانەکانی قەیسەری وەسمان پاشا لە سەیرانێکی سەرچناردا

● سەیرانێکی نەورۆزی ١٩٣٨
● بەردەم گردی مامەیارە

● سەیرانی قەسابەکان، سەرچنار ۱۹۲۸



● سەیرانی دارتاشەکان، قەڵاچوالان ١٩٤٦

سالم لە وەڵاما دەڵێت:

زستانی ئەوەڵین بوو بەرگی دڕی داری شیخەباس
ڕۆمی ئەوەندە شوومە لە شەخسیش ئەدا زەرەر
ئەو بەردەکانی ناوی‌نرا قسنی شەخسەکەی
دایان بە شاخ و دارەکەیا نووکی بێ‌هونەر

ماموستا کامەرانیش دەڵێت:

ئەی دارەکەی شیخەباس ئاخ
لە دڵی منا تۆ بووی بە داخ
هاتن سەربازی عوسمانی
نامەردانە سووتانیانی

٢ ـ مامەیارە:ـ

ئەوگردە قووچەیە کە دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی شاری سولەیمانی‌یەوە ئەم گردە لەپێشا ناوی گردی گوڵان بووە ناوبانگی نەبووە، بەڵام بەرە بەر بوو بە شوێنێکی زۆر بەناوبانگ لە شاری سولەیمانیدا ئەویش دەگەڕێتەوە بۆشاعیری نەمری کورد پیرەمێرد (حاجی توفیق) کە هەموو ساڵێك ئاگری نەورۆزی لەوێ ئەکردەوە، لەو سەردەمەدا گردی مامەیارە ڕووتەنی بوو، داری تیانەبوو، سێبەر نەبوو بۆ سەیران کەران لەگەڵ ئەوەشدا هەتاوەکو ئێوارە لە بەرهەتاو دادەنیشتن بێ ئەوەی هەست بەگەرما بکەن، بەڵام لەم دواییەدا، میری درەختی تیا ناشت.

ئەم شوێنە سەیرانگای شاری سولەیمانی بوو، بەتایبەتی لە ڕۆژانی بەهاردا کە هەر چوار دەوری بە گوڵاڵە سورەو هەمەجۆری گوڵی ڕەنگاورەنگ ئەڕازایەوە ئەبوو بە شوێنی دڵداری لاوان لە کچ و کوڕ خۆیان ئەڕازاندەوە پۆل پۆل لەگەڵ کەس وکاریان ئەهاتن بۆ سەیران پاش ئەوەی چایان لێ ئەنا هەر تاقمە لەلایەکەوە، دەست ئەگیرا، بۆ هەڵپەڕکێ، لەلایەکی ترەوە دەست ئەکرا، بە غارغارێن و ڕمبازی، چەند کەسێك سواری ئەسپ ئەبوون وە لەوکاتەدا پۆلیسی سوارە هەبوون کە ئەکران بە دەوری‌یە بۆ

سەبرانەکە، ئەوانیش دەستیان ئەکرد بە غارغارێن هەتا وەکو دُمەدەمی ئێوارە، بەم شێوەیە بە هەڵپەڕکێ و گۆرانی ڕایان ئەبوارد پاشان وردە وردە بەرەو شار ئەگەڕانەوە ئەوانە کە بە پێ هاتبوون، ئەوانی تریش عەرەبانەکان ئەهاتن بە شوێنیانا.

بەڵام نابێ ئەوەشمان لەبیربچێت کە لە بەردەمی گردی مامەیارە کارێزێك هەیە پێ ی ئەڵێن کارێزی وەستاشەریف سەیران کەرەکان ئەو ئاوەیان ئەخواردەوە تا ئێستاش هەر ماوە ئەمەش پارچە شیعرێکە کە بەسەر مامەیارەو کارێزی وەستا شەریف دا هەڵ دراوە :-

ئۆخەی گردەکەی یارە	چەند شیرینە نازدارە
ئەو کارێزەی لە بەربێت	ئاوی شیرینی شارە
بۆیە هێندە جووانی	جێ ی نەوروزی کوردانی
سەیرانگایی بەهاران	جێ ی ئومێدی لاوانی

٣ - تووی مەلیك ٤ - قۆریەشکاو «عقاری ئیستا» ٥ - دەباشان ٦ - وەیس «ڕۆژانی چوارشەممە سەیرانگایەکی گەرم بووە، شوێنی مقری فرقە» ٧ - کانی با ڕۆژانی چوارشەممە ڕێگە کۆنەکەی هەڵەبجە ٨ - کارێزی مەجی بەگ ٩ - کۆستەی چەم «خوار قلیاسان» ١٠ - سەرچنار ١١ - کارێزی عەزیز ئاغا «دوو لوولەکە» •

٢ - شەوانی هاوینان :

لاوەکان گەرەکاو گەرەك ئەگەڕان بە گۆرانی ووتن و چەپلە لێدان، بە کۆڵانەکاندا ئەسووڕانەوەو تا شەوێکی درەنگ گۆرانی خۆشی کۆنی وەك «دەی‌دەی بارانە» وە «ئامێنێ» و زۆر گۆرانی تریان ئەووت بە شمشاڵ لێدان لەگەڵیا، هەروەها ژنانیش کۆمەڵیان ئەبەست، بەدەم قسەکردنەوە لە بەرماڵەکانیانا وە منداڵانیش خەریکی یاری‌کردن بوون، پیاوەکانیش ئەچوون بۆ چایخانە وە یان مزگەوت وەختیان ڕائەبوارد، تا کاتی نووستن، پاشان ئەگەڕانەوە بۆ ماڵەوە، زۆربەی ماڵەکان لە سەربان ئەنوستن، لەناو چێغدا، زوربەی ماڵەکان سەربانیان بەیەکەوە بوو، نزیك بوون لە یەکتری، هەر لە سەربان میوانداری یەکتریان ئەکردو وەختیان ئەبردەسەر تا کاتی نوستن. هەر لەناو

چیغدا لەلایەکەوە گۆزە یان شەربە پڕئەکرا لە ئاو بۆ شەو سارد ئەبوو بۆ خواردنەوە لەلایەکی ترەوە میوە لە شووتی یا کاڵەك یان ترێ حازر ئەکرا ئەیانخوارد، لەژێر پارچە پەڕۆیەکی پاکدا بەفر دائەنرا، جار جار ئەخرایە ناو جامێکەوە، وە هەندێ ماڵ نە ئەچوونە سەربان کورسی گەورەیان هەبوو جێگای خێزانەکەی لەسەر ئەبووەوە لەسەری ئەنووستن، پەیژەیەکی بچووکی هەبوو پیا سەر ئەکەوتن.

٢ ـ شەوانی زستانان :ـ

هەر شەوە ئەچوونە ماڵێك دائەنیشتن تا نیوەشەو بەهەندێ یاری وەختیان ئەبردەسەر، وەکو کلاو کلاوێن و گۆرەوی بازی و گەنم گەنم وەیان مەتەڵ لە یەك داهێنان یان یەکێك چیرۆکێکی بۆ ئەگێڕانەوە، گەورە و بچووك گوێیان لی ڕائەگرت، تا لە لە چیرۆکەکە ئەبۆوە، لەم ماوەیەدا چایان لێ ئەناو چەرەسیان ئەخوارد و زۆر ماڵیش باسووق و گوێز و مێوژ و نۆکیان دائەنا ئەوشەوەیان ئەبردەسەر بۆ سبەی شەو ئەچوونە ماڵێکی تر.

٤ ـ ڕەمەزانان :

هەر کە ڕەمەزان نزیك ئەبۆوە هەموو ماڵێك دەستیان ئەکرد بە ئامادەکردنی شتوومەك وەك نان کردن جل شتن و ئەوشتانەی کە بۆ ڕۆژووەوان زەحمەت بوو. ئینجا کە ڕەمەزان ئەهات یەکەم شەو چەند تۆپێك ئاگر ئەدرا و ئەکرا بە ڕەمەزان، بەیانی هەرکەس ئەچوو بۆسەر ئیشی خۆی وە لە هەموو شارەکەدا سێ چوار شوێن ئیجازەی ئەدرا بۆ نان تیا خواردن، دوای دەمەدەمی عەسر دوکانەکانی سەر جادەکان کە ڕەمەزان بکەوتایە گەرمای هاوینەوە مەرکانە دۆیان ئەهێنایە سەر شۆستەکان وە لەسەر مێزێك بەفریان دائەنا بە مشار ئەیانبری‌یەوە، بۆ فرۆشتن. هەرکەس بچوایە دۆی بکڕیایە، پارچەیەك بەفریان بۆ تێ ئەخست، لە لایەکی ترەوە شەربەتی مێوژی ساغ لە سوراحی گەورەدا دائەنرا پەرداخی بە چوار فلس «عانەیەك» بە بەفری مەڵکەندی‌یەوە شەربەت فرۆش ئەیان فرۆشت. لە لایەکی تریشەوە بەقاڵەکان میوەیان دائەنا وەکو شووتی و ترێ و کاڵەك و خەیار کە ئەیانکڕی هەندێ ... دەسەسریان فەقیانەکانیانەوە ئەیان هێنایەوە بۆ ماڵەوە، تا نزیك بەربانگ هەموو شتێك ئامادە ئەکرا، ئینجا پێش ئەوەی تۆپەکە بتەقێت، لە هەموو گەڕەکەکانا منداڵان خۆیان تۆپیان دروست ئەکرد لەقاوغی فیشەك یان لە بۆری‌یەکی باریك سەریکی گیرابوو، ئینجا کونێکیان ئەکردە بۆری‌یەکە، پاشان

نیوەی پرئەکرا لە بارووت دوای ئەوە پەڕۆیان بە شیشێك ئەئاخنی یە ناو بۆری یەکە، لەدواییدا چاوەڕێی ئەوەیان ئەکرد کە مەلا بانگ بدات، لەگەڵ تۆپەکەدا، ئەمانیش ئاگریان ئەنا بە تۆپەکەی خۆیانەوە، هەندێکیان دەنگی باش ئەهات. کە تۆپەکە ئەتەقی وە مەلاش بانگی ئەدا نوێژیان ئەکرد پاشان بەربانگیان ئەکردەوە، دوای ئەوەی کە بەربانگیان ئەکردەوە ئینجا دەستیان ئەکرد بەگەڕان بۆ مالاّن وە زۆربەی پیاوەکان ئەچوون بۆمزگەوت بۆ «تەراویح» پاش ئەوە روویان ئەکردە چایخانەکان لەوکاتەدا هەندێ لە چایخانەکان وەکو چایخانەی حەمە شەشە لە صابونکەران و چایخانەی شێخ محەمەدی کاکەلاو بەرامبەر حەوشی سەرا وە چایخانەی عوسمانی قالەرەش لە سەرشەقام چیرۆك «حیکایەت»ی تیا ئەخوێندرایەوە وەك حیکایەتی رۆستەمی زاڵ و خورشیدو خاوەرو شیرین و فەرهاد تا پاڵی ئەدا بە پارشێوەوە، ئینجا حکایەت خوانەکە ئەیووت باقیەکەی تری بۆ سبەی شەو، بەم جۆرە هەرکەسە بۆ ماڵی خۆی ئەڕۆیشتەوە، لە لایەکی تریشەوە هەرکە ئەگەیشتە ١٢ی رەمەزان رۆژە تاکەکانی ١٣، ١٧، ١٩، ٢١، ٢٩، ناوساجیان ئەبەشیەوە.

٥ ـ جەژنان :ـ

کۆن کە جەژنیان ئەکرد چەند رۆژێك پێش جەژن هەموشتێکیان ئامادە ئەکرد، هەندێك جلی تازەیان ئەکرد، هەندێ جلی کۆنیان ئەشت ئەیانارد بۆئوتوو. پێڵاوی تازەش ئەکرا. هەندێك پێلاوەکانیان ئەنارد بۆلای پینەچی چاك ئەکرایەوە لەپاشدا ئەبرا بۆبۆیاخ کردن لەلای بۆیاخ کەرەکانی بەردەرکی سەرا کە بەریز دائەنیشتن. کە ئەکرا بە جەژن بەیانی زۆر ماڵ سینی یەك چێشتی ئەنارد بۆمزگەوت پاش نان خواردنی جەژن دەست ئەکرا بە گەڕان بۆماڵە دراوسێ و خزم ئینجا منداڵەکان پارەی جەژنیان وەرئەگرت ئەچوون بۆپیرمەسوور یان هۆمەرمەندان یان بەردەکی سەرا لەوشوێنانەدا چەرخوفەلەکو کورسی کورسی و زۆر یاری تر دانرابوو بۆمنداڵان لە لایەی تریشەوە ئوتومبیل راوەستابوو سوار ئەبوون بەسەعات و ئەگەڕان بە ناوشاردا بە گۆرانی و چەپڵەڕێزان ئەم جۆرە گۆرانیانەیان ئەووت وەك هەی بەلار، سەوزەڵێ، شیرینی لەیلانێ، ئەرێ هۆلەیلێ. لە لایەکی ترەوە عارەبانەی دوو ئەسپی لە بەردەرکی سەراوە بۆپیرمەسوور یان بۆماڵی موتەسەریف ئەچوونو ئەهاتنەوە، هەر لەم شوێنانەدا ئوتومبیل بۆقلیاسان ئەمسەرو ئەوسەر بە ٢٠ فلس منداڵ سوار ئەبوون مێزدانرابوو سینی یە پاقلاوەو برمەو لوقمەقازی

وشتی تـر ئەفـرۆشراو هەندێ سەرەکۆڵان لگاوچی لگاوی ئەکرد، لەلایەکی تریشەوە لە پیـرمـەسـوورو هۆمەرمەندان بەزۆری پۆلیسی سوارەو هەندێکەس کە ئەسپیان پێ بوو دەستیـان ئەکـرد بە ڕمبـازی، هەروەهـا لەو شوێنـانـە ئەدرا لە دەهـۆڵـو زوڕنـاو ئەکرا بە هەڵپەڕکێ تا دەمەدەمی ئێوارە.

٦ ـ ئاهـەنـگ: جاران وا باوبـوو هەر ماڵێك مناڵیان ببوایە کوڕ بوایە، وەیا ژنیان بهێنایە یان بەبـۆنـەی شتێکی خۆشـەوە شەوێکیـان تەرخـان ئەکرد پێیان ئەووت ئاهەنگ.
خاوەن ماڵەکـە چەنـد ڕۆژێـك لەوەپێش خۆیـان ئامـادە ئەکـرد وە ماڵیـان ئەرازاندەوە، شوێنی ژنـان بەجیـا، پیـاوانیش بەجیا، کە ئێوارە ئەهات خواردن ئامادە ئەکرا، چایان لێ ئـەنـا، میوەیان ئامادەئەکرد، پاش نانخواردن وردە وردەدەست ئەکرا بەقسەی خۆشو پێکـەنین، ئینجـا دەست ئەکـرا بە گۆرانی ووتن بەتـایبەتی هەندێ دەنگخۆش هەبوون هەرلـە ئاهەنگەکەدا، گۆرانیان ئەووت، یان دەنگخۆشێکی برادەری خۆیان ببوایە، ئەوە ئەوشەوە گۆرانی بۆئەووتن وە هەموو بەدەم گۆرانی یەکەوە چەپڵەیان لێ ئەدا یەکێك هەڵئـەسـا لەگـەڵیا سووڕی ئەدا جارجارێك دەهۆڵ وزوڕناشیان ئەهێنا بەدەم گۆرانی و هەڵپـەڕکێ وەو قسـەی خۆشـەوە ئەوشـەوەیـان ئەبردەسەر، ساڵان بەم شێوەیە خەڵك ڕایئەبوارد بە بێ ئەوەی هیچ غەمێکیان بووبێ.

٧ ـ شوێنی مەلەکردن:ـ
بەزۆری مەلـەکـردن لەنـاو شارا ئوسـڵ خانـەی مزگەوتەکان بوو کە ئەچوون مەلـەیـان تیـا ئەکـرد بەدزی مجـەورەکەوە بەڵام زۆر جار کە مجەورەکە پێی ئەزانین، یەکسـەر، جلەکـانی ئەخستنـە ناو حەوزەکـەوە پاشـان بەشـوڵـك ئەچـووە گیـانیان لە لایـەکی تـریشـەوە لە دەرەوەی شار بۆ زەرعـات (ئـەستێـرك) دروست ئەکرا لە بەردەمی جوگـەیـەکـا ئاوەکـە پەنگی ئەخـواردەوە زۆر ئەبوو ئینجا مناڵی گەورە دەستیان ئەکرد بە مەلـەکـردن ئەوسـا دەرلێی درێـژ باوی بوو، فویـان تێ ئەکردو دەرەڵنگەکانی ئەبەسترا پڕئـەبـوو لە هەواو سەر ئاو ئەکـەوتن وە مەلـەیـان ئەکـرد، ئینجا ئەچوون بۆ فەریکەنۆك خواردن، یا بێستانی ترۆزیو خەیار، یان کاڵەك یان شسووتی، تێریان ئەخواردو وردە وردە بەرەو شار ئەبوونەوە.

باخچەی گشتی و سینەما :ـ

لەو سەردەمەدا لە شاری سولەیمانی‌دا ژنان کەم ئەچوونە دەرەوە هیچ شوێنێك نەبوو کە ڕووی تێ‌بکەن تەنها دوو شوێن نەبێ .

یەکەم : باغچەی گشتی : لە هەفتەیەکدا ڕۆژانی یەك شەممەو چوارشەممە ئەچوون بۆ باغچەی گشتی هەرگەڕەکە چەند کۆمەڵێك پێکەوە ئەڕۆیشتن لە عەسردا خۆیان ئەڕازاندەوە بەس ژنان ماکیاجیان ئەکرد، کە پێ‌یان ئەووت سوراوو سپیاو، کچانیش بێ‌مکیاج، بەڵام جلی جوانیان لەبەرئەکرد، خواردن و چەرەسیان ئەبرد، لەوێ وەختیان ئەبردەسەر، تا نزیك ئێوارە ینجا ئەگەڕانەوە، هەروەها کوڕانیش خۆیان ئەگۆڕی هەندێکیان گوڵیان ئەکرد بەیەخەیانا ئەگەڕان بە دەوروپشتی باغچەکەدا .

دووەم : سینەما ئەمیش بەوجۆرە ڕۆژانی دوشەممە تەرخان کرابو بۆ ئافرەت وە لەم ڕۆژەدا ئافرەتان خۆیان بۆ ئامادەئەکرد وئەچوون بۆ سینەما .

سلیمانی سالی ١٩٠٦ [illegible]

● پیاوانی گەڕەك لە یەکەم ڕۆژی جەژندا، مزگەوتی حاجی‌حان

● بەردەکەی شێخ حەسەنی گلەزەردە

● بەرامبەر دەشتی شێخ جافەر لە جەژندا



● کورسی کورسی



● چەرخ و فەلەك

● شەربەتی مێوژ لە جەژنا



● منداڵان بەسواری

عەرەبانەوە بە پارەی جەژنانە

بەهاران

کوڵە کنگرو نێرگسی بەهار
فرۆ شیرێژو قەیماغ بەرەوشار
لە کۆزەرەقەو بازیان خەراجیان
ماستی مەرەگێژ لەگەڵ هی ترجیان
کەرەو مەشکەدۆ تا پەنیری تەر
پڕ بازار ئەبوو پیت و فەری مەر
کوزەڵەو بەنگۆکە بنارو شاخێ
سەوزو شین ئەبوو گوێچەم و باخێ
گوڵاڵە سوورە زەل و گیاکەڵە
هەڵەکۆك لووشە پونگەو خەرتەلە
چوالە اسی ژێر بەفری زستان
هی پیرەمەگرون پێنجوێن و کوێستان
نۆبەرەی بەهار کاروان ئەیهانی
بۆناو بازاری شاری سلێمانی

وا بەسەرئەبرا وەرزو مانگ و کات
تەمەن ساڵ بەساڵ بەرەوپێش ئەهات
بۆ ئەو زەمان و کات و سەردەمە
دواییم پێهێنا بەم شتە کەمە
گەر کەم و کوورێ بێ یاخود ناتەواو
ئەوەی زانیومە خستومە بەرچاو
داوام ئەوەیە بەتام و پێز بێت
جێی ڕەزامەندیی ئێوەی بەرێز بێت
(قادر برسی)

« هاوینان »

بەیانیان کاروان ئەهات بەرەوشار
بەفرو خەڵووزو میوەو سپیدار

کەلە گوێژەوە ئەهاتنە خوارێ
ئاشکرا دیاربوو کە خێر ئەباری

لە دەنگی زەنگوڵەو تەقەو خشەی دار
سازو سەمتور بوو بۆ هۆرەو قەتار

ئەستێرەی ئاسمان ئەیان جریوان
ئیمەش لە چیغا لە بەربای بەیان

ئەمان ڕوانییە ڕەزی وێڵەدەر
بۆ بارە کەوی وێل و دەربەدەر

بۆ قاسپەی نایەو تێی ناچریکێنێ
خـەڵکی بێ‌ئاگا لە خەو هەڵسێنێ
سەربانان چیغ و فانۆس چەرپایە
لانکەو بێشکەی جوان دەنگی لایلایە

پەردەو کولەی بووك یا تازە زاوا
پەناهەندە بوون لە ترس و تاوا

بۆ ئەوەی هەتاو هەڵیان نەسێنێ
ڤیروسیا خەسوو با بیوڵێنێ

« پایزان »

دو ا مانگی هاوین نەمانی گەرما

نۆرەی پایز بوو خەزان و سەرما

گەڵاڕێزان و کزەی بای وشك
عاشقەو ماشقەی مار خشپەی کلاشك

زەردەواڵەی زۆر بن میچ و مشك
کلاش کلاش و شڵپەی دوپشك

هاوار هاوارو گریەو باوکەڕۆ
لەتاو لەرزوتاو دەردی سێبەڕۆ

باخ هەڵپاچین و پەل و پۆ بڕین
تەماتە گوشین ئازووقە کڕین

لەسەر ڕێگاوبان تروسکەی ئاگر
ئەبینرا دیاربوو قوڵغی باجگر

لەگەڵ ئەویش دا میوەی هەمەڕەنگ
بە ترازووی چەرمین کێش و هۆقەی سەنگ

سەوی بەرچنە بازاڕ دەرماڵان
هەڵیان ئەڕێژا هەرزان و تاڵان

هەموو ساڵ پایز تا دوایی ئەدات
ژنان خەریکی ترخینەو ترشیات
پیاوان پەلەپەل ئەکەوتنەخۆیان
زەل و ڕەشگەکا سواغ و گڵەبان

« زستانان »

زستانیش بەفرو چۆڕ راوگەو باران
سەربان ماڵینەو کوتان و گێڕان

هەورو چەخماخەو بارانیبەحوڕ
ڕەشەبای گۆیژەو قوڵچی فیك وهوڕ

بن گوێیسەبانەو چوخم و پاڵ دیوار
تونی حەمام و قەیسەری‌و بازاڕ

خۆ مەڵاس کردن تاوتاویش گەڕان
ساقۆڵ و حسکە پانزەتیر لە شان

حەمام چی ناتر قەساب نانەوا
جارجار ئەگیران لە نیوە شەوا

میلی تفەنگ و دەنگی تێخوڕین
بۆ نەهێشتنی دزی‌و ماڵ بڕین

کەلاوەو قوژبن دەوروبەری شار
تاك تاکە فانۆس هەڵواسراوی دار

لوورەی چەقەڵ و ڕەشەمێ سەگ وەڕ
تا ئاگری نەورۆز ساڵ وا ئەچووەسەر

« ڕەمەزانان »

بە ڕەمەزانان بەربانگ و پارشێو
تۆپی پەڕۆ کۆن وەکو بوڵەی دێو
پڕئەبوو لە خەڵك قشڵەو دەبۆکە
گوێیان ئەئاخنی بە پەنجەو لۆکە
لەدوای تەقاندن بانگ و تەپڵ و دەف
تۆبەو پەشیمان لە کفرو لە ڕەف
پاش نوێژی شێوان ڕۆژو شکاندن
سەرفترەو زەکات یا سەر قەبڵاندن
بەرەو ماڵی خواو نوێژی تەراویح
بۆ خەتمەو خەڵوەت درودو تەسبیح
هەندیکیش بە ڕۆژ لە گوشەی مزگەوت
ڕۆژگار بە بێکار خەویان لێ ئەکەوت
کتێب گرتنەوەو باسی خەونامە
لە برەوا بوون وەك تاوڵەو دامە
شەڕە کەڵەشێر، کۆتر کەوبازی
باس و تەماشای سواریو ڕمبازی
بەردەرکی سەرا شەوان چایخانە
پاڵەوان بازیو میل و زۆرخانە
دەست و مەچەکی مامە عەبوودی
لە پاڵوانا کەم کەسی وام دی
نێرگەلەوعارپێچ چاو قاوەو فنجان
برنوتی سەبیل مژین و کێشان
کوڕە کوڕەی کۆن بە کۆڕو کۆمەڵ

ڕەفیقی گلۀحەمکوڵ، سەعەشەل
ڕانك و چوغەی شاڵ، پەستەکی بانە
خەنجەری دەبان، مشکیو جامانە
کڵاوگرێچن، کلاش، فەقیانە
پشتوێنی شاڵ و پێو پووزەوانە

بە یاری قلیچ ئەسکەمل مۆرە
یا بەستەی سەفەر نۆرە بەنۆرە

یاخود بیلاردو مێزو تۆپ و دار
بە دوو کەس ئەکرا قۆزو هەرزەکار

دەنگ خۆشی ئەوسا قالە گۆج، ڕەشۆل
دەنگیان ئەگەیشتە چوارباخ و سەرگۆل

بانگ و سەڵای خۆش ئایایو سەبا
بەیانیان شەماڵ بۆڵای خوای ئەبا

وا بەسەرئەبرا مانگی ڕەمەزان
هەردوو جەژنەکەیش ڕەمەزان، قوربان

« جەژنەکان »

جەژنانِ دڵپاکیو گەردن ئازادی
ئاشتیو لێبوردن بە خۆشیو شادی
برنجی گلەو بازیان و سەنگاو
پڕ لەتکەی عەجەم بۆ پەردە پلاو
بە ڕۆنی کوردی هێزەو کووپەی شین

دەست خۆش کەیبانوو هەزار ئافەرین
تەقەی کەوگیرو بنکرِی برنج
مرِی ئەکردین وەك فیلی شەترنج
مستەقای سلّق و شله   قاورمه
تاسکەبابی چەور بە گۆشتی نەرمە
بۆن و بەرامەی زیرەو دارچینی
زرنگەی مۆسیقای فەخفوری‌و چینی
لەدوای نان خواردن دراوسیّ‌و ناسیاو
مالّ بەمالّ ئەچوون پۆل   پۆل ژن و پیاو
پۆشتەو پەرداخ و جل وبەرگی جوان
شیرینی‌و نوقولّ شادو کامەران
بەوبۆنەیەوە باشترین هەلّکەوت
بۆ ئاشت بوونەوە ئاسان دەست ئەکەوت
لەدوای بەخشین و تکای لیّبوردن
پیّتی ئەسەلماند کە کورد چەن مەردن
برای هەرکەسیّ گەر بشکوژ رایە
ئەبوو لە چەژنا هەر ببەخشرایە
خۆ ئەگەر کەسیّ بچوایە بۆ حەج
لەوەپیّش زیاتر ئامادەو مل کەچ
حەج ئەوسا وابوو زۆرتر بە کاروان
ئاوابوو پیشەو دەستووری جاران
قۆچی قوربانی پاریّن دابەستە
ئەبەخشرایەوە بۆ ئەو مەبەستە

(قادر برسی)

* * *



● مەحمود بەگی حاجی ئەمین بەگ ـ جەڕاح



● فەرەج ئاغای دارۆغایی
١٩٠٦ ـ ١٩٨٦

● حاجی ئەمینی کاکە حەمە ١٨٤٥ ـ ١٩٤١

● واحید ئەفەندیی مەلا ئەحمەدی قوربانی
١٩١٢ - ١٩٨٢

● فایەقی کاکەمین ١٨٩٧ - ١٩٥٥ یەکەم فرۆکەچی سلێمانی لە سوپای عوسمانلیدا

● کامیلی کاکەمین ١٩١٢ - ١٩٨٧

● بە بۆنەی شووکردنی حەپسەخانی نەقیبەوە ١٩٢٠

● هەندێ لە ناودارەکانی سلێمانی

● هەیئەتی مەشوٚرەتی کورد لە سلێمانی ساڵانی ١٩١٥ ـ ١٩٢٢

● مەلا سەعیدی کابان

١٨٩٨ - ١٩٦١

● ئەحمەد بەگی تاپۆ

١٨٦٠ - ١٩٣٣

● کوتر بازیکی کون توفیقی حەسەنە قوچ

● جل و بەرگی جاران

● قادر ئاغای عەتتار

١٨٨٢ - ١٩٧١

● کەوباز مام رەحیم کوڵەیی

باشکۆ

تاجیری توتن قەڵەمچی

کاتی خۆی ئەو توجارانە ئەچون بۆ دێهاتەکانی ناوچەی دەورو پشتی سلێمانی بۆ توتن کرین و داگرتن ئەمانە زۆریان ئاشنای خۆیان هەبووە لە دێهاتەکان یاخود جوتیارەکان خۆیان توتنەکانیان بە وولاخ ئەهێنا بۆ ناوشار لەناو خەرار یان گونیەدا، لێرە توجارەکان لێیان ئەکرین، ئەم توجارانە بە هۆی کۆمەڵێك حەماڵی ئەمینی شارەزاو ناسیاوی خۆیان ئەو توتنە جوان و رێك و پێك ئەخرایە گونیەوەو دائەگیرایەوە جوان دەمیان ئەدوری وەچەند (حەماڵ باشی)یەك سەرپەرشتی ئیش و توتنەکەیان ئەکردن وە لەو خانەدا کە شوێنێکی گەورە بوو بریتی بو لە سێ حەوشەی گەورە بەچوار دەوریا هەموی حوجرە، حوجرە بو هەر حوجرەی (عەمار)ی تاجیرێك بووە کە توتنە کانیان تێکردوە، ئەو سێ حەوشەیە بەم ناوانە ناو براون یەکەم حەوشی گومرگ دووەم حەوشی حەوزەکە لەگەڵ حەوشی سێیەم ئەم توتنانە جاروبار ئەو حەماڵانە لە حوجرەکان ئەیان هێنایە ئەم حەوشانە بۆ سەیرکردنی توتنەکە لە نەخوۆشی‌و خراپ بونی، گونیەکانیان ئەکردەوەو تاوتۆ میان ئەکرد واتە (سەرەشکێنە) ئەکرا، ئەو فەردە گونیانەش هەر خاوەنەی جۆرە حەرف و ژمارەیەکی تایبەتی خۆی هەبو کە لەسەر فەردەکانیان ئەنوسرا واتە نیشانە ئەکرا. هەر لەم خانەدا دائیرەی (گومرگ)ی تیا بو کە رەسمی خۆی لە خاوەن توتنەکان ئەسەند ئەو زەمانەش مودیری گومرگ ئەمین بەگ بو کە پێیان ئەووت

مودیری (ڕێژی) کە لە زمانی فەرەنسی‌یەوە هاتوە. دوایی ئەو توتنانەیان ئەنارد بۆ بەغا هەر لە زووەوە بە کاروانی وولاخ لەڕێگای قەراغەوە، تالۆری کەوتە ناو شارەکەمانەوە لەوێش دوو تاجیری گەورەی خەڵکی سلێمانی هەبون یەکەمیان میرزا فەرەجی حاجی شەریف دووەمیان ئەحمەد ئاغای کەرکوکلی زادە کە لە زووەوە لە بەغا دائەنیشتن لەوێ خانیان هەبو خانەکانیش هەر وەکو ئەوەی ئێرە حوجرەی تیا بوو ئەمان لێرەوە توتنەکانیان ئەنارد بۆ ئەوان لەو خانەدا لە حوجرەکان دایان ئەناو توتنەکانیان بە تاجیرەکانی ئەوێ ئەفرۆشت، پاش مەسرەف و حەق و ساعی واتە (قومسیون)ی خۆیانیان لێ دەرئەکردو باقی پارەکانیان ئەدانێ تاجیرەکانی ئەوێ بە گوێرەی ڕۆژ بەئارەزوی خۆیان نرخیان لەسەر ئەو توتنانە دائەنا تا ساڵی ١٩٣٨ بۆ یەکەم جار دائیرەی (إنحصار) لە سلێمانیو شارەکانی تری کوردستان دانرا.

ئیتر لەو کاتەوە ئەو توجارانەو جوتیارەکان خۆیان توتنەکانیان ئەدا بە (إنحصار) وە ئەم دائیرەیە چەند لیژنەیەکی شارەزای لە توتن دامەزران بۆ فەحصی توتن وە بە گوێرەی چاك و خراپی توتنەکە دەرەجەیان لەسەر دائەنا پێنج دەرەجە بۆ مومتازو یەك و دوو و سێو چوار لەسەر ئەم دەرەجانە پارەی خۆیان لە میری وەرئەگرت .. ئەم إنحصارە سودێکی گەورەی هەبوو، ئەمەش ئەگەرێتەوە بۆ هەوڵی ئەمین زەکی بەگ کە لەو کاتەدا وەزیری (إقتصاد) بو.

ناوی تاجیرەکان

١ ـ عەلی ئاغای مەولودی سام ئاغا ١٨١٠ ـ ١٩٠٥

٢ ـ حاجی محمەدی عەلی ئاغای مەولودی سام ئاغا ١٨٦٠ ـ ١٩٦٠

٣ ـ حاجی فەتاحی قادر

٤ ـ حاجی سەعید ئاغا

٥ ـ حاجی مەلا محی‌الدین:برابون

٦ ـ حاجی ئیبراهیم ئاغای خەفاف

٧ ـ میرزا فەتاحی حاجی شەریف
٨ ـ میرزا کەریمی حاجی شەریف : برابون
٩ ـ ئەحمەدی حاجی صاڵحی خەفاف
١٠ـ میرزا غەفوری حاجی مەعروف: برابون
١١ـ مەلا حسەینی حاجی مەعروف
١٢ـ میرزا غەفوری حاجی مەلا سەعیدی شاڵی
١٣ـ میرزا مستەفای حاجی مەلا سەعیدی شاڵی : برابون
١٤ـ حەمە نەجم وەسمان
١٥ـ اسماعیل ئاغای شاڵی
١٦ـ حاجی محەمەدی لاوە
١٧ـ ئەحمەدی تەها
١٨ـ میرزا ئەوڕەحمانی حاجی فەتاح
١٩ـ حاجی ئەمینی حاجی فەتاح : برابوون
٢٠ـ حاجی مەحموود دارتاش
٢١ـ حاجی کاکە حەمە
٢٢ـ میرزا تۆفیق : برابون
٢٣ـ حاجی عبدالواحد
٢٤ـ عەلی ئەفەندی حاجی ئەمین
٢٥ـ میرزا ئەوڕەحمانی شاڵی
٢٦ـ غەنی حاجی عەبدوڵڵا شاڵی
٢٧ـ میرزا سەعیدی مەلا عەباس
٢٨ـ کاکە حەمەی مەلا عارف
٢٩ـ مستەفاغای حاجی حەمەسەعید
٣٠ـ میرزا سەعیدی مەلا ئەحمەد بەقاڵ
٣١ـ میرزا عەویزی مەلا ئەمینی ئەحمەد بەقاڵ : برابوون
٣٢ـ حاجی صاڵح قاسم

٣٣- حاجی ڕەشیدی حاجی سەعید
٣٤- حاجی مەلا خالید مەلا عەلی
٣٥- فەقێ ڕەشیدی حاجی صاڵحی قەشانی
٣٦- حاجی محەمەدی ڕەشان
٣٧- حاجی فەرەجی ڕەشان : برابون
٣٨- خواجە عەبدە خدرە
٣٩- عومەری حاجی محەمەدی سام ئاغا

تێبینی :-

ئەو خانەی کە توتنیان لێ دائەنا دائیرەی گومرگی تیا بو لەبەر خانەقا بو ئێستاکە شوێنی گەراجی بەغـایـە بەرامبـەر گەڕاجی شەعب (خـانـە سووتاو)ی کۆن، ئەو خانـە لە مانگی مایسساڵی ١٩٣٤ لەپێش نیـوەڕۆ توتنـەکـان گڕی تێبـەربـووو سووتا خاوەن توتنەکان هەندێ لەو فەردە توتنانەیان بە پەلە پروزکێ ڕزگاركرد، لەو ساوە پێیان ئەووت گومرگە سووتاو بەڵام لە پێش ئەم سووتانەدا جارێکی تی لەزەمانی عوسمانیدا کەرەتێکی تر سووتاوە، خاوەن موڵکی ئەم گومرگە سووتاوە هی حاجی سەعیـاغـاو حاجی مەلا محی‌الـدین و حاجی عە لی‌ئـاغـا بوکـە برابـون، هەروەها لەو گومرگە سووتاوە چەند تاجیرێکی تر هەبون کە جاروبار توتنەکانیان لەو تاجیرانە ئەکڕیەوە ئەوان خۆیان ئەیان نارد بۆ بەغا ئەمانە پێیان ئەوتن دەلاڵی توتن وەك نەجیم ئاغـای حاجی مەحمـوودو ڕەشیـدی حەسـەنی گورون وەئـەو حەمـاڵ باشی‌یـانـەی کە سەرپـەرشتی توتنـەکـانیـان ئەکرد بۆ تاجیرەکان دەروێش ئەحمـەد کەریمـو ئەحمـەد ئەمینو فەقێ لەو کەرەبـون هەروەها پێش ئەوەی‌توتن بنێرن بۆ بەغاچەند کەسێك خاوەنی کاروانی ووڵاخ بون لەسەر شەقام ئەمان بەکـاروانی ووڵاخ توتنـەکـانیـان ئەبـرد بۆ بەغا وە لەو سەریشەوە ماڵی توجارەتیان ئەهێنا بۆ سلێمانی یەکێ لەوانە کەریمی تازەمین بو.

سەرچاوە: عومەری حاجی محەمەدی ساماغا کەخۆی‌و باوو باپیری ئەمە پیشەیان بوو.

تاجیری ڕەشە وولاغ |جەڵەبچی|

هەنــدێ کەس هەبــون لەم شارەدا کە ئیشیــان هەر تیجـارەتی ڕەشـە وولاخ بوە بەجەڵەب واتە بە کۆمەڵ گاو مانگایان کڕیوە یان لە دێهاتەکانەوە بۆیان هاتوە یان لەمەیانی گاکە کە ئەکەوێتە خوار مەیانی ماستەکە لەوێ لە جامبازیان ئەکڕیەوە کە لە دەرەوەی شار ئەیان هێنا بۆ فرۆشتن لەو مەیانە، ئەمانیش شوێنی تایبەتی خۆیـان هەبـوو بۆ بەخێـو کردنی، هەنـدێکیـان لێ ئەفرۆشتەوە بەقەسابەکانی ئێرە باقیـەکـەی تر بە جەڵـەب ئەیـان برد بۆ موسـڵ بۆ توجـارەکـانی ئەوێ کە ئاشنای خۆیان بون و مەعامەلەیان هەبو لە گەڵیاندا.

لەپێش ئەوەی لۆری بکەوێتە شارەکەمانەوە لێرەوە بە پێ شوانی تایبەتی خۆیان هەبــو کە لە ڕێگـەی دوکـان و کۆیـەو هەولێـرەوە ئەچـون بۆ موسـڵ، جاروبـار لەوێشەوە لێیان ئەنارد بۆ حەڵەب لە سوریا یەکێکی خۆیان ئەچوو لە گەڵیاندا تا ئەوێ، ئەم توجارانە هەموو براو خزم و کەس و کاری یەك بون و هەمووماڵیان لەسەر شەقام بوو وەکو لە خوارەوە دیاری کراوە:-

١ - حاجی عەزیزی مەلا ڕەحیمی مەلا حسەین

٢ - حاجی محەمەدی مەلا ڕەحیمی مەلا حسەین

٣ - کەریمی مەلا ڕەحیمی مەلا حسەین

٤ - حاجی عەبدوڵلای مەلا ڕەحیمی مەلا حەسین: هەرچواریان برابون

٥ - حاجی عەلی ئەحمەد خوشکەزایان بووە

٦ - حاجی تۆفیقی خدری ئەستێر

٧ - حاجی ڕەفیقی کوری حاجی توفیقی خدری ئەستێر.

ئەمانیش خزمیان بون لە ژن و ژن خوازی‌یەوە.
سەرچاوە:- حاجی عەبدوڵڵا مەلا ڕەحیمی مەلا حسەین
تێبینی:-
چەند کەسێکی تر هەبون تیجارەتی جەیوانی وردە (مەڕو بزن) یان ئەکرد بەجەڵەب بە زۆری ئەیان نارد بۆ بەغا لەڕێگای قەراغەوە زوربەی مەڕیان ئەنارد ئەمانیش شوانی تایبەتی خۆیان هەبو لەگەڵیاندا ئەچون تاخان بەنی سەعدو بەغا تا لۆری زۆر بو لە شارەکەمانا، ئەم توجارانەش ئەمانەی خوارەوە بون.
١ ـ حاجی تۆفیقی گورگەوان
٢ ـ حاجی عەلی کوڵەك
٣ ـ حاجی محەمەدی کوڵەك: برابون وشەریك بون

دانسازەکان

ئەمیش هونەرێکە کە چەند کەسێك لە شارەکەماندا ئەمە پیشەیان بووە:-
١ ـ شێخ لەتیفی دانساز:- لە کاتی بۆردومانی سلێمانی‌دا شێخ لەتیف ئەچێت بۆ هەڵبجە لەوێوە ئەچێت بۆ (بیارە) لەوکاتەدا کابرایە لە کوردستانی ئێرانەوە دێت بۆ بیارە بۆ ئەوەی تاقمی دان دروست بکات بۆ (شێخ عەلادین) و (جەعفەر سوڵتان)ی سەرۆکی هەورامی‌یەکانی (بیارە) بە پارەیەکی زۆر (شێخ مەولانا خالید)ی کوڕی (شێخ عەلادین) فێر ئەکات، شێخ لەتیف ئەمەی لێ ئەبێت بە مەراق و خولیاو ئەچێتە سەری‌یەوە تا لە ئەنجامدا نهێنی‌یەکەی فێر ئەبێ، یەکسەر دەست ئەکا بە دروست کردنی تاقمی دان لەوێوە فێری ئەم هونەرە ئەبێت دوایی کە دێتەوە سلێمانی ئەمە ئەبێ بە پیشەی سەرەکی لەماڵی خۆیدا لەسەر کارێز.
٢ ـ مەحموود شەوکەت سەعید زەنگەنە:- لە بەڵگەنامەیەکی کۆنی شارەوانی وە کە دەستمان کەوتوە دوای ئەوەی کە دەورەی بینیوە لە صحەی بەغا لە ١٩٣٣/٥/١٦ ئیجازەی ئیش کردنی وەرگرتوە لە (ئەمانەی عاصمە)ی بەغا دوای ئەوە شوێنی دانسازی کردەوە لە کوڵانی تەنیشت مزگەوتی موفتی بەرامبەر مەکتەبی

فەیصەڵیە دوای ئەوە گواستیەوە بۆ شوێنی گوزەری دارتاش خانەو کۆپان دروەکان نزیك ئەصحابە سپی ئیتر هەر لەوێ بەردەوام بو تا کۆچی دوایی کرد.

٣ - سەعید سڵون :- ئەم کابرایە گاور بو شوێنەکەی ژێر حەمامی قشڵە بو لە جادەی تازە (مەولەوی).

٤ - محەمەد مەمەند :- ئەم زاتە کاتێ تەمەنی عەسکەری دێت لەشەڕی جیهانی دووەمـدا لە بەغـا لە ساڵی ١٩٤٢ لە خەستـەخـانـەی ڕەشیدی عەسکەری جێگر ئەبێت لە . پێشا دەورەی مضمدی ئەبینێ هەر لەو خەستەخانەیەدا لە ساڵی ١٩٤٥ تا ١٩٤٧ داخلی دەورەی دانسازی ئەبێ لەو دەورە یەدا شەش کەس ئەبن ئەم بە یەکەمی دەورەکە دەرئەچێو شەهادەی دانسازی وەرئەگرێت لە مانگی تەموزی ساڵی ١٩٤٧ لە عەسکەری دەرئەچێو دێتەوە بۆ سلێمانی لە ساڵی ١٩٤٨ ئەچێت بۆ پێنجوین لەوێ ساڵێك ئەو کارە ئەکات چونکە لەو کاتەدا ماڵی باوکی لەوێ ئەبێت لە ساڵی ١٩٤٩ دێتەوە سلێمانی دەست ئەکاتەوە بە دانسازییەکەی خۆی لای بەنزینخانە کۆنەکە، ئێستا نزیك بەریدە تازەکەیەو هەر لە شوێنی خۆیدا بەردەوامە.

تێبینی :-

ئەم دانسـازانـە یەکـەم جار ڕوخسـەتیـان (ئیجازە) یان لە (ئەمانەی عاصمە)ی بەغاوە دەرئەچو ئەهات بۆ (ڕئاسەی صحە)ی سلێمانی، ئەبوایە هەموو ساڵێك بەهۆی ئەوانەوە ئیجازەی ئیش کردنیان تازە بکردایەوە.

ئەجزاخانەکان (صەیدەلیەکان)

١ - ئەجزاخانەی (سیروان) جادەی تازە (مەولەوی) تەنیشت قاپی چلی سینەمای گۆیژە بو خاوەنەکەی نیکوغوس الکسندریان (ئەسکەندەری ئەجزاچی) بو

٢ - ئەجزاخانەی (نوری عەلی) جادەی تازە (مەولەوی) خاوەنەکەی نوری عەلی لەپێشـــدا لە شوێنی کتێبخـــانـەی گەولاوێـژ بو ساڵی ١٩٤٩ تا ١٩٥٠، لەساڵی ١٩٥١ گواستیەوە شوێنی ئەسکەندەری ئەجزاچی چونکە ئەسکەندەر سلێمانی

بەجێ هێشت چووە بەغدا دانیشت، ئەویش تیا مایەوە تا ساڵی ١٩٥٤ ئەمجا گواستیەوە بۆ هەمان جادە لە ژێر حەمامی قشڵە تا ساڵی ١٩٥٦ کە بینا کەی خۆی تەواو بو لەبەر دەرکی سەرا گواستیەوە ئەوێ.

نوری عەلی لە ١٩٢١/١٢/١ تا ١٩٢٢/٣/٣١ لە خەستەخانەی (لیڤی) لای ئینگلیزەکان و خەستەخانەی سلێمانی ئیشی کردوە لە

دوای ئەوە لە ئەجزاخانەی خەستەخانەکانی هەڵەبچە،توز، چوارتا، سلێمانی، پێنجوین، تا ١٩٣٨/٩/٢٠ لە خەستەخانەی ڕەشیدی عەسکەری لەبەغدا دوای دەورە دەرچووەو لەوێ بوە بە ملازم ثانی تا ١٩٤٠/٣/١١ لەو خەستەخانەیە ئیستیقالەی کردوە دوای ئەوە هاتەوە خەستەخانەی سلێمانی، شەقلاوە، هەولێر دوای ئەوە هاتەوە بۆ خەستەخانەی سلێمانی تا ١٩٤٥/٩/١٠ ئیستیقالەی کرد دوای ئەوە لە ١٩٤٩ بۆ یەکەم جار ئەجزاخانەی خۆی دانا.

٣ ـ ئەجزاخانەی (سلێمانی) خاوەنەکەی ذەنون قاسم الصباغ ئەم پیاوە خەڵکی موصل بوە و موسوڵمانیش بو،سەرەتای پەنجاکانەوەتا مارتی ساڵی ١٩٥٩ مایەوە شوێنەکەی جادەی تازە (مەولەوی) تەنیشت بەهجەتی سەعاتچی بەرامبەر قاپی چلی سینەمای گۆیژە بو.

٤ ـ ئەجزاخانەیەك کرایەوە سەر بە موتەسەڕیفییەت بو لەشوێنی نوری عەلیدا کە چۆڵی کرد یەك ساڵ دەوامی کرد لەساڵی ١٩٥٤ تا ١٩٥٥وە حەمە وەفای برین پێچی شاعیری لە سەربوو ٥ ـ ئەجزاخانەی ڕەووف: خاوەنەکەی ڕەووف نەجیب ئەفەنی فەتتاح ئەفەنی بوو. کاتی خۆی لە مەدرەسەی

ـ (صەیدەلیە) دەرچو لە بەغدا دوای ئەوە لە سوپادا بو بە (ضابط احتیاط) دوای ماوەی خزمەتەکەی مایەوە لە عەسکەری تا ساڵی ١٩٥٨ ڕوتبەی گەیشتە (ڕەئیس ئەوەل) لە کەرکوك وە عەسرانیش هەر لەوێ ئەجزاخانەی هەبوو، هەر بە ناوی خۆیەوە هەر لەو ساڵەدا خانەنشین کراو هاتەوە بۆ سلێمانی هەر لە ساڵی ١٩٥٨دا چووە شوێنەکەی نوری عەلی کە پێشا ئەسکەندەری ئەجزاچی تیابو.

٦ ـ ئەجزاخانەی (كاوه) خاوەنەكەی ئیسماعیل محی‌الدین شەریف لە مارتی ساڵی ١٩٥٩ ذەنون سلێمانی بە جێ هێشت ئەم چووە شوێنەكەی پاش ئەوەی لە كولیەی صەیدەلەی بەغا دەرچو.

تێبینی :ـ

ئەم خاوەن ئەجزاخانانە ئەبوایە هەموو ساڵێك ڕوخستەتیان (ئیجازە) لە سەركردایەتی تەندروستی سلێمانی تازە بكردایەوە.

قەپانچی‌یەكان

ئەم پیشەیەش هەروەك كارو پیشەكانی تر هەر لە كۆنەوە ئەم ئیشە هەبووە كە لە زووەوە ڕزق و ماڵی تیجاری هاتووە لەدەرەوە بۆ ناو وشار بۆ تاجیرەكان لە خانەكاندا وەك گومرگە سووتاوو خانی خورماو مێوژەكە ، لەم دوایی‌یەدا كە ئەو شوێنانە كۆن بون و ناوی نەما هاتنە مەیانی بەر بەلەدیەكە بۆ كێشانی ڕزق بە حسابی ڕبەوباتمان بەقەپان ئەیان كێشا، وێنەی قەپانەكەش هەر لەم بەرگەدا ئەبینین . ناوی هەندێ لەو قەپانچی‌یانە:ـ

١ ـ سەعەی مەنیج	لەخانی خورماو مێوژەكە
٢ ـ حەمەی قەبانچی	كوڕی سەعەی مەنیج لەمەیانی بەر بەلەدیەكە
٣ ـ حسەین ئاغا	شەریكی حەمەی قەپانچی لەمەیانی بەر بەلەدیەكە
٤ ـ مەلا فەرەج	لای قاڵدرمەكان بەرامبەر مزگەوتی شێخ محەمەدی ئاڵەكی
٥ ـ نوری بەگی عەبدول ڕەحمان بەگ	قەپانچی دائیرەی تەموین و ئینحصار بوە

٦ ـ مەحموودی سەی عەلی — لەمەیانی برنجەکە
٧ ـ حەمەی حاجی ئبراهیم — بەر گۆمرگە سووتاو
٨ ـ شێخ حسەین — لەمەیانی برنجەکە
٩ ـ عەبدوڵڵای شەرافەت — لە خانی غەفور ئاغا
١٠ ـ حەمە عەلی قەپانچی — لەمەیانی برنجەکە
١١ ـ عەلی قەپانچی — لەمەیانی بەر بەلەدیەکە

سەرچاوە :ـ عەلی قەپانچی

* * *

ناوی ئەو کەسانەی کە لە بەرگی یەکەمدا ناویان تۆمار نەکراون و بەرچاپ نەکەوتوە بە پێی ناوەرۆکی (فهرست)ی کتێبەکە :

(کارێزکەند)

١ ـ حاجی محەمەدی دیلات

(ئیمام و مودەریسی مزگەوتەکان)

١ ـ مەلا محەمەدی ئاڵتون ئیمامی مزگەوتی هەمزاغا

٢ ـ مەلا سەعیە شەلە دوای باوکی ئەوچوە شوێنی

٣ ـ خەلیفە حەمەومین یەکەم ئیمام و مودەریسی مزگەوتی کانیئاسکان لە زەمانی بابانەکاندا .

(نانەواکان)

١ ـ عومەرە شەل و حەمەکۆڵ — شەریك بون لە گوزەری سەراجەکان
٢ ـ سەی ڕەشیدی سەمونچی — بەرخانەقا سەمون و پاقلاوەو برمەو شەکرلەمەی

دروست ئەکرد.

(قەسابەکان)

١ ـ ئەحەی حەمە گوێچکە

٢ ـ عەبەی وەسمان برای حەمەی وەسمان

(کەبابچی یەکان)

١ ـ حاجی قادری کەبابچی	لە بازارە بچکۆلە باپیری وەستا واحیدی کەبابچی
٢ ـ وەستا محەمەدی کەبابچی	لای حەمامی مەیان باپیری خەلفە فەرەجی کەبابچی
٣ ـ حەسەنی بن دەوری	بەرحەوزەکە
٤ ـ وەستا عەبدوڵلای کەبابچی	تەنیشت حاجی دەروێش قەساب.
٥ ـ بلەی ڕەحیمی کەبابچی	لای مزگەوتی گەورە
٦ ـ وەستا واحیدی کەبابچی	شەقامی مەولەوی

(کەوش درووەکان): بابەدەروێش لە مەیانی ماستەکە.

(چایچیەکان)

١ ـ چایخانەی سۆفی عەلی	کولانی خوار ئەحمەدی.
٢ ـ چایخانەی ڕەحمان ئاغا	مەیانی برنجەکە
٣ ـ چایخانەی عەلی حەمەومین	تەنیشت حەمەومین قجولی کەبابچی
٤ ـ چایخانەی حاجی قادرە شەلە	بەرامبەر خەلفە فەرەجی کەبابچی
٥ ـ چایخانەی ڕەشە عەگال	بەردەم مەیانی داروخەڵوزەکە
٦ ـ چایخانەی مام یونس	مەیانی ماستەکە
٧ ـ چایخانەی مچە حەبێ	نزیك مەیانی دارو خەڵوزەکە
٨ ـ چایخانەی مەلا کەریم	گوزەری سەڕاجەکان
٩ ـ چایخانەی حەمە سەعید	گوزەری سەڕاجەکان
١٠ ـ چایخانەی صاڵحە سورر	جادەی تازە (مەولەوی) تەنیشت قاپی چلی سینەمای گوێژە

١١ ـ چایخانەی عەلی عەبدوڵڵا حەمەخان ناوخانی تازە تەنیشت قەیسەری نەقیب
١٢ ـ شێخ سمایل دەستگێر

(سەوزە فرۆشەکان)

١ ـ حاجی صاڵحی کەوەر بەر حەوزەکە سەوزەی کەوەرو کەرەوز
٢ ـ حەسەن قرگەیی بەر ئەصحابەسپی سەوزەی بامیەو تەماتە
٣ ـ صاڵحی ڕەشەی هەینو بەرامبەر وەستا عەبۆلی دەلاك سەوزەی بامیەو تەماتە
٤ ـ عەلی مەلا عەبدوڵڵا تەنیشت حاجی دەروێشی قەساب سەوزەفرۆشی بامیەو تەماتە

(بەقاڵی میوە)

١ ـ فەرەج کوردی بەرامبەر وەستا عەبۆلی دەلاك
٢ ـ ئەحمەدی سۆفی ئەمین بەقاڵ باشی
٣ ـ سەعید ئاغای سلێمان ئاغا بەرامبەر حەمەی شازەمان
٤ ـ عەبەی حەمە خەیات بەر بەلەدیەکە
٥ ـ حاجی عەلی خولەسەرشین بەرامبەر بەلەدیەکە
٦ ـ ڕەسوڵ شەریف تەنیشت وەستا حەمەومین قجولی کەبابچی
٧ ـ شێخ ڕەئوف بەر بەلەدیەکە
٨ ـ صاڵح چاوشین بەرامبەر بەلەدیەکە
٩ ـ ئەوڕەحمانی قوربانی ژێر بەلەدیەکە
١٠ ـ بەکری سۆفی ئەمین ژێر بەلەدیەکە
١١ ـ عەلی گوڵێ بەر حەوزەکە
١٢ ـ شێخ محی الدین بەرامبەر حەمەی شازەمان
١٣ ـ مەلا عەبدوڵڵا لای حاجی دەروێشی قەساب
١٤ ـ سۆفی حەبیب خوار حاجی عەلی ماستاو
١٥ ـ ڕەحیم چەنەباز بەردەرکی سەرا
١٦ ـ مەلا نوری سابونکەران سەرو جەرجیس
١٧ ـ شێخەولا سابون کەران
١٨ ـ مەجید سۆفی صاڵح سابونکەران

(بەقاڵی وشکە)

١ ـ سەعەلەری   مەیانی ماستەکە

٢ ـ مەلا ڕەشیە کوێرە   مەیانی ماستەکە

(موتاپ چی‌یەکان)

١ ـ پولص استیفان   لە گەڕەکی گاوران لەماڵی خۆیدا

(عەلافەکان)

١ ـ ئەحمەد نەمەڵی   لای قاڵدرمەکان بەرامبەر مزگەوتی شێخ محەمەدی ئاڵەکی

(چەخماخسازەکان)

١ ـ حەمەو بەگی چەخماخساز   کۆڵانی خوار ئەحمەدی

٢ ـ سەعەی خلە   لەسەر شەقام لە ماڵی خۆیدا فیشەکی دا ئەگرتەوە

٣ ـ حەمە کەریمی چەرخچی لە گوزەری پانی بەرز درووەکان ئەم کابرایە بە تەنیا دوکانی هەبو چەقۆو مەقەستو شتی تیژ ئەکردەوە ئەوانەی تر بەکۆڵاناندا ئەگەڕان.

(مزگەرەکان)

١ ـ وەستا عەلی   کۆڵانی لای پانی بەرز درووەکان

ئەم کابرایە لە پاییزدا.لەگەڵ شاگردێکی ئەچون بۆ لادێکان بۆ حاجەت سپی کردنەوە

(بەناکان)

١ ـ وەستا حەمە عەلی مەحمود   وەستای خشت و بەردو گەچ کاری

٢ ـ وەستا سەعە کەڕ   وەستای دیواری خشتی کاڵ و سواغی دیوارو سەربان

٣ ـ وەستا جەلالی ئەجێ   وەستای خشت و بەردکاری

٤ ـ وەستا قالە مۆریاسی   وەستای خشت و بەردکاری

٥ ـ وەستا عەبدول ڕەحمان فەتاح   وەستای خشتی کاڵ و بەردکاری

(خەیاتەکان)

١ ـ وەستا ڕەحیم عەلی   لە قەیسەری نەقیب کەواو سوخمەی ژنانی ئەدوری ئەحمەدی کوڕی ئیشی بۆ ئەکرد

٢ ـ وەستا عەلی مەنیج   لای مەزاد خانەکە شەڕواڵ و مراخانیو ڕانکوچۆغەی ئەدوری

٣ ـ وەستا کەریم قەشانی   لە خوار حەوەکە شەڕواڵ و مراخانی ئەدوری

٤ ـ حاجی فەرەجە کەرە   خەیاتی کەواو سەڵتە مەلا عەزیزی مەلا خالیدی مەحوی ئیشی لەگەڵدا کردوە.

٥ ـ وەستا ڕەئوفی مەلا عەبدوڵلا لە قەیسەری وەسمان پاشا کەواو سەڵتەی ئەدوری حەمە ڕەشییدی زاوای خەلفەی بو.

٦ ـ وەستا ڕەئوف ئیبراهیم لە سابونکەران چاکەت و پانتۆڵی ئەدوری

لەجادەی کاوە تەنیشت ئوتێل سلێمانی

٧ ـ ئەحەی قالەی شاسوار کەوای ژنانی ئەدوری

٨ ـ وەستا محەی قازی، قەیسەری نەقیب.

٩ ـ وەستا عەبدولی حاجی حەمەومین، قەیسەری وەسمان پاشا.

١٠ ـ وەستا عارفی دەروێش ئەحمەد، خوارحەوزەکە.

١١ ـ وەستا کەریم ساڵح «مامی» قەیسەری نەقیب.

کوتاڵ فرۆشەکان (بازرگان)

١ ـ حاجی شەریف گەڵەیی   بەرحەوزەکە

٢ ـ سەلیم بەگی میران   لە قەیسەری نەقیب

٣ ـ حاجی حەمە بچکۆل   لە قەیسەری وەسمان پاشا

٤ ـ حاجی عارفی ئەمینە بچکۆل   لە قەیسەری وەسمان پاشا

٥ ـ حاجی شێخ قادری شێخ عەلی بەرزنجی لە قەیسەری نەقیب

٦ ـ شێخ ئەحمەدی حاجی شێخ قادری بەرزنجی، لەشەقافی مەولەوی.

(دەستگێرەکان)

١ ـ حاجی ئەوڕەحمانی هێلکە   هاوینان دۆی ساردو زستانان هێلکەو نان بەهاران دەڵەمەی ئەفرۆشت

٢ ـ ڕەشـــەی حـەمـەسـیس   قاورمەی نۆکی ئەفرۆشت

٣ ـ مەلا فەرەجی لفکەولیرە   ئەیووت ئەوە لفکەئەوە لیرە

٤ ـ دەروێـش بـچـکـۆلـە   ئەی ووت کفتەی چەوروو نەرم

٥ ـ کەریمە ڕەش   گەرمە شامی ئەفرۆشت

٦ ـ حـەمـەقـا   گەرمـەشـامی ئەفرۆشت وە لە پاییزدا گوێژی ئەفرۆشت

ئەیووت حەمەقا بایی ٢٠ فلس تەرەقا

٧ ـ مام فەرەج گوێژی ئەفرۆشت ئەی ووت :

ئەوە کەس بەخەبەر نی یە ئەوە هەمووخەوتان لیٚ کەوتووە

دوایش ئەیووت :

باوەڕ ئەکەیت دەم و چاوت بوە بە دەزیلە

ئەمەش کوڕەکە عەبەخەمیلە

ملە شیلان ملە شیلان

گوێژی دارە قیتەڵە

هەر ئەوە ماوە گوێژ

٨ ـ سەعەی ناوتاوە ناوساجی ئەفرۆشت لەناوبازار: ئەی ووت :ـ

ناوتاوەی کوردی

بەدەست و بردی

بەخوا باش بو نەمردی

پاشان ئەیووت: بژی گەل و ڕۆڵەی گەل

حەمە ڕەق و مینەشەل

چێشتی بامیٚ و قوبلیٚ و قەل

ناوساجی ، ناوساجی

توتن چی یەکان: حاجی فەتاحی حاجی رشید بەرامبەر گومرگە سوتاو.

ماستاو فرۆشەکان

١ ـ حاجی حەمە سووری قوربانی تەنیشت مەلا محی الدین ماستاو

٢ ـ مەلا تۆفیق برای حاجی حەمە سوور تەنیشت وەستا حەمەومینی قجولی کەبابچی

٣ ـ عەبە کوڵ بەر بەلەدیەکە

٤ ـ ڕەشەی مامەلی بەر گومرگە سووتاو

(بازرگانیەتی و بازرگانەکان)

١ ـ ئەوڕەحمانی مەحموودی قەفتان بەکاروانی وولاّخ لێرەوە ماڵی ئەبرد بۆئێران لەوێشەوە ماڵی ئەهینا بۆ سلێمانی .

٢ ـ کەریمی تازەمین بەکاروانی وولاّخ لێرەوە ماڵی ئەبرد بۆبەغا لەوێشەوە ماڵی ئەهینا بۆسلێمانی .

٣ ـ حاجی عەبدوڵلا عەزیز لێرەوە ماڵی ئەبرد بۆئێران ، وەلەمۆسکۆوئێرانەوە ماڵی ئەهێنا بۆ سلێمانی .

(مەلاکانمان)

١ ـ مەلا مەحموودی نۆڕەبانی کە قوتابی کاك ئەحمەدی شێخ بووە .

(قوتابخانەکان)

١ ـ حەمە ڕەشید ئەفەنی مەلا عەلی سەرکارێز بەڕیوەبەری قوتابخانەی ئەیوبیە ساڵی ١٩٥٨ .

٢ ـ فەرەجی حەمە سێو بەڕێوەبەری قوتابخانەی گوێژە ساڵی ١٩٥٨ .

(ئەفسەرەکانی سوپای عوسمانی)

١ ـ شێخ مەعروف شێخ ئەحمەد قەرەداغی یوزباشی ئامیر مەوقعی سلێمانی ساڵی ١٩١٤ دوایی کرا بە ضابط تەجنید لە ساڵی ١٩١٧ کۆچی دوایی کردوە لە دێی (نەوتی) لە قەرەداغ نێژ راوە .

٢ ـ عبدالرزاق شێخ مەعروف قەرەداغی ملازم دوای نەمانی دەوڵەتی عوسمانی وهاتنی مستەفا کەمال (أتاتورك) لەسەر کوردایەتی بەندکراو لە ئەستەمبوڵ لە سێداره درا.

٣ ـ عبدالعزیز شێخ مەعروف قەرەداغی ملازم لە هێزی دەریایی لەهاتنی مستەفا کەمال (أتاتورك) لە (دێنز) لەدەریا خنکا.

٤ ـ صاڵح ئاغای حەمەومین ئاغا بینباشی خەوری مەلا حەمدون زەکی شاعیر.

٥ ـ قادر ئەفەندی ئەحمەد بەقاڵ بینباشی قائد فرقة بووە لە کەرکوك خاڵی وەستا حەمەی حاجی قادری کەبابچی.

٦ ـ تۆفیق عەزیز یوزباشی لە دەوڵەتی عێراقدا رەئیس بوە لە سوپادا

٧ ـ حەمەومین بەگی مستەفا بەگ قائمقام عەسکەری، لە سلێمانی کۆچی دوایی کردوە

٨ ـ عەزیز بەگی فەتح الله بەگ بینباشی برای عەلی بەگی فەتح الله بەگ لە تورکیا نەهاتوە

٩ ـ نوری بەگی فەتح الله بەگ یوزباشی برای عەزیز بەگ لە تورکیاو نەهاتەوە.

١٠ ـ حەمەو بەگی فەتح الله بەگ یوزباشی برای نوری بەگ لە تورکیاو نەهاتەوە

١١ ـ فایەق بەگی مارف بەگ ملازم ثانی نائیبی سلێمانی لە دەوڵەتی عیراقدا

١٢ ـ یونس عبدالقادر ملازم ثانی ئەندازیار لە دەوڵەتی عێراق

١٣ ـ فوئاد مەستی ملازم ثانی مودیری ئیشغال لە دەوڵەتی عێراق

١٤ ـ حیکمەت ئەمین ملازم ثانی، شاعیر، ئەندازیار لە ئیشغال لە دەوڵەتی عێراق

١٥ ـ کاکە عەلی نازانین رتبەی چی بوە برادەری نوری سەعید بوە بە مامۆستا لە زوربەی مەکتەبەکاندا کابرایەکی دەنگ خۆش و قسە خۆش بوە

١٦ ـ عەبدولقادر عەبدول رەحمان قەرەداغی

١٧ ـ عەزیز حیکمەت ملازم ثانی فەرمانبەر لە بەلەدیە

١٨ ـ عەبدوڵڵا عەونی مەلا رەشید بەگی بابان ئەفسەری دەریا

١٩ ـ نوری محەمەد ملازم ثانی ، عەقید لە سوپای عیراق دوایی بوبە مودیری ئاوو کارەبا لەسلێمانی ساڵی ١٩٤٥

٢٠ ـ عبدالحمید بەگی عوسمان بەگی صاحبتران یوزباشی وە لە دەوڵەتی عیراق بوبە

قائمقام برای شەوکەت بەگی عوسمان بەگی صاحبقڕان
٢١ ـ خورشید بەگی ڕەشید بەگی عەلی بەگ ملازم اول سکرتێری قائدی عەسکەری عیسمـەت ئینـونـۆبو هەر لەوکاتەدا لەسەر جولاًنەوەی کوردایەتی ڕای کرد بۆ (باکۆ) تا مستـەفـا کەمـال (أتـاتـورك) هاتـە سەر حوکم بو بە جمهـوری، عەفوی بۆ دەرچو، لە ئەستەمبۆل بو بەئامیری قەسری جمهوری دوای ئەوەش لە لێدانی کوردەکانی تورکیا ڕای کرد هات بۆ سلێمانی، لە دەوڵەتی عێراق لـە سلێمانی لە (اشغال) بو بە (ملاحظ فەنی) ئەم پیاوە لەگەڵ سمایل خانی شوکاك (سمکۆ)دا پورزان.
٢٢ ـ حەمدی بەگی سەعید بەگی سلێماز بەگ یوزباشی برای کەریم بەگی زانستی
٢٣ ـ تۆفیق بەگی یایەمان طابور آغای باوکی ئەحمە بەگی موتە سەریف لە سەفەربەر لە بۆکان لە کوردستانی ئێران شەهید کراوە.

(هەندێ لە ئەندازیارە کۆنەکان)
١ ـ عبـدالقـادر حیشمـەت: لە ساڵی ١٩٠٨ لە دایـك بوە لە ساڵی ١٩٣٤ لە کولیـەی هەندەسە لە جامیعەی ئەمریکی لە بێروت دەرچووە.

[عەرەبانچی یەکان]
١ ـ مورادی عەرەبانچی
(ئوتومبیل چی یەکان)
١ ـ عەلی حەسەن صاڵح لـە بەلەدیە لەسەر ئوتومبیلی ئاورشێنەکەبو
٢ ـ حسەین مەلا عـەبدوڵلا ڕێگای کەرکوك بە پاص قەمە ڕە
٣ ـ مستـەفـای صـدیق تەها ڕێگای مـاوەت بەلۆری
٤ ـ یاسین کەریم ڕۆستەم ڕێگای مـاوەت بەلۆری.
٥ ـ عـەزیـز پـەتـرۆس ڕێگای بـەغدا بە قەمەرە

● سالْح زەکی ساحێب قڕان
١٨٨٦ - ١٩٤٤

● عەبدو لحەمید بەگی عوسمان بەگی
ساحێب قڕان - یوزباشی

● ئەحمەد کەمال دەمرکانی - میرئالاّ

● کاکە عەلی ئەفسەری عوسمانیو
مامۆستاو قسەو دەنگ خۆش

● مەحمود شەوکەت دانساز ١٩٠٧ ـ ١٩٨٦

● عبدالرزاق شێخ مەعروف قەرەداغی
لە حوکمی «ئەتاتورك»دا
لە ئەستەمبوڵ لە سێدارە درا



● کەریمی حور قەساب ١٨٨٨ ـ ١٩٦٢

● عومەری حاجی مخەمەدی
ساماغا «قەڵەمچی»

● دەروێش ئەحمەد کەریم -
حەماڵ باشی گومرگ -
١٨٩٠ - ١٩٨٢

● فەقێ مەحموود تووتنچی
١٩٠٠ - ١٩٧٣

● وەستا قادر ڕەسوڵ -
پانیبەرز دروو

● وەستا حەمەی حاجی قادر -
کەبابچی ١٨٩٠ - ١٩٤٤

● حاجی حەمە بچکۆڵ -
بازرگان ١٩٠٢ - ١٩٨٥

● حاجی محەمەدی مەلا ڕەحیم
١٨٩٧ - ١٩٨٦
«ناجیری ڕەشە وڵاخ»

● حاجی تۆفیقی ئەستێر
١٨٧٣ - ١٩٦٣

● کەریمی مەلا رەحیم

١٨٩٤ ـ ١٩٥٨

● وەستا حەمە کەریمی

چەرخچی



● سۆفی عەلی چایچی

١٨٨٨ ـ ١٩٦٣

● حاجی ڕەفیقی حاجی تۆفیقی

ئەستێر ١٩٠٤ ـ ١٩٨٧

● ڕەشەی هەینو ـ چایچی

١٨٩٧ ـ ١٩٧١

● کێشانی جاران بە تەرازووی چەرم

● دوکانی عارف بڕنووتی ـ بەرحەوزەکە

● دوکانی حاجی مەجید

● دوکانی حەمەکەی مام ساڵح
«کوڕەزای ئەحەی کڕنوو»

● دوکانی وەستا عومەری ئاسنگەر

● دوکانی حاجی برایمی عەتار،
قەیسەری نەقیب

● دوکانی حاجی کەریم عەبـ ڵلای
سەوزەفرۆش «بەرامبەر گومرگە ـوتاو»

● دوکانی عەباس ئەبو شەوارب

● دوکانی ئەحمەدی بەرامبەر خانی ئاغافەتحوڵلا

● کورەی خشتی عەبدوڵلای
حاجی ساڵح لە قلیاسان/ ٩٥٤

● چایخانەی سەعەی تەها کۆیی ـ دەشتی تەیارەخانەکە

● مەیانی کاکە



● قاپی ماڵانی قەیم

«ماڵی خەلفە فەرەجی کەبابچی لە سابونکەران»

● مەلا ئەسعەدی مەحوی
لە خانەقای مەحوی‌دا
١٨٩٨ - ١٩٧٦



● پەنجەرەی کۆن
«فەرەنگی سازی»



● سنوقی بۆراق



● ٢ خەنجەر دەستکردی وەستا قادری مچیں

● بنمیچی خانووی کۆن



● بنمیچی نەخشدار

● بنمیچکی نو



● زینی ئەسپ دەستکردی وەستا عەباسی سەڕاج

● قەپانی کێشان

● زۆپای دار. دەستکردی تەنەکەچی



● ڕەوڕەوەی منداڵ

کەبەرگی یەکەمی ئەم کتێبە ـ بۆجاری دووەم چاپکرایەوە، هەندێ شت لەچاپی دووەمی ئەوبەرگەزیادکرا. بۆئەوەی ئەوانەی چاپی یەکەمیان لایە ـ ئاگاداری ئەوزیادی یەبن. والەم بەرگەداچاپی ئەکەینەوە.

«روون کردنەوەو سوپاس نامەیەك بۆچاپی دووەم»

پێش هەمووشتێك ناوی هەر کەسێك هاتبێ لە کتێبی (شاری سلێمانی)دا هەرچ کارو پیشەیەکیان هەبووە کەتیایدا ناویان تۆمارکراوەو ناویان براوە هەمووبراوکەس وباووباپیرمانن، هەرهەموو جێگای رێزو شانازیە بۆکەس وکاریان وبۆکورو کچیان وبۆنەوەکانیان، وەناویان چووەتە مێژووی شارە دلێرەکەمانەوە، شاری هەڵمەت وقوربانی، شاری برایم پاشای بابان ومەولانا خالیدو کاك ئەحمەدی شێخ وشاری شێخ مەحمودی نەمرو شەشی ئەیلول وشاری راپەرینی ساڵی ١٩٤٨ ـ ١٩٥٢ ١٩٥٤

ـ ١٩٥٦ زپرلە خەبات و شەهیدان، ئەم شارە هەرچەندە تەمەنی دووسەد ساڵە، بەڵام بەقەد شارێکی ٢ هەزار ساڵە قارەمانیەتی و مەردایەتی و کارەساتی هەمەجۆرەی بەخۆیەوە دیوە.

دیارە خەڵکی ئەم شارەرێی باووباپیریان ون نە کردووەو هەر لەسەر هەمان رێبازئەرۆن، ووریان، زیرەکن، نیشتمان پەروەرن، وەجاخ زادەن ولە خۆیان نەگۆراون، هەرخەڵکی شارەکەی جارانن، بەڵگەشس ئەوەیە کە کتێبی (شاری سلێمانی)کەوتە کتێبخانەی کوردی وبازارەوە خەڵکی بەپەرۆش بەدڵێکی فراوان وخۆشی یەوەهاتن بەپیر کتێبەکەوە کە لە چەند رۆژێك دا لەبازارانەما چونکە ئەزانن ئەو کتێبە لە خۆیانەو بۆخۆیانەو بۆنەوەی داهاتویانە، هەرچ کەسێك لەم شارەدا ئەگەر خۆی بە نووسەرو رۆشنبیرو دڵسۆزی ئەم شارە ئەزانێ داوای لێ ئەکەم ئەم کتێبە کەمێژووی شارەکەمانە ئەوانیش هەتا زووە هەڵیکەتا لەدەست نەچووە تا چە ندپیاوێکی بەتەمەن وشارەزا ماوە کە سەردەمی تورك وئینگلیزیان بینیوە سەرچاوەن بۆزۆر زانیاری کە تا ئێستا تۆمار نەکراون و سودێکی گەورەی هەیە بۆ ئێستاو دوا رۆژ ئەوانیش

دەست بدەنە کۆکردنەوەی ئەم بابەتەوقۆلی لێ هەلکەن و بێنە مەیدانەوەو هەر کاغەز و قەلەم زۆرە، کە ئەمە دلسۆزیوخۆشەویستی بەرامبەر شارەکەو هیلاك بونی ئەوێ، ئەوەی بەکەم وکوری ئەزانن چاکی بکەنەوەولێی زیاد کەن و باسەکە فراوانتروبەتام و چێژتری بکەن منیش یارمەتیان ئەدەم و پێخۆشحال ئەبم نەك لەبەر ئەوەی خۆیان توانای ئەوەیان نی‌یە هەرچ کەسێك بەرهەمێکی چاك بنوسێ ئەمان وەکوکوتەك بیدەن بەسەرو گوێلاکیا وەك پێشینان ئەلێن (ئەگەر گول نیت، درکیش مەبە) خۆئەگەر دەنگ خۆش و شاعیرو نوسەریش نەبن کە ئەمە بەهرەیە ئەگەر بیانەوێت بەرهەمێك لەم لایەنە پێشکەش بەشارەکەیان بکەن ئەبێت خۆیان هیلاك بکەن وە. واز لەسوودی خۆی بێنێت ئێمەش شانازی پێوە ئەکەین، وەکو ئەلێن بە ریش نی‌یە بە ئیشە، یان هەندێ کەس ئەگەر بلێن ئەم ناوانەی کە لەناو کتێبەکەدا هاتووە ئەبوایە بەناوی سیانی واتە ناوی خۆیوباووباپیری بەبێ شوهرەت (نازناو) بوایە، ئەم جۆرە ناوانە کە بوونە شوهرەتی ئەو کەسە لەناو شارەکەمانا، ئەوە لەناو هەموو میلەتێکا هەیەو بووە، ئەگەر ئەو کەسانەی کە ناومان هێناون لەناوئەم کتێبەدا، ناوی خۆیوباوك و باپیری وەك لە هەویەکەیدا نووسراوە ناو بهێسنرێن ئایا کەس ئەزانێ کێن‌وە مەبەستمان کێ‌یە هەتا ئەوکەسەش نازانێ کە مەبەست خۆیەتی. بۆنمونە سەیری (دەلیلی تەلەفۆن) بکە ئەوناوانە کە نووسراوە ئەگەر خزمی خۆت نەبن وژمارەی تەلەفۆنەکەت لا نەبێ وبتەوێت تەلەفۆن بۆ یەکێ بکەی نازانی ئەو ناوانە کێن و کێ نین.

کەوابێ هەرکەسێك لەمەودوا بیەوێت بەرهەمێك بێنێتە بەرهەم ئەوناوانەی کە ناویان ئەبات لەوکتێبەدا وەك عالم و مەلا و شاعیرو ناودارانی ئەم شارە هی وای تیایە زیاد لە سەدیان سەدو پەنجا سال لەمەوپێش کۆچی دوایی کردوە، ئەبێ بنێرین هەویەکانیان لە گورا دەربێنین کە گۆریشیان نەماوە، مانای لەمەودوا هیچ کەسێك نابێ دەست بداتە قەلەم نەك یەکێکی تر ئەمەی لە توانا دا نی‌یەوپێی ناخۆش بێت ئیتر ئەبێت ئاش بەتالی لێ بکرێت. ئایا لەشارەکەماندا عالم وزانای ناودارکاوەك موفتی ی سلێمانی مەلا ئەحمەدی چاومارو مەلا ئەحمەدی چاوهار کە ناوبانگیان هەبووەو لە زۆر کتێبدا ناویان هاتووە، یان وەك شاعیری بەناوبانگ حەسەن کەنۆش یان فایەق بێکەس خۆ بێکەس نەبووە یان شاعیرو بلیمەتی بەناوبانگ مەلا حەمدونە کوێر یان پیاوی وەك

قالـەی ئابشـەخـان کە بەنـاوی دایکیـەوە ناوبـانگی دەرکردوە کە ئەو پیاوە ئەفسەرێکی سوپـای عوسمـانی بو لە جولانـەوەی شێخ مەحمودی نەمردا ئەفسەرێکی ئەولەشکرە بووە لەگـەڵ شێخـدا لە ساڵی ١٩١٩ز بەدیـل گیراو لە دەوڵەتی عێراقدا بو بەئەندازیارو بەڕێـوەبـەری (ئیشغـال) لە سلێمـانی و هەولێـر لەو کاتـەدا زۆر یارمەتی هەژارانی داوە بەتایبەتی خەڵکی سلێمانی کە ڕووی تێ کردوەو چون بۆ لای هەمووی دامەزراندون و پارەی ئەرکی ڕێگاشی لە گیرفانی خۆی داو نەتێ ئەم پیاوە ئەوەندە خۆشەویست بو لای خەڵـك، کە بەگـەنجی ئەمـری خوای کرد کە تەرمـەکـەیان هێنایەوە ئەو ڕۆژە ئەو شارە ژن و پیـاو خرۆشـابـون بە گریـانـەوە قوریـان بۆ ئەپێوا. ئەمانە نمونەی چەند کەسێکی ناودارن لەناو مێژ وی ٢ سەد ساڵەی شارەکەماندا ئەگەر (نازناو)یان لا بە ڕن کەس نایان ناسێت کێن و کێ‌نین و ناویـان وون ئەبێت، یان ئەوتام چێـژەی نامێنی، بۆ نمـونـە سەیـری بەرگـەکـانی ڕشتـەی مرواری ئەدیب و زانـاو ڕۆژنـامـەگـەری کورد مامـۆستا علاءالـدین سجـادی بکـەن کە لایـەنێکی فۆلکلۆری گەورەی لەناو کوردەواریدا تۆمار کردوە. سەدەهـا ڕووداوی خۆش خۆش و ناوی سەیـر سەیـری تیا ناوبراوە کە بونەتە هۆی بەتـام و چێـژ ی ئەو بەرگانە. تارادەیەك ئەوەی ئەدەب دۆستیش نەبویان بڵێن هەر خوێندەوار نەبووە زیاتر بە پەرۆشتر بون لە خوێنەوارەکان بۆی، تا ئێستاکەش بە تایبەتی شەو لەزستـانـدا بوە بە شەوچـەرەی خەڵکی چونکـە ئەم بابـەتە کتێبانە زۆر کەمن لەناو کوردەواریدا. خەڵك تێر بون لە شیعرو چیرۆك بە تایبەتی لەم کاتە ناسکەدا خەڵکی ئەو ڕۆژگـارە خەریکـە ڕابوردویان لەبیر ئەچێتەوە، وەك دەرمان پێویستیان بەم جۆرە کتێبانە هەیـە کە یادگـاری جارانـەوەك شریتێکی سینەما وایە کە جارانی دێتەوە یادو خۆشیەك ئەدات بەدڵ و مێشکی، وە زانیاریەکیشە بۆ نەوەکانیان و مێژ ویەك و سامانێکە بۆ نەوەی داهاتومان.

هەروەهـا هەر چ کەسێـك ناوی لەم کتێبـەدا هەر چ کاروکاسبی و پیشەیەکیان هەبوە جێ‌ی شانازی نەوەکانیانە کە بەئارەقی ناوچەوان ماڵ و منالی خۆیان بەخێوکردوە، هەر لە کرێکـارێـك و حەمـاڵێـك هەتـا تاجیـرێـك و خاوەن موڵکێك هەمو بەشەرن و هیچ جیـاوزازی یەکیـان نی‌یـە، جیـاوازی‌یـەکـەیـان بەس کرداری جوانە، ئەگەر کەسێك کرداری ناشرینی هەبێت لەناو خەڵکیدا بە پارە ناشارێتەوە، بەتایبەتی لەناو خەڵکی ئەم

شارەدا کە بە زیرەکیو ووریایی ناوبانگیان دەرکردوە وەك پیرەمێردی شاعیر ئەفەرموێت:-

نەپایەو پارەنەریشەو رەگەز

نەجوانی رووکەش، نەبەرگ و مەرەز

یەك تۆز لە نرخی هیچ کەس زیاد ناکات

کە مرۆڤ نەبێ خۆی نرخێکی بەرز

نموونەیەکی خۆشی تر: جارێکیان دەعوەت ئەکەن، کارتێ ئەنێرن بۆحاجی توفیق (پیرەمێرد) ئەوەی کارتی دەعوەتەکە ئەبات بۆخاوەنەکەی، بەس نەسەرکارتەکە نوسرابو حاجی تۆفیق ئەویش ئەیبات بۆحاجی تۆفیقی تازە دەوڵەمەند پاش ماوەیەك گلەیی لێ ئەکەن کە نەهاتووە بۆئەم زیافەتە پیرە مێرد پێ ئەزانێ، ئەڵێ ئەگەر ئیزر ئێن هەت رۆحم بکێشێت ئەینێرم رۆحی حاجی تۆفیقی تازە دەوڵەمەند بکێشێت.

ئیتر وەك پێشینان ئەڵێن زۆر ووتن قورئان خۆشە یان ئەڵێن بۆمرۆڤی ئاقڵ ئیشارەتێك بەسە. لەگەڵ ریزو سلاومدا بۆخوێنەران وخەڵکی شارەخۆشەویستەکەمان کە یارمەتیان داوین کە خوێان بوبونە سەرچاوەی بەسەکنمان بە تایبەتی ئەوانەی ناومان بردون لە کتێبەکەدا کە ناوەکانیان بۆبەروەرد کردوین پاش کۆکردنەوەی، هەروەها ئەو بەرێزانەی کە داوای وێنەی باوکمانمان لێ کردون بۆ رازاندنەوەو یادگری ئەو پیاوە بەرێزو خۆشەویستانە لەناو شارەکەماند کە دڵسۆزیی خۆیان پیشان دەوە بەرامبەر بەو باپیرو شارە خۆشەویستەکەیان، هەروەها ریزو سلاوم بۆئەو کەسە رۆشنبیر نەیە کە بە تەلەفۆن یان هاتنە لامان یان بەنامە پیرۆزباییان لەمن وخۆیان کرد بەبۆنەی دەرچونی بەرگی یەکەمی کتێبەکەوە هەر لێرەشا سوپاسی هونەرمەند مامۆستا عەلی نەتیف ئەکەم، وە بەرێزخانە حەمە فەرەج کە پاش پاك نوس بەخەتێکی خۆش بەرگی دووەمی کتێبەکەی بۆنوسینەوە منیش ئەڵێم دەستەکانیان خۆش بێت، هەروەها سوپاسی مامۆستا عەبدولرەقیب یوسف ئەکەم بۆیارمەتی زانیاری ورێنومیی هەروەها بەناوی خۆم وخەڵکی شارە خۆشەویستەکەمان زۆر سوپاسی بەرێوەبەری گشتی دەزگای رۆشنبیری وبلاوکردنەوەی کوردی) ئەکەم کە بوتە هۆی هاتنە بەرهەمی **ئەم** کتێبە **کە بەبۆنەی بیرەوەری دووسەد ساڵەی شاری سلێمانی لەچاپ درا. لە کۆتاییدا داوا لە**

خەڵکی شرەکە ئەکەم هەرچ کەم وکوڕی وهەڵە هەیە لە ناو کتێبەکە دا یان ناویان لەبیر چووەو تومار نەکراوە پشت بەخوا چاپی دووەم ڕاستی ئەکەینەوەو ئەوانەی ناویان بۆ هێنداوین کە باوو باپیریان ناویان نەهاتووە لەکارو پیشەکانیماندا ناومان نوسیون بۆچاپی دووەم دوا ووتە بەرهەم یاش ئەوەیە کە جەماوەر لێی ڕازی بیت و پێیان خۆش بێت.
وەك خوالێخۆشبو نەجمەدین مەلا ئەی فەرموێ
(عەتر ئەوەیە کە خۆی بۆنی بێت نەك خاوەنەکەی مەدحی بکات)

ئەکرەم صاڵح ڕەشە

٢ - هەڵەی چاپی بەرگی یەکەم

١ - شیعرەکەی کاك قادر برسی (ناودارانی سلێمانی) ل٢ ٥ نوسراوە

قدرزەکی بۆبەزم   غوربەتی خۆی هەڵ ئەسان
فرمیسکی درۆی ئەڕست   موختەری صابونکەران
یەك لەیەکتر خۆشتر بوون   ڕەشەو صدیق و عوسمان
ڕاستیەکەی
قدرزەکی بۆبەزم   غوربەتی خۆی هەڵ ئەسان
فرمیسکی درۆی ئەڕشت   هەروەکو تاوی باران
کوڕانی حاجی شەریف   موختاری صابونکەران
یەك لەیەك خوشتر بوون   ڕەشەو صدیق و عوسمان

٢ - ل - ٧٧ - لەوێنەی سەرەوە نوسراوە ، شەقامی کاوەو قوتابخانەی فەیسەلیە وێنەی

ژێرەوە نوسراوە شەقامی سابونکەران.
ڕاستیەکەی بە پێچەوانەیە.
٣ ـ ل ـ ٧٨ ـ ئەودوو وێنـەیـە لیّ ی نەنـوسـراون کوێن ، وێنـە سەرەوە بەردەرکی سەراو قوتابخانەی فەیسەڵیەو جادەی تازە (هەولەوی)یە وێنەی ژێرەوە بەردەم قوتابخانەی فەیسەڵیەیە.
٤ ـ ل ـ ١٢٤ ـ مزگـەوتی خانـەقـای مەحـوی :ـ ئیمـام و مودەریسـەکـانی خاڵی (٣) نوسـراوە مەلا خالیـدی مەلا عومـەر کوڕی مەلا محـەمەدی مەحوی ڕاستیەکەی ، مەلا خالیـدی کوڕی مەلا محـەمـەدی مەحـوی‌یـە ، هەروەك ناوی مەلا ئەسعـەدی مەلا خالیدیش پەڕیوە کە ئیمام و مودەریسی ئەوخانەقایە بووە.
٥ ـ ل ـ ١٣٢ ـ لەژێـر وێنـەی مەلا محـەمـەدی چڕوستـانی‌دا نوسـراوە ساڵی ١٩٨٣ کۆچی دوایی کردوە ڕاستیەکەی ساڵی ١٩٦٣ کۆچی دوایی کردوە.
٦ ـ ل ـ ١٤٢ ـ لە ناترەکانا حەمەی زەینەب جیاوازە لەگەڵ حەمەی زێنەبی چایچی کە لە ل٢٠٦ ناوی هاتووە.
٧ـ ل ـ ١٨٨ ـ بەرچاپ نەکەوتووە.
٨ ـ ل ـ ١٩٩ ـ خاڵی (٢٠) چایخـانـەی مەجۆلی خامە: نوسراوە هەرلەم چایخانەیەدا ساڵێکیان لە سەردەمی عوسمانلی‌دا بۆماوەی ساڵێك تیا ترۆش ئیشی تێدادەکرد..
ڕاستیەکەی :...
لەزەمـانی عوسمـانلی‌دا تیا ترۆنەبووە لەوچایخانەیەدا نەبوە زەمانی ئینگلیز تیاترۆ هاتۆتە سلێمانی لەبەردەم دەشتی ئەحمەدی ساغا (ئەصحابەسپی) نزیك ئەوچایخانەیە بەڵام خەڵکی سلێمـانی بەوەڕازی نەبـوون وبەزۆر پێیـان داخستن لەبـەرگی دووەمی ئەم کتێبەدا لە باسی جوڵانەوەی هونەری لەشارە کە مان بەدرێژی باس کراوە. منیش داوای لێبوردن ئەکەم.
من نوسیبـووم کە مەجـۆلی خـامـە پیاوێکی سوعبەت چی بو هەموڕۆژێك یەکێکی خەڵـکـی دەردەوەی شـارئەهـاتـن بۆئیش کردن ئەمیش هەر ڕۆژە ناڕۆژێـك یەکێکی ڕائـەگـرت بەشەرتی ئەوەی مەرکانەیەت ئاوی دا بولەگەڵ قەمیشێك هەریەکێ بەهاتایە بۆشاگردی پێی ئەووت ئەمڕۆ تەجروبەت ئەکەم ئەوقەمیشەی ئەدایە دەستی پێی ئ

ئەووت تۆ ئەمڕۆیشت ئەوە بێ ئاوی ئەم مەرکـانـەیە بەم قامیشەتێکی هەڵدە تاخەست ئەبێتەوە منیش ڕات ئەگرم بەشاگرد ئەوبەسەزمانەش هەرلەبەیانیەوە تائێوارە بەقامیشە کە ئاوی تێـك هەڵئـەدا خەست نەئەبووەوە ئێوارە پێی ئەووت تۆبەکەڵکی شاگردی نایەیت بۆبەیانی یەکێکی کەی ڕائەگرت.

٩ ـ ل ـ ٢٦١ ـ ەوە چەواشەبووە واتەپاش وپێش کەوتوەتا ل ـ ٢٦٧ ـ

١٠ ـ ل ـ ٣١٧ ـ خاڵی هەشت نەقارِ عەلی بۆسکانی نووسراوە خۆی لە ئەصڵدا برای کەریمی عبـدوڵـلابـۆکـانی‌یـە کە ئەویش لەخـاڵی شەشـەم دا ناوی براوە بەڵام ئەم لەجنسیـەکـەیـدا بەنـاوی عەلی بۆسکـانی نووسـراوە هەرلەناو نەقارەکاندا هەربەعەلی بۆسکانی ناوبراوە.

١١ ـ ل ـ ٤٤٦ ـ مەکتـەبی ئەعـدادی موڵکی ئەبـوایـە لەپێش ڕوشدی عەسکەری‌یەوە بنوسرایە هەروەها پێش دروست بونی ڕوشدیەی عەسکەری لە سلێمانی

لە ڕوشـدیـەی عەسکـەری بەغدو

ئەستەموڵ خوێندویانە هەر لەهەمان لاپەڕەدا زۆربەی ڕستەکـــان بە نیوەچڵ چاپ کراوە

١٢ ـ ل ـ ٤٩٧ ـ وێنـەگـرەکان یەهودا لەشوێنی نوری نوسراوەو نوری لەشوێنی یەهودا نوسراوە واتەیەهودا کوژراوە.

٣ ـ (زیادەی چاپی دووەم ـ ئەوانەی بەداخەوە لەبیر چوون): لەنووسەرو شاعیران:
مەلا ئەسعـەدی مەحـوی شاعیر ١٨٩٨ ـ ٢٥ / ٤ / ١٩٧٦، شێخ ئەحمەد ئەمین شعیر بەڕیوەبەری قوتابخانانەی لەتیفیه ١٨٩٠ ـ ١٩٥٥.

مەلا حامیـدی حەمـدوون (زەکی) شاعیر ١٨٩٦ ـ ٣ / ١ / ١٩٧٦، شێخ ئەحمـەدی شێخ عەلی (فـەوزی)، مەلا کاکە حەمەی حاجی سەیفوڵڵا ١٨٨٤ ـ ١٠ / ٥ / ١٩٦١، جەمیـل سائیب، شێـخ لەتیفی حەفیـد ١٩١٧ ـ ٢ / ٥ / ١٩٧٢، ئیسمـاعیـل شاوەیس، محەمەد ڕەسووڵ هاوار، حەمەبۆ (هۆشەنگ)، حسێن عارف، سـجیـد ئاورە، محـەمـەد کەریم فەتحوڵڵا، د. ئیـحسـان فوئاد، حەسەنی شیخ حەمە مارف، عەلی عیرفـان، فازیـل عیرفـان، مەحمود زبور، حەمە سەعید بەگ

(هـەژار)، عەبـدولرەحمان موفتی(شێرۆ)، عەبدولقادر حیشمەت، عەبدولقادر قەزاز، عەبدولقادر خەفاف، کاکەمین، جەمال خەفڵی، مەحموود فەهمیی هەمەوەند، عوسمان عوزێـری، ماجیـد عەبـدوڵا، مستـەفـا قەرەداخی (سـالار)، عەبدولکەریم ڕەباتی، جیهـان عومـەر، کەمـال محـەمـەد تاهیـر، تاهیر ساڵح سەعید، عەلی ناجی عەتتار، د. کـاوس قەفتـان، د. کـەمـال مەزهـەر، جەلال مەحمـوود عەلی، عەبـدولکـەریم باراوی، ڕەئوف شێخ عارف.

سەرچـاوە: - مێـژووی ئەدەبی کوردیی عەلائـەدین سوجـادی، ڕۆژنـامـەکـانی ژین ١٩٥٣ / ١٩٦٣، کاکەی فەللاح، کۆکراوەکانی ئومێد کاکە ڕەش.

٤ - لاپەڕەی (١٨٨)یش لەچاپی یەکەمدا بەرچاپ نەکەوتوو کە ئەمەیە:

١ - حەمەی ئایشێ
٢ - حەمەی عەتیە
٣ - خالیدی عەلی شاملی
٤ - کەریمی محەی شیر
٥ - سەعەی بابم
٦ - کەریمی حاجی عەلی
٧ - عەبەی خورشە
٨ - ڕەفیقی خورشە
٩ - شێخ حسین
١٠ - شێخە
١١ - خولە لاڵ
١٢ - حەمەی عزیز

تێبینی:

لە بابەت بازرگانی ریخۆڵەو پێستەوە:

ڕیخـۆڵـە بەکـار دەهـات بۆباسترمەوتەلی عەمەلیات وتەلی عودوکەمانچەوژێی هەلاج. ئەم ڕیخۆڵەیە لێرە چاك دەکراو پاك دەکراو خوێ دەکراو دەخرایە ناو پێستی مەڕ

دەردەهـات وەك هەمـانـەوپێستی پەنیـر دەیان خستە ناوی دەیان نارد لە پێشدا بۆشاری موصـل دوایی بۆبەغـداد، دوایی ئەوەش دەنێـررا بۆبێـروت. بەڵام لە شەڕی دووەمی جیهـانی یـەوە یەکسـەر دەیـان نارد بۆشەریکەی (ئۆپن هایمەر) لە وولاّتی ئەمەریکا بە پاپۆڕ لە بیرّوتەوە. هەروەها پێستەشیان دەنارد بۆشارانی موصل و بەغداد.

* * *

سلێمانی کە دارولمولکی بابان بو

لە بـیرم دیێ سولەیمـانی کە دار الملکێ بابان بو
نەمحکومی عەجەم، نەسوخرەکێشی ئالی عوسمان بو

لەبەر قاپی سەرا سەفیان دەبەست شێخو مەلاو زاهد:
مەتافی کەعبە؛ بۆ ئەرباپی حاجەت گردی سەیوان بو

لەبەر ئابوری عەسکەر ڕێ نەبو بۆ مجلسی پاشا
سەدای موزیقەو نەقارە تا ئەیوانی کەیوان بـو

دریغ بۆ ئەو زەمانە، ئەو دەمە، ئەو عەسرە، ئەو ڕۆژە
کە مەیدانی جریدبازی لە دەوری کانی ئاسکان بو

بە زەربی حەملەی بەغدای تەسخیر کردوتێ هەلدا
سلیمانی زەمان، ڕاستت ئەوێ باوکی سلیمان بو (١)

عـــەرەب ئینکـاری فضلی ئێوە ناکەم ئەفضلن ئەما
صلاح‌الدین کە دنیای گرت لە زومرەی کوردی بابان بو

قیوری پرر لە نوری ئالی بابان پرر لە ڕەحمەت بێ
کە بارانی کەفی احسانیان وەك هەوری نیسان بو

کە عبدالله پاشا لـەشـکـری والی سنـەی شـرر کـرد
«ڕەزا» ئەو وەختە عومری پێنج‌و شەش، تفلی دەبستان بو

(شێخ ڕەزای تاڵەبانی)

(١) باوکی سلێمانی لێرەدا مەبەست (عبدالرحمن پاشایە کە باوکی سلێمان پاشایە) کە بەغدای لە تورك سەندەوە.

فەهرەستی بەرگی دووەمی کتێبی «شاری سلێمانی»

١ ـ سابوون و سابوونچیەکان .

٢ ـ بەفریی گۆیژەو چاڵە بەفرەکان .

٣ ـ بەردی مەلکەندیو بەردکێشەکان .

٤ ـ جەراحەکان «حەکیم»

٥ ـ ڕاوو ڕاوچی یەکان .

٦ ـ سوار چاکەکان .

٧ ـ حەقایەت و حەقایەتخوان .

٨ ـ دیوەخانەکان .

٩ ـ دەنگە خۆشەکانمان .

١٠ ـ ناوی ئەو کۆمەڵەی کە بەشداری‌یان ئەکرد لە مەولوودا .

١١ ـ ناوی ئەو حافزانەی کە بەناوبانگ بوون لە مەولوودو تەعزیەدا .

١٢ ـ ناوی ئەو حافزانە کە بەناوبانگ بوون بۆ خەتم و تەهلیلەو مالأن .

١٣ ـ ناوی ئەو گەڕۆکە ئینگلیزانەی کە لەکاتی خۆیدا هاتونەتە سلێمانی .

١٤ ـ ناوی ئەو کتێبانەی کەباسی مێژووی سلێمانی ئەکەن .

١٥ ـ ناوی گۆڤارو ڕۆژنامەکان .

١٦ ـ ناوی ئەو کتێبانەی کە لە سلێمانی‌دا چاپ کراون .

١٧ ـ کتێبخانەکان و کتێبخانەی گشتی .

١٨ ـ ئەو دەزگاو زاتانەی کە خەڵکیان فێری خوێندواری کردوە .

١٩ ـ جەمعیەتی کوردستان .

٢٠ ـ مامەیارە .

٢١ ـ زانای هەڵکەوتوو سەید ئەحمەد فائیز بەرزنجی .

٢٢ ـ لە ژیانی شێخ مەحموودا چی ڕووی‌دا؟ .

٢٣ ـ پیرەمێردی شاعیرو ڕۆژنامەنووس .
٢٤ ـ شاعیرو بلیمەتی بەناوبانگ مەلا حەمدوون .
٢٥ ـ کەریمی عەلەکە .
٢٦ ـ سەرگروشتەی زانایەکی نەمر.
٢٧ ـ لە ژیانی بەهرەوەر شێخ لەتیفی دانساز.
٢٨ ـ وێنەکێشی بەناوبانگ حەسەن فەللاح .
٢٩ ـ پیاوی سوعبەتچی و قسە خۆش .
٣٠ ـ هەندێ پیاوی تایبەتی .
٣١ ـ هەندێ پیاوی سەیر.
٣٢ ـ کەڕەکان .
٣٣ ـ شێتەکان .
٣٤ ـ کوڕی ئازاو شەڕە گەڕەك .
٣٥ ـ یاخی بوەکانی دەوروپشتی سلێمانی .
٣٦ ـ ئافرەتان لە گەڕەکەکاندا .
٣٧ ـ فۆلکلوری لەبەرکردن و ڕازاندنەوە .
٣٨ ـ هەندێ نەریتی کۆنی کوردەواری لە سلێمانی .
٣٩ ـ فۆلکلوری باوەڕی کۆن .
٤٠ ـ فۆلکلوری تیمارکردن .
٤١ ـ ئەوشتانەی لەماڵاندا بەکار ئەهێنرا .
٤٢ ـ خواردنە کۆنەکان .
٤٣ ـ کارەسات و بەسەرهاتی شاری سلێمانی .
٤٤ ـ لە یادی کەریم ئەفەندی غەفور ئەفەندی ئەحمەد بەگزادە .
٤٥ ـ بەبیرەوەری من .
٤٦ ـ وەرزش لە شارەکەماندا .
٤٧ ـ جوڵانەوەی هونەری لە شارەکەماندا .
٤٨ ـ پرۆژەی ئاوو ئەلەکتریك .

٤٩ ـ ناوی شەقامەکانی شاری سلێمانی .
٥٠ ـ چاوەشەکانی شارەوانی .
٥١ ـ هەندێ لە پۆلیسی سوارەکان .
٥٢ ـ ناوی نۆبەچیەکان (مرور) .
٥٣ ـ ژمارەی دانیشتوانی شاری سلێمانی .
٥٤ ـ بۆ یەکەم جار لە سلێمانی .
٥٥ ـ ئەزانی .
٥٦ ـ پەندی پێشینان .
٥٧ ـ ووتەی جیٚگر لەنێوان گفت و گۆدا .
٥٨ ـ یاری جاران لەگەڕەکەکاندا .
٥٩ ـ چەند دیمەنێك لە ڕابواردنی کۆنی سلێمانی .
٦٠ ـ شیعری میللی
٦١ ـ پاشکۆ.
٦٢ ـ ڕوون کردنەوە .
٦٣ ـ سلێمانی کە دارالمولکی بابان بوو.
٦٤ ـ ناوەرۆکی بەرگی دووەم .

رقم الایداع ٢٣١ ١٩٨٩

نەخشەی بەرگ: هونەرمەند علی لطیف

* * *